کەیوان

چیرۆکی سی و چوار گەنجەکەی ئەمنی سلێمانی

عومەر گوڵپی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

کەیوان

﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴾

١٦٩ آل عمران

کەیوان

عومەر گوڵپی

کەیوان

■ نووسەر: عومەر گولپی

■ دیزاین: ڕەوشت محەمەد

■ چاپ: ناوەندی ڕێنوێن

■ ساڵی چاپ: 2024/ سلێمانی

■ نۆرەی چاپ: یەکەم

■ تیراژ: (1000) دانە

■ نرخ: (8000) دینار

■ مافی چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (1446)ی ساڵی 2024ی پێدراوە.

ناوەندی ڕێنوێن

07701932749 - 07501269689

hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com

سلێمانی - بازاڕی ئاوباریک - نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (٦٦)

بۆ هەر سەرنج و تێبینییەك پەیوەندی بە نووسەرەوە بکەن
info@omargulpi.net - www.omargulpi.net

پێشەکی

سوپاس بۆ خوا، پاش ماوەیەکی زۆر لە هەوڵ و ماندوو بوون، لە دووری (سی و شەش) ساڵ لە ڕووداوەکەوە، ئەم بەرهەمە، کە چیرۆکی ژیان و بەسەرهاتی (سی و چوار) گەنجەکەی ئەمنی سلێمانییە، دەگاتە قۆناغی چاپ و دەچێتە بەردەست خوێنەران، چیرۆکی هەوڵدان بۆ نووسینی (کەیوان) دووروودرێژە، بەڵام جارێکیتر سوپاس بۆ خوا کە لە نەورۆزی ئەمساڵ توانیم بگەمە قۆناغی کۆتایی و ئەم ئاواتە لە مێژینەیەم بهێنمە دی، ئەم ئاواتەش تەنها ئاواتی من نەبوو، بەڵکو خواست و خۆزگەی زۆرێک لەو دۆست و ئەزیزانە بوو کە لە دوورەوە زانیارییەکی کەمیان لەسەر کەیوان و هاوڕێکانی هەیەو تامەزرۆی زانینی تەواوی چیرۆکەکەن.

خوێنەری بەڕێز:

١. بە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە تەنها ڕووداوێکی مێژوویی ناخوێنیتەوە، بەڵکو بەخوێندنەوەی دەبیتە ڕێبوار لەناو جۆگەلەی برینێکی قوڵی نیشتیماندا، بە خوێندنەوەی دەگەڕێیتەوە بۆ سەردەمانێک پاکێتی لێدەباریی، ئازایەتی سیمای گەنجەکان بوو، لە خۆبوردوویی و ڕۆحی قوربانیدان بە شادەماری خوێنیاندا هاتوچۆی دەکرد.

٢. ناوەڕۆکی ئەم کتێبە فرە ڕەهەندو فرە بابەتە لە چوارچێوەی یەک چیرۆکی سەرەکیدا، لەکاتی نووسینیدا لە چەندین شوێنیدا فرمێسک بەرچاوی گرتووم، لە دەیان ڕووداودا بە قورسایی گۆیژە خەم لەسەر دڵم کۆ بووەتەوە، لە دەیان شوێنی ڕووداوەکاندا هەستم بە شانازی کردووە، لە چەندین پەرەگراف و دیمەندا ڕۆحم بەجۆرێک باڵای کردووە، خەریکبووە لە جەستەم بچێتە دەرەوە، لە چەندین وێستگەی نووسین و ئامادەکردنیدا

حەزمکردووە بگەڕێمەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی (کەیوان) و هاوڕێکانی لە سلێمانی دەژیان، لەگەڵ ئەواندا بچمە پۆلێکی قوتابخانە و لەسەر کورسیەک پێکەوە دابنیشین، لەگەڵ ئەواندا پاش نوێژی عەسرێک لەبەردەم مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکەوە بە ناو سەهۆڵەکەدا تا ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی بە پیاسە بڕۆم، لە تیپەکانی یاریکردنی تۆپی پێیاندا ببمە یاریزان، لەگەڵ وانەو نوێژو قورئان خوێندنیاندا تێکەڵ بم.

لە هەمانکاتدا لە چەندین وێستگەی نووسینی (کەیوان)دا دۆش داماوم بەدەست کەسایەتی مرۆڤی کوردەوە، لە خۆم پرسیوە داخۆ ئەو هۆکارە چیە وا دەکات لەو چرکەساتە مێژووییانەی بەشێکی گەلێک تێدەکۆشێت و قوربانیدەدات و خوێنی لێدەچۆڕێت لە هەمانکاتدا بەشێکیتریی دەکاتە بەکرێگیراویی دوژمن، هەستم بە خەمێکی قوڵ کردووە کاتێک دەبینم خەڵکانێک لە نەتەوەکەی خۆم لەناو خواستی دوژمنێکی دڵڕەقدا دەتوێنەوە و دەبنە داردەستی، دەبنە چاوی، پێش شۆفلەکانی دەکەون تا کەنار چاڵەکانی مردن.

٣. بۆ نووسینەوەی ئەم داستانە، خۆم و قەڵەمەکەم ڕادەستی ڕووداوەکان کردووە، ڕاستی ڕووداوەکان چۆن بووە بەو جۆرە مامەڵەم کردووە، ئەگەرچی خۆم و خانەوادەکەم بەشێکین لە ڕووداوەکەو سێ برام (موحەممەدو ئەحمەدو ئەبوبەکر) زیندانیبوون لەگەڵ کەیوان و هاوڕێکانیدا، (موحەمەدو ئەحمەد شەهید بوون، ئەبوبەکریش شەش مانگ مانەوە لە زیندان، ئازاد بوو)، بەڵام هەوڵمداوە زۆرترین زانیاریی بخەمەڕوو لەگەڵ کەمترین بۆچوون و لێکدانەوە، هیچ زانیارییەکیشم بەبێ سەرچاوە نەگواستووەتەوە، هەموو زانیارییەکان یان ڕاستەوخۆ لە کەس و کاری قوربانیانی ڕووداوەکە وەرگیراون یان لەو بەڕێزانەی بە موعجیزە لە ڕووداوەکە گەڕاونەتەوەو ڕزگاریان بووە، بەدەر لەوە هەر زانیارییەکیتر وەرگیرابێت ڕاستەوخۆ لە پەراوێزدا ئاماژە بە سەرچاوەکەی کراوە.

٤. ئەزیزم، دەتوانیت ئەم کتێبە لەسەر (بیرەوەری) پۆلێن بکەیت، یان بڵێیت نەخێر ئەمە (چیرۆکە)، یان نەخێر ئەمە (ڕۆمان)ە، یاخود خوێنەرێکیتر بڵێت نەخێر ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە ئەوها پڕیەتی لە ساغکردنەوەو بەڵگە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوێک کە سی و شەش ساڵ بەر لە ئێستە ڕوویداوە، ئەمانە هەمووی دەگونجێت، بەڵام هەر ناوێکت لێنا بیرت نەچێت بزانە تۆ شتێک دەخوێنیتەوە کە بە خوێن و ئارەقەی (سی و چوار+سێ) گەنج نووسراوەتەوە، برینێک دەخوێنیتەوە وەک برینی جوتیارێکی گەرمیان کاتێک کانیەکەی کوێر دەبێتەوە، ئازارێک دەخوێنیتەوە وەک ئازاری ئەو پاسارییانەی کە ئێوارەیەکی زستان هێلانەکەیا تێکدەدرێت و پاسارێکیش نییە خۆیانی تێدا حەشار بدەن و لەبەر سەرما تا بەیانی هەڵدەلەرزن، تۆ لە یەککاتدا هەم تێکۆشانێکی نیشتیمانی دەخوێنیتەوە، هەم گیانفیدایيەکی ئاینی، لە (کەیوان)دا دین و دونیا یەک شتن، ژیان و مردن هیچ دوور نین لە یەک و ماوەی نێوانیان نزیکە لە سفر، بەڵێ ئەمە ڕاستی چیرۆکی (کەیوان و هاوڕێکانی)یەتی، تۆی خوێنەریش ئازادی چ ناوێک بۆ ناوەڕۆکی کتێبەکە هەڵدەبژێریت و لەسەر چ شێوازێکی نووسین پۆلێنی دەکەیت.

٥. دەتوانم بڵێم بەهۆی تایبەتمەندی چیرۆک و ڕووداوەکەو قەبارەو جۆری ڕووداوەکانەوە، لە نووسین و ئامادەکردنی (کەیوان)دا پەیڕەویم لەهیچ تەکنیکێک نەکردووە کە پێشتر بەکارهێنرابێت لەو بەرهەم و چاپکراوانەی بابەتەکانیان هاوشێوەی ئەم ڕووداوەن و بە زمانی کوردی چاپکراون یان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، بەڵکو هەوڵمداوە ڕاستی ڕووداوەکان لە بەرگی وشەو ڕستەو پەرەگرافی شایستە بە خوێندنەوەدا بخەمە بەردەستی خوێنەران، هەروەها بە پێی خواستی چیرۆک و ڕووداوەکانیش زەمەنی نووسینەکە ڕێگەی خۆی ببڕێت و وێنە بە وێنە چیرۆکەکە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی بگێڕێتەوە، پاشان بە

بەکارهێنانی ژمارەو ناونیشـــانی ســـەرەکی و لاوەکی یارمەتی خوێنەر بدەم بێزار نەبێت لە خوێندنەوەی، هیوادارم پەیڕەویکردن لەم تەکنیکە تایبەتە بۆ خوێنەران چێژ بەخش بێت.

٦ـــ پاڵەوانانی ڕووداوەکە پێکهاتوون لە سـی و حەوت گەنج، بەڵام تەنها سـی و چوار گەنجیان لە وێنە سـەرەکییەکەدا دەرکەوتوون و سـێ گەنجەکەی تر لە دەرەوەی وێنەکە بەشـــێکن لە ڕووداوەکە و لەنـاو چیرۆکەکاندا ڕۆڵیان لە (کەیوان)دا گێڕاوە.

نووسەر

١٤ی ٤ی ٢٠٢٤/ سلێمانی

سوپاس و پێزانین

بە پێویستی دەزانم زۆر سوپاسی خانەوادەو کەس و کاری سەرجەم پاڵەوانەکانی ئەم ڕووداوە بکەم کە بە تامەزرۆییەوە هاوکاربوون و پشتیوان بوون بۆ بە ئەنجام گەیشتنی ئەم بەرهەمە، هەروەها زۆر سوپاسی هەریەکە لە بەڕێزان (ئاسۆ مەحمود حەمەڕەشید ناسراو بە م.ئاسۆ کۆچەر، م.موحەممەد قادر کەریم ناسراو بە حەمەسوور، کاک وریا ئیبراهیم، کاک جەلال هەڵەدنی، کاک ئەیوب غەفور مەنمی، کاک نەوزاد نامیق، کاک ئاسۆ جەزا) دەکەم کە زۆر بە پەرۆشەوە بەشداربوون لە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆیان لەگەڵ کەیوان و هاوڕێکانی، ئەگەر گێڕانەوەکانی ئەم بەڕێزانە نەبووایە بەدڵنیاییەوە بەشێکی زۆری چیرۆکەکەو ڕووداوەکە ون دەبوو.

هەروەها جارێکیتر زۆر سوپاسی برای بەڕێز (م.ئاسۆ کۆچەر) دەکەم کە ئەرکی پێداچوونەوە بە کۆی بەرهەمەکەی گرتە ئەستۆو جارێکیتر بە تێبینی و سەرنجەکانی کتێبەکەی دەوڵەمەند کرد، هەروەها زۆر سوپاسی برایانی بەڕێز (کاک عومەر ڕەشید، کاک ئارام شوانی، م.عوسمان عەبدوڵلا گوڵپی) دەکەم کە ئەرکی پیاچوونەوەی زمانەوانی و تەکنیک و هەڵەچنی (کەیوان)یان لە ئەستۆ گرت و بە سەرنج و تێبینییەکانیان بەشداربوون لە بەرزبوونەوەی ئاستە زانستی و هونەرییەکەی.

بە هەمانشێوە، بە پێویستی دەزانم زۆر سوپاسی بەڕێز کاک د.بەرزان موحەممەد، بەڕێوەبەری پزیشکی دادی سلێمانی بکەم کە زۆر نیشتیمانپەروەرانە ئەزیەتی کێشا لە هاوکاریکردنمان، زۆر سوپاس بۆ برای بەڕێز م.بەکر عومەر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چالاکی هونەریی قوتابخانەکانی سلێمانی، هەروەها سوپاس بۆ ستافی (مۆزەخانەی نیشتیمانی ئەمنە سوورەکە) کە هاوکارمان بوون.

(١)

(باوكێك له میهرهبانی)

زستانی سلێمانی سارده، هی ئهو ساڵه زۆر ساردتر له ساڵهكانی تر، خالید، كه له هۆڵی ژماره چواردهی زیندانی ئهمنی سلێمانی به مهلا خالید ناسرابوو، لهسهر بهتانییهكی دڕاوی كۆنه دانیشتبوو كه هیچی له ڕهقی و ساردی ئهو كاشییانه كهم نهدهكردهوه كه ڕووكاری زهوییهكهیان ناوپۆش كردبوو، زوو زوو بانگی هاوڕێكانی دهكرد "كاك كهیوان، كاك موحهممهد، كاك دارا، كاك جهلال، دهزانن ئێسته بههره گهوره بووه؟ ئاااا گهوره بووه، كاتێك من دهستگیركرام، تهمهنی تهنها شهش مانگ بوو، ئهو دهیتوانی باوهشم پێدا بكات، ئاوا ههردوو دهستی دههێناو دهیكرده ملم"، ئهو كاتهی خالید ئهم قسانهی بۆ هاوڕێكانی دهكرد، توند ههردوو دهستی له ملی دهئاڵاند، هاوشێوهی دهسته بچوكه بێنازهكانی بههره.

ئهو، كه تازه بهتازه كۆلێجی ئهندازیاری كشتوكاڵی تهواوكردبوو، بهسهد خۆزگهو هیواوه بهرهوڕووی ژیان دهچوو، تاقانهی باوك و دایكی بوو، پاشئهوهی وهك سهربازی ههڵهاتوو گهڕایهوه سلێمانی، ئیتر ئهركی سهرهكی بووبوویه خزمهتكردنی باخچهو چیمهن و گوڵهكانی مزگهوتی (حاجی حهسهنی لۆكه)، وهك قوتابی حوجرهی ئهو مزگهوته وابوو، لهوێ وهك ئهو گهنجانهی دڵیان ههمیشه لای مزگهوته و كاتهكانیان به

خواپەرســـتی بەســـەر دەبەن، زۆرینەی کاتەکانی بەســـەر دەبردو دڵی بە ئارامییەکانی مزگەوت تێراو دەکرد.

لەنێو کەیوان و هاوڕێکانیدا، تەنها مەلا خالیدو یوســـف ژیانی خێزانیان پێکهێنابوو، ئەوانیتر گەنج بوون و نەچووبوونە قۆناغی هاوســـەرگیری، ئەگەر ڕاســـتتر بگوترێت دەبێت بڵێم: تەنانەت هەندێکیان منداڵ و مێرمنداڵ بوون، لەو دوانەش تەنها مەلا خالید بەر لەدەســـتگیرکرانی خوای گەورە منداڵێکی پێبەخشیبوو، ناوی نابوو (بەهرە).

(٢)

سلێمانی[١]، پایزی ١٩٨٨

سلێمانی وەک هەموو شارەکانی تری باشووری کوردستان لە ئەسارەتدا دەژیا، لە ژێر چەپۆکی بەعس و ڕژێمەکەیدا بوو، هەموو باسێک لەبارەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و نەیاربوون بە بەعس و ڕەخنەگرتن لە ڕژێم، تەنانەت پیشاندانی هەستی خۆشنەویستنی سەددام، خاوەنەکەی ڕووبەڕووی مەرگو زیندان دەکردەوە. لەو سالانەدا تەنانەت دەرەوەی شەقامی شەستییەکەی سلێمانی (شەقامی مەلیک مەحمود)، بە سنورێکی قەدەغەکراوو و زەوی قەدەغەکراو ئەژمار دەکراو کەس بۆی نەبوو لەو سنوورە بچێتە دەرەوە، دەیان کەس دەستگیر دەکران، تاوانیان ئەوەبوو کە چوونەتە ئەودیو ئەو شەقامەوە.

شار زۆر لە ژمارەی خانووەکانی قەرەباڵغتر دەردەکەوت، ئەوەش هۆکارەکەی بریتی بوو لەوەی پاش شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، ژمارەیەکی زۆر لە خانەوادە بە ناچاری لە شاری سلێمانی

١ - سلێمانی، یەکێک لە شارەکانی باشووری کوردستانە، سالی (١٧٨٤) لەسەر دەستی (ئیبراهیم پاشای بابان) دروستکراوە، ناوی شارەکە بەناوی (سلێمانی) پاشای والی بەغداوە ناو نراوە، لەسەرەتای دروستبوونیدا نازانرێت چەند مال بووە، بەلام میستەر (هارد) لە ئەسەرەکەی خۆیدا دەڵێت: لە سالی (١٨٢٠)ی زاینیدا لە (١٠,٠٠٠) هاوولاتی پێکهاتووەو (٢,١٤٤) مالی تێدا بووە کە (١٣٠) مالیان جولەکەو نۆ مالی کلدانی بوون، نستەر (ڕیچ)یش دەڵێت: شارەکە پێنج مزگەوت و پێنج حەمام و کلێسایەکی بچوکی تێدا بووە. (سەرچاوە: شاری سلێمانی، ئەکرەمی ڕەشەی سالحە، چاپی سێیەم، ٢٠١١).

گیرســـانەوە، بۆیە کەم خانوو هەبوو زیاتر لە خێزانێکی تێدا نەژی، ئیتر بە کرێ یان بە میوانی، بەو خانووانەشـــەوە کە تەنها یەک نهۆم بوون و بۆ یەک خێزان دروستکرابوون.

ناوشـارو بازاڕیش سـەرەڕای مەفرەزە زۆرەکانی ئەمن و پۆلیس، کە کاریان داواکردنی ناسـنامەو پشـکنین بوو بۆ ناسـینەوەی ئەو کەسـانەی ڕژێم بە نەیاری خۆی دەزانین، یان ئەوانەی لە ســـوپاکەی هەڵدەهاتن و پێیان دەگوتن ســـەربازی فیرار[1]، بە ڕۆژدا جمەی دەهات و شـــەوانیش کش و مات بوو، خەڵک بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر ســـەددام هیچ دەریچەیەکیان نەبوو، بۆیە بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕان تا بە بەعس و ڕژێمەکەی بڵێن: ئێمە بێزارین لێتان، تەنانەت (نەورۆز)یان بە دەرفەت دەزانی و ئاگری گەورە گەورە بە تایەی ئۆتۆمبیل دەکرانەوە ئەگەرچی زۆرێکیان دووکەڵ و ژینگەی شـــارەکەشـــیان پیس دەکرد، بەڵام چونکە بۆنەیەکی نەتەوەیی بوو و بەعسییەکان پێیان ناخۆش بوو، خەڵک گرنگی پێدەدا، نـاو بەنـاویش دەنگی تەقینەوەیەک یـان تەقەیەک نـاوبـازاڕی دەشـڵەقاندو هاوار هاواری "قلیشـایەوە، قلیشـایەوە"هەمووانی ناچار بە هەڵهـاتن و دوورکەوتنەوە لەنـاو قەرەبـاڵغییەکـانی بـازاڕ دەکرد، بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵهاتنی ئەو کەســـانەی تەقینەوەیـان ئەنجـام دەدا یـان تەقەیـان لە پیـاوێکی دەکرد، ڕژێم زۆرێـک لە کوچەو کۆڵانەکـانی چواردەوری بەردەرکی ســـەراو مزگەوتی گەورەو ئەســـحابەســـپی و سـابونکەرانی بە بلۆک و دیوار بەربەسـت کردبوو، دیواری بەرز بەرزی

---

١ - خزمەتی سـەربازی لە سـوپای عێراقدا زۆرە ملی بوو، بەهۆی دۆخی هەشـت ساڵەی شـەڕی عێراق لەگەڵ ئێران و شـەڕی سوپاکە لەگەڵ پێشـمەرگەو پاشـان شـەڕی کوێت و کەنداوو بەکارهێنانی سوپا بۆ سەرکوتکردنی ناڕەزایی ناوخۆیی، خەڵکێکی زۆر لە خزمەتی ســـەربازی هەڵدەهات و ئامادە نەبوون درێژە بە خزمەت بدەن لەو ســـوپایە، هەڵهاتن لە ســـوپا بە زمانی عەرەبی واتە (فیرار)، هەڵهاتنی ســـەرباز لە سـوپاکەی ڕژێمی بەعس بە تاوانێکی گەورە دەژمێردراو سزای توندی هەبوو، زۆرجار دەگەیشتە لە سێدارەدان.

دروست کردبوو تا بە ئاسانی ئەو کەسانەی تەقە یان تەقینەوە دەکەن، لە دەستیان هەڵنەیەن و دەستگیریان بکەن، تەنها چەند ڕێڕەوێکی کەمی هێشتبووەوە بۆ هاتوچۆی هاووڵاتیان.

کاتێک خێزانەکەمان لە دوای کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئاوارەیی وڵاتی ئێران بە ڕێگەی قەندیلو بەشێوەی قاچاغ گەڕاینەوە سلێمانی، من تەمەنم تەنها پانزە ساڵ بوو، بەڵام دیمەنی ژیانی سلێمانیم لەبیر دێت، بەتایبەت زۆرچاک لەبیرمە لەو شوێنەی ناوبازاڕ پێی دەڵێن (ژێر پردەکە) تەنها لەبەرئەوەی ئەفسەرێکی ڕژێم کوژرابوو، ڕژێمی حزبی (بەعس)[1]و دامو دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی ڕەشبگیرییەکیان لەو شوێنە ئەنجامدابوو، پاشان تەواوی دوکانەکانی ئەمبەرو ئەوبەری ئەو شەقامەیان تێکدابوو، ئەوە سیاسەتی نوێی ڕژێم بوو لەو ساڵانەی کۆتایی شەڕی ئێران و عێراقدا، کە ئەگەر چالاکییەک لەدژی ئەنجامبدرایە ئەوا بێجگە لە ڕەشبگیریی خەڵکی دانیشتوو یان هاتوچۆکارانی ئەو

---

١ - حزبێکی نەتەوەیی ڕەگەزپەرستی عەرەبییە، ناوەکەی بە زمانی عەرەبی بریتییە لە (حزب البعث العربي الاشتراكي)، سەرەتا لە ساڵی (١٩٤٧) لە وڵاتی سوریا لەسەر دەستی (میشێل عەفلەق) دامەزراوە، حزبەکە لە ڕووی نەتەوەییەوە عەرەبیەو لە ڕووی بیروباوەڕەوە ئیشتراکیە، لە هەردوو وڵاتی عێراق و سوریا کاری کردووەو جموجوڵی سیاسی هەبووە. ساڵی (١٩٦٣) لقی عێراقی حزبەکە کودەتای بەسەر حکومەتی (عەبدولکەریم قاسم)دا کردو دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەگەرچی لە ساڵی (١٩٩١)و بەهۆی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانەوە لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆک وەدەرنرا، بەڵام تا کاتی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانییەوە لە ساڵی (٢٠٠٣) بەردەوام بوو لە بەڕێوەبردنی عێراق، لە ساڵی (١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٧٩) و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن (سەددام حسێن)ەوە، دەسەڵات و حکومەت لە بەغدا چەندین کێشەو ململانێی ناوخۆیی بەخۆیەوە بینیوە، لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە بە بڕیارو پاشان بە یاسا حزبی بەعس لە عێراق هەڵوەشایەوە و کارکردن لەو حزبەدا قەدەغە کرا و ژمارەیەک لە سەرکردەی حزبەکەو حکومەتەکەیان ڕووبەڕووی دادگا کرانەوە. (سەرچاوە: ئەلجەزیرە، ١٣ / ٢/ ٢٠١٤).

شـــەقام و کووچەو کۆڵانە، خانوو یان دووکانەکانیشـــی تێکدەدا، تەنانەت ئەگەر دروشـــمێکیش لەســـــەر دیواری خانوو یان بینایەک دژی ڕژێم بنوســـرایە، ئەوە خاوەنی خانووەکە بەبێ ســـزا دەربازی نەدەبوو، ئەم سزایەش بۆ چاوترساندنی خەڵکی بوو، تا خەڵک هەمووی بۆ خۆی ببێتە بەرگریکار یان لایەنگری سەددام و ڕژێمەکەی[1].

مرۆڤ کاتێک بەشـەقامی مەولەوی، شـەقامە بەناوبانگ و دڵگیرەکەی شـــــاردا تێدەپەڕی، هەســـــتی بە ترس‌و تۆقاندنێکی زۆر دەکرد، ئەو شـــــەقامـەی ئـەمبـەروئـەوبـەری بـە پیـاوی ڕژێم تـەنرابوو، بـە هێزە جۆراوجۆراکانی، خێرا خێرا بە دەنگی هەویتەک(ناســــنامەکەت) بە ئاگا دەهـاتیتـەوە، لەو ســــــاڵانەدا هیچ دەرفـەتێکیش بۆ پرســـــیارکردن‌و دەســـتکەوتنی وەڵام لە ئارادا نەبوو لەســـــەر هەر ڕووداوێک کە ڕووی دەدا، ئەوەش لە ترســـی ئەو هەزارەها ســـیخوڕو خۆفرۆشـــەی کە ڕژێم لەناو خەڵکیدا چاندبوونی، تەنانەت مرۆڤ بە ئاستەم دەیوێرا لە لای براو باوک و ئەندامانی خێزانەکەی خۆشی قسەیەکی نهێنی باس بکات.

ســــەختی دۆخی ئەو کاتەی خەڵک و کۆنترۆڵکردنی هەموو شـــتێک لەلایەن ڕژێمەوە، بەجۆرێک بوو پێشـمەرگەو ئەندامانی حزبە ســیاســییە کوردییەکان بە ئەستەم دەیانتوانی لە ڕێگەی نامەوە دەنگیان بە خێزان و کەس و کاریان بگەیەنن لەناو خۆی وڵات، ئەوەش بەهۆی فشـاری ڕژێم

---

١ - لە (١٩٨٧/٥/١٣) حزبی بەعس گەڕەکی (کانی عاشـقان)ی لە شـاری هەڵەبجە خاپوور کرد، بە (تی ئێن تی) یەک یەک خانووەکانی ئەو گەڕەکە دێرینەی هەڵەبجەی تەقاندەوە، ئەوەش لە تۆڵەی خۆپیشاندان و نارەزایی خەڵکی هەڵەبجەو دەورووبەری لە (١٩٨٧/٥/١٢)، حزبی بەعس بە توندی ڕووبەڕووی ئەو نارەزایەتییە بوویەوە و لە تۆڵەی ئەو ڕاپەڕین و خۆپیشـــاندانەی خەڵک بە موشــــەک لە ڕێگەی کۆپتەرەوە کوێرانە کەوتە لێدانی خەڵک لە هەڵەبجەو ســیروان و خورماڵ، ئەمەش بووە هۆی شـەهیدبوونی دەیان هاووڵاتی بێتاوان، پاشـــان دەیان هاووڵاتی دەســـتگیرکرد و بێســـەرو شـــوێنیکردن. (ســـەرچاوە: بیرەوەری نووسەر).

و چڕی بنکەو بارەگاکانی لە خاڵە سـنورییەکان و چاودێری زۆری دەزگاکان لەسەر جوڵەی ڕۆژانەی خەڵک.

ئەم کورتە باسـەم بۆ ئەوەبوو، ملی وشـەکان بگرمو وردە وردە وەڵامی ئەم پرسـیارە بدەمەوە کە دەپرسـێت: ئەوە چ ئازایەتیو لێهاتوویی‌و نەبەردییەکە لەو زەمەن‌و سـەردەمەدا خەڵکێک باوەڕی بە دژایەتی ڕژێمێکی لەوجۆرە هەبێت؟ کارو کۆبوونەوە بکاتو چالاکی ئەنجامبدات؟ تەنانەت نەخشەی کوشتنی "پارێزگار"ی ئەوکاتی سلێمانی دابنێت؟ ئەو کەسـانەش کەیوان و هاوڕێکانی بوون، ئەوانەی خۆیان و خێزانەکانیان لە ڕۆژەکانی کۆتایی پایزی سـاڵی (١٩٨٨)دا کەوتنە بەر درندانەترین شالاوی گرتن و ڕاوەدوونان.

(٣)

(لە هەورامانەوە بۆ سلێمانی، ژیانی سەرکردە گەنجەکە)

پایزێکی درەنگی کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو، لە ئامێزی پێکهاتوو لە دایک و باوکێکی هەورامان، منداڵێک لە دایکبوو، ئەو منداڵەی هێشتا لەسەرەتای تەمەنیدابوو ترسی خستە نێو دڵی پیاوەکانی ڕژێمە دڕندەکەوە لە سلێمانی و ماوەیەکی زۆر سەرقاڵیکردن.

باوکی کەیوان، وەک یەکێک لەو هەزاران هاووڵاتییەی کە بەزۆرو بەناچاری دەکران بە سەرباز، لە ڕیزی سوپای عێراقدا دەبێتە سەرباز، بەهۆی تواناو لێهاتوویییەوە هەندێک پلەی سەربازی دەبڕێت تا دەگاتە پلەی جێگری ئەفسەر (نائب ضابط)و دواتر لە ساڵی(١٩٨٢) لە شەڕی (ئێران - عێراق)دا کە هەشت ساڵ درێژەی کێشاو دروێنەی ڕۆح و سامانی گەلانی هەردوو وڵاتی دەکرد، وەک هەزاران هاووڵاتی بێگوناحی تر گیان لەدەستدەدات، لەو ڕۆژەوە ئیتر خاتوو نەزیرەی دایکی کەیوان ئەرکی چاودێریی و پەروەردەکردنی منداڵەکان دەگرێتە ئەستۆ، کە بە کەیوانەوە سێ کوڕو کچێک بوون.

کەیوان[1] هەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە جێگەی سەرنجی مامۆستاکانی بووە، هەمیشە وەک پێشەنگی پۆل و هاوڕێکانی تەماشاکراوە،

---

[1] - ناوی تەواوی (کەیوان عەبدوڕەحمان ئەسکەندەر ئەحمەد)ە، لە پایزی ساڵی (١٩٧٢) لە گوندی (دەگا شێخان)ی ناوچەی هەورامان لە دایکبووە، زۆرینەی تەمەنی لە شارۆچکەی سیروانی نزیک هەڵەبجە و دوو ساڵی کۆتایی تەمەنی لە سلێمانی ژیاوە، بەڵام بەهۆی سەربازییەوە کاک عەبدوڕەحمانی باوکی (خوای لێی خۆش بێت) ماڵی دەهێنێتە شاری کەرکوک و لە ساڵی (١٩٦٥ تا ١٩٨٧) لە کەرکوک ژیاون و یەکجاریش لەو نێوانەدا ماڵیان بۆ ماوەی سێ ساڵ گەڕاوەتەوە هەورامان، هەربۆیە کەیوان سێ ساڵی تەمەنی لەشاری کەرکوک ژیاوەو ئەو سێ ساڵەی ژیانی لە کەکورک کاریگەریی دەبێت لە لێهاتووییەکانی لە زمانی عەرەبیدا.

زۆربەی کات لە کۆبوونەوەکانی دایکانو باوکاندا بە نمونە باسـکراوەو دەستخۆشی لە خێزانەکەی کراوە بۆ ئەم منداڵە نمونەییە.

لەسـەرەتای تەمەنییەوە بەتایبەت لە دوانزە سـاڵییەوە، کەیوان هۆگری نوێژو وانـە خوێندنو هـاتوچۆی مزگـەوت دەبێت، وێڕای ئـەوەی کـاک موعتەسـەمی خاڵی هەندێک ئادابی سـەرەتایی لە ڕەوشـتی جوان و پاشـان قورئان فێرکردووە، یەکەم مامۆسـتای ناوی کاک(تاریق) بووە، لە مزگەوتی سومەییە لە شـارۆچکەی سیروان، دواتریش مامۆسـتا (حەبیب موحەممەد سەعید) یەکێک لە مامۆستاکانی بووە.

کەیوان، لە منداڵییەوە هەندێک هێمای سـەرمەشـقیو تێکۆشـەریو جموجوڵی پێوە دیاربووە، لەو سـەرەتایانەی تەمەنییەوە بەتایبەت سـاڵانی (١٩٨٤ و ١٩٨٥) وردە وردە ئاشـنایەتیو سـەروکاری لەگەڵ نامیلکەو بڵاوکراوە ئاینییەکانی ئەو کاتەدا پەیدا کردووە، بەردەوامبووە لە قورئان خوێندنو قۆناغێکی زۆری بەخێرایی بڕیوە.

کەیوان قۆنـاغی سـەرەتـایی لـە قوتـابخـانـەی (هـەرێز) خوێنـدووە، قوتابخانەکە دەکەوێتە ناوەڕاسـتی کۆمەڵگەی زۆرەملێی سـیروان، ئەم کۆمـەڵگـەیـە نـاونراوە بـەنـاوی (سـیروان)ی کۆنـەوە کە پاش ڕاگوێزانی زۆرەملێی گوندەکان لەلایەن بەعسـەوە لە سـاڵی (١٩٧٨) دروسـتکرابوو، مزگـەوتی (سـومـەییە)ش کە یـەکێکـە لـە نزیکـەی چوار مزگـەوتی ئـەو کۆمەڵگەیە، دەکەوێتە بەشـی سـەروتری کۆمەڵگەکەو مامۆسـتا (حەبیب موحەممەد سـەعید)[1]لەو مزگەوتە وانە پەروەردەییە تایبەتییەکان و وانە گشتییەکانی پێشکەشدەکرد.

---

[1] - مامۆستا (حەبیب موحەممەد سەعید)، نووسەرو وەرگێڕو بانگەوازکارێکی بەناوبانگی باشـوری کوردسـتانە، سـاڵی (١٩٤٨) لە گوندی (بەڵخە)ی ناوچەی هەورامانی سـنوری پارێزگای هەڵەبجە لە دایکبووە، ساڵی (١٩٦٩) خانەی مامۆستایانی سلێمانی تەواو کردووە و پاشان وەک مامۆستای سەرەتایی تا خانەنشینبوونی لە ساڵی (٢٠١١) لە قوتابخانەکان خزمەتی کردووە. ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی چاپکراوی هەیە کە زۆرێکیان دانراوی خۆین

دواتر پۆلەکانی یەکەمو دووەمی ناوەندی لە دواناوەندی (هیوا)ی هەمان شـــارۆچکە تەواو دەکات، پاشـــان بەر لە راپەڕینەکەی ســـاڵی (١٩٨٧)ی ناوچەی هەڵەبجە، ماڵیان دەچێتە شـــاری ســـلێمانیو لەوێ لە گەڕەکی شەهیدانی سەرچنار، جێگیر دەبن.

کەیوان، زۆر تامەزرۆی خوێندنو خوێندنەوە دەبێت، وەک هەر منداڵێکی تر ئارەزووی هاوڕێیەتیو یاریکردن بەتایبەت تۆپی پێی هەبووە، بەڵام بێ ســـەرئێشـــەبووە بۆ دایکو دراوســـێو هاوڕێکانی، دایکی هەرگیز بەبیری نایەت کەیوان شەڕێکی کردبێت یان دڵی ئێشاندبێت، یان بیانوو گربووبێت.

لە ســـاڵانی (١٩٨٥، ١٩٨٦)دا هەر لە شـــارۆچکەی ســـیروان، قوتابی قوتابخانەو لە هەمانکدا قوتابی مزگەوت بووە، لەگەڵ ئەوەشـــدا وانە ســـەرەتاییەکانی مزگەوت و بەتایبەت جوان خوێندنەوەی قورئانی بە منداڵانی بچوکتر لە تەمەنی خۆی یان هاوتەمەنی خۆی گوتووەتەوە.

هەر لەو تەمەنە کەمەوە، ئەو مێرمنداڵە هەســتی زۆر ناســک بووە، زۆر حەزی بە شــوێنکەوتنی ژیانی هاوڕێیانی پێغەمبەر (درودی خوای لەســەر) هەبووە، زۆر هەژاردۆســـت بووە، خێزانەکەی خۆیان تا ڕادەیەک ئاســـتی بژێویان باشبووە بە بەراورد بە خەڵکی ئەوکاتە، هەربۆیە هەمیشە داوای لە دایکی کردووە چاوی لە دراوســـێکانی بێت، ئەگەر هەژارو نەدارێک لە کۆڵانەکەیاندا هەیە با هاوکارییان بکەن، زۆرجاریش پارەی لە دایکی وەرگرتووەو بردوویەتی بۆ مزگەوتو خســـتوویەتییە ســـندوقی خێری مزگەوتەوە، "دایەگیان تا ئەو مزگەوتە نوێژی تێدا بکرێت، خێری تۆو باوکیشم دەنوسرێت".

و هەندێکیشـــیان وەرگێڕانن، لە هەشـــتاکاندا بە چاپکردنی ژیانی ژمارەیەک لە هاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خوای لەســـەر) ناوبانگی دەرکردوو بەرهەمەکانی ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە پەروەردەکردنی گەنجاندا، ساڵی (٢٠٢٢) لە شاری سلێمانی کۆچی دواییکرد(خوا لێی خۆش بێت).

ئەگەرچی باوکی کەمتر چاوی بە کەیوانی کوڕی گەشـــایەوە، ئەو کەیوانەی ئەقڵو توانای زۆر لەپێش هەڵکەوتەی تەمەنو جەســتەیەوە بوو، دوای باوکی، دادە نەزیرەی دایکی ئومێدی زۆری لەســـەر هەڵچنیبوو، هەر ئەو دایکەی لە یەکێک لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی ئازاری ســـاڵی (١٩٨٩) دیـدارێکی هەبوو لەگەڵیـدا، ئەو کـاتەی هەردووکیـان دەســـتگیرکرابوون، زیندانیبوونێک لەپێناو خواو نیشتیمانەکەیاندا.

(٤)

وریاو چیرۆکی ناسینی کەیوان

وریا[1] بۆمان دەگێڕێتەوە: زۆربەی کات پاشـــنوێژی عەســـر لە مزگەوتی (حاجی حەســـەنی لۆکە)[2] وانەمان دەخوێند، بیرم دێت لەو وانانەدا (کەمال)ی برام و (سەربەست)ی ئامۆزام و (عیرفان)و (یاسین)ی دراوســـێمان ئامادە دەبوون‌و پێکەوە بووین، ئەم وانانە چەند وانەیەکی سەرەتایی بوون پێشئەوەی (کەیوان) بناسین.

ســـەرەتای ناســـینی من بۆ کەیوان، بۆ پێش وەرگیرانم لە ئامادەیی (پیشـەسـازی سلێمانی کوڕان) دەگەڕێتەوە، ئەو ئامادەییەی هەریەکە لە کەیوان‌و سدیق و (کەمال)ی برام لەوێ قوتابی بوون.

ڕۆژێـک بۆ نوێژکردن ڕووم لـە مزگـەوتی (وەفـایی) کرد، ئەو مزگەوتەی دەکەوێتە پشـت بینای (عەتار)ی ئێسـتاوە لە شـەقامی سـالم، پاشنوێژ بینیم گەنجێکی ڕووخۆشی باڵا مامناوەندی جوانهەڵکەوتە لەوێ دانیشتووەو کۆمەڵێک قوتابیش لە چواردەوری کۆبوونەتەوە، ئەم دیمەنە ســەرنجی ڕاکێشـــام و زۆرم پێخۆشـــبوو، بەجۆرێک حەزمکرد لەگەڵیان

---

[1] - ناوی تەواوی (وریا ئیبراهیم حەمەئەمین)ە، ســاڵی (١٩٧٣) لەگەڕەکی ڕزگاری شــاری ســـلێمانی لە دایکبووە، حاجی ئیبراهیمی باوکی تەنها حەوت مانگ پێش دەســـتگیرکرانی هەردوو کوڕەکەی (کەمال‌و وریا) لە ســـاڵی (١٩٨٨) و حاجی (ســـەبری)یەی دایکیشـــی لە پایزی ساڵی (٢٠٠٩) کۆچی دواییان کردووە (خوا لێیان خۆش بێت).

[2] - یەکێک لە مزگەوتە بەناوبانگەکانی شــاری ســـلێمانیە، ناوە فەرمییەکەی بریتییە لە مزگەوتی (حاجی حەسـەنی خەفاف)ە، بەڵام بە مزگەوتی (حاجی حەسـەنی لۆکە) ناسـراوە، سـاڵی (١٩٧٢) دروسـتکراوە و دەکەوێتە شـەقامی سـالم، تەنیشـت بینای فاروق گروپ، زۆرێک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکەی کەیوان بەهۆی نزیکی ماڵیان یان نزیکی قوتابخانەکانیان لێیەوە، لەم مزگەوتە نوێژیان دەکرد.

بەشـــداربم و هاوڕێیەتیان بکەم و لە تامو چێژی ئەو ئەڵقە پەروەردەییە بێبەش نەبم، ئەم وانە پەروەردەییەم لە کاتێکدا بەرچاو کەوت کە لەو سـەردەمەدا گەنجان بە شـتی زۆر لاوەکیەوە سـەرقاڵبوونو دیاردەی نوێژی گەنجانو وانەی پەروەردەییو قورئان خوێندن لە مزگەوتەکانی سلێمانی تاڕادەیەک شتێکی غەریب بوو.

زۆر بە سـادەیی بەرەو ڕوویان چووم، سـەلامم کردو داوای مۆڵەتم کرد: 'ئیجازە هەیە منیش دابنیشـــمو گوێ بگرم؟' بەم ڕســتەیە بۆ یەکەمجار لەو ئەڵقە پەروەردەییەی (کەیوان) بەشداریمکرد.

ئەگەرچی کەیوان بە تەمەن منداڵ بوو، بەڵام ئەو بلیمەت بوو، کەسـێکی زۆر زیرەکو لێهاتوو بوو لە دەربڕینو شـیکردنەوەی فەرموودەو باسـە جیاجیا ئاینیو پەروەردەییەکان، ئەوەش تەنها قسـەی ئێمە نییە کە وانەمان لەلا دەخوێند، تەنانەت کاک حاجی سـەعیدی باوکی عیرفانی هاوڕێمان پێیوابوو ئەم توانا زۆرە لە بوارەکانی ئاین و شـەرع هی ئەو تەمەنە کەمە نین، حاجی سـەعیدی باوکی عیرفانی هاوڕێمان پیاوێکی دینداری کامڵ بوو، شـارەزایی باشـی لە ئاین و شـەرع هەبوو، بەهۆی هاوڕێیەتی عیرفانەوە، کەیوان سـەردانی ماڵیانی کردبوو، لە نزیکەوە ناسیبووی.

دوای ئەو یەکەم بینینە، دیدارەکانمان بەردەوام بوون، بەشـێوەیەکی ئاسـایی دەسـتمان بە وانە خوێندن کرد، ڕۆژ بە ڕۆژ قوتابییەکانیش ژمارەیان زیاتر دەبوو، یەکێک لە هۆکارەکانی هۆگریو کۆبوونەوەی گەنجان لە دەوری کەیوان، ئەوە بوو مرۆڤێکی کراوەو لە خۆبوردوو بوو، خۆبەکەمزانبوو، هەروەها وەکو گەنجێکی هاوتەمەنی خۆمان هەڵسـوکەوتی دەکردو حەزی بە چالاکی و یاریکردن هەبوو، بەتایبەت زۆری حەز لە تۆپی پێ بوو، ئەو حەزەشی وایکرد تیپێکی دروستکردوو هەر دەرفەتێک هەبووایە پێکەوە یاریمان دەکرد، بیرم دێت بۆ یاریکردن

دەچووین بۆ گەڕەکە دوورەکانی وەک بەکرەجۆو ڕاپەڕین، کەیوان خۆی تیپەکانی دەدۆزییەوەو یارییەکانی ڕێکدەخستو سەرپەرشتیدەکرد، لە ڕاستیدا هاوینی (١٩٨٨) بۆ من سەرەتای ناسینی کەیوان بوو، ئەو هاوینە پێکەوە لەگەڵ قوتابییەکانی تر یاریمان دەکردوو وانەشمان دەخوێند.

زۆربەی کات بۆ وانە خوێندنو یاریکردن دەچووین بۆ ئەو شوێنەی پێیان دەگوت ڕیعایە شەباب (چاودێریی لاوان) لە گەڕەکی ڕزگاری، شوێنەکەی بەسەر ئەو گردەوەبوو کە دوای ڕاپەڕین ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی تێدا نیشتەجێبوون، لەوێ ژمارەیەک گۆڕەپانی یاریی لێبوو، هەردەم گۆڕەپانێکمان دەست دەکەوت یاریی تێدا بکەین، شوێنێکی گونجاو بوو، لە دوای (یاریی)ش دەچووینە ناو دار سنەوبەرە چڕەکانی چواردەوری‌و پێکەوە وانەمان دەخوێند.

وانەکانمان زۆربەی کات باسە ئیمانییەکان و ڕەوشتە بەرزەکان بوون، کەیوان هەوڵیدەدا چەمکە سەرەتاییەکانی ئیمان‌و ئیسلاممان تێبگەیەنێت‌و دامەزراومان بکات لەسەر بیروباوەڕەکەمان.

لەوێ ئێمە کاتێک وانەمان دەخوێند هیچ نەدەترساین، لە کاتێکدا خودی کارەکە خۆی وەک قاچاخ وابوو، چونکە بە ئەستەم گروپێک گەنجت دەبینی پێکەوە کۆ ببنەوە بۆ وانەیەکی پەروەردەیی، لە مزگەوت یان لە دەرەوەی مزگەوت، بەڵام شوێنەکە بەجۆرێک بوو کەس گومانی ئەوەی پێ نەدەبردین سەرقاڵی شتێکین تا چاودێریمان بکات.

لە سەرەتای خوێندنی ساڵی (١٩٨٨ - ١٩٨٩)، هەریەکە لە من و کەیوان و کەماڵی برام لە ئامادەیی (پیشەسازی سلێمانی کوڕان)[١]

---

١ - ئامادەیی پیشەسازی سلیمانی کوڕان، تایبەتە بە خوێندنی پیشەیی، لە ساڵی (١٩٥٤) دامەزراوەو دەکەوێتە شەقامی سالم، تەنیشت مۆزەخانەی سلێمانی، ئەم ئامادەییە لە ئێستەدا لە بەشەکانی (میکانیک، دارتاشی، کانزاکان) پێکهاتووە.

وەرگیراین، کەیوان بەشـــی (دارتاشـــی) هەڵبژاردوو من و (کەماڵ)یش لە بەشـــی (کانزاکان) دەســـتمان بە ســـاڵێکی نوێی خوێندن کرد، لەگەڵ ئەم نزیکبوونـەوەیـەش وانـەکـانمـان بـەردەوام بوون، زۆرجـار ئـەکرەمو ســـەربەســـتو عیرفانو موحەممەد عەبدوڵڵای ژنبرای مامم و یاســـینو دارا لەو وانانەدا بەشداردەبوون و پێکەوە کۆدەبووینەوە.

لە ڕاســـتیدا من پێشـــتر هیچ گروپو حزبێکم نەناســـیبوو، کەیوانیش هەرگیز باســـــی لەو جۆرەی بۆ نەکردووم و کاری من و کەماڵی برام تەنها ئەو هاوڕێیەتیو وانە هاوبەشـــانە بوون کە پێکەوە دەمانخوێندن، هیچ کاتێک نە کەیوانو نە داراو ئەکرەمیش کە لەیەک گەڕەک دەژیاین، منیان لە بوونی کاروچالاکی سیاسی و سەربازیی ئاگادار نەدەکردەوەو دواتر لە زیندان ئەم باسانەم بەرگوێ کەوت.

جارێکیان لە یاریگاکەی (ڕیعایە شـــــەباب) بووین، یاریمان دەکرد، یاریی دوو گۆڵی، پارچە کاغەزێکی لولکراوم دۆزییەوە لەســـەر زەوییەکە کەوتبوو، کە کردمەوە لەســـــەرەتادا لەســـــەری نووســـــرابوو: (ئاگاداری، ئاگاداری، ئاگاداری)، کە بە دەنگی بەرز خوێندمەوە یەکســـــەر کەیوان نەیهێشـــت بە تەواوەتی بیخوێنمەوە، لە دەســـتی وەرگرتم و گوتی: "ئەو شـــــتە چیە لێرە کەوتووە، خوا دەزانێت کێ لێرە فڕێیداوە بۆ ئـەوەی تووشـی کێشـەمان بکات!"، من گومانم بۆ پەیدابوو، ئەم کاغەزە چی بوو و بۆچی کەیوان نەیهێشـــــت بیخوێنمەوە! دواتر کـەیوان لـە زینـدان بەســـــەرهاتی ئەو کاغەزەی بۆ باســـــکردم، لەوێ زانیم ئەو کاغەزە چی بوو!

(٥)

ئاسۆ[١]، پێش ناسینی کەیوان

ئاسـۆ مەحمود بۆمان دەگێڕێتەوە: هاوشـانی خوێندنەکەم لە شـاری هەڵەبجە، بـەردەوام بۆ نوێژو وانـەخوێنـدن هـاتوچۆی مزگـەوتی (دارولئیحسـان)م دەکرد، لەوێ لەگەڵ ئەنجامدانی نوێژە بە کۆمەڵەکان ئامادەی وانە گشـتییەکانی مزگەوت دەبووم، زۆرینەی مزگەوتەکانی ئەوکاتی هەڵەبجەو دەوروبەری پڕبوون لە نوێژخوێنو وانەی گشتی و ئەڵقـەی تـایبـەتی خوێندنی بوارە جۆراو جۆرەکـانی شـەریعەت وەک تەجویدو فەرموودەو تەفسیرو بیروباوەڕو ڕەوشت.

لەو سـاڵانەدا (واتە هەشـتاکانی سـەدەی ڕابردوو) مزگەوتەکانی هەڵەبجە جمـەیان دەهـات لـە نوێژخوێن و بێدارییـەکی گـەورەی ئـاینی، ڕووی لـە ناوچەکە کردبوو، کە زیاتر خۆی لـە پەروەردەکردنی گەنجو لاوەکاندا دەبینییەوەو ئیسـلامەتیو تەوژمی ئیسلامی بوو بوویە سیمای

---

١ - ئاسـۆ مەحمود حەمەڕەشـید، لەزسـتانی سـاڵی (١٩٧٥) لە ناحیەی بیارەی ناوچەی هەورامان لە دایکبووە، یەکەم سـاڵی قوتابخانەی لەگەڵ یەکەم سـاڵی شـەڕی (ئێران – ئێراق) دەسـتپێدەکات لە سـاڵی ١٩٨١، هەربۆیە بەناچاریماڵیان بەرەو شـاری سـلێمانی دێتو لەگەڕەکی سـلێمانی تازە دەگیرسـێنەوە، لەشـاری سـلێمانی لە قوتابخانەی (مەلیک مەحمود)ی سـەرەتایی درێژە بە خوێندنەکەی دەداتو پۆلەکانی یەک تا سـێی سـەرەتایی لەو قوتابخانەیە تەواو دەکات، پاشـان بۆ جارێکی ترو بەمەبەسـتی گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان ماڵیان بەرەو هەڵەبجە دەگەڕێتەوەو لە نزیک مزگەوتی دارولئیحسـان نیشـتەجێ دەبن و لە قوتابخانەی (شـنرۆێ)ی سـەرەتایی پۆلەکانی چوار تا شـەشـی سـەرەتایی دەخوێنێت، پاشـان بۆ قۆناغی ناوەندی ڕوو لە قوتابخانەی (ئەحمەد موختارجاف) دەکاتو لەوێ پۆلەکانی یەکو دووی ناوەندی تەواو دەکات.

دیاری هەڵەبجەو ڕاستییەک کە ڕژێمی بەعسیش نەیدەتوانی کۆنترۆڵی بکاتو بەئاسانی بەرەنگاری ببێتەوە، ئەوەش بەهۆی بەهێزی پەیوەندی ئەو کەسانەی کاری بانگەوازو ڕێکخستنیان بەڕێوە دەبرد لەگەڵ جەماوەرو بارودۆخی کۆمەلایەتی شارەکەو دەورووبەری، هەر ئەم دیاردەیەش تایبەتمەندی هەڵەبجە بوو بەراورد بە شارەکانی تری باشوری کوردستان و عێراق.

بێجگە لە وانە تایبەتییەکانی خۆم، بەردەوام لە وانە گشتییەکانی (م.عومەر ڕێشاوی، م.ئیبراهیم ڕێشاوی، م.جەعفەر)، لە مزگەوتەکەی نزیک ماڵی خۆمان ئامادە دەبووم، زۆربەی کات وانە گشتییەکان شەوان دوای نوێژی خەوتنان پێشکەش دەکران، ئەو وانە گشتییانە ڕۆڵی تایبەتییان لە ژیانی ئێمەو خەڵکدا هەبوو لەو دەڤەرە، هەروەها یەکێکیتر لەو وانانەی کە بەردەوام تیایاندا ئامادە دەبووم وانەی تەفسیری قورئانی مامۆستا مەلا (عوسمان عەبدولعەزیز)[1]بوو لە مزگەوتی شافیعی، لە ڕاستیدا وانەکانی ئەو مامۆستا خواناسو تێکۆشەرە بەشێکی گرنگی پەروەردەو تێگەیشتن بوون لە ژیانی مندا.

تا ئەو کاتەش هێشتا کەیوانم نەناسیبوو، بێجگە لەو وانە گشتییانەش، سێ مامۆستای تایبەتیم هەبوون کە لە هەمانکاتدا وەک شانەیەکی پەروەردەیی ئەو کات خۆم تیایاندا بینییەوە، ئەوانیش م.عەزیز تەوێڵەیی

---

١ - ناوی تەواوی مامۆستا (عوسمان عەبدولعەزیز موحەممەد)ە، ساڵی (١٩٢٢) لە گوندی (پریسی سەروو) نزیک بە شاری هەڵەبجە لە خانەوادەیەکی ئاینی لە دایکبووە، بە زاناو تێکۆشەرێکی گەورەی ئاینی لە باشوری کوردستان ئەژمار دەکرێت، خاوەنی تەفسیری قورئانی پیرۆزە بە زمانی کوردی، ساڵی (١٩٨٧) پاش سەرپەرشتی خۆپیشاندانێکی جەماوەری فراوان لە ناوچەی هەڵەبجەو هەورامان و شارەزوور کۆچ دەکات بۆ وڵاتی ئێران. دامەزرێنەری (بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق)ە. لە (٢٢ی ٥ی ١٩٩٩) لە دیمەشقی پایتەختی سوریا کۆچی دواییکردوو لە گۆڕستانی هەڵەبجە بەخاکسپێردرا. خوای گەورە لێی خۆش بێت و پلەی لە بەهەشتدا بەرز بکاتەوە.

که زۆر بەباشـــی وانەکانی جوان خوێندنەوەی قورئان و ڕەوشـــتبەرزی بەباشی فێرکردم، پاش ئەو مامۆستایە درامە دەست (م.عارف عەبدوڵلا)، لەلای م.عارف زۆر شـــتی گرنگ فێربووم و بەباشـــی ڕایهێنام لەســـەر بەجێهێنانی ئەرکو قوڵبوونەوە لە ڕۆشـــنبیریی ئیســـلامیدا بەجۆرێک وەکو نەخش وابن لە دڵو دەروونمدا، هەربۆیە م.عارف داوای لێکردم هەفتانە گوتارەکانی مامۆستا سەید نەجمەدین کە ئەوکات گوتاری هەینی لە مزگەوتی ئوسـامە لە گەڕەکی عەنەب پێشـکەش دەکرد، بنووسـمەوە، واتە پاشئەوەی ئامادەی گوتارەکەی دەبم بگەڕێمەوەماڵەوەو لە شێوەی ڕاپۆرتێکدا بینوسم بۆ مامۆستا کە گوتارەکە باسی چی کردووە، پاشان مامۆســـتاش بۆی هەڵدەســـەنگاندم، بەمجۆرە بۆ ئەوەی توانای من بەرز بکاتوە لە بواری شـــارەزایی لە شـــەریعەتی ئیســـلام، بێجگە لەم ئەرکە زۆرجار بەهۆی جوانی نووســـینو دەســـتو خەتمەوە ئەو کتێبە دەســـتنووســـانەم دەنووســـییەوە کە نەدەتوانرا چاپ بکرێنو من وەک ئەرکێک هەم بۆ زانینی خۆم و هەم بۆ بڵاوبوونەوەی زیاتریان وەک چاکەیەک دەمنووســـینەوە، بەتایبەت کتێبەکانی ژیانی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر). پاش مامۆستا عارف درامە دەست مامۆستای تایبەتی سێهەمم کە ئەویش (کاک تەها حەمەکەریم) بوو، کاک تەها لەبەر خۆشەویستی من، پاشئەوەی لە ساڵی (١٩٨٧) بوویە پێشمەرگە ناوی خۆی بۆ ئاسۆ گۆڕی.

لەگەڵ ئەم مامۆســـتا نوێیەمدا زۆر هۆگر بوو بووم، ئەو بۆ من زۆر پەرۆش بوو، بەهۆی ئەو پاشخانە فیکریو سیاسییەوە کە هەیبوو زۆر ســـودم لێ وەرگرت، لە ڕاســـتیدا هێندە پەیوەندیم بەهێز بوو لەگەڵی، پەیوەندییەکە لە قوتابی و مـامۆســـتـاوە گۆڕابوو بۆ هـاوڕێیەتی و برایەتییەکی ڕاســـتەقینە، بەجۆرێک هەمیشـــە پێکەوەبووینو لە ئێشو ئازاری یەک بە ئاگابووینو بەشداری خۆشیو ناخۆشی یەکمان دەکرد،

ئەم پەوەیوەندییەش بەردەوام بوو تا پێکەوە بەشـــداری ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٨٧)ی دەڤەری هەڵەبجەو هەورامانو شارەزوورمانکرد، کە لە ئەنجامدا ڕژێمی بەعس بەتوندی ڕاپەڕینەکەی دامرکاندەوەو خەڵکی خۆپیشـــاندەرو ڕاپەڕیویان بە توندی ســـەرکوتکرد، کاک (تەها) پاش بەشـــداریکردنی لەو ڕاپەڕینە، ئێوارەیەک پاش نوێژی خەوتنان دەســتی گرتم و گوتی: "من کارێکی تایبەتم بەتۆ هەیە"، کەوتە قسەکردن: "ئاسۆ من دەمەوێت خواحافیزیت لێبکەم، ئەمشـــەو ئیتر ئەمە دواجارە دەتبینم، هەر ئەمشــەو لەگەڵ چەند برایەک بڕیار وایە کۆچ بکەین و بچینە شــاخ، من دەبمە پێشمەرگە، ئیتر ناتبینمەوە، مەگەر خوا خۆی بڕیار بدات". ئەم هەواڵە بۆ من زۆر بە ناخ هەژێن بوو، هەواڵی جیابوونەوەی قوتابیو مامۆستا، ڕاستتر بڵێم: هەواڵی جیابوونەوەی دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی کە هەمیشــە دەســتمان لەدەســتی یەکەو ڕۆژانە زیاتر لە دوای ســەلامی هەر نوێژێک بە یەک شــاد دەبووین، بۆیە بۆ دواجار باوەشــمان بەیەکدا کردو تێر تێر گریاین، بە ئاشکرا فرمێسک بە چاوماندا دەهاتە خوارەوە، هەر بەو جۆرەش بوو کە دڵمان هەواڵی دابوو، ئەوە بوویە دوا دیدارو دوای ڕاپەڕین مامۆستاکەم شەهید بوو.

ئاسۆ و کەیوان و وێستگەی پاسەکە

ئاسۆ بەمجۆرە باسی ناسینی کەیوان دەکات: ناسینی کەیوان کارێکی زۆر ئاســان بوو، چونکە کەیوان دەســتپێشــخەرێکی بەتواناو کەسێکی ڕۆحسووکو جێگە سەرنجی دەورووبەرەکەی بوو، سەرەتای ناسینم بۆی دەگەڕێتەوە بۆ ســـاڵی (١٩٨٦)، لەو ســـاڵەدا بەهۆی ســـەردانی کەیوانەوە بۆ ماڵی مامی لە هەڵەبجە، کە نزیکی مزگەوتی دارولئیحســـان بوو، هەمان ئەو مزگەوتەی من پێنج فەرزە نوێژم تێدا دەکرد، کەیوانیش لەو ســـەردانانەدا بۆ ماڵی مامی بۆ نوێژکردن دەهاتە هەمان مزگەوت،

بۆیە ئەو مزگەوتە بوو بە یەکەم ویستگەی پەیوەندی و ناسینی من بۆ کەیوان.

ئەو ناسینە شتێکی سەرەتایی بوو، تەنها وەکو دوو کەس کە لەیەک مزگەوت نوێژیان دەکرد بۆ ماوەیەکی کەم، بەڵام پاشئەوەی دوو ڕۆژ پێش کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەسەردان هاتم بۆ ماڵی برایەکم کە نیشتەجێی گەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانی بوون، ئیتر لە ماڵی باوکم دابڕام و بێ هەواڵ بووم لێیان.

پاش نیوەڕۆیەک کاتێک دەمویست لە گەڕەکی شەهیدانی سەرچنارەوە بڕۆم بۆ بازاڕ، لە ویستگەی وەستانی پاسەکان لەگەڵ کەیوان بەیەک گەیشتین، چونکە ماڵی کەیوانیش لە هەمان گەڕەک بوو، ئەو یەکتر بینینە بۆمان زۆر کتوپڕ بوو، پاش هەواڵپرسینو پرسیارکردن لەبارەی ڕابردووەوە، کەیوان بۆی باسکردم کە ئەو ئێستە لە سلێمانییەو لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابیو هاوڕێیدا پێکەوە وانەدەخوێنن و کۆبوونەوەیا هەیە، ئەوە یەکەمین دیداری پاش ئەو دابڕانە بوو کە نزیکەی ساڵێک درێژەی کێشا، ئەوەش سەرەتای پێکەوە کارکردنو یەکتر ناسینی ڕاستەقینەی نێوانمان بوو.

(٦)

دوو موحەممەدو دوو ئەحمەد

لەناو هاوڕێکانی کەیواندا دوو موحەممەدو دوو ئەحمەد ناو هەن، (موحەممەدو ئەحمەد عەبدوڵڵا فەتاح)، هەردوو براکانم کە لە زیندان بە (موحەممەد عەربەتی) و (ئەحمەد عەربەتی) ناسرابوون، لەبەرئەوەی لەساڵی (١٩٨٨)و پاش گەڕانەوەمان لە ئێرانەوە بەشێوەی قاچاخ بۆ سلێمانی، لە سلێمانی خانوومان بە کرێ دەست نەکەوت و ناچار لە ناحیەی (عەربەت)ی نزیک سلێمانی گیرساینەوەو کاتێک ئەوان دەستگیرکران ماڵمان لە عەربەت بوو، دوو موحەممەدو ئەحمەدەکەی تر یەکێکیان (موحەممەد عەبدوڵڵا حەمەموراد)[١]و ئەویتریان (ئەحمەد فەرەج عەبدوڵڵا) بوون، ئەم (موحەممەد)ەیان دانیشتووی سلێمانی و ئەحمەدیش دانیشتوی کۆمەڵگەی زۆرەملێی بازیان بوو و پیشەکەی برینپێچ بوو، بۆیە بە (ئەحمەدی موزەمید) ناسرابوو، بۆ ئەوەی ئەو دوو موحەممەدە کە باوکی هەردووکیان ناوی عەبدوڵڵایە لە یەک جیا بکەینەوە، ئەوە لەمەودوا یەکێکیان تەنها بە موحەممەد ناو دەهێنین و ئەویتریان بە موحەممەد حەمەموراد.

بیرم دێت لەهەر شارێک ژیابین، موحەممەدو ئەحمەد وانەی پەروەردەییان هەبووە، لە هەڵەبجە، خورماڵ، سیروان، بەتایبەت لە شارۆچکەی سیروان کە کەیوانیش لە پێش ساڵی(١٩٨٧)ەوە لەو

١- ناوی تەواوی (موحەممەد عەبدوڵڵا حەمەموراد)ە، ساڵی (١٩٧٢) لە سلێمانی لە دایکبووە، ئەو کاتەی دەستگیرکراوە قوتابی پۆلی سێیەمی ناوەندی بووە لە قوتابخانەی (ئەحمەدی خانی) لە شاری سلێمانی، ئامۆزای (کەماڵ و وریا)یە لەناو هاوڕێکانی کەیواندا.

شــــارۆچکەیە دەژیا، ئەوان وانەیان لە مزگەوتەکانی ئەو شـــارۆچکەیە لەسەر دەستی مامۆستایانی ئەوکات دەخوێند.

ئێستەش ئەو سەرەتا زۆر جوان‌و سادانەم لە یادە، ئەوساتانەی تازە بەتازە مزگەوتەکان دەبوونە شـوێنی گەنجەکان‌و هەندێک چالاکی ئاینی‌و کۆمەلایەتی‌و پەروەردەیی تیایاندا ئەنجامدەدرا، بەتایبەت یادەکانی مەولودو شـــەوڕەوی و بەرزبوونەوە(ئیســـراو میعراج)، کە بەوتارو ســـرودو شـــیعرو پەخشـــان دەڕازێنرانەوە، ئەو گەنجو مێرمندالانە هەڵســـوڕێنەری ئەو یادانە بوون، بەتایبەت بە گوتنی ســـرودو دروستکردنی تیپی تایبەت بەو یادانەو بەڕێوەبردنیان.

خوایە بڕژە لێزمە بارانی ڕەحمەت

بەسەر گیانی موحەممەد تا قیامەت...

پێغەبمەرێ ئاوا خوا ڕێزی لێنێ

بە یا ئەیوهەلنەبی بیدوێنێ ....

ئاااااای کە ئاوازێکی دڵڕفێن بوو، ئێســـتەش ئەو ئاوازانە لە گوێمدا دەزرنگێنەوە، کە لەزۆرێکیاندا موحەممەدو ئەحمەدی برام بەشداردەبوون بە سەرکۆرس و کۆرس لەگەڵ هاوڕێیانی تریاندا.

ئەوان، گەنجانێک تازە بەتازە بە ژیان ئاشـنا دەبوون، هەموو گیانیان تواناو چالاکی بوو، ئامادەبوون قوربانی بە هەموو شـــتێک بدەن لەپێناو ئەو ڕێگاو ڕێبازەی لەســـەری پەروەردە دەبوون، بەجۆرێک پێمخۆشـــە ئـەم بـەســـــەرهـاتـە وەک نمونـەی دڵگـەرمی ئـەوان بۆ پـابـەنـدی بە بیروباوەڕەوە بگێڕمەوە:

هەر لەسـەرەتای شـەڕی (ئێران – عێراق)ەوە، زۆرێک لە شـارەکانی عێراق‌و کوردســـتان ڕووبەڕووی کاولکاری شـــەڕو کوشـــتار بوونەوە، بەتایبەت لە ســـالانی کۆتایی شـــەڕدا هەردوو لایەنی شـــەڕکەر زۆر بێبەزەییانە تۆپبارانی ناوچە مەدەنییەکانیان دەســـتپێکردبوو، کوێرانە

بۆمبارانی شـــــارەکانی یەکتریان دەکرد، ناوچە ســـــنوورییەکانیش لەم تۆپبارانە پشکی شێریان بەرکەوتبوو.

سـاڵێک بەر لە ڕوودانی کارەساتی کیمیابیبارانی هەڵەبجە، لە ڕۆژێکی بەهاری(١٩٨٧)دا، ئەو ڕۆژە ئێران بە خەسـتی بۆردوومانی شـارۆچکەی سـیروانی دەکرد، ئێمە ئەو کات ماڵمان لە نزیک مزگەوتی سـەلاحەددین بوو لە کۆمەڵگەی شـــــارۆچکەکە، ئەحمەدی برام دەیویســــت بچێت بۆ مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆ، بە ڕەحمەت بێت باوکم زۆری پێگوت کە نەچێتو نوێژەکەی لە ماڵەوە بکات، چونکە بارودۆخەکە خراپەو ناوچەکە لە ژێر تۆپباراندایە، ئێمە ناوبەناو گوێمان لە دەنگی تەقینەوەو هاتنی تۆپەکان دەبوو، زۆربەی کات لە بەشــــی ســـەرەوەی کۆمەڵگەکەی دەدا کە بە کارگەی پەتاتەکە ناســــرابوو، بەڵام هاتنە ناوەوەی موشـــەکو تۆپەکان بۆ ناو ماڵانو شـوێنەکانی تریش شـتێکی چاوەڕوان کراوبوو، بەڵام ئەحمەدی برام ســـووربوو لەســـەر چوون بۆ مزگەوت، دەیگوت نوێژەکەم لە مزگەوت زۆر گرنگەو باســـــی فەزڵی نوێژی مزگەوتو نوێژی بەکۆمەڵی دەکرد: "باوکەگیان هیچ نییەو ئەوەی خوا نەیکات نابێت"، لەگەڵ ئەم قســـــەو گفتوگۆیانەدا ئێمەو باوکمی بەجێهێشـــــت و بەرەو مزگەوت کەوتەڕێ، چەند ســــاتێکی کەمو لورەی تۆپێک هات، ڕۆژێکی خۆشــــی بەهاربوو، هەموو لە حەوشــــەکەی ماڵەکەمان لەبن کەپرێک کە ســـــەرەکەی بە داری مێو تەنرابوو دانیشـــتبووین، ناوبەناویش لەبەرئەوەی هێشـــتا وەکو پێویســـت گەلای نەکردبوو تیشــکی خۆر دەهاتە ژوورەوە، پاش ئەو ســـاتە کەمە دەنگی تەقینەوەی تۆپەکە لە کۆڵانەکەمان هەموومانی ناچارکرد بە ڕوودا خۆمان بدەین بە زەویدا، لەناو دەنگی پارچەی تۆپو تەپو تۆزو دووکەڵو بۆنی بارووتی گولە تۆپەکەدا هەســــتاینەوە، ئێمە هەموو ســـــەلامەت بووین، باوکم یەکســـــەر بۆ دەرەوە ڕایکرد، بینی تۆپەکە

لەبەردەم ماڵی دراوسێیەکماندا داویەتی لە تراکتاتۆرێکی کشتوکاڵی کە لەوێ وەستابوو، ئەحمەدی براشم گەشتبووە ئەو سەری کۆڵانەکەو بە ڕاکردن خۆی کردەوە بە ماڵدا، باوکم گوتی نەمگوت ڕۆڵە مەچۆرە دەرەوە، ئەحمەدیش کە یەکپارچە ئازایەتیو چاونەترسی لێدەباری تۆزێک بە دۆخەکە پێکەنی و گوتی: "باوکە گیان هیچ نییە، ئەوەی خوا نەیکات نابێت".

ئەمە نمونەیەک بوو لە ژیانی ئەوسای ئەو گەنجانەی هاوڕێی کەیوان، ئەوانیتریش بە هەمانشێوە نمونەی ئازایەتیو هەڵوێستن کە دواتر باسیان دەکەین، بەتایبەت خودی کەیوانو موسا کە لە نزیکەوە دەمناسینو چەند جارێک بینیومن، بەتایبەت مووسا لە خورماڵ دراوسێمان بوون و هاوتەمەن و هاوڕێی گیانی بە گیانی ئەحمەدی برام بوو، ئەو کاتەی دەستگیرکرا قورئانێکی زۆری لەبەربوو، لە کاتێکدا تەمەنی لە شانزە ساڵ تێپەڕی نەکردبوو.

ئەم تێکۆشانەمان بۆ کەی کاکەگیان؟

موسا[1]، ناو بەناو لەگەڵ مامۆستا ئەحمەدی برای لەسەر ئیش و کارەکانیان دەکەوتە گفتوگۆ، ئەوەش بۆ پێگەی براگەورەیی ئەحمەد دەگەڕایەوە لەناو خێزانەکەدا، هەروەها زۆری ئەزموونەکەی، چونکە ئەو کاتانەی موسا لەگەڵ کەیوان پێکەوە کاریان دەکرد، ئەحمەدی برا گەورەی قوتابی کۆلێجی (شەریعە) بوو لە شاری بەغداد، توانای لە

---

١ ناوی تەواوی (موسا حەمەڕەشید عەبدوڵڵا)یە، ساڵی (١٩٧٠) لە گوندی (سەرگەت)ی سەر بە ناحیەی بیارەی ناوچەی هەورامان سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لە دایکبووە، لە گوندەکەی خۆی خراوەتە بەر خوێندن، بەهۆی ڕاگواستنی گوندەکەیان هاتوونەتە خورماڵ، لە خورماڵ و هەڵەبجە درێژەی بە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی داوە، بە چەند ڕۆژێکی کەم پێش کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە ماڵیان هاتووەتە سلێمانی، ئەو کاتەی دەستگیرکراوە قوتابی پۆلی سێیەمی ناوندی بووە.

زانســتە شــەرعییەکان و ئەزموونی لە ناسـینی حزبی بەعس زیاتر بوو، بۆیە زوو زوو ئامۆژگاری موســـای دەکرد کە ئەمکارەی ئێوە بەمجۆرە زۆر پڕ مەترســـییە، "ئاخر براگیان ئاوا نابێت، بەعس زۆر ســـتەمکارو دڵڕەقە، بکەونە دەســـتیان خراپتان پێدەکەن، برا گیان تۆ نازانی ئەمانە چەند پیســـن، ئەم هەمو ســـیخوڕەیان چاندووە"، موســـاش دەیگوت: "کاکەگیـان ئەی چۆن دەبێت؟ ئەی ئەم جیهادو تێکۆشـــانەی قورئـان فەرمانمان پێدەکات بۆ کەی هەڵبگرین؟ چۆن دەبێت ئەم ســـتەمکارانە حوکمی وڵات بکەن و ئێمەش تەنها تەماشـاکار بین؟ چۆن دەبێت شـتێک بۆ میللەتەکەمان نەکەین؟ ئەگەر ئێســـتە ئەمە نەکەین کە دەســـەڵاتێکی ستەمکار هەیەو میللەت دەکوژێت و ژێر دەستەی دەکات، ئەنفالی دەکات و بە چەکی کیمیاویی لێیدەدات، ئیتر کەی دەیکەین؟"

ئەحمەدی برای موســـا ناحەقی نەبوو، چونکە هیچ کەس نـایەوێت ئەندامێکی خێزانەکەی لەدەســـتبدات، ئێ ئەم کارەی موســـاو کەیوان و هاوڕێکانیشی چاوەڕوانی ئەم سەرئەنجامەی لێدەکرا!

بۆ ئەوەی موسا لە ژینگەی سلێمانی دوور بخاتەوە کە ژینگەیەکی پڕ مەترســـی بوو بۆ ئەویش و بۆ هاوڕێکانیشـــی، ئەحمەد بیری لە پلانێک کردەوە، ئەویش ئەوەبوو کە بیبـات لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو کـارگەیەی کە خۆی لە کاتی پشـــووی هاویندا کاری تێدا دەکات، بۆیە لە کۆتا مانگی هاوینی سـاڵی (١٩٨٨) موسای لەگەڵ خۆی برد بۆ شـاری نەجەف، لەوێ لەو کارگەیە خستیە سەر کار کە خۆی کاری تێدا دەکرد، سا بەڵکو هەم ئیش بکـات هەم لە جموجووڵەکـانیـان لەگەڵ کەیوان دوور بکەوێتەوەو پارێزراو بێت، پاش دە ڕۆژێک موســـا ئارامی لێبڕا، "من ناتوانم لێرە بمێنمەوە کـاکە، دەبێـت بگەڕێمەوە بۆ ســـلێمـانی"، بەم دەربڕینـانە خواحافیزی لە (ئەحمەد)ی برای کردو گەڕایەوە سلێمانی.

له کۆتایی مانگی دوانزەی هەمان ســـاڵ، ئەحمەد له بەغداوه گەڕایەوه سـلێمانی، بینی ماڵەکەیان کش و ماته، دایک و باوک و براکان وەک ئەوەی خۆڵی مردوویان لێنیشـتبێت بەوجۆره له ژیان بێزارن، خەم و ماتەم ڕووی لێناون، ئەحمەد بەبێئەوەی بزانێت چی ڕوویداوه، یەکسـەر پرسـی: " موسـا چی لێهاتووه؟ گیراوه؟"، چونکه له ڕاســـتیدا ئەم هەواڵه بۆ ئەو زانیاریی نەبوو، دڵنیابوو لەوەی موسا دەستگیر دەکرێت، بۆیه یەکسەر باوک و دایک و براکـانی هەڵـدەگرێـت و بەرەو نەجەف دەڕوات، ئەوان لەویٚ له مـاڵی دۆســـتێکی دادەنێت، خۆیشـــی له زانکۆ درێژه به خوێندنەکەی دەدات، ئەم دوورکەوتنەوەیەش بووه هۆی ئەوەی ئەمن نەیاندۆزێتەوەو هاوشـــێوەی خێزانەکانی تر دایک و باوک و براکانی موسـا دەسـتگیر نەکرێن و پارێزراو بن.

لوقمان ســەرگەتی، هاوڕێی موســا دەگێڕێتەوه: هاوینی ســاڵی (١٩٨٨)، پاش ماوەیەک دابڕان، له شــــەقامی پیرەمێرد، لەو شــــوێنەی پێی دەڵێن (فولکەی سـجن)، جارێکیتر به موسـا شـاد بوومەوه، که هەم هاوڕێم منداڵی و هەم خزممه، پاش هەواڵپرسـین، ماوەیەکی زۆر به یەکەوه وەسـتاین، لەو نزیکـانه مەفرەزەیەکی ئەمن و پۆلیس لەو نزیکـانه وەســـتـابوو، داوای ناســنامەیان لەو خەڵکانه دەکرد که گومانیان لێیان هەبوو، موســا گوتی: " کاک لوقمان ســـەیری ئەم ســـتەمکارانه ناکەیت، بزانه چۆن ئەزیەتی ئەو خەڵکه هەژاره دەدەن، ان شــاءالله ڕۆژێک دێت کۆتاییان دەبینین!"، من ئەو قسـانەم لەو کاتەدا جێگه سـەرنج بوو، گوتم: " کاک موسـا گیان بێدەنگ بەو لەســەر خۆ با کەس نەبیسـتێت، ئاممان ئەم قسـانه لای کەس مەکه"، بەڵام ئەو شــتێک به ناوی ترســی نەدەناســی، ئازایەتی و بوێری له پێناو گەل و نیشتیمان و ئاینەکەیدا پێکەوه کۆ کردبوویەوه.

پەیوەندی موحەممەدو ئەحمەد بە (کەیوان)ەوە[1]

ئەحمەدی برام هاوڕێی پۆل و مزگەوت و کۆلانی کەیوان بوو، بەلام موحەممەدی برام هـاوشـــێوەی ئەحمەد لەگەڵ کەیوان هـاوڕێ نەبوو، ڕاسـتە بەهۆی نزیکی مالّیان لە مالّی ئێمەوە لەشـارۆچکەی سـیروان و هاوڕێیەتییەکەی لەگەڵ ئەحمەدی برام، دەیناسی و خۆشی دەویست.

لە کـارەســـاتی کیمیـاییبـارانی هەڵەبجە هـاوشـــێوەی هەموو ئەو خێزانـانەی لەو کـارەســـاتە ڕزگـاریـان بوو چووینە وڵاتی ئێران و لە ئۆردوگای (هەزارخانی) ناوچەی کوردســـتاننشـــینی نزیک لە شـــاری مەریوان گیرســـاینەوە، بەڵام پاش چەند مـانگێکی کەم باوکم لە خەمی ئایندەی ئێمە بڕیاریدا بگەڕێینەوە بۆ وڵات. ئەگەرچی ئەم بڕیارە ترسناک بوو، چونکە شـــەڕی ئێران و عێراق بەردەوام بوو، هەروەهـا ڕژێم بەردەوام دڕنـدانەتر ڕەفتـاری دەکردو مەترســـی ڕژێمیش لەســـەر هـاووڵاتیـان زیـاتر دەبوو، پاش ئەو بەرنـامەیەی بـاوکم بۆ گەڕانەوە، ئەحمەدی برام بڕیاریدا نەگەڕێتەوە بۆ ســـلێمانی و ببێتە پێشـــمەرگەی بزووتنەوە، لەسەر بڕیارەکەشی سوور بوو.

بۆ ئەوەی بڕیـارەکەی ئەحمەدی برام بگۆڕێت، بـاوکم چوو بۆ لای مامۆســـتا (ئەحمەد کاکە مەحمود)[2]، چونکە دەیزانی مامۆســـتا بێجگە

---

[1]- ناوی تەواویـان (موحەممەد عەبدوڵلا فەتـاح و ئەحمەد عەبدوڵلا فەتاح)ە، موحەممەد سـاڵی (١٩٧٢) و ئەحمەد سـاڵی (١٩٧٣) لە گوندی (گولپ)ی بناری هەورامان لە دایکبوون، ئەو تەمەنە کەمەی ژیانیـان لە نێوان شـــارۆچکەی (خورمـاڵ) و شـــاری (هەڵەبجە)و شارۆچکەی(سیروان)و شـاری (سلیمانی)و کۆتا ڕۆژەکانیش لە (عەربەت) بەسـەربرد، ئەو ڕۆژەی دەســـتگیرکران موحەممەد پۆلی پێنجی وێژەیی (واتە یانزەی ئامادەیی)و ئەحمەد پۆلی سێیەمی ناوەندی(واتە نۆی بنەڕەتی)بوون لە دواناوەندی عەربەتی کوڕان.

٢ – مامۆستا (ئەحمەد کاکە مەحمود)، نووسەرو زاناو شۆڕشگێڕێکی باشوری کوردستانە، ســـاڵی (١٩٥٠)ی زاینی لە گوندی (یالانپێ)ی ناوچەی هەورامان لە ســـنوری پارێزگای هەڵەبجە لە دایکبووە، دەرچووی پەیمانگای ئیسلامیی هەڵەبجەیە لە ساڵی (١٩٧١)، مۆڵەتی

لەوەی وەک خزم و دۆستێکی خێزانەکەمان ڕەفتار دەکات، لە هەمانکاتدا مامۆستای موحەممەدو ئەحمەدی برام بوو پێشئەوەی بچێتە شاخ و ببێتە پێشمەرگەو کەسایەتییەکی دیاری بزووتنەوە، بەڵام پاش گفتوگۆیەک، مامۆستاش هاتە سەر قسەکەی باوکم و گوتی: "ئەحمەد ڕۆڵە بەگوێی باوکت بکەو بگەڕێرەوە خوێندنەکەت تەواو بکە، تۆ هێشتا منداڵی، کە گەورەبوویت ئەوسا دەرفەتی زۆر شتت بۆ دروست دەبێت"، بۆیە هەموو خێزانەکە بە ڕێگەی سەختی قەندیلدا گەڕاینەوە سلێمانی و لە گەڕەکی بەختیاری لە ماڵی م.حسێنی خاڵۆزای باوکم گیرساینەوە.

ڕێگەی گەڕانەوەمان بە قاچاخ لە ئێرانەوە بۆ سلێمانی پڕ مەترسی بوو، دوور نەبوو لەوەی ببینە بەشێک لە و جینۆسایدەی بەعس ناوی نابوو (پرۆسەی ئەنفال)، وا ئێستە باسی دەکەم چۆن و بۆچی؟

ئەوەی بیرم مابێت لەسەر ئەو ڕێگەی گەڕانەوەمان ئەمەبوو: ڕێگەکی هەتا بڵێی سەخت و دووروودرێژ بوو، پڕ مەترسی بوو، بەیانییەکی زوو لەو ئۆردوگایەی لێی نیشتەجێ بووین کەوتینە ڕێ، چوینە شاری بانە، پاشان سەردەشت، لەوێوە بە چەند گوندێکدا تێپەڕین کە دەکەوتنە سنووری نێوان هەردوو کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور، وابزانم کۆتا گوند ناوی (کاولان) بوو، لەم گوندە بە ئاشکرا پێشمەرگەی لایەنەکان هەبوون، پاشان

مەلایەتی لەسەردەستی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز وەرگرتووە(خوا لە هەردووکیان خۆش بێت)، ساڵی (١٩٨٧) بەشداری شۆڕشی چەکداری کردووەو بە یەکێک لە دامەزرێنەرو کەسایەتییە دیارەکانی (بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق) دێتە ئەژمار. بێجگە لە چاپکردنی تەفسیری (ڕامان) کە ڕاڤەی قورئانی پیرۆزە بە زمانی کوردی، ژمارەیەک نووسین و وەرگێڕانی هەیە، لەوانە: (خوا لە ڕوانگەی زانیارییەوە، وتەی زاناکان و باوەڕ بە خوا، سەربەستی لە ئیسلامدا، پەروەردە لە ئیسلامدا، خواپەرستی لە ئیسلامدا، ڕامیاری لە ئیسلامدا، ئاشتی لە ئیسلامدا). ساڵی (٢٠٠٧) لە هەڵەبجە کۆچی دواییکردووەو لە گۆڕستانی گوڵانی شارەکە بە خاکسپێردراوە. (سەرچاوە: وێبسایتی شێخ ئەحمەد کاکە مەحمود).

بەرەو چیای قەندیل، بەڕاسـتی ئەو ڕێگە دووورودرێژە پڕ مەترسـییە بۆ خێزانێکی دە کەسی وەک ئێمە کە گەورەکەمان شانزە ساڵ و بچوکەکەمان شـەش سـاڵان بوو زۆر سـەخت بوو، زۆر ماندوو بووین، لە ڕێگە زۆر سەرمامان بوو، بەتایبەت ئەو کاتانەی بە چیای قەندیلدا هەڵزناین، ئەگەرچی کاتەکە کۆتایی مانگی پێنج بوو، بەڵام زۆرێک لە ڕێگەکە بەناو بەفردا دەڕۆیشت، لە هەندێک شـوێن ئێمە کە دوو هێسترمان بە کرێ گرتبوو بۆ هەندێک بەتانی و کەل و پەل و چوار منداڵی شـەش تا دە سـاڵ، لە هەندێک شوێنی ڕێگەکەدا ناچار دەبووین بە شـوێنێکدا ڕێگە ببڕین کە پردی بەفرین بوو، واتە لە ژێرەوە ئاو دەڕۆیشـت و لەسـەرەوەیش بەفرێکی ئەسـتوور هەبوو کە لەو بەهارە درەنگەدا ئەو بەفرە نەتوابوویەوە، لە ڕێگە تووشـی زۆر زەحمەت بووین، هەڵخلیسکان و کەوتن و هەستانەوەو نەخۆشکەوتن.

بیرم دێت ئێوارەیەکی درەنگ گەیشـتینە شـوێنێک وەک هەوارێک وابوو بۆ ئەو خەڵک و پێشـمەرگانەی ئەو ڕێگەیەیان بەکاردەهێنا، گوتیان خەمتان نەبێت لێرە هۆتێل هەیە بۆ مانەوەتان، بێخەم بن سـەرماتان نابێت، ئێمەش هەم سەرمان سوڕما هۆتێل و میوانخانە بەم شاخە سەختەوە چی دەکات! هەم پێشمان خۆش بوو تا پشوویەک بدەین، کاتێک نزیکبووینەوە کەپرێکی نزممان بینی، سـەرەکەی نایلۆنەو لە ژێرەوەش نیمچە کومبارێکی شـڕی ڕەق ڕاخراوە، گوتیان ئەمە هۆتێلەکەیە! کە هۆتێلەکەیان پیشـاندایـن ئێمە هەموو حەپەسـاین، خوایە ئەمەش بوو بە هۆتێل و میوانخانە! بەڵام لە ڕاستیدا بەم چیا سەخت و ساردەی کوردستانەوە ناچار بووین شوکری خوا بکەین لەسـەر ئەو شـوێنە، بە نووشـتانەوەوە دەچووینە ژوورەوە، هەرکەس دەچووە ژوورەوە ئیتر بۆی نەبوو بێتە دەرەوە، چونکە هۆتێلەکە یەک دەرگای هەبوو، دەبوو ئەوەی لەسـەری سـەرەوەیە پێش هەموو کەس بچێتە ژوورەوەو ئیتر نەیەتە دەرەوە، ئەگەرنـا بۆ هـاتنە دەرەوە دەبوو هەموو ئەوانەی خوارەوە هەسـتن بێنە دەرەوە تا دەرفەتی هاتنەدەرەوەی هەبێت، پێڵاوە قوڕاوییەکانمان لەسـووچێکەوە داناو سـەرکەوتین بۆ

ســـەرەوە، بەڵام هێنـدە هیلاک بووین نەمـانزانی چۆن وا خێرا خەومـان لێکەوت.

بۆ بەیانیەکەی کە هەســـتاین لەخەو گوتیان خەمتان نەبێت خواردنمان هەیە، خواردنەکەش هێلکەو ڕۆن بوو لەناو تاوەیەکی کۆنی قوپاوی ڕەشـدا کە وادیاربوو زۆر دەمێک بوو نەشۆردرابوو، هۆتێل و مانەوەو خواردنەکەی ئەو شـــەوە پارەیەکی زۆری تێچوو، ئەگەر بەراوردی بکەیت پێدەچێت لە مانەوەی شـــەوێکی خێزانێک لە هۆتێل شـیراتۆن لە بەغداد زیاترمان خەرج کردبێـت، بەڵام بۆ ئێمە زۆر بـاشـــبوو، چونکە ئەو هەموو منـداڵەو بەو شاخەوە، ئەو شوێنە نەبووایە دوور نەبوو ڕەق ببینەوە.

کـاتێـک لە چیـای قەنـدیـل دابەزین، ڕێبەرەکەمـان ئـامۆژگـارییەکی دڵسـۆزانەی کردین، گوتی ئەوە ئیتر من بەجێتان دێڵم، ئەمە کۆتا خاڵی منە، لێرەوە ڕێک دابەزن بۆ خوارەوە، پاش نزیکەی نیو ســـەعات ڕێگە بڕین جادەیەکی قیر دێتە بەردەمتـان، لەوێ دەســـت ڕابگرن ئۆتۆمبێل بۆتـان دەوەسـتێت، بەڵام لەوبەر جادەکەوە بارەگایەکی جاشـی لێیە، ئامان نەکەن خۆتان بەوان بناسێنن یان داوای هاوکارییان لێبکەن یان خۆتانیان ڕادەست بکەن، ئەمە مەترسـییەکە بوو کە سـەرەتا باسـمکرد، هەندێک خەڵک وایان کردووە، ئێسـتە چارەنووسـیان نادیارە، ڕاسـتیکرد، دواتر زانیمان هەرکەس لەو ماوەیە گەڕاوەتەوەو خۆی ڕادەسـتی ئەو بارەگایەی جاشـەکان کردووە کە لەسـەر ڕێگەی (سـەرسـەنگ – چوارقوڕنە) بوو، سـەرۆک جاشـی ئەو بارەگایە تەسـلیمی ڕژێمی کردوون و دەسـتگیرکراون، بەشـێکی زۆریان ئەنفال کران و بۆ هەمیشە نەگەڕانەوە.

ئێمە کە لە چیای قەندیل دابەزین، بە دزە دزە لەسەر جادە گشتییەکە وەســتاین، تا ئۆتۆمبیلێک پەیدا بوو، بەڕازیلییەکی تەکســی بوو، بەڵام جێگەی هەموومـان نەبوویەوە تیـایـدا، ئێمە ژمـارەمـان زۆرو بەڕازیلی بچوک، بۆیە بووین بە دوو بەش، بەشـــێکمان بەو تەکســیە بەڕازیلیەو بەشـێکی تریشـمان بە جیبێک گەیشـتینە ڕانیە، پاشـان لە ڕانیە بەرەو

سـلێمانی کەوتینەڕێ، لە ڕێگە خۆمان وەک خێزانە جوتیار بە بازگەکان دەناساند کە لای کێڵگەکەمان بووین و وا دەگەڕێینەوە، باشبوو بەمجۆرە ڕزگارمان بوو، بەو ڕێگە سـەختە پڕ مەترسـییەدا گەڕاینەوە سـلێمانی، هەر ئەم ڕێگە سەختە ڕێگەی گەڕانەوەی دەیان خێزان بوو لەو ساڵەدا.

پاش گەڕانەوەمان بۆ سلێمانی بە ماوەیەکی کەم، کەیوان و ئەحمەدی برام یەکیان گرتەوە، بیرم دێت چەند جارێک کەیوان سـەردانیکردین لە گەڕەکی بەختیاری، لە ڕاستیدا ئەو پەیوەندییەی کەیوان سەیرە، ئەو کات کە ئامرازەکانی پەیوەندی نەبوون، تەنها تەلەفۆنی ماڵان هەبوو ئەویش هەموو مـاڵێـک نەیبوو، کەیوان چۆن دەیتوانی ئەو هەموو پەیوەنـدییە دروسـت بکات؟ چۆن پێڕادەگەیشـت ئەو هەموو گەنجە بدۆزێتەوەو پێکەوە گرێیـان بـداتەوە؟ هەموو ئەوانە بۆ توانـای زۆری کەیوان و دڵسۆزیی بۆ کارەکەی دەگەڕایەوە.

دایەگیان لێم تێک مەدە

هێواش هێواش بە قادرمەکاندا دەهـاتە خوارەوە، لەبەر خۆیەوەو بە دەنگە خۆشـەکەی سـورەتی (ئەلمولک)ی دەخوێند، هاوکات دادە نەهیەی دایکی بۆی تەواو دەکرد، لەو کاتەدا ئەمیر بە میهرەبـانییەکەوە هـاواری لە دایکی دەکرد: "دایەگیـان لێـت تێکدام، دایەگیـان لێم تێـک مەدە". لە ڕاسـتیدا سـورەتی مولک بۆ زۆرینەی هاوڕێکان بوو بوویە سـورەتە خۆشـەویسـتەکە، ئەو سـورەتەی کە کەیوان و زۆرینەی هاوڕێکانی شـەوان نەدەخەوتن تا نەیخوێنن، ئەوەش وەک سوننەتێکی خۆشـەویست (درودی خوای لەسەر)[١].

---

١ - چەند فەرموودەیەک باس لە گەورەیی خوێندنی سورەتی (الملک) دەکەن، یەکێک لەوانە ئەم فەرموودەیەیە:"عن عبد الله بن مسـعود قال: من قرأ تبارک الذي بیده الملک کل لیلة

ئەمیر[1]بەهۆکاری جیاجیا نەیتوانی خوێندنەکەی لە بەیانیان تەواو بکات، بۆیە چووە قوتابخانەی ئێواران، هاوکاتی خوێندنەکەی بەردەوام هاوکاری باوکی بوو لە چێشتخانەکەیان، لەبەر ئەوەی هەر لە مێرمنداڵیەوە لەگەڵ باوکی دەچووە چێشتخانەکەیان لە ئەسحابەسپی و لەگەڵ باوک و مامی کاری دەکرد، ئیتر ئەو لە کۆتایی هەشتاکاندا بووبوویە شێفێکی دەست و پەنجە ڕەنگین و خواردنی زۆر بە چێژی بۆ میوانەکانیان دروست دەکرد لە چێشتخانە نوێیەکەیان لە ناوچەی پیشەسازی، بێجگە لە کارکردن دیوی دووەمی ژیانی ئەمیر مزگەوت بوو، ئەو وەک گەنجێکی بۆ خوا سوڵحاو بەردەوام قورئانەکەی لە باوەشبوو، قورئانی دەخوێند، ژمارەیەکی باشیش سورەتی قورئانی پیرۆزی لەبەر کردبوون، وەک زۆرینەی گەنجەکانی تریش بەردەوام هاتوچۆی مزگەوتی (حاجی حەسەنی لۆکە)ی دەکرد.

منعه الله بها من عذاب القبر، وكنا في عهد رسول الله صلى الله عليه وسلم نسميها المانعة، وإنها في كتاب الله سورة من قرأ بها في كل ليلة فقد أكثر وأطاب".

[1] - ناوی تەواوی (ئەمیر ڕەوف موحەممەد سور)ە، ساڵی (١٩٦٧) لە سلێمانی لە دایکبووە، منداڵی دووەمی خێزانەکەیەتی لەناو سێ براو یەک خوشکدا، کاتێک دەستگیرکراوە قوتابی قۆناغی چوارەمی ناوەندی ئێواران بوو.

(٧)

کوڕە تاقانەکە

خالید[1]، یەکێکیتر لە هاوڕێکانی کەیوان، هەر بە منداڵی ئاشـــنای قورئـان و مزگەوت و خواناســـی بووە، زۆربەی تەمەنی لە مزگەوتی (حاجی حەســـەنی لۆکە) بەســـەر دەبرد، دۆخی هەڵهاتنی لە ســـەربازی دەرفەتی زیـاتری پێـدابوو تـا بەردەوام لە بـاخ و چیمەنی مزگەوت بمێنێتەوە، لەگەڵ مـانەوەو پابەندی بە نوێژو ڕۆژوو عیبادەت و قورئان خوێندن، خزمەتی باخەکەی مزگەوتیشـی دەکردو بەدەم ویردو زیکرەوە ئاوی گوڵە تینووەکانی مزگەوتی دەدا.

خالید سـاڵی (١٩٨٥) ناوی بۆ سەربازی دێتەوە، بەڵام نەیویستووە ببێتە ســـەربازی ســـوپایەکی شـــەڕانی و هەر ڕۆژەی شـــەڕی وڵاتێک بکات، بۆیە پاش چەند مانگێک لە ســـــەربازی هەڵدێت و پەنای بردووە بۆ گوندەکانی شـــارباژێڕو قەرەداخ بۆ خۆشـــاردنەوە وەک هەڵهاتوویەکی ســـەربازی، لەو ماوەیەشـدا کە نزیکەی سـاڵ و نیوێک بووە ژیانێکی ســەختی لە گوندەکانی (دەمرکان) و (شـــیوی قازی) و (ســـوێرەڵە) بەســـەربردووەو دایک و باوکی خالید زەحمەتی زۆریان لەگەڵ کێشاوەو سەردانیان کردووە، لەگەڵ هەموو سەردانێکیشدا هاوکاری پێشمەرگەکانی تریان کردووە بە پێدانی خواردن و پێویستیتر، باوکی خالیدیش بەهۆی ئەوەی پیاوێکی کاسب بووە، تاڕادەیەک دۆخی دارایی باشـبووەو بە هەموو شـێوەیەک پشـتیوانی کوڕەکەیان دەبن لەو ماوەیەی کە خۆی حەشاردراوە.

---

١ - نـاوی تەواوی (خـالیـد موحەممەد مەحمود ئەحمەد)ە، ســـاڵی (١٩٥٦) لە گەڕەکی (سـەرشـەقام) لە سلێمانی لە دایکبووە، دەرچووی بەشـی (باخداری) کۆلێجی (کشـتوکاڵ)ی زانکۆی سـلێمانیە، پێشـئەوەی دەسـتگیربکرێت هاوسـەرگیریی کردووەو خوا منداڵێکی پێ بەخشیوە.

مانەوەی خالید لە مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە، دەرفەتی ناسینی کەیوان و هاوڕێکانی بۆ ڕەخساند، ئەوەش بەهۆی نزیکی مزگەوتەکە لە (ئامادەیی ڕۆشنبیریی کوڕان)[1]کە لەوێوە پاش دەوامی قوتابخانە هاتوونەتەوە بۆ مزگەوت و بە کۆمەڵ نوێژیان ئەنجامداوە.

مانگی ڕەمەزان یەکێکیتر لە وێستگەکانی پێکەوەبوون و کۆبوونەوەیان بووە، خالید لەگەڵ قوتابیە هاوڕێکانی لە شەوانی کۆتایی مانگی ڕەمەزانی ساڵی (١٩٨٨) بە خواناسی و قورئان خوێندن و زیکرو ویردەوە تا پارشێو دەمانەوەو پارشێویشیان بەو خواردنە دەکرد کە دایکی بۆی ئامادە دەکردن.

م.عائیشە هاوسەری خالید بۆمان دەگێڕێتەوە: خالید گەنجێکی هێمن و لەسەرخۆبوو، هەوڵیدەدا دەوروبەرەکەی بەو هێمنی و خۆشەویستییەوە پەروەردە بکات و تێبگەیەنێت و خانەوادەکەی و خزم و دەوروبەرەکانی بانگ بکات بۆ پابەندی زیاتر بە ئاینەوە، کاتێک هاوسەرگیریمان کرد تەنها یەک مەرجی هەبوو، ئەویش پابەندی زیاتری من بە جل و بەرگی شەرعی و باڵاپۆشییەوە، لە ڕاستیدا ئەو مەرجەی خالید بۆ من بوویە دەرفەتێک بۆ بووژاندنەوەی ئەو هەستەی کە زۆر دەمێک بوو لە ناخمدا چەکەرەی کردبوو، ئەویش پابەندی زیاتر بە ئیسلام و ئادابە ئاینییەکانەوە بەتایبەت لە جل و بەرگەکانمدا، بۆیە نەوەک مەرجەکەم پەسەند کرد، بەڵکو خۆشحاڵیش بووم بەو مەرجەو پێکەوە هاوسەرگیرییمان کرد.

---

١ - ئامادەیی ڕۆشنبیری کوڕان، ئامادەییەکە لە شاری سلێمانی، ساڵی (١٩٧٣) دروستکراوە، سەرەتا دواناوەندی بووەو پۆلەکانی یەک تا شەش (واتە حەوت تا دوانزەی) لەخۆ گرتووە، پاشان کراوەتە ئامادەیی و قۆناغی ناوەندی لێ جیاکراوەتەوە. لە (١٩٨٥/١٢/١٧) ڕژێم سێ قوتابی ئەم ئامادەییەی بەناوەکانی (هیوا فایەق فارس، ئارام موحەممەد کەریم، سەردار عوسمان فەرەج) لەبەردەم ئامادەییەکەدا شەهید کرد، بە تۆمەتی تەقەکردن لە مامۆستایەکی ئامادەییەکە کە بەعسی بوو.

جەلال کەیوانی ناسیوە؟

جەلال کەمال[1] هیچ کاتێک ڕاستەوخۆ کەیوانی نەناسیوە، تا ئەو کاتەی دەستگیریشکراوە نەیزانیوە ڕێکخراوێک هەن و کار دەکەن، ئەگەرچی خانەوادەو مامو خاڵی جەلال پێشمەرگە بوونو پارتیزان بوون، بەتایبەت شەهید عوسمان(شەهید سەلاحەدین)ی خاڵی کە ساڵی (١٩٩١) لە شەڕی تاسڵوجەو لەکاتی بەرگریکردن لە سلێمانیو لەکاتی هاتنەوەی سوپای ڕژێمدا شەهید دەبێت، ئەو خاڵەی زۆر کاریگەری لەسەر جەلال دەبێتو زۆرجار کاتێک بەنهێنی دەهاتەوە ناوشار بۆ بینینی ئەم خوشکەزایەی دەینارد بەدوایدا، بەڵام ناسینی کەیوان بۆ جەلال، لەڕێگەی (عەباس)[2]ەوە دەبێت، عەباسو جەلال لە گوندی (کانی کوردە)ی نزیک سلێمانی دراوسێی یەکبوون، بۆیە زۆربەی کاتەکان بەیەکەوەبوون، عەباس نهێنی کارکردنی خۆی لەگەڵ کەیوان بۆ جەلال باس نەکردووە، بەڵام هاوڕێیەتییەکی زۆر پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، تا جارێک عەباس قورئانێکی قەبارە بچووک بەدیاری دەدات بە جەلالی هاوڕێی، جەلال تێبینی ئەوەی کردبوو کە عەباس ناوی (سەددام)ی لەسەر لاپەڕەی یەکەمی قورئانەکە کوژاندبوویەوە!

---

[1] - جەلال کەمال ناسراو بە (جەلال هەڵەدنی)، ساڵی (١٩٧٢) لە گوندی (هەڵەدن)ی دۆڵی جافایەتی سەربەناحیەی سورداش لە دایکبووە، جەلال منداڵی گەورەی خێزانەکەیانە، لە گوندەکەی خۆیان چووەتە قوتابخانەو تا قۆناغی پێنجی سەرەتایی خوێندووە، دواتر بەهۆی دامەزرانی باوکییەوە لە شارەوانی سلێمانی، ساڵی (١٩٨٣) ماڵیان دێتە گوندی (کانی کوردە)ی نزیک سلێمانی، ئەو گوندە ئێستە گەڕەکێکی گەورەی سلێمانیە، پاشان لە قوتابخانەی بۆتانی سەرەتایی قۆناغی سەرەتایی دەبڕێت، بۆ قۆناغی ناوەندی ڕوو لە ناوەندی سەرچنار دەکاتو پۆلەکانی یەکەمو دووەمی ناوەندی لەوێ دەخوێنێتو قوتابی پۆلی سێیەمی ناوەندی دەبێت کاتێک دەستگیردەکرێت.

[2] - ناوی تەواوی (عەباس مەحمود ئیبراهیم ساڵح)ە، ساڵی (١٩٧٠) لە گوندی (قزلەر)ی سنوری ناحیەی سەرچنار لە دایکبووە، کاتێک دەستگیرکراوە قوتابی قۆناغی یەکەمی بەشی (ئەلیکترۆنیات)ی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی کوڕان بووە.

هاوینی(١٩٨٨) بۆ پەیداکردنی بژێوی، عەباس‌و جەلال دەست دەدەنە ئەو کارەی زۆرینەی خەڵکی گوندەکە دەیانکرد، ئەویش دروستکردنی خەڵوز بوو، لە یەکێک لە ڕۆژەکاندا عەباس بە جەلالی هاوڕێی دەڵێت: "دەزانی ڕادیۆیەک کراوەتەوە بەناوی دەنگی ئیسلام؟ لەسەر لەرەلەری (٧٥)، بەیانیان دەکرێتەوە، حەزدەکەم گوێی لێبگریت"، پێشتر جەلال ئاگاداری ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانیش هەبووەو گوێی لێگرتووە.

عەباسی هاوڕێی جەلال، یەک لە هاوڕێ‌و قوتابییەکانی کەیوان بووە، بەردەوام پەیوەندی لەگەڵی هەبووە، ئەوکات زوو زوو کەیوان سەردانیکردوون، ناسینی جەلالیش بۆ کەیوان تەنها ئەو سەردانانەی بووە بۆلای عەباسی هاوڕێی، عەباس بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش‌و کارەکانی زۆرجار جەلالی بەتەنها لەلای کارەکەیان بەجێدەهێشت.

بە بینینی خۆشت دەویست!

ئەیوب[1] لەبارەی کەیوانەوە دەڵێت: بەڕاستی توانای کەیوان بێ ئەندازەو سیحراوی بوو، قسەزانی و توانای گوتاردانی کەیوان لەو تەمەنەدا وایکردبوو گەنجەکان زۆر جێگەی سەرنجیان بوو، ئەگەرچی هاوتەمەن بوو یان هەندێکمان تەنها یەک پۆل لە دوای ئەوەوە بووین، کەچی ئەو شێوازە جوانەی هاوڕێیەتی و قسەکردن و گوتاردانی بووبوویە جێگەی سەرنجمان، دیاربوو خوێندنەوەی زۆر زۆر بوو، زۆر بەباشی شێوازی جوانی هاوڕێیانەی بەکاردەهێنا بۆ سەرنجڕاکێشانمان.

کەیوان هەر بە باسکردنی ئیسلام و شەرع و فەرموودەوە نەوەستا، وردە وردە پەیوەندیمان زیاتر بوو لەگەڵی، بە بینینی نەتدەتوانی خۆشت

---

[1] - ناوی تەواوی (ئەیوب غەفوور موحەممەد)ە، سالی (١٩٧٣) لە گوندی (کانی مەنمی) نزیک تاسڵوجەی شاری سلێمانی لە دایکبووە، کاتێک دەستگیرکراوە قوتابی پۆلی سێیەمی ناوەندی بووە لە ناوەندی (نالی) کوڕان لە شاری سلێمانی.

نەویت، بۆیە بەهێزبوونی پەیوەندی کەیوان بە گەنجەکانی هاوڕێیەوە شتێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراو بوو، بۆیە گەیشتینە ئەوەی وردە وردە باسی کاری پێکەوەیی بۆ دەکردین، باسی ئەوەی بۆ دەکردین کە ڕژێمی بەعس ڕژێمێکی کافرو دوور لە دینەو دەست لە کوشت و بڕی میللەتەکەمان ناپارێزێت و بە سوپاکەی هەزاران کەسی ئەنفالکردو هەڵەبجەی کیمیابباران کردو جیاوازی ناکا لە نێوان ژن و پیرو گەنج و چەکدارو بێ چەک. لەو کاتانەدا ئێمەش هاوڕابووین لەگەڵی، ئەمە لە کاتێکدا ئەو باسانە لەو کاتانەدا هێندە ئازایەتی بوو، کە ناتوانیت وەسفی بکەیت، تەنها ئەوانە دەزانن ئەوە چ جورئەت و ئازایەتیەک بوو کە لەو سەردەمەدا ژیاون، لەبەر ئەوەی من لە گروپەکەیاندا نوێ بووم، تەنها دووجار باسی سیاسی لەگەڵ کردین، ئیتر فریا نەکەوتین و دەستگیرکراین، دۆخەکە لەگەڵ من چۆن بوو، لەگەڵ شوانەو دلێریش بەو جۆرە بوو.

لە ڕێکخراوەکەماندا قوتابییەکان دوو پۆلێن بوون، هەندێکیان زۆر نزیک بوون لەگەڵی، کۆن بوون و پەیوەندیان زیاتر بوو، ئەوانە لە پێشتر بوون، پێگەیشتووتر بوون، بۆیە کۆبوونەوەشیان لەگەڵ ئێمە نەبوو، ڕاستە لە مزگەوت پێکەوە نوێژمان دەکرد، بەڵام تەنانەت لە کاتی وانەخوێندنی مزگەوتیش ئەوان لەگەڵ ئێمە بەشدار نەبوون و لە دوورەوە چاوەڕێی کەیوانیان دەکرد، وەک سەربەست[1]و ئەحمەد عەبدوڵلاو داراو ئەکرەم و عەلی و یوسف، ئەمانە لە پێشترو نزیکتر بوون لە کەیوانەوە، بۆیە ئەو متمانەیەی بەم گروپە بچوکەی هەبوو بە ئێمەی نەبوو، ناحەقی نەبوو، چونکە دەیەویست بزانێت ئێمە شیاوی ئەو کارەین یان نا!.

[1] - ناوی تەواوی (سەربەست عەبدوڵلا حەمەئەمین)ە، سالی (١٩٧٤) لە سلێمانی لە دایکبووە، ئامۆزای (وریا و کەمال ئیبراهیم حەمەئەمین)ە، کاتێک دەستگیرکراوە قوتابی پۆلی دووەمی ناوەندی (هەشتەمی بنەڕەتی ئێستە) بووە.

(٨)
گوتارو وانە گشتییەکان

لەناو پاسەکەدا، کەیوان و ئاسۆ مەحمود گفتوگۆ دەکەن، کەیوان پارەی کرێی پاسەکەی ئاسۆی دا، دەمێکە یەکیان نەبینیوە، ئەم دیدارە هاورێیەتییەکەیان نوێدەکاتەوە، لە ناو پاسەکەداو تا ئەو کاتەی دادەبەزن کەیوان باسی کاری خۆی‌و هاورێکانی بۆ ئاسۆ دەکات، پێی دەڵێت: " ئێمە ئێستە لەگەڵ ژمارەیەک گەنجی دڵسۆز پێکەوە کاردەکەین، وانە دەخوێنین‌و خۆمان بۆ بارودۆخە قورسەکان ئامادە دەکەین". ئاسۆ بەم هەواڵە دڵخۆش دەبێت، لەلایەک هاورێیەکی دێرینی دەبینێتەوە، لەلایەکی ترەوە دەستدەکاتەوە بە وانەکانی مزگەوت‌و پابەندییەکانی‌و کاری پێکەوەیی، دوا قسەی ئەم دیدارە بریتیبوو لە وەرگرتنی ناونیشانی ماڵی کەیوان، بۆ ئەوەی لە زووترین کاتتدا پەیوەندی پێوە بکاتەوە.

بۆ رۆژی دواتر، ئاسۆ خۆی دەگەیەنێتە ماڵی کەیوان، لەبارەی ئیش‌و کارەکانی ئەو ساڵەو هاورێ‌و قوتابییە نوێکانییەوە زیاتر دەزانێت، شوێنی وانەکانی بۆ باس دەکات: (مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە، مزگەوتی شێخ فەرید، غاباتەکەی زەرگەتە، یان غاباتەکەی ریعایە).

ئاسۆ بۆمان دەگێرێتەوە: بەمجۆرە گوتارو وانەکان بەردەوامبوون‌و منیش لەگەڵیان دەستم پێکرد، کەیوان زۆرجار پاش نوێژی عیشا یان شەوان بەتایبەت شەوانی رەمەزان گوتاری گشتیی دەدا، خەڵکی زۆر پێی سەرسام بوون، هەموو جۆرە خەڵکێک دادەنیشتن‌و گوێیان لێ دەگرت، گەنج‌و پیرو منداڵ، ئەمجۆرە کەش و ژینگەیە بۆ سلێمانی شتێکی نامۆبوو، یان بابڵێین ئاسایی نەبوو، گەنجێکی شانزە ساڵ بەو هەموو توانایەوە بێت‌و لە مزگەوتداو لەپێشچاوی خەڵکی گوتار بدات،

لەو کاتەدا کەمتر ئەم وریاییە ئیسلامییە لە گەنجانی سلێمانیدا هەبوو، سەرسامیو نامۆبوونەکەش لێرەدابوو.

زۆربەی کات هەموو ئێوارەکان دانیشتنمان هەبوو، بۆ ئەوەی خەڵکی گومانمان پێ نەبات جلی وەرزشیمان دەبردو سەرەتا هەندێکک یاریمان دەکرد، پاشان هەر بە جلو تۆپەکەوە دادەنیشتینو لەدەوری کەیوان کۆدەبووینەوە، ئەو گوتاری بۆ دەداینو وانەکانی بۆ شیدەکردینەوە، هەموو پێی سەرسام بووین، زۆرێک لەوانەی ئامادە دەبوون بە تەمەن لە کەیوان گەورەتر بوون، بەڵام گوێڕایەڵی تەواویان هەبوو بۆ کەیوان، واتە بۆ مامۆستاکەیان.

پاش ئەو گێڕانەوەیەی ئاسۆ لەسەر گوتارەکانی کەیوان، دەمەوێت ئەوەش زیاد بکەم کە کەیوان گوتارو کاسێتی زۆر بوون، بەڵام زۆرێکیان لە کیسچوون و ئێستە بەردەست نین، بەڵام دوو کاسێتی کەیوانم لەبەردەستە، یەکێکیان گوتارێکە لە شەوی بیست و حەوتی مانگی ڕەمەزانی ساڵی (١٩٨٨) لە مزگەوتی (حاجی حەسەنی لۆکە) تۆمار کراوە، ئەویتریان پەیامێکی نووسراوە دەیخوێنێتەوە تایبەت بە (خوشکان) تۆمارکراوە، لەو دوو کاسێتە دەنگیەدا، کەیوان وەک گەنجێکی شارەزا قسە دەکات و گوتار دەدات، گەنجێک کە تەمەنی لەسەروو سی ساڵەوە بێت و شارەزایی باشی هەبێت لە قورئان و فەرموودە نەوەک گەنجێکی شانزە ساڵ، بەشێوەیەکی گشتیی دەربڕینەکانیشی تواناو لێهاتووییەکەی پیشاندەدەن، بەجۆرێک کە بەشێک لە گوتاری شەوی قەدرەکەی بە چەند زیکرو ویردێکی بە کۆمەڵ لەگەڵ نوێژخوێنانی مزگەوتدا دەڵێتەوە، لە گوتارەکانیدا کەیوان نەوەک شەرم و لاوازی پێوە دیار نییە، بەڵکو زۆر بە تواناوە دەردەکەوێت و قسە دەکات و ڕەوانبێژە لە دەربڕیندا.

ئەوەی زۆر زۆر گرنگە بیلێین ئەمەیە: لەو کاتانەدا زۆرێک لە خەڵکی ڕادەســـتی ئیرادەی بەعس و دامەزراوەو دەســـەڵاتەکانی بوو بوون و نەوەک بەدوای بەرگریی لە ئاین و گەل و خاکەکەیانەوە نەبوون، یان لانیکەم خۆیان بدزنەوە لەوەی ببنە هاوکاری ڕژێم، بەڵکو یەکپارچە بووبوونە جوزەلەی بەعس و دامەزراوەکانی و بەشان و باڵی سەددام و حزبە شـــۆڤێنیەکەیدا هەڵیاندەدا، هەزاران کەس بوو بوونە چەکدار لە هێزەکانی تەواری و هەواڵگریی و لە فەوجی (جاش)[1]ەکاندا خزمەتیان دەکرد، خەڵکێکی زۆر بوو بوونە سیخوڕ بەسەر هاوولاتیانەوەو کاریان ڕاپۆرت نووســـین بوو لەســـەر هاونیشـــتیمان و برا کوردەکەی خۆیان، هەزاران گەنج لە زانکۆو پەیمانگاو ئامادەییەکان بوو بوونە ئەندام لە یەکێتی قوتـابیـانی حزبی بەعس و بۆنەی بەنـاو نیشـــتیمـانیـان بۆ ڕێکدەخســـت، ئەگەر هەندێک لەو گەنجانە بە ناچاریی و لە ژێر فشـــاردا خزێنرابنە ناو ڕیزی ئەو ڕێکخراوانەی بەعســـەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە خەڵکانێک هەبوون بە خواســـت و حەزی خۆیان بوو بوونە ئەندام و دڵسۆزانە بۆ بەعس کاریان دەکرد.

---

١ - جاش: بەو پێکهاتە چەکدارییە نیمچە فەرمیانە دەگوترا کە حکومەتی بەغدا لەناو خەڵکی کوردســـتاندا دروســـتیکردبوون بۆ پشـــتیوانی ڕژێمەکەی کە ناویان نابوون (أفواج خفيفة) واتە فەوجە ســـوکەکان یان (فرســـان) یان (افواج الدفاع الوطني) واتە فەوجەکانی بەرگری نیشـتیمانی، خەڵکی کوردستانیش ناوی نابوون (جاش)، ئەگەرچی مێژووی دروستبوونیان بۆ سـەرەتای دروسـتبوونی دەوڵەتی عێراقی دەگەڕێتەوە، بەڵام لەسـەردەمی فەرمانڕەوایی سەددامدا ژمارەیان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادبوو بوو، کاری سەرەکیان پشتیوانی ڕژێمی بەعس بوو لە شـــەڕە جۆر بەجۆرەکانی و بەتایبەت شـــەڕەکانی بۆ ســـەر پێشـــمەرگەو ڕێپیشاندەر بوون بۆ سوپای ڕژێم لەکاتی پرۆسەکانی ئەنفال و هەڵەبجەداو کاریان بێجگە لە ڕێپیشـاندەری ســوپا، تاڵانکردنی ســەروەت و ســامانی بەجێماوی خەڵک بوو، وشــەی (جاش)یش لە زمانی کوردیدا بۆ بێچووی (گوێدرێژ) بەکاردەهێنرێت، هەر بەڕاستی تەواوە، کەسێک ئاقڵ بێت چۆن دەبێتە چاوساغ و خزمەتکاریی دوژمنانی میللەتەکەی.

من پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی بووم، بیرم دێت هەڵبژاردن دەکرا بۆ دیاریکردنی قوتابیەک وەک سەرمەشقی پۆل (ئەو کات بە عەرەبی پێیان دەوت: قدوة الصف) کە سەددام خۆی دایهێنابوو و لەسەرەتای ساڵی خوێندن لەهەر پۆلێکدا زیرەکترین یان نمونەترین قوتابیان هەڵدەبژارد، بۆ ئەوەی ببێتە ئەو قدوەیەی سەددام ناوی نابوو، نیشانەیەکیشان لە بەرۆکی دەدا کە وابزانم وێنەی گۆڕەپانی شەهیدانی لەسەر بوو، ئەو گۆڕەپانەی لە بەغدایە، منیش یەکێک بووم لەو قدوانە.

بەهۆی ئەو قدوەی پۆلەوە مامۆستایەکمان هەبوو بەعسی بوو، لە کۆڵم نەدەبوویەوە، دەیوت هەر دەبێت ببیتە تەلائیع (تەلائیع تایبەت بوو بە قوتابی و جلێکی وەک جلی سەربازی گەنجانەیان هەبوو)، منیش منداڵبووم نەمدەزانی تەلائیع چییە، بەڵام هەستم کرد کارێکە خزمەت بە بەعس دەکات، بۆیە هەر ملم نەداو بە داواکەی ڕازی نەبووم، دەمگوت حەزم لێی نییەو تاقەتم نییە، باش بوو لە کۆتاییدا کۆڵیداو ئیتر پێی نەگوتمەوە، ئەمجۆرە مامۆستا کوردە بەعسیانە ڕۆڵیان هەبوو لەوەی منداڵ و مێرمنداڵان بەرەو ڕێکخراوە پیشەییە جۆراو جۆرەکانی بەعس ببەن و لە کۆتاییدا بیانکەن بە پیاوی ڕژێم.

من لەم کاتەی تیایدا دەنووسم، سەیری (ڤیدیۆیەک)[1]دەکەم، لەو ڤیدیۆیەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک کە نزیکەی (پێنج سەد) کەسێک دەبن لە هۆڵێکی گەورە لە بەغدا کۆبوونەتەوە، کۆبوونەوەکە وەک ئاهەنگێک وایە و دەهۆڵ و زوڕنا دەژەنرێت و هەڵپەڕکێ گەرمە، ئەوانەی دەهۆڵ و زوڕناکە دەژەنن ئاوازی گۆرانی (ئەی وەی زاراگیان، دیدەم زاراگیان) دەردەکەن بۆ ئەو ژن و پیاوو منداڵانەی کە دەستیانگرتووەو

---

[1] - ڤیدیۆکە سەعاتێک و سێ و یەک دەقیقەیە بە ناونیشانی (لاول مرة حصريا | زيارة اكراد السليمانية للرئيس الراحل صدام حسين) لە کەناڵێک بەناوی (Iraq Archive) لە تۆڕی کۆمەلایەتی یوتیوب بلاویکردووەتەوەو لە ئەرشیفی ئەم کتێبەش پارێزراوە.

هەڵدەپڕن، هەر لەو کاتانەدا سەددام خۆی دەکات بە ژووردا، ئیتر دەبێت بە چەپڵە ڕێزان و هەلهەلەکێشـان، سـەددام بەسـەریاندا دەگەڕێت و پێدەکەنێت و سـەلامیان لێدەکات، بەڵام تەوقەیان لەگەڵ ناکات، تەنها جارجار دەست دەهێنێت بەسەری ئەو منداڵانەی لەوێن و ئەوانیش بێئاگا چەپڵە لێدەدەن، یەک یەک بەسـەریاندا تێدەپەڕێت تا دەگاتە شـوێنی دانیشتنەکەی خۆی لە بەشی سەرەوەی هۆڵەکە، لەگەڵ چەپڵەڕێزانەکەش جارجار هەندێک بە توندی بە زمانی کوردیی هاوار دەکەن: "کاکە سەددام بۆ پێشەوە، کاکە سەددام بۆ پێشەوە"، هەندێکیتر هاوار دەکەن: "بیلڕوح بیلدەم، نفدیک یا سەددام"، یەکێک کە لە ڕیزی پێشەوەی هۆڵەکە بە پێوە وەستاوەو جلێکی کوردی جوانی پۆشیوە و سمێڵێکی گەورەی هێشتووەتەوە بە حەماسەتەوە چەپڵە لێدەدات، لەو کاتانەدا کە سەددام خەریکە بەرەو لای نزیک دەبێتەوە توند هاوار دەکات: "کاکە سەددام بۆ پێشەوە، کاکە سەددام بۆ پێشەوە".

هەر لە ڕیزی ئەوانەی ئامادەن لەو بۆنەیە کە مێژووەکەی بۆ ساڵی (١٩٨٤) دەگەڕێتەوە، بێجگە لە ژمارەیەک سەرۆک جاش و پیاوی بەعس، نزیکەی دە تا دوانزە مەلای ئاینی ئامادەن و بە پێوە وەستاون، ئەوانیش بە پێخۆشـحاڵیەوە بەخێرهاتنی سـەددام دەکەن، ڕێگە دراوە شـوێنی دانیشتنی چواریان ڕاستەوخۆ لە تەنیشت کورسی سەددامەوە بێت لە دەستە چەپی، سەددامیش کە دەگاتە لایان تەوقە لەگەڵ دوانیان دەکات و ئیتر لەسەر کورسیەکەی دادەنیشێت.

وردە وردە ئاهەنگەکە گەرمتر دەبێت، ئەوانەی دەهۆڵ و زوڕناکە دەژەنن ئاوازەکەیان گۆڕی بۆ (هەلاو هەللامە، کاکە هەللامە)، خەڵکەکەش کە بەنوێنەرایەتی پارێزگای سلێمانی لەوێن و ژن و پیاو جلی کوردییان پۆشـیوە، تونـدتر چەپڵە لێـدەدەن و گەرمتر لەبەردەم سـەرۆکی فەرماندەیاندا هەڵدەپەڕن!

لەو بۆنەیەدا ژمارەیەک لە گەورە بەرپرسـانی حزبی بەعس ئامادەن، هەروەها شێخ جەعفەر بەرزنجی، پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانی، لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە بەناو کوردە بەعسییەکانی پیاوی ڕژێم کە من نەمتوانی هەموویان بناسمەوە.

ئاهەنگەکە بەردەوامە، ئـاوازی دەهۆڵ و زوڕنـاکە کە دوو کورد بە جلی کوردییەوە دەیژەنن گۆڕا بۆ ئـاوازی گۆرانیەک کە من نەمتوانی بزانم چ گۆرانیەکە، بەڵام هەر لەو بەزمانەیە کە کەشی هەڵپەڕکێکە باشتر گەرم دەکەن، ئەم ئاهەنگە ڕێک لەو سـاڵانەدا بەڕێوە دەچێت کە سـەدان و هەزاران کورد تەنها لەسـەر کوردبوون و ملکەچ نەکردنیان بۆ بەعس لە زیندانەکان ئەشـکەنجە دەدران و ملیان بە پەتدا دەکراو گیانیان دەبەخشی.

ئاهەنگەکە وەسـتا، یەکێک لەوانەی لەوێ ئامادەن بە دەنگێکی زۆر بەرز بە توندی هاواری کرد: "بژی هەڤاڵی تێکۆشـەر کاک سـەددام حسـێن"، هەموو ئەوانەشـی لەوێن بە توندی چەپڵە لێدەدەن و لەو بەهێزتر هاوار دەکەن: "بژی، بژی ..." چەند ژنێک لەوانەی لەوێن دەچن تەوقە لەگەڵ سـەددام دەکەن، سـێ منداڵیش لەگەڵ ژنەکان، سـەددام منداڵەکان ماچ دەکات و باوەشـیان پێدا دەکات بۆ ئەوەی وەک باوک و مامێکی میهرەبان بۆیان دەربکەوێت، بەڵێ لەوێداو لە پاش چاوی کامێرە وەک باوک و مامێکی میهرەبان بۆ منداڵی گەلانی عێراق دەردەکەوت، بەڵام هەر بە فەرمانی ئەم سـەددامە کە بەوپەڕی میهرەبانیەوە لەم بۆنەیەو بۆنە جیاجیاکانی تردا دەردەکەوت، عەلی حەسـەن مەجیدی ئامۆزای هەزاران منداڵی کوردی زیندەبەچاڵکرد، تەنها لە گوندی (جەلەمۆرد)ی نزیک ناحیەی ئاغجەلەری سـەر بە قەزای چەمچەماڵ

ژمارەی ئەو منداڵانەی لە پرۆسەکانی ئەنفالدا کران بە ژێر خۆڵەوە(٢٣٤) منداڵ بوون[١].

دیســـــان دەنگێکی بەرز ئـامـادەبووان ڕادەچڵەکێنێـت و یەکێـک لە ئامادەبووان کە قاتێکی ڕەسـاسـی کوردی و کراسـێکی شـینی لەبەردایەو سـمێڵێکی گەورەی هەیەو ڕیشــی پاک تاشـیوەو تەنها چەند مەترێک لە سەددامەوە دورە، دەستی ڕاستی بەرز دەکاتەوەو توند ڕایدەوەشێنێت و بە دەنگی بەرز هـاوار دەکـات: "هەتـا هەتـا هەتـایە" ئـامـادەبووانیش بە دەنگێکی بەرزو تێکەڵ بە چەپڵەیەکی تونـد وەڵام دەدەنەوەو هـــاوار دەکەن: "کوردو عەرەب برایە"، چەند جارێک ئەم دروشـــمە دووبارە دەکەنەوە: "هەتا هەتا هەتایە، کوردو عەرەب برایە".

گەرم و گوڕی هاوارو چەپڵەکانی هەتا هەتایە بە دەسـتپێکی گوتارێک کۆتایی دێت کە بەمجۆرە دەسـتپێدەکات: "السـید الرئیس القائد المناضـل، صددام الحسین المحترم" واتە: "گەورەمان سـەرۆکی تێکۆشـەر، سـەددام حسـەینی بەڕێز"، ئامادەبووان بە بیستنی ئەم دەستپێکە و ناوی سـەددام دووبارە دەسـتدەکەنەوە بە چەپڵەڕێزان، ڕووی کامێرەکە وەردەچەرخێت بۆ ئەو کەسـەی لەبەردەم مایکێکدا وەسـتاوەو بە دەنگێکی سـاف و زۆر ڕوون گوتارەکە دەخوێنێتەوە، شێخ موحەممەد قەرەداخی کە بە (خەتیبی گەورەی سلێمانی) ناسرابوو دەردەکەوێت کە مێزەرێکی سپی بەستووەو لە ژێر مێزەرە ســـپییەکەوە کڵاوێکی ســـور دەردەکەوێت و جبەیەکی درێژی ڕەساسی لەبەردایە و لە شـەسـتەکانی تەمەنیدایە، گوتارەکەی کە چەند لاپەڕەیەکە بەدەسـتی چەپی گرتوویەتی و زووزوو دەسـتی ڕاسـتی بە ئاراســـتەی ویســـت و مانای وشـــەی گوتارەکەی دەجوڵێنێت، مەلاکە گوتارەکەی بە زمانێکی زۆر ڕەوانبێژانە داڕشتووەو توانایەکی باشی لە

---

١ - هەژار بەرزنجی(٢٠٢٢): (ســـێکوچکەی زام، جەلەمزردو گۆپتەپەو عەســـکەر)، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

هونەری گوتاربێژیدا هەیەو شارەزاییەکی باشی بە مێژوو و جوگرافیای سلێمانی هەیە، دەست دەکات بە گوتارەکەی: " احمد اليكم الله، الذي يهدي من التبع رضوانه سبل السلام، ويهدي من يشاء الى صراط المستقيم، سبحانه يؤدوا المؤمنين بنصره، ويخذل المعتدي بقهره، ويرد كيد الباغي في نحره، ومن استعان بالله بدل له عسره بيسره، والله غالب على امره، واصلي واسلم على خير خلق الله ورحمته المهداة الى الناس اجمعين، سيدينا محمد وعلى اله وصحابته ومن التبعه وسار على سنته الى يوم الدين، ونهديكم يا سيادة الرئيس بأسمنا، وبأسم من حملونا اليكم اشواقهم و ولائهم من ابناء محافظة السليمانية الاشاوس، تحية الطف من (شەوان)ی سلێمانی و سەدا (پیرمەنصور)ەکەی، کەوانی قەرەداغەکەی و هەوا داری (زەردی)هی، اي تحية ارقى و ازكى من نسائم السليمانية و صدا پيرمنصورها، وسلام احلى و ابها من تغريد قبجي قرداغ وانغام طيورها، و اصفى و اعذب من هواء دار زردها و سلسال عيونها وحب صادق لكم صدق لهجة ابناء كوردستان الابطال و وفاء راسخا رسوخ جبال ....".

خەتیبی سلێمانی بەردەوامە لە گوتارەکەی، کە هەمووی پیاهەڵدانە بە خۆیان گوتەنی بە "سەرۆکی فەرماندە"و سوپاو تواناو هێزەکەی و ڕاوەدوونان و شکاندنی دوژمنان و ناحەزانی وڵات و دوژمنانی گەل، ناوبەناو شیعرێک یان ئایەتێکی پیرۆزیش دەکات بە بەڵگەی قسەکانی و گوتارەکەی پێ دەڕازێنێتەوە و بە دەنگی بەرز دەڵێت: " مرة اخرى يحضى بشرف لقاء رئيس القائد جمع اخر من ابناء مدينة السليمانية، مدينة التضحية والفداء والبطولات و الامجاد، مدينة الغيرة والشهامة والشجاعة و الاقدام، مدينة الشيخ المعروف النودهي وكاكة احمد الشيخ و مولانا خاليد و الشيخ محمود الحفيد، مدينة المدارس الدينية و العلمية العريقة التي خرجت فطاحل العلماء والادباء و الفضلاء الذين رفدوا العالم الاسلامية بعلمهم وادبهم و فضلهم، مدينة المساجد والجوامع، بيوت الله العامرة، التي اذن الله ان ترفع

لیذکر فیها اسـمه یسبح له بالغدوي والأصـال، رجال صـدقوا ما عاهدوا الله علیه فمنهم من قضـــی نحبه ومنهم من ینتظر وما بدلوا تبدیلا " لەو کاتانەی کە ئەم ئایەتە پیرۆزە دەخوێنێتەوە (رجال صـدقوا ما عاهدوا الله علیه) زوو زوو دەستی ڕادەوەشێنێت، وەک ئەوەی باسی سەددام بکات کە یەکێک بێت لەو (رجال)انە!

پاش سـی و حەوت دەقیقە لە گوتاردان لەبەردەم سـەددامدا، مەلا بە ڕێزێکی زۆرەوە کۆتـایی بە گوتـارەکەی دەهێنێـت، بەشـــی زۆری گوتارەکەشـــی بە شـێوەی شـیعر ڕێکخسـتووە، هەربۆیە لە کۆتاییشـدا دەڵێت: "فطبعیة کورد، و قولي عرب، و عبرت بالشـعر والقافیة ... لکم في الاختتام کما في الابتداء، ســـلامي و تحیاتي الغالیة"، پاش کۆتاییهاتنی گوتارەکەشی بەرەو ڕووی (سەددام)[1] دەڕوات و باوەشی پێدا دەکات و ئەملاوئەولای ماچ دەکات، ســـەددامیش باوەشـــی پێدا دەکات، چەند چرکەیەک لەلای دەمێنێتەوە، دەســت لە ملان و باوەشـــی گەرم و گوڕ، دیار نییە لەو کاتەدا چی دەڵێت، بەڵام زوو زوو ســەری ڕادەوەشـێنێت، سەددامیش زەردەخەنەی بۆ دەکات و زۆر خۆشحاڵ دیارە بە قسەکانی.

---

١ - ناوە ســیانییەکەی بە ڕێنووســی عەرەبی بریتیە لە (صــدام حســین المجید)، ڕۆژی (١٩٣٧/٤/٢٨)، لە گوندی (عوجە)ی سـەر بە پارێزگای سـەلاحەدین لە دایکبووە، چوارەمین ســەرۆک کۆماری عێراق بووە لەو کاتەوەی عێراق بووەتە کۆماری، لە ســالی (١٩٦٨)ی زاینی بووەتە جێگری سـەرۆک کۆماری عێراق، لە سـالی (١٩٧٩) بوویە سـەرۆک کۆماری عێراق و ســەرۆکی ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش و ســەرۆکی ئەنجومی وەزیران و فەرماندەی گشــتیی هێزە چەکدارەکان تا ســالی (٢٠٠٣) و ڕۆژی ڕووخانی، لە ماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا، عێراقی تووشی سێ شەڕ کردو هەموو توانای دارایی عێراقی بۆ شەڕو دروستکردنی سوپاو کڕینی چەک و تەقەمەنی تەرخانکرد، سەرەنجام پاش تاوانبارکردنی بە تاوانی کۆمەڵکوژی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە لە ســالی (٢٠٠٦) لە سـێدارەدرا. (سەرچاوە: ئەلجەزیرە، ٢١/ ٩ / ٢٠١٤).

پاش گوتارەکەی خەتیبی سلێمانی، دوو گوتاری تر لەلایەن سەرۆک جاشەکانەوە دەخوێنرێنەوە، یەکێک لە سەرۆک جاشەکان ناوی (ئەحمەد حەمەئەمین پێنجوێنی) و ئەویتریان (لەتیف موحەممەد ئەمین)ە.

ئەم دیمەنەم بۆیە گواستەوە تا بڵێم: لەو کاتانەی میللەت لە دۆخێکی سەختدا بوو بەدەست سەددام و ڕژێمەکەیەوە، سەدان و هەزاران گەنج لە زیندانەکانی بەعس لە سێدارە دەدران کە تەنها تاوانیان ئەوەبوو کە ئامادە نەبوون ببنە سەددامی و پیاوی بەعس و جاش و سیخوڕی ڕژێمەکەی، کەیوان و هاوڕێکانی و دەیانی وەک ئەوان بە بیروباوەڕەکەیان ئامادەی گیانفیدایی بوون لە پێناو ئاین و خاک و گەلەکەیاندا، لە هەمان ئەو کاتانەدا خەڵکانێک هەبوون بەناوی خەڵکی کوردستانەوە، بەناوی خەڵکی سلێمانی و هەولێرو دهۆکەوە بووبوونە پیاوی ڕژێم، خەریکی پیاهەڵدان بوون بە سەددام و حزبە شۆڤینیەکەی و مەجلیس و کۆڕوو کۆبوونەوەی بەعسییەکانیان دەڕازاندەوە، جاشایەتییان بۆ دەکردو پێش سوپاکەی دەکەوتن بۆ کوشتن و کاولکاری کوردستان، کەسان و پیاوانێک هەبوون تەنانەت بەناوی هەمان ئەو ئاینەی کەیوان و هاوڕێکانی و میللەتەکەوە دەبوونە ماستاوچی و پیاوی بەعس و بە شان و باڵی ئەم سەرۆکە خوێنڕێژەدا هەڵیاندەدا، شەرعییەتیان بە ستەم و زۆرداری و کارە ناڕەواکانی دەدا.

ئەوانەی دەبوونەبەعسی تەنهاو تەنها لە پێناو سەروەت و سامانی دونیاو پلەو پایە لەناو حزبی بەعس و دامەزراوەکانی حکومەتدا ئامادەبوون دینی خۆیان، ویژدانی خۆیان، گەل و خاکی خۆیان بفرۆشن بە داگیرکەرو ستەمکار، ئەوسا وەرە بەراورد بکە لە نێوان ئەم دوو هەڵوێستەدا، هەڵوێستێک لە لوتکەی شەهامەت و پیاوەتی و کوردبوون و مسوڵمانبوون و هەڵوێستێکی تر لە نزمترین ئاستی زەلکاوو خۆفرۆشی و خاکفرۆشی و بێویژدانی و دووڕوویدایە، ئایا ئەم دوو هەڵوێستە وەک یەکن؟

(٩)

به هەواڵی گەڕەکەکانی شار دەستمان پێدەکرد

دەچینەوە لای ئاسۆ مەحمود بۆ بەردەوامی گێڕانەوەکانی، لەبارەی کارەکانی کەیوان و ڕێکخراوەکەیەوە، ئاسۆ دەڵێت: ڕێکخراوەکەمان تا دەهات گەورەترو فراوانتر دەبوو، هەر قوتابییەک قوتابییەکی تری لەگەڵ خۆی دەهێنا، زۆرینەش قوتابی ناوەندی یان ئامادەیی یان پیشەیی‌و پەیمانگا بووین، تا وای لێهات لە زۆرینەی گەڕەکەکانی سلێمانییەوە قوتابی‌و ئەنداممان هەبوو، زۆربەی کات پێش دەستپێکردن، بە هەواڵی گەڕەکەکان دەستمان پێدەکرد، بەعس چی دەکات‌و کێیتر گیراوەو چ جۆرە چالاکییەک هەیە دژی ڕژێم، ڕێکخراوەکە بەبێ هیچ هۆیەکی پەیوەندی‌و بەریدو تەلەفۆن و لەو ئامێرانەی پەیوەندی ئێستە بەردەستن، پەیوەندی‌و ڕاگۆڕینەوەیەکی بەهێزی دروستکردبوو، هەرچییەک لە شار ڕووی دەدا، ئێوارە هەموویمان دەزانی‌و بۆ یەکمان باسدەکرد، بەڵام ئەوکاتیش سلێمانی شارێکی زۆر گەورە نەبوو، تەنها نزیکەی سی و پێنج گەڕەکێک دەبوو[١].

وانەکانمان زۆر باسی جۆراوجۆری پەروەردەیی‌و ڕووحی‌و سیاسی بوون، زۆرجار تەفسیری لە سێبەری قورئاندا (فی ظلال القرآن)ی

---

١ - بەهۆی فراوانبوون و گەشەی شارەوە، بەردەوام گەڕەکەکانی شاری سلێمانی لە زیادبووندان، هیچ سەرچاوەیەکم دەست نەکەوت دڵنیامان بکاتەوە لە ژمارەی گەڕەکەکان لە ساڵی (١٩٨٨)، بەڵام بە پێی ئامارێک کە لە لاپەڕە (٩٩)ی کتێبی (سلێمانی، شارە گەشاوەکەم) کە نووسەرەکەی (جەمال بابان)ە هاتووە، ساڵی (١٩٩٨) واتە دە ساڵ دواتر ژمارەی گەڕەکەکانی ناوشاری سلێمانی (٥٨)گەڕەک بووە، ژمارەی دانیشتووانی ناو شاریش لە هەمان ساڵ (٥٤٨,٧٤٢) هاووڵاتی و ژمارەی خێزانەکانیش (١١٠,٢٦٠) خێزان بووە.

ســـەیدی بۆ دەکردین، یان زۆرجار باســـی پەیامەکانی زانای گەورە سـەعیدی نورسـی دەکرد، کەیوان بەوجۆرەبوو، لە ژیانی پەروەدەییدا بە ئیمام بەننا کاریگەربوو، لە ژیانی سـیاسـیدا زیاتر بە سـەیدو لە ژیانی ڕووحیشدا لەژێر کاریگەریی (نورسی)دا بوو.

شـارەزایی هەمەجۆری کەیوان بێ ئەندازەبوو، هەرگیز لە ئاست تواناو تەمەنی خۆیدا نەبوو، بیرم دێت جارێک دوای ئەنجامدانی نوێژی عەسـر لە مزگەوتی شـێخ فەرید، بەرەو غاباتەکەی زەرگەتە ڕۆیشـتین، لەوێ باسـی دروستبوونی بەعس‌و دەزگای هەواڵگریی (مخابرات)ی بەعسی بۆ دەکردین، زۆر بەباشی ئەو باسەی دەکرد، وەک شارەزایەکی ئەو بوارە وابوو، هێندە باســـەکەی گەرم‌و گوڕ بوو، نزیکەی تا بانگی ئێوارە ماینەوە، حەزمان نەدەکرد تەواو ببێت، دواتر کاتێک لە زیندان بووین‌و ئازارو ئەشـــکەنجە دەدراین، بیرمـان لـە گوتـارەکـانی دەکردەوە، چونکـە زۆرینـەی ئـەوەی بەسـەرمان دەهات خۆی پێشتر بۆی باسکردبووین، لەو دانیشتنەدا وابزانم ئەمانە بووین ئەگەر هەڵە نەبم: ئەحمەد عەبدوڵڵا، دارا، عەلی، موحەممەد حەمەموراد، ئەکرەم، شوان سەعدی، ئەمانەم لەبیر دێت.

من، ئەحمەدو موحەممەد عەبدوڵلام نەدەناســـی، ئەوان لە زیندان بە عەربەتی ناســـرابوون، ئەگەرچی خەڵکی گوندی گوڵپی بناری هەورامان بوون، ئەحمەدم لە یەکێک لەوانەکان بینی‌و یەکترمان ناســـی، بەڵام موحەممەدی برایم نەبینیبوو لە زیندان نەبێت.

کاک کەیوان خەڵکەکانی کردبوو بە چەند ئاسـتێکەوە، زۆربەی کات ئێمە لەبەر کەمی تەمەن یان هەر شـــتێکی تر زۆر شـــتی بۆ باس نەدەکردین، لە چالاکییەکان ئاگاداریی نەدەکردینەوە تەنها هەندێککجار نەبێت پاش ڕوودانیان، بەڵام دەســـتەیەک هەبوون کە هەم لە تەمەن‌و هەم لە زۆر شـتی تردا لەپێشـتر بوون، ئاگاداری هەموو شـتێک بوون، هەر ئەوانیش ئەرکی قورسـیان لەســـەر شـــان بوو، وەک پەیداکردنی چەکو پارەو دەمانچەو فیشەکو ئەنجامدانی چالاکی.

(١٠)

هەڵوێستێکی کوردانە

زۆرباش لە بیرمە، تەنها سێ هەفتە بەرلەوەی موحەممەدو ئەحمەدو ئەبوبەکری برام دەستگیربکرێن و هەمووشمان قاچاغ ببین، ناسراوێکمان کە خۆی و براکەی پیاوی ڕژێم بوون و فەوجی چەکداریان هەبوو، هات بۆ ماڵمان، تەکلیفی ئەوەبوو کە باوکم لەگەڵیان بێت و ببێتە چەکداری ڕژێم "وەک ئەو هەموو خەڵکەی تری کوردستان" کە بە هەزاران بوون، بەڵێنی زۆریشـیان پێدا: "دەتکەین بە ئامر مەفرەزە، مووچەیەکی باشـت دەدەینێ، ماشـەڵڵا کوڕت هەیەو کوڕەکانیش بە چەکدار دەنووسـین و بۆ ئەوانیش مووچە دەبڕینەوە، چەک و سـەیارەت پێـدەدەین، تەنهـا لەگەڵمانبە"!

بەڵام باوکم هەموو ئەوانەی ڕەتکردەوە کە ناسـراوەکەمان خسـتییە بەردەسـتی، لە کاتێکدا ئێمە هەژار بووین، هەموو ماڵەکەمان لە هەڵەبجە تیاچوو بوو، لە خانووی کرێدابووین لە عەربەت، ناوماڵمان وەک ماڵی ئەو جوتیارە وابوو بەشـێوەیەکی کاتی لە بێسـتانەکەیدا دەمێنێتەوە تا بەرهەمەکەی دەچنێتەوە، نە سـەلاجە، نە تەلەفزیۆن، نە موبەریدە، نە پێداویسـتی گونجاوی خەوو مانەوەو ڕاخەر، ئەوەی هەمانبوو بریتیبوو لە چەند حەسـیرێکی نایلۆنی ڕەق و چەند بەتانییەک و تەپەدۆرێک لە بری سـەلاجەو تەباخێکی بچوکی سێ قاچ و چەند قاپ و قاچاخێک بۆ خواردن، کەچی ئەو ئۆفەرە گەورەیەی ڕەتکرەوەو بە "نەخێر" وەڵامی دایەوە، دواییش بە ئێمەو دایکم و ئەوانی گوت: "من چۆن چەکی ڕژێم لە دژی میللەتەکەم دەکەمە شانم و منداڵی خەڵکی هەژار بە کوشت دەدەم، هەزار سـاڵ نان نەبێت بیخۆم نانی جاشـایەتی ناخۆم!"، باوکم ئەوە

یەکەمجاری نەبوو هەڵوێستی لەگەڵ میللەتەکەی بێت، لە سەرەتای شۆڕشدا ئەو یەکێک لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی هەڵگیرسانی شۆڕش بوو لە ساڵی (١٩٦١) لە ناوچەی هەورامان، ئێستە چۆن چۆنی سەدوو هەشتا پلە هەڵگەڕێتەوەو چەکی ڕژێمێک بکاتە شانی کە دوژمنی گەلەکەیەتی، ئەمە بە کەسانێک دەکرێت کە خاوەنی هیچ بیروباوەڕو مەبادیئێک نەبن، نەوەک حاجی عەبدوڵڵای باوکم کە پیاوێکی ئەهلی مزگەوت و نوێژو ڕۆژو و حەلاڵخۆریی بوو.

موحەممەدو ئەحمەد کوڕی ئەو پیاوە بوون، موحەممەد بە هێمنیو لەسەرخۆییو بیرتیژییەکەیەوە، ئەحمەد بە ئازایەتیو چاونەترسیو پابەندبوونەکانییەوە، هەر لەو سەرەتایەی تەمەنییانەوە جێگەی ئومێدی خێزانو خزمانو مامۆستاو هاوڕێکانیان بوون، موحەممەد و ئەحمەد لە ژیانی مزگەوتو ئەڵقە قورئانییەکانیاندا، زۆر مامۆستایان هەبووە، زۆرجار لە نێوان ڕێکخستندا دەستاو دەستیان پێکراوەو بۆ پەروەردەکردنو ڕاهێنان دەستیان بەرنەدەدرا، کاریگەری مامۆستایانی وەک (مامۆستا مەلا سەید نووری، مامۆستا مەلا زاهیر، مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود، مامۆستا حەبیب موحەممەد سەعید) هەبوو، هەروەها زۆرێکی تر لە مامۆستایانی تری گەنج کە کاریان بەڕێوەبردنو ئاراستەکردنی ئەڵقە پەروەردەییەکان بوو، کاریگەرییان لەسەر موحەممەدو ئەحمەد هەبوو، هاوکات خاڵۆ حەمەئەمینم یەکێک بوو لەو کۆڵەکانەی کە هەمیشە پشتو پەناو مامۆستایەکی خەمخۆر بووە بۆیان تا ئەوکاتەی دەستگیرکران.

سێ ساڵی تەمەنی موحەممەدو ئەحمەد لەنێوان قوتابخانەی دواناوەندی (هیوا) لە سیروانو مزگەوتەکانی سەلاحەددینو مزگەوتی گەورەو مزگەوتی نوسەیبەو مزگەوتی عوسمانی کوڕی عەففاندا گوزەران، هاوکات هەموو هاوینێکیش وەک پیشەی هەمیشەیی هەموو

ماڵە جوتیارێک بەکاری کشــتوکاڵەوە ســەرقاڵدەبووین‌و ئەم دوو برایەم کۆڵەکەی خێزانەکەمان بوون لە کاری کشتووکاڵیشدا.

من تا هەنووکەش لەبیرمە موحەممەد دەنگی چەندخۆش بوو، ئاوازی ئــەو مزگــەوتی ســـــەلاحــەددینی پڕ دەکرد، زۆرجــار بــەهۆی بــاش خوێنـدنـەوەیـەوە بۆ قورئـان‌و دەنگە خۆشـــــەکـەیـەوە ڕۆڵی هـەبوو لـە پەروەردەکردنی قوتـابی‌و گوتنـەوەی وانـە ســـــەرەتاییـەکانی مزگەوت، هەمیشـە لەبەرخۆیەوە و لەگەڵ خێزانەکەی باسـی ئەو زوڵم‌و ستەمانەی دەکرد، کە لە ســـەددام‌و دارودەســـتەکەی دەوەشـــایەوە، دڵی بۆ ئەوانە دەســـووتا دەبوونە ســـوتەمەنی شـــەڕەنگێزی ســـەددام‌و حزبی بەعس، لەگەڵ باوک‌و دایکیدا نەدەچووە ئەو ماڵە خزم‌و دراوســـێیانەی کە کچی گەنجیان هەبوو، باوکم دەیپرســـــی: "کوڕم بۆ نایەیت لەگەڵمان؟ "ئاخر باوەگیان من گەنجم‌و ئەو ماڵە دراوســـێیەش کچی گەنجیان هەیە، هیچ پێویســــت بە هاتنی من ناکات، کەی خوا پێی خۆشـــە کوڕو کچی گەنج بەرانبەر یەک دانیشـــن‌و چیرۆک بگێڕنەوە" ئەمە ڕەوشـــت‌و پەروەردەی موحەممەد بوو، ئەوەی کاتێک گوێ لەو کەســـــانە دەگریت ناســـــیویانە هەست دەکەیت باسـی کەسـانێک دەکەن نزیک لە مسوڵمانانی سـەردەمی زێڕینی ئیسلام.

خەڵک بۆ دەبوونە جاش و مستەشار؟

لە بیرەوەرییەکانیدا، م.نوری فارس حەمەخان[1] کە خۆی ســـی و دوو ســـــاڵ لە ناو (ســــوپای عێراق)دا بەناونیشـــــانی (ئیمام تابور) خزمەتی

---

١ - ناوی تەواوی (نوری فارس حەمەخان حەســـەن)ە، ســـاڵی (١٩٣٥) لە گوندی (ئیبراهیم ئاوا)ی ســـەر بە ناوچەی قەرەداغ لە دایکبووە، ساڵی (١٩٤٧)ەوە ماڵیان هاتووەتە سلێمانی و تا ئێســتاش لە سـلێمانی دەژی، لە حوجرەو مزگەوتەکانی سـلێمانی و ژمارەیەک شـارو شـارۆچکەی تر خوێندوویەتی، لەلای مامۆستا مەلا ئەسعەدی مەحوی لەشـاری سلێمانی مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، بێجگە لە مەلایەتی لە ژمارەیەک مزگەوت، بۆ ماوەی ســی و

کردووه، بەهۆی ئەرکەکەی لە ناو سوپادا زۆر بەباشی ئاگاداری ژیان و بەســەرهاتی مســتەشــارو جاشــە کوردەکان بووە، لەو بارەیەوە دەڵێت: لەلای خوا من گەواهی دەدەم حکومەت تا ئێستا کەسی بە زۆر نەکردووە بە مســـتەشـــار، بەڵکو ئەمانە خۆیان بە ڕەزامەندی خۆیان ئەم پیشـــە پیســەیان هەڵبژاردبوو، چونکە ئەمانە فێر بوون، ڕاســت و ڕوون دەزانن کە میللەت تف و لەعنەتیان لێدەکەن، بەڵام ئەوان بۆ پاســـاوو فڕوفێڵ خۆیان دەکەن بە فریشـــتەو هەزار ســـوێندی ناحەق دەخۆن کە لەبەر ناچاریی و بۆ بەرژەوەندی خەڵکەکە بووین بە مســـتەشـــار و بەزۆری حکومەت ئەم کارەمان قبوڵ کردووە، ســوێند بەخوا هەموو درۆ دەکەن، وە هەموو بە ڕەغبەتی خۆیان بوون بە مستەشار، بگرە واسیتەشیان بۆ کردووەو بەرتیلیانداوە، هەزار پۆستاڵی ڕەشیان ماچ کردووە هەتا بوون بە سەرۆک جاش!

بە پێی ئەوەی من بەچاوی خۆم بینیومە، جاشـــێتی لوتکەی بێ ئابڕوویی و ئەوپەڕی بێناموســـییە، هیچ عەیب و شـــورەییەک لەســـەرو جاشێتیەوە نییە! وەمەبەستی سەرەکیان لەم جاشێتی و مستەشارییە بەس کۆکردنەوەی پارەو پول و ســـامان بوو، لەگەڵ تۆڵەســـەندنەوە لە هەموو کوردێکی مەرد.

دوو ســـاڵیش وەک ئیمامی ســـوپا (کە پێیان دەگوت ئیمام تابور) لە ســـوپای عێراقیدا کاریکردووە، ژمارەیەک وەرگێڕاوو دانراوی هەیە بە زمانی کوردی، لەوانە: وەرگێڕانی (تاج الاصـــول) بە پێنج بەرگ، وەرگێڕانی (مختصـــر صـــحیح البخاري) بە پێنج بەرگ، وەرگێڕانی (مختصـــر صـــحیح المســـلم) بە پێنج بەرگ، وەرگێڕانی (لفِقهُ المُیَسَّر فِيْ ضَوْءِ الکِتَابِ وَالسُّنَّةِ) بە ســـێ بەرگ، وەرگێڕانی (اللؤلؤ والمرجان فیما اتفق علیە الشیخان) بە حەوت بەرگ، وەرگێڕانی شەرحی (بلوغ المرام) بە ســـێ بەرگ، ژمارەیەکی تر لە نووســـین و وەرگێڕان، کۆتا چاپکراوی بیرەوەرییەکانیەتی بەناوی (جاشـــنامە) کە ســـاڵی (٢٠٢٢) چاپکراوە. (ســـەرچاوە: دیداری م.فارس نوری، بەرنامەی ڕازی تەمەن، کەناڵی ئاسمانی پەیام، ٢٠٢٠/٩/٢٦).

ئەوەی من ڕەچاوم کردووە لەم مستەشارانە بەهۆی هاتوچۆیانەوە بۆ نەخۆشخانەی کەرکوکی سەربازیی (کە خۆم ئەرکەکەم لەو نەخۆشخانەیە بوو)، زۆرینەی ئەمانە یان ئۆمی و نەخوێندەوار و بێ سەوادی تەواو بوون، تەنانەت دەرچووی نەهێشتنی نەخوێندەواری (مەحو ئومییە)ش نەبوون، یان نیمچە خوێندەوار بوون، مەگەر چەند کەسێکی کەمیان نەبێت!

لەو بارەیەوە م.نوری باس لە یەکێک لەو مستەشارانە دەکات کە قسەی بۆ خۆی کردووە لە ڕووداوێکدا، ئەو مستەشارە بەمجۆرە قسەی بۆ م.نوری کردووە: ئەوە من نزیکەی سێ ساڵە مستەشارم، سەرەڕای مووچەی زۆری خۆم و دزی و فزی و تالان و بەرتیل و ئۆتۆمبیل وەرگرتن و پارچە زەوی خەڵاتکردن، سەرەڕای ئەمانەش نیوەی فەوجەکەم دەوام ناکەن، هەم مووچەکەی خۆیان وەردەگرم کە نزیکەی سێسەد کەس دەبن، هەم لە خۆشیان مانگانە سەرانە وەردەگرم.

هەروەها گوتی: لە هەمووی سەیرتر مستەشارەکان دەستیان لەگەڵ سەرکردەو فەرماندەی یەکە سەربازییەکانی سوپا تێکەڵ کردووە، بە ئاشکرا چەک و تەقەمەنی سوپا دەفرۆشن و دەیکەن بە تیاچووی شەڕ (خسائر الحرب)، هەروەها خەریکی قاچاخچێتی و ساخکردنەوەی ماددەی هۆشبەرن و بە هەڕەشەو گوڕەشە بەرتیل و سەرانە لە دەوڵەمەندەکان وەردەگرن، بە ڕاستی مامۆستا ئەمانە بوون بە مافیا![1]

---

١ - مامۆستا نوری فارس حەمەخان (٢٠٢٢): جاشنامە، مێژوویەکی پوختی ڕووداوە دڵتەزێنەکانی کوردستانە لە چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ئێستا، لاپەڕە (١٥٩)، سلێمانی.

(١١)

كەیوان خەونی بە چییەوە دەبینی؟

لە دەستنووسێکدا کە ناوی ناوە (پێشانگای خەونەکانم)[1]، کەیوان باس لە هەندێک لەو خەونانە دەکات کەبینیونی، لەسەرەتای ئەو دەستنوسەدا کەیوان نووسیویەتی: "ژیانی بڕوادار، بەتایبەتی ئەوانەی بە پەروەردەیەکی قورئانی گۆشکراون، جا ئەوانەی لەم زانکۆیەدا تێدەکۆشن‌و پەیمانیان لەگەڵ پەروەردگاریانداوە، خوای گەورە چاوی دڵیان بۆ دەکاتەوە و سۆزی دانایەتییان پێشکەش دەکات، جا خەوی بڕوادار بەپێی فەرموودەی پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه و سلم) بریتییە لە چل‌و شەش بەش لە نیگای خوای، وە پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه و سلم) دەفەرموێت: (هەرکەسێ لەخەودا بمبینێ وەک ئەوە وایە بەڕاستی لە ژیانمدا چاوی پێ کەوتبم)".

لەبارەی بەدیهاتنی خەونەکانیشییەوە، کەیوان دەڵێت: "جا منی بەندەی کەمیش یەکێک لە هەڵوێستی خەوەکانم ئەوەیە کەوا زۆرجار وەک ڕۆژی ڕووناک بەدیدێن، وە بە جوانی‌و بەڕاستی لایەنی ژیانم پیشان دەدەن، وە زۆر نهێنی پەردەی لەسەر ڕادەماڵێت، جا دەمەوێت بە کورتی هەندێ لەو خەوانە کەوا هەرگیز تام‌و خۆشی‌و لەزەتیان لە دڵ‌و دەروونم لاناچێ پێشکەش بکەم کە وا بینیومن".

بەمجۆرە کەیوان دەستدەکات بە گێڕانەوەی چەند خەوێکی، کەیوان دەنووسێت: یەکێک لەو شەوانەدا لە بیابانێکی چۆڵدابووم، پێشئەوەی

١ - بۆ بینینی دەستنووسەکە سەیری بەڵگەنامەی ژمارە (٣) بکە.

بخەوم دەستنوێژێکم گرتو دەستمکرد بە بەجێهێنانی یاساکانی خواناسی، دەستمکرد بە شەونوێژو نزیکەی سەد ڕکات شەونوێژم بەجێهێناو چەند سەلاواتێکم پێشکەشکرد بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم)، هەتاوەکو چاوەکانم چوونە دەریای خەوەوە هەر خەریکی سەلاوات بووم، هەتا هەستمدەکرد لە خەوەکەشدا هەر خەریکی سەلاوات بووم، ئەوەبوو لە خەوەکەمدا چوومە ئەو بیابانە چۆڵەو کەسم شک نەدەبرد، زۆر ناڕەحەت بوومو سزا دەدرام، ناڕەحەتی ژیانی دونیا باڵی کێشابوو بەسەرما، لەمکاتەدا کتوپڕ پیاوێکی سەرتاپا سپی، خواناسو ڕەنگ جوان، لێم هاتە پێشەوەو وەک ئەوەی ئیشێکی گرنگی پێم هەبێت، فەرمووی: ئەوە چییە؟ وا دیارە زۆر ناڕەحەتی؟ گوتم بەڵێ زۆر ناڕەحەتم، فەرمووی بزانە من لەلایەن پێغەمبەری خواوە (صلی الله علیه و سلم) نێردراوم بەتایبەتی بۆ لای تۆ، فەرموی بچۆ سەلامێکی گەرمو گوڕی موحەممەد ڕەسول الله (صلی الله علیه و سلم)ی پێ بگەیەنە، پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) زۆر سەلامی لێدەکردی، ئەڵلا لەو خۆشییەی لەو کاتەدا شەپۆلی هێنایە ناو دڵو دەروونمەوە، تۆ بڵێی من شایەنی ئەوە بم؟ تۆ بڵێی من وەک شاگردێکی بچوکی پێغەمبەری خوابم (صلی الله علیه و سلم)؟ تا سەلامی وام بۆ بنێرێ! بۆیە پڕ بەدەم بەخۆشییەوە گوتم (وعلیک السلام و رحمة الله و برکاته یا رسول الله). ئینجا گوتی: من ئەڕۆم چ ئیشێکت هەیە پێم ڕابگەیەنە؟ گوتم: توخوا بە زووترین کات سەلامی منی بچوک بگەیەنە بە خۆشەویستەکەم (صلی الله علیه و سلم)، پاشان وەلامی دامەوەو زۆر بە ڕوو خۆشییەوە پێیڕاگەیاندم ئێستا دەچم بۆلای خۆی و پێیڕادەگەیەنم، ئەو پیاوە نورانییە ڕۆیشتو خۆشی ئەم خەوە زۆر بە لەزەت بوو، وە زۆر هەستم بە خۆشییەکی دەروونی دەکرد، تا ئەوەبوو

چەند کاتو ساتو ڕۆژان تێپەڕینو ئەو خەوە خۆشەم هەرگیز لە یاد ناچێ.

دیسانەوە شەوێکیتر لەو شەوانە، چاوەکانم، کە تریفەی ڕۆشنایی قورئانو فەرموودەکانی پێشەوام (صلى الله عليه و سلم) ڕۆشنی کردبوونەوە، چوونە ناو خەوەوە، لەماڵدابووم، لە خەوەکەمدا شەوبوو، سەیرمکرد لەناکاوێکدا مانگێ کەوا تریفەی تاریکی شەوی گەشاندبوویەوە، بەڕاستی نازانم بە چ شێوەیەک باسی ئەو دەمو چاوە بکەم، خۆی کرد بە دەرگای ماڵماندا، خۆم بە تەنیا چووم بە پیری پێشەواکەمەوە، دەستم نەیدەزانی چۆن خۆی پێشکەش بکات، لەمکاتەدا ئەو ڕۆشناییە بەرزە هەردوو دەستی هێنایە ناو دەستمەوەو تەوقەیەکی زۆر گەرمو گوڕمان کرد، وەهەردوولای دەمو چاوی ماچ کردم، بەلام خوا خۆی ئاگادارە نازانم چۆن باسی ئەو خۆشییە بکەم، بەڵێ، تەوقەیەکی بە هەردوو دەستی پیرۆزی هێناو ماچی کردم، بەلام دوای ماوەیەک بەبێ قسەو بە زەردەخەنەیەکی زۆر بەرزەوە بە خەندەیەکی لێوەوە کە ددانی پیرۆزی دەرکەوت، خوا حافیزیی لێکردم، بەڵێ، ئەمە بەیەک گەیشتنم بوو لەگەڵ پێشەوا بەرزەکەمدا، یەکەمین بە یەک گەیشتنم، بە ئاگاهاتمەوە لە خەوەکەمو تیشکی زێڕینی باوەڕ بروسکەی چووە ناو دڵو دەروونمەوە.

بەڵێ هەر دوای ماوەیەکیتر لە خەوێکی ترمدا گەیشتم بە گۆڕی ئیبراهیم پێغەمبەر، باوکی پێغەمبەران (عليهم الصلاة و السلام)، لە خەوەکەمدا هەندێ بە دەور گۆڕە پیرۆزەکەیدا تێپەڕیمو زۆر دڵم شادبوو بەم خەوەشم، چوونکە چوونە سەرگۆڕی باوکی پێغەمبەرانیش هەروەک ئەوە وایە چووبێتە خزمەتی، لەم خەوەشمدا بە ئاگا بوومەوە.

پاش ئەو گێڕانەوانە، کەیوان باس لە خواپەرستی خۆی دەکات لە دەستنووسەکەدا، لەو بارەیەوە دەڵێت: سوپاس بۆ خوا شەوانم بە یادی

پیرۆزی خوا بەسەر دەبرد، بە قورئان خوێندنو لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لە ئیسلامو بەرنامە بەرزەکەی، ئەوەبوو شەوێکی تر لە خەومدا، بەڵام ئەمجارەیان جیاوازبوو، من چووم بۆ لای ئەو پێشەوایەم (صلى الله عليه و سلم) کە پەیمانم لەگەڵ پەروەردگارم بەستبوو تا دڵۆپێ خوێنی گەش لە لەشمابێت تێکۆشەری بیروباوەڕەکەی بم، هەموو ژیانم بە گشتیی بۆ ئەو مەبەستە بێت، بەڵێ بەڕێکەوتم بەرەو شاری نیگای ئاسمانی، شاری پەروەردەی خواناسی، شاری کۆچەرەکان، هاوەڵە تێکۆشەرەکانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه و سلم)، بەڵێ چووم بەڵام بۆ حەج، بۆ تەوافی ماڵی خوا، لەو خەوە خۆشەمدا چوومە مەیدانی حەجەوە، ئەو ماڵەی باوکی پێغەمبەران بونیادی نابوو، پێشەکی چوومە ئەو خاکە پیرۆزەوە، شنەیەکی فێنک هەڵیکرد، کە دەتوانم بڵێم: نە میسکو نە عەنبەر نەدەگەیشتن بەو بۆنە، لە ڕاستیدا بۆنی بەهەشت بوو، دواتر چوومە مزگەوتی پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه و سلم)، دوو ڕکات نوێژی سووننەت (تحيه المسجد)م بە دەستنوێژەوە بەجێهێناو لە خەوەکەمدا بووم بە حاجی، لەمکاتانەدا بە ئاگاهاتمەوە، بەڵام خەوەکە وا نەبوو کە هەموو دروشمەکانی حەج بەجێبهێنم، تا ئەوەبوو لە شەوێکی تردا، بەڕێکەوتمەوە بەرەو ئەو شوێنە، بەڵام بەشێوەیەکی تر، چوومە ژوورەکەی عائیشەی دایکی بڕواداران، بەڵام لەبەردەرگاکەیدا، کە زانیم ئەمە شوێنی پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه و سلم)، گوتم ئیتر لەمە زیاتر ناتوانم ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه و سلم)، شایەنی ئەوە نیم بێمە پێشەوە، تریفەی ڕۆشنایی لەو ژوورەدا دەدرەوشایەوەو منیش هەر شەرمەزاربووم بچمە ژوورەوە، بۆیە هەر دەمگوت ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه و سلم) ناتوانم بێمە پێشەوە، بەڵام لە خەوەکەمدا هەستمکرد وام لە ژوورێکدا و ئەو ژوورەش من هاواری لێدەکەم وا لەبەردەمماناو ئا لەو شوێنەدا

دەستمکرد بە خواپەرستیو نوێژکردن، لەم کاتەدابوو بەخەبەر بوومەوە، بەلأم خۆ ئەم خەوانەم تامێکی زۆر گەورەیان لە تابلۆو پێشـــانگای دەروونمدا دروست کردبوو، تا کردبووی بە کۆشکێکی مەزن لە ڕێگەی بزووتنەوەی بیروباوەڕەکەم لە ژیانمدا.

یەکێکیتر لەو خەوانەم کەوا لە ماڵی خۆماندابووم، لە خەوەکەمدا جێگام دانابوو بۆ ئەوەی بخەوم، بەلأم سەیر دەکەم خەوێکی زۆر خۆش خۆی بۆ هێنام، ئەوەبوو کە جێگاکەم لە خەومدا داخستبوو، سەیرمکرد پێغەمبەری خوا(صلی الله علیە و سلم) لەگەڵ حەزرەتی عائیشە لەولاوە ڕاکشـابوون، بەلأم ڕاسـتەوخۆ چاوم پێیاننەکەوت، وە سـەرو ڕوویانم نەبینی، بەلأم زۆر زۆر شـادومان بووم بەوەی کە پێشـەوای پایە بەرز خزمەتی هێناوە، لەگەڵ کچی ئەبوبەکری صدیقدا(ڕەزای خوایان لەسەر).

بەڵێ، ئەم خەوەشـم بینی بەڕاستی وەک هەوا وابوون بۆ سییەکانم، وزە بۆ هێزم، هیمۆگلۆبین بۆ خوێنم، کەوا تێکۆشـانی منی بچووک، بووەتە هۆی ئەو خەوە بەرزو خۆشانەم.

شەوێکی تر لەو شەوانە کە بەسەرم دەبردن بەخەوی خۆش، سەیر دەکەم وا بەشدارم وەک ئەندامێک لە شۆڕشی فەلەستینداو خەریکی ئەو کارەم، وە ڕێگا گیرابوو قودس ببینم، بەلأم لە ناکاوێکدا سـەیر دەکەم لە شوێنێکی زۆر بەرزەوە خۆم هەڵدایە خوارەوەو لەگەڵ خواناسێکی ترداو لەبەردەم مزگەوتی قودسـی پیرۆزدا دەرکەوتین، ڕوومکرد بەلای هاوڕێکەمداو گوتی: سـوپاس بۆ خوا سـەیرکە ئەوەتا قودسـمان لێدەرکەوت. ئەوەبوو هەر سـەیری ئەو مزگەوتە جوانەمان دەکرد کەوا ماوەیەکە بەدەسـت جولەکەوەیە، لە ڕاسـتیدا من بە وێنەش قودسم نەبینیبوو لەو کاتەدا، بەلأم پاکو بێگەردی بۆ خوا، دوای ئەوەی بە ئاگاهاتمەوە لە خەوەکەم تا چەند ڕۆژێ بیرم لەو خەوە دەکردەوە، گوتم: تۆ بڵێی قودس وابێت کە من بینیم لە خەوەکەمدا؟ تا دوای ماوەیەک

وێنەیەکی قودسم بەرچاوکەوت، باوەڕم زیاتر بەتین بوو، گەردێک لەگەڵ وێنەی خەوەکەمدا جیاواز نەبوو!

ئەم خەوەشــم بینی بە قودســەوە، لە ڕاســتیدا ئەم خەوانەم وانەبێ دوای بینینیان تۆمارم کردبێ، بەڵکو بە بیرکردنەوەی تەواوم، ئەمەش بە کورتی نەک هەموویان.

کەیوان لە خەویدا دەبێتە ســەرکردەی بزووتنەوەی ئیســلامی، لەو بارەیەوە دەگێڕێتەوە: لەو شــەوانە کە خەوم بینی، ســەیر دەکەم وام لە وڵاتی هیندســتانو بە نهێنی بوومەتە پێشــەوای بزووتنەوەی ئیســلامیو گوتارو نووســراو پێشــکەش دەکەم، هەروەها شــەوێکی تر لەوانە لە میسرەوە هەروەها شەوێکی تر لەوانە لە ئێرانەوە لە چەند شوێنێکی تر کە بیرم بێت، لە ڕاستیدا ئەم خەوانە وەک ئامێری کارەبایی لە مێشکمدا تۆمار بووبوون، هەرگیز لە یادم ناچنەوە، چونکە لە ڕاســتیدا باســکردن لەگەڵ بینینی دیمەنی ڕاستەوخۆدا زۆر جیاوازە.

خەو بە زیندان و ئەشکەنجەوە!

کەیوان بەرلەوەی دەســتگیربکرێــت، لە خەویــدا بینیویەتی کە دەستگیرکراوەو ئەشکەنجە دەدرێت، لەو بارەیەوە دەنووسێت: هەروەها لە چەندین خەوی ترمدا فریشــتەی گیان کێشــانم بینیوە، زۆر قورئانم خوێندووە، دەتوانم بڵێم: هەمووی وەک ڕۆژەکانم وابوون کە لە خزمەتی بەرنامەی بانگی خوادا بەڕێمدەکردن، بۆ نموونە: شــەوێکیان لە خەومدا بە تەواوی ســورەی (الملک)م خوێندو چەندانی تر، بەڵام هەندێکیتر لەو لایەنانەی خەوم سەیر دەکەم هەندێ جار گوتاری بەرز پێشکەش دەکەم، هەندێکجار بوومەتە لێپرســراوی کۆمەڵەی مســوڵمانانو بزووتنەوەی ئاینی.

زۆر خەوم دەبینی بۆ بەیانیەکەی ڕێک لایەنەکانی ژیانی ئەو ڕۆژەم بەو جۆرەبوون هاوشێوەی خەوەکە، وە زۆرجار لە خەوەکانمدا دەکرامە زیندانو لەبەر بانگەوازی ئیســـلامی دەکرامە بەندیخانە، بە ڕێژەیەکی زۆر، وە جەلاد دەهاتو دەیانبردم، تا جارێکیان لەو جارانە کردمیانە زیندانو چەند نینۆکێکیان دەرهێنامو هەموو ددانەکانم، جارێکیتر لە خەومدا ســـەگیان کردبووە لام لە بەندیخانەو ددانەکانیان بەســـەر لاشـــەمەوە یارییان دەکرد، لە ڕاســـتیدا خەوەکانم بەجۆرێک بوون هەروەک ئەوەی ڕاســـتیبن وابوو، کاتێ بە ئاگا دەهاتمەوە وامدەزانی بە دڵنیاییەوە ڕوویداوە.

هەندێکجار بە زنجیرە خەوم بە زیندانەوە دەبینی، وە هەندێکجار لە زینداندا کتێبو پەڕاوم دادەنا، وە هەندێکجار ئازاد دەبووم و بە پەنجەکانم گولەی گڕدارم فڕێ دەداو دەمکرد بە سنگی دوژمنانی خوادا، بەڵێ بەو پەنجانەم کە هەمیشـــە خەریکی تەســـبیحات بووم پێیان، ئەم خەوانەم وایان لێکردبووم نەمدەزانی چۆن سوپاسی خوای گەورە بکەم!

کەیوان لە خەوەکانیدا بەهەشــت دەبینێت، لەو بارەیەوە دەنووســێت: جارێکیتر لەو خەوانەم دیمەنێکی زۆر خۆشم لە بەهەشت بینی کەوا دڵی ســـەراســـیمە دەکرد، لە ڕاســـتیدا خۆم بەو کەســـە دانانێم، من تەنها بەندەیەکی زۆر بچووکم، بەڵام وابزانم باســـکردنی ئەم خەوانە ئیســـلام فەرمانی پێدەکات، چونکە ئیمامی ئەحمەد(خوای لێ ڕازی بێت) زۆربەی خەوەکانی تۆمار دەکردو بڵاوی دەکردنەوە.

منیش نەک شـــایەنی خەو باســـکردن بم، بەڵام ئەم خەوانە ئەوەندە شـــیرینیان دروســـت کردبوو کەوا پاڵیان پێوە نام شـــەکراویان لەســـەر تابلۆی پێنووسەکانمەوە برژێنمە سەر لاپەڕەکان.

جارێکی تر لەو خەوانەدا بووم، دەریایەکی پانو پۆڕم کەوتە بەرچاو، دەریایەکی زۆر جوان، لەناکاو ســـەیر دەکەم وەک شـــاشـــەی تەلەفزیۆن

پیشـــان دەدرێ، ســـەیرمکرد نەهەنگێکی گەورە باڵی دەرهێناوە لەســـەر باڵەکەی بە جوانی ئایەتێکی لەســـەر نووســـرابوو، لە خواریشـــەوە ناوی منی لێ نووسـرابوو، زۆر سـەرم سـوڕما، هەرچیم کرد نەمدەزانی چۆن لێکی بدەمەوە!

کەیوان بەردەوامە لە نووســـینەوەو بـاســـکردنی خەونەکـانی و دەنووســـێت: هەندێک لە خەوەکانم بە زانا پایە بەرزەکانی ئیســـلامەوە بینیومن، لە ڕاسـتیدا زۆر بەتامو خۆشو کەمەند کێشـکەر بوون. یەکێک لەوانە خەو بینین بوو بە زاناو داناو تێکۆشەری پایە بەرز (عەبدولحەمید کوشـــک)، ئەو زانایە لە مزگەوتێکدا گوتاری دەداو ڕوویەکی زۆر جوانی پێوەبوو، چـاویلکـەیـەکی جوانی بـە چـاوەوە بوو. لـە خـەوەکـەمـدا لـەو مزگەوتە چاوم پێیکەوت، وە هەندێ قســـەشـــم لەگەڵ کرد، هەروەها خۆشـــەویســـتی بە ئەندازەیەک بوو لە دڵمدا کەوا شـــەوو ڕۆژ لەگەڵ ئامۆژگارییە بەرزەکانیدا کولابووم.

دوای چەند کاتو تێپەڕبوونی ڕۆژان، شـەوێکی تر دوای تەواوکردنی یـادی خواو خواپەرســـتی، کەوا هـەمیشـــە وامدەکرد هیچ کاتێک بێ دەستوێژم نەبم، زۆرجار شـەیتان هێرشـی دەهێناو پێی دەشکاندم، بەڵام تا دووبارەبوونەوەی چەند جار بەســـەر یەکەوە دەســـتوێژەکانم تازە دەکردەوەو نەمدەهێشت بێ دەستنوێژ بم، مەگەر تەنها ئەو چەند ساتەی کە مرۆڤ دەچێتە ناو خەو، ئەوەش چار نییە.

بەڵام جاری واش هەبوو لە خەوەکەمدا دەسـتنوێژم دەگرت، شـەوانە بەمشـــێوەیەو دوای ئەمکارە کەوا بەلای ڕاســـتدا لە دەرەوە دەخەوتم، مانگو ئەستێرەکانم لێ دیاربوونو سەیری ئاسمانم دەکردو ئەم ویردەم دەخوێند "رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ" پاشـان بەلای دەستی ڕاستداو ئەم زیکرەم دەخوێند: "**اللهم أسلمت نفسي إليک، ووجهت وجهي إليک، وفوضـــت أمري إليک، وألجأت ظهري إليک، رغبة ورهبة**

إليک، لا ملجأ ولا منجا منک إلا إليک، آمنت بکتابک الذي أنزلت، ونبيک الذي أرسلت. بەم شێوەیە تا خەوم پیا دەکەوت.

شـەوێ لەو شـەوانە لەماڵەوە بووم، خەوم پیا کەوت، لە خەوەکەمدا سـەیر دەکەم وام لەماڵەوەم و هەندێ کارم هەیەو لەناکاو یەکێ هات گوتی: وا ئێستا مامۆستای شەهید (سەید قوتب) لە ڕێدایەو دێت بۆ لات، سـەیر دەکەم وا لەبەردەرگایە، بەڵام فریشـتەی خواناسـی، ناوچاوی ڕۆشـن، قاتێکی جوانی لەبەربوو، منیش چووم بە پێشـوازییەوە، ئەو لەتەمەنی تا ڕادەیەک گەنجیدابوو، سـەیرمکرد هەردوو دەسـتی هێناو دەسـتی گوشـیمو چەند جارێک ئەملاو ئەولای یەکترمان ماچکرد، دەیفەرموو: الله الله لەم ڕۆشـناییەو ڕووی تێدەکردم، منیش زۆرم لا گرنگ بوو پرسـیارم لێکرد لەگەڵ ئیسـلامدا چۆن بم؟ فەرمووی: دەبێتە تێکۆشەرێکی بەرزی ئەم بەرنامەیە، لە خەوەکەمدا هەستمکرد سەید زۆر خۆی بە بچوک دادەنا بە ڕادەیەک زۆر سەرسام بووم، بەخۆمم دەگوت تخوا من چیبم؟! تخوا بـەنـدەیـەکی کـەمی وەک من چی بێت لـەبـەردەم تێکۆشـەرێکی بەرزی وەک سـەیددا؟ بەخوێنە گەشـەکەی سـێبەری قورئانی ئاودا، بەڵام خوای گەورە ئیشـی بە بەندەکانییەتی وە من لەگەڵ ئەم باسـکردنەدا زۆر بچوکی خۆم دەنوێنم، بەڵام دڵسـۆزی لەگەڵ پەروەردگاردا ئەمانە دەبەخشـێت بە بەندەکانی، چونکە لەسـایەی ئەم ئیسـلامەداو پەروەردە بوونم زۆر سـزای دەروونیو گیانیم چەشـتووە، کەوا بە جارێ ڕۆژە سـەرەتاکانی مەککەو ئازاردانی پێغەمبەری خوا (صـلى الله عليه و سـلم)و یارەکانی بە قسـەی تاڵو ناشـیرین دەهاتەوە یادم، بۆیە زۆر دانم بەخۆمدا دەگرت، لە تەمەنێکی زۆر کەمدا.

یەکێکی تر لـەو خـەوانـەم کـەوا بینیم بـە زانـایـەکی تری پـایـە بـەرزو تێکۆشـەر، کە بەڕاسـتی شـەوان بە نیەتی بینینیەوە دەخەوتم، ئەویش پێشـەوا حەسـەن بەننا بوو، لەو خەوەمدا لە مزگەوتێک بووم لەگەڵ چەند

گەنجێکی خواناسدا کە خەریکی لێکۆڵینەوەی ئاینی بووین، گوتیان ئێستا پێشـــەوای شـــەهید دێت بۆ لاتان بۆ ئەم مزگەوتە، ئێمەش چاوەڕێمان دەکرد هەتاوەکو ڕۆشـــنایی بە ڕیشـــێکی بێ گەردو جوانەوە هاتە ژوورەوە، زۆر خۆی پیشـان دەدا تا بە جوانی ببینرێت، تا لە خەوەکەمدا بینیم کاتی نوێژی جەماعەت بوو، پاشـــان هاتە پێشـــەوە، من داوام لە پێشـەوا حەسـەن بەننا کرد پێشـنوێژیمان بۆ بکاتو ببێ بە پێشـەوامان، بەڵام زۆر ڕێزی نواندو بە ســـوێندخواردن منی بردە پێشـــەوە، نازانم تریفەی ئەو مزگەوتە دەدرەوشـایەوە، دەسـتمکرد بە پێشـنوێژی، بەڵام زۆر شـەرمەزاربووم کەوا بە زۆر پێشـەوای شـەهید منی بردە پێشـەوە، لەم کاتەدا ڕاچڵەکیم و هەستام بۆ نوێژی بەیانی وە زۆر بیرم لەم خەوە دەکردەوە، گوتم دەبێت من چۆن لەم خەوەدا چووبمە پێشـــەوە، تا هەندێک لە ژیانی پێشـــەوای شـــەهیدم هاتەوە یاد کەوا لە کۆمەڵەی برا مســـوڵمانەکاندا مزگەوتەکەیان تەواو کردو قردێلەکەیان بڕی پێشـــەوا فەرمانیکرد برایەکی تر پێشـــنوێژی بکات، نابێت پێشـــەوا لە هەموو شوێنێکدا هەر پێشەوا بێت، خۆی سەلماندی.

هەروەها لە خەوێکیترمدا بە خزمەت زانای خواناس موحەممەد قوتب گەیشـــتم، زۆر بەم خەوەش دڵشـــادبووم. ئەمە بە لایەنێک کەوا گرنگ بوون لام، لێرەدا لە باســـکردنی ئەو خەوانەدا بە دڵســـۆزی بۆ خوایە، هەندێکجار حەزمدەکرد هەندێک خەوی خۆشـــتر ببینم، حەزمدەکرد عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ببینم، ئەو ڕۆژە لە مزگەوتێکدا بووم بە خزمەت گەنجێکی خواناس گەیشـتم، ئەو گەنجە خۆشـەویسـتی بۆم لە ڕادە بەدەربوو، فەرمووی خواناســێک ئێســتا پێی فەرمووم هەرچەندە چاوم پێیدەکەوێت عومەری کوڕی عەبدولعەزیزم دێتەوە یاد، ڕەوشـــتەکانی ئەوی یەکە یەکە وەرگرتووە. بەڵام نازانن کەوا منی

بچوکو کەم هەرگیز خۆم بە شـــایەنی ئەو مەیدانە نازانم، وە حەزناکەم مرۆڤێکی گوناهباری وەک من شایەنی باسکردن بێت.

لەبـارەی خەوەکـانی و هـاوڕێ و قوتـابییەکـانیەوە، کەیوان دەڵێـت: هەندێک برا داوایان لێکردم کە هەندێک خەویان بۆ بگێڕمەوەو تۆماری بکەنو بڵاوی بکەنەوە، بەڵام من زۆرم پێ ناخۆشبوو، بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەبوم، وە ئەم تۆمارکردنەش بۆ ئەوەیە کەوا ئەم یادو بیرەوەرییەم لـە یـاد نـەچێ وە ببێتـە وزەیـەک بۆ ڕێگـەی تێکۆشــــانمـان لـە پێنـاوی بەرزکردنەوەی بانگی خوادا.

لە کۆتایی ئەو دەستنوسـەدا، کەیوان دەڵێت: ئەمە هەندێک لەو خەوانە بوون کە پێشـئەوەی تەمەنم بگاتە پانزەو شـانزە سـاڵ بینیومن و ئێسـتا کۆمکردوونەتەوە، خوا جێگـەی دڵســـۆزی بێت بۆمـان، واللـه من وراء القصـد وهو يهدي السـبيل، سـبحان ربک رب العزة عما يصـفون، و سـلام على المرسلين، و الحمد لله رب العالمين.

(١٢)

دایەگیان بە قوربانت بم، دوعام بۆ بکە

کاتێک قسـەی بۆ دەکردم، یەک لە دواییەک دڵۆپە فرمێسـک بە چـاوەکـانیـدا دەهـاتە خوارەوە، فرمێسـکی گەرم، وەک گەرمـایی خۆشـەویسـتی عیرفانی کوڕی، لەگەڵ هـاتنەخوارەوەی فرمێسـک بەچاوەکانیدا، خاتوو شـەفیقە، دایکی عیرفان[1]کە لە حەفتاکانی تەمەنیدایە بۆماندەگێڕێتەوە: "کوڕم بەخوا نمونەی وەک عیرفان نەبوو، مسـوڵمان و ئاقڵ و خواناس و گوێڕایەڵ و ئازا، هەر جارێک کە نوێژم دەکردو پاش نوێژ دەسـتم بەرز دەکردەوە ڕوو بە بـارەگـای خوای گەورە، عیرفـان دەهاتە پاڵ سـەرم و دەیگوت دایەگیان بە قوربانت بم دوعام بۆ بکە، دەمگوت ڕۆڵە بەسـەرچاو، دوعـای چیت بۆ بکەم؟ دەیگوت: (دایەگیان دوعای ئیمان و شـەهیدیم بۆ بکە)، لەگەڵ ئەم قسـەیەی دەمگوت وەی عیرفان گیان بۆ وا دەڵێیت، تۆ منداڵی هێشـتا، شـەهیدی چی؟ بۆچی؟ دەیگوت دایەگیان شـەهیدی بەرزترین پلەیە مرۆڤ لەسـەر زەویدا پێی بگـات، تخوا دوعـام بۆ بکە، منیش لەبەر خۆمەوە دەمگوت وەی خوا نەکات ڕۆڵەگیان، تۆ بمری منیش ئەمرم لەگەڵت".

عیرفـان هـاوڕێی نزیکی کەیوان بوو، لەو بـارەیەوە دایکی دەڵێـت: "کەیوان هەمیشە دەهاتە ماڵمان، پێی دەگوتم دایەگیان تۆ دایکی دووەمی

---

١ - ناوی تەواوی (عیرفان سەعید توفیق)ە، منداڵی دووەمی خێزانەکەیەتی و ساڵی (١٩٧٢) لە گەڕەکی (کانی ئاسکان)ی سلێمانی لە نزیک مزگەوتی مەولەوی لە دایکبووە، ئەو کاتەی دەستگیرکراوە قوتابی قۆناغی چوارەمی ئامادەیی بووە.

منی، بەهۆی خۆشەویستی کەیوانەوە هەر بە خێزانی هاتوچۆمان لەگەڵ دایکی کەیوان بۆ دروســــت بوو بوو، ئێمە دەچووینە ماڵیان و ئەوانیش دەهاتنە ماڵمان و سەردانیان دەکردین، لە چیمەنەکەی ماڵمان دادەنیشتن و وانەیــان دەخـوێـنـد، پـێـکەوە کـۆدەبـوونەوە، مـن نەمـدەزانـی کۆبوونەوەکانیان چین و لەسەر چین و باسی چی دەکەن، بەڵام هەمیشە پێمدەگوتن: کەیوان گیان ئاگاتان لە خۆتان بێت، هاوڕێیەتی هەموو کەس مەکەن، خۆتـان بپـارێزن، ئەم حکومەتە زاڵمە، بـا تووش نەبن، لەبەر ئەوەی یەک دوو بارەگای بەعس نزیک ماڵمان بوو، زۆر جار دەمبردنە ماڵەوە، دەمگوت لەبەر دەرگا مەوەســتن و لە چیمەنەکەش مەبن، نەوەک پیاو خراپێک بتانبینێت".

ڕۆژێک عیرفان بۆی گێڕامەوە، گوتی: "دایەگیان ئەمشـــەو خەوم بە پێغەمبەر (درودی خوای لەســـەر) بینی، گوتم لەخوا بەزیاد بێت عیرفان گیـان، خەوەکەت چی بوو؟ گوتی دایەگیـان لە خەومـا بینیم پێغەمبەر (درودی خوای لەســـەر) هات بۆ لام، تەوقەی لەگەڵ کردم و باوەشـــی پێداکردم، دایەگیان خەوەکەم ئەوەندە خۆشبوو بەخوا کە بەیانی خەبەرم بوویەوە بۆنی دەســتمکرد، هێشــتا بۆنی دەســتم خۆشــبوو، گوتم وەی خۆزگەم بەخۆت ڕۆڵەگیان ئەو خەوە خۆشەت بینیوە".

بە هەمان شێوەی عیرفان، دادە نەزیرەی دایکی (کەیوان) دەگێڕێتەوە: "ماوەیەک بەر لەوەی دەســتگیر بکرێت، جارێکیان لەســەر بەرماڵ نوێژم دەکرد، کەیوان لە دواوە دەستی خستە سەرشانم وگوتی: دایە گیان تخوا دوعــام بۆ بکە، گوتم: ڕۆڵە دوعــای چیــت بۆ بکەم؟ گوتی: دوعــای شــــەهیدی، گوتم: خوا نەکات کوڕم، دووبارەی کردەوە: دایە گیان تخوا دوعای شـــەهیدیم بۆ بکە، شـــەهیدی گەورەترین پلەیە مرۆڤ لە دونیادا پێی دەگـات، گوتم: ئـااای ڕۆڵە گیـان، یـاخوا من لە پێش تۆوە بمرم و نەبینم تۆ شەهید ببیت، ڕۆڵە تۆ گەنجی، خوا نەکات یا خوا.

تواناو زانیارییەکانی زۆر لە خۆی گەورەتر دیاربوون

ئاسۆ جەزا[1] لە کەیوان ورد دەبوویەوە، دەیبینی لە گۆڕەپانی قوتابخانە بەردەوام دە تا پانزە قوتابی لە چواردەوری کۆ دەبوونەوە، باسی نوێژو پابەندی و بیروباوەڕو خواپەرستی بۆ دەکردن، ئەمەش جێگەی تێڕامانی ئاسۆ جەزاو هەر قوتابییەکی تریش بوو، خوایە ئەم گەنجە لەوە ناچێ تەمەنی شانزە ساڵ بێت، وا دیار نییە وەک ئەوان هاوپۆل و قوتابی قۆناغی ناوەندی بێت، چۆن ئەم قسانە دەزانێت؟ چۆن ئەم زانیارییانەی پێگەیشتووە؟ ئەم هەموو شارەزاییە لەسەر دین و شەرع و قورئان چییە؟ هەر بەڕاستی لە کەسێک دەچوو کە دە ساڵ پێش تەمەنی خۆی بێت، کە سێک کە لانیکەم لە بیست و پێنج ساڵی تەمەنیدابێت.

ئاسۆ جەزا، پێشتر ماڵیان لە هەڵەبجە بووە، بەهۆی دۆخی بەردەوامی شەڕ، هەندێک لە خەڵکی بیری دەکردەوە شارەکە بەجێبهێڵن، ماڵی ئاسۆش یەکێک لەو ماڵانە دەبێت کە هاوشێوەی کەیوان ئەو ناوچەیە بەجێدەهێڵن و لە سلێمانی دەگیرسێنەوە. سەرەتا خوێندنگەی ئامادەیی ڕۆشنبیری ئێستە دواناوەندی بوو، واتە لە قۆناغی یەکی ناوەندی تا شەشەمی ئامادەیی لە خۆ دەگرت، بەڵام ساڵ بە ساڵ هەوڵ دەدرا بکرێتە ئامادەیی و قۆناغی ناوەندییەکەی لێبکرێتەوە، بۆیە پۆلەکانی پێش ئامادەیی دەنێردرانە ناوەندی (نالی)، بۆیە ئاسۆو کەیوان لە ناوەندی (نالی) گیرسانەوە، لەو ناوەندییە کەیوان دەناسێت و هۆگری یەک دەبن.

ئاسۆ جەزا لەگەڵ کەیوان و عیرفان و ژمارەیەک لە قوتابییەکان، لە قوتابخانەوە بە پێ دەهاتنە مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە، لەوێ نوێژیان دەکردو هەریەکەو بەرەو ماڵی خۆی بەپێ دەگەڕایەوە، ئەمەش

---

[1] - ئاسۆ جەزا، ساڵی (١٩٧٣) لە گوندی (تەوێڵە)ی ناوچەی هەورامان لە دایکبووە، کاتێک دەستگیرکراوە تەمەنی تەنها پانزە ساڵ بووە.

زۆرجــار دووبــاره دەبوويەوە، ئەم ڕێگە دووروودرێژەش پڕ بوو لە گفتوگۆ.

پاش ئەو ساڵە کەیوان و ئاسۆ لەیەک دابڕان، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کەیوان بەرەو ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی ڕۆیشتوو ئاسۆجەزا بەرەو چواری ئامادەیی لە ئامادەیی (ڕۆشــنبیری کوڕان)، ئەم دوورکەوتنەوەیە بوویە هۆی دوورکەوتنەوەی ئاسـۆ جەزا لە کەیوان، بەڵام ئەمە ڕزگاری نەکرد لەوەی دەستگیر نەکرێت.

(١٣)

د.لوقمان و خۆزگەیەك

خەونی بوو پەیمانگایەکی نەخۆشەوانی، یان ئامادەییەکی پزیشکی، یان بەشێکی پزیشکی لە پەیمانگای تەکنیکی بخوێنێت و شوێنێک بۆ برینپێچی بکاتەوەو نەخۆشەکان چارەسەر بکات، لەم ڕێگەیەشەوە هاوکاری خەڵک بکات، بەتایبەت خەڵکی هەژار، بێبەرانبەر ئەو کارانەیان بۆ جێبەجێ بکات کە یاریدەدەرێکی پزیشک جێبەجێی دەکات.

وا ئێستە ئاواتەکەی هاتووەتە دی، لە شارۆچکەی بازیان و لە ماڵەکەی خۆیدا شوێنێکی کردووەتەوەو ڕۆژانە لە پاش دەوام کاری برینپێچی و چارەسەری سەرەتایی بۆ نەخۆشەکان دەکات، لە (١٩٨٨/٨/١٤) مۆڵەتی بۆ شوێن و پیشەکەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سلێمانی وەرگرت، بە ماوەیەکی کەم ناوبانگی پەیداکرد، خەڵکی بازیان هەموو ڕوویان لێدەنا، تەنها ئەویان شک دەبرد بۆ پەیداکردنی دەرمان و چارەسەری برین و نەخۆشەکانیان، لە هەمانکاتدا لە بنکەی تەندروستی تەینالیش وەک فەرمانبەر دامەزرابوو، هەموو ئەمکارانەش زۆر دڵخۆشیان دەکرد، لەسەر ئەم کارەشی بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی مولازم عەلی و ژمارەیەک لە چەکدارەکانی، سەرلەبەیانییەکی مانگی دوانزەی ساڵی (١٩٨٨) هاتن لە شوێنی کارەکەی دەستگیریان کرد.

لوقمانی موزەمید[1] منداڵ بووە کاتێک ماڵی باوکی هاتوونەتە سلێمانی و لە گەڕەکی کارێزە وشک گیرساونەتەوە، لەگەڵ جەمالی برای پێکەوە قۆناغی سەرەتاییان خوێندووە، پاشان لە دواناوەندی بەکرەجۆ دوو قۆناغی ناوەندییان خوێندووە، دواتر لە قوتابخانەی برایەتی کۆتا قۆناغی ناوەندییان خوێندووە، لوقمان لە پۆلی (سێ)ی ناوەندییەوە دەچێتە ئامادەیی نەخۆشەوانی و سەرکەوتووانە ئەو قۆناغەی خوێندن تێدەپەڕێنێت و وەک کارمەندێکی تەندروستی دەست بە کارکردن دەکات.

کەیوان و لوقمان چۆن یەکیان ناسی؟

دیارنییە سەرەتای ناسینی کەیوان و لوقمان چۆن بووە، بەڵام پێدەچێت وەک زۆرینەی قوتابی و هاوڕێکانی تر مزگەوت وێستگەی یەکترناسینی کەیوان و لوقمان بووبێت، لوقمان بەرلەوەی ببێتە هاوڕێ و قوتابی کەیوان، کوڕێکی پابەند بووە بە نوێژو پەرستشە ئاینییەکانەوە، گوێی لە گوتاری مامۆستا ناسراوەکانی ئەو کاتە دەگرت کە بەشێوەی کاسێت و بە نهێنی دەستاو دەستیان پێدەکرا، هەروەها نامیلکەکانی (م.حەبیب موحەممەد سەعید) یەکێکیتر لەو سەرچاوانەی فێربوون و پەروەردەبوونی لوقمان بوون، هاوکات بە گوێگرتنی لە کاسێتی شیعرەکانی مامۆستا کرێکار، زۆرتر دڵی بۆ بەرەنگاری ڕژێمی بەعس دەخرۆشا، ئەگەرچی خزم و ناسراوەکانی هۆشدارییان پێدەدا لە مەترسی ئەو کاسێت و کتێب و نامیلکانە، بەڵام لوقمانی شەیدای ئاینی

---

[1] - ناوی تەواوی (لوقمان ئیسماعیل ڕەجەب قادر)ە، ساڵی (١٩٦٩) لە گوندی (چاڵاو)ی شارباژێڕ لە دایکبووە، ساڵی خوێندنی (١٩٨٧ - ١٩٨٨) ئامادەیی (نەخۆشەوانی کوڕانی سلێمانی)ی تەواو کردووە، لە (١٤ی ٨ی ١٩٨٨) بە ناونیشانی (پەرستاری شارەزا) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتووە، یەکێک لە هاوڕێ زۆر نزیکەکانی کەیوان بووە.

پیرۆزی ئیســلام و ســێ‌نەوداســـەری بەرگری لە مافی میللەتەکەی ئەو هۆشدارییانە نەیاندەترساندو بەردەوام دەبوو لەسەر کارەکانی.

لوقمان و خانەوادەکەی هەژار بوون، تا لە ســـلێمانی بوون کرێچی بوون، بەڵام لە هاوینی ســـاڵی (١٩٨٨) بە هەوڵی جەمالی برای دەبنە خاوەنی خانوویەک لە بازیان، بۆیە ماڵیان دەچێتە بازیان و دواجار لەو ماڵەش نەحەسانەوە.

(١٤)

خەمی لوقمان بۆ ئەنفال

لوقمان کە بیست بەهاری تەمەنی بەڕێکردبوو، زۆر بە ئاگابوو لەوەی لە چواردەوری دەگوزەرێ و ئەو جەهەننەمەی بۆ میللەتەکەی ساز درابوو، ئەم ئاگاییەو بیروباوەڕەکەی بوو ڕێگەی نەدەدا بێدەنگ دابنیشێ و لە ترسی ڕژێم و ستەمکارییەکەی هیچ نەکات و نەجولێت، هەربۆیە کاتێک دەیبینی ڕژێمی بەعس لەماوەیەکی کەمدا هەزاران گوندی بە زۆر چۆلکردو خانووەکانی ڕووخاندن و خەلکەکەی ڕاپێچی بیابانەکان کرد، هەستی بە خەمێکی قووڵ دەکرد، خەمی میللەتێکی بێکەسی چەوساوە، کە هیچ ولاتێک لەسەر جینۆسایدو قڕکردن و کیمیاییبارانی نایەتەگۆ، ئەم خەمە قووڵەشی بە پارچە شیعرێک دەربڕیوە.

کاتێک لە شیعرەکەی د.لوقمان وردبوومەوە، ڕاستە لە ڕووی شیعرییەوە هێشتا لە ئاستێکی سەرەتاییدایە، بەلام بە تەواوەتی لە هەستێکی زیندووی گەنجێکەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئاگاداری ئازاری میللەتەکەی بووەو هەر ئەمەش پالنەری شیعرو نووسین و هەلوێست و جولانەوەکانی بووە، ئەمەش دەقە شیعرییەکەیە:

ئەنفالەکان

ئەنفالەکان نە یەکن و نە دوان و سیان!
نە گوندێک و نە ناوچەیەک!
نە هۆزێک و نە بەرەیەک!
زیاد لە دەیان!
زیاد لە سەدان!
بگرە هەزاران هەزاران!
لە پیرە ژن و لە ئافرەت و لە منداڵان!
وەک ڕانەمەڕ پێش خۆ دران!
کەس نازانێ بۆ کوێ بران!
خوێنی لەشیان چۆن دەرهێنان!
یا بە شۆفڵ ژێر گڵ نران!
کەسێک گوتی :لە عەرعەردا
گوێم لە هاواری ژنێک بوو!
دەنگی هەبوو ڕەنگی نەبوو!
ئەیگوت ئێستا لەم زیندانە تاریکەدا!
من نازانم دنیا شەوە یاخود ڕۆژە!
من نازانم کە مێردەکەم بۆ کوێ چووە!
کچۆڵەکەم بە کام میری وڵاتی نەوت فرۆشراوە!
یا کوڕەکەم لە کام زیندانی تاریکی وەکو
ئێرەدا گیراوە!
یاخود لە ژێر ئەشکەنجەدا
تاسێنراوە!
پرسیارێکی ڕەوا ئێستا
ئاراستەیە

کاکی برا
١٨٥ هەزار کوردی
ئەم وڵاتە چی لێ کرا؟[1]

بەو پێیەی پرۆسەکانی ئەنفال لە (٢٣ی ٢ی ١٩٨٨) دەستیانپێکردوو لە (٦ی ٩ی ١٩٨٨) کۆتاییانهات[2]، هەروەها لوقمان، کە هاوڕێکانی بە د.لوقمان ناویان دەهێنا، لە ڕۆژەکانی ناوەڕاستی مانگی دوانزەی ساڵی (١٩٨٨) دەستگیر کراوە، کەواتە پێدەچێت شیعرەکە لە کۆتایی هەمان ئەو ساڵە نووسرابێت، بەتایبەت کە باس لە گەورەیی کارەساتەکەو قەبارەکەیی و ژمارەی قوربانییەکان و زۆری ژمارەی گوندەکان دەکات، هەروەها باس لە نادیاریی چارەنووسی ئەنفالکراوان دەکات، دەتوانین بڵێین د.لوقمان گەنجێکی پێگەیشتووی تەواو هۆشیاربووە بەو کارەساتانەی بەسەر میللەتەکەیدا دێت و ئەو کارەساتانەش بە تەواوەتی هەستی بەرپرسیارێتی تێدا بزواندووە تا هەم بە نووسین تەعبیر لە ناخی خۆی بکات هەم بە کردەییش لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکدا دژی ئەم ڕژێمە ستەمکارە کار بکات وەک بە شێک لە تۆڵە لە دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی سەددام و ڕژێمەکەی و ئەوانەی بە ناونیشانی جیاجیا، کاریان بۆ دەکرد.

لە بارەی تواناو خولیای د.لوقمانەوە بۆ شیعر، ئاسۆ بۆمان دەگێڕێتەوە: کاک لوقمان زۆر وردو قوڵ بیری دەکردەوە، زۆرێک لە شیعرەکانی دیوانی (ژانی بوون)ی مامۆستا کرێکاری لەبەربوون، لە زیندان هەر کات بێتاقەت دەبوو بۆی دەگوتین، شەوێک سەعات دوای (دوو)ی شەو بوو، ئێمە هەموو لە ژووری هەشتی زیندانی ئەمنی بەلدە

١- بۆ بینینی دەستنووسی شیعرەکە سەیری بەڵگەنامەی ژمارە (٤) بکە.
٢ - عارف قوربانی (٢٠١٤): شایەتحاڵەکانی ئەنفال، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

بووین، بینیم د.لوقمان بە خەبەرەو بەدوای شتێکدا دەگەڕێت، گوتم: کاک لوقمان بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟ گوتی "پارچە موقابەیەکم پێویستە"، موقابەیەکی شیریی دۆزییەوە کە ئەو ڕۆژە خواردبوومان، لەسەر ئەلەمنیۆمەکەی دیوی ناوەوە بە هەڵکۆڵین دەستی کرد بە نووسین، چونکە قەڵەم و کاغەزمان لا نەبوو، گوتم کاک لوقمان چی دەنووسی؟ گوتی "شیعرم بۆ هاتووە، ئیلهامم بۆ هاتووە، با بیرم نەچێتەوە"، ئیتر شیعرەکەی نووسی، بەداخەوە ئێستە بیرم نەماوە دەقی شیعرەکەی چی بوو!

(١٥)

ئەو شەوە تا بەیانی ئامۆژگاریی جاشەکانی کرد

داراو عەلی[١]، دوو برای تر لە ناو ڕێکخراوەکەی کەیواندا، دارا تەنها تا ناوەندی خوێندبوو، وازی لە خوێندن هێنابوو، کاری ئیدارەدانی فرۆشگە (حانووت)ی قوتابخانەی دەکرد، بەڵام عەلی پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکوکی تەواو کردبوو.

عەلی، کە جارجار خێزانەکەی و هاوڕێکانی بە (مەلا عەلی)یش بانگیان دەکرد، گەنجێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، پابەندی دینداری زیاتری هەبوو، هەروەها یەکێک بوو لەو گەنجانەی ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو بچێتە سەربازی زۆرەملێ، سەربازی لە سوپایەک کە نزیکەی یەک ملیۆن هاووڵاتی عیراقی تیایدا چەکدار کرابوون، بۆیە باوکی لەلایەک خەمی ئەوەی بوو کە نەبێتە سەربازو نەچێتە بەرەکانی جەنگ، لەلایەکی تریشەوە دەترسا وەک سەربازی هەڵاتوو دەستگیربکرێت، بۆیە جارێکیان هاتەوە ماڵەوەو گوتی مەلا عەلی ئەوە ناوم نووسیوی لای ئەو خزمەمان و ئەویش ناسنامەیەکت پێدەدات بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێیت، ئەمەش ناچارییەو دەبێت قبوڵی بکەین، مەلا عەلیش ئەمەی پێناخۆش دەبێت، دەڵێت من ئەوە ناکەم، باوکی دەڵێت مەلا عەلی گیان تۆ نابێتە چەکداری ڕژێم، تۆ تەنها ناسنامەیەکت بۆ دەکەن و ڕزگارت دەبێت، ئەویش مووچەکەت وەردەگرێت، نیوەی دەدات بە

---

١ - (عەلی عوسمان ئەحمەد) لە ساڵی (١٩٦٥)و (دارا عوسمان ئەحمەد) لە ساڵی (١٩٦٧) لە گەڕەکی (کانی ئیسکان)ی سلێمانی لە دایکبوون، هەر لە پەنجاکانەوە مام عوسمانی باوکیان (خوا لێی خۆش بێت) ماڵی هێناوەتە سلێمانی و بە دابەشکردنی خواردنەوە سەرقاڵبووە، عەلی پەیمانگای تەکنەلۆجی لە شاری کەرکوک تەواو کردووەو دارا تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووەو کۆتا ئیشی کارکردن بووە لە فرۆشگەی خوێندنگاکان.

ئێوەو نیوەشـی بۆ خۆی، مەلا عەلیش گوتی ئێ باوکە ئەوەش هەر حەرامە، من چۆن دەبێت پارەی کارێک وەربگرم کە نەمکردووە، ئەویش دەڵێت کوڕم چارمان نیە، یان دەبێت هەڵبێیت یان دەبێت ببیتە سـەربازی سـوپاو بچیتە شەڕ، ئەوە باشترە.

پاشـماوەیەک خزمەکەیان دەڵێت: "مام عوسـمان بە مەلا عەلی بڵێ با سـەرێکمان لێبدات"، هەروەک جەختکردنەوە لەوەی ئامادەیی هەیەو ناوێکی ڕاسـتەقینەیە لە فەوجەکەم، بۆیە شـەوێک مەلا عەلی دەچێت بۆ بارەگاکەی و لەوێ دەمێنێتەوە، دەڵێت ئەو شـەوە تا بەیانی قسـەی بۆ ئەو کوڕانە کردووە کە لەوێ بوون، ئـامۆژگـاریکردوون کە پـابەنـدی ئایینەکەیان بن، نوێژەکانیان بکەن و قورئان بخوێنن، بۆ ئیشـەکەشـیان وتویەتی ئەم ئیشـەی ئێوە زۆر خراپە، چۆن دەبێت ببنە پیاوی ڕژێم؟ دەزانن ئەگەر بکوژرێن دەچنە دۆزەخ و هەرکەسیش بکوژن لە پێشمەرگە یان هەر کەسێکیتر ئەوە تاوانێکی گەورە دەچێتە گەردنتان!

ئاسـۆ مەحمود لەبارەی ئەم هاوڕێیانەی کەیوانەوە دەڵێت: مەلا عەلی گەنجێکی زۆر ڕۆحانی و بە ئەدەب بوو، هێندە بە ئەدەب بوو واتدەزانی شـەرمنە، شـارەزایی و ڕۆشـنبیریی باشـی هەبوو لە ئاین و شـەرع، پەروەردەیەکی جوانی هەبوو، بەڵام داراو ئەکرەم، دوو گەنجی زۆر ئازابوون، کۆڵەکەی کارو جوڵانەوەکانی کەیوان و ڕێکخراوەکەی بوون.

ئاسـۆ مەحمود لەبارەی داراو ئەکرەمەوە زیاتر بۆمان دەگێڕێتەوە: دارا وەک شـێر وابوو، بەڕاسـتی کاتێک سـەیرم دەکرد هەسـتم دەکرد شێرێک دەبینم، هێندە ئازاو چاونەترس بوو، هەمیشـە ناخی وەک گرکان بۆ چاکەو ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسـییەکان لە جوڵاندابوو، ئەکرەمیش کوڕێکی ئـازای چاونەترس بوو، من لەو تەمەنەدا نەمبینیوە گەنج هێندە ئازاو چاونەترس بێت.

ئەکرەم[1]لەگەڵ وەســـتا قادری خزمیدا کاری ئاســـنگەری دەکرد بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی، لە هەمانکاتدا سەرەڕای سەختی ژیان دەستی لە خوێنـدن بەرنەدابوو، دەچوویە قوتـابخـانەی ئێواران بۆ ئەوەی ئەو خەونانەی لە ڕێگەی خوێندنەوە بە دەســـتدێن، لە دەســـتی دەرنەچن، لە هەمانکاتد گەنجێکی پابەند، چاونەترس و ئازا، پاڵەوان بە مانای وشە، کە هیچ ســـڵی لە بەعس و بەعســـییەکان و دام و دەزگا داپڵۆســـێنەرەکانی نەدەکردەوە، ئەو شەوەی دەستگیرکرا، بڕیاربوو بە سواری ماتۆڕەکەی، خۆی و دارا بەیەکەوە بەشداری پلانە گەورەکە بکەن، پلانێک لەو کاتانەدا کەس نەیدەوێرا بە خەویش بیری لێبکاتەوە گەنجە ئازاکانی وڵات نەبێت، ئەویش پلانی تەقەکردن لە پارێزگاری سلێمانی!

گەنجێک لەو دیو سنورەکانی (ترس)ەوە

ئـاســـۆ مەحمود لەبـارەی ئـازایەتی بێوێنەی (ئەکرەم)ەوە بۆمـان دەگێڕێتەوە: ڕۆژێـک کەیوان و ئەکرەم پێکەوە لە شـــەقـامی نزیـک غاباتەکەی زەرگەتە تێدەپەڕن، کاتێک دەگەنە نزیک مزگەوتی شێخ فەرید، ئەمنێک و پۆلیســـێک کە هەردووکیان کورد بوون لە دوورەوە دەیانبینن، کـاتێـک نزیـک دەبنەوە بە پەنجەیەک ئەکرەم و کەیوان بـانـگ دەکەن و داوای ناســـنامەیان لێدەکەن، ئەکرەم کە لەو کاتانەشـدا ســـەربازی فیرار بوو بە کەیوان دەڵێـت: " کـاک کەیوان تۆ نزیـک مەبەرەوە، تەنهـا لە دوورەوە تەماشا بکە و حەقت نەبێت بزانە چۆن ئاقڵیان دەکەم".

ئەکرەم بەرەو ئەمنەکە دەڕوات، دەڵێت فەرموو چیت دەوێـت؟ ئەویش دەڵێت ناســـنامەکانتان؟ ئەکرەمیش یەکســـەر پێی دەڵێت: جارێ حزبمان و

---

[1] - ناوی تەواوی (ئەکرەم سـالح سـۆفی حەسـەن)ە، سـالی (١٩٧٢) لە شـاری سـلێمانی لە دایکبووە، یەکێک لە هـاوڕێ نزیکەکانی کەیوان بووە، بێجگە لە خوێنـدنی ئێواران، وەک شاگردی ئاسنگەریش کاری کردووە.

شـۆڕش کەسـی وەک تۆی ناوێت ئا بەو ئوسـلوبە ناشـیرینە خەڵک بانگ بکەیت و داوای ناسـنامەی لێبکەیت، ئەمنەکەش بە کەمێک شـپرزەیی و بە هەسـتیارییەوە دەڵێت: "بۆچی؟ بێ ئوسـلوبی من لە چیدایە؟" ئەکرەم زیاتر لێی دەچێتە پێش و پێیدەڵێت: "تۆ چۆن دەتوانیت بە یەک پەنجە خەڵک بانگ بکەیت؟ ئەم ڕەفتارە ناشـیرینە کێ فێری کردوویت؟ حزب کوا کەسـانێکی وەک تۆی دەوێت؟" ئەکرەم کە زانی فێڵەکەی سـەرکەوتوو بووەو ئەمنەکە لێی بووەتە ڕاست و سڵی لێدەکاتەوەو وا دەزانێت کەسێکی حزبیەو پلەکەی لە پێش ئەمەوەیە، ئیتر فرسـەتی لێهێناو یەخەی گرت و کێشـای بەدەمیا، لەگەڵ پیا کێشـان کەوتە وێزەی، بەمجۆرە پۆلیسـەکەی هاوڕێی و کەیوان هـاتن بوونە نـاوبژیوان لە نێوان ئەمنەکەو ئەکرەمـدا، کەیوان بە ئەمنەکەی دەڵێت: کاکە تۆ دەزانیت ئەم کوڕە چیە تۆ وا بەو جۆرە ناشـیرینە داوای ناسنامەت لێکرد؟ پۆلیسـەکەش کەوتە تکای کۆتاییهێنان بە کێشـەکەو داوای لێخۆشبوون لە هەڵەی ئەمنەکە، بەمجۆرە کێشـەکە کۆتایی پێهات، بۆ ئەوەی دەم و لوتی بشـوات کە خوێناوی بوو بوو پۆلیسـەکە دەسـتی ئەمنە کوردەکەی گرت و بەرەو ماڵێکی نزیک ڕۆیشـتن تا دەم و چاوی بشـوات، لەگەڵ خۆشـیـان ئەو چەکەی پێیبوو و بە یەکەم لێـدان لێی کەوت هەڵیگرتەوەو کردییەوە شانی.

ئەم ڕووبەڕووبوونەوەی ئەکرەم بۆ بەکرێگیراوێکی ئەمن و بەعس لەو کاتانەدا دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە بەڕاسـتی بێجگە لە وەسـفی پاڵەوان هیچ نـازنـاوێکیتر نـابێت بدرێتە پاڵ (ئەکرەم)، لە کاتێکدا ئەگەر ئاشـکرا ببوایە دوور نەبوو ئەکرەم و کەیوان تەنها لەسـەر ئەو ڕووداوە ڕووبەڕووی مەرگ نەکرێنەوە.

سەرچاوەی دارایی ڕێکخراوەکەی (کەیوان)!

ئەگەرچی ئەنـدامـانی ڕێکخراوەکە هیچ جۆرە خەرجییەکیـان نەبوو، چونکە هەموو خەرجییەکی کەسییان لەسەر گیرفانی خۆیان ئەنجام دەدا،

زۆرجار کارو چالاکیش هەر لەسەر گیرفانی خۆیان بوو، بەڵام بیرکردنەوە لە فراوانکردنی کارەکان و کارکردن بۆ هەندێک کارو چالاکی، دەبوویە هۆی ئەوەی ڕێکخراوەکە پێویستی بە پارە بێت، بۆ ئەو مەبەستەش کەیوان پەیڕەوی لە نەریتێک دەکرد لەناو ڕێکخراوەکەیدا، ناویشی لێنابوو قەرزی خوا (قرض الله).

هەربۆیە بۆ کۆکردنەوەی داهات، هەر ئەندام و قوتابیەک دەبوو لە هەر کۆبوونەوەو وانەو دانیشتنێکدا بەپێی توانا شتێک پارە ببەخشێ، هەندێک لە ئەندامەکان باری داراییان خراپبوو، بەڵام هەر بەشدارییان دەرکردوو پارەیان دەدا، هەندێکی تریان لە باشترین بارودۆخی ئەوکاتەدابوون، ماڵیان لەگەڕەکە زۆر دەوڵەمەندەکانو ماڵە زۆر هەبووەکان بوو، هەرچییان بویستایە لەماڵەوە لەبەردەستیاندابوو، بۆیە لەمبارەشدا ئەوان دەستکراوەبوونو یارمەتی دارایی باشیان پێشکەش دەکرد، کەیوانیش خۆی پێشەنگ بوو لە بەخشینەکاندا، بەرپرسی دارایی ڕێکخراوەکەش (دارا) بوو.

وردە وردە توانای دارایی ڕێکخراوەکە زۆر باشبوو، تا وای لێهات ماتۆڕێکیان کڕی بۆ کارو چالاکی، زۆربەی کات ماتۆڕەکە بە (ئەکرەمو دارا) بوو، هەروەها پاسێکی هەژدە نەفەرییان لە جۆری (ڕینۆ) کڕی، ئەم ماتۆڕو پاسەیان بۆ هاتوچۆ بەکاردەهێنا، پێی دەچوون بۆ باینجانو بازیانو تەنانەت ڕانیەش، چونکە ماڵی ئەحمەدی موزەمید لە کۆمەڵگەی زۆرەملێی باینجان و دکتۆر لوقمان لە بازیان بوو.

بەڵام ماوەیەک بەر لە دەستگیرکردنیان ماتۆڕەکەیان دزرا، لەو کاتەدا ماتۆڕەکە لای دارابوو، ئەوەش بەمجۆرەبوو: کاتێک دارا گیرابوو بە سەرباز، لە سەربازگەیەک لە دەوروبەری سلێمانی ڕاهێنانی سەربازی دەکرد، ڕۆژێک تا هاتبووە دەرەوە ماتۆڕەکەی دزرابوو، دواتریش پاسەکەیان فرۆشت.

(١٦)

ئەمن پێشتر زانیاریی لەسەر کەیوان و هاوڕێکانی هەبوو؟

وریاو ژمارەیەک لە گەنجی گەڕەکی ڕزگاری لە نزیک مەسـلەحەکە، لەگەڵ ژمـارەیەک خەڵکی کۆڵانەکەیـان لەسـەر کۆڵانی مـاڵەکەیـان وەسـتابوون و چاوەڕێی جەنازەیەکیان دەکرد کە لە شـەڕی (ئێران - عێراق) کوژرابوو بگەڕێتەوە، لەو کـاتەدا مولازم عەلی و مەفرەزەکەی بەلای ئەو گەنجانەدا تێدەپەڕێت، پاش کەمێک دوورکەوتنەوە دەگەڕێتەوە، لێیان دەپرسـێت ئەوە چیدەکەن لێرە؟ ئەوانیش پێیدەڵێن بۆ شـتێکی لەو جۆرە وەسـتاوین، پاشـان داوای ناسـنامە لە گەنجەکان دەکات، پاش سـەیری ناسـنامەی ژمارەیەکیان، لە وریاش دەپرسـێت ناسـنامەکەت، ئەویش دەڵێت ناسـنامەم پێنییە، چونکە لەو کاتەدا وریا تەمەنی تەنها پانزە سـاڵ بوو، هیچ بە پێویسـتی نەدەزانی ناسـنامە هەڵبگرێت، مولازم عەلی دەپرسـێت ناوت چیە؟ وەلامی دەداتەوە: ناوم (وریا)یە، ئەویش سـەرێک ڕادەوەشـێنێت و دەڵێت باش، پاشـان بەرەو غاباتاکەی ڕیعایە شـەباب دەڕۆن، کە زۆر جار کەیوان و هاوڕێکانی لەوێ یارییان دەکرد، لە هەمانکاتدا شوێنی کۆبوونەوەو وانەخوێندنەکانیان بوو.

ئەم ڕووداوە تێدەپەڕێت، بەبێئەوەی وریا ئاگاداری هیچ شـتێک بێت، پاشـئەوەی دەسـتگیر دەکرێت و لەو کاتەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت، لە ژووری لێکۆڵینەوە مولازم عەلی بە وریا دەڵێت: " وریا ڕۆژەکەت لە بیرە کە لەسـەر کۆڵانەکە چاوەڕێی جەنازەکەتان دەکردو منیش داوای ناسنامەم لێکردن؟".

ئەم زانیاریی و ڕووداوە وەک زەنگێک لە زاکیرەی وریا دەدات، بۆ ڕووداوێـک کە هیچ تەرکیزی لەســـەر نەبووەو هیچ جێگەی بـایەخی نەبووە، بەڵام بێئاگا لەوەی مولازم عەلی هەر لەو کاتەوە زۆر بە وردی چاودێری کەیوان و هاوڕێکانی و ورياو کەمالی برای کردووەو ئاگاداری کارەکانیان بووە، بەڵام دەکرێت وەک تەڵەیەک بە زوویی دەســـتگیریی نەکردوون بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتریان دەسـتبکەوێت و ژمارەی زۆرتر بەهۆی ئەو ڕێکخراوەی کەیوان و هاوڕێکانیەوە دەســـتگیر بکەن و بۆ خۆشـیان دەسـتکەوتێکی گەورەترو چەورتر پێشـکەش بە گەورەکانیان بکەن، پاشـــان خەڵات و دیاریی و پلەبەرزکردنەوەکانیشـیان لەسـایەی خوێنی ئەم گەنجە بێگوناحانەوە زیاتر بێت.

(١٧)

کەیوان بۆچی (د.لوقمان)ی نارد بۆ ڕانیە؟

ڕۆژی ٥ی ١١ی ١٩٨٨، واتە نزیکەی مانگ و نیوێک بەر لە دەستگیرکردنی خۆی و هاوڕێکانی، کەیوان هەوڵی چوونە دەرەوە دەدات بەرێگەی ڕانیەدا، بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕێگەکەو گەڕان بەدوای دەرفەتێکدا، سەرەتا د.لوقمان دەنێرێت بۆ ڕانیەو لەوێ دەچێتە ماڵی کاک (تەها بابەکر)، کە یەکێک لە پێشمەرگەکانی ئەو کاتە بووەو هەمیشە ماڵی وەک وێستگەی گواستنەوەو ڕێپیشاندان وا بووەو هەرکەس ویستوویەتی بچێتە دەرەوە بۆ شاخ، یان لە شاخەوە بگەڕێتەوە بۆ ناو شار، ماڵی کاک تەها کە خۆی ئەندامی بزووتنەوەی ئیسلامی بوو شوێنێکی ئەمین بووەو توانا داراییەکەشیان یارمەتیدەری ئەو کارەیان بووە، دیارە د.لوقمان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە کاک تەها دەناسێت و ماڵەکەی دەزانێت، ئەویش ڕێنمایی دەکات بۆ لای گەنجێک کە تازە بە تازە لە شاخ گەڕاوەتەوە بەناوی (موحەممەد قادر) کە بە (حەمەسور) ناسراوە، کاک تەها بە کاک حەمەسور دەڵێت: " کاک حەمەسور، ئەم برایە ناوی کاک لوقمانەو پیشەی یاریدەدەری پزیشکەو برایەکی پابەندە بە دینەوەو خەڵکی بازیانەو لەلایەن ڕژێمەوە فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووەو دەیەوێت بچێتە دەرەوە بۆ ناو پێشمەرگە، بەڵکو هاوکاری بکەیت"، حەمەسوریش وەڵامدەداتەوە " بەسەرچاو، هەرچی بە من بکرێت دەیکەم، بەڵام ئێستە ڕژێم زۆر بە توندی هەموو ڕێگاکانی سەر سنووری گرتووەو زەحمەتە بتوانین بچینە دەرەوە، با پەلە نەکات و ساڵی ئایندە بەسەرچاو بەیەکەوە دەڕۆین"، حەمەسوور دەڵێت: بۆیە ڕووم لە کاک لوقمان کردو گوتم: " ئەگەر دەتوانیت ئەمساڵ خۆت بشارەوە، بۆ بەهار وەرەوە خۆشم دەگەڕێمەوە لەگەڵ خۆم دەتبەم"، لوقمانیش دەڵێت:" دەچمەوە بۆ سلێمانی و وەڵامت بۆ دەگەڕێنمەوە"!

"دایە زۆر دڵم لەم کوڕانە دەترسێت!"

پـاش هەفتەیەک، د.لوقمـان دەگەڕێتەوە ڕانیە، ئەمجـارەیـان بە هاوڕێیەتی کەیوان خۆی، سـەرەتا دەچنە دوکانەکەی حەمەسـور، کە لە نانەواییەک ئیشـی کردووە، پاشـان لەگەڵ خۆی دەیانباتەوەماڵەوە، پاش بەخێرهێنـان د.لوقمان بە حەمەسـور دەڵێت:" ئەم برایە نـاوی کەیوانە لەگەڵمەو خەڵکی هەڵەبجەیە، هەمان داواکاری یارمەتیدان و ڕێپیشـاندانی هەیە بۆ چوونە دەرەوەو چوونە شاخ"، حەمەسور دەڵێت:" برام ئەمساڵ ئارام دەگرین و سـاڵی ئایندە دەڕۆین"، پاش ئەم وەڵامەی حەمەسـورو دوای هەوڵـدان، کەیوان دڵنیـا دەبێتەوە لەوەی جـارێ نـاتوانن بچنە دەرەوەو پێویسـته بەم زسـتانە ئەو ڕیسـکە نەکات و ئارام بگرێت تا بەهـاری داهـاتوو، ئەوسـا ئەو گەشـته پڕ چێژە دەکات، کە خەباتی چەکداری و ژیانی پێشمەرگایەتی یەکێک لە خۆزگەکانی بوو.

لەو دیدارەدا، کەیوان پرسـیاری (موحەممەد هێواش) لە حەمەسـوور دەکات، حەمەسووریش دەڵێت: "بەڵێ دەیناسـم، ئەو ئێستە پێشمەرگەیەو لە شـاخە"، دیارە کەیوان پێشتر موحەممەد هێواشی ناسیوە، وەک ئاسۆ مەحمود دەڵێت: "کەیوان زۆرجـار نـاوی موحەممەد هێواشـی دەهێناو ئاماژەی بە شـیعرەکانی دەکرد، لە نووسـینەکانیشـیدا هەر نموونەی بە شیعرەکانی دەهێنایەوە".

حەمەسـوور باسـی ئەو دیدارە کورتەمان بۆ دەکات و لەبارەی یەکەم بینینی کەیوانەوە بۆمان دەگێڕێتەوە: دەتوانم بڵێم ئەو کاتەی من کەیوانم بینی زۆر منداڵکار بوو، تەمەنی تەنها شانزە ساڵ بوو، لە هەمانکاتدا دەم و چاوو لاشـەی کەمتر لە تەمەنیشـی پیشـان دەدا، دەم و چاوێکی سـپی جوانی ڕوونی هەبوو، باڵای مـامناوەند بوو، بەڵام ژیریی و توانـایی و شـارەزاییە زۆرەکەی لە قورئان و شـەرع و فەرموودەو ئاین زۆر پێش تەمەنی کەوتبوو، ئەوەی لە کەیوانم بیسـت و بینی لەو نیو سـەعاتە لە

ماڵی خۆمان هەرگیز چاوەڕێی نەبووم ببیبیستم و ببینم، یەکەم شت کەیوان پرسیاری کرد لەبارەی چەکێکەوە بوو کە لە ژوورەکەدا دانرابوو، گوتی:" ئەو چەکە هی کێیە؟" منیش وەڵامم دایەوەو گوتم: هی کوڕێکی زاوامانە، چەکداری حکومەتە، کەیوان گوتی :" گرنگ ئەوەیە بۆ ئیسلام و چاکەی خەڵک بەکاریبهێنێ"، منیش گوتم : "ان شاءالله"، پاشان پرسیاری زۆری لەسەر ژیانی شاخ و پێشمەرگە لێکردم، پرسیاری قەڵاتووکان و هێزی بزووتنەوەو زۆر بابەتی تر پەیوەندیدار بە تێکۆشانی چەکدارییەوە دژی ڕژێمی بەعس، پاشان کەیوان و لوقمان هەستان ڕۆیشتن، لەگەڵ ڕۆیشتنیان من ڕوومکردە دایکم و گوتم: " ان شاءالله هیچ نابێت، بەڵام دایە من دڵم زۆر لەم دوو کوڕە دەترسێت!".

دوای ئەم دووجارە لە بینینی د.لوقمان و ئەم یەکەم دیدارەش لەگەڵ کەیوان، ئیتر من ئەم دوو گەنجەم نەبینیەوە، هیچ هەواڵێکیانم نەدەزانی، تا ئەو کاتەی دەستگیرکرام و ئینکاریم دەکرد لەوەی پەیوەندیم بە کەسەوە هەبێت، لە پڕ دوو ئەمن هەر لە ئەمنی ڕانیە کەیوانیان هێناو ڕووبەڕوویان کردمەوە! ئیتر لێرەوە چیرۆکی من و لێدان و ئەشکەنجەو ژووری تەنهایی زیندان و هەڵواسین و کارەبا دەستیپێکرد، کە درێژترین چیرۆکی ژیانمە.

لە بارەی سەردانەکەی کەیوانەوە بۆ ڕانیە، ئاسۆ مەحمود دەڵێت: پێش ئەوەی دەستگیربکرێین، کەیوان باسی ئەم سەردانەی خۆی و د.لوقمانی کرد بۆ ڕانیە، هەروەها باسی حەمەسوورو دایکی حەمەسووری بۆ کردم، ئەگەرچی بۆی باس نەکردم کە بۆچی چووە، بەڵام من وا دەزانم یەکێک لە هۆکارەکانی چوونی کەیوان بۆ ڕانیە ئەوە بوو کە بەرنامەو ڕێگەی پاشەکشە دابنێت پاش جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەیەکی گەورە کە کەیوان بەرنامەی بۆ دانابوو، واتە گەڕان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ دەرەوە بەشێک بووە لە پلان و بەرنامەیەکی گەورە، کە دواتر باسی ئەو پلان و بەرنامە گەورەیە دەکەین.

(١٨)

چالاکی ڕێکخراوەکە دژ بە ماشێنی بەرهەمهێنانی بەدڕەوشتی

بۆ ئەوەی لە هەندێک لە چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە تێبگەین، پێویستە سەرەتا ئاشنای بەرنامەی حزبی بەعس و سەددامی سەرۆک و سەرکردەی حزبەکەیان بین، تا بزانین چەند نیازی گڵاو بووە بەرانبەر گەلانی مسوڵمانی عێراق، ئەمەش وەک بەشێک لەو بیروباوەڕەی کاری لەسەر دەکردو خەڵکی لەسەر پەروەردە دەکردو بۆ برەوپێدانی هەموو ئامارازێکی دەگرتەبەر، دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە.

شارێکی مسوڵماننشین بەبێ مزگەوت

پێش ئەوەی حزبی بە عس دەست بەسەر عێراقدا بگرێت، کۆمەڵگەی عێراقی و پارێزگاکانی کوردستانیش کۆمەڵگەیەکی زۆر پابەند بە ئادابە گشتییەکان و پابەندییە ئایینییەکان بوو، دیاردەی خواردنەوەی کحولی و جل و بەرگی نیمچە ڕووت و وروژێنەری ئافرەتان و شوێنی ڕابواردن و ئاهەنگی تێکەڵاوی دوور لە ئادابی کۆمەڵایەتی و ئاینی و شوێن و ماڵی لەشفرۆشی زۆر بەکەمی دەبینران، بەڵام لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵاتی عێراق لەلایەن حزبی بەعسەوە لە ساڵی (١٩٦٣) و بەتایبەتتر لەدوای ساڵی (١٩٦٨)ەوە، ئیتر حزبی بەعس لە ئاستی ناوخۆیی کەوتە دژایەتی ڕەوشت و بەها باڵاکان، دژایەتی ئاین و ئاینپەروەرەکان، دژایەتی لەچک و باڵاپۆشی.

حزبی بەعس هەموو هێزو توانای خۆی و سوپاو دەوڵەت و دامەزراوەکانی بەکاردەهێنا بۆ کاڵکردنەوەی ئاینداریی و پابەندی ئاینی و لەچک و باڵاپۆشی و دەست و داوێنپاکی. بە بەرنامە کاریدەکرد بۆ

بڵاوکردنەوەی بەدڕەوشـــتی و زۆرکردنی یانەکانی مەینۆشـــی و ماڵ و یانەو شـــوێنەکانی لەشـــفرۆشـــی. لەهەر شـــارێک شـــوێنێکی دژە دین هەبووایە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەمن و ئەفســـەرەکانیان پشـــتیوانیان دەکردو هانیاندەداو دەیانپاراست.

کۆتایی ســالّی (١٩٨٨) و ســەرەتای ســاڵی (١٩٨٩)، حکومەتی بەعس (هەڵەبجەی تازە)[1]ی دروســتکرد بۆ ئەو هاووڵاتیانەی دوای کارەســاتی کیمیابیبارانەکە لە هەڵەبجەو هەورامان و خورماڵ و شـــارەزوورەوە پەڕاگەندە بوو بوون، یان ئەو خانەوادە هەڵەبجەییانەی پاش کارەساتەکە لە ئۆردوگاکانی ئێرانەوە گەڕابوونەوەو لە شـــاری ســـلێمانی و شـارۆچکەکانی دەوروبەری نیشـتەجێبوون، حکومەتی بەعس شـارەکەی ناو نا (صـــدامیة حلبجة الجدیدة)، لەو شـــارە گەورەیە کە هەزاران هاووڵاتی تێدا دەژیان حکومەتی بەعس هەموو فەرمانگەکانی دروستکرد، کەچی نە خۆی مزگەوتێکی بۆ خەڵک دروستکرد، نە ڕێگەشی دەدا کەس مزگەوت دروست بکات.

خەڵک بە پێ چەندین کیلۆمەتر ڕێگەیان دەبڕی تا بگەنە شـارۆچکەی (زەڕایەن)ی نزیک لە هەڵەبجەی تازە بۆ ئەوەی بەشـداری نوێژی هەینی بکەن، چەندین هاووڵاتی و چەندین مامۆســـتا لە ڕێگەی فەرمانگەکانی حزبی بەعس و قائیمقامییەتەوە هەوڵیاندا زەوییەک بۆ دروســـتکردنی مزگەوت وەربگرن، بەڵام حکومەتی بەعس ڕازی نەدەبوو، تەنانەت خەڵک ئـامـادەبوون بە پـارەی خۆیـان زەوییەکەش بکڕن، تەنهـا حکومەت ڕەزامەندی بدات، بەڵام ئەوان ڕێگەیان نەدەدا، دۆخەکە بەمجۆرە مایەوە

---

١ - هەڵەبجەی تازە، گەورەترین شـارۆچکەی قەزای شـارەزوورەو لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای سلێمانیە، نزیکەی چل کیلۆمەتر لە شاری سلێمانیەوە دوورە، لە ئێستەدا لە هەڵەبجەی تازە نزیکەی (١٠٠,٠٠٠) هاوڵاتی دەژین، هەروەها نزیکەی بیست مزگەوت و سی قوتابخانەو باخچە هەیە کە هەموو مزگەوتەکان لە دوای ڕاپەڕین دروستکراون.

تـا ڕاپەڕینی بەهـاری ســـــاڵی (١٩٩١)، کەچی حکومەتی بەعس مۆڵەتی دابوو بە یانەیەکی خواردنەوە لە ناوەڕاسـتی شـارەکەدا، نەوەک مۆڵەت، بەڵکو پشـتگیرییشـیان دەکرد! ئەمە ئەو شـارەبوو کە سـەددام بە ویسـتی خۆی و حزبەکەی دروســــتیکرد بۆ خەڵکێک کە زۆرینەی زۆری پابەند بوون بە ئاینی پیرۆزی ئیســــلامەوەو نوێژخوێن بوون، شــــارێک بە یانەیەکی خواردنەوە کحولییەکانەوە بەبێ مزگەوت! دۆخەکەش بەمجۆرە مـایەوە تـا ڕاپەڕین، لە چەنـد ڕۆژێکی کەمی دوای ڕاپەڕینەوە خەڵکی هەڵەبجەی تـازە یەکەم مزگەوتیـان دروســـتکردو نـاویـان نـا مزگەوتی (ڕاشـیدین)، پاشـان مزگەوتی گەورەی شـارەکە بەناوی مزگەوتی (حیرا) بەمجۆرە شارەکە گەڕایەوە بۆ سروشتی سیما مسوڵمانێتیەکەی خۆی.

دژایەتی حزبی بەعس گەیشـتبووە ئەو ئاسـتەی کە لە سـاڵی خوێندنی (١٩٨٨ - ١٩٨٩) کۆتـا هەڕەشـــەیـان لە مـامۆســـتـا لەچک بەســـەرو باڵاپۆشـەکان دەکرد کە ئەگەر بەردەوام بن لە باڵاپۆشـی، ئەوە ڕێگەیان پێنادرێت لە وەزیفە بەردەوام بن و بۆ هەمیشـە لە وەزارەتی پەروەردەو پیشەکەیان دەردەکرێن!

سوپا بەد "ڕەوشت"ەکە

بێگومـان بەدڕەوشـــتی گەورە کوشـــتنی مرۆڤی بێتـاوانە، زیندەبەچاڵکردن و ئەنفالە، سـەندنەوەی ئازادییە لە خەڵک، خۆسـەپێنی و دیکتاتۆرییەتە، بێبەشـــکردنی گەلێکە لە مافە ســـیاســـی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆو داگیرکردنی خاکەکەیەتی، بەڵام لەپاڵ ئەم بەدڕەوشـتیانەدا، سـەددام و حزبی بەعس و حکومەت و ســـوپاکەی بەدڕەوشـــتییەکی تریشـــیان هەبوو، کە کاریان بۆ دەکردو مەبەسـتیان بوو هەموو کەس وەکخۆیان و سـەرکردەو سوپاو ئەفسـەرە بەدڕەوشـــتەکانیان لێبکەن، ئەویش بەدڕەوشـــتی کۆمەڵایەتی و دژایەتی

ئاین و بەهابالاکان بوو، کە ئەگەر هەر ولات و گەلێک ئەم بەدڕەوشتییەی تیادا بلاو بوویەوە ئیتر ڕووخان و ئاوابوونی خۆری دەسەلاتەکەی مسۆگەرە.

لەمبارەیەوە جارێکیتر قەلەمەکەم دەدەمەوە دەست (م.نوری فارس حەمەخان)، تا چیرۆکی سوپا بەدڕەوشتەکەمان بۆ بگێڕێتەوە، ئەو هەرچی دەگێڕێتەوە یان خۆی بینیوەتی یان زانیاریی تەواوی هەیە لەسەری، بە ڕادەیەک باوەڕی بە زانیارییەکانی هەیە پێی وایە "ڕژێمی بەعس بەدڕەوشتی ڕووخاندی"، وەک دەلێت: "من شتەکان وەکخۆی دەگوازمەوە، هەتا بیکەم بە بەلگە لەسەر ئەوەی دەولەتی عێراقی لە کاتی حکومڕانی حزبی بەعسدا بەدڕەوشتی و سەرسەریتی و مێبازی و نێربازی ڕووخاندی نەوەک شتی تر"[1].

لەو بارەیەوە م.نووری فارس بەردەوامە لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی و دەلێت: بەندە کاتێک لە نەخۆشخانەی سەربازی کەرکوک بووم، کابرایەکی لێبوو ناوی (نەقیب بوور ...) بوو، خەلکی دەوری حەویجە بوو، من ناسراوییەکی کۆنم هەبوو لە گەلیدا، لە لیوای چواری فەیلەقی یەک پێکەوە بووین، ئەو پلەکەی ئەو کاتە ڕەئیس عورەفا بوو، هەموو جارێک دەهات بۆ لام بۆ واسیتە، منیش بە پێی توانا یارمەتیم دەدا، لەبەرئەوەی چلکاوخۆرێکی چاکی ڕژێمی دژ بە مرۆڤایەتی بەعس بوو، بە زوویی پلەکەی بەرز بوویەوەو بوو بە (نەقیب)!. ئەم کابرایە زۆر ڕقی لە کورد بوو، ئەندامی تیپی ئەشکەنجەی گیراوە کوردەکان بوو، کوردێکی زۆر لەناو نەخۆشخانە هەبوون، کە هەموویان لە بەشی خزمەتگوزاریی و کرێکاریدا بوون، وەک کەناس و خۆلڕێژ و شۆفێر و هونەریی و کارەبایی و بۆیەریی، بەشی جلشۆردن و ئوتوکردن و

---

[1] – مامۆستا نوری فارس حەمەخان (٢٠٢٢): جاشنامە، پێشتر ئاماژە بەم بەسەرچاوەیە کراوە.

ئەمجۆرە ئیشانە، بەشێک لەم خاوەن پیشانە ژن بوون، زۆرینەی کوردی مەرد بوون، مەگەر چەند حاڵەتێکی ڕیزپەڕ نەبێت.

جا ئەم کابرایە گەلێکجار گەڕی بە کوردە بێتاوانەکان دەکرد، دەیبردنە ژوورێکی تەنیا، دەست و پێی دەبەستنەوە و هەتا ئاستی بوورانەوە بە قامچی و کێبڵ لێیدەدان، گەلێکجار وای لەم کوردە بێ کەسانە دەکرد تەنها بۆ ئەوەی قامچیە نوێیەکەی تاقیبکاتەوە. یەکێک لەم کوردە مەردانە لە ژێر قامچی و دارکاری ئەم ستەمکارەدا گیرۆ گەواڕ بوو، ناوی عیزەدین ڕەشید بوو، خەڵکی شۆڕیجەی کەرکوک بوو، بە فیتی دوو نائیب زابت بەناوەکانی (لەتیف حەسەن) و (نەجم) کە تورکمان بوون، هەموو تۆمەتەکەش ئەوەبوو گوایە (خزمەکانی پێشمەرگەن)!

ئەم کابرایە (واتە نەقیب بوور ...) زۆر داوێن پیس بوو، گەڕی بە ژنە کوردەکان دەکرد، هەڕەشەی بەندکردن و لێدان و گواستنەوەو دەرکردن لە خزمەت و شتی تری وای لێدەکردن، یەک دوو گەوادی ژن و پیاوی هەبوو گەوادییان بۆ دەکرد، بەڵام کوردەکان بەشێوەی گشتیی مەرد بوون، مردنیان قبوڵ دەکرد، بەڵام حیزی و دزییان قبوڵ نەدەکرد، سەیر لەوەدابوو کەس سکاڵاو شتی لەمجۆرە کوردە داماوانەی نەدەپرسی، چەندین یاداشت و سکاڵانامە بەدەستی خۆم بۆم دەنووسین و بە چەندین واسیتەو ڕاسپاردەوە پێشکەش بە سەرکردە و بەڕێوەبەری ئەمنی فەیلەق و سوپاو بەرپرسی نەخۆشخانەو فەرماندەی ئینزیبات و فەرماندەی شوێنەکان دەکرا، هەمووی بایی پولێ بوو، چونکە خۆشیان هەر وابوون، وەک لیوا ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری، سەرۆکی فیرقەی دووی سوپا لە کەرکوک، لەسەردەمی خۆیدا وەک خۆیان دەیانگوت"خوا"ی باکور بوو، چەندین "گەواد"ی هەبوو لە ژن و پیاو، بە ئۆتۆمبیل و پاسەوانی زۆرەوە لەناو شاری کەرکوک بە بەرچاوی خەڵکەوە لەبەردەمی دۆستە حەرامەکانی دەوەستان، هەتا جەنابی لە

ژوورەوە لە کاری خێر دەبێتەوە، وە کۆمەڵە گەوادەکان بە خاولییەوە بۆ ناوگەڵ سڕین دەچوون بە پیرییەوە!

جاریکیان ئەم (نەقیب بوور...)ە ناردی بەدوامدا، کە چووم بۆ ژوورەکەی بینیم ژنێکی باڵاپۆشی عەشایەری ڕێزدار لەلای دانیشتووە، ژنەکە لەبەرم هەستا، بەخێرهاتنێکی جوانی کردم، دوایی نەقیب بوور گوتی:" ئەبو سەلاح، ئەمە خێزانمەو ئەمەشیان دایکییەتی، جا وا من هەتا دەرەوە دەچم، نزیکەی سەعاتێکم پێدەچێت، ئەمانە پرسیاری شەرعییان هەیە، ئەگەر پێویستتان بە من بوو من لەلای حانووت دەبم، بنێرە بەدوامدا دێمەوە، خوا حافیز، خواحافیز". دوای ڕۆیشتنی نەقیب بوور، ژنەکە گوتی: مامۆستا من هاوسەری ئەم نەقیب بوورەم، بەڵام بەخودا نە ئەو هاوتای منە و نە من هاوتای ئەوم، من کچی عەشیرەتم، مەردم و کەم و کورتیم نییە، بۆ جوانیش ئەمەم وا لە پێشچاوت، بەڵام ئا ئەمە حەویجەیە لە پەنای کەرکوکدا، بە دوو مانگ و سێ مانگ من ئەم مێردەی خۆم نابینم، دوایی کە سۆراخم کرد سەیرەکەم خەریکی داوێنپیسی و چەتیوبازی و نێربازییە!

پاشئەوەی یەک دوو کەسم نارد بە دوایدا بێتەوە، بەڵام هەر نەهاتەوە، ئەوەتا ئێستا خۆم لەگەڵ دایکمدا هاتووم، ئەوە دوو سەعاتە لەم ژوورەم، ئەوەی کە نەشێ پێم کردووە، بەڵام هیچ سودی نیە، وەک ئاسنی سارد کوتانە، ئەو پێی گوتم: ئێمە لە سوپا مامۆستایەکمان هەیە، پیاوێکی بەڕێزە، دەنێرم بە شوێنیدا، ئەو چی بڵێت من بە گوێی دەکەم و لە قسەی دەرناچم، جا منیش داوا لە بەڕێزت دەکەم چارەسەرێکم بکەیت و لەم کێشەیە خۆم و ماڵ و منداڵم ڕزگار بکەیت.

منیش ئەگەرچی دەمزانی چەپەڵی و پۆخڵی نەقیب بوور تا چ ئەندازەیەکە، بەڵام ویستم پلە بە پلە بچینە ناو کێشەکە، گوتم: جا کێ دەڵێت ئەم قسانەی کە بۆ تۆ کراون ڕاستن، ڕەنگە سەرقاڵی و مەشغوڵی

حزبی بێت. ژنەکە گوتی:" دەفەرموو"، ئەوجا جانتایەکی بچکۆلەی دەرهێنا و کردیەوەو دایە دەستم، تەماشام کرد پڕ بوو لە وێنەی کەیف و سەفای کابرای مێردی، لەگەڵ کچەتیوی ڕووت و قووتدا لەناو کۆڕی ئارەق و بادەنۆشیدا! پڕیبوو لە وێنەی ڕووت و قووتی ئاشکرا، بەشێوەیەکی ناشیرینی وا کە هیچ هەڵەتێکەیشتنێک هەڵنەگرێت!

من بەشبەحاڵی خۆم واقم وڕما کە ژن هەبێت ئا لەو پلەو پایەدا بێت و ئەوەندە بێ حەیاو شەرم بێت لەگەڵ کۆمەڵێک پیاوی بێگانەدا لەوپەڕی وروژاندنی سێکسیدا، ئەو هەموو وێنە حەیابەرانە، بە ڕووتی و لە پێشەوەو لە دواوەو بە دانیشتنەوەو بە پێوەو لەسەر هەموو شێوازێک مەگەر هەر بەخەیاڵی شەیتانا هابتێت. لە هەمووی سەیرتر لەلام ئەوە بوو کە کۆمەڵێک کەسی بە حساب "زۆر بەڕێز"م بینی لەناو وێنەکاندا!

دوایی (نەقیب بۆر...)م بانگکرد، سێجار دەستیدا بە قورئاندا کە ئیتر واز لەم کارە دزێوانە دەهێنێت، وە هەموو مانگێک ئەگەر لە یەکە سەربازییەکانی کەرکوک و دەورووبەری بوو دوو شەو یان زیاتر بچێتەوە ناو ماڵ و منداڵی، وە سێجاریش تەلاقی خوارد کە ئەم سوێندە نەشکێنێ، ئەگەر شکاندی و چووەوە سەر ئەم بەدڕەوشتیە ئیتر فڕی بەسەر ئەم ژنەیەوە نەمێنێت، هەردوولا بەمە ڕازی بوون.

لە ڕاستیدا سەرچاوەی ئەم وێنە سەیرو ڕوون و ئاشکرایانە لەو کاتانەدا هەواڵگری سەربازی و ئەمن بوون، لەمجۆرە کۆڕو دانیشتنانەدا بەجۆرەها فڕو فێڵ کامێرەی شاراوەیان هەبوو لەمجۆرە شوێنانە دەیانشاردەوە، دوایی پیشانی خاوەنەکانیان دەدا و هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکرد ئەگەر بە ملیم لە هێڵی نۆکەری ئەوان دەربچن، بەم وێنانە ڕیسوایان دەکەن! ئەمجۆرە وێنە ئابڕووبەرانەیان بۆ زۆر خەڵک بەکاردەهێنا، بەتایبەت بۆ مامۆستایانی ئایینی و ڕەگەزی مێ و گەورە پیاوانی ناودار!

پاش ماوەیەک نەقیب بوور بەڵێنەکەی شکاند، پێیگوتم: "ئەبو سەلاح تۆ زۆر فەقیری، وادەزانی ئەم سەردەمە سەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەرە، ئەم وڵاتەی ئێمە لە پاریس و هۆلیود خراپتری لێهاتووە، تۆ ئاگات لە چییە؟ هەرکەسێ لەم ئەفسەرو دوکتۆرانەی نەخۆشخانەی سەربازی کەرکوک بگریت، بەتایبەتی ئەفسەرەکانی فەیلەقی یەک، دە ئەوەندە وێنەی لەم بابەتەی هەیە، برۆ سەیری تاقیگە بکە، هەرچی ئەفسەرو ژنە ئەفسەر هەیە هەموو تووشی زوهری و سفلس و نەخۆشی جنسی بوون، ئەم دەرمان و چارەسەرە نەبێت سوزەن و نەخۆشی داوێن بە دوو ساڵ هەموو خەڵکەکە تەواو دەکات"، دواتر گوتی: "ئەمشەو سەعات نۆ خۆت بگۆڕەو بەرگی مەدەنی (چاکەت و پانتۆڵ) لەبەر بکە، من دێم بە دواتدا دەچین بۆ یانەی ئەفەسەران (نادي ضباط)، لەوێ شەرحی تەواوی ئەم پرسەت بۆ دەکەم، من مەبەستم ئەوەیە کە تۆ ئەم ژنەی من بە پارەو زێڕو زیوو و دیاریی و شتی تر دەمکوت بکەیت و پێی بڵێیت خەڵکیتریش هەروەک (نەقیب بوور ...) وان و ژنەکانیشیان لەبەر بەرژەوەندی منداڵەکانیان هیچ ناڵێن و ماڵ و منداڵ لە خۆیان تێک نادەن، ئەگەرنا بەخودا من کەوتوومەتە ناو گێژاوێکی سێکسی و بەد مەستبوون و قومارەوە، بە هیچ شێوەیەک ناتوانم خۆم لە چنگی قوتار بکەم، ئەوانیتریش هەر وان".

بە کورتی شەو سەعات نۆ لەسەر بەڵێنەکەی خۆی هات بەشوێنمدا، گوتی: "قەینا ئەمشەو ناچین بۆ یانەی ئەفسەران، ئێستا دەچین بۆ شوێنێک کە تۆ هەتا هەتایە باسی بکەیت، من دەزانم تۆ نووسەری و کتێب و شتی تری وا دادەنێیت، بینینی ئەمجۆرە شوێنانە بۆ تۆ فەرزی عەینە".

یا ئەڵڵا، چووین بۆ مەلەوانگەی ئەفسەرانی سەربازیی، کە لە نزیک باخچەی ئەلڕەبیعین بوو، مەرجی چوون بۆی دەبوو ئەفسەر لەگەڵ

هاوسەرەکەی بچێت، ئەفسەرێ دەچێت دەبێت هاوبەشی هەبێت و پارەی مانگانە بدات، شەوانی هەینیش ئەفسەر بۆی هەیە میوان بهێنێت، بەڵام هەندێک ئەفسەر هەبوون، ئەوانە بەعسی گەورە بوون، یان ئەفسەری ئەمن بوون، ئەوانە لەم مەرجانە بەخشرابوون و ڕێگەپێدراوبوون چۆن و کەی ویستیان بچن!.

کاتێک گەیشتینە مەلەوانگەی ئەفسەران، چی ببینین خوایە، بەرەڵایی لە پلەی یەکەمدا، هەرچی بە پێچەوانەی ئاین و ڕەوشتی بەرز بێت لەوێبوو، نزیکەی سەدوو پەنجا کەسێ ژن و پیاوو منداڵ هەبوون، کارمەندێکی زۆر لە هەموو جۆرێک لەوێ هەبوون، زۆر بە وریایی کارەکانیان ئەنجام دەدا، منداڵ و منداڵکار هەموو نیمچە ڕووت، پیاوەکان تەنها شۆرتێکی کورتی زۆر تەسکیان لەبەردابوو، هەموو سەرخۆش و مەست، بوتڵەکە هەر بەدەستیانەوە بوو!

ژنەکانیش هەموو ڕووت و قوت، تەنها پارچە قوماشێکی بچوکی تەنک و تەسک نەبێت کە تەنها ناوگەڵ و مەمکیانی داپۆشیبوو، ئیتر هەموو گیانیان ڕووتی ڕووت بوو! لە هەندێک شوێن گڵۆپ و چراکانیان کز کردبوو، بەحاڵ یەکتری دەناسرایەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ کورسی جوان، دوو دوو، سێ سێ، بۆ کەسانێک دەیانویست دەستبازی و هەندێک شتی تر ئەنجامبدەن، چەند ژوورێکی بچوک بەناوی ژووری خواردنەوەو کافتریاو خۆ ڕووتکردنەوە هەبوون، بێگومان کرداری گەورەی سێکسی حەرام لەو پێچ و پەنایانەدا ئەنجام دەدرا، ئینزیبات و پیاوانی ئەمن و ئەمنی سەربازی بەوپەڕی تواناوە ئەم بەرەڵاییەیان دەپاراست و زەمینەیان بۆ ساز دەکرد!

م.نوری فارس حەمەخان کە خۆی شایەتحاڵێکی زیندووی سوپاو دامەزراوەکانی بەعسە، بەردەوامە لەسەر گێڕانەوەکانی و لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: بەڕێزان کێ بێت نەزانێت حزبی بەعس حزبی

بەرەڵایی بوو، دژی دین بوو، دژی خواو بەهـای بەرز بوو، دژی مرۆڤایەتی بوو، شارەکانی پڕکردبوو لە مەلهاو تیاترۆ، هەر بەرپرسێکی گەورەی بەعسـی هەبوو لە بابەتەکانی بەدمەسـتی و داوێنپیسـی و لەشفرۆشـی و دژە مرۆڤی بڕوانامەی ماجستێرو دکتۆرای هەبوو، ئیتر بۆ دەبێت ئەمەی لە مەلەوانگە و یانەکانی ئەفسەران ئەنجامیان دەدەن بۆ پلاندانان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی عەلمانی، کە مەبەست لە کۆمەڵگەی عەلمانی تەنیا ئەوەیە کە هەموو لەمپەرە ئاینییەکان وەلا بنرێن و خودای گەورە بخرێتە قەفەزی تۆمەتەوە گوایە: ئاین تاقە بەربەستی پێشکەوتنە!

دەی بەڕێزان ئەمەی کە باسـمان کرد پەیامی گڵاوی ئەم پارتە شەیتانیە بێت، بۆ دەبێت ئەمەی لەم یانانەدا ئەنجام دەدرا ئاسایی نەبێت یان نامۆ بێت؟ دەی دەبێت ئەمەی کە من بە چەند شـەوێکی میوانی ڕەچاوم کردبێت، دەبێت چی سەیرو سەمایەکی سەیرو ئەنتیکەی تر لەم مۆڵگە دۆزەخییانەدا بگوزەرێت؟

ئەو شـوێنە بەجۆرێک بوو کە لە سـەد هەنگاو دوورەوە بۆنی ئارەق و مەی و بادەو بیرەو مەزە، پیاوی مەسـت و کاس دەکرد، ژن و پیاو تێکڕژا بوون بەناوی مەلەوە، جا هەموو سـەرخۆش و شـەڕە ئاوو دەسـتبازی و بگرە ماچ و موچی حەرامیان دەکرد، بە بیانووی ئەوەی سـەرخۆشـن و ئاگایان لەخۆیان نییە و حەرەج مەرفووعەو بیانوو وا بەدەسـتەوە، لەمبەرەوە ماچیان بۆ ژنە جوانەکان هەڵدەدا بۆ ئەوبەر، جۆرەها قسـەی ناشـیرن و ئامـاژەی دوور لە ڕەوشـتی بەرز، مێردەکانیشیان چوونکە خۆشیان سودمەند بوون لە بارودۆخەکە، وە بە دەربڕینێکیتر وەک (ماکەو) ڕاویان بە ژنەکانیان دەکرد.

بەڕێزان وا مەزانن کە بەندە زیادەڕەوی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەکەم، بەخودا ئەوەی دەیڵێم یەک لە دەی داسـتانەکە نییە، بەڵکو وەک دەڵێن مشتێ نمونەی خەرمانێکە.

ئەم دەستەواژەیە (ڕاو بە ژنەکەم دەکەم) لە یەکێ لە مەلا سەربازییە کوردەکانی خۆمانم بیستووە بە دەق، دەی قوڕ بەسەر ئەو سەربازانەی ئەم مەلا ڕاوکەرە پێشەوای ئاینی بێت!

ئەو شەوە ژنی کابرایەک کە ناوی (تەیب سامەڕایی) بوو و پلەکەی عەقید بوو لە سوپاداو پسپۆڕیی و شارەزاییەکەشی لە نەخۆشییەکانی پێست بوو، زۆر برادەرم بوو لە نەخۆشخانەی سەربازیی کەرکوک، خۆی بە عەلمانی دادەنا، دەیگوت: "هەتا ئێستا چوار مەلام کردووە بە بادە نۆش!" ئەو شەوە ئەم ژنەی عەقید تەیب خۆی و کچەکەی لەبەرئەوەی دەستی بالایان هەبوو لە سوور و سەما و مەلەکردن و گەرمکردنی ئاهەنگەکەدا، مێردەکەیان دانابوو بە میوانی شەرەف! وەمێردەکەی لە هەموو کەسێک زیاتر سەرسام بوو پێیان.

ژنە بۆ جوانی بێ مانەند بوو، کچ لە خۆی جوانتر، خۆی و کچەکەی کە دەستیان دەکرد بە سەما، جەماوەرەکە هەر بە سەماکە سەرخۆش دەبوون، بە هەزارو یەک شێوە سەمایان دەکرد، بە هەرچی شێوازی بێشەرمییە! ئیتر ئەم کچ و دایکە بە بەرچاوی ئەم هەموو خەڵکەوە هەتا تەواو شەکەت و ماندوو بوون هەر خەریکی سەماو لەنجەولارو سەرنجڕاکێشان و شێرەکردنی نێرو مێ بوون، بۆ ئەو هەموو سەرخۆش و ڕەوشت و ئاین و کەرامەت تەلاقدراوانە! ئەفسەرەکان بە ئاشکرا دەیانگوت (کچێ بەسە ......)[1]، بەلام کچ و دایک باشتر شێرە دەبوون و جارجار جووڵەو سەمای وایان دادەهێنا خەڵکەکەیان ئەوەندەی تر دەوروژاند.

لە ڕاستیدا ئەوەی لەم یانەیەی ئەفسەران و لە مەلەوانگەی ئەفسەران دەکرا، بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێ ئافرەتی بێشەرم، شەوانە بۆ

---

[1] - لە ڕاستیدا من نەمتوانی هەموو ئەوەی لە سەرچاوەکەوە هاتووە بیگوازمەوە، لەبەرئەوەی پێم وایە گواستنەوەی هەندێک وشەو ڕستە لەگەڵ سروشت و ناوەڕۆکی ئەم کتێبەدا ناگونجێت(نووسەر).

ئەفســەران و کاربەدەســت و بەرپرســانی ســوپا لەگەڵ بەزم و ڕەزمی خواردنەوەو ســـــەمادا ئامادە دەکران، هەرچی بە خەیاڵی تۆدابێت لەم یانەیە قەدەغە نەبوو، مەگەر ئەم سێ شــتە نەبێت: دین، ڕەوشــتی بەرز، شەرەف و ناموس، ئاوبێنەو دەست بشۆ!

بێجگە لەوەی خۆم بینیومە، بە دەیــان کەس لە کوردو عەرەب، ســـەربازی و مەدەنی، باســـی ئەوەیان بۆ کردووم لەم یانەیە چی ڕوو دەدات، لە فیلمی ڕووت و فیلمی کرداری ســێکســی هی مێ لەگەڵ پیاودا، هی مێ لەگەڵ مێدا، هی نێر لەگەڵ نێردا، لە ســوورڕو ســەماو ڕەشــبەڵەک و خواردنەوە و هەموو نۆشینێکی حەرام.

بەڕاســتی شــتی وا لە ناو ســـوپای عێراقدا ڕوویدەدا لە ڕۆژئاوایش ڕوونەدەدا، ئێمە قســەمان لە هۆی یەکەمی ڕووخانی ڕژێمی بەعســە لە عێراقدا، لەبەر ئەوە گوێ بە ڕەخنەی ئەم و ئەو نادەم و ڕاســـتییەکان چۆن بوون ئاوا باسیان دەکەم.

لە ڕاستیدا من ئەگەر بمەوێت ئەم لایەنە تۆمار بکەم، ئەوە پێویســتی بە دوو پەڕاوی گەورە هەیە، چونکە من گەلێکجار لەگەڵ ئەفســـەرێکی پزیشـک و موختاری گەڕەکی ئەفســەران و نوێنەری ئینزیبات و نوێنەری شــوێن و نوێنەری ئەمنی ســەربازی، ئەندامی لیژنەی ســەردانی مەیدانی بووم بۆ ناو ماڵ و منداڵ و خێزانی ئەفســـــەران، بۆیە وەک دەڵێن بەبێ دوو دڵی و ئیحراجبوون چی دەڵێیت بڵێ لەسەر ئەو دۆخە!

جارێکیان لای فەرماندەکەمان بووم کەســـێکیان هێنا، گوتیان: "ڕەوشـــتی خراپەو بەدڕەوشـــتی دەکات"، تا لە فەوجەکە بیگوازێتەوەو گەندەڵی ڕەوشتی بڵاو نەکاتەوە، دواتر بە چاوی خۆم دیم کە فەرماندەی فەوجەکەمان نەوەک نەیگواســـتەوە، بەڵکو ئەو ســـەربازە لوســـکەیەی کردبوو بە نوێنەری خۆی!

جا برا ئەمە حاڵی ئەفسەران و پلەداران و مەلا سەربازییەکان و بەرپرسانی سوپای عیراقی بووبێت لە حەفتاکانی سەدەکانی ڕابردوودا، دەبێت لە هەشتاکان و نەوەدەکان و دوو هەزارەکاندا چۆن بووبێت؟[1].

حزبی بەعس و سەددام، هێندە دژە دین و دروشمەکانی بوون، تەنانەت نوێژێکی ئاساییشیان لە گەورە ئەفسەرانی خۆشیان قبوڵ نەدەکرد کە لە سوپاکەی خۆیدا خزمەتیان دەکرد!

م.نوری فارس دەڵێت: لە کەرکوک سەرکردەی فەیلەقێک هەبوو، خەڵکی حەویجە بوو، زۆر مسوڵمان بوو، جارێکیان لە نەخۆشخانەی سەربازی بینیم، جارێکیان ئەم سەرکردەی (فەیلەق)[2]ە لەگەڵ نەقیبێک و ئیمام (ڕامی)دا کە ئیمام موکەلەفی قەیلەقی یەک بوو، لەسەر ڕۆژنامەیەک لە باخەکەی خۆیدا نوێژی خەوتنانیان کرد، ئەم سێ کەسە لە سێدارە دران، تۆمەتی گەورەیان ئەوەبوو: ئەمانە ئەگەر پیلانگێڕ نین چۆن ئەم سێ کەسە پێکەوە بەنهێنی دادەنیشن و ئیمام موکەلەفێ پێشنوێژیان بۆ دەکات؟

لێرەدا کۆتایی بە گێڕانەوەکانی م.نوری فارس دەهێنین لەم باسەدا، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە شتێکی ڕێککەوت نەبوو کە هەردوو حزبی بەعسی عێراقی و سووریی بێجگە لە دژایەتی کورد وەک نەتەوە، بە توندی دژی ئاین و ڕەوشت و بەها باڵاکان و پابەندییە ئاینییەکان و دامەزراوە دینییەکان و تەوژمە ئیسلامییەکان بوون، ئەمە ڕەفتارو ڕەوشتی حزبی بەعس بوو لە کوردستانی باشوورو تێکڕای عێراق، لە

---

١ - مامۆستا نوری فارس حەمەخان(٢٠٢٢): لاپەڕە (٢٦٢ تا ٢٧٥)، پێشتر ئاماژە بەم سەرچاوەیە کراوە.

٢ - فەیلەق یەکەیەکی سەربازییە، سوپای عێراق لە کاتی دەسەڵاتی سەددامدا پێکهاتبوو لە حەوت فەیلەق، سوپای عێراق بە چوارەم گەورەترین سوپای جیهان دادەنرا پێش شەڕی کوەیت بە نزیکەی یەک ملیۆن سەرباز.

ســـوریاش ئەو دڕندەییەی حزبی بەعس هەیبوو بەرانبەر کورد وەک نەتەوەو هەر مرۆڤێکی مســـوڵمان لەو وڵاتە بێ وێنەبوو، چیرۆکی گرتن و لە سێدارەدان و کوشتنی بە کۆمەڵ و شاردنەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵ لەلایەن حزبی بەعســـی ســـوریی و ســـەرۆکە خوێنڕێژەکەی بەرانبەر مسوڵمانانی بێ چەکی بێ گوناح بوویە هۆی گیان لەدەستدانی هەزاران هاووڵاتی، تەنها لە یەک قەسابخانەی شاری (حەما)ی سوریا ئامارەکان باس لە گیان لەدەستدانی سی تا چل هەزار هاووڵاتی بێتاوان دەکەن لە ژن و پیاوو منداڵ کە لەلایەن سوپای بەعسی سوریاوە، بەسەرۆکایەتی ڕەفعەت ئەســـەدی برای حافیز ئەســـەدی ســـەرۆک کۆمار بەڕێوەچوو، قەسابخانەکەش لە ساڵی (١٩٨٢) ڕوویداو سوپاو هێزی تایبەتی بەعسی ســـوری بەپاســـاوی ئەوەی ئەم شـــارە ئەندام و لایەنگری (برایانی مســـوڵمان)ی تێدایەو بەرنامەیان داناوە بۆ کودەتا بۆ ماوەی بیســـت و حەوت ڕۆژ گەمارۆی شارەکەیانداو بە هەموو چەکێک لە هاووڵاتیانیاندا[١].

کەیوان و هاوڕێکانی زۆر بە وریاییەوە دەرکیان بەم ئازارە گەورەیە کردبوو، لەلایەک ئازاری میللەتێک وەک نەتەوەیەکی جیاواز کە داوای

---

[١] - لەبارەی ستەمی حزبی بەعسی سوریا لە گەلانی سوریاو ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەی ســـەرۆکە دیکتاتۆرەکەی ســـوریـاو حزبەکەی ڕووبەڕووی نەیارەکـانی و بەتـایبەت دەستگیرکراوانی کۆمەڵەی برایانی مسوڵمانی کردووەتەوە، پێشنیاری خوێندنەوەی ڕۆمانی (قەپێلک) دەکەم بۆ تۆی خوێنەر. نووسەری ڕۆمانەکە (مستەفا خەلیفە) خۆی ماوەی سێنزە ساڵی تەواو لە ترسناکترین زیندانی ســەر زەوی ژیانی بردووەتە ســەر، نووســەر کە بە شێوازێکی زۆر سەرسوڕهێنەر لە مردنێکی حەتمی گەڕاوەتەوە، زۆر بە جوانی توانیویەتی چیرۆکی ڕاســتەقینەی ئەو ماوە زۆرەی تەمەنی لە زیندانی ترســناکی (تەدمور) لە بیابانی ڕۆژهەڵاتی دیمەشــق بە جوانی بکاتە ڕۆمان. نووســەر بە ڕۆمانەکەی کە بەناســراوترین ئەدەبی زیندان ئەژمار دەکرێت توانیویەتی دڕندانەترین و نامرۆڤانەترین حزب و ســیســتم بە دونیا ئاشـــنا بکات، چونکە ڕۆمانەکە تا ئێســـتا بۆ دە زمان وەرگێڕدراوە، ڕۆمانەکە لەلایەن (هەورامان وریا قانیع)ەوە کراوە بە کوردی و لە ساڵی (٢٠١٩) چاپی دووەمی بڵاو کراوەتەوە.

مافه نەتەوەیی و سـیاسـی و ئابورییەکانی خۆی دەکات و مێژوویەکی درێژی لە خەبات هەیە لەو پێناوەدا، لەلایەکی ترەوە ئازارێک بۆ پاراستنی ناسنامەی مسـوڵمانێتی میللەتەکە، کە ئەگەر ئەم میللەتە ڕەوشـت و بەها بالاکان و چوارچێوە خێزانییەکان و بیروباوەڕو ئاینەکەی لە دەسـتبدا، ئیتر لەدەستدانی هەموو شـتێکیتر چاوەڕووانکراوە، کەیوان و هاوڕێکانی زۆر بە باشـی لەم دوو ئازارە تێگەیشـتبوون، بۆیە چالاکیان لە هەردوو بوارەکەدا دەنواند.

چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە دژ بە بەدڕەوشتی

کەیوان و هاوڕێکانی و هەموو مرۆڤێکی مسـوڵمان و کوردپەروەر زۆر بەباشـی دەیتوانی دەرک بەم ڕاسـتیانە بکات کە م.نوری فارس حەمەخان بەشێکی بچوکی بۆ گێڕاینەوە، لە ڕاستیدا سەددام و حزبەکەی چەند دژی میللەتی کورد بوون وەک نەتەوە، دوو هێندەش دژی بوون وەک گەلێکی پابەند بە ئاینەوە، پابەند بە ڕەوشت و بەها بالاکانەوە.

سـەددام و حزبەکەی تەنها بە ڕووکەش و بۆ خەڵەتاندنی ڕایگشـتی ولاتانی ئیسـلامی هەندێک دروشـمی ئاینیان بەکاردەهێنا، وەک ناونانی پێکهاتەی یەکەکانی سـوپاو شـەڕەکانی بەناوی هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسـەر)، یان وەک ئەوەی لەسـەرەتای گوتارەکانیدا ناوی خوای دەهێنا، یان ناونانی گەورەترین پرۆسـەی قڕکردنی گەلی کورد بەناوی سـورەتێکی قورئانەوە کە سـورەتی (ئەلئەنفال)ە، چونکە دەیزانی بەمجۆرە دەتوانێت هەندێک سۆزی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ خۆی ڕابکێشـێت و ڕایگشـتی خەڵکی عێراق و جیهانی مسـوڵماننشـین بەلاڕێدا بەرێت، ئەگەرنا حزبێکی دژە دین بوو بە هەموو واتایەک، ماوەی نزیکەی چل ساڵی حکومڕانییەکەی کاری زۆری کرد بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستانی و عێراقیش دوور بخاتەوە لە بەها بالاکان،

شـــتێک لەناو خەڵکدا نەمێنێت ناوی ڕەوشـــت بێت، مرۆڤانێک پەروەردە بکات کە هیچ بەهاو ڕەوشـــتێکی تیایدا نەمابێت تەنها ماســـــتاوچێتی و دووڕوویی و ســـیخوڕی و بەدڕەوشـــتی نەبێت، هەوڵیدەدا خەڵک تەنها یەک خوا بناسـیت، ئەویش ئەو (الله)یە نا کە خوای بەدیهێنەری زەوی و ئاســـمانەکانە و من و تۆی خوێنەر دەیناســـین، بەڵکو خوایەک کە ناوی (ســـەددام)ە! کاری زۆری کرد تا دروشـــمەکانی خۆی جێگەی دروشـــمە ئاینییەکان بگرنەوە، گوتەکانی ســـــەددام جێگەی ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی ســـەروەرمان بگرنەوە، ئەمەش لای بەعس ئایدۆلۆجیابوو، ئەندامەکانی لەسەر ڕادەهێناو لەسەری پەروەردە دەکردن.

لەو سەردەمەدا ئەفسەرانی ئەمن و هەواڵگری و هەواڵگری سەربازی بە ئاشکرا پشتیوانی لەشفرۆشـەکانیان دەکرد لەناو کۆڵان و گەڕەکەکاندا، لەو ســـەردەمانەدا ئەگەر لەشـــفرۆشـــێک لە کۆڵانێکدا هەبووایە نەوەک خەڵک نەیدەتوانی داوای دوورخســـتنەوەی بکات، بەڵکو ئەو کەس و ماڵە دەبوونە دەسەڵاتداریی گەڕەک و کۆڵان، بەو ئەفسـەرو کارمەندانەی ئەمن کە خۆیان لەوێ خاڵی دەکردەوە و بووبوونە مشـــتەرییەکی بەردەوامیان هەڕەشـــەیان لە خەڵک دەکرد، حزبی بەعس و دەزگا حزبی و ســـــەربازی و ئەمنییەکانی یەکپارچە بوو بوونە پارێزەری هەر شـــوێنێک کە گەنجانی لە خشـــتە دەبرد، گەنجانی بێئاگا دەکرد، گەنجانی لە ئاینەکەیان دوور دەخســـتەوە، پارێزەری شـــــوێنی خواردنەوەو ڕابواردن و لەشـــفرۆشـــــی بوون، زۆرجاریش ئەو شوێنانەی لە بنەمادا شوێنی بەدڕەوشتی نین و بەشێکن لە پێویستییەکانی خەڵک (وەک ســـاڵۆنەکانی جوانکاریی ئافرەتان یان شـــوێنیتری کۆمەڵایەتی) بوو بوونە ناوەندێک بۆ دۆزینەوەی لەشفرۆش یان لەخشتەبردنی ئافرەتانی لاواز لە ڕووی پەروەردەوە یـان لاواز بەهۆکاری تر بۆ ئەوەی بییانکەنە مشتەری ئەمنە شـەڕواڵ پیسـەکان، کەیوان و ڕێکخراوەکەشی زۆر بەباشی هەســـتیان بەم ڕاســـتیانە کردبوو، بۆیە یەکێک لە کارەکانیان تەمێکردنی ئەو جۆرە کەس و شـــوێنانە بوو، بە دانانی بەرنامەیەکی شـــایســـتەی گونجاو،

ئەویش لە ڕێگەی ئەوەی ســـەرەتا بۆ یەک دوو جار کەس و شـــوێنی خراپەکار و پیاوی ئەمن و ڕژێمیان ئاگادار دەکردەوە لە ڕێگەی هەڵدانی (نامە)ەوە بۆیان، پاشـــان ئەگەر بەردەوام بوونایە لەســـەر کارە چەپەڵ و بەدڕەوشـتییەکانیان، بە نارنجۆکێک یان چەند فیشـەکێک تەمێیان دەکردن، لەمبارەیەوە دەســـتەیەک لە ڕێکخراوەکە چاونەترســـانە بەم چالاکییانە هەڵدەســتان لەو شـوێنانەشـی کە تەنانەت خودی مولازم عەلی بوو بوویە ئێشکگرو پاسەوانیان!

کەیوان و هاوڕێکانی و هەرکەسێکی تریش کە بە بایەخەوە لە دین و ڕەوشـت و بەها بالاکان و شـەرەف و ناموسـی خەڵک و میللەتەکەیان دەڕووانی ڕێگەچـارەیەکی تریـان نەبوو، چونکە بەعس هەموو ڕێگەو دەروازەکـانی لەبەردەم دەربڕینی نـاڕەزایی خەڵـک داخســـتبوو، نە داواکارێکی گشـتیی هەبوو پارێزەری مافی گشـتی بێت، نە پەرلەمانێک هەبوو نوێنەرایەتی خەڵـک و ڕایگشــــتیی بکـات، نە ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوی خەڵک هەبوو لە پارێزگاو شـارەکاندا تا بپێتە داکۆکیکاری هـاووڵاتیـانی دانیشـــتووی شــــارەکـان، نە دادگایەک هەبوو بتوانێت لێپێچینەوە لە ئەفســـەرێکی ئەمن یان دەزگای هەواڵگری بکات لەســـەر کارە بەدڕەوشـــتییەکانی، نە ڕاگەیاندنێک هەبوو تا ڕایگشــتی لێئاگادار بکرێتەوە، تەنانەت بەشێک لە مامۆستایانی ئاینیش بوو بوونە بەشێک لە ڕژێمەکە وەک لە سـەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد، یان زۆرینە لەبەر ترسـی گیـانی خۆیـان بێـدەنگیـان هەڵبژاردبوو، تـاکە ڕێگە لەبەردەم هەر کوردپەروەرو ئاینپەروەرێکدا بۆ بەرگری لە گەلەکەی وەشاندنی گورزی چەکداری بوو لە چڵکاوخۆرو ئەڵقە لەگوێکانی ڕژێم، لە لەشفرۆش و بەد ڕەوشـتەکانی ئەمن و هەواڵگریی، لە هەر کەس و شـوێنێک کە پارێزەرو برەوپێدەری بەدڕەوشتی و ئایدۆلۆجیای بەعس و کارە چەپەڵەکانی بوو، ڕێکخراوەکە لەم بوارەدا سەرمەشق بوو.

(١٩)

پلان بۆ گەورەترین چالاکی

پاش ئەنجامدانی ژمارەیەک چالاکی جۆراو جۆر کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن، کە جۆری چالاکییەکان دەربڕی تواناو ئەزموونی کەیوان و هاوڕێکانی بوون، ئاستی ئەو چالاکیانەش زۆر بەرز بوون بەراورد بە کەمی تەمەن و ئەزموون و نەبوونی پێداویستی بەردەستی کەیوان و ڕێکخراوەکەی.

گومانی تێدا نییە، کە لە کاتی شۆڕش و شۆڕشی چەکداریی و خەباتی پارتیزانی و ڕێکخستنی نهێنیدا، بەتایبەت لە کاتێکدا کە ئامێرەکانی پەیوەندی و وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاریی زۆر سادە بوون و ئەو ئامێرانەی بۆ پەیوەندی و کۆکردنەوەی زانیاریی ئێستە بەکاردەهێنرێن بەردەست نەبوون، ئەگەرنا سەرەڕای کەمی ئەزموون و کەمی تەمەن، کەیوان و هاوڕێکانی، دەکرا چالاکی زۆر وردترو کاریگەرترو ڕاستەوخۆتر بەرانبەر ڕژێمی بەعس و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی و پیاوەکانی ئەنجامبدەن.

پاش ماوەیەکی کەم لەو چالاکیانە (کە بەهۆی ئەوەی ئەو ژمارە کەمەی کە لە شانەی یەکەمی کارە چەکدارییەکاندا بوون و بەشداربوون لەو چالاکیانەدا هەموویان شەهیدکران و کەسیان لەبەردەست نین تا وردەکاریی کارو چالاکییەکان بزانین)، کەیوان و هاوڕێکانی بیریان لە ئەنجامدانی چالاکییەکی گەورە کردەوە، کە ئەگەر چالاکییەکە بگەیشتایەتە قۆناغی جێبەجێکردن و پێکانی ئامانج، لەو کاتانەدا دەنگدانەوەی زۆری

دەبوو لەسەر ئاستی عێراق و تەنانەت دەرەوەی عێراقیش، هەروەها لێدانێکی گەورەو پۆلاین بوو لە بەعس و ڕژێمەکەی و پیاوەکانی، ئەویش بیرکردنەوەو دانانی بەرنامەو پلان بوو بۆ تەقەکردن لە (پارێزگار)ی ئەو کاتەی سلێمانی کە ڕەمزی ستەم و خۆفرۆشی و جاشایەتی بوو.

پلانەکەش بەمجۆرەبوو:

پارێزگاری سلێمانی، کە ئەوکات تاوانباری بەناو کورد (شێخ جەعفەر بەرزنجی)[1]بوو، پیاوێکی زۆر دڵسۆزی ڕژێمی بەعس بوو، مێژووی ئەو پیاوە پڕ بوو لە دژایەتی تێکۆشەرانی گەلەکەی و خزمەتکردن و نۆکەرایەتی بۆ ڕژێمی بەعس و سەددام و سەددامییەکان، چەندینجار خۆی وەستاوەو چەپڵەی لێداوە بۆ گولەبارانکردنی ئاشکرای گەنجانی کورد لەناو شاری سلێمانی، بۆیە بە ئامانجگرتنی دەبوویە دەستکەوتێکی گەورە بۆ هەر حزب و ڕێکخراوو ڕێکخستنێک و ڕاستەوخۆ لێدان بوو لە ڕەمزێکی ڕژێم لە پارێزگا یاخییەکە (پارێزگای سلێمانی) بە سنوورە فراوانەکەی پێشوویەوە کە گەرمیان و هەڵەبجەو ڕاپەڕینیش بەشێکبوون لە سنوورە کارگێڕییەکەی.

---

١ - ناوی (جەعفەر عەبدولکەریم)ەو بە (شێخ جەعەفەر بەرزنجی) ناسراوە، ساڵی (١٩٣٨) لە ناحیەی (قادرکەرەم) سەر بە قەزای (چەمچەماڵ) لە دایکبووە، ساڵی (١٩٧٤) پەیوەندی بە ڕژێمی بەعسەوە دەکات، سەرەتا پۆستی بەڕێوەبەری شارەوانی ناحیەی (پێباز)ی لە سنوری کەلار پێدراوە، پاشان دەبێتە سەرۆکی شارەوانی قەزای (دوکان)، ماوەیەکی کەمیش بە وەکالەت سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بووە، لە ساڵانی (١٩٧٧ تا ١٩٨٠) جێگری پارێزگاری سلێمانی بووە، لە ڕۆژی (١٩٨١/٢/١٨) بووەتە پارێزگاری سلێمانی و تا (١٩٨٩/٩/١) بەردەوام بووە، پاشان لە ساڵی (١٩٩٠) پلەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ سەرۆکی (ئەنجومەنی جێبەجێکردنی ناوچەی حوکمی زاتی)، شێخ جەعفەر وەک یەکێک لە پیاوەکانی بەعس خاوەنی مێژوویەکی ڕەشە لە ماوەی دە ساڵی پارێزگاربوونیدا، لە ئێستادا لە وڵاتی ئوردن دەژی. (سەرچاوە: وێبسایتی ڕۆژنامەی ئاوێنە، ١٧ی ٨ی ٢٠١٩). سەرچاوەی ڕۆژو ساڵی پارێزگاربوونەکەشی کتێبی (سلێمانی، شارە گەشاوەکەم)ە.

بۆ تەقەلێکردن و پێکانی شـــێخ جەعفەر، کەیوان و هـاوڕێکـانی بیریانکردووەتەوە لەوەی ڕۆژێک هەڵبژێرن کە پارێزگار بۆنەیەک بەسەر بکاتەوە و کاتی بۆنەکە دیاریکراوبێت و لای ئەمانیش زانراو بێت، چونکە ئەو کاتە مۆبایل نەبوو، هەروەها هیچ کەســێکیشـیان نەبووە ئاگاداری جموجوڵەکانی پارێزگار بێت تا ئاگاداریـان بکاتەوە، بۆیە بۆنەیەکی تایبەت بە چالاکی قوتابخانەکانیان هەڵبژاردبوو، کە ڕژێمی بەعس زۆر گرنگی بە چـالاکی قوتـابخـانەکـان دەداو بەلایەوە گرنـگ بوو کە قوتابخانەکان ناوەندو بنکەیەکبن بۆ بڵاوکردنەوەی بیری بەعسـیزم و بە گەورەو سیمبول پیشاندانی سەددامی دیکتاتۆر، بە ڕادەیەک کە لاپەڕەی یەکەمی هەموو کتێبێکی خوێندن، دەبوو وێنەیەکی ســـەددامی پێوە بێت، ئەمە بێجگە لە دەیان بۆنەو چالاکی جۆراوجۆر کە سەرجەمیان جەختیان لە برەودان بە ئایدۆلۆجیای بەعس و ڕژێمی ســـەددام دەکردەوەو باس باسـی پاڵەوانێتی و شـارەزایی و ئازایی و زەرووڕەتی سـەددام بوو بۆ عێراق و عێراقیەکان، تا هزرو بیری گەنجان و نەوەکانی ئاییندە تەنها ســـەددام لە خۆ بگرێت و ســـەددام وەک کاریزمایەک بۆ گەلانی عێراق پیشانبدەن، ئەم ئامانجەشیان پێکاو تا ئێستاش کەسانێکی زۆر هەست و نەسـتیان لای ئەوەیە کە سـەددام سـەرکردەیەکی زۆر پێویسـتی عێراق بوو، وە هەموو ئەوەی بۆ عیراق کرا ســـەددام کردی، لە کاتێکدا ئەوەی پەیوەندی بە ژێرخانی ئابورییەوە هەبوو، پێش سـەددام کراو لە سـایەی ئەو داهاتە زەبەلاحەی عێراق هەیبوو، نەوەک زیرەکی سەرۆکەکانی پێش ســـەدامیش، بەڵکو ســـەددام تەنها هات ئەو پارەو بودجە زەبەلاح و خەیاڵیەی کە پێشـتر بەشـێکی بۆ عێراقیەکان تەرخان دەکرا، ئەو بەشـەی کەمکردەوە بۆ کەمترین ئاســـت و زۆرینەی زۆری داهاتی بۆ خەرجی شـــەڕو چەکدارکردنی وڵات و کڕینی چەک و تەقەمەنی و کۆشـــک و ڤێلاکانی بە خەرجداو خەڵکی عێراقیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە خراپترین دۆخدا

دەژیان، بەجۆرێک سیاسەتی هەڵەی سەددام گەیشتە ئەو ئاستەی کە پاش شەڕی کوەیت عێراق ڕووبەڕووی توندترین گەمارۆی ئابووری کرایەوە کە گەلی عێراق باجەکەی دەداو سەددام و کوڕەکانی و خێزانەکەی و گەورە پیاوەکانی بەعس و بەعسیەکان خۆشترین ژیانیان هەبوو[1].

---

١ - ئەوەی لە عێراق کراوە لە پرۆژەی ستراتیجی و پێشخستنی ژێرخان و گەشانەوەی ئابووری زۆرینەی زۆری پێش دەستگرتنی حزبی بەعس بەسەر دەسەلاتدا ئەنجامدراوە، واتە لە سالانی نێوان (١٩٥٠ تا ١٩٧٠)، بەتایبەت پێشئەوەی سەددام دەسەلات بگرێتە دەست و ببێتە کەسی یەکەمی حکومەت و حزبی بەعس، بۆ نمونە: تەنها دوو پرۆژەی ستراتیجی لە کوردستان کراون، ئەوانیش هەردوو بەنداوی (دەربەندیخان) و (دوکان)ن، هەردووکیان پێش دەسەلاتگرتنە دەستی بەعس دروستکراون. کاتێک سەددام دەسەلاتی گرتە دەست بە ماوەیەکی زۆر کەم عێراقی بردە ناو شەڕێکەوە کە گەنجی وا هەبوو تا ئەو ڕۆژەی بەسالا دەچوو هەر لە خزمەتی سەربازیدا بوو بە کەمترین مووچە و مال و منداڵەکەشی لە خراپترین دۆخدا دەژیان، هیچ کەس بە ئاسانی کارێکی دەست نەدەکەوت، دامەزراندن و پۆست و پێگەی فەرمانگەکان بۆ بەعسییەکان بوون، تەنانەت زۆرجار بۆ وەرگیران لە کۆلێجێک دەبوو عێراقییەکان فۆرمی ئەندامێتی حزبی بەعس پڕ بکەنەوە، ئەوەی خۆش دەژیا ئەوانە بوون پیاوی ڕژێم بوون، ئەوانە بوون کە کاری سیخوڕی و مستەشاری و جاشایەتیان دەکرد، ئەوانەی لە دژی میللەتەکەی خۆیان سلیان لە هیچ نۆکەرایەتییەک بۆ بەعس نەدەکردەوە.

بودجەی زەبەلاحی هاتوو لە (نەوت)ەوە دەدرا بە ئاگرو باروت و ئاسن و دەکرا بەسەر خەڵکی شارو لادێکاندا، ئەمە تا ئەو کاتەی کە سەددام لە شەڕی ئێراندابوو، کە تەنانەت هەموو ولاتانی دونیا بەتایبەت زلهێزان و ولاتانی کەنداو لەو هەشت ساڵەی شەڕەکەیدا پشتیوانیان دەکرد، ئەگەرچی عێراق بەهۆی فرۆشتنی نەوتەوە داهاتێکی زۆری هەبوو کەچی پاش کۆتاییهاتنی شەڕ لە ساڵی (١٩٨٨) ولاتەکە بە ملیارەها دۆلار قەرزاری ولاتی بێگانە بوو، بەجۆرێک نەیدەتوانی قەرزەکانی بداتەوە. پاش کۆتایهاتنی شەڕییش، بەهۆی بەردەوامی سیاسەتە چەوتەکانی سەددامەوە ئابوورییەکەی زیاتر داڕووخاو ولات چووە ناو برسێتییەکەوە کە وێنەی نەبوو بەتایبەت دوای داگیرکردنی کوەیت لەساڵی (١٩٩٠)، عێراق گەمارۆی ئابوری خرایە سەر، بەهۆی گەمارۆ لەلایەک و لاوازی ژێرخانی ئابوریش لەلایەکی ترەوە لەو ساڵانەدا خەڵک زۆر بە سەختی پێداویستییە زۆر سەرەکییەکانی

بۆیە بەعس و سەددام گرنگی زۆریان بە بۆنەو چالاکی قوتابخانەکان دەدا، هەربۆیە کەیوان و هاوڕێکانیشـــی چالاکیەکی قوتابخانەکانیان هەڵبژارد بۆ لێدان و تەقەکردن لە پارێزگار.

ئاســـۆ لەبارەی ئەم پلان و بەرنامەیەوە دەڵێت: ئەگەرچی بەرلەوەی دەستگیر بکرێین کەیوان باسی سەردانەکەی ڕانیەو ماڵی حەمەسووری بۆ من کرد، بەڵام ئاماژەی بەوە نەکرد کە مەبەســـتی چوونە دەرەوەی هەبێت، چونکە زۆر نهێنی و زانیاریی لای من و هەندێکمان ئاشـــکرا نەدەکرد، بەڵام لێکدانەوەی من وایە کە سەردانی ڕانیەو ماڵی حەمەسوور بەشـــێک بووبێت لە پلان و بەرنامەکە، بۆ ئەوەی پاش تەقەکردن لە پارێزگارو ئاشـــکرابوونی خۆی و ئەندامانی ڕێکخراوەکە، دەرەچەیەک بدۆزێتەوە بۆ چوونە دەرەوە لە وڵات، هەرکاتێکیش باسی ئەو سەردانەی دەکرد ســـەرســـامی خۆی بە دایکی حەمەســـوور دەردەبڕی کە چ ژنێکی ئازاو دیندارە.

بڕیاربوو پلانەکە چۆن جێبەجێبکرێت؟

لە ناو هۆڵی ژمارە (هەشـــت)، هاوڕێکان بە بێدەنگی و بە چرپەوە قســـەیان لەســـەر کارو چالاکییەکانی ڕابردوویان دەکرد، هەندێک لە هاوڕێ دەســـتگیرکراوەکان ئاگاداری ئەو چالاکیانە نەبوون و بۆ یەکەمجار لەوێ چیرۆکەکەیان دەبیســـت، یەکێک لەو چالاکیانە پلان و

ژیانیان دەســـتدەکەوت، لە زۆر بواردا ژیانی خەڵک گەڕایەوە بۆ پەنجا ســـاڵ پێشـــتر لە بەکارهێنانی هۆکارو پێداویســـتیەکانی ڕۆژانە، هەژاریی و بێکاری توند یەخەی گەلانی عیراقی گرت، دۆخی مووچەش هێندە جێگەی بەزەیی بوو کە بەســـە بۆ ئەوەی خوێنەر تێبگات کە بڵێین مووچەی ئەفســـەرێک یەک تەبەق هێلکەی دەکرد! چ جای مووچەی مامۆستایەک! واتە لە سەردەمی سێ ساڵ حکومڕانی سەددامدا تەنها سەددامیەکان خۆش دەژیان، ئیتر بەشـــی تێکڕای گەلانی عێراق نەبوونی و هەژاریی و برســـێتی و جەنگ و کوشتن و ئاوارە بوون بوو.

بەرنامەی تەقەکردن بوو لە پارێزگاری سلێمانی، ئەوەش بە دانانی چوار کەس بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە، بەوەی دوانیان کاریان پاســـەوانی و ئاگادارکردنەوەو هاوکاریکردن بێت، دوانیش کاریان تەقەکردن بێت، ئەوەش بە دانانەوەی بۆسە لەناو دارسنەوبەرەکانی سەر ئەو گردەی کە مالّی پارێزگاری ئەو کاتی لێبوو بۆ ئەوەی لە کاتی هاتنەدەرەوەی لە ماڵەوە تەقەی لێبکەن، شوێنەکە دەکەوێتە شەقامی سالم.

ئەو شـــەوەی ژمارەیەک لە ئەندامە چالاک و بەشـــدارەکانی پلانەکە دەســــتگیرکران، بریاربوو بۆ ســــبەینێکەی کارەکە ئەنجامبدەن، بەلاّم بە دەستگیرکردنیان هەموو بەرنامەکە کۆتایی پێهات.

بەرنامەی تەقەکردنەکە بە شـــتە ســـادەکانی بەردەســـتیان بوو کە بەکاریان دەهێنا، ماتۆرێک، کلاّشـــینکۆفێک و دەمانچەیەک و یەک دوو ڕوومانە، هەر ئەوەندە.

ئەو (دە) کەسەی کە ئازادبوون، ئەو کاتە ئەم پلانەیان بەرگوێ کەوت کە ســـەرجەم هاورێکانی کەیوان لە هۆڵی ژمارە (هەشـــت)دا کۆکرانەوە، ئەگەرنا پێشـــتر ئاگاداری بەرنامەو پلانێکی لەمجۆرە نەبوون، ئەوەش بەهۆی کەمی تەمەن بەراورد بەوانیتر یان تازەییان لە کاری پەروەردەیی ڕێکخراوەکەدا.

(٢٠)

"ئەو ڕۆژەی مامۆستاکەمان زۆر دواکەوت!"

ئاسۆ مەحمود دەگێڕێتەوە: ڕۆژی هەینی، ١٦ی ١٢ی ١٩٨٨، بەڵێنی کۆبوونەوەمان هەبوو لەگەڵ کەیوان، بەشی ناوخۆیی ئامادەیی نەخۆشەوانی سلێمانی (اعدادية تمريض)مان هەڵبژاردبوو بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە، لەو شوێنەی ئێستە نەخۆشخانەی منداڵبوونی لێیە، ئەویش بەهۆی کاک ئەحمەدی موزەمیدەوە، سەعات هەشت و نیوی بەیانی من و ئەحمەد عەبدوڵلاو ئەحمەدی موزەمیدو کۆسار[1]لەشوێنی دیاریکراو ئامادەبووین، چاوەڕوانی کەیوانمان دەکرد، لەکاتی خۆیدا نەهات، پێمان سەیربوو! دواتر سەعاتێک و دوان و سیان چاوەڕێمانکرد، هەرنەبوو!

لەبەرئەوەی هەرگیز نەمانبینیبوو مامۆستاکەمان ئەوەندە دوابکەوێت لە کۆبوونەوە، هەستمان بە دڵەخورپە کردو بڕیارماندا بڕۆین بۆ ماڵەوە بە دوایدا، من ماڵیانم دەزانی، لەگەڵ ئەحمەدی موزەمیدا بەڕێکەوتین بۆ ماڵیان لە شەهیدانی سەرچنار، هەر کە گەیشتینە بەردەرگا شیروان‌و باخەوان هەردوو براکەی کەیوان هاتن بە پیرمانەوەو پێیان گوتین: "کاک ئاسۆ ئەمشەو عەسکەرییە هاتن‌و کاکە کەیوانیان گرت"، ئەم هەواڵە ڕایچڵەکاندین، چونکە ئەوە کەسی یەکەم‌و مامۆستامانەو دەستگیرکراوە، هەواڵی دایکیمان پرسی، گوتی: "لەو ماڵە خزمەمانە"، چووین قسەمان

---

[1] - کۆسار یەکێک لە هاوڕێکانی کەیوان بووە، بەلام یەکێک نییە لە هاوڕێ دەستگیرکراوەکان و زانیاریی زیاترم لەبارەیەوە دەست نەکەوت.

لەگەڵ خاتوو نەزیرەی دایکی کەیوان کرد، ئەویش بە تەواوی بۆی باسـکردین کە ئەو شـەوە ئەمن هاتوونو کەیوانیان بردووەو هەرچی هەبووە لە کتێب بردوویانە!

ئەمنەکان ماڵی کەیوانیان دابوو بەسـەر یەکدا، تەنانەت سـەقفی سانەویش گەڕابوون، هەرچییان دەستکەوتبوو کە گومانیان لێی کردبێت وەک بەڵگە بۆیان بە سودە، بردبوویان.

ئێمە سـەرەتا بەم هەواڵە زۆر نەترسـاین، پێمان وابوو تەنها دەسـتگیرکرانێکی ئاسـاییەو هیچی تر، کەیوان هەرگیز زانیاریی‌و ناوی کەس نادات، بێئاگا لەوەی ئەمن هەموو زانیارییەکیان لایەو هەموو دەبێت دەستگیر بکرێین، هیچمان بۆ نەکرا، لەنێو خۆماندا باسی ئەوەمان کرد کە چی بکەین، ئێمەش تەمەنو ئەزموونمان ڕێگەی پێ نەدەداین ئەم کێشـەیە لەماڵەوە باس بکەین، تا ئەوانیش بەشـداربن لە دانانی ڕێوشـوێنێک بێجگە لەوەی خۆشـمان بێخەمبووین لە دەسـتگیرکرانو پێمانوابوو ئەم کێشەیە درێژە ناکێشێت.

من بۆ خۆم نەمتوانی ئەم کێشـەیە نە لە ماڵەوە نە لە لای هیچ کەس باس بکەم، بەڵام خۆم کۆکردەوەو هەر شـتێک گومانی لەسـەر بێت لە کتێب یان نامیلکەو نووسراو لە شوێنێکی نهێنی شاردمەوە.

(٢١)

مولازم عەلی دەچێتە ئامادەیی پیشەسازی کوڕان

وریا زۆر باش بەروارو ڕۆژەکانی لە زاکیرەیدا پاراستووە، باسی ڕۆژانی بەر لە دەستگیرکرانی دەکات لەلایەن مولازم عەلییەوە، ڕۆژی چوارشەممە، ١٤ی ١٢ی ١٩٨٨ مولازم عەلیو تاقمەکەی سەردانی ئامادەیی پیشەسازی کوڕان دەکەنو هەواڵی کەمالو وریا دەپرسن، مامۆستا جەزا، جێگری بەڕێوەبەرەکەیان بۆ کاروباری قوتابیان بە مولازم عەلی دەڵێت: "بەڵێ ئەو قوتابیانە قوتابی ئێمەن، بەڵام ئەمڕۆ نەهاتوون بۆ دەوام چونکە پرسەیان هەیە". بەبێئەوەی مولازم عەلی پرسیار لەبارەی کەیوانەوە بکات! دوای ڕۆیشتنی، م.جەزا وەک مامۆستایەکی دڵسۆزو نیشتیمانپەروەر دەنێرێت بە دوای وریاداو دەڵێت: "ئێستە مولازم عەلی هاتو پرسیاری ئێوەی دەکرد، چیتان کردووە وا پرسیاری لەبارەوە دەکردن؟" وریاش وەڵامی مامۆستا جەزا دەداتەوە کە ئەو ئاگای لە هیچ نییەو هیچ کێشەیەکی نییە، تەنها هەفتەیەک لەمەوپێش لە گەڕەکەکەی خۆیان لەگەڵ چەند گەنجێک لەبەردەرگای ماڵێکدا وەستاوە کە پرسەیان هەبووە لەوێ مولازم عەلی بینیونی و هاتووە داوای ناسنامەی لێکردوونو ڕۆیشتووە، تەنانەت بەبێئەوەی پێنەبوونی ناسنامە لای وریا بکاتە کێشە.

م.جەزا ئامۆژگاری وریاو کەمالی برای دەکات کە بە ئاگابن و وریای خۆیان بن لەم ڕۆژانەدا، چونکە هاتنو پرسیارکردنی پیاوێکی ئەمنی وەک مولازم عەلی بە ئاسایی نازانێت.

بۆ ڕۆژی دواتر، هەریەکە لە وریاو کەمال دەوامی ئاسـایی خۆیان دەکەنو ئەو پێنجشـەممەیەش بەڕێدەکەن کە دوایین پێنجەشـەممەی پێش دەستگیرکردنیان دەبێت.

بۆ ڕۆژی دواتر هەینی، ١٦ی ١٢ی ١٩٨٨، دوای ئەوەی حاجی سـەبری دایکی خەبەری دەکاتەوە نوێژەکەی بکات، وریا هەڵدەسـتێت نوێژەکەی دەکاتو پاشان دەچێت تەماشای ئاسمان دەکات بزانێت ئاسمان هەورە یان سـاماڵەو دەتوانن ئەو یارییە بکەن کە بڕیارە ئەمڕۆ ئێوارە لەگەڵ چەند قوتابیو هاوڕێیەکیاندا ئەنجامیبدەن یان نا، پاشـئەوەی دڵی خۆش دەبێت بەوەی شوکر ئاسمان ساماڵەو بەخۆشییەوە دەگەڕێتەوە سەر جێگەکەی خۆیو دەخەوێت، سەعات حەوت و بیست دەقیقەی بەیانی، وریا بەشەقێک خەبەری دەبێتەوە، کاتێک چاو دەکاتەوە دەبینێت کابرایەکی بالابەرزی سورکار بەسەر سەرییەوە وەستاوەو لێی دەپرسێت شیسمەک؟ (واتە: ناوت چیە؟) ئەویش دەڵێت وریا، لەگەڵ دەڵێت وریا، چوارکەس لە چەکدارەکانی چواردەوری مولازم عەلی لە میلی تفەنگەکانیان دەدەن و مولازم عەلی دەڵێت: "ئێی وریا، انت وین؟ صار سنتین انا ادور علیک؟" ئەمە یەکەمین ڕستەبوو کە وریا لە مولازم عەلی دەبیستی.

بەمجۆرە هەڵمەتی دەستگیرکردنی کەیوان و هاوڕێکانی دەستپێکرد، هەندێک لە هاوڕێکانی کەیوان هێشـتا دەسـتگیر نەکرابوون، بەڵام هەسـتیان بەمەترسـییەکە کرد، زانیاریی و هەواڵەکەیان پێگەیشـت، لەو بارەیەوە کاک شێخ موحەممەد، باوکی خالید بۆمان دەگێڕێتەوە: ڕۆژێکی مانگی (١٢)ی سـاڵی (١٩٨٨)، بە تەواوەتی بیرم نەماوە چەندی مانگی دوانزە بوو، پیاوێکی ناسـراومان هەبوو لە بازاڕ بینیم، پێیگوتم:"ئەوە خالید لە کوێیە؟" منیش پێمگوت: بۆچیتە؟ ئەویش پێیگوتم: "ئەمشـەو هەموو هاوڕێکانی گیراون، پێی بڵێ خۆی بشـارێتەوە"، ئیتر ئێمەش بۆ چەند ڕۆژێک خالیدمان نارد بۆ کەرکوک بۆ ماڵی خزمێکمان، تا دووری بخەینەوە لەم بارودۆخە!

"لەسەر دین ئەگەر ئیعدامیشی بکەن بەلامەوە ئاساییە"

بە هەمانشێوەی باوکی خالید، ئەحمەدی برای (موحەممەد حەمەموراد) بۆمان دەگێڕێتەوە: موحەممەدی برام گەنجێکی تازە پێگەیشتووی حەڤدە سالان بوو، بێجگە لە هەستی پاکی خۆی بۆ پابەندییەکانی بە پەرستشەکان و بەشداری وانە پەروەردەییەکانی کەیوان، ئێمەش خێزانەکە هەموو پاڵپشتی بووین، ماوەیەک بوو هەستماندەکرد موحەممەد پەیوەندی هەیەو هاتوچۆی زۆری هەیە، پابەندیی و وانەی پەروەردەیی و هاتوچۆی مزگەوت لەو کاتانەدا جێگەی ترس بوو، چونکە بەعس توند بوو بەرانبەر گەنجانی پابەند بە مزگەوت و پەرستشەوە، بۆیە ڕۆژێک بە باوکمم گوت: "باوکە ئەم هاتوچۆ و هاوڕێیەتیەی موحەممەدی برام ئاسایی نییەو تووشی شتێک دەبێت، دەبێت وریای بین". بەڵام باوکم بە ڕەحمەت بێت گوتی: "کوڕم، موحەممەدی برات ڕێگەیەکی ڕاستی هەڵبژاردووە، چ ڕێگەیەک لە ڕێگەی مزگەوت پیرۆزترە، سوێن بەخوا ئەگەر لەسەر پابەندی و ڕێگەی مزگەوت لەسێدارەش بدرێت من بەلامەوە ئاساییەو نەوەک خەمی لێناخۆم، بگرە شانازی پێوە دەکەم!".

ئەم ئاگادارکردنەوانە بەردەوامبوون بۆ هاوڕێکانی تریش، ماڵی پووری ئەکرەم کە لە گەڕەکی سەرچنار بوون واتە هەمان گەڕەک و کۆڵانی ماڵی کەیوان، بۆیە کاتێک ئەکرەم بە ماتۆڕەکەیەوە زوو زوو دەهات بۆ ماڵی کەیوان، سەرێکیشی لە ماڵی پووری دەدا، بۆیە پوری ئاگاداری دەکاتەوە لەم کارانەی، پێیدەڵێت: "ئەکرەم ئەم هەموو هاتوچۆیە چییە، ڕۆڵە ئاگاداتان لە خۆتان بێت، ئەم حکومەتە زۆر پیسە، ئەم کارەی ئێوە زۆر پڕ مەترسییە". بەڵام ئەکرەم هەمیشە دەیگوت: "ئێمە وانەو قورئان دەخوێنین و شتی تر ناکەین، هەروەها هیچ باکیشمان بە مردن نییە، بەعس چی دەکات با بیکات"، هەر واش بوو، باکیان بە مردن نەبوو.

(٢٢)

ڕێکخراوەکەی کەیوان چۆن ئاشکرا بوو؟

دروســـتکردنی ڕێکخراوێک و کارکردن لە دژی بەعس لە ســـاڵی (١٩٨٨)، کە هێزی بەعس و سەددام لە لوتکەی توانای خۆیدابوو، شتێکی هێندە گەورەبوو کە مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی لەو ئازایەتیە تێبگات هەتا لە دۆخی ژیانی خەڵک لەو کاتانەدا تێنەگات، هەربۆیە بە پشت بەستن بە بەدواداچوون و زانیارییە بەردەستەکان دوو لێکدانەوە هەیە بۆ هۆکاری ئاشکرابوونی ڕێکخراوەکەی کەیوان:

لێکدانەوەی یەکەم:

پـاش کـۆبـوونەوەی بەردەوام و گـوتـنەوەی وانە لە مـزگەوت و هـاتوچۆی بەردەوامی مزگەوت لەلایەن گەنجەکـانەوە، دەزگـاکـانی ئەمن هەسـتیان پێکردبن و چاودێری بەردەوامیان کردبن هەر لە سـەرەتاوە، بەڵام لێگەڕابن تا هەندێک چالاکی و جموجوڵ دەکەن و گەنجی زیاتریان لەدەور کۆدەبێتەوە بۆ ئەوەی بۆ پیاوەکانی بەعس ببنە نێچیرێکی گەورە، کە بە هۆیەوە خەڵات و دیـاریی و پلەی بەرزتری پێوەربگرن، چونکە لەلای دەزگـای ئەمن تـا ژمـارەی قوربـانییەکـان زیـاتر بووایە، خەڵات و دیاریی و دەسـتخۆشـانەی بەعس بۆ چالاکی و کارەکانیان زیاتر دەبوو، پلەی سـەربازییشـیان زیاتر بەرز دەکرایەوەو ئەوانەی ڕۆڵیان دەبوو لە ئـاشـــکراکردن و گرتن و لێکۆڵینەوەو وەرگرتنی گوتەکـانیـان دەبوونە برابەشـی دیاریی و خەڵاتە مادییەکان و پلە بەرزکردنەوە، بۆیە بەعس و دەزگا داپڵۆســـێنەرەکانی هەمیشــە هەوڵیاندەدا نێچیرەکانیان گەورە بن، ژمارەیان زیاتر بێت، بۆ ئەوەی لای ســـەرووی خۆیان باشـــتر بچنە پێشـــەوەو دڵســـۆزتر دەربکەون، هەربۆیە ژمـارەیەک لەوانەی لەگەڵ

کەیوان بوون لەو کەسانەبوون ئاگاداری چالاکیەکان نەبوون، زانیارییەکی ئەوتۆیان نەبوو، لە هیچ کردەیەکی سیاسی یان سەربازی بەشدارییان نەکردبوو، بەڵام خواستی زۆرکردنی ژمارەی قوربانییەکان لای دەزگاکانی بەعس، ژمارەی دەستگیرکراوەکانی بەرز کردەوە.

لێکدانەوەی دووەم:

دەکرێت یەکێک لەو گەنجانەی پەیوەندی کردووە یان ئاگاداری کاری گەنجە هاوڕێکانی بووە خۆی پیاوی بەعس و یەکێک بووبێت لە (وەکیل)ەکانی ئەمن، کە لە هەموو کوچەو کۆڵانێکدا بڵاویان کردبوونەوەو دەزگاکانی ئەمن پشتیان پێدەبەستن و ڕاپۆرتەکانیان بێ چەندو چوون وەردەگیراو ڕاپۆرتیان لەسەر هەرکەس بدایە، بە دڵنیاییەوە ڕووبەڕووی لێپرسینەوەو گرتن و ئەشکەنجە دەبوویەوە، لەمبارەیەوە هەندێک لە کەس و کارو هاوڕێکانی کەیوان باس لە گەنجێک دەکەن بەناوی (هێرش) کە ماڵی لە نزیک ماڵی ژمارەیەک لە هاوڕێکانی کەیوان بووەو هاوڕێشیان بووەو ئاگاداری کارو چالاکییەکانیان بووە، ئەم گەنجە دواتر چی لێهات؟ لە بەشەکانی ئاییندە باسی دەکەین.

وەکیلەکانی ئەمن کێبون؟ ئەرکیان چی بوو؟

بۆ ئاشکراکردنی ئەو کەسانەی حزبی بەعس و ڕژێمی سەددام بە زیانی دەزانین بۆ خۆی، یان بە تێکدەری دەبینین، یان زیانێکی بە حکومەتەکەی سەددام و خێزان و دارودەستەکەیان دەگەیاند، بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەمن لەسەردەمی سەددامدا ڕێگەیان پێدرابوو بریکار (وەکیل) بۆ خۆیان دابنێن، ژمارەشیان بە پێی پێویست و گەورەیی و فراوانی شوێنە گشتییەکان و گەڕەک و کۆڵان و فەرمانگەکان بوو، ئەم بریکار(وەکیل)انە جلی ئاساییان لەبەر دەکرد وەک هەر هاووڵاتیەکی ئاسایی، بەڵام بە نهێنی کاریان دەکرد بۆ فەرمانگەکانی

ئەمن و مانگانە مووچەی خۆیان هەبوو، کاری ســەرەکیشــیان هەواڵدان بوو بە فەرمانگەکانی ئەمن و هەواڵگریی بەعس، هیچیتر.

هەرکەسێک ئەم وەکیلانە ڕاپۆرتێکیان لەسەر بنووسیایە بە ئاسانی ڕزگاری نەدەبوو، هەر دەبوو دەســـتگیربکرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت و ئەشــکەنجە بدرێت، چونکە بەعس و دەزگا داپڵۆســێنەرەکانی ڕاپۆرتی پیاوەکانی خۆیان وەک بەڵگە وەردەگرت و هەردەبوو ئەوەی کە دەستگیر دەکرێت بچێتە ژێرباری ئەو هەواڵ و زانیارییانەی لەسەری دراون، لە لێکۆڵینەوەو سزاش ڕزگاربوون ئەستەم بوو، چونکە زۆربەی کات بەهۆی لێدان و ئەشــکەنجەی زۆرەوە کەســی تۆمەتبار دەچووە ژێربــاری ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا هــاتبوو و بەنــاچاری دانیـدەنـا بەو زانیارییانەی لە ڕاپۆرتەکاندا هاتبوو، بەمجۆرە ئیعتیراف بە دەمی خۆی پاش ڕاپۆرتەکە، دەبوویە بەڵگە لەسەری بۆ دادگاییکردن و سزادانی.

(٢٣)
پێکهاتەی فەرمانگە ترسناکەکە

بەڕێوەبەرایەتی ئەمن لەهەر وڵاتێکدا ئەرکی پاراستنی هاووڵاتیانە لەهەر هەڕەشەو مەترسییەک ڕووبەڕوویان ببێتەوە، بەتایبەت ئەو هەڕەشانەی ڕێکخراون، بەڵام لەسەردەمی سەددامدا ئەرک و ڕۆڵی ئەم فەرمانگەیە بە تەواوەتی گۆڕاو لە بری پارێزگاری لە هاووڵاتیان و دەستەبەرکردنی ئاسایش بۆیان، خودی دەزگاکە بوویە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ژیان و سەلامەتی هاووڵاتیان و تەنها چاوی لەسەر یەک ئەرک بوو، ئەویش پاراستنی خێزانی سەددام و داروودەستەکەی و حزب و ڕژێمەکەی لەهەر هەڕەشەو مەترسییەک، ئەمەش بە گرتنەبەری هەموو ڕێگاو جۆرەکانی توندوتیژی تا ئاستی وەحشیگەریی، بەجۆرێک مێژوو زۆر بە کەمی دەزگای داپڵۆسینەری بەوجۆرەی بەخۆیەوە بینیوە، مەگەر ئەو ڕژێمانەی هاوشێوەی بەعس بوون.

لەلای بەعس هەرکەسێک ڕاپۆرت یان هەواڵێکی لەسەر بدرایە بە فەرمانگەیەکی ئەمن، ئەوە ئیتر تاوانبار بوو، تا بێتاوانی خۆی بسەلمێنێ، خۆ ئەگەر بەختی هەبووایەو لەژێر ئەشکەنجەو هەڵواسیندا گیانی لەدەست نەدایە، بە پێچەوانەی بنەما یاساییەکەوە کە "تۆمەتبار بێتاوانە تا تۆمەتێکی لە دادگایەکی عادیلانەی بێلایەن و سەربەخۆدا لەسەر ساغ دەبێتەوە" بە ئامادەبوونی پارێزەرو بوونی بەڵگەو شاهید.

لە سەردەمی بەعسدا ئەو کەسانەی دەستگیر دەکران لەلایەن فەرمانگەکانی ئەمنەوە، دەخرانە ژێر سزاو ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی، نەوەک خۆی، خێزانەکەشی ڕووبەڕووی هەمان دۆخ دەبوونەوە، ئامانجیش یەک شت بوو، ئەویش دانان بەو تۆمەتانەی ئاراستەی کراون، بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ئەنجامەش هەموو ڕێگایەکی

ئەشـــــکەنجەیـان دەگرتەبەر، بەجۆرێـک زۆرجـار خەڵکـانێـک لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەستداوە، یان کەمئەندام بوون بۆ هەمیشە.

بەڕێوەبەرایەتی فەرمـانگەکـانی ئەمن لە پـارێزگـاکـان، سـەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشـتیی فەرمـانگەی ئەمن بوون لە بەغـدا، ئەویش فەرمانگەیەک بوو سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام لەسەردەمی سەددامدا بەڕێوەبەرەکەی ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئاسایش بوو، ڕاستەوخۆ لەلایەن قوسەی کوڕە بچوکی سەددامەوە سەرپەرشتی دەکراو سەددام ئاگاداری هەموو جوڵەو چالاکییەکانی بوو.

بۆ یەکەمجارو لە پاش دروستکردنی عێراق لە سـاڵی (١٩٢١) لەلایەن بەریتـانییەکـانەوە لە بەزۆر پێکەوە لکـانـدنی کورد بە نـاوچە عەرەبییەکانەوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئەمن هەر لەسەردەمی پاشایەتی لە سـاڵی (١٩٤٠) دروستکرا، تا سـاڵی (٢٠٠٣) ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە ئەرکەکەی دوور دەکەوتەوە، بەجۆرێک بووبوویە یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی سـەددام و دارودەسـتەکەی و کۆتایهێنان بە هەرکەسـێک کە بیر لە ناڕەزایەتی بکاتەوە یان ڕەخنەی لە ڕژێم هەبێت، چ جای ئەوەی بیر لە نەیاری سـەددام و ڕژێمەکەی بکاتەوە، یان کارو چالاکیەکی سەربازی لە دژ ئەنجامبدات.

لەسەردەمی سەددامدا، نەوەک لە ڕێگەی وەکیلەکانی بەعسەوە کە لە هەموو کوچەو کۆلانێک هەبوون و ئەرکیان چاودێری ژیانی ڕۆژانەی خەڵـک و هەواڵـدان بوو بە فەرمـانگەکـانی ئەمن، تەنـانەت لە هەموو فەرمـانگەیەکـدا، فەرمـانبەرێـک مـتمـانەداری ئەمـن بۆ ئەو کـارە ڕاسپێردرابوو، دەبوو ڕاپۆرت لەسەر هاوڕێ فەرمانبەرەکانی بنووسێت، لەوەش زیاتر برا لەسەر برا دەکرایە هەواڵدەر، دراوسێ لەسەر دراوسێ، بەعس بەمجۆرە توانیان سـێ سـاڵ بمێننەوەو درێژە بە فەرمانڕەواییە قەرەقوشییەکەیان بدەن.

دروستکردنی دەزگایەکی تایبەت

هەموو ئەم دڕندەییە بەس نەبوو بۆ ئەوەی ترسی سەددام لە خەڵک و نەیارەکانی برەوێنێتەوە، بێجگە لە فەرمانگەی ئەمن و هەواڵگری سەربازی و فیدائی سەددام و گاردی کۆماری، سەددام لە ساڵی (١٩٨٣) دەزگایەکی تری تایبەت بە پاراستنی خۆی و خێزان و داروودەستەکەی دروست کرد بە ناوی ئاسایشی تایبەت (جيهاز أمن خاص) کە ئەرکیان بە تەنها پاراستنی سەددام بوو، تەنانەت پاراستنی سەددام لە دەزگا سەربازییەکانی خۆشی، بۆئەوەی خۆی لەهەر ئەگەرێکی دزەکردنی نەیارەکانی بۆ ناو سوپاو دامەزراوەکانی بەدوور بگرێت و هیچ کەلێنێک نەهێڵێت گیانی خۆی و ڕژێمەکەی بخاتە مەترسییەوە، سەرۆکی دەزگاکانیش ڕاستەوخۆ لە کەسە زۆر نزیکە متمانەپێکراوەکانی خۆی دادەناو متمانەی بەهیچ کەسێکی تر نەبوو دوور لە خانەوادەو کەسە نزیکەکانی ئەرکی سەرۆکی دەزگای ئاسایشی تایبەتی پێ بسپێرێت، ئەو کەسانەش وەک حسێن کامیل زاوای و قوسەی کوڕی و عەبد حەمودی سکرتێرە تایبەتەکەی.

بۆ ئەوەی سەددام و خێزانەکەی زۆرتر خۆیان بپارێزن، متمانەی تەواوەتی بەم دەزگایانە نەبوو کە هەریەکەیان لەلایەن ئەفسەرانی پلە باڵاو بەرپرسانی نزیکی سەددامەوە سەرپەرشتی دەکران، بەڵکو ئەنجومەنێکی بەناوی (ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی عێراق)ی پێکهێنا بە سەرپەرشتی سەددام خۆی و سەرۆکایەتی قوسەی کوڕی، کە مانگانەو هەفتانە کۆبوونەوەی بەردەوامیان هەبوو، ئەنجومەنەکەش پێکهاتبوو لە نوێنەری ئەم دەزگایانە: (سوپا، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتیی، دەزگای ئاسایشی تایبەت، بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری گشتیی، دەزگای هەواڵگری سەربازی، نووسینگەی کۆشکی کۆماری).

ژمارەی ئەو کارمەندو سەربازو ئەفسەرانەی تێکڕا بە تایبەت کاریان پاراستنی سەددام و خێزانەکەی بوو بە هەموو جۆرەکانییەوە، نزیک دەبوویەوە لە(٨٦,٠٠٠) سەربازو ئەفسەر، لەو کاتانەدا کە ژمارەی

دانیشتووانی عێراق کەمتر بوو لە پانزە ملیۆن کەس، ئەوانەش بەمجۆرە بەسەر دەزگاکاندا دابەش بوو بوون:

- لیژنەی ئاسایشی تایبەت، نزیکەی: ٢,٠٠٠ ئەندام.
- دەزگای ئاسایشی تایبەت و دەزگای پاسەوانی تایبەت، نزیکەی: ٥,٠٠٠ ئەندام.
- دەزگای هەواڵگری، نزیکەی: ٤,٠٠٠ ئەندام.
- هەواڵگری سەربازی، نزیکەی: ٦,٠٠٠ ئەندام.
- پڕۆژەی (ئەلهادی)، نزیکەی: ٨٠٠ ئەندام.
- ئاسایشی سەربازی، نزیکەی: ٦,٠٠٠ ئەندام.
- ئاسایشی گشتی، نزیکەی: ٨,٠٠٠ ئەندام.
- پاسەوانی کۆماری تایبەت، نزیکەی: ٢٦,٠٠٠.
- گیانبەختکارانی سەددام (فدائیو صدام)، نزیکەی: ٤٠,٠٠٠ ئەندام.

بەڕێوەبەرەکانی فەرمانگەی ئاسایشی گشتی (مدیریة أمن العام) لە ساڵانی (١٩٤٠ تا ٢٠٠٣) ئەمانە بوون:

١. فەریق/عەلوان حسێن (١٩٤٠ - ١٩٤٦).
٢. لیوا/ بەهجەت داود سلێمان ئەلعەتیە (١٩٤٦ - ١٩٥٨).
٣. عەمید/ عەبدولمەجید جەلیل (١٩٥٨ - ١٩٦٣).
٤. عەقید ڕوکن/ جەمیل سەبری عەلی ئەلبەیاتی (١٩٦٣).
٥. ئەنوەر سامر ئەلعانی (١٩٦٣ - ١٩٦٤).
٦. موقەدەم ڕوکن/ ڕەشید موحسین ئەلجومەیلی (١٩٦٤ - ١٩٦٥).
٧. عەمید ڕوکن/ عەبدولجەلیل ئەحمەد ئەلعوبەیدی (١٩٦٥ - ١٩٦٦).
٨. لیوا/ ئیسماعیل شاهین (١٩٦٦ - ١٩٦٨).
٩. لیوا/ نازم کزار لازم عیساوی (١٩٦٨ - ١٩٧٣).
١٠. لیوا/ عەبدولخالق عەبدولعەزیز سەعید (١٩٧٣ - ١٩٧٦).

١١. ليوا ڕوكن/ فازڵ بەڕاک حسين ئەلناسرى (١٩٧٦ - ١٩٨٤).
١٢. عەلى حەسەن ئەلمەجيد ئەلناسرى (١٩٨٤ - ١٩٨٧).
١٣. ليوا/ عەبدوڕەحمان ئەحمەد ئەلدورى (١٩٨٧ - ١٩٩١).
١٤ـ فەريق ڕوكن/ سەبعاوى ئيبراهيم ئەلحەسەن ئەلتكريتى (١٩٩١ - ١٩٩٦).
١٥. فەريق ڕوكن/ تەها عەباس ئەلئەحبابى (١٩٩٦ - ١٩٩٧).
١٦. فەريق/ تاهير جەليل حەبوش ئەلتكريتى (١٩٩٧ - ١٩٩٩).
١٧. رافيع عەبدولەتيف تولفاح ئەلتكريتى (١٩٩٩ - ٢٠٠٣).

چەند سەرنجێک لەسەر بەڕێوەبەرە گشتييەكانى ئەمن:

١. پاشـئەوەى لە سـاڵى (١٩٦٨) حزبى بەعس بە تەواوەتى دەسـەڵات دەگرێتە دەست، هەميشە كەسانى پلە باڵا لە بەعس يان نزيک لە سەددام و خانەوادەو عەشـيرەتەكەى كراونەتە بەڕێوەبەرى ئەو دەزگايە، ئەگەر سـەرنجى ناوەكان بدەين، لەپاش زنجيرەى ژمارە (نۆ)و لە سـاڵى (١٩٧٣)ەوە، ئەوانەى بوونەتە بەڕێوەبەرى گشتيى ئەمن يان كەسانى باڵا بوون لە حزبى بەعس، يان كەسـانى ڕاسـتەوخۆ ئەندامى خانەوادەى سەددام و عەشيرەتەكەى بوون، چونكە سەددام دەزگاى ئاسايشى وەک دەزگايەک بۆ پاراستنى خۆى و خانەوادەكەى دەبينى نەوەک شتێكى تر، بۆيە دەبوو ئەوانەى لەو پۆسـتە دايانددەنێ لە دڵسـۆزترينەكان بن بۆ خۆى نەوەک بۆ عێراق، پارێزەرى سـەددام و خانەوادەو ڕژێمەكەى بن نەوەک پارێزەرى خەڵكى عيراق.

٢. لەسـەردەمى تاوانبار (فازڵ بەڕاک)دا، دەزگاى ئەمن زۆر گەشـەى كرد لە ڕووى ژمـارەى ئەنـدامەكـانى و چەک و هونەرى هەواڵگرى و كۆكردنەوەى زانيـارييەوە، هەروەهـا زيـاتر بەرەو دڕنـدەيى چوو لە لێكۆڵينەوەو داهێنانى چەندين جۆرى سـزاو ئەشـكەنجە، كە پێشـتر ئەم

دەزگایە پێیان ئاشـــنا نەبوو، هەروەها بەکارهێنانی هونەری جۆراوجۆر بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵک و ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارەکان، تا دەگاتە دروســـتکردنی کارگەی تایبەت بە دروســـتکردنی چەک و پێداویســـتی ئەشکەنجەدان و دروستکردنی خانووی تایبەت بە کارەکانی بەعس لەناو شارەکان بەشێوەی نهێنی، سەردەمی ئەم تاوانبارە بە درێژترین ماوەی بەڕێوەبەرە گشتییەکان دادەنرێت کە نزیکەی هەشت ساڵەو لە هەموو بەڕێوەبەرەکانی تر زیاتر لە پۆستەکەیدا ماوەتەوە.

٣. هەریەک لە (نازم گزار) بە فەرمانی ســەددام و بە تۆمەتی دانان و جیبەجێکردنی پلانی کوشتنی ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆک کۆمارو ســـەددامی جێگری ســـەرۆک کۆمار لە ســـاڵی (١٩٧٣) بەبێ دادگایی و بەشـــێوەیەکی دڕندانە کوژرا، هەروەها تاوانبار (فازڵ بەڕاک) لە ســـاڵی (١٩٩٢) لە دۆخێکی نادیاردا بە فەرمانی ســـەددام کوژرا بە تۆمەتی خیانەت لە ڕژێمەکەی.

٤. تاوانبار (عەلی حەســـەن مەجید) ئامۆزای ســـەددام، لە (٢١ی ١ی ٢٠١٠) پاش ساغبوونەوەی تاوانی ئەنفال و کیمیابیباران و جینۆسایدی گەلی کورد لەســـەری لە دادگا، لە ســـێدارە درا، تاوانبار (ســـەبعاوی ئیبراهیم ئەلحەسەن) برای سەددام لە دایکەوە، لە ساڵی (٢٠٠٩) فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەڵام سزاکەی لەسەر جێبەجێ نەکرا تا لە ساڵی (٢٠١٣) بەنەخۆشی شێرپەنجە لە زیندان مرد.

٥. تاوانبار (ڕافیع عەبدولەتیف تولفاح) کوڕە خاڵی ســـەددام بوو، دەســـتگیر نەکراو تا ئێســـتاش بە (داواکراوی هەڵهاتوو) لە دادگا ئەژمار دەکرێت.

پێکهاتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەمن

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئەمن لە ژمارەیەک (شوعبە)[1]پێکهاتبوو، هەر شوعبەیەک تەرخانبوو بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەو حزب و گروپ و کەسانەی ڕژێم بە دوژمنی خۆی دەزانین و مەترسی لێیان هەبوو، ئەم شوعبانەش بە پێی بوارەکەیان تایبەتمەندییان پەیدا کردبوو لە کارەکەیانداو هەموو ڕێوشوێن و توانایەکی ماددی و مرۆیی لەبەردەستیاندابوو، بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لەناو عێراق و تەنانەت لە دەرەوەی عێراقیش.

شوعبەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئەمنیش ئەمانە بوون:

شوعبەی یەکەم/ تایبەتبوو بە ڕاوەدوونان و بەدواداچوونی ئەندامانی حزبی شیوعی و حزبە چەپە هاوشێوەکانی.

شوعبەی دووەم/ تایبەتبوو بە بەدواداچوون و گرتن و ڕاوەدوونانی ئەندامانی ئەو حزبانەی هەڵگری بیری نەتەوەیی عەرەبی بوون وەک ناسرییەکان.

شوعبەی سێیەم/ تایبەتبوو بە بەدواداچوون و گرتن و ڕاوەدوونانی ئەندامانی حزبە کوردییەکان بە گشتی.

شوعبەی چوارەم/ تایبەتبوو بە بەداوادچوون و کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر قوتابیان بە گشتیی و قوتابیانی زانکۆو پەیمانگاکان بە تایبەت.

شوعبەی پێنجەم/ تایبەتبوو بە بەدواداچوون و کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر چالاکییە کۆنەپەرستییەکان (مەبەست لە گرتن و ڕاوەدوونانی ئەندامانی حزبە ئیسلامییەکان بوو بە شیعەو سوننەوە).

ئەمە بێجگە لە چەند شوعبەیەکی تر کە پەیوەندیدار بوون بە کاروباری بەڕێوەبردن و تەکنیکی بۆ بەڕێوەبردنی دەزگاکە.

---

[1] - وشەی (شوعبە) بە کوردی واتە (هۆبە)، ناوێکە بەکاردەهێنرێت بۆ پۆلێن و ئاست و دابەشکارییەکی کارگێڕی.

کۆبوونەوەی مانگانەی ئەمنی پارێزگاکان و ڕاپۆرتی مانگانە

سەرجەم بەرپرسی هۆبەکان و ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە، بە مەبەستی ئاگاداربوون لە کارو چالاکی و کاری ئەفسەرەکانی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی زانیارییە نوێکان و هەنگاوەکانی داهاتووی ئەمن و ئەفسەرەکانی، بە شێوەی مانگانە کۆ دەبوونەوە، هەروەها زانیاریی لەسەر دروستکردنی وەکیلی نوێ کە بەکرێگیراوو چاوی ئەمن بوون لەناو خەڵک و فەرمانگەو کۆڵان و زانکۆو پەیمانگاو شوێنە گشتییەکانداو گرنگی زۆریان پێدەدرا، هەروەها لەو کۆبوونەوانەدا ڕاپۆرتی مانگانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئەمن دەخوێنرایەوە بۆ ئەوەی ئەفسەرانی ئەمن لە هەر شارو پارێزگایەک ئاگاداری هەواڵ و چالاکی و بەرەوپێشچوونە ئەمنیەکانی پارێزگاکانی تری عێراق بن.

(٢٤)

چیرۆکی لە سێدارەدانی پۆلێکی قوتابخانە بە تەواوەتی!

بۆ ئەوەی لە دۆخی گەلانی عێراق و ئاستی ستەمکاری حزبی بەعس و سەددام تێبگەین، ئەم چیرۆکە دەخەمە بەردەست تۆی خوێنەر، دڵنیام خوێندنەوەی دەبێتە دەروازەیەک بۆ چوونە ناو چیرۆکەکانی ترو تێگەیشتن لە ڕووداوەکان:

بەیانیەکی زووی یەکێک لە ڕۆژەکانی ساڵی (١٩٨٣)، قوتابیانی پۆلی (دال)ی چواری گشتیی لە ئامادەیی کازمیەی کوڕان لە بەغدا، هاوشێوەی قوتابیە هاوڕێکانی تریان چوونە ژوورەوە بۆ پۆلەکەیان، لەو کاتەی چوونە ژوورەوە نووسینێکی سەیر لەسەر تەختە ڕەشەکە (صەبوورەکە) ڕایچڵەکاندن کە نووسرابوو (یسقط نظام صدام) واتە بڕوخێ ڕژێمی سەددام! کاتێک قوتابیەکان ئەمەیان بینی، هیچیان پێ نەکرا، تەنها ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکەیان نەبێت، بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەو دێڕەی بینی و لە مەترسییەکەی تێگەیشت، بۆیە ئەویش تەلەفوونی بۆ ئەمنی کازمیە کرد، مەفرەزەیەکی ئەمن گەیشتنە پۆلی چواری ئامادەیی، خۆیان دێڕەکەیان بینی کەلەسەر تەختە ڕەشەکە نووسرابوو، بۆیە هەموو قوتابیانی پۆلەکەیان ڕاپێچ کرد بۆ لێکۆڵینەوە، پاش گەیاندنیان بە بینای ئەمنی کازمیە لە بەغداد، دواتر ناردنیان بۆ ئەمنی بەغداد، لەوێ سەرجەم قوتابیانی ئەو پۆلە کەوتنە ژێر لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە، تا بزانرێت ئەم دێڕە کێ نووسیویەتی؟ بەڵام بێ سوود بوو، چونکە هیچ یەکێک لە قوتابیەکان دانی نەنا یان ڕاستتر بڵێین ئاگادار نەبوون کە کێ نووسیویەتی؟ کەی نووسراوە؟ ئایا ئەو بەیانیە زوو پێش ئەمان نووسراوە یان ئێوارەی ڕۆژی پێشتر؟ ئایا قوتابییەکی پۆلەکەیان نووسیویەتی یان کەسێک لە دەرەوەی پۆلەکە؟ پاش لێکۆڵینەوە، هاوشێوەی هەزاران گەنجی تر،

ســـەرجەم گەنجەکان لەســـەر ئەو تاوانە زۆر هیچە لە ســـێدارە دران بە خنکاندن تا مردن!

لەو بارەیەوە ســـکالاکارێک کە برای یەکێک لە قوربانییەکانە، لە دادگای تایبەت بە تاوانە گەورەکان لە ســـاڵی (٢٠٠٩) بەمجۆرە قســـە دەکات بۆ دادوەر:" پۆلێکی تەواو، یـانی پۆلێکی تەواو، لەوانە وەک گوتم یوســـف مەهدی، عەلی فواد، نازم ڕەسـول، یانی بۆیە من سـکالایان لەسـەر دەکەم"، دادوەر:" یانی ئەو قوتابیانە هاوڕێی تۆ بوون؟"، شـــاهیدەکە:" بەڵێ ئەوانە هەموو هاوڕێی من بوون، هەموو ڕۆیشـــتن، لە ناویاندا براکەم، باوکم کە وەفـاتی کردووە لە ســـاڵی (١٩٩٧) ڕۆیشـــت بۆ دائیرەی ئەمن داوای وەفاتنامەی کرد، وەفاتنامەکەیان پێدا، کە تیایدا نووسرابوو لە ساڵی (١٩٨٣) سزادراون بە سزای لە سێدارەدان هەتا مردن!"

ســـکالاکـارێکیتر کە نـاوی (عەلی ســـەبری مەهـدی)یەو وێنەی برا مێرمنداڵەکەی بەدەســـتەوەیە بەناوی (عەبدولکەریم) کە لە وێنەکەدا دیارە براکەی تازە بە تازە خەریکە ســـمێڵ دەردەکات قســـە بۆ دادوەر دەکات و دەڵێت:" بە ماوەیەکی کەم پێش ڕووخانی ســـەددام لە (٢٠٠٣) چووم بۆ فەرمانگەی ئەمن، لەوێ وەفاتنامەیان پێدام کە لە ســـێدارە دراون"، عەلی لەناو دادگاکەدا ڕوو لەو کەسانە دەکات کە لەناو قەفەسـی تاواندا ڕاگیراون و دەڵێت: " کوا لاشـــەکەی؟ بۆ کوشـــتنتان؟ چیان کردبوو؟ ئەو مندالانە هەڕەشـــە بوون لەســـەر ئاســـایش؟ چیتـان لێکردن؟ ئەم مێرمنـدالانە هەڕەشەبوون لەسەر عێراق؟".

گەواهیدەرێکیتر لە بەردەم دادگا گەواهی دەدات کە خۆی لە زیندان ئەو پۆلە قوتـابیەی بینیون و ئەو کـاتەی خۆی زینـدانیبووە لە زینـدانی ئەمن:" ئێوارەیەک پێش بانگ ئەو گەنجانەیان هێنا، دایان بەزاندن، ڕاپێچی هۆڵێکی گەورەیـان کردن، ژمـارەیـان زیـاتر بوو لە ســـی قوتـابی، هەموویان گەنج بوون، مێردمنـــداڵ بوون، دوایی زانیمـــان ئەوانە قوتـــابی پۆلی چواری ئامادەیین لە ئامادەیی کازمیە".

(٢٥)

لەسەر "خەیاڵ" لە سێدارە دران

سـەددام و ڕژێمەکەی، نەوەک بەزەییان بە گەنجێکی وەک کەیوان و هاوڕێکانیدا نەدەهاتەوە، بەڵکو زۆر دڵڕەق بوون بەرانبەر ئەوانەشـی کە هەموو تەمەنیان لە خزمەتی سـوپاکەی یان حزب و دامەزراوەکانیدا بەسـەر دەبرد ئەگەر بچوکترین هەڵەیان بکردایە، لەمبارەیەوە م.نوری فارس خۆی شایەتحاڵی ڕووداوێکی واقیعیە، بەمجۆرە بۆمان دەگێڕێتەوە: من خۆم بە چاوی خۆم ئەم ڕووداوەم بینیوە: جارێکیان سـەرەتای شـەڕی ئێران و عێراق بوو، دوو ئەفەسـەریان هێنا لە حامیەی سلێمانی لە سـێدارە بدرێن، یەکێکیان پلەی (ڕائید) بوو لە سـوپا بە ناوی (موەحممەد سەعید)، خەڵکی گەڕەکی بابولشـەیخ بوو لە بەغداد، سوننی مەزهەب بوو، زۆر مسـوڵمان بوو، ئەویتریان پلەکەی (نەقیب) بوو ناوی (عەبد)بوو، خەڵکی بەسـرە بوو، جەعفەریی بوو. لیژنەی بەڕێوەبردنی مەڕاسـیمی لە سـێدارەدانەکە پێکهاتبوو لە من، وەک ئیمامی سـوپاو سـەرۆکی دادگا سـەربازییەکە کە دادگایی کردبوون و داواکاری گشـتیی لەگەڵ فەرماندەی ئینزیباتی سـلێمانی، هەروەها کۆمەڵێکی تر لە خەڵکی پەیوەندیدارو کەس و کاریشـیان ئامادەی ڕۆژی پێش گولەبارانکردنیان بووین!

پاش تەوبەو پەشیمانی و نوێژی سـەرەمەرگ و سـەلات و سـەبرو نووسـینەوەی ڕاسـپاردە نامەو وەسـێتنامەی خۆی، کە ئەمانە لە ئەرکەکانی ئیمامی سـوپا بوو، سـەرۆکی دادگا پرسـیاری لە ڕائید موحەممەد سەعید کرد:"ئایا خۆت بە تاوانبار دەزانیت؟ ئایا دەتەوێت لەم کۆتا چرکەسـاتەی ژیانتا خزمەتێک بە عەدالەت بکەیت و دان بە تاوانی

خۆتدا بنێیت؟ پێمان بڵێیت ئایا لەم پیلانەدا کە تۆ لەســەریی گولەباران دەکرێیت کەسێکی ترتان لەگەڵدا بوو؟ ئایا هەر زیادەیەکی ترت لەسـەر دانپیانانەکەت هەیە؟".

دواتر دواکاری گشــتیش گوتی: "منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی سـەرۆکی دادگا، وە داوات لێدەکەم کە داوای سۆزو بەزەیی لە سـەرۆک کۆمار بکەیت هەتا چاوی لە منداڵەکانت بێت!".

دوای ئەم پرسـیارانەی سـەرۆکی دادگاو داواکاری گشـتیی، ڕائید موحەممەد سـەعید ڕوویکردە هەردووکیان و گوتی: "بەڵێ قسـەم هەیە، حەزدەکەم وەک بەشێک لە وەسیەتەکەم بەم تۆمارە (تەسجیل)ە قسەکانم تۆمار بکەن و ڕادەسـتی ئیمام بکرێت". پاشــان ڕوویکردە من و گوتی: "مامۆستا، ئەی شێخ، ئەمانەت و ڕاسپاردەی خواو پێغەمبەر بێت لەلات، قەرزاری ڕۆژی دواییم بیت ئەگەر بە هەر شـێوەیەک بووە ئەم ئەمانەتە جێبەجێ نەکەیت!" ئینجا ڕائید موحەممەد گوتی: "من بەری و بێتاوانم لەم تۆمەتەی دراوەتە پاڵم و لەسـەری بە ناحەق گولەباران دەکرێم، من ئەگەر دەسـتم لە پیلانێکدا هەبووایە ئێسـتە دانم پێدا دەناو حاشـام لێ نەدەکرد، چونکە زوو یان درەنگ، ڕۆژێک دێت دەبێت بە شـانازی بۆم، بەڵام ئەمە ڕاستییەکەیە:

من برادەری ئەم نەقیب عەبدەم کە ئەمڕۆ ئەویش وەک من لە سێدارە دەدرێت، ئەو خەڵکی باشـوری عێراقەو شـیعەی جەعفەرییەو من خەڵکی بەغدام و سـوننەم، نە لەگەڵیدا بووم، نە ئاگام لە هیچ بووە، شـەوێک نەقیب عەبدو کۆمەڵێک برادەری تری زۆریان خواردووەتەوەو سەرخۆش بوون، وەک یاریی و گاڵتەو گەپ بە خەیاڵ شـۆڕشـێک ڕادەگەیەنن و حکومەتێکی نوێ دادەمەزرێنن، وە لەو حکومەتە خەیاڵییەی خۆیاندا کە بە سەرخۆشی دروستیان کردووە بە حسابی خۆیان من دەکەنە وەزیری ئەوقاف، گوایە لەبەرئەوەی قورئانی زۆرم لەبەرە، جارجار بەهۆی

بێزاریی و بێتاقەتی و وەڕسی شەڕو دۆخی سەنگەرەوە کە بە جیهاز قسەمان لەگەڵ یەکتری دەکرد دەیانگوت: "جەنابی فەخامەتی وەزیری ئەوقاف، ئەمە واو ئەوە وا ..."، پاش ماوەیەک ئەم نەقیب عەبدە ئەم شۆڕش و حکومەتە خەیاڵیەی ئاشکرا دەبێت، لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دان بەوەدا دەنێت کە ئەوان هەر بۆ خۆشی و فشەقیات و گاڵتەو گەپ و بێتاقەتی و کات زۆری ڕەبایە ئەمەمان کردووە، وە ناوی من دەدات کە بە حساب وەزیری ئەوقافی حکومەتە "خەیاڵیەکەی" ئەوو برادەرە "سەرخۆشەکانی" بووم! پاشان هاوڕێکانی تری لە ئەفسەرە سەرخۆشەکان کە ئاگاداری ئەمە دەبن کە عەبد گیراوەو منیش گیراوم، ئەوان هەریەکەیان بە لایەکدا هەڵدێن، ئەوەندەیتر بارەکەی ئێمە قورس بوو، بە حساب تاوانی منیش ئەوەیە کە مادام دوای ئەوەی ئەم کۆمەڵە هەواڵیان پێداوم کە ئەمانە لە خەیاڵی خۆیاندا منیان کردووە بە وەزیری ئەوقاف، هەواڵم لێنەداون و ئاشکرام نەکردوون! کەواتە شتێک هەیەو من لەم پیلانەدا هەبووم! وە ئێستە لە ترسی خوا نەبووایە دەمگوت بەڵێ خەڵکی تریشمان لەگەڵ بوو، ئەی جەنابی دادوەرو ئەی بەڕێز داواکاری گشتیی ئێوەشمان لەگەڵ بوون، هەر ئەوەندەش بەسە کە ئێوەش لە سێدارە بدرێن! بەڕێزان ئەمانە لەخوا ناترسن، لەخواش نەترسای هەر تاوانێک هەرچەند گەورەش بێت بە ئاسان و سوک و سانایی دێتە بەرچاوی تاوانکارەکە!

کاتێک دادوەرو داواکاری گشتیی هەمان پرسیارییان لە نەقیب عەبدیش کرد، گوتی: "سوبحانەڵلا، بەهۆی پیلانێکی سەرخۆشانەوە کە لە دانیشتنی خواردنەوەدا بۆ فشەو قەشمەریی باسمان کرد، کردتان بە ڕاست و پیلانێکی گەورە بەسەرمانەوە!".

بۆ ڕۆژی دواییش، من و پزیشک و مەفرەزەیەکی پزیشکی هاتینەوە بۆ (حامیەی سلێمانی)[1] و بۆ دواجار هەردوو ئەفسەرەکە شایەتمانیان هێناو نوێژی سەرەمەرگیان کردو هەر لە ناو حامیەی سلێمانی بە بەرچاوی هەموو ئەفسەرو سەربازو کارمەندانی حامییەکەوە گولەباران کران![2].

کەیوان و هاوڕێکانی ڕووبەڕووی ئەم ڕژێمە بوونەوە کە لەسەرەوە م.نوری بۆی باسکردین، ڕژێمێک کە وەڵامی بچوکترین هەڵەی تەنانەت دۆستەکانی خۆی بە لە سێدارەدان دەدایەوە، داخۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ کەیوان و هاوڕێکانیدا بکات، کە بڕیاریاندابوو دژایەتی ئەو ڕژێمە بکەن؟!

"نوێژ دەکەیت؟ بەڵێ، ڕۆژوو دەگریت؟ بەڵێ، دە بچۆ ژوورەوە!"[3]

لەبارەی گرتن و ئەشکەنجە لەسەر شتی پڕو پوچ، م.حەسەن پێنجوێنی کە خۆی زیندان بووە لە ئەمنی سلێمانی، بۆمان دەگێڕێتەوە: ڕۆژێک پیاوێکیان هێنا، پیاوێکی کورتەباڵا، سەرسپی، کڵاوسپی، بەڵام ڕیشتاشراوی چاکەت و پانتۆڵ لەبەر، بە لارەملی و کز و لاوازییەکەوە زۆر لەسەرخۆ سەلامێکی کرد، خەڵکەکە وەک عادەتی خۆیان، ڕۆیشتن بەرەو پیریەوە و هەریەکە پرسیارێکی لێدەکرد، بەڵام من نەڕۆیشتم.

هاتنەوە بۆ لام و گوتیان: ناوی (حاجی ڕەشید)ەو مامۆستای سەرەتاییە و سۆفیی شێخ عوسمانی نەقشبەندییەو دەڵێت: هاتوون پێیان

---

١ - سەربازگەیەکی گەورە بووە لە ناو شاری سلێمانی، لە چەند قۆناغێکی مێژوویيدا شوێنێک بووە بۆ سەرکوتکردنی ناڕەزایی خەڵک و گرتن و کوشتن، شوێنەکەی دەکەوێتە ناوجەرگەی شارەوە، ئەو شوێنەی ئێستە (پارکی ئازادی)ە.

٢ - مامۆستا نوری فارس حەمەخان (٢٠٢٢): پێشتر ئاماژە بەم سەرچاوەیە کراوە، لاپەڕە (٥٠٢).

٣ - ئەم ڕووداوە لە دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە،(١٩٨٧/٢/٣)، لە ئەمنی بەلدەی سلێمانی ڕوویداوە (سەرچاوە: بیرەوەرییەکانی بانگخوازێک، لاپەڕە ٢٦٠).

گوتووم: ژنبرایەکت لە سـەربازییەوە هەواڵی کوشـتنی هاتووە، وەرە بۆ دایەرەی ئەمن، تـا ئەدرەسـەکەت لێ وەربگرن، بتنێرن بۆ هێنانەوەی! منیش کەوتوومە تەکیـان، کەچی لێرە پێم دەڵێن: عەسـکەری چی و کوژراوی چی؟ تۆ (حەمەڕەشـید ماوەتی)[1] نیت؟ گوتوومە: بابە! من (حەمەڕەشـید عەبدوڕەحمانم)و هەر لەناو شـار لە دایکبووم و خەڵکی سلێمانیم، حەمەڕەشید ماوەتی چی؟ گوتیان: نوێژ دەکەیت؟ گوتم: بەڵێ، گوتیان: ڕۆژوو دەگریت؟ گوتم: ئەرێ وەڵڵا، گوتیان: دەبڕۆ ژوورەوە!

وا ئێسـتا دەسـتگیرکراوم، ئاخر بابە، لە جیاتی خەڵکی تر بۆ من دەگرن؟ کە خۆتان لێتان ڕوونە من ئەو نیم و هیچ تاوانێکیشـم نەبێت، ئیتر بۆ لە جیاتیی کەسێکی تر بگیرێم؟ خوا چۆن هەڵدەگرێ؟

ئەم هاووڵاتیە کە لەسـەر ئەوەی ناوەکەی لە ناوی کەسـێکیتر چووە لە زیندان دەمێنێتەوە، تا دەیبەنە بەغداو لەوێ ڕووبەڕووی ئەو کەسـەی دەکەنەوە کە لە ژێر ئەشـکەنجەدا ناوی هێناوە، دەڵێت نەخێر ئەمە ئەو کەسـە نیە من دەیناسـم، ئەو (حەمەڕەشـید ماوەتی)ەی من دەیناسـم، گەنجەو وەک ئەم بەتەمەن نییە، ئینجا ئازادی دەکەن، واتە پاش چەند مانگێک لە زیندان و ئەشـکەنجەی ئەمنی سـلێمانی و بەغداد، تەنها تاوانیشی ئەوە بووە کە ناوەکەی لە ناوی کەسێکی داواکراو چووە!

---

١ - ڕەشید کەریم ڕەشید، بە مامۆستا (حەمەڕەشید ماوەتی) ناسراوە، ساڵی (١٩٥٠) لە قەزای (ماوەت) لە دایکبووە، سـاڵی (١٩٦٨) خوێندنی خانەی مامۆسـتایانی تەواو کردووە، بۆ ماوەی (٢٩) سـاڵ مامۆسـتای قوتابخانە بووە، یەکێکبووە لە دامەزرێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ساڵی (٢٠٢٢) کۆچی دواییکردووە. (سـەرچاوە: وێبسـایتی کوردیو، ڕۆژی ١٦ی ١ی ٢٠٢٢).

(٢٦)

هەڵمەتی دەستگیرکردنی ئەندامانی ڕێکخراوەکەی کەیوان

ئەیوب دەڵێت: سەعات یەک و چل و پێنج دەقیقەی شەوی ١٦ی ١٢ی ١٩٨٨ بوو، ماڵمان لە نهۆمی سەرەوە بوو، نهۆمی خوارەوەش ماڵی دوو برامی تێدابوو، ماڵمان دەکەوتە ئەو فەرعەی دەکەوێتە پشـــت مەڵبەندی ئێستەی یەکێتی لە شەقامی سالم، ئەو شـەوە من و خوشکەکەم پێشتر ســـەیری تەلەفزیۆنمـان دەکرد، بۆیە درەنـگ خەوتین، لەو کـاتـانەدا خوشـــکەکەم گوێی لە دەنگە دەنگێک بوو لە کۆلانەکەوە دەهـات، بۆیە یەکســەر گوتی: "ئەیوب خۆت بکە بە خەوتوو"، (وەک ئەوەی هەســت بە مەترسی بکات لەسەر من!)، لە هەمانکاتدا خوشکەکەم چوو باوکم خەبەر بکاتەوەو ئاگاداری بکاتەوە لەو دۆخە نائاســـاییەی کۆلانەکەمـان، تا باوکمی خەبەر کردەوە، ســـەرباز هاتنە ژوورەوە، ســـەرکەوتن بۆ ماڵی ئێمە، تا باوکم خۆی کۆکردەوە، گەیشـتنە بەردەم هەیوانەکە، پاڵێکیان بە باوکمەوە ناو هاتنە ژوورەوە.

لەگەڵ هاتنە ژوورەوەیاندا ڕوویان کردە باوکم و گوتیان ئەیوب کوا؟ باوکیشـــم گوتی ئەیوب خەوتووە، هاتنە ژوورەوەو بەتانیان هەڵدایەوە، ئەگەرچی من بە ئاگابووم، بەڵام خۆم کردبوو بە خەوتوو، کە ســـەری بەتانیەکەیان بەرزکردەوە ئیتر هیچ دەرفەت نەما، پرســـیان تۆ ئەیوبی؟ منیش گوتم بەڵێ من ئەیوبم. گوتیان هەســـتە، قۆڵیان گرتم، یەکســـەر دەستیان کرد بە گەڕان بە ماڵەکەدا.

لەو کـاتـانەدا کە بەنـاو کتێبەکـانمـدا دەگەڕان، تەنـانەت نێوانی کتێبەکانیش، دیارە بۆ نووســـراوو نامەو ئەو شـــتانە دەگەڕان، دەســـتی چووە ســەر کتێبی زانست، لەگەڵ گەڕان بەناو کتێبەکەدا زۆر سـەیربوو،

ئەویش و منیش چاومان چووە سەر لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە کە ئەو کاتە وێنەی سەددام لەلاپەڕەی یەکەمی هەموو کتێبێکەوەبوو، بینیم وێنەکەی سەددام شێوێنرابوو، دەموچاوەکەی لێکرابوویەوەو دڕێنرابوو، لاشەکەشی زەڕبێکی لێدرابوو، ئەمنەکە خۆی تێکچوو، کەمێک ترسا، منیش ئەوەم بینی حەپەسام، یەکسەر گوتم ئەوە برایەکم هەیە منداڵە ئەو وای لێکردووە، ئەمنەکە سەری بەرز کردەوە کە بینی مولازم عەلی و ئەفسەرەکەی تریش کە مولازم عەلا بوو سەرقاڵن و ئاگایان لەم نیە یەکسەر کتێبەکەی داخستەوەو خستیە ژێرەوە، ماڵی ئاوابێت ئەوە چاکەیەک بوو لەگەڵی کردم، چونکە تەنها دڕاندنی ئەو وێنەیەی سەددامم لەسەر ساغ ببوایەتەوە دەکرا سزاکەم لە سێدارەدان یان چەند ساڵێک زیندانی بێت بە پاساوی سوکایەتی بە سەرۆکی وڵات!

پاش گەڕانی ئەمنەکان بە ماڵەکەماندا، هیچیان نەدۆزییەوە لەوەی بۆی دەگەڕان وەک چەک و نامەو نووسراوو کتێبی جیاواز، بۆیە مولازم عەلی گوتی بیهێنن، باوکیشم لەو کاتەیا گوتی تکایە با هەندێک جل و بەرگ لەبەر بکات، لەو کاتەدا بیرم لەوە دەکردەوە کە باوکم چەند منی خۆش دەوێت و چەند خاتری منی لایە، کەچی ئەم ئەمنانە ئاوا بێڕەحمانە لەبەردەستیدا من دەردەهێنن، گوتیان باشە جلی بۆ بێنن، پاش لەبەرکردنی شەڕواڵێک منیان ڕاپێچ کرد، من تەنها ئەوەم پێگوترا بڵێم: "باوکە خوا حافیز"، ئیتر باوکم دەستیگرت بە چاوییەوەو دەستیکرد بە گریان و بە دڵێکی خەمگینەوە گوتی: "خوا حافیزت بێت کوڕی شیرینم"، ئاااای چەند بە ئێشە ئەو ساتانەی باوک دەگری، ئیتر بزانە ئەو ساتانە سەختترینن!

منیان بە قادرمەکاندا بردە خوارەوە، لە دیوی دەرەوەی دیواری حەوشە ڕایانگرتم، لەو کاتەدا یەکێک لە ئۆتۆمبیلە سەربازییەکان بەرانبەرم وەستابوو، لایتەکانی هەڵکرد بۆ ئەوەی باش بمبینن، یەکێک لە

ئەمنەکان چووە لای ئۆتۆمبیلەکەو هاتەوە، لەگەڵ هاتنەوەکەیدا بە هەموو هێزو توانای یەک زلەی لێدام، ئەوەندە توند بوو یەکسەر دانیشتم و کاس بووم، هیچم نەدەبیست. دیاربوو کەسێک لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا جەختیکردەوە لەوەی ئەوەی ئەوان بەدوایدا دەگەڕێن منم، دوای لێدانی زلەکە یەکسەریش پەلاماری دام، بە هەڵگرتن هەڵیگرتم و فڕێی دامە ناو ئۆتۆمبیلەکەوە، کە چوومە ناو ئۆتۆمبیلەکە، هەستمکرد دەنگی خەڵکی تر هەیە، ژن و منداڵ و خەڵکی تر، منیش ویستم لا بکەمەوە بزانم کێ لەناو ئۆتۆمبیلەکەیە، چونک ئۆتۆمبیلەکە پاسێکی کۆستەر بوو، خەڵکیتری تیابوو، لەم کاتانەدا یەکێک لە ئەمنەکان نەیهێشت سەیر بکەم، سەری دانەواندم و قاچی خستە سەر پشتم بۆ ئەوەی ئاگام لە هیچ نەبێت، تومەز پێش من دلێرو شوانەیان گرتبوو، دوای منیش چوون بۆ گرتنی کەسێکی تر، کە یوسف بوو، بەمجۆرە ئەو شەوە پێکەوە شەش کەس لە گروپەکەی کەیوان و دوو خانەوادە دەستگیرکراین.

کە گەیشتینە بەردەم ئەمنی سلێمانی، سەرەتا خێزانەکانیان داگرت و ڕاپێچی ژوورەکانیان کردن، پاشان ئێمەیان هێنایە خوارەوە، تا ئەو کاتەی گەیشتینە بەردەم ئەمن بانگی بەیانی بوو، تا گەیشتینە حەوشەی ئەمن نزیکەی شەش دەرگا کرایەوە، کە گەیشتینە حەوشەکە بردینیانە بەرانبەر بلاجیکتۆرێکی بێزارکەر، گوتیان خۆتان ڕووت بکەنەوە، پاشان هاتن جوان ناو جلەکانیان پشکنین بۆ ئەوەی دڵنیا ببەوە لەوەی بزانن چیمان پێیە، پاشان گوتیان جلەکانتان لەبەر بکەنەوە، ئێمەیان ڕاگرت بەرانبەر دیوارەکە، کۆمەڵێک چەکداریش بەرانبەرمان بوون، لەم کاتانەدا هەستمانکرد کە ئیتر ئەوە بە فیشەک ڕەمیمان دەکەن، ئێمە ئەو گروپەی ئەو شەوە پێکەوە گیراین و لە حەوشەکەدا چاوەڕێی ڕەمیکردن بووین، بریتیبووین لە (من و شوانەو یوسف و ئەمیرو عیرفان و کەمال و وریا)، پاش ماوەیەک ڕاگرتن دەستیان کرد بە خوێندنەوەی ناومان، لەگەڵ

خوێندنەوەی هەر ناوێک دەیانبردینە لایەکەوە، پاشـــان ڕاپێچیان کردین بۆ یەکێک لە ژوورەکان، ســـەیرمانکرد ژووری ژمارە چواردەیە، کە چووینە ژوورەوە بینیمان ژوورەکە زۆر ڕووناک نییە، تەنها یەک گڵۆپی تێدایە، پاشـئەوەی وردە وردە بەرچاومان ڕوونبوویەوە سـەیرمان کرد زۆرینەی هاوڕێکانمان لەوێن، پێش ئێمە دەســـتگیرکراون و یەک یەک چاوەڕێی لێکۆڵینەوە دەکەن، من پێشـــئەوەی دەســـتگیریش بکرێم زانیم کەیوان و هاوڕێکانمان گیراون، منیش سێ ڕۆژێک خۆم شاردەوە، بەڵام گوتم مادەم من هیچم لەسەر نییەو بەشداری هیچ چالاکییەکم نەکردووە بۆ نەچمەوە بۆ ماڵی خۆمان؟ کە ڕۆیشـتیشـمەوە باوکم سـەرزەنشـتی کردم، گوتی دەبوو نەیەیتەوە تا ماوەیەکی تر.

ئەوەی ســەرەوە گێڕانەوەی ئەیوب بوو لەســەر سـات و چۆنییەتی دەســـتگیرکردنی، دەســـتگیرکردنی ئەنـدامـانی ڕێکخراوەکەی کەیوان بەردەوام بوو، یەکەم کەســـیش کە دەســـتگیرکرا کەیوان خۆی بوو، شـــەوێکی درەنگ، ماڵ و ســـەربان و حەوشـــەی کەیوان پڕ بوو لە چەکداری ئەمنی سلێمانی، بە لێدان دەرگاکانیان کردەوە، دایک و خوشک و براکان لە خەو ڕاپەڕین، بەڵام هیچیان دەسەڵات نەبوو، ئەوان هاتبوون کەیوان دەستگیربکەن، یەکسەر چوونە ژوورەکەی کەیوان و قۆڵبەستیان کرد، پاشـان کەوتنە پشـکنینی ماڵەکەیان، هەرچی کتێب و کاسـێت و هەر شـــتێک بەردەســـتیان دەکەوت و گومانیان لێی هەبوو هەموویان لەگەڵ خۆیان برد، لە گەڕانەکانیان هێندە ورد بوون، تەنانەت ســـەقفی دووەمی خانووەکەش دەگەڕان کە تەپەدۆرێک بوو، ژێر فەرشـــیان هەڵدەدایەوەو ژوورەکان یەک یەک گەڕان، پاشان ڕۆیشتن.

هەندێک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە، بە شـەو هەڵیاندەکوتایە سەریان و هەندێکیان بە ڕۆژو لە کاتی دەوامدا، بەتایبەت ئەوانەی لە دەرەوەی شار دەسـتگیرکران وەک لوقمانی موزەمیدو ئەحمەدی موزەمیدو موحەممەدو

ئەحمەد عەبدڵلا، بە هەمانشـێوە حەمەسـوور لە ڕانیە، یاخود هەندێکیان کە لەناو شـاریش بوون دەمەو بەیان یان نزیک لە حەوتی بەیانی دەسـتگیرکران، چونکە هەڵمەتی دەسـتگیرکردنەکان، لە سـەعات یانزەو دوانزەی شـەوەوە دەسـتیپێدەکرد جاری وا هەبوو درێژ دەبوویەوە تا سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر بەردەوام دەبوون.

بۆ دەسـتیگرکردنی لوقمانی موزەمید، بەرەو بازیان و تەیناڵ کەوتنەڕێ، ئەو بەیانییە لوقمان بەرەو دەوامی ئەو ڕۆژەی لە بنکەی تەندروستی تەیناڵ دەچوو، لە دەرەوەی بنکە تەندروستییەکە هەستی بە مەترسـی کردبوو، بەڵام لوقمان نەیدەزانی ترس چیە، بۆیە هیچ سـڵی نەکردەوە لە بینینی ئەو ئۆتۆمبیلە سـەربازییانەی دەرەوەی بینای بنکە تەندروسـتیەکە تا چووە نێو بنکەکە، لەوێ مولازم عەلی و چەند چەکدارێکی ئەمن چاوەڕێیان دەکرد، لەگەڵ گەیشـتنی گوتیان: "تۆ لوقمانی؟" لوقمان وەڵامی دانەوە: "بەڵێ من ئەوم"، گرتیان و گوتیان لەگەڵمان وەرە هەندێک پرسیارمان هەیە، ئیتر د.لوقمانیان لەگەڵ خۆیان ڕاپێچ کرد.

بە هەمانشێوەی دەستگیرکردنی د.لوقمان، سەرلەبەیانی ڕۆژی(٢٠ی ١٢ی ١٩٨٨)، ئۆتۆمبیلێکی لاندکرۆزەری سـەربازی بەهاوڕێیەتی ئۆتۆمبیلێکی تری سەربەتاڵی سەربازی، ژمارەیەک چە کدار کە لە ئەمنی سـلێمانییەوە هاتبوون، لە دواناوەندی عەربەتی کوڕان موحەممەدو ئەحمەد عەبدوڵلایان دەستگیرکرد.

ئەوانەی لەناو شـار بوون زۆربەیان بە شـەو دەچوونە سـەریان بۆ دەسـتیگرکردن، هەندێکیشـیان هەر بە ڕۆژدا، شـەوێکی مانگی دوانزە، ئەمنەکان دابارین بەسـەر ماڵی (موحەممەد حەمەموراد)دا لە گەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانی، لەو خانووەدا کرێچی بوون، بەبێ لە دەرگادان، خۆیان بە ژووردا کردو ماڵ و منداڵیان بەخەبەر هێنا، ئەمنەکان پرسیان:

(منو محمد؟) موحەممەد گوتی من ئەوم، گرتیان و بردیان، باوکی هەرچی هەوڵیدا قسەیان لەگەڵ بکات، بێسوود بوو، تەنانەت ڕێگەیان نەدا جل و بەرگی دەرەوە لەبەر بکات، بە نەعل و بیجامەوە پێش خۆیانداو بەرەو ئەمنەکە بردیان، مام عەبدوڵلای باوکی موحەممەدیان بە قۆناغە تفەنگ هێنایەوە ژوورەوە، گەڕان بە دوای کتێب و نامیلکەکانیدا، هەرچیان بەردەست کەوت لە کتێب و نامیلکە چ هی قوتابخانە چ هەر کتێبێکی تر، بردیان.

لەبارەی دەستگیرکرانی عەبدوڵلا، یەکێکیتر لە هاوڕێکانی کەیوان، خاتوو ئیقلیم حیسامەدین، دایکی (عەبدوڵلا)[1]بۆمان دەگێڕێتەوە: دوانیوەڕۆیەکی مانگی دوانزەی ساڵی (١٩٨٨) دەچووم بازاڕ، عەبدوڵلا گوتی دایەگیان با بەیەکەوە بڕۆین، ئیتر بەیەکەوە لە شەکرەکەوە بەرەو بازاڕ ڕۆیشتین، لە شەقامی سالم، نزیک مزگەوتی کۆڵەک، بەرانبەر پەروەردە، عەبدوڵلا لە پاسەکە دابەزی، ئەو لەوێوە بە پێ ڕۆیشت بۆ قوتابخانەکەی، خواحافیزیی کردو منیش گوتم: "ڕۆڵە خوا ئاگای لێت بێت".

پاشنیوەڕۆ بەرلەوەی عەبدوڵلا لە قوتابخانە بگەڕێتەوە، من هاتمەوە ماڵەوە، مریشکم هێنابوو پێکەوە بیخۆین، هێشتا تازە بانگی عەسر بوو بوو، هاوڕێیەکی عەبدوڵلا هات بۆ ماڵمان، کچە بچووکەکەمان چوو دەرگاکەی کردەوە، گوتبووی ئەوە کتێبەکانی عەبدوڵلایە، ئەمن هاتوون لە مەکتەب عەبدوڵلایان گرتووە، ئیتر منیش بە ڕاکردن بەرەو

---

[1] - ناوی تەواوی (عەبدوڵلا قادر تەها ڕەزا)یە، ساڵی (١٩٧٣) لە گوندی (دیلێژە)ی سەر بە قەزای قەرەداغ لە دایکبووە، لەگەڵ خانەوادەکەی لە ساڵی (١٩٧٦) هاتوونەتە سلێمانی، بەرلەوەی دەستگیربکرێت قوتابی پۆلی سێیەمی ناوەندی بووە لە قوتابخانەی (ئەحمەدی خانی)، پێشتریش لە قوتابخانەی نالی بووە، وا دیارە لە قوتابخانەی (نالی)ەوە هاوڕێیەتی لەگەڵ کەیوان بۆ دروستبووە.

مەکتەبەکەی ڕۆیشتم، لەوێ بەڕێوەبەرەکەیم بینی، بۆی باسکردم کە چۆن ئەمن هاتوون لە ئیدارە هەواڵی عەبدوڵڵایان پرسیوەو لە پۆل و لەکاتی وانە دەریانهێناوەو بردوویانە، ئێمە تەنها توانیومانە فەڕاشەکە بنێرین بەدوایدا بزانین عەبدوڵڵا بۆ کوێ دەبەن، بینیومانە سواری ئۆتۆمبیلە سەربازییەکەی خۆیان کردووە، ئیتر ڕۆیشتن.

من لە ئیدارەی قوتابخانەکە دەستم کرد بە گریان، بەڕێوەبەرو هەموو مامۆستاکان دەستیان کرد بە گریان، ئەمە گریانی بێدەسەڵاتی بوو، لەو کاتانەدا هەموو دەمانزانی دەستگیرکردن لەلایەن ئەمنی بەعسەوە واتای چی بوو، دەمانزانی ئەگەر مولازم عەلی و ڕائید خەڵەف بیانگرتیتایە، چارەنووست چۆن دەبوو، بۆیە مامۆستاکانیش بۆ حاڵی من گریان.

کەس لە خانەوادەکەی عەبدوڵڵا دەستگیر نەکرا، چونکە خۆیان حەشاردابوو لە ترسی گرتن، بەڵام دایکی کەیوان کە دەستگیرکرابوو بۆ دایکی عەبدوڵڵا دەیگێڕایەوە: عەبدوڵڵا لە زیندان گوتوویەتی هەر ئومێدم بەو دوعایەی دایکمە، کە دواجار خواحافیزیمان کردو گوتی (ڕۆڵە خوا ئاگادارت بێت).

یەکێک لە هاوڕێکانی کەیوان گەنجێکی کاراتی بوو، بە ناوی (فەرهاد)[١]، ئەو تەنها قوتابی ئامادەیی نەبوو، لە هەمانکاتدا بەردەوام سەردانی چاودێری گەنجان (ناسراو بە ریعایە شەباب)ی سلێمانی دەکردو لەوێ بەتایبەت وەرزشی کاراتی دەکرد، ئەو ڕاهێنانەش لەو

---

١ - ناوی تەواوی (فەرهاد موحەممەد سالح دەروێش ئەحمەد)ە، لە (١٩٧١/٦/٣) لە سلێمانی لە دایکبووە، منداڵی شەشەمی خێزانەکەیەتی، کاتێک دەستگیرکرا قوتابی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بوو لە ئامادەیی ڕۆشنبیریی کوڕان، گەنجێکی پابەند بە نوێژو پابەندییە ئاینیەکانی ترو قورئان و مزگەوت، یەکێک لە نوێژخوێنانی هەمیشەیی مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە لە شەقامی سالمی سلێمانی، بەتایبەت ئەو مزگەوتە سالانێک شوێنێکی زیندوو بوو لە سلێمانی، بەهۆی گوتارە بەهێزو زیندووەکانی مەلا ئەحمەدی خانەقاوە بووبوویە یەکێک لە مزگەوتە زۆر ناسراوو قەرەباڵغەکانی سلێمانی.

وەرزشـــە توانایەکی زۆری جەســـتەیی و هێزی پێبەخشـــیبوو، ئەمە کردبوویە گەنجێکی چالاکترو ئازاتر لە چاو تەمەنەکەی خۆی، تەنانەت لە زینداندا ئەم توانا وەرزشـــییەی زیانی پێدەگەیاند، چونکە لە دواوە دەســـتیان دەبەســـتەوە کاتێک لە ژووری تەنهاییدا بوو، بەیانی ئەمنەکان دەهاتن دەیانبینی فەرهاد دەســـتی لە پێشـــەوەیە، ئەمەش هەندێک لێدانی زیادەی بەدوای خۆیدا دەهێنا، چونکە پێیان وابووە دەســـتیکردووەتەوە، دەبێت پێیان بڵێ چۆن کردوویەتیەوە؟

چیرۆکی دەستگیرکرانی ئەم گەنجە کاراتیە بەمجۆرەیە: سەعات حەوت و نیوی بەیانی، رۆژی ١٦ی ١٢ی ١٩٨٨، لە دەرگای ماڵی فەرهاد درا، ئەم لێدانە دڵی ئامادەبووانی ماڵی فەرهادی خســـتە خورپەوە، چونکە کاتەکە زوو بوو، کاتێک دەچن دەرگا بکەنەوە، تەماشا دەکەن حەوشـەی ماڵەکەیان پڕبووە لە چەکداری ئەمن، دیاربوو لە ســـەعات دوانزەی شـەوەوە خەریکی دەســـتگیرکردن بوون، ســـەعات حەوت گەیشـتوونەتە ماڵی فەرهاد، ئەوەشـی ســـەرکردایەتی گرتنەکانی دەکرد، مولازم عەلی و ژمارەیەک لە چەکداری هێزی تایبەت (قوە خاصـــە)[1]ی ئەمن بوون، لە دەرەوە بێجگە لە لاندکرۆزەرو شـــۆفرلێتی چەکدارەکان، پاســـێکیشـــیان پێبوو بۆ ئەو گەنجانەی دەســـــتگیریان دەکردن، کاک وریا براگەورەی فەرهاد دەچێت بەدەم چەکدارەکانەوە: "فەرموون کێتان دەوێت؟"، وریا

---

١ - بەعس لە هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکی ئەمن هێزێکی تایبەتی پێکهێنابوو بە ناوی (قوة خاصة)، ئەم هێزە ئەرکیان ئامادەباشی بەردەوام بووە بۆ ئەنجامدانی چالاکی و ڕووبەڕوو بوونەوە، ئەوانەی لەو هێزەیە دەبوونە ئەندام کەســـــانێ هەڵبژاردە بوون، لە ڕووی کەسێتیەوە کەسانی داڕووخاوو توندوتیژو هەرچی و پەرچی بوون، زۆرینەی ئەرکی گرتن و هەڵکوتانە ســـەری هاوڵاتیان و ئازاردانی خەڵک لەلایەن ئەفســـەرو کارمەندانی ئەم هێزەوە ئەنجامدەدران، مولازم موحسـین کە لای خەڵکی سلێمانی زۆر ناسـراوە ئەفەسـەر بووە لەم هێزەی ئەمن، بە توندوتیژییەکانی و کارە وەحشـــییەکانی و ئەزیەتدانی خەڵکی سلێمانی ناسراوە.

کە بەشی فیزیای لە کۆلێجی پەروەردە تەواو کردبوو، پاش تەواوکردنی زانکۆش بە ناچاری برابوویە سەربازی، بۆیە زمانی عەرەبی دەزانی و هەولیدەدا شتێک لە کێشەکە تێبگات یان شەفاعەتێک بکات، وریا دەڵێت: "ویستم پێیان بڵێم تەنها ئێمە لەم کۆڵانەدا باوکمان ناوی (موحەممەد سالح) نییە، بەڵکو هەندێک دراوسێشیان هەمان ناویان هەیە، ئایا هەڵەیەک ڕووی نەداوە؟ گوتیان: "نەخێر ئێرەیە"، پاشان گوتیان: "تۆ ناوت چییە؟"، گوتم: "من وریام ناوە"، گوتیان: "ئێمە وریامان ناوێت"، بەڵکو فەرهادمان دەوێت"، بۆیە چوون فەرهادیان دەستگیرکرد، پاشان گوتیان: "شوێنی کتێبەکانت لە کوێیە؟"، چوونە نهۆمی سەرەوە بۆ ئەوەی کتێبەکانی ببینن، کە لە ناو سندوقێکی بچوکدا بوون، پاش پشکنین یەکێک لە ئەمنەکان ڕوویکردە مولازم عەلی و گوتی: "گەورەم کۆنووسەکە بنووسم؟" گوتی: "بینووسە، تەواو"، کاتێک ئەمنەکان ڕۆیشتنە دەرەوە، پرسیم: "بۆ دەیگرن؟ چی کردووە؟" گوتیان: "هیچ نییە، نیو سەعات پرسیاری لێدەکەین و پاشان دەینێرینەوە".

بە هەمانشێوەی دەستگیرکردنی ئەندامەکانی تر، ئەمنەکان چوونە سەر ماڵی ئەکرەم بۆ ئەوەی دەستگیریی بکەن، ئەو شەوەی هاتن ئەکرەم دەستگیر بکەن، زۆرینەی ئەندامانی خێزانەکە لە ماڵ نەبوون، تەنها دایک و باوکی ئەکرەم و میوانەکەیان، دارا، کە ئەو شەوە بە تایبەت لە ماڵیان مابوویەوە تا بۆ بەیانییەکەی بەیەکەوە بەرەو شوێنی مەبەست بڕۆن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێک.

ئەمنەکان بە شەق و لەقە دەرگا دەشکێنن، سەربان و قادرمەو هەموو شوێنەکان دەگرن، مام سالحی باوکی ئەکرەم بەخەبەردێنن و دەچنە ئەو ژوورەی ئەکرەم و دارای تێدا خەوتبوو، ڕوو دەکەنە ئەکرەم و دەڵێن:"شسمک؟"، پاشئەوەی وەڵام دەداتەوە کە (ئەکرەم)م ناوە، قۆڵی دەگرن، پاشان پرسیار لە (دارا) دەکەن: "انت شسمک؟"، ئەویش وەڵام

دەداتەوە کە (دارا)م ناوە، ئیتر دڵنیا دەبنەوە کە ئەمانە دووانی ترن لە نێچیرەکانیان، پێش خۆیانیان دەخەن بەرەو ئەمن.

ئاسۆ مەحمود دەڵێت: "لە زیندان ئەکرەم بۆی گێڕامەوە: ئەو شەوەی هاتن دەستگیریان کردم دەمانچەکە لەژێر سەرینەکەمدا بوو، بە خێرایی فڕێمدایە قوژبنێکی ژوورەکە، بەڵام نازانم دواتر ئەمنەکان دۆزیویانەتەوە یان نا!".

لەبارەی دەستگیرکردنی (عیرفان)ەوە، دایکی بەمجۆرە بۆمان دەگێڕێتەوە: سەرلەبەیانی کاتی نوێژ، ڕۆژێک لە ناوەڕاستی مانگی دوانزەی ساڵی هەزارو نۆسەدو هەشتاو هەشت، کۆمەڵێک چەکداری ئەمن هەڵیانکوتایە سەرمان، حەوشەو کۆڵان و گەڕەکیان گرتبوو، دۆخێکی پڕ لە تۆقینیان دروستکردبوو، کاتێکمان زانی لەناو ماڵەکەماندا بوو بە هاتوهاوار، عیرفان سەعید کوا؟ هاتن لە ژێر جێگەی خەوتنەکەی هەڵیانساندو دوو ئەمن هەردوو دەستیان گرت، گەڕان بە ماڵەکەدا، بۆ هەر شتێک دەگەڕان، ناو هەر شتێکیان دەپشکنی، پاشان عیرفانیان لەگەڵ خۆیان برد.

ماڵی ئەمیر لە کۆڵانێکدایە لە پشت ئەو بینایەوە کە ئێستە پێی دەڵێن بینای عەتار لە گەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانی، ئەو شوێنە مەسڵەحەکەیشی پێدەڵێن، کۆڵانەکەیان ئەوسەری دەرناچێت و بنبەستە، شەوێکی درەنگ کە کات نزیکی نوێژی بەیانی بووبوویەوە، ئەو کۆڵانە پڕبوو لە چەکدارەکانی ئەمنی سلێمانی، ئەوان لیستێکیان پێبوو، دەبوو دەستگیریان بکەن، یەکێک لەو ناوانەش ئەمیر ڕەوف بوو.

ئەمنەکان بەسەر دیواری ماڵەکەیاندا خۆیان هەڵدایە حەوشەی گەورەکەیانەوە، بەبێ ئەوەی لە دەرگا بدەن پەنجەرەی چێشتخانەکەیان شکاندو دەستیان برد دەرگاکەیان کردەوە کە کلیلەکەی پێوەبوو، هاتنە ژوورەوە، هات و هاوار ماڵەکەی پڕکرد، چەکدارەکان هەموو ئەندامانی

ماڵەکەیان بە خەبەر هێنا، ڕوویان لە دایک و باوکی ئەمیر کردوو گوتیان: "کوڕەکانتان لە کوێن؟" باوکی ئەمیر گوتی: "لەسەرەوەن، لەو ژوورانەی سەرەوە"، بە ڕاکردن ژمارەیەک لە چەکدارەکان چوونە سەرەوە، چوار ژوور گەڕان، هەر ژوورێک یەکێک لە کوڕەکانی تێدا خەوتبوو، هەموویانیان بەخەر هێنا، "کامتان ئەمیرن؟" ئەمیر دەنگی بەرز کردەوەو گوتی: "من ئەمیرم"، ئەمە ئەو ناوە بوو کە مولازم عەلی و چەکدارەکانی چاوەڕێیان دەکرد، چونکە ئەمیر نێچیرەکەیان بوو.

پاش دەستگیرکردنی ئەمیر، دەستیان کرد بە گەڕان، هیچیان نەدۆزییەوە، پاش ماوەیەکی کەم، دەست و چاوی ئەمیریان بەستەوەو بەرەو ئەمن لە ماڵەکە چوونە دەرەوە، هەرچی دایک و باوکی ئەمیر هاواریان کرد کە با قەمسەڵەیەک، چاکەتێک شتێک بێنین بۆ ئەمیر، بەڵام چەکدارەکانی ئەمن ئەم قسانەیان نەبیست و نەچوو بە گوێیاندا.

لەبارەی دۆخی دەستگیرکردنیان، دلێر مەحمود بۆمان دەگێڕێتەوە: "پاش دەستگیرکردنمان لە ناو ماڵی خۆماندا، لەنێو پاسێکی کۆستەردا هەریەکە لە من و ئەیوب غەفوورو شوان سەعدی و عیرفان جەلال بەڕێکراین بەرەو ئەمنی بەلدە، بەتانیەکیش درابوو بەسەر سەروچاویاندا، یەکمان نەدەبینی و هەناسەدانیشمان ئاسان نەبوو. لەو کاتانەدا یەکێکمان زۆر تەنگەنەفەس بوو، وەک پێویست ئۆکسجینمان پێنەدەگەیشت، بۆیە ڕوویکردە یەکێک لە ئەمنەکان کە لەدەرگاکەدا وەستابوو، گوتی: سەیدی سەیدی، التنفس الشدید، ئەمنەکە بە عەرەبیە تێکشکاوەکەی دەستیکرد بە پێکەنین و کەمێک بەتانیەکەی لادایەوە، گوتی: "ها ئەوە هەناسە بدەن!".

دلێر سەعات یەک و نیوی شەوی (٢٤ی ١٢ی ١٩٨٨)، لە ماڵەوە دەستگیرکرا، پێشتر هیچ ترسێکی نەبوو لە دەستگیرکردن، هەروەها لە هیچ حزبێکیش ئەندام نەبووە، تەنها چەند ڕۆژێک پێشتر چەند هاوڕێیەکی دەستگیرکرابوون.

دلێر خەوتبوو، کاتێک بە ئاگاهات کەسێک شەق لە قاچی هەڵدەدات، سەرەتا وایزانی دایکیەتی و بۆ سەعی خەبەری دەکاتەوە، بۆیە دەڵێت: "دایە جارێ ئەمڕۆ سەعیم نیە"، پاشان ئەو ئەفسەرەی هاتبووە سەر سەری دەکات بە پشت ملیاو هەڵیدەستێنێتەوە، کە چاوی دەکاتەوە دەبینێت ئەفسەرێک یەخەی گرتووە، دواتر زانی ئەمە مولازم عەلا بووە، دایک و باوک و خوشک و براکانیشی لە ماڵەکەدا دەگرین، دایکی هاوار دەکات: "لێی گەڕێن، چی کردووە؟"، بەڵام سودی نەبوو، پاش پشکنین و گەڕان بەناو ماڵەکەدا بەرەو دەرەوە دەیبەن، تەنها دایکی فریا دەکەوێت دوو بەتانی بداتە دەست دلێر، بۆ ئەوەی لە زیندان سودیان لێ وەربگرێت، تا ئەو کاتەش دلێر هەر شۆک دەبێت، نازانێت چی ڕوو دەدات، ئاخر ئەو مێرمنداڵێکی تەمەن چواردەساڵ بۆچی ئەمن دەستگیریی دەکەن؟

بە لەچکەکەی دایکی چاویان بەست

سەعات دوانزەو نیوی شەوی ١٨ لەسەر ١٩ی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٨، کاتێک لە یەکێک لە ژوورەکانی خانووە دوو ژوورو هەیوانییەکەی ماڵی خۆیان لەگەڵ باوکو دایکو برایەکو پورزایەکی کە هەڵهاتووی سەربازی بوو خەوتبوو، بە دەنگو هاواری پیاوەکانی بەعس بەخەبەرهات، یەکێک لە ئەمنەکان کە لیستێک ناوی پێدەبێت، یەک یەک لە باوکو پورزاکەی دەپرسن ناوتان چییە؟ تا سەرەی جەلال دێت، کاتێک دەڵێت جەلال، یەکسەر دووان ئەملاولای لێدەگرنو هەردوو دەستی دەگرنو یەکێکیش لە دواوە، دەیبەنە هەیوانەکە، لەوێ هەندێک ڕایدەگرن، دایکی بەگریانەوە پێیان دەڵێت: "بۆ کوێی دەبەن؟" ئەوانیش دەڵێن: "یەک دوو پرسیاری لێدەکەینو دەیهێنینەوە".

لەوێ لەچکێکی دایکی دەکەن بە دوو بەشەوە، بە یەکێکیان چاوی جەلال دەبەستنو بە یەکەکەی تریشیان هەردوو دەستی لە دواوە، ئەمنەکان داوای شوێنی کتێبەکانی لێدەکەن، جوان کتێبەکانی دەپشکنو

هیچ شـــتێک نادۆزنەوە، پاشـــان بەرەو ئۆتۆمبێلێکی ســـەربازی دەیبەن، جەلال دەئاخننە دواوەی ئۆتۆمبێلە پڕ لە چەکدارەکە، لەبەرئەوەی نێوان چەکدارەکانو شـــوێنی دانیشـــتنەکان زۆر بچوک بووە نەچووەتە ناوی، بۆیە ئـەمنێک بـەتوندی یـەک لـەقـەی لێدەدات بۆ ئـەوەی جێی ببێتـەوە لەشـوێنە تەنگەلانەکەدا، ئەو ئۆتۆمبیلانەی هاتبوون بۆ گرتنی، بریتیبوون لە شـۆفرلێتێک و دوو لاندکرۆزەرو پاسـێک، هەر ئەو شـەوە (عەباس)ی هاوڕێشی دەگرن.

لەو کاتەی دەیگرن بەدەم ڕێگەوە لەگەڵ لێدانو شـــەقو تێهەڵدان پرسیاری لێ دەکەن ناوت چییە؟ ئەمیش بۆ هەر پرسیارێک چەند جارێک پرســـیاریان لێدەکاتەوە بۆ ئەوەی وازی لێ بهێنن، ئەمەش ئەمنەکان بێتاقەت دەکات، تا دواجار یەکێکی تر پرســـیاری ناوی لێدەکات، ئەمیش بە هەمانشێوە دەڵێت: "مەبەستت منە؟"، یەکێک لە ئەمنەکان دەڵێت: "ئەوە من نیم پرسیارت لێدەکەم ها، ئەوە مولازم عەلییە، ئاگات لە خۆت بێت!"، ئەویش کە دەزانێت مولازم عەلییە یەکسەر ناوی سیانی خۆی دەڵێت.

پاش هەندێک ڕۆیشـــتن جەلال دەگوازنەوە بۆ لاندکرۆزەرەکە، ناوەســـتن تا بینای ئەمن، لەوێ ڕاســـتەوخۆ بەرەو ژووری لێکۆڵینەوەی دەبەن، هەندێ پرســـیاری ســـەرەتایی لێدەکەن، وەکو زانیارییەکو دروســـتکردنی فایل بۆی، پاشـــان لە ڕاڕەوێکەوە بەرەو ژووری ژمارە چواردە، کاتێک دەیکەنە ژوورەوە نزیکەی بیســـت و پێنج کەســـی لێ دەبێت، جەلال هیچ یەکێک لەو کەسانە ناناسێت، تەنها عەباس نەبێت، لەو زستانە ساردە جەلالیش لە ســەعات دووی شـەوەوە بوویە یەکێک لەو کەسانەی کە بە کەیوانو هاوڕێکانی ناسراوبوون، ئەو ژوورە سەرجەمی هاوڕێکانی کەیوان بوون، وەک دواتر زانی، بەڵام ئەو تەنها هاوڕێکەی خۆی دەناســێت، (عەباس) .پاش دوو شـــەو هەریەکە لە عەباسو جەلال هەڵەدنی ڕێکدەکەون لەســـەر ئەوەی کە عەباس بڵێت منو جەلال تەنها

هـاوڕێی گـەڕەک بووینو هیچی تر، هـەر وا دەکـەنو لـە ســـــەرجـەم لێکۆڵینەوەکان جەلالو عەباس هەر وادەڵێن.

ســــەرەتـا ژوورەکـەی هـاوڕێیان کپو مـاتو بێدەنگن، کـەس هیچ نـازانێت، بـەڵام ئـەوەنـدە دەزانن هـەموویـان گیراونو هـەموو شـــتێک ئاشکرابووە، لێرەوە لێدانو هەڵواسینو کێبڵو کارەبا دەستپێدەکات.

یەک یەک پۆلە گەنجەکە بەپێی ئاستی بەشدارییان لە کارەکان بەرەو لێکۆڵینەوە دەبرێن، هەر دوو پیاوی ڕژێم دێنو ناوێک قۆڵبەست دەکەنو ئیتر نایهێننەوە، تا دواجار جەلال بەتەنها خۆی دەمێنێتەوە.

کاتێک جەلال تەنها دەبێتەوە، ڕۆژی ٥ی ١ی ١٩٨٩ دوو کەســـی تر دەستگیردەکرێن، ئەو دوو کەســە ناناسێت، ئەو ئێوارەیە کاتێک هەردوو کەســـەکە خەوتبوون ئەمنێک کە کاری دابەشـــکردنی خواردن بوو خواردنی ئێوارەی هێنا، جەلال هەر لە خۆیەوە دەڵێت حەڤدە کەســـین، بەبێئەوەی بیربکاتـەوە لـەوەی ئـەم درۆیـەی چـەنـد خراپـە لـەلای ئـەمن ئەگەر پێی بزانن، جەلال مەبەستی بوو ئەو فێڵە لەو ئەمنە بکاتو خۆیو دوو هاوڕێ نوێکەی تێر بخۆن لەو ماستو خورمایەی کە خواردنی ئەو ئێوارەیەیان بوو، بەختی جەلال کابرای خواردنیش ســـەیری ژوورەکە ناکات تا بیانژمێرێت، خواردنی حەڤدە کەسی پێدەدات، نیو سەتڵ ماست، حەڤـدە ســـــەموون، پەنجـاو یـەک دەنـک خورمـا، خۆی تێر دەخوات، ســـــەمونێکیش دەخاتە گیرفانی بۆ ئەوەی بۆ کاتی لێکۆڵینەوە پێی بێت، کاتێکیش دوو زیندانییە نوێیەکە خەبەریان دەبێـــــتەوەو ئەو هەموو خواردنـە دەبینن، تـەواو دڵخۆش دەبنو ئـەویش چیرۆکـەکـەیـان بۆ دەگێڕێتەوە، لە خۆشـــیا ماچێکی جەلال دەکەن. جەلاد هاتنو جەلالیان ســـەعات حەوتی ئێوارە برد بۆ لێکۆڵینـەوە، ئـەم بوویـە کۆتـا هـاوڕێی کەیوان بۆ لێکۆڵینەوە.

(٢٧)

هەموو خێزانەکەو خزمەکانیان دەستگیرکرد، تا ئاسۆ خۆی ڕادەست بکات

ئاسۆ زۆر درەنگ دەستگیرکرا، دوای ئاسۆ تەنها نەوزادو سدیق دەستگیرکران، لەو بارەیەوە خۆی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە: کەس مالی منی نەدەزانی، تەنانەت کەیوانیش، ئەمەشم وەک پالپشتییەک بەکاردەهێنا بۆ بێخەمییەکەم، بەلام هەرگیز ئەوەم بەبیردا نەدەهات کە یەکێک لە قوتابییە هاوڕێکانم ڕۆژێک لە یەکێک لەوانەکاندا داوای کتێبێکی نوێی پۆلی سێی ناوەندی لێکردم، منیش بەهۆی براژنمەوە کە مامۆستا بوو لەگەل خۆم هێنامەوە تا دەستەیەک کتێبی نوێی پێبدەم، هێنانەوەی ئەو هاوڕێیەم بۆ مالی براژنەکەم و پێدانی ئەو کتێبانە بوونە سەرەداوی دۆزینەوەو دەستگیر کردنم، چونکە مالی خوشکەکەشم هەر لەگەل براکەمدا بوو.

پاش دەستگیرکرانی کەیوان و هاوڕێکانی، من لە مالەوە نەدەخەوتم، ڕۆژی ٧ی ١ی ١٩٨٩، مولازم عەلیو مەفرەزەکەی هاتبوونە سەر مالی خوشکەکەم، کە لە نزیک مالی پوورم بوون لە گەڕەکی شەهیدانی زەرگەتە، دایکمو باوکمو پوورو زاواو خوشکو براو ئامۆزاو هەموویانیان دەستبەسەر کردبوون، پێیان گوتبوون ئێوە هەر لەم مالە زیندانن تا ئەو کاتەی ئاسۆ ڕادەست دەکەن!

منیش تا نزیکەی نیوەڕۆ نەچووم خۆم ڕادەست بکەم، بەلام دیاربوو بارودۆخەکە بەجۆرێک بوو هیچ چارم نەما، یان دەبوو هەموو خێزانو خزمەکانم بگیرێن، یان دەبوو خۆم ڕادەست بکەم، بۆیە دواجار بڕیارمدا خۆم ڕادەست بکەم، ئەو ڕۆژەش لە قوتابخانە بووم، لە ناوەندی ڕۆژهەلات، لە گەڕەکی سەرکارێز، دەستمگرت بە سکمەوەو خۆم کرد بە نەخۆش، چوومە لای بەڕێوەبەرەکەمانو داوای مۆلەتم لێکرد، ئەویش مۆلەتی پێدام

و منیش یەکسەر بەرەوماڵەوە گەڕامەوە، بۆ ئەوەی خۆم ڕادەستی مولازم عەلیو تاقمەکەی بکەم کە بۆ گرتنی من هاتبوون، ئەو ئەو ساڵە تەنها پۆلی سێی ناوەندی بووم، پاش منیش مولازم عەلی ڕۆشتبووە سەر قوتابخانەکەم بۆ گرتنم، بەڵام من پێش ئەو چووبوومە دەرەوە، ئەو بە ئۆتۆمبیلو من بە پێ، دیارە ئەو زووتر گەیشتەوە ماڵەوە، خۆم کرد بە ژووردا، باوکیشم لەوێ وەستابوو، هەموو چاوەڕێی منیان دەکرد.

چوومە بەردەم مولازم عەلیو گوتم: "من ئاسۆم"، سەرەتا باوەڕی نەکرد، چونکە زۆر منداڵبووم، بێجگە کەمی تەمەن وردیلەش بووم، گوتی: "ناسنامەکەت؟" منیش ناسنامەی قوتابخانەم دایە دەستی، کە بینی ڕاست دەکەمو ئەوم، هەردوو دەستی بەرزکردەوەو ویستی تا هێزی تیایە زلەیەکم لێبدات، منیش توند چاوم نوقاند، نازانم لەبەر چی بوو، لەبەر باوکم و خوشک و پوورم و منداڵەکان، یان چیتر؟ دەستی ڕاگرتو زلەکەی لێنەدام، گوتی: "سەریخەن"، منیان خستە ئۆتۆمبێلێکی شۆفرلێتی سەربەتاڵ، بەو ئۆتۆمبیلەوە منیان تێخست سێ ئۆتۆمبیل و ئەو هەموو چەکدارە، هاتبوون من بگرن، گرتنی منداڵێک کە لە پۆلی سێیەمی ناوەندییەو تەمەنی تەنها چواردە ساڵە، لە ڕاستیدا بەعس تەواو تۆقیبوون!

بەچاو بەستراوی لە بەڕێوەبەریتی ئەمن خۆم بینییەوە، ژووری تەنهایی ژمارە چوار، کات نیوەڕۆبوو، فریای خواردنی نیوەڕۆ کەوتم، پەتاتەیان پێداین، بەڵام من هیچم بۆ نەخورا، لە بارودۆخێکی لەو چەشنەدا کێ نانی بۆ دەخورێ؟

براکەت نوێژی دەکرد؟

ڕۆژێکی مانگی یەکی ساڵی هەزارو نۆسەدو هەشتاو نۆ، سدیق لەکاتی خۆیدا نەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، سەعات یەکی پاشنیوەڕۆ کاتی گەڕانەوەی ڕۆژانەی بوو لە ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی، هەمان

قوتابخانەی کەیوان، بەڵام سـەعات بوو بە دوو، بوو بە سـێ و چوار سـدیق هەر دیار نەبوو و نەگەڕایەوە ماڵەوە، نەگەڕانەوەی سـدیق بوویە خەمی خێزانەکەی، براکان ناچاربوون بگەڕێن بەدوای هەواڵێکی سـدیقی برایاندا، دەسـتیانکرد بە سـەردانی نەخۆشـخانەو بنکەی پۆلیس و دادپزیشکی، تا بزانن سدیق لە کوێیەو بۆ لە قوتابخانە نەگەڕایەوە، بەڵام هەوڵەکانیان بێسود دەبێت و ئەو ڕۆژە هیچ هەواڵێکیان دەست ناکەوێت، بۆیە بۆ بەیانیەکەی زوو دەچنە قوتابخانەکەی، ئامادەیی پیشـەسـازی سـلێمانی، لەوێ قوتـابخانەکە پڕ دەبێت لە مقۆ مقۆ، هەرکەس لەلای خۆیەوە ترسـی لێنیشتووە، چونکە شـەوورۆژی ڕابردوو و دوو هەفتەی پێشـووتریش کێشـەیەکی گەورە ڕوویدا بوو، ئەویش دەسـتگیرکردنی ژمارەیەک قوتابی ئامادەییەکەیە چ لەماڵەوە چ لە کاتی دەوام لەناو بینای ئامادەییەکە، ئەمەش بشـێوی و شـڵەژانێکی زۆری لە ناو مامۆسـتاو قوتابخانەکەدا دروست کردبوو.

برایەکی سدیق بەرەو ژووری بەڕێوەبەر بەڕێکەوت، لەوێ پرسیاری (سـدیق)ی کرد کە لە دوێنێوە دیار نییە، لەوێ بەڕێوەبەر بە پرسـیارێک دەسـتی بە قسـەکردن کرد، لە براکەی سـدیقی پرسـی: "براکەت نوێژی دەکرد؟" براکەی سـدیق وەڵام دەداتەوە: "بەڵێ نوێژی دەکردو پابەندی هەبوو"، گوتی دەوەڵا دوێنێ ئەمن هاتوون و گرتوویانە، ئێمە هیچمان بۆ نەکراوە!.

(ئەم پرسـیاری نوێژکردنەی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە براکەی سدیق جێگەی سـەرنجە، ئەوەش دوو خوێنـدنەوەی هەیە، یەکەم ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر کەمی قوتابی لەو سـاڵانەدا نوێژیان دەکرد، دووەمیان ئەوەیە کە ڕۆژانی پێشـتر بینیویـانە چوار قوتـابی تریـان کە خـاڵی جیاکەرەوەی سـەرەکیان لە قوتابییەکانی تریان نوێژکردن و پابەندی ئاینی بوو لەلایەن ئەمنەوە دەستگیرکراون، کەواتە ئەمیش هەر لەوانە)!

(٢٨)

"لێم دوور کەوەرەوە، باتووشی کێشە نەبین"

سـەعات یەکی شـەوی ٢٣ی ١٢ی ١٩٨٨، بە لێدانی دەرگاو هەڵکوتانە سەر بان و حەوشـەی مەفرەزەیەکی ئەمنی سلێمانی ماڵی (عەلی و دارا) بەخەبەرهاتن، ئەو کات چەند مانگێکی کەم بوو ماڵیان هاتبووە گەڕەکی بەختیـاری، پێشـــتر لە گەڕەکی ڕزگـاری بوون، نزیـک گەراجی مەسڵەحەکەی سلێمانی.

ئەو شـەوەی هاتنە سـەریان بۆ دەسـتگیرکردنی عەلی و دارا، سـەرەتا حارســـی برا گەورەیان بەخەبەرهێنا، گوتیان: "عەرەبی دەزانی؟" حارس وەڵامی دایەوە: "بەڵێ دەیزانم"، ئیتر کەوتنە پرســیارکردنی براکانی، ئەو شەوە تەنها عەلی لەماڵ بوو، دارا لە ماڵی (ئەکرەم)ی هاوڕێی نزیکی بوو.

لەو کاتەی ئەمنەکان چووبوونە قاتی ســـەرەوەیان بۆ گەڕانی ماڵەکەو پشــکنین و گەڕان لەناو کتێب و پێداویســتییەکانی کوڕەکان، حارســی برا گەورەی عەلی و دارا، چووە تەنیشـــتی یەکێـک لە ئەمنەکـان، کەتەیەکی گەورەبوو، جگەرەیەکی داگیرســـاندبوو، گوتی: "قوربان بەڕێزت لە پیاوێکی باش دەچی و کوڕی عەشیرەتی"، گوتی: "ها بڵێ چیت دەوێت؟" حارس پێی دەڵێـت: "من کە ئێوە هـاتبوون خەوتبووم، نـازانم مەســـەلە چیەو چیتـان دەوێـت؟" ئەمـنەکە گـوتـی: "مـنیـش وەک تـۆ خەوتـبـووم، خەبەریـان کردوومەتەوەو هێناومیان، یەکێکی کورد لە خۆتان بە لیســـتێکەوە هات و هەواڵی لێداون" پاشـــان گوتی: "ئەو ئەفســـەرە دەبینی لەگەڵمانە؟" حارس گوتی: "بەڵێ"، گوتی: "ئەوە ســـەگ کوڕی ســـەگە، لێمان دوورکەوەو خۆت تووشی کێشە مەکە"، حارس پرسیاری هەواڵدەکەی لە ئەمنەکە کرد، گوتی: "هەواڵدەرەکە لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا دانیشتووە، ئیتر پرسیار مەکە!".

ئەو شـــەوە دارا لە ماڵ نەبوو، دارا لە ماڵی ئەکرەم بوو، چونکە بۆ بەیانییەکەی چالاکییەکی گەورەیان هەبوو، پێی باشــبوو بوو شــەویش لەگەڵ ئەکرەم بەیەکەوە بخەون، هەربۆیە قۆڵی عەلی و حارســیان گرت و بەرەو ناو یەکێک لە شۆفرلێتە سەربازییەکان پەلکێشیان کردن، بەڵام لەبەرئەوەی ناوی حارســـی برا گەورەیان یەکێک نەبوو لەو ناوانەی لە لیســتی داواکراوەکاندا بێت، لە نزیک یانەی ئەندازیاران پەلی حارســیان گرت و گوتیان تۆ وەرە خوارەوەو بگەڕێرەوە بۆ ماڵەوە.

پاش دەســـتگیرکردنی مەلا عەلی و پاشـــان دارای برای، ماڵی مام عوســـمان کەوتنە ســـووتاندنی کتێب و نامیلکە ئیســـلامیی و جۆراو جۆرەکـانی داراو عەلی، تـا هەموو ئەو کتێبـانەی کە گومـانیـان هەبوو کێشەبن بۆ کوڕەکانیان سوتێنران و تەنها چەند دانەیەکی کەم مانەوە.

هەواڵدەرەکە کێ بوو؟

لەبارەی کاری ســـیخوڕییەوە، قاســـم ئاغای کۆیە، کە یەکێک لە ســـەرۆک "جاش"ە کوردەکانە، دەڵێت: "من حکومەت تەکلیفی لێکردم، منیش چوومە پێش بوومە پیـاوی ڕژێم، نەوەک من، هەموو بوو بوونە پیـاوی هەواڵگری، ژن و پیـاوو گەورەو بچوک بووبوونە ســـیخوڕ، هەواڵگری بوون، ئەمن بوون، هەواڵگری ســـەربازی بوون، حزبی بوون، بەعســـی بوون، ئەندامی حزب بوون، هەر هەموو، کەناس و فەڕاشـــیش بوو بوونە ســیخوڕ[1]". قســەکانی ئەم ســەرۆک جاشــە کە پاســاوە بۆ جاشایەتییەکەی خۆی، بەڵام ڕاستییەکیشی تێدایە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بە پاســـاوی جیاجیا بووبوونە پیاوی ڕژێم و لەســـەر هاوڕێ و دراوسێ و کەسە نزیکەکانی خۆشیان ڕاپۆرتیان دەنووسی.

---

1 - دیداری ســەرۆک جاش (قاســم ئاغای کۆیە) لە کەناڵی (ئێن ئاڕ تی)، ســالی (٢٠١٥) بەخشکراوە.

ئەو کەسەشی لەسەر کەیوان و هاورێکانی و ڕێکخراوەکەی سیخوڕیکرد و زانیاریی لەسەریان دایە ئەمن، کەسێک بوو بەناوی (هێرش) هاوڕێی بەشێک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە بوو، ماڵیان نزیک بوو لە ماڵی ژمارەیەک لە گەنجەکانەوە، ئاگاداری کارو چالاکییەکانی کەیوان و هاوڕێکانی بوو، هەر بە خانەوادەیی نزیکبوون لە ڕژێم و دەزگاکانی، ئەندامیان بوو کاری بۆ دەکردن، ڕاستەوخۆ هەواڵدەر بوو لەسەر کەیوان و ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە، لە دوای ڕاپەڕینیش بوویە ئەندامی یەک دوو حزبی کوردستانی، بەلام پاش یەک دوو هەوڵی سەرنەکەوتوو بۆ تۆڵەکردنەوە لێی، ترساو هەرێمی کوردستانی بەجێهێشت.

لە کاتی لێکۆڵینەوە لە ئەندامانی ڕێکخراوەکەی کەیوان، ئەفسەرەکانی ئەمن نەیانویستووە ئەو هەواڵدەرە ڕووبەڕووی هەر یەکێکیان بکەنەوە وەک شاهید لەسەریان، هەر بە نهێنی هێشتوویانەتەوە، بۆیە ئەگەری دروست ئەوەیە کە هەرچی زانیاریی و ناو هەیە کە هەواڵدەرەکە داویەتی بە ئەمن، بەتایبەت سەبارەت بە کەیوان و نزیکەی پانزە لە هاوڕێکانیان، کە (هێرش) ڕاستەوخۆ ناسیونی، خستوویانەتە ئەستۆی (کەیوان)، بە دڵنیاییەوە لەناو ڕێکخراوێکدا بەو ژمارە زۆرە، هێندە زانیارییەکان ئاشکرا دەبن، ئیتر نکوڵیکردن لێیان ئەستەم دەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی ژمارەیەکی تر لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە هەر لە بنەمادا دەستگیر نەکران، بەهۆی ئەوەی ناویان نەهێنرا لەلایەن کەیوان و هاوڕێکانییەوە یان هەواڵدەرەکە نەیدەناسین، یان بەهۆی ئەوەی ماڵ و شوێنیان نەدەدۆزرایەوە، ئەگەرنا ژمارەی هاوڕێکانی کەیوان و ئەندامانی ڕێکخراوەکەی زۆر زیاتر دەبوو لە و (سی و حەوت)ە کە دەستگیر کران.

بەمجۆرە دڵنیا بووینەوە کە یەکێک لە هاوڕێکانی کەیوان بەناوی (هێرش)، ڕاستەوخۆ هۆکاری ئاشکرا کردنی ڕێکخراوەکە بووەو سەرەتا زیاتر لە پانزە ناوی بە ناونیشانی ماڵ و کارو چالاکییەکانیانەوە داوە بە بەڕێوەبەرایەتی ئەمن، یان هەر لە بنەمادا ئەمن خۆی ناردوویەتی و بە فێڵ خۆی وا پیشانداوە کە یەکێک دەبێت لە ئەندامە دڵسۆزەکانی ڕێکخراوەکە و پشتیوان و پشتگیریان دەبێت، بەڵام بوویە هۆی ئاشکرا کردنی ڕێکخراوەکەی کەیوان، پاشان دەکرێت هەندێک لە ئەندامانی تریش، لەلایەن هەموو یان هەندێک لەو (پانزە) گەنجەوە کە لە شەوی یەکەمدا دەستگیرکران (واتە شەوی ١٦ی ١٢ی ١٩٨٨)، لە ژێر ئەشکەنجەو فشاردا ناویان هێنرابێت.

لەو کاتەش کە لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکە تەواو بوو و لە ژووری ژمارە (هەشت) کۆکرانەوە، پێیان سەیر بوو کەسێکیان بەناوی (هێرش) دەستگیر نەکراوە؟ دەستگیر نەکرانی ئەو "ئەندام"ە بوو بوویە مایەی سەرسوڕمانیان!

"ئێ ئەوە هی حزبی شیوعیە!"

حاجی حارسی براگەورەی (داراو عەلی) دەگێڕێتەوە: هەر چەند ڕۆژ جارێک ئەمنەکان دەهاتنەوە بۆ ماڵمان، پرسیاریان دەکرد، لەبارەی دەستخەت و دەستنووس و ئەو شتانەوە، من خۆشم زۆر لە ماڵ نەدەماوە، ترسی گرتنم هەبوو، بۆیە زۆر بەکەمی دەهاتمەوە ماڵەوە، بۆ ماوەی دوو هەفتەش نەچوومەوە دەوامەکەی خۆم لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار.

دوای چەند ڕۆژێک دیسان ئەمنەکان هاتنەوە، ئەو ڕۆژە من لەوێبووم، ئەو ئەفسەرەی لەگەڵیان بوو گوتی: "کوا کتێبەکانی عەلی و دارا؟" منیش شوێنەکەم پیشاندا، لەبەرئەوەی زۆرینەی کتێبەکان کوردی بوون

نەیدەتوانی بیانخوێنێتەوە، ئەفسەرەکە گوتی: "وەرە لەسەر ئەو کورسییە دابنیشە، پرسیاری هەر نووسینێکم لێکردی وەکخۆی بیخوێنەرەوە، وای بەحاڵت ئەگەر بە هەڵە بیخوێنیتەوە". ئیتر یەک لە دواییەک کتێبی هەڵدەگرت و دەیگوت ئەمە چیە؟ تا هاتە سەر گۆڤاری (ڕۆشنبیریی نوێ)، گوتی ئەمە چیە؟ گوتم ئەوە (الثقافة الجدیدة) یە، ئەفسەرەکە گوتی: "ئێ واتە هی حزبی شیوعیە!" منیش لە دڵی خۆمدا گوتم کەر لە کوێ کەوتووەو کوندە لە کوێ دڕاوە، براکانی من ئیسلامین و ئەمیش دەڵێت: "ئەمە هی حزبی شیوعیە!" لێم وەرگرت و هەڵمگێڕایەوە دیوەکەی تری کە بە عەرەبی لێی نووسرابوو، گوتم فەرموو بزانە وایە یان نا؟

(٢٩)

"من لەوان زیاتر نیم، ئەگەر ئەوان مردن، با منیش لەگەڵیان بمرم"

پاش زانینی هەواڵی دەســـتگیرکرانی کەیوان و هـاوڕێکـانی، دایکی خالید، خالیدی کوڕی ڕازیدەکات بە خۆحەشـاردان و خۆشـاردنەوە، بۆ ئەو مەبەســـتەش دایکی خالیدو یەکێک لە خزمەکانی، خالید دەنێرن بۆ کەرکوک و لەوێ لە ماڵی خزمێکیان خۆی دەشــارێتەوە، ئەو دەتوانێت تەنها چەند شـــەوێکی کەم لە کەرکوک بمێنێتەوەو پاشـــان دڵی ئۆقرە ناگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە بۆ سلێمانی و بە دایکی و باوکی دەڵێت: "ناکرێت و بۆ من عەیبەیە هەموو هاوڕێکانم لە ئەمن دەســـتگیرکرابن و من خۆم بشـــارمەوە، ئەوە مانای ئەوەیە من درۆم کردووەو ڕاســـتگۆ نەبووم لە گەڵیـاندا، بـاوکەگیـان من لەوان زیـاتر نیم، ئەوان گیراون بـا منیش بگیرێم، ئەوان ئازادبوون با منیش ئازاد ببم، ئەگەر ئەوان مردن با منیش لەگەڵیاندا بمرم"، پاش ئەم هەڵوێســـتە کە لە لوتکەی ئازایەتیدایە، پاش چەند شـەوێک مەفرەزەیەکی ئەمن هەڵدەکوتنە سـەر ماڵی خالید لە گەڕەکی (سەرشەقام) و خالید دەستگیر دەکەن.

باوکی خالید، دیمەنی شـــەوی دەســـتگیرکردنەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە: "کات نزیکی دوانزەی شـــەو بوو، ئێمە خەوتبووین، کاتێک بەخەبەر هاتم بینیم ماڵمان پڕ بووە لە سـەربازو پیاوی ڕژێم، دەسـتی خالید بە دەسـتی یەکێک لە چەکدارەکانەوە بوو، دایکی خالید لە ســـەربازەکان دەپاڕایەوە پەلە نەکەن با هەندێک جل بێنێت و خالید لەبەری بکـات، چونکە دونیا سـاردە، بەڵام چەکدارەکان گوێیان نەگرت و چاوەڕێیان نەکرد، خالیدیان بە بیجامەکەیەوە خستە ناو ئۆتۆمبیلە ڕەنگ قاوەییەکە".

پووره فاتیمەی دایکی خالیدیش، باســـی ئەو ســـاتەمان بۆ دەکات کە خالید دەستگیرکراوە: "شەو نزیکەی سەعات دوانزەی شەو بوو، خالید لەســــەر بەرماڵەکەی خەریکی نوێژکردن بوو، لە پڕ ماڵمان پڕ بوو لە چەکداری بەعس، پەلاماری خالیدیان داو قۆڵبەســـتیان کرد، هەرچی هاوارم کرد مەیبەن با شــەڕواڵ و جلێکی بۆ بهێنم، گوێیان لێ نەگرتم و بەو ســـەرمایە خالیدیان بە بیجامەکەوە لە ماڵ بردە دەرەوە، ئەو زستانەش زۆر سارد بوو، بەفرێکی زۆر باریبوو".

پاش دەســـتگیرکردنی خالید، کاک شـــێخ موحەممەدی باوکی، زۆر هەوڵدەدات بۆ ئازادکردنی، بەڵام هەموو هەوڵەکانی بێ ســـود بوون، نە بە ناســـراوی و نە بە پارەو نە هیچ شـــتێک نەیتوانی هەواڵی کوڕە تاقانەکەی بزانێت، ئەو لەم هەولانەدابوو، پاش ماوەیەک شەوێک سەعات دوانزەی شـــەو جارێکیتر چەکدارەکانی ئەمن هەڵدەکوتنەوە ســـەر ماڵەکەی، ئەمجارەیان دڵی دایک و باوکی خالید خۆش دەبێت و وادەزانن ئەمن کوڕە بێ گوناهەکەیانی گەڕاندووەتەوە، بێئاگا لەوەی بەعسییەکان نیازیان گلاوەو بە گرتنی کوڕەکانیان کۆڵ نادەن، پاش کردنەوەی دەرگای دەرەوە، چەکدارێکی ڕژێم لە کاک شـــێخ موحەممەد دێتە پیشـەوەو دەڵێت: "تۆ ناوت چیە؟" کاک شێخ موحەممەد ناوی خۆی پێ دەڵێت، پاشـان چەکدارەکە لێی دەپرسێت: "کوڕت هەیە ناوی خالید بێت و گیرابێت؟" دەڵێت: "بەڵێ"، پاشان دەڵێت: "دەی هیچ مەترسە، لەگەڵمان وەرن تا دائیرەی ئەمن"، بەمجۆرەو بەو شـــەوە درەنگە دایک و باوکی خالید بە سەروریشی سپییەوە ڕاپێچی ناو ئۆتۆمبیلە سەربازییەکانیان دەکەن و هەر ئەو شـــەوەو ئەو مەفرەزەیە هەڵدەکەوتنە ســـەر یەک دوو خێزانی ترو بەرەو ئەمنی ناسراو بە ئەمنی بەلدە ڕاپێچیان دەکەن.

"هیچ ڕێگەیەکم نەبوو، چاوەڕوانی ئەم بەڵایە نەبێت"

نەوزاد[1]، چیرۆکی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوەکە دەگێڕێتەوە: بەرلەوەی ماڵمان بچێتە سلێمانی، وەک گەنجێکی مزگەوت، کەیوانم ناسی، بەتایبەت من پێشـــتر لای خاڵی کەیوان هەندێک لە وانەکانی مزگەوتم لە مزگەوتی (سـەلاحەدین) لە شـارۆچکەی سـیروان خوێندبوو، لە مزگەوتی گەورەی سـیروانیش لای مامۆسـتا (ئەحمەد کاکە مەحمود) نوێژی هەینیم دەکرد، بۆیە ئەم دۆخەی ســـیروان لەو ســـــەرەتای تەمەنەوە بۆم بووبوویە پاشـــخانێک تا لە داهاتوودا پێی بجوڵێم و چاکو خراپی خۆم و وڵاتو گەلەکەم بزانم.

ماوەیەک پێش ڕوودانی کارەســـاتی کیمیابارانی شـــاری هەڵەبجە، ماڵمان چوویە شـــاری سـلێمانیو لە گەڕەکی زەرگەتە گیرسـاینەوە، لە قوتـابخـانـەی (ئـەحمـەدی خـانی)ش لە پۆلی دووەمی نـاوەنـدی(پۆلی هەشـــتەمی ئێســـتە) درێژەم بە خوێندنەکەم دا، تا ئەو کاتەی لەگەڵ هاوڕێیەکمدا بەهۆی دوورییەوە قوتابخانەکەمان لە (ئەحمەدی خانی)یەوە گواستەوە بۆ قوتابخانەی (نالی) هیچ ئاگاو زانیارییەکم لەسەر کەیوان و هـاوڕێکـانی نەبوو، لـە قوتـابخـانەی نـالی بە ڕێکەوت کەیوانم بینییەوە، چونکە ئەویش لە هەمان قوتابخانە بوو، لەم بینینەدا کەیوان باســـی خۆیو هـاوڕێکـانی بۆ کردم، پێیگوتم لـەگـەڵ چـەنـد قوتـابییـەکی تردا ناوبەناو وانە دەخوێنن، منیش حەزم بەوانەی ئاینی هـەبوو، بۆیـە هـەر زوو پەیوەندیم پێوە کردنو بوومە ئەندامێکی وانە خوێندنەکەیان.

---

[1] - ناوی تەواوی (نەوزاد نامق سالح)ە، سالی (١٩٧٣) لە گوندی (دەشتی خەرمان)ی سەر بە ناحیەی (ناڵپارێز) لە دایکبووە، قوتابخانەی ناڵپارێزی ســـەرەتایی یەکەمین ویســـتگەی ژیانی قوتابییەتی نەوزاد بووە، کاتێک دەچێتە پۆلی (سـێ)ی سـەرەتایی لە سـالی (١٩٨٣) مالی نەوزاد دەچێتە شـــارۆچکەی ســـیروان، لەوێ لە قوتابخانەی (هەرێز)ی ســـەرەتایی درێژەی بە خوێندنەکەیداوەو کاتێک مالیان پێش کارەســـاتی کیمیابارانەکەی(١٩٨٨) چووەتە سلێمانی ئەو لە شەشی سەرەتایی بووە.

من لەو کاتانەدا وەک هەر گەنجو قوتابییەکی تر ڕێکخراوی قوتابیان و لاوانی بەعس داوایان لێکردم لەگەڵیاندا کاربکەم و ئەندامیان بم، بەتایبەت یەکێتی قوتابیان (اتحاد طلبة)ی بەعس، بەڵام من ئەو داوایەم ڕەد کردەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو هۆشیارییەمەوە بوو لە وانە پەروەردەییەکان بۆم دروست بوو بوو.

بەمجۆرە بەردەوام بووم، تا سەرلەبەیانی ڕۆژی ٨ی ١ی ١٩٨٩، وەک هەموو هاوڕێ قوتابییەکانم لەسەر کورسییە ڕەقەکانی قوتابخەی نالی دانیشتبووم، وانەی ئاینمان هەبوو، لەو کاتەدا کە ڕۆچووبووم لە گوێگرتن لە گوتەکانی مامۆستاکەم، جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانە هاتە ژوورەوە، سێ ناوی خوێندەوە، یەکێکیان من بووم، گوتی: "نەوزاد وەرە لەگەڵم کوڕم"، بەناوچاوی ئەو مامۆستایەوە هەستم بە بێزارییەکی زۆر کرد، هەستم بەو ئازارە دەکرد کە لەو کارەیدا ئەنجامیدەداتو ناچارە ناوی قوتابییەک بخوێنێتەوەو بیهێنێتە دەرەوە کە زۆر دڵنیایە لەوەی لە ژووری بەڕێوەبەر چی چاوەڕووانی دەکات!

من پێشتر چاوەڕوانی دەستگیرکردنم دەکرد، بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو، چونکە پاشئەوەی چەند ڕۆژێک کەیوان دیار نەبوو، سەردانی ماڵیانم کرد، لەوێ هێشتا دایکیو خوشکو براکانی دەستگیر نەکرابوون، ئەوان بۆیان گێڕامەوە چی ڕوویداوە، بۆیە منیش هەر دڵەلەرزەم بوو ئەمڕۆ نا بەیانی دێنو قۆڵبەستم دەکەن، بەڵام هیچ ڕێگەیەکی ترم نەبوو تەنها چاوەڕوانی ئەم بەڵا گەورەیە نەبێت، چونکە نە دەموێرا ئەم چیرۆکە لای کەس باس بکەم، نە دڵسۆزێک یان بەرپرسێکیشم دەناسی تا لە پەنایدا خۆم حەشاربدەم، پاش ناو خوێندنەوەی مامۆستاکەم، بەدوایدا چوومە دەرەوە، لە دەرەوەو لە دەرگای پۆلەکەماندا دوو کەسم بینی بە جلی سەربازییەوە، زانیم کارم تەواوەو منیش ڕووبەڕووی ئەو چارەنووسە بوومەتەوە کە چاوەڕێم دەکرد، بەرەو ژووری بەڕێوەبەر کەوتینەڕێ.

لە ژووری بەڕێوەبەر، مولازم عەلی دانیشـــتبوو، چاوەڕێی دەکردم، لەوێ گوتی: 'هویتک'، واتە: ناسـنامەکەت، ناسـنامەی خوێندنگەکەمم پێدا، کە ناوەکەی خوێندمەوە، ســــەیرێکی کردم و گوتی: "دەزانی من زۆر دەمێکە بە دواتدا دەگەڕێم! تۆ لە کوێی کوڕە؟"، ئەم دەربڕینەی مولازم عەلی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە من زۆر درەنگ دۆزرامەوەو دەستگیرکرام، لە کۆتاییەکانی ئەندامانی ڕێکخراوەکە بووم.

ئەمە هەموو چەند ســـاتێکی کەمی خایاند، مولازم عەلی هەســـتایە ســـەرپێو ســـوپاســـی بەڕێوەبەرو جێگرەکەی کردوو تەوقەی لەگەڵ کردنو گوتی: "بابڕۆین"، بەڕێوەبەرو جێگرەکەیو ئەو مامۆســـتایانەی ئـەم ڕووداوەیـان بینی هیچیـان نـەگوت، چی بڵێن فـەقیرانـە؟ بۆ کـەس دەیتوانی لە ئاسـت قسـەو کاری بچوکترین پیاوی بەعسـدا هیچ بڵێت تا ئەمان بتوانن لەگەڵ مولازم عەلی قسە بکەن؟

بردمیانە دەرەوە، بەپێ ڕۆیشـــتین، نزیکەی پەنجا مەترێک ئۆتۆمبیلە لاندکرۆزەرەکەیان لـە خوارتر ڕاگرتبوو، تـا کـەس هـەســـت بە بوونی ســـەربازو دۆخی نائاسـایی نەکاتو نێچیرەکانیان بە ئاسـانی دەسـتگیر بکەن، خستمیانە نێو ئۆتۆمبیلەکە، دیاربوو ئۆتۆمبیلی تری سەربازیشیان لەگەڵ بوو، ڕۆیشتین تا گەیشتینە بەردەم ئامادەیی (پیشەسازی سلێمانی کوڕان)، لەوێ لەسـەر شـەقامەکە وەسـتا، هێندەی پێ نەچوو، کەسێکیان دەســتگیر کرد ناوی (ســدیق) بوو، کە ســەریانخســت گوتیان ئەم کوڕە ناوی تۆی داوە، ئەمە بۆ ئەوەی لەنێو خۆماندا دووبەرەکی دروســـت بکەنو ڕقمان لـە یـەک ببێتـەوە، پاش دەســـتگیرکردنی ئەو هـاوڕێیـەی تریش، یەکسـەر بە پێچەوانەی ئاراستەی شەقام بەرەو ئەمنەکە ڕۆیشتن، کە چەند ســەد مەترێک دووربوو لە قوتابخانەکەوە، گەیشــتینە دەرگای ئەمنی بەلدە، بردینیانە ژوورەوە، لە حەوشــەکەدا ڕایانگرتین، هەرچیمان پێبوو لێیان وەرگرتین، قایشـــی پانتۆڵ و شـــتی گیرفانەکانمان، تەنها

ســـەعاتەکەمو لولەیەک گوڵەبەڕۆژە نەبێت کە بیریان چوو و لێیان وەرنەگرتم، دواتر ســـەعاتەکە زۆر ســـودمان لێوەرگرت لە زیندان، لەو کاتەی لە حەوشـــەکە ڕایانگرتبووین لە دواوە مولازم عەلی زلەیەکی لێدامو بەجێیهێشتین، وەک ئاماژەیەک بۆ تەواوکردنی ئەرکی ئەو ڕۆژەی یان ئەرکێکی گرنگی کۆتایی پێهێنابێت، پاشـــان منیان پەلکێشـــکرد بۆ یەکێک لە ژوورە تەنهاییەکان.

ئەم بەیانییە شـــوێنی ژیانم ئەم گۆڕانە گەورەی بەســـەردا هات، لە نێو پۆلی قوتابخانەو هاوڕێیەتی قوتابییە هاوڕێکانمەوە بۆ یەکێک لە ژوورە تەنهاییەکانی زیندانی ئەمن، ئێســـتە ژووری ژمارە (ســـێ)ی پڕ لە تەنیایی بووەتە مەنزڵگای نوێی منی تەمەن پانزە ســـاڵ! لە ژوورە تەنهاییەکەی تەنیشتمدا مەلا (موحەممەدی شەڵماشی) لێیەو ئاگاداری ئەوەش نەبووم کە لە ژوورەکەی ئەولاترو ئەولاتر گەنجە هاوڕێکانی خۆم بە دەســـتی بەســـتراوەوە لێرەن و هیچ کەســـێک گوێی لە ئازارو هاواریان نییە، لە ژوورەکەشمدا بەتانییەکی خوێناویی‌و یەک دوو سەتڵی ماست کەوتبوون.

هەر بە گەیشـــتنم بە ژوورە تەنهاییەکە، پاســـەوانەکە بەجێیهێشـــتم، دراوســـێ زیندانییەکانم لێیان پرسـیم: "ناوت چییەو بۆچی گیراوی؟" ئەم پرســـیارە هەر بۆ من نەبوو، بەڵکو پرســـیارێکی هەمیشـــە ئامادەی ئەو ژوورە تەنهاییانە بوو کە چاوەڕووانی هەواڵ و زانیاریی نوێ بوون، تامەزرۆی قســـەکردن بوون، تامەزرۆیی ڕووناکی و ئازادی بوون، تامەزرۆیی پرسیارەکەش لە تامەزرۆیی ئەو گەنجو زیندانییانەوە دەهات بۆ هەواڵزانینی دەرەوەو بیســـتنی هەواڵی ژیانو شـــاری ســـلێمانی‌و کەس‌وکاریان، منیش لە ترسی خۆم ناوی خۆم گۆڕی‌و وەڵامم دانەوە و گوتم: "ناوم عەبدوڵلایە"، بەلام لەبارەی ئەوەی من کێم و بۆچی گیراوم هیچم بە خاوەن پرسیارەکان نەگوت.

(٣٠)

هەواڵدەری نهێنی

کەیوان و هاورێکانی لەسەر بنەمای راپۆرتی هەواڵدەری نهێنی (مخبر سری) دەستگیرکران، ئەم هەواڵدەرە نهێنییەش پێشتر لە یاسای بنەما دادگاییە سزاییەکانی عێراقیدا، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)، نەهاتبوو، بەڵکو ڕژێمی بەعس و بەتایبەت سەددام ئەو هەموارەی کرد، بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی نەیارو ئۆپۆزسیۆنی خۆی و حزبەکەین، بەناوی (هەواڵدەری نهێنی) لەبەردەم دادگادا ڕابگرێت، بەو جۆرە بەناوی دادگاو یاساوە سزای توندیان بدات و لە کۆڵیان بکاتەوە.

بە سوودوەرگرتن لەو بڕگە خراپە، بەبێ بوونی هیچ شاهیدێکی ڕاستەقینەو بەبێ بوونی هیچ بەڵگەو تەنانەت قەرینەیەکیش، تەنها بە بوونی ڕاپۆرتێکی نهێنی سیخوڕێکی ڕژێم هەموو تۆمەتێک ڕووبەڕووی کەسی تۆمەتبار دەکرایەوەو لە ژێر ئەشکەنجەو لێکۆڵینەوەشدا کەسی تۆمەتبار ناچار دەبوو دان بەو تۆمەتانەدا بنێت کە ڕووبەڕووی کراونەتەوە، ئەگەرچی ئەو "بکەر"ی ئەو کردەوەو کارانەش نەبووبێت.

ئەو بابەتانەی کە ئەو بڕگەیە دەیگرێتەوە بریتیە لەو دۆسیانەی کە زیان بە ئاسایشی گشتی وڵات لەناو خۆو دەرەوە دەگەیەنن و هەندێک تاوانی تر وەک سیخوڕی و کارکردن بۆ بێگانە، هاوشێوەی ئەمجۆرە تاوانانە، ئەمجۆرە لە هەواڵدەری نهێنی تەنها لە وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا هەیەو تەنها بۆ پاکتاوکردنی ئەو کەسانەیە کە ئۆپۆزسیۆنی حزبی

دەســـەڵات و کەســـی یەکەمی وڵاتن، هەر بەمجۆرەو لە ڕێگەی ئەم هەواڵدەرەوە کەیوان و هاوڕێکانی یەک یەک دەســـتگیرکران و لە یەکێک لە هۆڵەکانی ئەمنی بەلدەی سلێمانی کۆکرانەوە.

ئەمنی بەلدەی سلێمانی

لە ســـلێمانی، (بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگا) هەبوو لەگەڵ (ئەمنی بەلـدە)، دەکرێـت ئەمنی بەلـدە لە ڕووی پێکهـاتەی کـارگێڕییەوە تەنهـا بەشـێک بووبێت لە ئەمنی بارێزگا، ئەمنی پارێزگا لەناو ئەو بینایەدا بوو پێی دەڵێن (ئەمنە ســوورەکە)و ئێســتە کراوەتە (مۆزەخانەی نیشــتیمانی ئەمنە سوورەکە)[1]، ئەرکەکەشی سەرپەرشتی سەرجەم کاروباری ئەمنی سنوری پارێزگای سلێمانی بووە، بە سنووری فراوانەکەی جارانیەوە کە گەرمیان و ڕاپەڕین و هەڵەبجەش بەشێکبوون لە پارێزگاکە.

ئەمنی بەلدە ئەرکەکەی تایبەت بووە بە ڕاپەڕاندنی کاروباری ئەمنی ناوشـــاری ســـلێمانی، شـــوێنەکەشـــی لە بینایەکدا بووە لە لای ڕاســـتی سەرەتای شەقامی سالم دوای باخی گشتیی.

بینای ئەمنی بەلدە لە ســـلێمانی بینایەکی گەورەی ڕووبەر فراوانە، ســـاڵی (١٩٦٠) دروســـتکراوە بۆ ئەوەی وەک قوتابخان بەکاربهێنرێت، بیناکە ســـەرەتا موڵکی ئیدارەی خۆجێیەتی (ئیدارە محەلی) بووەو لە ســەرەتای درەســتکردنیەوە تا ســاڵی (١٩٦٨) لە دەوامی ســەرلەبەیانیدا

---

[1] - لە (٣٠ی ٩ی ١٩٧٩) حزبی بەعس دەســـتیکردووە بە دروســـتکردنی بینـای (بەڕێوبەرایەتی ئەمنی پارێزگای سلێمانی) کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری سلێمانی، بیناکە بە ســـێ قۆناغ و لە ســـاڵی (١٩٨٥) تەواو کراوەو ســـەرەتا وەک بەشـــی ئابوری ئەمن بەکارهاتووە، پاشـــان لە کۆتایی ســـاڵی (١٩٨٩) بە تەواوەتی کراوەتە شـــوێنی ڕاگرتن و ئەشـــکەنجەی زیندانیانی ســـیاســـی، ئەم بینایە بە دیزاینێک دروســـتکراوە کە گونجاوێت بۆ شـوێنی زیندانی و ئەشکەنجە. (ئەم زانیارییەم لە مۆزەخانەی نیشتیمانی ئەمنە ســوورەکە وەرگرت).

قوتـابخـانەی (وەتەن)ی عەرەبی و ئێوارانیش قوتـابخـانەی (نـاوەنـدی کانێسکانی کوڕان)ی تێدابووە، لە سـاڵی (١٩٦٨ تا ١٩٧٤) بیناکە کراوەتە قوتابخانەی (ناوەندی بینایی ئێواران).

لە ســـاڵی (١٩٧٤) تا ڕاپەڕینی بەهاری ســـاڵی (١٩٩١) بیناکە بۆ کارەکانی ئەمنی بەلدەی ســـلێمانی بەکارهێنراوەو شـــوێنی گرتن و ئەشـــکەنجەی تێکۆشـــەران بووە، وشـــەی (بەلدە) بەرانبەرە بە وشـــەی (شـــار)، بۆیە ناوبانگی بە (بەلدە) ڕۆیشـــتووە، ئەو کاتەی بیناکە لە قوتابخانەوە گۆڕدراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمن گۆڕانکاریی زۆری تێدا کراوە بەجۆرێک گونجاو بێت وەک دەزگایەکی ئەمنی بەکاربهێنرێت، بەتایبەت هیچ پەنجەرەیەکی ئەو ژوورانە نەهێڵراوەتەوە کە (پۆل) بوون و دواتر کراون بە هۆڵی زیندان، هەروەها لە بەشـــە ئیدارییەکەشـــی بە نزیکەی هەموو ژوورەکان دوو دەرگاو ڕێڕەویانە هەبووە، بۆ ئاســـانی بەکارهێنان و هاتوچۆپێکردنی دەستگیرکراوان و جوڵەی زیاتر.

بیناکە سێ دەرگای سـەرەکی هەبووە، دەرگایەکی سـەرەکی تەنها بۆ هاتوچۆی فەرمی بەڕێوەبەرو ئەفســـەرانی ئەمن و هەندێک کاروباری فەرمی فەرمانگە، دوو دەرگای تریش لە پشـــتەوە بۆ هێنان و بردن و گواســـتنەوەی زیندانیان دوور لە چاوی هاووڵاتیان، لە ناوەڕاســـتی بیناکەدا حەوشـــەیەکی نزیکەی چوارســـەد مەتری هەیە، بە چوار دەوری حەوشـــەکەدا ژووری گەورە گەورە هەیە، کە ئەگەرچی بەشـــێوەیەکی ئاسایی تەنها توانای مانەوەی نزیکەی هەشت تا دە کەسیان هەیە، بەڵام زۆرجار ئەو ژوورانە زیاتر لە سی کەسیان تێکراوە، ئەمەش ئاستەنگی گەورەی ژیانی ڕۆژانەی زیندانیەکان بووە بە جۆرێک بە ئـاســـانی هەناسەیان پێنەدراوەو بە ئاسانی شوێنی جوڵەو خەوتنیان نەبووە.

لە حەوشـە گەورەکەیدا نزیکەی (دە) ژوور بە بلۆک دروسـتکراون و دیوارەکانیان وەک ژووری ئاســـایی گەچ کراوە، هەریەکەیان نزیکەی

مەترێک پان و نزیکەی دوو مەتریش درێژ بوون، ئەو ژوورانە وەک بڵێی بە شـــێوەیەکی کاتی دروســـتکراون، چونکە ســـەری ژوورەکان چینکۆ بووەو هاوشـێوەی بیناکە سـەقفی چیمەنتۆی نەبووە، ژوورە تەنهاییەکان یەکەم ژووریـــان نـزیـکـتـریـن ژوور بـووە لە ژووری ئەشـــکەنـجەو لێکۆڵینەوەوەو هەرکەس لەو ژوورەدا بووە زۆر ئاگاداری ئەشـــکەنجەو هاواری زیندانییەکان بووە.

ئەمەی بـاســـمـانکرد، دونیـای ئەو بینـایە بوو، کە لە بنەمـادا بۆ قوتابخانەو فێربوونی منداڵانی ســـلێمانی دروســـتکرابوو پێش گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن بەعسەوە، لەگەڵ دەسەڵاتگرتنە دەستی بەعس ئیتر ئەم بینایە گۆڕدرا بۆ بینای ئەمنی بەلدەی ســـلێمانی، ئەو بینایەی کەیوان و هاوڕێکانی و هەزاران گەنجی کوردی تێدا ئەشکەنجە دەدرا[1]و لە سێدارە دەدرا.

---

[1] - لە ئێســـەدا بینای ئەمنی بەلدەی ســـلێمانی کراوەتە بینای (بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی) سەر بە (بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی).

(٣١)

"کێ دەناسی؟"

حەمەسوور درێژە بە گێڕانەوەکانی دەدات: ئەوان ڕۆیشتن‌و منیش بەردەوام خەریکی کاری نانەوایی خۆم بووم، هیچ هەواڵێک نەبوو، کەیوان‌و د.لوقمانم بیرچوویەوە، تا ڕۆژی ١٨ی ١٢ی ١٩٨٨، کاتێک لە نزیک حەوزی دەستنوێژەکەی مزگەوتی (ناجیەخان) نوێژی عەسرم بە تەنها دەکرد، ڕکاتی یەکەمم تەواو کردو هەستامەوە، بینیم چواردەورم پڕ بووە لە سەرباز، بەڵام نوێژەکەیان پێ نەبڕیم، کاتێک سەلامم دایەوە، ئەفسەرێکی باڵابەرزی ئەسمەر قۆڵی گرتم و گوتی: "تۆ موحەممەدی؟"، گوتم: "بەڵێ"، یەکسەر قۆڵیان گرتم و بەرەو دەرەوەی مزگەوتیان بردم، سەیرمکرد لە دەرەوەی مزگەوت پڕە لە سەربازو چوار پێنج ئۆتۆمبێلی سەربازیی چاوەڕێم دەکەن، لە ناو یەکێک لە ئۆتۆمبێلەکاندا کە شۆفرلێتێک بوو دایکمم بینی، هاواری لێکردم: "حەمەسوور گیان"، منیش گوتم: "دایە خەمت نەبێت: ان شاءالله هیچ نابێت"، پاشان لە دوای ئۆتۆمبیلێکەوە سەریان خستم، دیاربوو پێشتر چووبوونە ماڵەوەو دایکمیان گرتبوو، بۆ ئەوەی شوێنی کاری منیان پیشان بدات، لەو کاتەی خستمیانە ناو ئۆتۆمبیلەکە یەکێکیان بە دەمانچەوە لەسەر سەرم وەستاو لەگەڵ جنێوێکدا پشتی نووشتاندمەوە، شوێنەکە ناو بازاڕ بوو، چوار دەورمان پڕبوو لە خەڵک و سەیری ئەم دیمەنەیان دەکرد کە لە فیلم دەچوو، پاش دەستگیرکردنم ئۆتۆمبێلەکان و هێزەکە بەرەو ماڵەوە کشان، زۆر بە خێرایی دەڕۆیشتن و دەنگی شووتەی ئۆتۆمبیلەکانیان هەڵکردبوو، کە وەک ئۆتۆمبیلی نەخۆشخانە وایە، گەیشتینە ماڵەوە،

ماڵمان نزیک مزگەوتی ڕەشـــەمێرگ بوو، ســـەیرم کرد هەموو ماڵمان گیراوە بە هێزی ســەربازی و تەواری، ســەربانی ماڵەکانی چواردەوریان گرتبوو، لەناو کۆڵانەکەش ئۆتۆمبێلی تری لێبوو، وەک ئەوەی چالاکییەکی گەورە ئەنجامبدەن، لەناو یەکێک لە ئۆتۆمبێلە وەستاوەکاندا دوو کەسی ترم بینی کە دەستگیرکرابوون، ئەوانیش مامۆستا سەید ئیبراهیم و مەلا بەکری مەلا ســدیق بوون، لە دڵی خۆمدا گوتم دیارە ســەید ئیبراهیم و قوتابییەکانی هەموو گیراون، پاشـــان چوونە ژوورەوە، پاش پشـــکنین، سندوقە کتێبەکەی منیان هێنایە دەرەوە، یەکێک لە چەکدارە بەعسییەکان ڕوویکردە ئەفســـەرەکەو گوتی:" گەورەم دایکی بگرین؟"، ئەفســـەرەکە وەڵامی دایەوە: "نەخێر دایکی مەگرن".

پاش دەســـتگیرکردنم بەرەو ئەمنی ڕانیە ڕاپێچیان کردم، لە بیناکە بەلای ڕاستدا چووینە ژوورەوە، لەوێ بردمیانە ژوورێکەوە، ئەفسەرێکی ئەمن و چەند پاســـەوانێکی بە دەورەوە بوون، پێیگوتم: "هیچ خەمت نەبێت، تەنها پێنج دەقیقەیەک پرســـیارت لێدەکەین و پاشـــان ئازادت دەکەین"، من لەم خۆشبوو، بێئاگا لەوەی ئەو پێنج دەقیقەیە دەبێتە (حەوت ساڵ!).

پاشـان دوو کەسی تر هاتن کە یەکێکیان کوردی دەزانی و دەستیان کرد بە پرســیارکردن، ئەوەی کوردی دەزانی قســەکانی ئەوان بۆ من و قســـەکانی من بۆ ئەوانی دەکردە کوردی، یەکەم پرســـیار گوتیان: "کێ دەناســـی لە بزووتنەوەی ئیســـلامی تا ئازادت بکەین؟ چونکە هەموو برادەرەکـانـت گیراون"، منیش وەڵامم دایەوە: "من کەس نـانـاســـم و پەیوندیم لەگەڵ کەس نیە، کێ هەیە بیهێننە ڕووم"، پاشـــان گوتیـان :"موحەممەد هێواش دەناســـی؟"، گوتم: "دەیناســـم، بەڵام هیچ پەیوەندیم پێوەی نییە و ماڵیشــی نازانم"، گوتیان :"ئەی چۆن دەیناســیت و نازانیت ماڵی لە کوێیە؟ لەکاتێکدا لە مانگی هەشـتی ئەمســاڵ کۆبوونەوەت لەگەڵ

کردووه"، من بەرپەرچم دانەوە کە هیچ کۆبوونەوەیەکم کردبێت و ماڵیان بزانم، گوتم: "تەنها لە دوورەوە دەیناسم و هیچ کارێکم لەگەڵ نەکردووەو ئاگاداری هیچ شتێک نیم"، بێئاگا لەوەی ئەوان زیاتر دەزانن و زەحمەتە بەو سادەییە ڕزگارم ببێت لێیان.

پاشان پرسیاری ماڵی (موحەممەد هێواش)یان واز لێهێنا، گوتیان:" باشە ئەگەر یەکێ لە هاوڕێکانت بهێنینە بەردەمت، ئەو کاتە قسە دەکەیت؟"، منیش زۆر خۆم بە موسەیتەر دەزانی و گوتم کێ دەهێنن بهێنن، من پەیوەندیم بە کەسەوە نیەو بێ منەتم، پاش ئەم پرسیارو وەڵامە خێرایە، یەکێک لە پاسەوانەکان چووە دەرەوەو هاتەوە، لە گەڕانەوەیدا سەیرمکرد یەکێکی بە کەلەپچەوە بەدەستەوەیە، کاتێک لێی ورد بوومەوە سەیرم کرد ئەو کوڕەیە کە مانگێک لەمەوپێش لەگەڵ د.لوقمان هاتە ماڵمان و داوای هاوکاری لێکردم بۆ ئەوەی بینێرمە دەرەوە، ئەویش (کەیوان)ە، لەو کاتەدا (کەیوان)یان هێنا منیش بۆ ئەوەی ئەمنەکان وانەزانن هەموو شتێک تەواوەو نهێنیەکان ئاشکرابوون، بێمنەتی خۆم پیشانداو بە کوردی ڕوومکردە کەیوان و گوتم: "هەرچی لە بارەی منەوە دەیزانی بیڵێ"، پاشان کەیوانیان بردە دەرەوەو ئەو ئەفسەرەی کە لێی دەکۆڵیمەوە گوتی: "دەی حەمەسوور قسە بکە". گوتم نازانم، پاشان دەستیان بە کەلەپچە بەستمەوەو دەستیانکرد بە پرسیارکردن، لەگەڵ هەموو پرسیارێک و دەمگوت نازانم یەکسەر مشتەکۆڵەیەکیان دەکێشا بە دەمماو یەکێکیش لە دواوە زیاتر کەلەپچەکەی لە دەستما توند دەکرد، پاشان یەکێک لە مفەوەزەکان گوتی: "دیارە ئەمە لێرە قسە ناکات، با ببەین بۆ ژێر کێبڵ و کارەباو هەڵواسین، ئەو کاتە با قسە نەکات، جا خۆی دەبینێتەوە".

پاش ئەم چەند پرسیارەو وەڵامە (نازانم)ەکانی من، پەلیانگرتم و بەرەو ژوورێکی تر ڕاپێچیان کردم، هەر لەگەڵ بردمیانە ژوورەوە بە چوار پێنج ئەمن کەوتنە لێدانم، بە شەق و بۆکس و هەرچی بەدەستیانەوە بوو، من زۆر ئازارم چەشت، هەستمدەکرد ئەوان ماندوو نابن لە لێدانم،

بۆیە بیرم کردەوە شتێک بکەم تا وازم لێ بێنن، بۆیە خۆم بووراندەوەو لەسەر زەوییەکە بە دەما خۆم پاڵخست، من هەر بە ئاگابووم، بەڵام خۆم واپیشاندا کە بووراومەتەوە، سا بەڵکو وازم لێ بێنن، کە زانیان حاڵم وایە وازیان لێهێنام، پشتە ملیان گرتم و هێنامیانە دەرەوە، بە جامەدانەیەک چاویان بەستمەوەو بەرەو ئۆتۆمبێلێک ڕایان کێشام، بە پاڵ و ڕاکێشان بردمیانە بەردەم دەرگای تۆیۆتایەک، یەک لەقەیان لە پشتمداو لەسەر ڕوو کشام لە دەرگاکەوە تا لای جامەکەی، لێرە لێم نەگەڕان، پشت ملیان گرتم و لە تویتاکە دایانگرتم و خستمیانە ناو لاندکرۆزەرێکەوەو لە شوێنی ناوەڕاست، واتە لە پشت شۆفێرەوە دایاننام و سەریان کردم بە ژێر کوشنەکانا، پاشان کەوتنە ڕێ، لە ڕانیەوە هەتا نزیکی کانی ماران نەیانهێشت سەر بەرز بکەمەوە، لە ڕێگا گۆرانییەکی عەرەبیان دەگوت و تەپڵیان بە پشتم لێدەدا، سەریان بەرز کردمەوەو گوتیان: "تۆ چوویت بۆ ئێران؟" گوتم: "بەڵێ، لە کاتی ئەنفالەکان بە سەردان چوومەوە بۆ لادێ و لەو کاتەدا حکومەت هێرشی هێنا ئیتر منیش مەجالی گەڕانەوەم نەماو ناچار لەوێ مامەوە"، گوتیان: "لەوێ چیت کردووە؟" گوتم: "لە ئێران کاری نانەوایم دەکرد لە سەردەشت و نزیکەی شەش مانگ مامەوە"، گوتی: "ئەی خۆت ڕادەستکردەوە؟"، گوتم: "بەڵێ خۆم ڕادەستکردەوە"، گوتیان: "بە کێ خۆت ڕادەستکرد؟"، گوتم: "بە کابرایەکی ئامر مەفرەزە لە نزیک ژاراوە"، گوتیان: "ناوی چی بوو؟" گوتم: "نازانم"، (چونکە ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە من چووبوومە شاخ و لەوێ پێشمەرگە بووم و پاشان کە گەڕابوومەوە، خۆشم ڕادەست نەکردبوویەوە)، ئەو جامەدانەی لەسەر دەم و چاوم بوو لایانداو سەریان بەرز کردمەوە، گوتیان: "ئێرە کوێیە؟"، گوتم: "ئێرە کانی وەتمانە"، لەو کاتەدا دەرفەتی ئەوەم هەبوو سەیرێکی دواوە بکەم، سەیرمکرد هەریەکە لە (د.لوقمان) و (کەیوان)یش لە هەمان

ئۆتۆمبێلن و له دواوەن، زوو زوو ئەکێشـن بە پشـتیانا کە سـەر بەرز نەکەنەوە و قسـە نەکەن، پاشـان هەتا سـلێمانی لەناو خۆیاندا قسـەیان دەکردو جار جاریش بۆ گاڵتەپێکردن قسـەیان لەگەڵ منیش و ئەوانیش دەکرد.

لەو کاتەی منیان گرت لە ڕانیە نوێژی عەسر بوو، بەر لەوەی بگەینە سـلێمانی لە نزیک پیرەمەگروون بانگی ئێوارە بوو، منیش ئەوەندە پابەندی کاتی نوێژەکانم بووم، نوێژی ئێوارەم هەر لەو دۆخەدا کرد کە سەریان خستبوومە ژێر کوشنی ئۆتۆمبێلەکەوە.

پاش ماوەیەکی کەم لە نوێژی ئێوارەو تاریکبوونی دونیا، گەیشـتینە ئەمنی سـلێمانی، لەگەڵ دایانبەزاندم هەسـتم بە سـەرمایەکی زۆر کرد، هەر قاچم خسـتە ناو ئەمنی بەلدەی سـلێمانی، ئەمنێک یەک تفی تێکردم، لە حەوشەکە ڕایانگرتم و لە سووچێکەوە دایان نیشاندم و جامەدانەکەیان دابوو بە هەموو سەرو چاومدا تا هیچ نەبینم، لەو کاتەشدا نمە نمە باران دەباری، زستانێکی زۆر سارد بوو، منیش لە ژێرەوە سەیری شوێنەکەم دەکرد کە حەوشەیەک بوو، حەوزێکی ئاویشی تێدا بوو، گوێم لە زرینگە زرینگ بوو، وام هەسـتکرد ئەو زرینگە زرینگە ئەوە دەنگی ناو ئەو حەوزەیە کەپڕیان کردووە لە وردە شـووشـە بۆ ئازاردانی ئەوانەی دەسـتگیریان دەکەن بۆ ئەوەی دانبنێن بەو تۆمەتانەی بۆیان هەڵبەسـتراوە، توومەز ئەمە زرینگەی ئەو هەموو کلیلەیە کە پێکەوەن و کەسـێکی تایبەت هەڵیان دەگرێت و هەریەکەیان کلیلی قفڵی یەکێک لە ژوورەکانی زیندانە، دواییش من بوومە یەکێک لەوانەی لە پشـت ئەو دەرگا کلیلدراوانەوە چاوەڕێی سۆزو بەزەیی خوای گەورە دەکەن.

(٣٢)

"بە بێدەنگی پرسی: کاک کەیوان هەواڵ چییە؟"

حەمەسوور ساتی یەکەمی هێنانی بۆ ئەمنی سلێمانی بەمجۆرە دەگێڕێتەوە: پاش دەستگیرکردنم و هێنانم بۆ ئەمنی بەلدەی سلێمانی، بۆ هەندێک پرسیاری سەرەتایی بردمیانە یەکێک لە ژوورەکانی لێکۆڵینەوە، پرسیاری ناویان لێکردم و گوتیان: "چیت پێیە؟"، منیش وەڵاممدانەوە: "ناوم (موحەممەد)ەو لە ڕانیەوە هێناویانم، پارەش تەنها شەش دینارو شەش پەنجا فلسم پێیە". ئیتر منیان برد بەرەو ژووری ئینفیرادی (ژووری تەنهایی)، کە ژوورەکان نزیکەی (دە) ژوورێک دەبوون بە تەنیشت یەکەوەو هەر ژوورێک نزیکەی مەترو نیوێک درێژو مەترێک پان بوون، دەرگاکانیش کەپس بوون، لە بەشی سەرەوەی دەرگاکە بۆشاییەکی ئاسنی موشەبەکی پێوەبوو کە پەنجا سانتیم پان بوون، هەروەها لە بەشی خوارەوەی دەرگاکان بۆشاییەکی موشەبەک هەبوو کە نزیکەی بیست سانتیم بوو، لە ناوەڕاستی ژوورەکە گڵۆپێک هەبوو بە ئاسنی موشەبەک داپۆشرابوو، هەروەها لە ژوورەکەدا بەتانییەکی خەت خەتی سەوزو سپیو سێ سەتڵ دانرابوون، سەتڵەکان بۆ خواردن و پاشەڕۆ بوون، ئەمە دونیای ئەو ژوورە تەنهاییانە بوو کە لە ئەمنی سلێمانی ئامادەکرابوون بۆ ئەوانەی دەبوونە دیلی ئەم شوێنە.

پاشئەوەی لە نێوان بانگی شێوان و خەوتناندا منیان هێنایە ژوورە تەنهاییەکە، پاش چارەکێک پاسەوانێک هاتوو تەقەی کردنەوەی دەرگاکە هات، دەرگاکەی کردەوە، کەلەپچەکەی دەستمیشی کردەوە، گوتی: "سەتڵێک لەگەڵ خۆت بێنەو وەرە بەدوامدا"، بەدوایدا ڕۆیشتم، بینینم یەکێک خواردن دابەش دەکات، مەنجەڵێکی گەورە خواردنی لە بەردەمیدا

داناوە، شلەیەکی سەوزباو بوو، لێی چوومە پێشەوە، سەتڵەکەم بۆ داناو هەندێکی بۆ تێکردم، گوتی: "بچۆرەوە ژوورەکەت". منیش لەگەڵ خۆم بردمە ژوورەکەم، پاشان دەرگاکەی لەسەر داخستمەوە و پاسەوانەکە ڕۆیشت، سەیرمکرد خواردنەکە شتێک بوو وەک ئاوی مریشک، هەندێک باڵی مریشکیشی تێدابوو، یەک کەوچکم بۆ بردوو خواردم، بێجگە لەو کەوچکە ئیتر هیچی ترم بۆ نەخورا، چیم بۆ بخورێت؟ لە ماڵی گەرم و نەرمەوە بۆ ژوورێکی بچوکی سارد لە زستانێکی سارددا، لە نازو نیعمەتی خواردنی پڕ چێژی دایکەوە بۆ ئەم سەتڵە پیسانەو ئەم خواردنە پیسە، من کە تەمەنم تەنها شانزە ساڵەو لە ژوورێکی تەنهایی کراوم و نازانم چیم بەسەر دێت، لەم دۆخەدا نان چۆن بخورێت؟

پاش کەمێک پاسەوانەکە هاتەوە، دەرگاکەی کردەوە، بینی هیچم نەخواردووە، گوتی: "ناخۆی؟"، گوتم: "نەخێر"، پاشان کەلەپچەکەی کردەوە دەستم و دەرگاکەی داخستەوەو ڕۆیشت.

لەو کاتەدا کێشەیەکم بۆ دروست بوو، ئەویش چۆن دەست بە ئاو بگەیەنم خوایە، کەلەپچە بەدەستمەوەو لە ژوورێکی بچوکی یەک کەسی و بێ تەوالێت، ئارامم گرت، بەڵام لە کاتی لەو جۆرەدا ئارامگرتن سنوری هەیە، بەهەر جۆرێک بوو خۆم ڕزگار کرد لە پاشەڕۆ، دیارە دۆخێکی لەو جۆرە هیچ پاک و خاوێنیەکی تێدا نییە، بۆیە هەموو جەستەم پیس بوو، بەڵام چارم نەبوو، لەم کاتانەشدا گوێم لە بانگی خەوتنان بوو، دەنگی بانگ و هۆڕنی ئۆتۆمبیل و دەنگی چۆلەکەو هەندێکجار هاواری خەڵکیشمان دەبیست، چونکە شوێنەکەمان لە سەر شەقامەکەوە نزیک بوو، بۆیە بیرمکردەوە لەوەی نوێژەکەم بکەم، لە کاتێکدا هیچ ئاوێکی لێ نەبوو، ناچار بە دیوارەکە پشتاو پشت بەدەستە کەلەپچەکانم تەیمووممم کرد[1]، دەستم لە

---

١ - بە پێی دەقی ئایەت لە ئاینی ئیسلامدا ئەگەر ئاو بەردەست نەبێت، یان نەبێت، یاخود بەهۆی نەخۆشی یان هۆکاری ترەوە نەتوانرێت بەکاربهێنرێت، مرۆڤی مسوڵمان بۆ

دیوارەکە دەداو پاشان دەم و چاوم هێنا بە دیوارەکەدا، بەمجۆرە توانیم لە بری دەستنوێژ تەیمووم بکەم، پاشان نوێژی عیشام کردو سەلامم دایەوە.

ئەو شەوە هەموو شتێک تەواو بوو، ئیتر کەس لێی نەپرسیم، کەسیشم نەبینی، دەنگی کەسیشم نەبیست، لەسەر بەتانییە سەوزو سپییەکە ڕاکشام، لە شوێنێک کە وەک بەفرگر وابوو هێندە سارد بوو، ڕووم بەرەو قیبلەو دڵم کردە خودا، زۆر دڵتەنگ بووم، هەر بیرم لەوە دەکردەوە چیم بەسەر دێت؟ چیم لێدەکەن؟ داخۆ ڕووداوەکانی داهاتوو چۆن بن؟ تۆ بڵێی بە ئاسانی ڕزگارم ببێت؟ ئەمانەو دەیان پرسیارو دڵەڕاوکێیتر بە مێشکمدا هاتوچۆیان بوو، پاش ماوەیەک چاوم چووە خەو، بەڵام زوو زوو بەخەر دەهاتم، هەر دەبێت بڵێم خەوتووم، ئەگەرنا ئەوە خەو نەبوو ئەو شەوە کردم.

بۆ بەیانییەکەی زوو بەخەبەر هاتم، دەستم بە کەلەپچەو دڵم ئازاد، پاش نوێژکردن دیسان گوێم لە زرەی کلیلەکان بوو، پاسەوانەکە یەک یەک خەریکی کردنەوەی دەرگای ژوورە تەنهاییەکان بوو، تا گەیشتە ژوورەکەی منیش، کردیەوەو گوتی: "هەستە، ئەو سەتڵەش بێنە لەگەڵ خۆت"، بردمی تا شوێنێک بۆ دەست بە ئاو گەیاندن (تەوالێت)، شوێنەکە هێندە پیس بوو، لەوە پیستر بوو کە مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە، هێشتا تەواو نەبوو بووم خێرا هاتەوەو گوتی هەستەو بڕۆرەوە ژوورەوە، لەگەڵ چوونەوە ژوورەوەم هەندێک چای کردبوویە سەتڵەکەوە، هەروەها سەمونێکیشی پێدام، کردمیەوە ژوورەوەو دەرگاکەی داخستەوە، لە کاتی چوونە ژوورەوەدا دیقەتی ژوورە یەک کەسییەکانم دا، بینیم (دە)

ئەنجامدانی نوێژەکەی لە بری دەستنوێژشۆردن دەتوانێت (تەیموم) بکات، تەیەمومیش سڕینی دەم و چاوو هەردوو دەستە بە خۆڵ، یان دەست هێنان بە خۆڵێکی پاکداو پاشان هێنان بە دەم و چاوو دەستدا، ئەم جێگرەوەیەی دەستوێژ ئاسانکارییەکە بۆ مرۆڤی مسوڵمان بۆ ئەوەی لە هیچ دۆخێکدا لە ئەنجامدانی نوێژەکانی دانەبڕێت.

ژوورن، لەبەردەم ژوورەکاندا بۆشـــاییەک هەیە نزیکەی مەترێک دەبێت، پاشـــان دیوارێک بوو، ســـەر دیوارەکەش بە تەلی دڕکاوی گیرابوو، پاشـــئەوەی بردمیانەوە ژوورەوە پاســـەوانەکە گوتی: "خێرا نـان و چایەکەت بخۆ، ئێستە دێمەوە کەلەپچەکەت ئەکەمەوە دەست".

ژمارەی ژوورەکەی من (حەوت) بوو، لەولاتریشـــمەوە ســـێ ژوور هەبوون، تا ئەو چوو ژوورەکانی تری دەکردەوەو یەک یەک دەیبردن بۆ ســـەرئاوو نان و چای دەدانێ، من تەواو بووم، نان و چاکەم خوارد، پاشـــان هاتەوە لام، گوتی: "تەواو بوویت"، گوتم: "بەڵێ"، کەلەپچەکەی کردەوە دەستم و ڕۆیشت. پاش ئەوەی نان و چام خواردو پاسەوانەکە کەلەپچەکەی کردەوە دەســـتم و ڕۆیشـــت و لەو ناوە نەما، گوێم لێبوو یەکێک بە هێواشـــی بە کەســـێکی تری گوت: "ئەلســـەلام و عەلەیکوم"، ئەویتریش وەڵامی دایەوە: "وەعەلەیکە ئەلســـســـەلام و وە ڕەحمەتوڵڵا"، گوێم لە گفتوگۆکەیان گرت کە بەهێواشی دەدوان:

کەسی یەکەم: کاک کەیوان هەواڵ چییە؟

کەسی دووەم: بەخوا برام ئەمشەو بردمیان بۆ ڕانیەو سێ کەسی تر دەستگیرکران، یەکێکیان ناوی (حەمەسوور)ە.

حەمەســـوور: برام ئەوە من بووم ئەمشـــەو دەســـتگیرکرام، من (حەمەسوور)م.

کەســـی دووەم گوتی: بۆ کاک حەمەســـوور ئەوە تۆ لێرەیت؟ ئەی بۆ شەو قسەت نەکرد؟

منیش گوتم: بۆ برا کوا دەوێرم قسە بکەم؟

کەســـی دووەم کە (کەیوان) بوو، گوتی: برای بەڕێزم ئەوە تۆ ئاگات لە من نییە، خوا دەزانێت زۆر لە توانای خۆم زیاتر ئازاریان داوم.

حەمەســـوور: باشـــە من کەی پەیوەندیم بە کێشـــەی ئێوەوە هەیە وا لەگەڵ ئێوە دەستگیرکراوم؟

(٣٣)

کەیوان سەر بە کێ بوو؟ پەیوەندی بە کێوە هەبوو؟

گفتوگۆی کەیوان و حەمەسوور لە ژوورە تەنهاییەکان بەردەوام دەبێت، کەیوان دەڵێت: "من لێرە زۆریان لێدام، گوتیان سەر بە کێیت؟ گوتم سەر بە کەس نیم، هەر وازیان نەدەهێناو دەیانویست بزانن سەر بە کێم، بۆیە زۆر ئازاریاندام، پاشان گوتم: سەر بە (بزووتنەوەی ئیسلامی)م، گوتیان: کێ لێپرسراوی تۆیە؟ منیش کە لە ژێر ڕەحمی کارەباو کێبڵدابووم، گوتم (موحەممەد هێواش)، گوتیان موحەممەد هێواش کێیەو ماڵی لە کوێیە؟ گوتم ماڵی لە ڕانیەیە، ئەوانیش منیان هێنا بۆ ڕانیە بۆ ئەوەی ماڵیان پیشانی ئەمنەکان بدەم، منیش ماڵیانم نەدەزانی، دەمبردن بۆ هەر کۆلانێک دەیانگوت بەخوا ئەو ناوە لەم کۆلانە نیە، بەو جۆرە هەر لە خۆمەوە بۆ ئەوەی لە کۆڵم ببنەوە چەند کۆلانێک ڕۆیشتین، بێ سوود بوو، ئیتر ئەوانیش هێنامیانەوە بۆ ئەمن و هەڵیانواسیم و کارەباو کێبڵ دەستی پێکردەوە، بۆیە منیش بەناچاری گوتم یەکێک دەناسم لەوانەی پەیوەندی بە موحەممەد هێواشەوە هەیە، ناو هێنانی تۆو ناونیشانی ماڵتان ئاوابوو، برام بەخوا خوا دەزانێ ئەوەی بە منیان کردووە بە کەسیان نەکردووە".

حەمەسوور: مادەم وایە خوا کەریمە، کەواتە بڕیاری خوایە.

لە کاتی ئەم گفتوگۆیانەدا، یەکێکیتر لە ژوورە تەنهاییەکانەوە هاتە ناو گفتوگۆکەوە کە ناوی (شیروان) بوو.

"چیبکەم لە دینی خوا، خۆ لەسەر من تاپۆ نەکراوە"

گفتوگۆی نێوان زیندانییەکانی ژوورە تەنهاییەکان، هەمووی لە ژێر دەرگاکانەوە ڕووی دەدا، کەس کەسی نەدەبینی، کاتی گفتوگۆکانیش تەنها ئەو کاتانە بوو کە هیچ پاسەوانێکی لێ نەبوو لەو نزیکانە، ئەوەش

باشــترین دەرفەت بوو، بۆیە کاتێک پاش کەمێک یەکێک لە پاســەوانەکان هـاتەوەو بە دەنگێکی بەرز بە عەرەبی هـاواری کرد:" اســـکت"، واتە بێدەنگبن، ئیتر بێدەنگی باڵی کێشا بەسەر ژوورە تەنهاییەکانداو گفتوگۆی ئەو بەیانییە کۆتایی پێهات.

کاتی ژەمی نیوەڕۆ هات، پاسـەوانەکە وەک پیشـەی هەمیشـەیی خۆی هات و یەک یەک دەستی بە کردنەوەی دەرگای ژوورە تەنهاییەکان کرد، بۆ ئەوەی زیندانییەکان بچنە سەرئاوو پێویستی خۆیان جێبەجێ بکەن و نانی نیوەڕۆش وەربگرن، لەو کاتەی شـــیروان دەڕوات بۆ ســـەرئاوو وەرگرتنی خواردن، حەمەسـوور سـەرنجی (شـیروان) دەدات، هەسـت دەکات دەیناسـێت، بۆیە دوای تەواوبوونی کاری پاسـەوانەکە، دیسـان گفتوگۆ دەستی پێکردەوە:

حەمەسـوور: کاک شـیروان تۆ ئەو کەسـە نیت کە پیاوەکە گوتی چی بکەم لە دینی خوا، خۆ لەسەر من تاپۆ نەکراوە؟

شیروان: قوڕمساغ چۆن من دەناسیت؟

حەمەســوور: ئەو کاتەی تۆ لەوێ بوویت منیش لەوێ زیندانی بووم، زۆر جنێویشیان پێدەدام!

شیروان: جا تۆ پێت وایە ئەوان جنێو بدەن؟

حەمەسوور: نازانم، بڵێم چی!

ئەم گفتوگۆیەی نێوان حەمەسـوور و شـیروان کە ئێسـتە لە ژوورە تەنهاییەکانیان دراوسـێن، حەمەسـووری گێڕایەوە بۆ چیرۆکی ناسـینی شیروان لە شاخ، چیرۆکەکەش بەمجۆرەبووە: سـەرەتای سـاڵی (١٩٨٨)، کاتێک حەمەسوور لە (هێزی حەمزە)ی بزووتنەوەی ئیسلامی پێشمەرگە دەبێت، دوو گەنج هاتوون لە هێزی حەمزە ببن بە پێشـــمەرگە، ئەوانیش (شـیروان) و (موحەممەد سـیروان) بوون، موحەممەد سـیروان پێشـتر پێشمەرگەی (پاسۆک) بووە، پاش مانەوەیان بۆ ماوەی مانگێک لە هێزی

حەمزەو بوونیان بە پێشـــمەرگەی بزووتنەوە، ڕۆژێک کەســـوکاریان لە ســـلێمانیەوە دێن بەدوایاندا، ئەوکات بارەگای هێزەکە لە (بەســـتەمەلە) دەبێت لە بناری قەندیل، باوکی موحەممەد، واتە مام سیروان، کە پیاوێکی زۆر بەتەمەن بووە، بۆ داوای گەڕانەوەی کوڕەکـانیـان ڕوو دەکـاتە بەرپرســـی هێزەکە کە م.عەلی باپیر بووەو داوای لێدەکات ڕێگە بدات کوڕەکـانیـان ببەنەوە، ئەویش پێیدەڵێت: "ئەگەر ئەوان خۆیـان ڕازیبن بێنەوە، ئەوە ئێمە کەس بە زۆر گل نادەینەوە، با بێنەوە"، بۆیە بـاوکی موحەممەد ڕوو دەکـاتە کوڕەکەی و دەڵێـت: "کوڕم دەبێـت لەگەڵمـان بێیتەوە"، مووحەممەدیش کە تازە بە تازە هاتووەتە ناو هێزێکی ئیسلامی بە بـاوکی دەڵێت: "بـاوکە، من تـازە هـاتووم بەرگری لە دینی خوا بکەم، نـایەمەوە"، بـاوکە پیرەکەی موحەممەدی کۆنە (پـاســـۆک)ی تـازە (بزووتنەوە) لە وەڵامدا دەڵێت: "کوڕم هەستە بڕۆینەوە، چی لە دینی خوا بکەم، خۆ دینی خوا لەســـەر من تـاپۆ نەکراوە"، پـاش ئەم گفتوگۆیە، موحەممەد ڕازی نـابێـت بە گەڕانەوە، بەڵام شـــیروان لەگەڵ بـاوکی موحەممەد دەگەڕێتەوە بۆماڵەوە، ئەو شـــیروانەی ئێســـتە لە زیندانی ئەمنی ســـلێمـانی تونـد کراوەو لە ژوورێکی تەنهـایی لە چـاوەڕووانی بەســـەربردنی ســـەختترین ڕۆژەکانیدایە، بەڵام حەمەســـوور بۆیە دەڵێت: "من لەو شـوێنەی ئێوە زیندانی بووم"، چونکە گومانی لە شیروان هەیەو دڵنیا نیە ئەو بێت، بۆیە نایەوێت بە ســـادەیی زانیاریی خۆی بە هاوڕێ زیندانییەکانی بدات، کە ئەویش پێشـــمەرگە بووەو لە شـــاخ بووەو بە شـێوەیەکی کاتیی هاتووەتەوە بۆ ناو شـار، ئەگەرنا ئەو کاتەی شـیروان لەگەڵ باوکی موحەممەد گەڕاوەتەوە بۆ ناو شـــار، حەمەســـوور کاری نانەوایی (هێزی حەمزە)ی کردووە!

پاش دەستکەوتنی دەرفەتێک و دڵنیابوونەوە لەوەی ئەو شیروانە ئەو شیروانەیە کە پێشمەرگە بووە لە شاخ، پرسیاری تر دەست پێدەکات:

شیروان: حەمەسوور تۆ لە وێ چیت دەکرد؟

حەمەســوور: کاتێک تۆ گەڕایتەوە منیش لەوێ بووم، لەو کاتەدا نانم دەکرد.

پاشـان گفتوگۆکان وەستان تا دیسان شـەو داهات، کە شـەو داهات و بێدەنگی کاتی باڵی کێشـا بەسـەر زیندانەکەداو دەنگی پاسـەوانەکان نەما، گفتوگۆ دەستی پێکردەوە:

حەمەسوور: دڵنیابم کە تۆ کاک شیروانی؟

شیروان: بەڵێ کاک موحەممەد.

حەمەسوور: جا تۆش بزانە من لەوێ پێشـمەرگە بووم، سـەرەتا خۆم لە تۆ نەناس کرد، تا دڵنیا ببمەوە لەوەی تۆ ئەوی یان نا.

شــیروان: بەڵێ برام من ئەو (شــیروان)ەم، پـاش گەڕانەوەم بە ماوەیەکی کەم چەند کەسێکی ناسراو لە گەڕەکەکەماندا لەلایەن ئەمنەوە دەســتگیرکران و زۆریان ئازاردابوون، ناچاریان کردبوون ناوی چەند کەسـێکی "ئیسـلامی" بڵێن، ئەوانیش لەژێر ئەشـکەنجەو فشـاردا ناوی منیـان دابوو، هـاتن منیـان گرت و لێرە فڕێیـان داوم، بەڵام هەر ئەوەندە دەزانن کە ئیسـلامیم و پابەندیم هەیە، ئیتر نەیانزانیوە من لە شـاخ بووم و پێشـمەرگە بووم، ئەوە دوو مانگە شـەوو ڕۆژ لە ژێر ئەشـکەنجەدام، هەردوو دەســتم ئیش ناکەن ئەوەندەیان هەڵواسـیوم، خوا ئاگادارە بە هەردوو ڕانم سـەموون دەخۆم، چونکە هەردوو دەســتم ئیش ناکەن، ئەوەندە ئەشکەنجە دراوم.

حەمەسوور: چیان لێکردی؟ ئەشکەنجەکان چی بوون؟

شــیروان: وەڵا برا بەهەردوو دەســت لە دواوە هەڵیاندەواسـیم، کارەبایان لێ دەدام و بە کێبڵ و سـۆندەش دەکەوتنە گیانم و پێیاندا دەکێشـام، لەو کاتانەدا من هاوارم دەکرد: "لا اله الا الله، محمد رسـول اللـه"، ئەمنەکـانیش پێیـان نـاخۆش بوو کە بەو جۆرە هـاوارم دەکرد،

دەیانگوت:" بۆ سەگباب ئێمە ئیسرائیلین؟"، بەڵام سوپاس بۆ خوا هیچم نەگوت و هیچیان لێ هەڵنەوەراندم، چونکە هەر بەڕاستی هیچ نەبووم و بەشداری هیچ چالاکییەکم نەکردبوو، پشت بەخوا هیچیشیان لێم دەست ناکەوێ، بەڵام تۆ زۆر ئاگادار بە، لەوانەیە بڵێن فلان کەس ناوی داوی و ناوت دەزانێ و قسەی تری زۆر لەم بابەتە کە وا پیشان دەدەن ئەوان زانیاریی تەواویان لەسەرت هەیە، بەڵام ئەو قسانە هەمووی درۆودەلەسەن و باوەڕیان پێ نەکەیت، تەنها بۆ ئەوەیانە تۆ ئیعتیراف (دان پیانان بە تۆمەتەکاندا) بکەیت، هیچیتر، نەچی بە قسەکانیان فریو بخۆی.

حەمەسوور: پشتیوان بەخوا خۆڕاگر دەبم.

ناسینەوەی حەمەسوور بۆ شیروان زۆر جێگەی سود دەبێت، چونکە شیروان دوو مانگ لە پێش حەمەسوورەوە دەستگیرکراوەو ئەزموونی زیاتری هەبووە، ئەزموونەکانیشی بۆ حەمەسوور گێڕاوەتەوەو وەک ڕێنیشاندەرێک وا بووە بۆی، بەتایبەت حەمەسوور هێشتا یەک شەوە هێنراوەتە ژووری تاکە کەسی و نەبراوە بۆ لێکۆڵینەوەو سزاو هەڵواسین و کارەبا دەستی پێنەکردووە.

"هەرگیز نوێژیشم نەکردووە، کەچی دەڵێن تۆ ئیسلامیت!"

دەچینەوە ژوورە تەنهاییەکان و دەرفەتێکی تری گفتوگۆی ئەم گەنجانەی لە ژوورە بچووکە تەنهاییەکان و بە دەستی کەلەپچەوە زیندانیکراون و بێجگە لە خوا ئاهیان بە کەس ناگات، دیمەنی گفتوگۆی ڕۆژێکیتر دەگوازینەوە:

کەیوان: حەمەسوور گیان گەردنم ئازاد بکە.

حەمەسوور: برام کاک کەیوان گیان، ئێستا لێم ڕوونبوویەوە کە من ئەم زیندانەم لە چارە نووسرابوو، بەڵام تۆ بووی بەهۆکار، با ئەم

برایانەی ژووری تەنهایی هەموو بە شاهید بن لای خوای گەورە، کە من هیچ مافێکم لەسەر تۆ نییەو گەردنت خۆش و ئازاد بێت.

کەیوان: خوای گەورە پاداشتت بداتەوە برای بەڕێزم.

حەمەســـوور دەنگی کەمێک بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئەوەی ئەولاتر لە ژووری حەوتە کە تا ئێستا لەبارەیەوە هیچ نازانێت بیناسێت، خۆ تازە ئەمان لەنێو ئەم سەرماو ئازارو ئەشکەنجەیە هاودەردن:

حەمەسوور: برام تۆ ناوت چییە؟

دەستگیراکراوی ژووری حەوت: مەریوانم ناوە.

حەمەسوور: لەسەرچی گیراوی؟

مەریوان: خوا ئاگادارە تا ئێستا خۆشم نازانم لەسەرچی گیراوم!

حەمەسوور: بۆ؟

مەریوان: من لە ژیانمدا نوێژم نەکردووەو خواشـم نەناسـیوە، کەچی ئەمانە منیان گرتووەو دەڵێن تۆ ســـەر بە (بزووتنەوەی ئیســـلامی)ت و زۆریشـیان لێداوم، بەڵام سـوپاس بۆ خوا زیندان بۆم بوو بە وانەیەک و لە زینداندا خوام ناسی و ڕێگەی ڕاستم گرتەبەر[1].

"بە زۆر کردوومیان بە بکوژی ئەفسەرێک!"

حەمەســـوور لەگەڵ زیندانی ژووری ژمارە (پێنج)ی تەنهایی کە ناوی (ئەبوبەکر) بوو قسە دەکات:

حەمەسوور: ئەی کاک ئەبوبەکر تۆ لەسەر چی گیراوی؟

---

[1] – لە سـالانی (١٩٨٧ تا ١٩٩١)، دەزگاکانی ئەمن زۆر بە توندی ڕووبەڕووی ئەو کەسـانە دەبوونەوە کە پابەندیی ئاینیان هەبوو، بە مەترســـییەکی زۆر گەورەیان دەزانین لەســـەر خۆیان، بەتایبەت ڕێکخســتنەکانی بزووتنەوەی ئیسـلامی کە تازە دروسـت بوو بوو و لەو سـالانەدا چالاکیان دەنواند، کەیوان و هاوڕێکانی بەشـێک بوون لەو کەسـانە، بۆیە زۆرجار گەنجـانێکیـان دەســـتگیر دەکرد تەنهـا لەبەر ئەوەی هـاتوچۆی مزگەوتیـان دەکرد، یـان نامیلکەیەکیان پێبینراوە!

ئەبوبەکر: من لەگەڵ تیپی (٨٧)ی بـاڵەکـایەتی (یەکێتی نیشـــتمـانی کوردسـتان) بووم، خۆم ڕادەسـتکردەوە، کەچی لەگەڵ خۆڕادەسـتکردنەوەم گرتمیان و دەڵێن: "تۆ فلان ئەفســەرت کوشـتووە"و منیش لێی بێئاگام، بۆیە زۆریان لێداوم، بەردەوام ئەشــکەنجەی زۆریاندەدام، منیش بە ناچاری دانم بە تۆمەتەکەدا ناو گوتم من کوشـــتوومە، تەنها بۆ ئەوەی وازم لێبهێنن و ئەشـــکەنجە کۆتایی بێت ئیتر چی ڕوو دەدات با ڕوو بدات، ئەگەرنا ئاگام لێی نەبووەو نییە، دوایی کە لێکۆڵینەوەی زیـاتریـان ئەنجـامـدا، بۆیـان دەرکەوتووە من نەمکوشـــتووە و ئاگام لێی نییە، پاشـــئەوەی ئەوەیان بۆ دەرکەوت دیســـان هاتنەوە بە هەموویان ئەوەندەیان لێدام بە کێبڵ و کارەبا زۆر زیـاتر لە جـاران، ئەمجـارەیـان دەیـانگوت: "بۆچی درۆت لەگەڵ کردووین؟".

لیستی ناوەکان کەوتبوونە دەست ئەمنەکان

حەمەســـوور پاش چەند ڕۆژێک گوێی لە دەنگێک دەبێت دەڵێت مامۆستا منیش، بۆیە دەیەوێت بزانێت ئەم (مامۆستا)یە کێیە؟

حەمەسوور: کاک شیروان ئەو مامۆستایە کێیە؟

شـیروان: ئەوە مامۆســتا مەلا (موحەممەدی شــەڵماشــی)ە، خاوەنی کتێبی (بێ نەوایان و بێ سەرپەرشتان)و زۆر چاپکراوی تریش.

حەمەسوور: مامۆستا تۆ (م.موحەممەدی شەڵماشی)ت؟

م.موحەممەدی شەڵماشی: بەڵێ ئەوم.

حەمەسوور: مامۆستا ناتبینم، بەڵام حەز دەکەم بزانم گەنجیت یان پیریت؟

م.موحەممەد: بەخوا کەمێک بەساڵاچووم.

حەمەسوور: بۆچی گیراویت؟

م.موحەممەد: کوڕی خۆم، من ئـاگـام لە هیچ نییە، هـاتن گرتیـانم و گوتیان: "تۆ بزووتنەوەی ئیسلامیت"، گوتم: "نەخێر سـەر بە هیچ حزبێک نیم"، بەڵام ئەوەی ڕاســـتی بێـت جەمــاعەتی (بزووتنەوە) مــاوەیەک

لەمەوپێش هاتن بۆ لام و داوایان لێکردم کاریان لەگەڵ بکەم، بەڵام من گوتم: "ناتوانم و توانام نییە". جا لەگەڵ من داوایان لە (دە) مامۆستای ئاینی تریش کردبوو، بەڵام کەسمان وەڵاممان نەدابوونەوە کە کاریان لەگەڵ بکەین، ئینجا ناوی هەموومانیان نووسی بوو، کاتێک لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا ناوچەی (قەرەداغ) چۆڵکرا، لیستی ناوەکان کەوتووەتە دەست ئەمنەکان کە لە بارەگانیان دەستیان کەوتووە، ئەوانیش وایانزانیوە ئیشیان لەگەڵ دەکەین، لەسەر ئەوە خۆم و خێزانم و کوڕەکەم و کچەکەم دەستگیرکراوین، خوا هەموومان ئازاد بکات.

"ئەگەر من تاوانبارم، کوڕەکەم چی بکات؟"

لەبەر ئەوەی ژووری ئەشکەنجە بەرانبەر ژوورە تەنهاییەکان بوو، بەتایبەت ژوورەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، ئەوانەی لەو سێ ژوورە بوون زۆر بەباشی ئاگاداری ئەشکەنجە بوون، دەیانزانی کێ دەبەن بۆ ئەشکەنجەو ئاگایان لە دەنگ و هاوارهاواری بوو.

بۆ شەوەکەی، هاوارهاواری ئەشکەنجە دەستپێدەکات بە گریانەوە، مامۆستا موحەممەد دەنگی هاوار هاوارەکە دەناسێتەوە کە کوڕەکەی خۆیەتی و لەسەر ئەوە لێیدەدەن کە دان بەوەدا بنێت کە ئاگادارە باوکی سەر بە بزووتنەوەیە، بۆیە م.موحەممەد بە توندی دەکێشێت بە دەرگای ژوورەکەیدا، لەگەڵ کێشان بەدەرگاکەدا هاوار دەکات: "پاسەوان، پاسەوان".

پاسەوان: ها، چیت دەوێت؟

م.موحەممەد: دەمەوێت بەڕێوەبەر ببینم.

پاسەوان: باشە.

پاسەوان داواکەی مامۆستا دەگەیەنێت و پاش چارەکە سەعاتێک دەگەڕێتەوەو فەرموو لە مامۆستا دەکات و دەرگای بۆ دەکاتەوەو لەگەڵ

خۆی دەیبات، پاش ماوەیەک مامۆستا هاتەوە، هاوار هاوارو گریانەکەش نەما، پاشـــئەوەی پاســـەوان لای ژوورەکانی بەجێهێشـــت، زیندانییەکان پرسیاری لێدەکەن:

حەمەسوور: مامۆستا چیتکرد؟

م.موحەممەد: چووم بە بەڕێوەبەرم گوت، ئەگەر من تـاوانبـارم، کوڕەکەم چی بکـات؟ تکـام وایە خۆم ئـازاربـدەن بەڵام ئەو نـا، چونکە کوڕەکەم لە هەموو شـــتێک بێئاگایەو تاوانی نییە، ئەویش قســـەکانی پەسەندکردم و ئازارو ئەشکەنجەی کوڕەکەمی ڕاگرت.

ڕۆژێکیتر، یەکێکیـان هێنـا بۆ ژووره تەنهـاییەکـان، پـاش ڕۆیشـــتنی پاسەوانەکە، لێم پرسی: ناوت چیەو خەڵکی کوێی؟

گەنجە تازە هاتووەکە وەلامی دایەوە: ناوم (یونس)ەو خەڵکی کەلارم، ویســـتیان بمگرن، منیش لەدەســـتیان هەڵهاتم، تەقەیان لێکردم و ئێســـتە باسکم بریندارەو بە برینداری گیراوم.

حەمەسوور: بۆ گیراوی؟

یونس: من ڕێکخســتنی (کۆمەڵە)م، ســەرۆک شـانەکەمان گیراو ناوی هەموومانیداو هەموومان ئاشکرا بووین.

حەمەسوور: زۆر گیراون؟

یونس: بەڵێ، هەژدە کەسین.

حەمەسوور لە زیندانیەکی تر لە ژووری چوار دەپرسێت: ها کاکە تۆ ناوت چیەو بۆچی گیراوی؟

زیندانیە تازە هاتووەکەی ژووری چوار: ناوم (جەوهەر)ە.

هەر کە یونس گوێی لە ناوی جەوهەر بوو، یەکســەر گوتی: جەوهەر ئەوە تۆش گیرایت؟

جەوهەر: بەڵێ، ئەوە تۆ یونسی؟ چاک هەموومان گیراین!

(٣٤)

لە زیندانیش وەستانی نییە

لەو کاتانەی دەرفەتی قســـەکردن هەبوو، پاشـــئەوەی ئەوانەی لە ژووره تەنهاییەکان بوون گفتوگۆی زۆریـان کرد، کەیوان دەســـتی بە قســـەکردن کرد بۆ زیندانییەکان، ئامۆژگاری باشـــی دەکردن و لایەنی ئیمانی و ڕووحی بەهێز دەکردن، گوتی: "برایان خەم مەخۆن، ان شاءالله هەمووەمان ڕزگارمان دەبێت و ئەم زیندانە دەبێتە ســـەرگوزەشـــتەو یادەوەری بۆمان"، زیندانیەکان گوتیان: "ان شـــاءالله وادەبێت"، پاشـــان کەیوان فەرموودەیەکی پێغەمبەری پێشـــەوا (درودی خوای لەســـەر)ی بۆ زیندانیەکان باسکرد کە فەرموودەیەکی (قودسی)یە[١]، کەیوان گوتی:

پێغەمبەر (درودی خوای لەســـەر) لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت، خوا دەفەرموێت: "یا عبادي إني حرمت الظلم على نفسي وجعلته بينكم محرما فلا تظالموا، يا عبادي، كلكم ضـــال إلا من هديته، فاســـتهدوني أهدكم، يا عبادي كلكم جائع إلا من أطعمته، فاســـتطعموني أطعمكم، يا عبادي كلكم عار إلا من كسـوته، فاستكسـوني أكسـكم، يا عبادي، إنكم تخطئون بالليل والنهار، وأنا أغفر الذنوب جميعا، فاســـتغفروني أغفر لكم، يا عبادي، إنكم لن تبلغوا ضـري فتضـروني، ولن تبلغوا نفعي فتنفعوني، يا عبادي، لو أن أولكم وآخركم وإنســـكم وجنكم كانوا على أتقى قلب رجل واحد منكم ما زاد ذلك في ملكي شـيئا، يا عبادي لو أن أولكم وآخركم وإنسـكم وجنكم كانوا على أفجر قلب رجل واحد ما نقص ذلك من ملكي شـــيئا، يا عبادي

---

١ - فەرموودەی قودســـی: زاراوەیەکی ئیســـلامییە، بۆ ئەو فەرموودانە بەکاردەهێنرێت کە پێغەمبەر (درودی خوای لەســەر) لە خواوە دەیانگێڕێتەوە، واتا ماناکەی دەدرێتە لای خواو دەربڕینەکەی لە پێغەمبەرەوەیە (درودی خوای لەسەر).

لو أن أولكم وآخركم وإنسكم وجنكم قاموا في صعيد واحد فسألوني فأعطيت كل إنسان مسألته ما نقص ذلک مما عندي إلا كما ينقص المخيط إذا أدخل البحر، يا عبادي إنما هي أعمالكم أحصيها لكم ثم أوفيكم إياها، فمن وجد خيرا فليحمد الله، ومن وجد غير ذلک فلا يلومن إلا نفسه".

پاش خوێندنەوەی ئەم فەرموودەیە، کەیوان دەستیکرد بە لێکدانەوەی، لەم کاتانەدا زرینگەی کلیلەکان هات، پاسەوانی دەرگاوان بە کۆڵێک کلیلەوە کە نزیکەی حەفتا کلیل دەبوون و دەنگیان لە دوورەوە دەبیسترا، هات و گوتارەکەی بە کەیوان بڕی و ئێمەش هەموو بێدەنگ بووین، بەڵام پاشئەوەی پاسەوانەکە کاری خۆی تەواو کردو بە خۆی و کلیلەکانیەوە ڕۆیشت، کەیوان دەستیکردەوە بە گوتارەکەی، زۆر بە جوانی واتای فەرموودەکەی شیکردەوەو ئێمەی هاندەدا بۆ گەڕانەوە بۆ لای خواو پشت پێ بەستنی و دڵخۆشبوون بە دەسەڵاتەکانی و بێئومێد نەبوون لێی.

پاش هەفتەیەک مانەوەی بە کەلەپچەکراوی لە زیندانی تەنهایی، ڕۆژێک حەمەسوور لە دەرگا دەدات و بە پاسەوانەکە دەڵێت: "دەمەوێت ئەفسەر ببینم"، پاسەوانەکەش دەڵێت: "بۆچیتە؟" حەمەسووریش دەڵێت: "ئەوە هەفتەیەکە منتان گرتووەو لێرە بە دەستی کەلەپچەوە فڕێتانداوم و یەک کەس پرسیارم لێناکات بۆچی گیراوی؟".

ئەمانەی گوت لەکاتێکدا نزیکەی سێ ڕۆژ بوو حەمەسوور دەیتوانی لە پشتەوە دەستی بە کەلەپچەکانەوە بهێنێتە پێشیەوەو هەندێک ئیش و جوڵەی ئاسایان پێبکات، کاتێکیش پاسەوان دەهات یەکسەر دەستی دەبردەوە دواوە بۆ ئەوەی هەستی پێنەکەن.

پاش سکاڵاکەی، دوای چەند سەعاتێک پاسەوانەکە هاتەوەو کەلەپچەکانی دەستی حەمەسووری کردەوەو بردنی، دیاربوو ڕەزامەندی لە ئەفسەرو بەرپرسەکەی وەرگرتبوو کە کەلەپچەکە لە دەستی لابەرێت.

"بیرت دێت پێکەوە دەپاڕاینەوە خوا شەهیدیمان بە نسیب بکات؟"

حەمەســـوور باس لە هاوڕێکانی کەیوان دەکات، دەڵێت: بەردەوام بۆ لێکۆڵینەوەو ئەشـــکەنجە دەیانهێنان بۆ ژووره تەنهاییەکان، لەو ماوەیەدا هەریەکە لە (ئەکرەم و جەلال ئەحمەد و حەسەن و سەربەست)یان هێنا، ڕۆژێک ئەم گفتوگۆیانە لەنێوانیاندا ڕوو دەدەن.

ئەکرەم کە لە ژووری دووەم بوو، گوتی: کاک حەمەسوور چۆنی؟

حەمەسوور: سوپاس بۆ خوا باشم.

ئەکرەم: بەڕاستی زۆرم پێخۆشبوو دایکت ببینم، چونکە کاک کەیوان زۆر باسی ئازایەتی و بەجەرگی دایکت دەکات.

حەمەسوور: سوپاس بۆ خوا، ئەوەش نیعمەتێکی تری خوایە.

کەیوان لەو کاتەدا گوێی لەم گفتوگۆیە بوو، بۆیە هاتە قســـەو گوتی: کاک حەمەســـوور بەڵێن بێت ئەگەر ئێمە لەم زیندانییە ڕزگارمان بوو، کتێبی تەفسیری لە سێبەری قورئاندا (في ضلال القران)ی شەهید سەید قوتبت پێشکەش بکەم.

حەمەســـوور: خوا پاداشـــتت بداتەوە کاک کەیوان گیان، خوا دەکات ڕزگارمان دەبێت، ســـوپاس بۆ خوا هەموو شـــتێک زۆرە، بەلام من عەرەبییەکەم باش نییەو بەوجۆرە نییە تا سودی لێ وەرگرم.

کەیوان: باشــــە، کەواتە دیارییەکەم دەکەم بە کتێبێکیتر، هەروەها هەوڵی ژنهێنانیشـت بۆ دەدەم (بە پێکەنینەوە)، چونکە ئەو ئیشـانەم زۆر کردووە.

حەمەسوور: خوای گەورە بۆ ئێمەت بهێڵێت.

کەیوان: کـاک حەمەســـوور، دەزانی کـاک ئەکرەم چەنـد دەبێـت گەڕاوەتەوە بۆ باوەڕداری و پابەندی بە دینەوە؟

حەمەسوور: چەند و کەی؟

کەیوان: ماوەیەکی زۆر نیە، نزیکەی ساڵێک دەبێت.

کەیوان ڕووی قسەکانی کردە ئەکرەم و گوتی: کاک ئەکرەم خۆ بێزار نیت؟

ئەکرەم: کاک کەیوان گیان، بیرت دێت کە بە کۆمەڵ دەپاڕاینەوە خوای گەورە شـــەهیدیمان بە نســـیب بکات، وا هاتووە، چۆن دەبێت بێتاقەتبم؟ خوای گەورە پاداشتی تۆ بداتەوە کە وات پەروەردە کردووین لەمجۆرە جێگە و نارەحەتیانە بێزار نەبین.

کەیوان: خوای گەورە نمونەت زیاد بکات کاک ئەکرەم گیان.

لە کاتی ئەم گفتوگۆیانەدا بوو، لە پڕ یەکێک لە پاســـەوانەکان هات، هەموو بە هاتنەکەی بێدەنگ بوون، هاواری کرد: "کەیوان، حەز دەکەیت دایکت ببینیت؟"

کەیوان: بەڵێ.

پاسەوان دەرگای ژوورەکەی کردەوەو گوتی: دە وەرە لەگەڵم.

کەیوان چووە دەرەوەو پـاش ســـەعـاتێـک گەڕایەوە، هـاوڕێ زیندانییەکانی لە ژوورەکانی تەنهایی بە سـرتەوە پرســیاریان کرد: کاک کەیوان چی بوو؟ دایکت بینی؟

کەیوان: دایکمم بینی لەگەڵ خوشـک و براکانم، (موسـلیم و بوخاری) و (زەینەب)[1].

حەمەسوور: شوکر باش بوون؟ بارودۆخیان چۆن بوو؟

کەیوان: سوپاس بۆ خوا زۆر باشبوون.

حەمەسوور: ژووری ئافرەتان چەند کەسی تێدایە؟

کەیوان: نزیکەی سەدو بیست ئافرەت و منداڵی تێدایە.

---

[1] - براکانی کەیوان ناویان (باخەوان) و (شــیروان)ە، لە خۆشــەویســتی کەیوان بۆ ئیمام (موسلیم) و ئیمام (بوخاری)، نازناوی (موسلیم) و (بوخاری) بۆ براکانی و (زەینەب)یشی بۆ (وەزیر)ەی خوشکی بەکاردەهێنا و هەر بەو جۆرە بانگی دەکردن.

(٣٥)

ئەمن چۆن لێكۆڵینەوەی لەگەڵ تۆمەتباران دەكرد؟

هەموو بەڵگەو شـاهیدو سـەرچاوەی سـاغكردنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراسـتەی ئەو كەسـانە دەكران كە دەزگاكانی بەعس دەسـتگیریی دەكردن، بەتـایبەت لەلایەن ئەمن و هەواڵگرییەوە، لە ڕێگەی وەرگرتنی دانپیـانـان بوو لە ژێر فشـاری دەروونی و جەسـتەیی بەتـایبەتتر ئەشكەنجەی جەستەیی تاقەتپڕوكێن.

بۆ ئەوەی ببیتە (تێكدەر)و (گێرەشێوێن) و (خیانەتكار) بە نیشتیمان و (جاسـووس)ی وڵاتان و (بكوژ)ی هەر كەسـێك و ئەنجامدەری هەر (تەقینەوە)یەک، تەنها ئەوەندە بەس بوو كە یەكێک لە پیاوەكانی ڕژێم ڕاپۆرتێكت لەسـەر بداتە ئەمن یان هەواڵگری سـەربازی، ئیتر بە دڵنیاییەوە لە ژێر ئەشـكەنجەدا دەبوویتە ئەو تاوانبارەی ئەوان دەیانویسـت، بە پێچەوانەی بنەماكانی مافی مرۆڤ و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا یاسا عیراقییەكانی سەردەمی بەعس خۆی كە بۆ ساغكردنەوەی تۆمەت پێویستی بە بەڵگەی یەكلا كەرەوەو شاهید هەبوو.

لە گرتەیەكی (ڤیدیۆ)[١]یدا، كە بەرواری تۆماركردنەكەی بۆ سـاڵی (١٩٨٤) دەگەڕێتەوە، تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)ی ئامۆزای (سەددام) كە لە سـاڵانی (١٩٨٤ تا ١٩٨٧) بەڕێوەبەری گشـتیی ئەمن بووە، لە

---

١ - گرتە ڤیدیۆكە لە تۆڕی كۆمەڵایەتی یوتیوب زۆر بڵاوەو وێنەیەكیشی لە ئەرشیفی ئەم كتێبە پارێزراوە.

دادگاییەکدا دەردەکەوێت کە دادگای تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی گشـــتیی ئەمنەو ئەو خۆی وەک دادوەر ڕۆڵ دەبینێــت و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ژمارەیەک ئەفســـەرو کارمەندی دەزگاکانی ئەمن دەکات، لە یەکێک لەو دانیشـــتنانەدا هاوولاتیەکی دانیشـــتووی (کەربەلا) کە کارمەند بووە لە (ئەمنی سلێمانی) و سـکالاکارە لەسـەر ئەوەی تۆمەتبارکراوە بەوەی کە بەشـداربووە لە دزینی چەند کەل و پەلێک، ڕاسـتییەکەشـی ئەوەبووە کە شـیعەیەو ویســتوویانە بە زۆر بیکەنە ئەندامی حزبی (دەعوە)ی نەیاری ڕژێم، تەنها بەڵگەش ئەوەیە کە کەسێک دەستگیرکراوەو ناوی هێناوە کە بەشـداربووە لە دزینی ئەو کەل و پەلانە، هەربۆیە ئەمنی شـاری کەربەلا فەرمانی دەستگیرکردن بۆ کارمەندەکەی ئەمنی سلێمانی دەردەکەن و لە ڕێگەی دەزگاکانی خۆیانەوە دەیهێننەوە ئەمنی کەربەلا و لەوێ دەیخەنە ژێر لێکۆڵینەوەو ئەشـــکەنجەوە، ئەمەی خوارەوە دەقی گفتوگۆی ئەو کارمەندەی ئەمنی سـلێمانیە لەگەڵ تاوانبار (عەلی حەسـەن مەجید)و ئەو ئەفسەرەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردووە:

سەباح ئەنوەری سکالاکار ڕوو دەکاتە عەلی حەسەن مەجیدو دەڵێت: گەورەم، من فەرمانبەرم لە ئەمنی سـلێمانی، لە بەشـی تەواری، بە پلەی (ئەمین)، کەسێکی سەربازی دەستگیرکراوە لە کەربەلاو ناوی منیداوە کە بەشـدارم لە دزی، ئەویش لە ژێر ئەشـکەنجەدا ناوی منیداوە، دزییەکان نازانم چییە، بەلام دەڵێن کەل و پەلە، ئەو کەسـەشـی ئیعتیرافی لەسـەر کردووم سەربازەو لە ژێر ئەشکەنجەدا ناوی منیداوە، لە ئەمنی سلێمانی پێیان گوتم تۆ دەســـتبەســـەر دەکەین، چونکە تۆمەتبارکراوی بە دزی، پاش دوو ڕۆژ منیان بە دەستگیکراوی ناردەوە بۆ کەربەلا.

عەلی حەسەن مەجید: لە هەمان ئەم بابەتەدا (مولازم عەلی)ت لەگەڵە؟

سـەباح ئەنوەر: بەڵێ گەورەم، ئەوە (مولازم عەلی)یە. (لەم کاتانەدا دەسـت بۆ لای ڕاسـتی ڕادەکێشـێت کە مولازم عەلی کە ئەفسـەری لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە بووە لەوێ وەستاوە)

عەلی حەسەن مەجید: بەڵێ تەواوی بکە، چیتر؟

سەباح ئەنوەر: هەر منیان هێنایە ئەمن، لێرە لە بەشی (سیاسی!) کەل و پەل و پارەو ناسـنامەکەیان لێ وەرگرتم، خسـتمیانە ژوورێکی تەنهاییەوە، دەسـتیان کەلەپچە کردم و چاویان بەسـتمەوە، لەو کاتەدا مفەوەز شـاکر هات کە لە هۆبەی سیاسـییە، گوتم: "گەورەم ئەوە چییە؟ بۆ وام لێدەکەن؟ من حزبی دەعوەم؟ چیم؟ ئەی من کارمەندی ئێوە نیم؟ من کارتان لەگەڵ ناکەم؟" مفەوەز شـاکر گوتی: "براکەم ئەوە ڕێوشوێنی ئەمنیە، با ئەفسەر یان بەڕێوەبەر بێت خوا کەریمە".

بۆ ڕۆژی دووەم پاسـەوانێک هات، منی برد بۆ ژووری لێکۆڵینەوە، من یەکەمجارم بوو ژووری لێکۆڵینەوە ببینم، لەو کاتەدا مولازم عەلی هات، گوتی سـەباح دان بنێیت بە دزییەکەدا باشـترە بۆت، گوتم گەورەم چ دزییەک؟ من لەگەڵ خۆتـان کـار نـاکەم؟ یەکسـەر فەرمـانی بە پاسەوانەکەدا گوتی هەڵیواسن، هەڵیانواسیم بە دەستم لەدواوە، جلەکانی لەبەر داکەندم و ڕووتیان کردمەوە بەو جۆرەی خوا دروسـتی کردووم، پاشـان کارەبایان هێنا، کارەباکەیان بەسـت لە ئەندامی زاوزێم و سـنگم، دەسـتیان کرد بە کارەبا لێدانم، زۆر هاوارم کرد: "تو خوا، تو سـەددام حسـێن، تو گەورەمان، من بێتاوانم، بۆ سـتەمم لێدەکەن"، گوتی: "نییە، دان بە تاوانەکەتدا بنێ"، گوتم: "ئێ گەورەم دان بەچیدا بنێم، من هیچم نەدزیوە، بەشـدار نەبووم، ئێ باشـە دزییەکان چین تا دانیان پێدا بنێم"، ئیتر گوتی: "زۆر باشـە، ئێسـتە داتدەگرم، خوشـکەکان و دایکت دەهێنم، لەپێشـچاوت هەڵیان دەواسـم، تا دان بە تاوانەکەتدا بنێیت"، گوتم: "باشـە گەورەم دانی پێدا دەنێم، چیت دەوێت دانی پێدا دەنێم، بەس پێم بڵێن

شتەکان چین؟"، گوتی: "شتەکان دووکان و ماڵ و ئەو شتانەیە"، گوتم: "بەسەرچاو دانی پێدا دەنێم کە من بەشداربووم لە دزینی ماڵ و دوکان و بانکی ڕافیدەین، بەس دامگرن و خوشک و دایکم مەهێنن"، دایانگرتم، گوتم: "گەورەم تخوا دەستم بکەرەوە، زۆر ئازاری هەیە"، کە دەستی کردمەوە نەمدەتوانی بەکاریان بهێنم، تا هەفتەیەک تووشی شەلەل بووم لە هەردوو دەستم، گەورەم ئەگەر ڕێگەم بدەیت با لاشەمت پێ پیشانبدەم کە چۆن کاریگەریی ئەشکەنجەی لەسەرە.

عەلی حەسەن مەجید: نا، پێویست ناکات، چیتر، تەواوی بکە.

سەباح ئەنوەر: پاشئەوەی دایانگرتم، گوتم گەورەم بەڵکو تۆزێک ئاوم بدەنێ، تۆزێک ئاوی گەرمیان هێنا، خواردمەوە، پاشان گوتی یەڵڵا دانی پێدا بنێ، منیش گوتم بەسەرچاو گەورەم، گوتی بڵێ بنووسە فلان ماڵم دزی، گوتم بەڵێ، گوتی بنووسە فلان ماڵی تریش، گوتم بەسەرچاو، گوتی کەسی ترتان لەگەڵ بوو؟ گوتم نەخێر، گوتی چۆن دزییەکانتان دەکرد؟ گوتم دەچووینە ماڵەکانەوە، دەچووینە چێشتخانە نانمان دەخواردو پاشان ماڵەکەمان تاڵان دەکرد، هەر بیرم دەکردەوە چی بڵێم تا لێم ڕازی بێت، دەیگوت دواتر چیتان لە ماڵەکە کرد؟ هەر لەخۆمەوە گوتم لە نێوان خۆماندا بەشمان کرد، بەمجۆرە بۆ ئەوەی وازم لێ بێنن و ئەشکەنجەم نەدەن قسەم لە خەیاڵی خۆم دروست دەکرد، پاشان سۆندەیەکی بەرز کردەوەو لێی دام، بەڕێوەبەر هات، ڕائید عادل، گوتی ئەوە کێیە؟ گوتیان ئەوە سەباح ئەنوەرە لە ئەمنی سلێمانی، گوتی: "ئەهاا، کوڕەکە تۆ بۆ دزی دەکەی؟ دزییەکان لە کوێن؟"، مولازم عەلی ئەوەی نووسیبوی خوێندییەوە، پاشان گوتی: "تۆ لە سلێمانیش دزیت کردووە، بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی زانیاریی پێداوم، تۆ لەوێش دزیت کردووە"، گوتم بەڵێ لەوێش دزیم کردووە، گوتی: "چۆن"، گوتم سەعات دوانزەی شەو دەچووم دزیم دەکرد، هەرچیان دەگوت دەمگوت بەڵێ،

تەنها بۆ ئەوەی لە ژووری لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە ڕزگارم ببێت، پاشان لە ژووری لێکۆڵینەوە بردمیانە دەرەوە، سوێند بەخوا لەسەر ئەژنۆ دەچووم بۆ دەست بە ئاو گەیاندن، هەموو ڕۆژێک دەیانهێنامەوە بۆ ژووری لێکۆڵینەوەو وازیان لێ نەدەهێنام، دەیانگوت تۆ شتی گەورەترت دزیوە (لێرەدا لە ڤیدیۆکەدا دیارە سەباح ئەنوەر دەست دەکات بە گریان و بەگریانەوە لە گێڕانەوەو قسەکردن بەردەوام دەبێت).

عەلی حەسەن مەجید: ها مولازم عەلی تۆ چی دەڵێیت؟

مولازم عەلی خالید جندوغ، لێکۆڵەر بووە لە ئەمنی کەربەلاو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ئەنوەر سەباح کردووە، بەمجۆرە وەڵامی عەلی حەسەن مەجید دەداتەوە: قوربان لەو کەسانەی کە هاوکارن لەگەڵ فەرمانگەکەمان زانیاریمان پێگەیشت لەبارەی تاوانبارێکەوە، بۆمان دەرکەوت ئەو تاوانبارە کە ناوی (نزار)ە و پیاوی (حزبی دەعوە)ی بەکرێگیراوەو کاریان بۆ دەکات، لەسەر ئەو تاوانانەشی دانی پێدا نا، هەروەها لەگەڵ داننان بەوەدا دانی بەوەشدا نا کە دزیکردووە لەگەڵ سەباح ئەنوەرو چەند دوکان وماڵێکیان دزیوە، ئەوەش بە هاوکاری لەگەڵ دوو ئەندامی ئەمن کە یەکێکیان (سەباح ئەنوەر)ە، پاشان بەشی یاسا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکردن، پاشئەوەی هێنایان بۆ ئەمن، بەڕێوەبەر منی ڕاسپارد کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەم، بێگومان من کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەم وەک ئەندامێکی خۆمان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ناکەم، بەڵکو وەک تۆمەتبارێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەم و من وەک ئەفسەری لێکۆڵینەوە ناتوانم فەرمانی بەڕێوەبەر بشکێنم و دەبێت کاری خۆم بکەم، بەڕێزت دەزانیت ئەگەر شاهید هەبوو، پاڕانەوەو شت ناخوات، دەبێت لێکۆڵینەوە بکەم.

مولازم عەلی بەردەوام دەبێت لە قسەکانی: گەورەم بابەتەکە هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە، ئێمە ڕێنماییمان لایە، جەنابت ئێمەت ڕێنمایی کردووە

که لەگەڵ ئەندامانی دژمان ڕێگەپێدراوین لەکاتی لێکۆڵینەوەدا فشـــاریان لێ بکەین، بێگومان لێکۆڵەر نابێت هەڵە بکات، منیش هەر وام کردووە، من چۆن دەتوانم ڕێنمـایی بەڕێزت بشـــکێنم، من وەک ئەنـدامێکی ســـەرکردایەتی لە فیرقەی حزبی بەعس چۆن ڕەوشـــتم ڕێگەم دەدا چاوپۆشی بکەم، بۆیە دەتوانم هەڵیبواسم، دەتوانم لێی بدەم، دەتوانم ئەو هۆکـارو ئـامرازانە بەکـاربهێنم بۆ لێکۆڵینەوە، ئەم کوڕە دانی بە تاوانەکانیدا ناوە، بەدەســـتی خۆی دانپیانانەکانی نووســـیووەتەوە، ئـاراســـتەی فەرمـانگەی ڕووبەڕووبوونەوەی تـاوانمـان کردووە بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەو پاشـــان ناردنی بۆ دادگا، ئێمە خاوەن دوکان و ماڵە دزراوەکانمان دواندووە کە لە ســـاڵی (١٩٨٣) دزییان لێکراوە، بەڵام دزەکە ناناسنەوە.

عەلی حەسەن مەجید: ئێوە یەکەمجار بۆچی ئەو سەربازەتان ڕاگرت؟

مولازم عەلی: لەبەرئەوەی لەلایەن هاوکارەکانمانەوە زانیاریمان بۆ هاتبوو!

لەم کاتانەدا عەلی حەسەن مەجید ڕوو دەکاتە ئەفسەرە لێکۆڵەرەکەو دەڵێت: لەوە دەچێ زوڵمت لێ بکەم، لەوە دەچێ ها، پێدەچێت ئەو (سەباح ئەنوەر)ە زوڵمت لێ بکات، بەڵام من ئێستە گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئەو کوڕە دز نییە، ئێستە ئێستە لە پێشچاوم ئەو دز نییە.

مولازم عەلی: گەورەم دانپیانانی هەیە، شاهید هەیە.

عەلی حەسەن مەجید نایەڵێت قسەکانی تەواو بکات و بە تووڕەییەوە دەڵێت: کاکە دانپایانانت لە کوێ هەیە، دانپیانانت لە درۆزن هەیە، لە فێڵباز هەیە، لە تاوانکاران هەیە، عەلی حەسەن مەجید بەردەوام دەبێت لە قســـەکردن: تۆ کاتێک ڕێزی مرۆڤایەتی ناگریت، ئەوە یاســـات لەســـەر جێبەجێ دەبێت، بەڵام وەکو لێکۆڵەرێک هەموو ئـازادییەکت هەیە بۆ گرتنەبەری "هەموو شێوازەکانی لێکۆڵینەوە!" کاتێکیش هەڵەیەک دەکەیت،

پێت دەڵێم ئەوە هەڵەیەو لێی دوورکەوەرەوە، بەڵام کاتێک تۆ لەپێناو لێکۆڵینەوەدا "لێی دەدەیت!"، "هەڵیدەواسیت!"، "بە پێلاو لێی دەدەیت!"، بەمەرجێک تەنها لە پێناو لێکۆڵینەوەدا بێت نەوەک بێڕێزی پێکردن! ئەوە بۆ خۆتەو ئاساییە!

لێرەدا ڤیدیۆکە تەواو دەبێت، پێویستە دیقەت لە شتێک بدەین کە مەنتیقی حزبی بەعس بووە بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەرکەسێک کە راپۆرتێکی لەسەر دەدرایە دەزگا ئەمنیەکانی، یان تۆمەتبار دەکرا لەلایەن پیاوە سیخوڕو بەکرێگیراوەکانی ڕژێمەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەفسەری لێکۆڵینەوە بە تەواوی ئازادو دەستکراوەبووە لە بەرکارهێنانی هەموو ئەشکەنجەیەک (دیقەت لە وشەی هەموو ئەشکەنجەیەک بدەن!) بۆ وەرگرتنی دانپیانان لەلایەن تۆمەتبارەوە، بە هەڵواسین و کارەباو کێبڵ و شەق و بۆکس و لێدان بە پێڵاوو فەلاقەو هەموو شتێک، بەڵام تەنها وەک لێکۆڵینەوە نەوەک ڕقی شەخسی! دیسان دقەت لە قسەکانی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید بدەن کە ڕوو دەکاتە ئەفسەرەکەی لێکۆڵینەوە:" کاتێک تۆ لەپێناو لێکۆڵینەوەدا لێی دەدەیت! هەڵیدەواسیت! بە پێڵاو لێی دەدەیت! بەمەرجێک تەنها لە پێناو لێکۆڵینەوەدا بێت، ئەوە ئاساییە!".

پاشان کاتێک لەم شانۆگەرییەی عەلی حەسەن مەجید ورد دەبیتەوە، تێدەگەیت لەوەی ئەو کوڕە بە تەواوەتی بێتاوان بووە لەو تۆمەتانەی ڕووبەڕووی کراونەتەوەو هەموو تاوانەکەی ئەوە بووە کە شیعە بووە، ئەمەش دەرفەتێکی باش بووە بۆ دانەپاڵی تۆمەتی ئەندامێتی (حزبی دەعوە).

سەددام چی گوت بە بەڕێوەبەرەکانی ئەمن؟

رائید (سەباح ئەلحەمەدانی)[1]، ئەفسەری پێشوو لە ئەمن، بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ ڕژێمی سەددام و بەڕێوەبەرایەتی (ئەمن) دەگێڕێتەوە، بۆماندەگێڕێتەوە کە هەموو ئەو توندوتیژییەی ئەمن بەرانبەر بەرهەڵستکاران هەیبوو بە فەرمانی ڕاستەوخۆی سەددام بووە، تەنانەت لەسەر زاری بەڕێوەبەرێکی ئەمنی سەردەمی سەددام بۆمان دەگێڕێتەوە، دەڵێت: جارێکیان سەددام کۆبوونەوەی بە بەڕێوەبەرەکانی ئەمن کرد، گوتی: "ئێمە بەلامانەوە گرنگ نییە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە تۆمەتباران (هەزار کەس!) دەمرن، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کۆتایی بە سەرچاوەکانی دوژمنایەتی ناوخۆ بهێنین کە بەکرێگیراون و دژی حزب و شۆڕشەکەتان کار دەکەن!".

هەروەها لە چاوپێکەوتنێکی تردا ئەو ئەفسەرەی ئەمن بۆماندەگێڕێتەوە، سەددام بە بەڕێوەبەرەکانی ئەمنی گوت: "من دەترسم و خەم دەخۆم لەوەی ئەگەر بە پێڵاوەکانم پێ بە مێرووڵەیەکدا بنێم، بەڵام ئەگەر گەردنی سەدان خیانەتکارو هەڵگەڕاوە بپەڕێنم بە خەیاڵمدا نایەت!".

---

[1] - سەباح ئەلحەمدانی، ساڵی (١٩٥٢) لە شاری (موسڵ) لە دایکبووە، لە ساڵانی (١٩٧٠ تا ١٩٨٩) خزمەتی بە فەرمانگەی ئەمن کردووە و سەرجەم پلەکانی لەکاتی خزمەتی ئەو دەزگایە بڕیوە تا گەیشتووەتە پلەی (ڕائید)، لەسەر داوای خۆی و لە تەمەنی (٣٧) ساڵیدا خانەنشین بووە، لە ساڵی (١٩٩١) لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە هەڵهاتووەو عێراقی بەجێهێشتووەو ئێستە لە وڵاتی (هۆڵەندا) دەژی، سەباح ئەلحەمدانی بیرەوەرییەکانی خۆی لە کەناڵێکی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (یوتیوب) دەگێڕێتەوە و تا ئێستا سەدان ڤیدیۆی بڵاو کردووتەوە، چەندین چاوپێکەوتنی لە کەناڵەکان ئەنجامداوەو باسی ستەمی بەعس دەکات، لەبارەی مەبەستی لە گێڕانەوەی چیرۆک و ڕاستییەکانی ئەو کاتەی ئەفەسەری ئەمن بووە، دەڵێت: "دەمەوێت ویژدانی خۆم ئاسوودە بکەم و ئەو تاوانانەی سەددام و گەورە بەرپرسەکانی دەرحەق بە خەڵکی عێراق کردوویانە پەردەیان لەسەر هەڵماڵم".

چیرۆکی جەللادە تەور وەشێنەکە

لە بارەی توندوتیژی و شـــێوازی وەحشـــیانەی وەرگرتنی گوتەی تۆمەتباران و لێکۆڵینەوە لێیان، ڕائید ســـەباح ئەلحەمدانی دەڵێت: "ئەمڕۆ قســـە لەســـەر نەقیب (ئیبراهیم عەلاوی خەڵەف) دەکەین، کە خەڵکی (فەلوجە)یە لە پارێزگای (ڕوومادی)، بەوە ناســراوە کە شـــەڕەنگێزترین ئەفســەرە تایبەتەکانی هۆبەی (پێنجەم)ە لە بەڕێوەبەرایەتی گشـتی ئەمن، من خۆم دەیناســـم، ئەو هۆبەیە تایبەت بوو بە بەدواداچوونی چالاکی "کۆنەپەرستی"، واتە چالاکی "ئاینی"، ســونني یان شـیعی، وە بەتایبەت ئەو حزب و ڕێکخســـتنـانەی کە پشـــتیوانی لە ئێران وەردەگرن بۆ چالاکییەکانیان، ســەرەتا کە ئەم (ئیبراهیم عەلاوی)یەم ناســی، بەمجۆرە بوو: مولازمی یەکەم بوو کـاتێک هـات بۆ ئەوەی من ڕاهێنـانی کـاراتی پێبکەم، ئەو لە ســـاڵی (١٩٧١) هات بۆ ئەوەی ئەو خولە ببینێت لەگەڵ بیست و پێنج ئەفسەری تر، ئەوەی لە بیرم بێت لەو کاتەدا دەم و چاوی ســپی بوو، بالای بەرز بوو، قژی خورمایی مەیلەو ڕەش بوون، پاشـــان گواســـترایەوە بۆ هۆبەی پێنج تـایبەت بە لێکۆڵینەوە لە چـالاکی حزبە ئـاینییەکـان، لەوێ وەک ئەفســـەری لێکۆڵەر کـاری دەکرد، نـاوی بە شەڕەنگێزی دەرکرد لەو ماوەیە.

کاتێک چالاکی حزبی دەعوە لە ســـاڵی (١٩٧٩) دەســـتیپێکرد، عەقید ئیبراهیم یەکێک لە ئەفســەرە ســەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون و ڕاوەدوونانی ئەندامانی حزبی دەعوە بوو، کارەکەی من گواســترایەوە بۆ نەجەف، ئەو ئەفســـەرەو چەند ئەفســـەرێکی تر بەتایبەت (ســـەعدون) کە بەرپرسی هۆبەی پێنجەم بوو لە بەڕێوەبەرایەتی گشـتیی ئەمن، ئەو کات (ســـەعـدون) موقەدەم بوو، ئیبراهیمیش پلەکەی ڕائیـد بوو، بەهۆی زیادبوونی چالاکی حزبە ئاینییەکان چەندینجار سەردانیانکردین لە ئەمنی نەجەف.

ئەم کابرایە لێکۆڵەری یەکەم بوو پاش بەرپرسی هۆبە، ئەو بەرپرسی سەدان قوربانییە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان، ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەی دروستدەکران لەو کەسانەی تۆمەتی کارکردن دژی سەددام و ڕژێمیان دەدرایە پاڵ، هەر بەوجۆرەش ڕێکخستنی (حزبی دەعوە)ی دەگرتەوە.

دەڵێم، بەدڵنیاییەوە دەیڵێم، هەرکەس لە کاتی لێکۆڵینەوەدا لەبەردەم ئەم ئیبراهیمەدا ئارامی بگرتایەو دانی بە تۆمەتەکەیدا نەنایە، بە (تەور) سەری دەپەڕاند، بۆ ئەوەی ببێتە وانەیەک بۆ ئەوانەی تر کە دان بە تۆمەتەکاندا نانێن، بۆ ترساندنیان!

هەروەها ئەو ئەفسەرەی پێشووی ئەمن دەڵێت: " ٩٩%ی ئەو دانپیانانەی لەکاتی لێکۆڵینەوە لە تۆمەتباران وەردەگیران، بەزۆر وەردەگیران و ڕاستەقینە نەبوون، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی دوژمنایەتییەکی زۆر بۆ سەددام حسێن و عێراق و دەزگای ئەمن دروست ببێت".

سوێندتان دەدەم بەخوا خوشک و برایان، من یان هەرکەسێک لە ئێوە بەو دۆخەدا تێپەڕێت، هەڵوێستی چی دەبێت؟ کاتێک لە پێشچاوت سەری تۆمەتبار دەپەڕێنرێت تەنها لەبەرئەوەی تۆمەتبارەو هیچی تر، تەنها لەبەر ئەوەی دانی بەو تۆمەتانەدا نەناوە کە ڕووبەڕووی کراونەتەوە، چی دەکات؟ بێگومان دان بە هەموو شتێکدا دەنێت، داندەنێت بە هەموو ئەوەی ئەوان دەیانەوێت، سا بەڵکو لێرە ڕزگاری بێت و بنێردرێت بۆ دادگا، بەڵکو بە سزای زیندانیکردن ژیانی پارێزراوبێت نەوەک لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بەدەستی ئەم ستەمکارە بمرێت.

ئەمانە قسەی ئێمە نین، بەڵکو قسەی ئەفسەرێکن کە خۆی یەکێک بووە لە ئەفسەرانی ئەو دەزگا داپڵۆسێنەرەو زۆرێک لە ڕاستییەکانی بە چاوی خۆی بینیوە، خۆی شاهیدی دڕندەیی ئەو دەزگا داپڵۆسێنەرەیە بۆ ماوەی نزیکەی پانزە ساڵ!

(٣٦)

"جەلال تۆ لە سکی دایکتا بووی من خەریکی ئەم ئیشەم!"

سەرەتا لە ژووری (چواردە)وە جەلال دەبەن بۆ ژووری (دوانزە)، کە نزیکەی (سی) کەسێکی لە هەموو تەمەنێک تێدا دەبێت، چل دەقیقەیەک لەو ژوورە دەیهێڵنەوە، بەڵام نازانێت بۆچی، پاشان بەرەو ژووری لێکۆڵینەوە، دەبینێت لە ژوورەکە پیاوێکی ڕەشی ناشیرین، لەوێ لەسەر کورسییەک دانیشتووە، دواتر زانی ئەوە (ڕائید حەسوون)ە، دوو جەلادیش بەتەنیشتییەوە، یوسف کە کوردی زانیوەو خەڵکی موسڵ بووە، ئەویتریش تاریق، لەبەردەم ڕائید حەسووندا مێزێک هەبوو، پڕ لەچەرەسات، بەدەم لێکۆڵینەوەوە لێیان دەخوارد، مەلەفی لێکۆڵینەوەی (کەیوان‌و هاوڕێکانی) لای ڕائید (حەسوون) بووە، ئەو پیاوەی ئەوەی بەزەیی بێت لە دڵیدا نەبووە، ئەوەی زانیویەتی لە سزا بەسەر زیندانییەکاندا تاقیدەکردەوە، تا ناچار بە ئیعتیراف(دانپیانان)یان بکات.

لەبارەی دڵڕەقی ڕائید حەسوون و توندوتیژییەکەیەوە بەرانبەر تۆمەتباران، م.موحەممەد شەڵماشی کە لەو کاتەی کەیوان و هاوڕێکانی دەستگیرکرابوون ئەمیش لە زیندان بۆ ماوەی چوار مانگ دەستگیرکراوە، دەگێڕێتەوە: "دۆسیەی لێکۆڵینەوەی من لای (ڕائید ڕەحیم) بوو، ڕۆژێک پێیگوتم: "یا شێخ زۆر سوپاسی خوا بکە کە دۆسیەی تۆ ڕادەستی من کراوە، بەخوا من مسوڵمانم و سێ حەجم کردووەو مامۆستای ئاینیم خۆش دەوێت، ئەگەر دۆسییەکەت ڕادەستی ڕائید حەسون بکرایە، بەشت هەر هەڵواسین و کێبڵ و کارەبا بوو". ڕاستیشی کرد، هیچ ئەزیەتی نەدام و قسەی ناشیرینی بەرانبەر نەکردم، تەنها دۆخی زیندانەکە خۆی سەخت بوو بەهۆی پیس و پۆخڵی و قەرەباڵغی و کەمی خواردن، ئەگەرنا ئازاریان نەدام"! بەڵام ئەو ڕائید حەسونە دڵڕەقەی م.موحەممەد

شەلْماشی لە زاری ڕائید ڕەحیمەوە باسی دەکات، دۆسیەی لێکۆڵینەوەی کەیوان و هاوڕێکانی لە ئەستۆ بووەو ئەو ئەفسەری لێکۆڵەر بووە تیایدا.

لە ژووری ئەشـــکەنجەکەدا بێجگە لە کورســـیو مێزەکەی ڕائید حەسون، لەلایەکی تریشییەوە شوێنێک هەبوو کە شوێنی هەڵواسین بوو، نزیکەی ســی قولاپی پێوەبوو، لە خوارەوەش مێزێک کە تایەی لەژێردایە بۆ هەڵواسینی زیندانییەکان.

جەلال کە لەبەردەم کورسیو مێزەکەی جەللادەکاندا لەسەر زەوییەکە دانیشـــتبوو، وەڵامی پرســـیارەکانی دەدایەوە، ئەو هەموو شـــتێکی ڕەد کردەوە، نە کەیوان دەناسـمو نە هیچ یەکێک لەوانەی لەگەڵیدا گیراون، نە (ئابوون)ەم داوەو نـە هیچ کردەوەیـەکم کردووەو نـە پەیوەندیم بە هیچ حزبێکەوە کردووە، سەرەتا نزیکەی سەعاتێک بە قسەی خۆشو هەندێک هەڕەشەوە قسەی لەگەڵ دەکەن و ئەم تۆمەتانەی ڕووبەڕوو دەکەنەوە:

- تۆ هاوڕێی کەیوانی.
- تۆ ئەندامی (بزووتنەوەی ئیسلامی)ت.
- تۆ (ئابوون)ەت داوە.
- تۆ کۆبوونەوەت کردووە.
- تۆ دژی حکومەت کارتکردووە.

وەڵامی جەلال بۆ هەموو تۆمەتەکان نەخێرو ڕەتکردنەوەبوو، لەناکاو ڕائید حەســون توورە دەبێت یەک لەقە لەســـەر ســنگی دەداتو جەلالی داماو دەدات و جەلال بەپشـتا دەکەوێت، بە توورەییەوە بەسـەریدا هاوار دەکات: "ئێمە دەڵێین بە قســەی خۆش ئیعتیراف بکەو هەموو شـتێک بڵێ، ئێمەو خۆشـــت ماندوو مەکەو خۆت تووشـــی لێدانو ئەشــکەنجە مەکە، بەڵام تۆ خەریکی بێئەقڵی دەکەیت".

لە ئەشکەنجەدان ماندوو دەبوون و دەچوون پشوویان دەدا

کاتێک حەســـون و جەللادەکانی تر دەزانن جەلال هیچ نالێتو ناچێتە ژێرباری هیچ یەکێک لەو تۆمەتانە، حەسون ئیشارەت دەکات بۆ یوسفو تاریق تا جەلال هەڵبواســن، لە دواوە هەردوو دەســتە بەســتراوەکەی لەڕێگەی قایشێکی ترەوە دەگەیەننە قولاپەکان، شەڕواڵەکەشی لادەبەنو دوو وایەر، یەکێکیان لە ئەندامی زاوزێی و ئەویتریشـــیان لە ســـمتی دەبەســـتن، پاشـــان شـــەڕواڵەکەی لەبەر دەکەنەوە، دوای تۆزێک ئەو وایەرەی لە زەکەریان بەســـتووە لێدەکەنەوەو ئەویش دەبەســـتن لە ســـمتەکەی تری، ڕائید حەســـون بە دەم پێکەنینەوە بە ئامێرەکەی بەردەســتی کارەبا دەخاتە ســەر جەســتەی لاوازی جەلال، جەلال لەتاو ئازاری ڕاوەشـــاندنی کارەبا هاوار دەکات، ڕائید حەســـوون دەڵێت:"حێل ێل"، واتە توند، توند هاوار بکە توند"، کارەبا بەردەوامە.

پاشـان یەک شـەق لەمێزی ژێر قاچی جەلال دەدات، جەستەی جەلال بە هەڵواســـراوی بە قولاپەکانەوە یاریی دەکات، جەســـتەی گەنجێک کە هێشتا لە بەهاری حەڤدەی تەمەنیایەتی، ئەو کاتەی خۆی بە هەڵواسراوی دەبینێتەوە توندترین ئازار دەچێژێت، ئازاری هەڵگرتنی لاشــە بە دەســت لە دواوە، تەنها ئەو کەسانە ڕادەی ئێشەکەی دەزانن کە چەشتوویانە.

بەو جۆرە و بۆماوەی زیاتر لە چوار سەعات دەمێنێتەوە، وردە وردە هەردوو دەســتیشــی بەهۆی کەلەپچەکانەوە دادەبڕدرێن، خوێنو ئارەقە لاشـــەی جـەلال پڕ دەکەن، خوێنی قوڵو مـەچـەکی دێنـە خوارەوە تـا هەردوو پێڵاوەکەی دەخوسێنو سەرزەوییەکەش سوور دەکات.

پرسیارەکانی ڕائید حەسون بەردەوامن، بەدواشیدا وەڵامە ڕاستەکانی جەلال کە هەر بەڕاســـتی هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵیان نەبووە، ڕائید حەسون یەخەی جەلال بە ئاسمانەوە دەگرێت، دەڵێت:

- تۆ ساڵی چەند لە دایکبووی؟

- جەلال وەڵام دەداتەوە: ساڵی (١٩٧٢).

ڕائید حەســـون خۆی بە جەلالدا هەڵدەواســـێت بۆ ئەوەی ئازاری هەردوو قۆڵی زیاتر بێتو هەردوو شـــانی لە دواوە بە تەواوەتی ڕێک ببنەوە، پێی دەڵێت:"جەلال تۆ لە ســـکی دایکتا بووی من خەریکی ئەم نیشەم!".

کات خەریکە لە دوانزەی شـــەو نزیک دەبێتەوە، جەلادەکان تاقەتییان نامێنێت، بۆ ئەوەی خۆیان پشـوویەک بدەن، جەلال کە وەک جەنازەیەکی لێهاتبوو دادەگرن، ڕائید حەسون پێی دەڵێت: "ئاقڵ بە، هەمو شتێک بڵێو ئێمەو خۆشــت ماندوو مەکە، ئێمە ئێســتا دەچین پشـوویەک دەدەین، کە هاتینەوە ئەگەر ئیعتیراف نەکەیت تۆڵەی ئەم ئەزیەتەی ئێستامانیشت لێ دەکەینەوە".

(٣٧)

ژووری "شیراتۆن"!

بە ڕێڕەوێکدا دەچوویتە ژوورەوە، بە لای ڕاســــتدا ژوورێک هەبوو، کە دەرگاکەی نیوەی ئاســن و نیوەی شــوشــە بوو، نیوە شــوشــەکەی بە ڕەنگی ڕەش ڕەنــگ کرابوو، بۆ ئەوەی دیوی نـاوەوەی نەبینرێـت، ئەو ژوورە بە تەنیشت ژووری ئەشکەنجەوە بوو، ناوی لێنرابوو "شیراتۆن"، ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ (هۆتێل شیراتۆن)، کە یەکێک لە هۆتێلە بەناو بــانگە جیهــانییەکــانە، بەراورد بە ژوورەکەی تەنیشـــتی کە ژووری (ئەشـکەنجە بوو)، ئەو ژوورە وەک "شـیراتۆن" وابوو، زۆرجار خەڵکیان دەکردە ئەم ژوورەوە بۆ ســزادانی دەروونی، لەم ژوورە تاریکەدا کەس بۆی نەبوو قســەت لەگەڵ بکات، پاســەوان قســەی لەگەڵ نەدەکردی، پڕ بوو لە کێچ و ئەسپێ، ئەوەی لەم ژوورە زۆر ناخۆش بوو ئەوە بوو کە بە تەواوەتی ئاگاداری سـزای ئەو کەســانە بوویت کە دەهێنرانە ژووری ئەشکەنجە بۆ ئەشکەنجەو هەڵواسین، ئەمە گەورەترین سزا بوو.

بە دەســتی ڕاســتی ژووری "شــیراتۆن"ەوە، ژووری ئەشــکەنجەو لێکۆڵینەوە هەبوو، لە نـاوەڕاســـتی ژوورەکەدا بۆرییەک هەبوو کە پێنج قولاپی پێوە بوو بۆ هەڵواســین، هەروەها لە ژوورەکەدا ئەمانە دەبینران: (ســـۆندە، کێبڵ، دارێکی کورتی داربەڕووی ئەســـتور بۆ فەلاقە، هندلی کارەبایی، مێزێکی سێ تایە، یەک دوو کەلەپچە، جامانەیەکی خوێناوی و کراسێکی ژنانە) هەروەها لە ژوورەکەدا یەک کورسی لێبوو بۆ دانیشتنی ئەو ئەفسەرەی لێکۆڵینەوەی دەکردو فەرمانی بە ئەشکەنجە دەدا.

"دەتوانم بڵێم سەدان هەزار ئەسپێی تێدایە"

جارێک کەیوانیان بردە ئەو ژووری "شـــیراتۆن"ە، نزیکەی (ســـی و شـەش) ڕۆژی تەواو لەوێ هێشتیانەوە، کەیوانی هەژار کە هەموو ژیانی ئەشـــکەنجە بوو ئەو ئەشـــکەنجەیەشـــی لە هەموو کەس زیاتر بوو، لەو ژووری شـــــیراتۆنە بە مـانگ بەجێدەهێڵرا، بەبێئەوەی ڕێگە بدەن کەس قسـەی لەگەڵ بکات، لەناو تاریکایی ژوورو ئەسـپێ و پیسـوپۆخڵی زۆر، لە هەمووشـی ناخۆشـتر ئەوەبوو کە خۆشـترین ئاواز کە دەیبیسـت ئاهو ناڵەی ئەو کەسانە بوون دەهێنران بۆ سزادان.

کەیوان لەماوەی ئەو مانگەدا دەبوو هەمیشە لەو هەستە ناخۆشەدا بژی، هەستی هێنانی کەسێک بە قولاپەوە هەڵواسرێت و چەند جەلادێک بەر ببنە گیانی، کەیوان لەو ژوورەدا بە مانگ گوێی لەم ئازارو ئەشـــکەنجەیە دەبوو، ناخۆشـــترین حاڵەتیشـــی ئەوەبوو کە هاوڕێکانی خۆی دەهێنران و ســـزاو ئەشـــکەنجە دەدران، ئەو هاوڕێ و قوتابیە گیانی بە گیانیانەی شـــەووڕۆژ پێکەوە بوون، ســـــەدان خەون و خولیایان هەبوو، چەندینجار پێکەوە نانیان خواردووە، پیاســـــەیان کردووە، یاریی دوو گۆڵیان کردووەو پێکەوە وانەی پەروەردەییان خوێندووە، پێکەوە قسەی خۆش و بیرەوەرییان هەیە، پێکەوە پلان و بەرنـامەیـان هەبوو بۆ ئـایندەی خۆیان و خەڵکی کوردســـــتان و بەتایبەت شـــــاری ســـــلێمانی، پێکەوە و بەکۆمەڵ نوێژیان دەکردو پێکەوە قورئانیان دەخوێندو پێکەوە قورئانیان لەبەردەکرد، وا ئێســـــتە یەک بە یەک دەهێنرێنە ژووری ئەشـــــکەنجەو یەک بە یەک دەیان بینێت بە دەســـــت جەللادەکانەوە، گوێی لە ئازارو هاوارو ناڵەکانیانە، بەڵام دەســـــتەوســـــانەو هیچی پێ ناکرێت، ئاااای چەند ئازارێکی بە سوێیە.

پاش سی و شەش ڕۆژەکە کەیوانیان هێنایەوە، بەبێدەنگی و بێئەوەی پاســـــەوانەکە پێی بزانێت لە بۆشـــــاییە بچووکەکەی دەرگای ژوورە تەنهـاییەکەوە تەوقەیەکی لەگەڵ حەمەســـــوور کردوو گوتی: کـاک حەمەسوور تۆ لێرە ماوی؟

حەمەسوور: بەڵێ لێرە ماوم کاک کەیوان گیان.

پاشـــئەوەی کەیوانیان هێنایەوە بۆ ژووە تەنهاییەکان، لە دەرفەتێکدا کەوتنەوە گفتوگۆو کەیوان باســی ژووری "شــیراتۆن" و ئەو ســی و شــەش ڕۆژەی بۆ کردن، کەیوان گوتی: "کاک حەمەســوور بەخوا ئەو ژوورە زۆر ناخۆش بوو، مەگەر تەنها خوا بزانێ لەو ژوورە چیم بەسەر هات، دەتوانم بڵێم سەدان هەزار ئەسپێی تێدایە".

بێگومان یەکێک لە کێشــە ســەرەکییەکانی زیندانییەکان ئەو زیندەوەرە بچووکە زیانبەخشــە بوو، ئەســپێ، ئەســپێ کە بەهۆی پیس و پۆخڵی و خۆ نەشۆردن و بەرنەکەوتن بەخۆرەوە زیاد دەبوون و گەشەیان دەکرد، زۆر مایەی بێزاری زیندانییەکان بوو، ئەمە بۆ خۆی بەشــێک بوو لە ئەشکەنجە.

جەلال لە ژووری "شیراتۆن" داوای چی کرد؟

یوسفی جەلاد، جەلال ڕادەکێشێت بۆ ژووری "شیراتۆن"، دەرگاکەی بۆ دەکاتەوەو فڕێی دەداتە ناوی، دەڵێت: "لێرە بە، ئێمە ســەعات ســێی شــەو دێینەوە"، جەلالیش دەڵێت: "ئەی کەلەپچەکەی دەســتم ناکەنەوە؟"، ئەویش دەڵێت: "با، ئەوە بیرمان چوو"، پاش کردنەوەی کەلەپچەکە خەریکە یوســف دەرگاکە دادەخات، جەلال دەڵێت بەهۆی لێدانو ئازارو کارەباکەوە خەریکبوو لە تینوا بخنکێم، بۆیە گوتم: "گەورەم، تکایە زۆرم تینووە، تۆزێک ئاو"، ئەویش دەڵێت: "ئاو؟، تۆ نابێت ئاو بخۆیت"، دەگەڕێت بەناو ژوورەکەدا سوراحییەک کە جەلال نازانێت ئایا ئاو بووە تیایدا یان (میز)ی زیندانییەکان، ئەویش دەباتە دەرەوە، دەڵێت: "تۆ نابێت ئاو بخۆیت، ئەگەر ئاو بخۆیت یەکسەر تووشی شەلەل دەبیت"، پێدەچێت خۆیان ئەزموونیان هەبووبێت کە دوای ئەشــکەنجە نابێت کەســی ئەشکەنجەدراو ئاو بخواتەوە.

(٣٨)

"ئەلئەخەوەین"

حەوتی بەیانی ڕۆژی هەینی، ١٦ی ١٢ی ١٩٨٨، ئەمنەکان دوو براکەیان فڕێدایە هۆڵی ژمارە (چواردە)، وریاو کەمال[١]، ئەو ڕۆژە لەگەڵ وریاو کەمال هەریەکە لە عیرفانو موحەممەد حەمەمورادیش دەستگیرکران، پێشتریش کەیوانو داراو ئەکرەمو عەلی دەستگیر کرابوون.

سەرەتا ئەم چوار کەسەیان لە حەوشەکە بۆ ماوەیەک ڕاگرت، ڕوویان کردنە دیوارەکە، دیاربوو وەک پیشەی هەمیشەیی بەعسییەکان کە ترساندنو تۆقاندن کاریان بوو، دەبوو بەدیمەنێکی تۆقاندنیش پێشوازی لەم چەند گەنجە بکەن، بۆیە لەنێو خۆیاندا دەڵێن: "با ڕەمییان بکەین"، یەک دوو لە ئەمنەکان فیشەکی چەکەکانیان بردە پێشەوە، وریاو هاوڕێکانیش کە یەکەمجارە ڕووبەڕووی حاڵەتی لەمجۆرە دەبنەوە هەر بەڕاستی خۆیان بۆ مردن ئامادەکردبوو، دواجار دەرکەوت ئەمە تەنها ترساندنەو هیچی تر، لەو ماوە کەمەشدا ڕایانگرتوون لە حەوشەی ئەمندا، تەنها بۆ ئەوە بووە ژوورو شوێن بۆ نێچیرە نوێیەکانیان ئامادە بکەن.

لەو کاتەشدا بەرەو ژوورەوە دەبران، هەر ئەمنێک پێیان دەگەیشت زلەو شەقو بۆکسی خۆی دەوەشاند، ئەمە نەریتیان بوو، وەک سوکایەتیو ترساندن، لە هەمانکاتدا ئازاردان.

---

١ - ناوی تەواوی (کەمال ئیبراهیم حەمەئەمین)ە، لە ساڵی (١٩٧٢)، براکەشی (وریا ئیبراهیم حەمەئەمین) لە ساڵی (١٩٧٣)، لە سلێمانی لە دایکبوون، کاتێک دەستگیرکراون قوتابی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی بوون.

وریا دەڵێت: پاش ئەم پێشـــەکییە، من و کەمالو عیرفانو موحەممەد حەمەموورادیان فڕێدایە ژووری ژمارە (چواردە)، پێشـــتریش وەجبەی یەکەم دەستگیرکرابوونو خرابوونە ژوورە تەنهاییەکانەوە، وابزانم هێندە زوو هاتبوون بۆ گرتنمان فریای نانی بەیانی کەوتین، بەڵام لە دۆخێکی لەم چەشنەدا کەس نانی پێ نەدەخورا، چۆن چۆنیو چۆن نانێک بخۆین؟ لەو نازو نیعمەتەی ماڵەوەو لەم پیسترین شوێنەی سەر زەوی!

نیوەڕۆش هاتو بە هەمانشـــێوە کەســـمان نانمان بۆ نەخورا، ئاگام لەوە نەبوو بۆ گیراوینو لەســـەر چییە، بە تەواوەتی ئاگاداری باســـەکان نەبووین، گوێ قوڵاخ بووین هەواڵێکی نوێ، کەسـێکی نوێ بێتو شـتێک بزانین، تازەیی شـــوێنەکەو تاســـاویی هەریەکەمان وایکردبوو ئەو ڕۆژە نوێژ بە جەماعەت نەکەین، بەڵکو هەریەکە بەجیاو بۆخۆی نوێژی نیوەڕۆ و عەســـرو ئێوارە و عیشـــامان کرد، کاتێک گەیشـــتینە درەنگی شـــەو دەســـتەیەکی تریان هێنا، بەمجۆرە پرۆســـەی گرتنەکە بەردەوام بوو، تا لەماوەیەکی کەمدا زۆرینەی هاوڕێکانی کەیوان لە ســـووچی ئەم زیندانە خزێنران.

بۆ ماوەی دوانزە ڕۆژ، کەس پرســـــیاری لێ نەکردین، ئێمە هەموو ڕۆژێکو هەموو نوێژەکانمان بە کۆمەڵ دەکرد، بەڵام ئەوەی لەگەڵمان نەبوون تەنها چوار یان پێنج کەس بوون، کەیوان یەکێکبوو لەوانەو لە زیندانی تاکەکەســـیدا بوو، تەنها ڕێگەش بۆ زانینی ئەم زانیارییە، یەکێک لە هاوڕێکانبوو کە کەیوانی بینیبوو لەنێو یەکێک لە ئۆتۆمبێلی ئەمنەکاندا.

من پێشتر هەموو هاوڕێکانم نەدەناسی، تەنها موحەممەد حەمەموورادو کەیوانو عیرفانو ئەکرەمو داراو عەلیو یاســـین نەبێت، پاش دوانزە شـــەو، جووڵە کەوتە نێو زیندانو نێو ژووری چواردە، من و هەموو هاوڕێکان چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد بزانین چارەنووســـمان چییەو کەی ئەمنێک دێتو ناومان دەخوێنێتەوە، شەوی یەکەمو دووەمو سێیەم، پاش دوانزە شـەوەکە دەستیان کرد بە ناو خوێندنەوە، ناوی هەر کەسێکیان

دەخوێندەوە دەبراو نەدەهێنرایەوە، تا شـەوی سـێیەم، دەرگاوانو یەکێک لە ئەمنەکان هات، لیســـتەکەی بەدەســـتەوەبوو، گوتی: "ئەلئەخەوەین؟" زیندانییەکان هەموو بێدەنگ بوون، کەس وەڵامی نەدایەوە، دیســـان بە تووڕەییەوە گوتییەوە: "ئەلئەخەوەین"، دیسان کەس وەڵامی نەدایەوە، بۆ جاری ســـێیەم هاواری کرد، یەکێک لە هاوڕێکانمان گوتیی: "ئێمە چوار دوو برامان لەگەڵە، نەوەک تەنها دوو برا، تۆ مەبەســـتت کامیانە؟"، بە تووڕەییەوە ســـەیری لیســـتەکەی کردو گوتی: "کەمالو وریا"، ئینجا لە ژێر بەتانییەکەوە هاتمە دەرەوەو لەگەڵ کەمالی برام دەســـتیان لە دواوە کەلەپچە کردین و بردینیان، یەکســـەر بەرەو ژووری لێکۆڵینەوە، لە هەمانکاتدا ژووری ئەشکەنجە بوو.

وریا بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی: کەمالی برامیان لە ژووری "شـیراتۆن" ڕاگرت، منیان بردە ژووری ئەشـکەنجە، من هەر لە سـەرەتاوە هەسـتم بەو مەترسـییە کرد کە چاوەڕێمان دەکرد، ژوورێکی تەواو بێزراو، چونکە دیمەنی خوێنو پارچە پەڕۆو بیجامەو شـــەرواڵو قولاپو قامچیو کێبڵو ئامێری لە کارەبادانم بینی تیایدا.

ســـەرەتا وەک پیشـــەی هەمیشـــەییان، ئەمنەکان بە قســـەی خۆش لەگەڵمان جولانەوە، چونکە ئەمە بۆخۆیان باشـــترەو هیچ زەحمەتییان نابێت، ئەگەر زیندانییەکە زانیارییان بداتیو دان بەو تۆمەتانەدا بنێت کە دەیانەوێت، بۆیە ڕوو دەکەنە وریاو چای دەدەنیو ئاوی خواردنەوەو شەربەتیش.

ڕائید حەسوونو مولازم تاریق، لە ژوورەکە بەرانبەرم وەستاون، پێم دەڵێن: "دان بە تـاوانەکـانتـدا بنێ"، تـاریق وەرگێڕ بوو لـەنێوان ڕائیـد حەســوونو زیندانییەکاندا، ڕائید حەســوون گوتی: "وریا، دان بە هەموو شـــتێکدا بنێ، ئێمە ئاگامان لە هەموو شـــتێکەو دەزانین چیتکردووە و خەریکی چیت، ئەگەرنا بە زۆر ئیعتیرافت پێدەکەین"، منیش گوتم: "دان بەچیدا بنێمو چی بڵێم؟ من هیچ نازانمو ئاگام لە هیچ نییە".

مولازم تاریق قامچییەکی هەڵگرت و هەندێکی لێدام، بەڵام من لەسەر قسەی خۆم سووربووم، هیچ نازانم، ئەم کەین و بەین و پرسیارکردنە نزیکی سەعات دووی شەوی کردەوە، لە هێنان تاوەکو ئەو لەحزەیە دوو سەعاتی پێچوو، چونکە زۆربەی کات سەعات دوانزەی شەو ئەشکەنجەو لێکۆڵینەوە دەستیپێدەکرد، کاتێک وریا هەر ئەو قسەی نازانمە دووبارە دەکاتەوە، رائید حەسون فەرمان دەکات: "هەڵیواسن"، فەرمان جێبەجێکراو جەستەی لاوازی وریای پانزە ساڵ کرا بە قولاپەوە، بەمجۆرە جەستەی وریا بە قولاپەکەوە کەوتە هاتوچۆ، ئاااای کە بەئازارە، ئەمە ئەو لەحزەیەیە مرۆڤ بە تەواوەتی تامی مردن دەکات، پاش ماوەیەکی کەم هەردوو شانی زیندانی رێک دەبوونەوە، هاوار بۆ ئەوانەی جەستەیان تۆزێک قورس بوو، ئیتر هەڵواسین هەر بەتەواوەتی مردن بوو بۆیان، لەنێو هاورێکانی کەیواندا موساو ئەکرەم و جەلال هەندێک بە خۆوە بوون، جەستەیان قوورس بوو، بۆیە ئەم هەڵواسینە بۆیان زۆر بە ئازاربوو، هەرکاتێک هەڵیاندەواسین، تا مانگێک دەستیان لە کاردەکەوت، دەبوو هاورێکانیان خواردن بکەن بە دەمیانەوە، پاش هەڵواسینی وریا، حەسون و تارق ژوورەکەیان بەجێهێشت، وریا بە تەنیا مایەوە، کەمالی براشی لە ژووری "شیراتۆن" ئاگای لەم ئازارو ئێش و هاوارو لێدانەیە، بەڵام چاری ناچارەو هیچی بۆ ناکرێت بۆ برا خۆشەویستەکەی، تەنها دوعاو ئومێد بە خوایەو هیچی تر، ئەو خوایەی کاتێک زیندانیەکان هاواریان بۆ دەکرد، ئەمنە دڵڕەق و خوانەناسەکان هەمیشە بە گاڵتەوە وەڵامیان دەدایەوەو دەیانگوت: "خوا مۆڵەتەو لێرە نییە".

پاش نیو سەعات هاتنەوە، جەستەی وریایان بینی کە تینی لێ براوە، خوێنی دابڕانی پێستی دەستی بەهۆی کەلەپچەکانەوە بە هەردوو دەستیدا دەهاتە خوارەوە، پێڵاوەکانی پڕ کردبوو، دڵۆپ دڵۆپ دەکەوتە سەر زەوییەکە، رائید حەسوون گوتی دایگرن، دایانگرت و قومێک ئاویان

پێدا، لەو کاتەدا مولازم عەلی هاتە ژوورەوە، تیشێرتێکی سپیو پانتۆڵێکی خاکی لەبەردابوو، لەگەڵ ڕائید حەسوون هەندێک قسەیان کرد، قسەکان باسی کەیوانو هاوڕێکانی نەبوو، دەستی برد بۆ پاکەتە (ڕۆزمەن)ەکەی ڕائید حەسونو جگەرەیەکی داگیرساندو هەر سەیری ناوچاوی (وریا)ی دەکردو ئەم گفتوگۆیانە لە نێوانیاندا ڕوویدا:

مولازم عەلی: وریا من هاتمە ماڵی ئێوە.

وریا: بەڵێ.

مولازم عەلی: تۆ لەجێگەدا خەوتبووی.

وریا: بەڵێ.

مولازم عەلی: دەمزانی ئەوەی لە تەنیشتتەوە خەوتووە (جەمال)ی براتە، دەشمزانی سەربازی هەڵهاتووە، ئەگەر بشمگرتایە خەڵاتم پێوەردەگرت، بەڵام من بۆ ئەو نەهاتبووم‌و بۆ تۆو کەماڵی برات هاتم، بۆیە ئەوم نەگرت، مانای وایە ئێمە بە زانیاریی کاردەکەین‌و بە گاڵتە تۆمان نەگرتووە، بۆیە ئەزیەتمان مەدەو ئیعتیراف بکە، من ئاگاداری هەموو شتێکم.

وریا: بەڵێ ئەو برادەرانە دەناسم، بەڵام ئاگام لە هیچ نییە.

دیاربوو قسەکانی من سوودیان نەبوو و جەللادەکان باوەڕیان نەدەکرد، ئەوان هەر دەیانگوت کێتان کوشتووە؟ کام تەقینەوەتان کردووە؟ چیت کردووە پێمان بڵێ.

پاش ماوەیەک نۆرە هاتە سەر کارەبا، دیسان هەڵیانواسیمەوە، شەرواڵو جلەکانیان لابردم، چۆن مرۆڤ لە دایک دەبێت بەوجۆرە، یەکێک لە وایەرەکانیان بەست لە ئەندامی زاوزێم، یەکێکیشیان بە پەنجەی قاچمەوە، ئامێرەکە کە هندلێک بوو، بایاندا، کارەبا کەوتە سەرجەستەم‌و هەموو لاشەمی ڕادەوەشاند، ئەوان هەر بەدەم زیادکردنی کارەباکەوە دەیانگوت: "قسە بکە"، منیش هەر دەمگوت: "هیچ نازانم"، تا خۆم کرد بە بووراوە، هۆشم بەخۆم نەهێشت، کارەبایان

ڕاگرتو هەندێک ئاویان کرد بە دەمو چاوما، لەو کاتەی خۆم بووراندبوویەوە گوێم لێبوو لەنێو خۆیاندا دەیانگوت: "ئەگەر هەیە ڕاست بکاتو ئاگای لە هیچ نەبێت، چونکە ئەم منداڵە".

بۆ ئەوەی قسەکانیان بسەلمێنن، چوون هەندێک لە هاوڕێکانیان هێنا، کەیوانو ئەکرەمو داراو عەلیو حەسەن و سەربەستی ئامۆزام، گوتیان: "ئەمانە دەناسی؟"، گوتم: "بەڵێ"، لەوانیشیان پرسی گوتیان: "ئەی ئێوە ئەم دەناسن؟" کەیوان وەڵامی دایەوەو گوتی: "بەڵێ دەیناسین، بەڵام ئەمو کەمالی برای ئاگایان لە هیچ نییەو تەنها دەیانناسینو هیچی تر".

وریا هەرچی دەگوت ئەمنەکان دەیاننووسی، هەر ڕاستییەکەشی وابوو، وریا ئاگای لە هیچ نەبووە، تەنها وانەی خوێندووە، هەستیشی کردووە کە چالاکیو جموجوڵیان هەیە دژی بەعس، بەس نەیدەزانی چییەو چۆنە؟ پاش قسەکەی کەیوانو هاوڕێکانی کەمالیشیان هێنا، بەهەمانشێوە کەمالو کەیوانیش قسەیان کردو گوتیان: "تەنها یەک دەناسین"، بۆیە ئەو جارە سزای کەمالیان نەدا، ئەوانیان بردەوەو وریایان برد بۆ ژووری ژمارە (هەشت)، ئەوسا زانییان ئەوەی لە ژووری (چواردە)وە دەیهێنن، دەیبەن بۆ ئەشکەنجەو ئیتر نایهێننەوە بۆ ئەو ژوورەو دەیبەن بۆ ژووری ژمارە (هەشت)، ئەو ژوورەی بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ بوویە خەڵوەتگای ئەندامانی ڕێکخراوەکە.

بەمجۆرە ئەشکەنجەو لێدانو کارەباو کێبڵو هێشتنەوە لە ژووری تاکەکەسی بەردەوامبوو، ئەخیر کەس کە هێنایان (جەلال ئەحمەد) بوو، زۆریان ئازاردابوو، تەنانەت بە خاکەنازیش لێیان دابوو، پاش ماوەیەکی زۆرو مانەوەی لە ژووری تاکەکەسی هێنایان بۆ ژووری ژمارە(هەشت).

(٣٩)

"ئەیوب هەڵبژێرە، حزبەکەی تۆ کامیانە؟"

تا ڕۆژانی کۆتایی مانگی دوانزەی ساڵی هەزارو نۆسەدو هەشتاو هەشت، زۆرینەی هاوڕێکانی کەیوان دەستگیرکران، یەک دوو کەسێکیان نەبێت دەستگیرکردنیان کەوتە مانگی یەکی ساڵی نوێ، هەموویان لە ژووری ژمارە (چواردە) کۆکرانەوە، بێجگە لە کەیوان، زۆربەی کاتەکانی یان لە ژووری تاکەکەسی یان لە ژووری "شیراتۆن" بوو.

ماوەی هەفتەیەک ئەیوب لەو ژوورە مایەوە، شەوێک سەعات نزیکی نۆی شەو بوو، جەلادێک بەناوی (ئەبو مەحمود) هات بەدوای ئەیوبدا بۆ ئەوەی بیبات بکات بۆ لێکۆڵینەوە، ئەبو مەحمود جەلادێکی بە تەمەن بوو، چەند بە تەمەن بوو، ئەوەندە ستەمکارو دڵڕەق بوو.

لەگەڵ خوێندنەوەی ناوی هەرکەسێک، یەک تۆز دەرگای ژوورەکە دەکرایەوە، چونکە دەترسان لە کردنەوەی تەواوی دەرگاکە، نەوەک دەستگیرکراوەکان پێکەوە پلانێکیان هەبێت بۆ پەلاماردانیان، ئەو شەوە ناوی (ئەیوب)یان بەوجۆرە خوێندەوە، کە ئەیوب چووە بەردەم دەرگاکە، ئەبو مەحمود پشت ملی (ئەیوب)ی گرت و ڕایکیشایە دەرەوە، لەگەڵ ڕاکێشان بە پاڵنان و هەڵگرتن و ڕاکردن بەرەو ژووری لێکۆڵینەوە، بەڕێکرا.

ئەیوب خۆی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە: کە چوومە ژوورەوە، لەوێ ئەفسەرێکم بینی بەناوی ڕائید حەسوون، دانیشتبوو، کە ئەوە یەکەمجارم بوو بیبینم، هەروەها دوو جەلادیش لەگەڵیدا چاوەڕێیان دەکردم، بەناوەکانی یوسف و مەحمود، کە دوو کورد بوون، مەحمود خانەقینی بوو، ژوورەکە ژوورێکی مەیلەو تاریک، ڕووناکییەکەی بەجۆرێک بوو کە حەزت نەدەکرد بچیتە ژوورەوە، ئەمە بێجگە لەوەی خودی ژوورەکە

خۆی و ئەوەی تێیدابوو ترســـی دەخســـتە دڵی مرۆڤەوە، ئەفســـەرێک دانیشـــتووە لەســـەر مێزێک، مێزەکە چەند پێداویســـتییەکی بۆ ســـزادان لەسەر بوو، شتێکیشی لێ بوو وەک قورئان، هەروەها جیهازێکی کارەبا لێدان، پاشـــان لەو تەنیشـــتەی تریشـــەوە مێزێکی ڕەوڕەوەدار هەبوو، لە ژێر عەمودێکدا بوو کە عەموودەکە لەناوەڕاســـتی ژوورەکەدا بوو، چەند ئەڵقەیەکیشـی پێوە بوو، ئەمە بێجگە لە هەندێ زنجیرو دارو فەلاقە کە لە ژوورەکەدا هەبوون.

لە ســـووچێکی ژوورەکەدا لەبەردەم مێزەکەدا، بەڕە شـــڕەیەک هەبوو، منیشان لەسەر ئەو بەڕە شڕە پیسە دانا، ئەم پرسیارو وەڵامانە دروست بوون، ڕائید حەسون پرسیاری دەکردو یوسف دەیکردە کوردی:

ڕائید حەســـون: من ئەفســـەری لێکۆڵینەوەم لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی و ناوم (حەسوون)ە، پێم بڵێ تۆ ئەیوبی؟

ئەیوب: بەڵێ.

ڕائید حەسون: ناوی باوکت چیە؟

ئەیوب: باوکم ناوی (غەفور)ە.

ڕائید حەسون: ناوی باپیرت؟

ئەیوب: باپیرم ناوی (موحەممەد)ە.

یوسف: بەڵێ گەورەم ئەوە، تەواوە.

ڕائید حەســـــون ڕوویکردە ئەیوب و گوتی: تۆ دەزانی تۆمان بۆچی هێناوە بۆ ئێرە؟

ئەیوب: نەخێر نازانم.

ڕائید حەسون: ئەی کە نازانی چیەکەی لێرە؟

ئەیوب: من ئەوەندە دەزانم، چەند ڕۆژێک پێش ئێســـتە لە قوتابخانە بووم، هـاتمەوە مـاڵەوە، لە مـاڵەوە خەوتبووم، ئێوە هـاتن منتـان گرتوو منتان هێنا بۆ ئێرە.

ڕائید حەسـون: هاهاهاهاها، یانی ئێسـتە تۆ نازانی ئێمە بۆچی تۆمان گرتووە؟ وەڵا خۆ شـتێکی خراپ نییە، زۆر باشـە، زۆۆر باشـشـشـشـە. (ڕائید حەسوون بەمجۆرە بە گاڵتەپێکردنەوە قسەی کرد).

پاشـان ڕائید حەسـون جگەرەیەکی دەرهێناو ڕووی تێکردم و گوتی: جگەرە دەکێشی؟

ئەیوب: نەخێر ناکێشم.

ڕائید حەسون: ئەی بۆ جارێک نایکێشی؟

ئەیوب: نا قوربان، حەزی لێناکەم.

ڕائید حەسـون چاوی زیت کردەوەو بە تووڕەبوونەوە هاواری کرد بەسەر ئەیوبدا: بکێشە.

ئەیوب لەو کاتانەدا جگەرەکەی بەناچاری وەرگرت و (یوسـف)یش بۆی داگیرساند، لەبەرئەوەی سـاڵێک پێشتر جگەرەی کیشـابوو دەیزانی جگەرە چۆن دەکێشـرێت، بۆیە کە ڕائید حەسـون شـێوازی جگەرە کێشانەکەی بینی گوتی: "هاااا، جگەرە کێشیشی!".

ڕائید حەسـون گوتی: ئێسـتە یەکێکت پێ پیشـان دەدەین، بزانین دەیناسـیت، یان ئەو تۆ دەناسـێت، ئەبو مەحمود چووە دەرەوەو پاش کەمێک هاتەوە، کەیوانی لەگەڵ خۆی هێنا، لەبەرانبەرم داینا.

ڕائید حەسون: ئەم کوڕە دەناسیت؟

ئەیوب: بەڵێ دەیناسم.

ڕائید حەسون: کەیوان دەڵێت ئەیوب زۆر باش من دەناسێت و کاری زۆری لەگەڵ کردووم.

ئەیوب: لەبەر ئەوەی ڕێگەی قوتـابخـانەمـان بەیەکەوە بوو نزیکەی سـاڵێک، هەروەها لە مزگەوتیش چەند جارێک بینیومە، نوێژمان کردووەو کەیوان جەمـاعەتی بۆ کردووین، تەنها چاکی و چۆنیمان هەبووە، هەر ئەوەندە.

ڕائید حەسون: کەیوان واناڵێت.

ئەیوب: کەیوان هەرچی دەڵێت کەیفی خۆیەتی.
ڕائید حەسون، ڕووی کردە (کەیوان)، گوتی: کەیوان تۆ چی دەڵێیت؟
من هەموو ئەوەی باس دەکرا ڕەتمەدەکردەوە، ڕەتمکردەوە لەگەڵ کەیوان کارم کردبێت و کۆبوونەوەمان کردبێت و باسی سیاسەتمان کردبێت، یان باسی دژایەتی بەعسمان کردبێت.
ڕائید حەسون ڕوویتێکردمەوەو گوتی: "وا دیارە ئەیوب تۆ قسەی ڕاست ناکەیت"، بۆیە فەرمانیکرد بە ئەبو مەحمودو گوتی: "یەللا (علگ)"، واتە هەڵیواسە، لەگەڵ ڕائید حەسون فەرمانیکرد، خێرا ئەبو مەحمودو جەلادەکەی تر قایشیان هێناو کردیانە دەستم و پاشان کەلەپچەیان کردم و ئامادەیان کردم بۆ هەڵواسین، پاشان ڕائید حەسونی بێ سۆزو بەزەیی ڕوویتێکردم و گوتی: "ئێستەش دەڵێم قسە بکە بەرلەوەی هەڵتواسین و ئەزیەتت بدەین".
ئەیوب: من هیچ نازانم، چی بڵێم، ئەوەی زانیم گوتم.
ڕائید حەسون: کارەباکەی لێ ببەستن و هەڵیواسن.
یەکێک لەوایەرەکانیان بەست لە پەنجەی قاچم وایەرەکەی تریان دا لە ئەندامی زاوزێم، پاشان مێزەکەیان لەژێر پێم دەرهێناو هەڵیانواسیم، لەو کاتانەی هەڵیانواسیم لەسەرەتادا شان و ملم ئێشێکی وایان نەبوو، بەڵام وردە وردە کە قورسایی کەوتە سەرشانم، ئیتر ئێش و ژان دەستی پێکرد، وام هەستدەکرد خەریکە قۆڵم دێتە دەرەوە، لەگەڵ هەڵواسین کارەباشیان خستە سەر جەستەم، ئیتر هەموو گیانم بوو بە ئازار، ئەوان لە خوارەوە دەیانگوت: "قسە بکە، با ئەزیەتت نەدەین لەوە زیاتر"، منیش لەگەڵ هاوارو ناڵە دەمگوت: "نازانم، چی بڵێم".
لەگەڵ دووبارەکردنەوەی وشەی "هیچ نازانم"، پاش ماوەیەک ئەیوب لە هۆش خۆی دەچێت، کاتێک چاو دەکاتەوە تەماشا دەکات لە ژوورێکی تاکەکەسیدایە، ژوورێکی سارد، کە دیوارەکانیش لەگەڵ بەفری ئەو ساڵەدا تەزیی بوون هێندە سارد بوو، تەنها بەتانییە شڕەیەک و سەتڵێک

لە ژوورە ســاردەکەدا کەوتبوو، ئەیوب بەتانییە تەڕەکەی لە خۆی ئالآند، پاش ماوەیەک خســتییە ژێر خۆی، پاشــان دایەوە بەخۆیدا، لەســەرمادا نەیدەزانی ئەو بەتانییە تەڕە چی لێبکات! بەلآم لە هیچ بارێکدا هیچی لەو ســـەرمـایە کەم نەکردەوە کە چواردەوری تەنیبوو، چونکە بێجگە لە سەرمای ژوورەکە، ئەمنە بێ ڕەحمەکان بەفری حەوشەکەیان هێنابوو لە ژوورە تاکەکەسـییەکان هەڵیانڕشـتبوو، تەنها بۆ ئەوەی سـەرمای زیاتر بچێتە لاشـەی ئەو گەنجانەی کە هاواریان تەنها بەخوا دەگەیشت، ئەیوب ئەو شەوە ئەشکەنجە درابوو و لە هۆش خۆی چوو بوو، کاتێک بەهۆش خۆی هـاتەوە تەقەی کردنەوەی دەرگـاکـان دەهـات بۆ نـانخواردن و تەوالێتی زیندانییەکان.

لە ژوورە تاکە کەســـییەکان، هەســـتیکرد ئەوانەی لە چواردەوریدا زینـدانن هـاوڕێکـانی خۆین، ئەوە ئەکرەمە، دارایە، جەلالە، شـــوانەیە، وریایە، هەروەها کوڕێکی شـــیوعیش لە یەکێک لە ژوورەکان بوو، ئەو کوڕە شـــیوعیە هێندە ئەشـــکەنجە درابوو کە وەک شـــێتی لێهاتبوو، بەردەوام پەلاماری پاســـەوانە ئەمنەکانی دەدا، بۆیە بەردەوام کەلەپچەی لەدەست دەکرا.

"سەتڵی پیسی و سەتڵی خواردن یەک شت بوو"

ئەیوب دەڵێـت: لە ژوورە تەنهـاییەکـانـدا بەیـانیـان خواردنیـان بۆ دەهێنـاین، ئەوەی زۆر بێزارکەر بوو ئەوەبوو کە دەبوو ئەو ســـەتڵەی میزمان تێدەکرد نانیشـمان پێ بخواردایە، بەڕاسـتی ئەمە سـزایەکی زۆر قورس بوو، نـان و ئـاوو ژیـانێکی قێزەون، کە هەر ئەمجۆرە ژیانە بەس بوو بۆ ئەوەی هەرچی دەزانی بیڵێیت، بۆ ئەوەی ئەگەر بە مردنیش بێت ڕزگارت بێت لەو جۆرە ژیانە.

شەوی دووەم هات، دیسان قۆڵیان گرتم و بەرەو لێکۆڵینەوە بردمیان، هەر کە لە دوورەوە ڕائید حەســـون بینیمی گوتی: "ها جەوت چۆنە؟"

پێمگوت: "باشـــم"، گوتی: "خۆ ســـەرمات نەبوو؟"، گوتم: "نا ســـەرمام نەبوو، باش بوو"، پاشـــان ڕائید حەســـون گوتی: "مادەم وایە با دەســـت بەکاری خۆمان بکەینەوە!"، پرسیارو وەڵام دەستپێکردەوە:

ڕائید حەسون: ئەیوب، ڕێکخراوەکەتان ناوی چییە؟

ئەیوب: ڕێکخراوی چی؟ من هیچم نییە.

ڕائید حەسون: ئەی ئێوە ڕێکخستنی چ حزبێک بوون؟

ئەیوب: من هیچ حزبێک نیم و هیچ نازانم.

ڕائید حەسون: زۆر باشە ئەیوب، وەرە با من چاکەیەکت لەگەڵ بکەم، بژاردەت دەدەمێ، تۆ بۆخۆت یەکێـــک لە بژاردەکـــان هەڵبژێرە، بزانە حزبەکەی تۆ کامیانە؟

ڕائید حەسون: حزبەکەی تۆ یەکێک لەمانەیە:

- حزبی دیموکراتی کوردستان.
- ئیتیحادی وەتەنی کوردستان.
- بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، کامیان؟

ئەیوب: نەخێر من هیچیان نیم، هیچ یەکێک لەو حزبانە ناناسم.

ڕائید حەسون: تەئکید هیچیان ناناسیت؟

ئەیوب: بەخوا نایانناســـــم. (هەر لە ڕاســـــتیدا من یەکەمجارم بوو ناوی بزووتنەوەی ئیســـلامی ببیســـتم، پێشـــتر یەکێتی و پارتیم بیســـتبوو، بەڵام بزووتنەوە نا).

ڕائید حەسون بە تووڕەییەوە لە یوسفی جەللادی پرسی: یوسف، تۆ بزانی حزبەکەی ئەیوب کامیانە؟

یوسف: گەورەم (بزووتنەوەی ئیسلامی)ە.

ڕائید حەســـون: مەحمود بنوســـە: بزووتنەوەی بەناو ئیســـلامی بە کرێگیراوی ئێران، ناوی حزبەکەی (ئەیوب)ە.

ئەیوب: ئاخر من شتی وام نەگوتووە، چۆن دەینوسن؟

ڕائید حەسون: تازە ئەوەیە.

پاشـــان ڕائید حەســـون گوتی: ئەیوب ئەی (ڕێکخراوەکەتان) ناوی چی بوو؟

ئەیوب: نازانم.

ڕائید حەسون: ئەیوب ڕێکخراوەکەی ئێوە یەکێک لەم ناوانەی هەبوو، سێ بژاردەت دەدەمێ:

- ڕێکخراوی (ئەبوبەکری سدیق).
- ڕێکخراوی (عوسمانی کوڕی عەفان).
- ڕێکخراوی (ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەڕقەمی مەخزومی)، کامیان؟

ئەیوب: نازانم، ڕێکخراوی چی؟

لەم کاتانەدا ڕائید حەســـون تەواو تووڕە بوو، شـــێت وهار بوو، هەستایە سەرپێ و یەک زلەی توندی لە ئەیوبی منداڵکاری تەمەن شانزە ساڵدا، ئەیوب چاوی پڕبوو لە فرمێسـک و یەکسـەر دانیشـت، یوسـف جارێکیتر ئەیوبی بەرز کردەوەو زۆری لێکرد کە هەســـتێتەوە، ئەیوبیش هەوڵیدەدا هەڵنەسـتێتەوە، چونکە هەسـتانە سـەرپێیەکەی بۆ زلەو شـەقی حەســـونی جەلاد بوو، حەســـون پەلاماری قژی (ئەیوب)ی داو توند ڕایوەشـاند، گوتی: "ئەیوب ئاقڵ بە، یارییمان لەگەڵ مەکە، ئێمەو خۆشـت ئەزیەت مەدە، هاوکاریمان بکە با هاوکاریت بکەین، تۆ هیچت بۆ نابێت، بۆیە چی هەیە بە ڕاستی پێمان بڵێ".

ئەیوب: هیچ نازانم.

ڕائید حەسون: یوسف ڕێکخراوەکەی ئەیوب ناوی چییە؟

یوســـفی جەلاد: گەورەم ڕێکخراوەکەیان ناوی (ئەرقەمی کوڕە ئەبی ئەڕقەم)ە.

ڕائید حەســـون: دە مەحمود بنوســـە: ڕێکخراوەکەی ئەیوب ناوی (ئەڕقەمی کوڕی ئەبی ئەڕقەمی مەخزمی)ە.

ئەیوب: ئەوە قسەی من نیەو من ئەو ڕێکخراوە ناناسم.

ڕائید حەسون دیسان فەرمانیدا ئەیوب هەڵواسنەوە، دیسان دەستیان کردەوە بە کارەبا لێدان، جەستەی ئەیوب وەک شۆڕەبی هەڵدەلەرزی، لەو کاتانەدا قایشی یەکێک لە دەستەکانی ئەیوب خەریکبوو دەهاتە دەرەوە، هاواری برد بۆ یوسف: "دەستم خەریکە دێتە دەرەوەو دەکەومە خوارەوە"، یوسفیش گوتی: "کەیفی خۆتە"، پاش ماوەیەک بەردەوامی لە هەڵواسین و لێدانی کارەبا، دەستێکی ئەیوب لە قایش و کەلەپچەکەوە هاتە دەرەوەو هەموو جەستەی ئەیوب کەوتە سەر دەستێکی، بۆیە قایشی ئەویش لە ژێر مەچەکی دەرچوو و مەچەکی بەتەواوەتی بە قایشەکە دادڕاو چەرمەکە چووە ناو پێستەکەو گەیشتە سەر ئێسقان و خوێن فیچقەی کرد، جەللادەکان کە بینیان یەکپارچە خوێن بە دەستی ئەیوبدا دێتە خوارەوە، بە پەلە دایانگرت و ئەمجارە زمانی لێکۆڵینەوەکەیان گۆڕی، دەستیان کرد بە سیناریۆیەکیتر، بە قسەی خۆش دەستیانپێکرد: ئەیوب برسیت نیە؟ ئێوارە نانت خواردووە؟ ئەیوب گوتی: "نا برسیم نیە"، ڕائید حەسون گوتی: "هەستەکەم تۆ حەزت لە میوەیە"، یەکێک لە ئەمنەکان ڕۆیشت هەندێک میوەی هێنا بۆ سیناریۆ تازەکەیان، مۆزێک و سێوێکیان هێنا، ئەگەرچی هیچی بۆ نەدەخورا، بەڵام بەناچاری و فشاری ئەوان پارچەیەک مۆزی لێکردەوەو خستە دەمیەوە، ئیتر ڕائید حەسون گوتی: "ئەیوب تۆ کوڕێکی گەنجی و حەزدەکەم بە قسەی خۆش قسە بکەیت و ماڵەوەتان بەڕێزن و با تووشی نارەحەتی نەبن"، دیسان ئەیوب گوتی: "بەخوا هیچ نازانم"، لەم کاتانەدا یوسف لە دواوە هەتا هێزی تیابوو یەک شەقی لە پشت سەری ئەیوب هەڵدا، ئەو پارچە مۆزەی خستبوویە دەمیەوە کەوتەوە سەر زەوی، لەم کاتانەداو لە هەستکردن بەم سیناریۆ ناشیرینانەی ئەمنەکان، ئەیوب دەستی بە گریان کرد.

دیسان ئەیوبیان بەرز کردەوە بۆ ئەوەی هەڵیواسنەوە، ڕائید حەسون گوتی: "ئەوە چیەکەن؟ چۆن دەبێت هەڵیواسن؟ ئەوە دەستی بە کەڵک

نەماوە"، پاشـــان جەلادە شـــاگردەکان ڕوویان کردە ڕائید حەســـون و گوتیان: "ئەی چی بکەین گەورەمان؟".

پاش کەمێک ڕائید حەسون گوتی: "بیرۆکەیەکم بۆهات"، گوتیان: "چی بکەین"، گوتی: "بە بنباڵ هەڵیواســـن"، یەکســـەر جەلادەکان قایشـــێکی گەورەیان هێنا، خســـتیانە پشـــت مل و بنباڵی ئەیوب و ســـەریکیشـــیان گەیاندە قولاپە هەڵواسراوەکەی عەمموودەکە، لەو کاتانەدا کە ئەیوب تەنها نووکە پێیەکی لەســـەر مێزەکە مابوو، دیســـان کارەباکەیان لێ بەســـتەوە، گوتیان قســـــە بکە، ئاخیرجارە پێت دەڵێین، دووبارە ئەیوب گوتی: "هیچ نازانم"، ئەفســـــەری لێکۆڵینەوە فەرمانیکرد مێزەکە لابەن لە ژێر قاچیدا، دیسان جەستەی ئەیوب بە ئاسمانەوە کەوتەوە هاتوچۆ، دەستیانکردەوە بە کارەبا لێدان، ئەیوبیش بە قولاپە هەڵواســـــراوەکانەوە هەر هاواری دەکرد، ئەو کاتەی خەریکبوو ببورێتەوە، جەلادەکان ئاویان پێدا دەکرد بۆ ئەوەی بەهۆش خۆی بێتەوەو ئازار بچێژێت.

لەو کاتانەدا ئەیوب بە هەڵواســـــراوی بەناو بۆشـــــایی ژوورەکەدا هاتوچۆیەتی، شـــوانەیان هێنا، شـــوانەیان هێنا بۆ ئەوەی چاوی لە ســـزاو ئەشـــکەنجەی ئەیوب بێت، لەو کاتانەدا ئەیوب ســـــەیری شـــوانەی کرد، تەماشـــای کرد شـــوانە فرمێســـک لە چاویا قەتیس ماوەو بۆ حاڵی ئەیوب دەگری.

ڕائید حەســـــون گوتی: "شـــــوان، بە ئەیوب بڵێ با قســــــە بکات و ڕاستیەکان بڵێت"، شوانیش ڕوویکردە ئەیوب و گوتی: "کاک ئەیوب قسە بکە، با ئەزیەتت نەدەن"، لەگەڵ ئەمەشدا شوان چاوێکی لە ئەیوب داگرت، دیارە شـــوانە ئەزموونی زیاتر بوو، زووتر گیرابوو، ئاگاداری شـــێوازی لێکۆڵینەوە بوو، دیســـــان ئەیوب گوتی: "من هیچ نازانم، کاکە من هیچ نازانم، دە شتێکم پێ بڵێن با من دانی پێدا بنێم".

پاش ماوەیەک، ڕائید حەسون فەرمانیکرد ئەیوب داگرن، کاتێک دایان گرت تەماشـا دەکەن هەموو شـان و بنباڵی ئەیوب هەمووی هەڵقڵیشـاوە،

پێستەکەی پارچە پارچە بووە، ئەگەرچی ئەمە بۆ ئەیوب زۆر ئازار بەخش بوو، بەڵام ئەمشەو نەبوورایەوەو بردیانەوە بۆ ژوورە تەنهاییەکەی خۆی، هەستیکرد هەردوو دەستی ئیش ناکات، ناتوانێت دەست بە دیوارەکانەوە بگرێت، لەگەڵ فڕێیاندایە ژوورەکەی، بەهۆی ماندووبوون و ئازارو ئەشکەنجەی زۆرو کەم خەوییەوە، یەکسەر خەوی لێکەوت، کاتێک خەبەری بوویەوە سەیر دەکات نانی بەیانی دانراوەو ئەم نەیتوانیوە نانەکەی وەربگرێت، بۆیە نانەکەیان لەو دیو شیشەکانەوە بەجێهێشتبوو، بەڵام ئەیوب هەم دەستی نەدەگەیشت، هەم دەستی ئیشی نەدەکرد تا نانەکەی بێنێت و بیخوات، بەڵام بۆ نیوەڕۆ کە نانیان هێنا، نیو مریشکی تەواویان بۆ ئەیوب هێنا، هەروەها سەتڵەکەشیان پڕ کردبوو لە برنج، زیاتر لە پشکی کەسێک، ئەیوبیش بەهۆی برسێتی زۆرەوە هەموو خواردنەکەی خوارد، نیو مریشک و سەتڵێک برنج.

شەو هاتەوە، جەلادێک هات ئەیوبی لە ژوورەکەی هێنایە دەرەوە، کردی بە قژیداو بەرەو ژووری لێکۆڵینەوە بە ڕاکیشان، ئەم جەلادە ئەگەرچی ئیشی تەنها هێنان و بردنی زیندانیەکان بوو بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام وەک جەلادێکی سزادەر لەو ماوە کورتەدا سزای زیندانیەکانی دەدا، ئەو جەللادە خەڵکی موسڵ بوو، پێیان دەگوت: "ئەبو کازم"، بەڵام خۆی زوو زوو ناوەکەی بۆ زیندانیەکان ڕاست دەکردەوەو دەیگوت: "من ئەبو کازم نیم، خۆم ناوم کازمە".

کە بردیانە ژووی لێکۆڵینەوە، هەر لە دوورەوە یوسف پێکەنی، گوتی: "ها ئەیوب، ئاگام لێت بوو چاکت خوارد"، ئەیوب گوتی: "چی؟"، یوسف گوتی: "ئاگام لێتە کە نیوەڕۆ خواردنی باشت خوارد"، ئەیوب گوتی: "ئا عەیبم نیە، نانم خواردووە".

ئەیوب خۆی جۆری ئەشکەنجەی خۆی هەڵبژارد

ئەیوب بەردەوامە لە گێڕانەوەی دیمەنەکانی ژووری ئەشکەنجە: ئەفسەرو جەلادەکانی لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە بیریان دەکردەوە چیم لێبکەن، چونکە وەک خۆیان ئەیانگوت نە دەستم نە قۆڵم بە کەڵکی هەڵواسین نەمابوون، بۆیە گوتیان: "یەڵلا با فەلاقەی بکەین".

من لەبارەی فەلاقەوە هەر ئەوەندەم بیستبوو کە منداڵ بووم باوکم هەڕەشەی لێدەکردین دەیگوت: ئەگەر هاری هاری بکەن، فەلاقەتان دەکەم، ئیتر نەمدەزانی فەلاقە چییە.

پاشان ڕائید حەسون گوتی: "ئەمجارەش بۆ ئەشکەنجەدانەکە بژاردەت دەدەمێ، فەلاقە هەڵدەبژێری یان ئەو دارە گەورەیە؟". (دارە گەورەکە بریتیبوو لە دارێکی گەورەی نزیکەی دوو تا سێ مەتر درێژ، کەسێک هەڵیدەگرت و دەبوو زیندانیەکان ڕابکەن و دارەکەش بە دوایانەوە بوو، دارەکە پێیان دەگەیشتەوەو دەیانکێشا بە قاچیا، بە پشتیا، بە هەر شوێنێکی، ئەمە یەکێک لە بژاردەکان بوو).

بەبێئەوەی بزانم دارەکە چیەو فەلاقە چیە، بە ناچاری گوتم: "فەلاقە"، لەڕاستیدا ئەمە هەر بۆ خۆی گەورەترین سزایە، کە زیندانیەک ناچار بکەیت خۆی جۆری سزای خۆی هەڵبژێرێت، لەم کاتانەدا جەلادەکان دەستیان کرد بە پێکەنین.

بۆ دەستپێکردن بە فەلاقە، قاچی ئەیوب بەسترا بە دارێکەوە، بە پەڕۆیەکی وەک پشتوێن قاچی بەسترایەوە بە دارەکەوە، ئەبو مەحمودو جەلادێکی تر لەملاو لاوە دارەکەیان بەرز کردەوە، بەوجۆرە کە بنی پێی ئەیوب ڕووی کردە ئاسمان، لاشەشی لە سەر زەوی، بەمجۆرە یوسفی جەللاد بە کێبڵێکی ئەستور کەوتە لێدانی بنی پێی ئەیوب، فەلاقە دەستیپێکرد، یەک و دووان نییە، لەسەرەتادا تا چەند لێدانێک ئێشەکەی زۆر نەبوو، بەڵام کە فەلاقەکە زیادی کرد، ئیتر هاوارو ناڵەی ئەیوب دەستی پێکردەوە، ئازارێک لە بنی پێی ئەیوبەوە دێت ڕاستەوخۆ لە

تەوقەسەرییەوە دەردەچێت، لە هەمانکاتدا پرسیاریش دەستی پێکردەوە: "ڕێکخراوەکەتان ناوی چی بوو؟ حزبەکەتان ناوی چی بوو؟ لە کوێ کۆبوونەوەتان دەکرد؟".

ئەیوب هەر گوتی: "نازانم"، وشەی "نازانم"ی ئەیوب دیسان ئاگری بەردایە ڕائید حەسون، بۆیە خۆی بەربوویە ئەیوب، بە شەق و بۆکزو لەقەو هەموو شتێک، سەرو سنگ و قاچ و هەموو گیانی کەوتەبەر لێدانی حەسونی خوانەناس، تا هیلاک بوو، هاوکات بە دەمە پیسەکەشی جنێوی دەدا، ئەیوب لەم کاتانەدا هێندە ئازاری چەشتبوو ئیتر هەستی بە ئازار نەدەکرد، ئەگەر بە لێدان بشمردایە بەلایەوە ئاسایی بوو.

ئەمشەویش لێدانی ئەیوب تەواو بوو، هەڵیانساندەوە بۆ ئەوەی بچێتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، بەڵام قاچەکانی ئەیوب ئیتر بە کەڵکی ئەوە نەمابوون پێیان بڕوات، هەردوو قاچی بە تەواوی ئاوسان، بۆیە بە گۆجە گۆج و بە هەڵگرتنی بە پشتە مل، جەلادێک ئەیوبی ڕاکێشایەوە ژوورەکەی خۆی.

(٤٠)

بەدەم هەڵدانی پێکێکەوە، پرسیاریان لە دلێر کرد

دوای هەشت ڕۆژ لە دەستگیرکردنی، لە ٣ی ١ی ١٩٨٩، هاتن بەدوای دلێردا، دوو ئەمن قۆڵی دلێریان گرت و بەرەو ژووری لێکۆڵینەوەیان برد، کاتێک دلێر سەیری ناو ژوورەکەی کرد، بینی ڕائید حەسون و ڕائید ڕەحیم و هەریەکە لە تاریق و یوسف کە مفەوەز بوون لەوێ لە دەوری مێزێک دانیشتوون و سەر مێزەکە پڕیەتی لە خواردنەوەی (کحولی)، ژوورەکەش ترسناک بوو، لەولاوە قولاپ بۆ هەڵواسین، کیبڵ و فەلاقە و ئامێرێک بۆ کارەبا لێدان.

پرسیار دەستپێکرد، سەرەتا قسەی خۆشیان لەگەڵ کرد، ناوت چیەو پۆلی چەندی و لە چ قوتابخانەیەکی و تەمەنت چەندەو ئەمجۆرە پرسیارانە، پاشان پرسیارە جیدییەکان دەستپێکرد، لەگەڵیشیدا لێدان.

ڕائید حەسون گوتی: "دلێر تۆ سەر بە چ حزبێکی؟"، دلێر وەلامی دایەوە: "قوربان سەر بە هیچ حزبێک نیم"، لەگەڵ وەلامەکەی دلێر بە "نازانم و سەر بە هیچ حزبێک نیم"، ڕائید حەسون کە خەریکی "خوارنەوە" بوو، تا هێزی تێدابوو یەک زلە لە دلێر دەدات، مفەوەز تاریقیش لەولاوە یەک شەقی تێهەڵدەدات، پێی دەڵێت: "چۆن لە حزبدا نیت؟ تۆ لەسەر حزبایەتی گیراوی"، دلێر دیسان تۆمەتەکانی ڕەتکردەوە، "من هیچ حزبێک نیم و هەرگیز حیزبایەتیم نەکردو وە"، ڕائید حەسون گوتی: "هەڵیواسن".

دلێری چواردەساڵیان خستە سەر مێزەکە و کردیان بە قولاپەکەوە، وردە وردە مێزەکەیان لابرد، گوتیان: "دان بنێت بەو شتانەی پێت دەڵێین"، ئەویش هەر دەڵێت: "هیچ نازانم"، هەر بەڕاستیش دلێر هیچی نەدەزانی، چونکە تەنها هاوڕێی قوتابخانەیان بوو، ئاگاداری هیچ

چالاکییەکی تر نەبوو، بەڵام (هیچ نازانم) لەلای ئەمنەکان سـودی نەبوو، بۆیە لەگەڵ هەڵواسـین سـەری کێبڵی کارەباکەشـیان بەسـت لەهەردوو کەلەکەی لە شـوێنی گورچیلەکانی و دەسـتیان کرد بە کارەبا لێدانی، ئەو کارەبا لێدانە هێندە بە ئازار بوو وەک ئەوەی بە مشـارێک بتکەن بە دوو کەرتەوە، بەو جۆرە بوو، ئەمنەکان دەیانویسـت دلێر بڵێت چ حزبێکە، دلێر هەر ئەیگوت هیچ نـازانم، پـاش کەمێـک کەیوانیـان هێنـا، وەک بەڵگەیەک لەسـەر ئەوەی کە ئەنـدامی ڕێکخـراوەکەی کەیـوان و حزبەکەیەتی، بۆ ئەوەی دلێریش ئیتر ئیعتیراف بکـات، پـاشـان هەر سووربوون لەسـەر ئەوەی دلێر ئیعتیراف بکات، بەڵام دلێر هەر ئینکاری دەکات.

پاش کەمێک شوان سەعدیان هێنا کە پاش لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە لە ژوورەکەی تەنیشـتی دایاننابوو، واتە ژووری "شـیراتۆن"، پاش هێنانی شوان سەعدی دلێر دەڵێت: "شوان سەعدی هاوڕێمە، ئەو چ حزبێک بێت منیش ئەوەم"، ئەمنەکان بەو وەڵامە ڕازی نەبوون، ئەمنەکانیش دەستیان دەکرد بە پێکەنین و دەیانگوت: "نا دەبێت خۆت بە دەمی خۆت بیڵێیت"، پاشـان بە هەمانشـێوەی ئەیوب هەڵبژاردنیان خسـتە بەردەسـتی، ناوی سـێ حزبیان بۆ خوێندەوە، دلێریش بە ناچاری یەکێکیانی گوت، لەبەر ئەوەی نەیـدەزانی گوتی: "حزبی دەعوەم"، پـاشـان گوتیـان: "نـاوی سـەرۆکی ئەو حزبە چیە؟" ئەویش کە هەر بەڕاسـتی نەیدەزانی، گوتی: "نایزانم".

پـاش مـانەوەی بۆ مـاوەیەکی زۆرو هـاوارو نـاڵەو تونـدبوونەوەی هەڵواسـینەکە، ئیتر دلێر هیچ وزەی پێنەما، بە تەواوەتی نزیکبوو لەوەی لە هۆشـخۆی بچێت، بەڵام ئەوان کۆڵیان نەدەداو بەدەم خواردنەوەوە بەردەوام بوون لە ئەشکەنجە، پاشـان بەو جۆرە لە بژاردەکان بەردەوام بوون، بەناچاری ناوی حزبێکی گوت، ئیتر وازیان لێهێنا.

پاش داگرتنی، هەریەکە لە شوان سەعدی و کەیوان دەچنە ژێر باڵی و بەرەو ژووری "شیراتون"یان برد، ئەو کە هێندە ئازار درابوو زۆر تینووی بوو، داوای ئاوی دەکرد، بەڵام نەدەبوو ئاو بخواتەوە بۆ ماوەی بیست و چوار سەعات، چونکە پاش ئەو ئەشکەنجە زۆرە کەسی ئەشکەنجەدراو ئاوی بخواردایە دوور نەبوو تووشی کێشەیەکی تەندروستی گەورە ببێت، بۆیە نەدەبوو ئاویش بخوات، پاش ئەم ئەشکەنجە زۆرەو بە ناچاری داننان بەوەی سەر بە حزب و رێکخراوەکەی کەیوانە، بەرەو هۆڵێک بران کە ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان تەواو دەبوو لەو هۆڵە کۆدەکرانەوە، هەر ئەو شەوە دوای من لە موحەممەد عەبدوڵلایان کۆلیەوە، ئاگاداری هەموو ئەشکەنجەو لێدان و پرسیارو وەلامەکان بووین، بەڕاستی ناخۆش بوو.

بەلووعەکە دڵۆپ دڵۆپ ئاوی پێدادەهات

دلێر بەردەوامە لە گێڕانەوەکانی: بەمجۆرە بەردەوام بوون، هەر کەس لێکۆڵینەوەی تەواو دەبوو لە هاوڕێکان نەدەبرایەوە ژوورەکەی پێشوو، بەڵکو دەبرایە ژوورە نوێیەکە، لە ژوورە نوێیەکەش دۆخێکی زۆر خراپ هەبوو، بەلوعەیەکی تێدابوو بۆ ئازاردانی دەروونی زیندانییەکان دڵۆپ دڵۆپ ئاوی پێدا دەهات، جاروبار کەمێک دەیانکردەوە، زۆربەی کات بە دڵۆپە ئاو دەهات، بەلوعەکەش هەر بەلوعەی تەوالێتەکە بوو، ئەو جارانەش کە دەیانکردەوە بۆ ئەوەبوو بتوانین کەمێک خۆمان بشۆین، زۆربەی کات سابون نەبوو، شەبەکەی پەتاتەمان بەکاردەهێنا بۆ خۆشۆردن، هەندێک لە هاوڕێکانمان بەهۆی ئەشکەنجەی زۆرەوە دۆخیان زۆر خراپ بوو، هەندێکیان بۆ ماوەیەکی زۆر نەیاندەتوانی بە دەستەکانی خۆی نان بخوات، ئاسۆ جەزا یەکێک بوو لەوانە کە بۆ ماوەی مانگێک هەر نەیتوانی دەستی بەکاربهێنێت.

پاش نزیکەی دوو مانگ، هەموومانیان بردە دەرەوە بۆ وێنەگرتن، کردنیان بە سێ گروپەوە، گروپێک شەش حەوت کەس و گروپێک نزیکەی پانزەو هەندێکی تریش، هەروەها پێکەوەش هەر (سێ و چوار) کەسەکەمان وێنەیەکیان گرتین، ئەو وێنەیەی کە زۆر ناسراوەو بڵاو بووەتەوە، لە وێنەکەدا دیارە من بە بیجامەو نەعلەوە دەرکەوتووم.

چاری نەما، دەبوو قسە بکات

ئاسۆ جەزا، هاوشێوەی هاوڕێ قوتابییەکانی تر، برایە بەردەم لێکۆڵینەوە، هەڵواسین و کارەباو لێدان، بەڵام وەک ئاسۆ خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە ئەو هەر دەیگوت نازانم.

ئاسۆ جەزا دەڵێت: سێجار منیان برد بۆ لێکۆڵینەوە، لێدان و هەڵواسین و کارەباو بێڕێزی وەک شتێکی زۆر سادە بەرانبەرمان دادەبارین، ئەمنەکان بە جنێو بەسەرماندا دەڕشانەوە، هیچ حسابێکی ئەوەیان بۆ نەدەکردی کە تۆ مرۆڤی، گۆشت و خوێنی، پێدەچێت بەهۆی ئەم هەڵواسین و لێدان و ئەشکەنجەیەوە ئەگەر نەمری و بمێنیت بۆ هەمیشە کەمئەندام ببیت، من هێندەیان هەڵواسیم بەهۆی هەڵواسینەوە دەستەکانم لەکار کەوتن، هەر دەمگوت نازانم، هەر بەڕاستیش نەمدەزانی و ئاگاداری چالاکییەکان و کارەکانی ڕێکخراوەکە نەبووم، هەربۆیە ئەوەی ئەوان دەیانویست نەمدەتوانی بیڵێم، چونکە هەر بەڕاستی نەمدەزانی.

بۆ پشوویەکی کورت لە یەکێک لە لێکۆڵینەوەکاندا، بردمیانە ژووری شیراتۆن کە (کەیوان)یش لەوێ بوو، ئەو زۆر بەزەیی بە ئێمەدا دەهاتەوە کە بەو جۆرە تووشی زەحمەت و سزا دەبووین، هەربۆیە ئەگەر بە درۆو فێڵیش بووبێت ئەمنەکان قەناعەتیان بۆ دروست کردبوون کە لێبوردنی گشتی دەبێت و هەمووتان بەردەبن، پێی گوتم: "قسە بکە، با ئەوەندە ئازارت نەدەن، ئەگەر ناوی نهێنی منیان لێ پرسیت بڵێ ناوی

نهێنی کەیوان (عەبدوڵڵا)یە، ناوی ڕێکخراوەکەشی (ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەمە)، من ئەوە یەکەمجارم بوو ئەو ناوەش ببیستم، بەڵام کە بردمیانەوە بۆ لێکۆڵینەوە ئەوانەم گوت و هەموویان نووسی و واژۆیان پێکردم، لە ڕاستیشدا ئەگەر هەرچیم بزانیایە هەر دەمگوت، چونکە ئەشکەنجەکان لە توانادا نەبوون، نەوەک من هەموو ئەوانیتریش هەر بەو جۆرە بوون.

"ژیانێکی دووبارە"

ئاسۆ جەزا بۆمان دەگێڕێتەوە: لە ڕاستیدا هەموو ئەو ناخۆشیانەی لە زیندان باس دەکرێن لەو زیندانەی ئێمە هەبوون، نە سابوونێک هەبوو دەستی پێ بشۆین، دەچووینە سەرئاو هەر بەو دەستانەمان نانمان دەخوارد بەبێ ئەوەی کەوچکێک هەبێت نانی پێ بخۆین، نە لە کاتی نەخۆشی حەبێک یان دەرمان و چارەسەرێک هەبوو، نە بەتانی و پێویستیەکانی خەوتن و مانەوە، نە خواردنی پێویست، کێچ هەموو ژیانی لێ حەرام کردبووین، سەعاتێک دوو سەعات دەخەوتین لە تاو ئەسپێ بەخەبەر دەهاتین، ئەمانە هەمووی وایکردبوو ژیانی زیندانەکە هەمیشە وەک ئەشکەنجەو سزا وابوو، بەڵام هەوڵمان دەدا ئەو هەموو کاتە بە شتی جۆراو جۆر بەسەر بەرین، تەنانەت پەنامان بۆ زۆر شت دەبرد بۆ ئەوەی لەو بێتاقەتی و مەلەلی و بێزارییە ڕزگار ببین، بەتایبەت دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە لەسەر زۆرینەمان، بۆ نمونە قورئانمان لەبەر دەکرد، نوێژمان دەکرد، لەیەکتری فێر دەبووین، یان یارییمان دەکرد، یان گۆرەوی بازیمان دەکرد.

ئاسۆ جەزا بەردەوامە لە باسکردن لە ژیانی زیندانەکەیان: ژیانی ناو زیندان ژیانێکی دووبارە بوو، سادە بوو، هەموو شتێکمان لەسەر چواردەورمان و کەسەکان دەزانی، دیوارەکانی چواردەورمان لەبەر کردبوو، بۆشاییە موشەبەکەکەی سەر دەرگاکان، لەوێشەوە پەنجەرە

موشـــەبەکەکەی تری بەرانبەرمان، لەوێوە ئەگەر گوڵێک یان گیایەکمان ببینیایە زۆر ئاسوودە دەبووین، یان ئەگەر گوێمان لە دەنگی چۆلەکەیەک بووایە زۆر هیوا بەخش بوو، زۆر هەســـتمـان پێـدەکرد، بۆ دەنگی دەرەوەی زینـدانیش زیـاتر گوێمـان لە هۆڕینی بەرزی ئۆتۆمبیلەکـان دەبوو، یـان جـارجـار کە ڕێپێوانی تـایبەت بە بۆنەکـانی بەعس دەکرا و ڕێڕۆیشـتن هەبوو هەسـتمان پێدەکردو دەنگەکانمان دەبیسـت، بەتایبەت کە ئێمە نزیکبووین لە سـەرەتای شـەقامی سـەرەکی سـالم و زۆرینەی ڕێپێوان و کۆبوونەوە جەماوەرییەکانیش لەو شەقامە بەڕێوەدەچوون، لە نزیک بینای حەسیب ساڵح کە ئێستە پێی دەڵێن سلێمانی پالاس.

(٤١)

کەیوان دەبێتە پارێزەری نەوزاد

پاش دەستگیرکردنی نەوزاد، ئەو ڕۆژەو شەوەکەشی نەهاتن بەلایدا، بۆ شەوی دووەم، دوو ئەمن هاتنو دەرگاکەیان کردەوە، نەوزاد دەڵێت: "بەرەو ژووری زیندان ڕاپێچیان کردم، بە "شیراتۆن"دا تێپەڕبووین، گەیشتمە ئەو ژوورەی کە هەر لە دوورەوە ترسێکی گەورەی لێدەباری، لەوێ ڕائید حەسونو تاریقو یوسف لە چاوەڕوانیمدا بوون، ڕائد حەسون لەپشتی مێزێکەوە لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، دوانەکەی تریش کە کاریان ئازاردان بوو بە تەنیشتییەوە بە پێوە وەستابوون، لێپرسینەوە دەستپێکرد، سەرەتا ڕائید حەسون بە قسەی خۆش گوتی: "تۆ کوڕێکی باشیو ئێمە هەواڵی تۆمان هەیەو خەڵکی بە چاکە باست دەکەن، منداڵیت بەلام تەنها هەڵەیەکی بچوکت کردووەو دەمانەوێت ڕاستت بکەینەوەو بچیتەوە ناو خێزانەکەتو درێژە بەخوێندنەکەت بدەیت، بۆیە چی دەزانی پێمان بڵێ".

نەوزاد: هیچ نازانم.

ڕائید حەسون: تۆ منداڵیتو حەز دەکەین بە قسەی خۆش هەمووشتێکمان پێ بڵێیت، ئەگەرنا بە شەق هەموو شتێکت پێدەدرکێنین.

نەوزاد: هیچ نازانمو ئاگام لە هیچ نییەو نازانم باسی چی دەکەن؟

لەم کاتەدا ڕائید حەسون ئاماژەی بۆ یوسفو تاریق کردو گوتی هەڵیواسن، هەر یەکەو دەستێکیان گرتم، یوسف کابرایەکی قەڵەو بوو، دەستی زۆر گەورەبوو، لەو کاتەی دەستیان گرتمو خستمیانە سەر مێزەکە یەک زلەی توندی لێدام، هێندە بە ئازاربوو هەستمکرد تا ئەو کاتە ئێشی ئاوا جەستەی نەگرتووم، مێزەکە تایەی لە ژێردابوو، لە

دواوه دەســـتیان بەســـتمو بەرزیان کردمەوە تا گەیاندمیانە قولاپەکە، پاشان دوو سەری ساردو گەرمی کارەبایان دا لە هەردوو کەمەرم، ئیتر کاتی ئەوەبوو مێزەکە لە ژێر پێمدا لابەرن، من بە هەردوو دەســـتم بە قولاپەکانەوە جەســـتەم کەوتە هاتوچۆ، لەگەڵ ئەم ئازارە قووڵەشـــدا کە وام هەست دەکرد هەردوو قۆڵم خەریکە لێدەبنەوە، کەوتنە کارەبا لێدانم، کارەبا هەموو جەستەمی دەشەکاندەوە، ئەوان بە پێکەنینەوە لەم کارەیان بەردەوام بوون، ڕائید حەســونیش جگەرەیەکی داگیرساندبوو، خەریکی کێشانی جگەرەکەی بوو، منیش هاوارم دەگەیشتە هەموو شوێنێک تەنها ویژدانی ئەمانە نەبێت، کاتێک ڕائید حەســـون لە کێشـــانی جگەرەکەی بوویەوە، گوتی: "دایگرن"، منیان داگرتو گوتی: "پێمان بڵێ"، گوتم: "چی بڵێم؟"، گوتی: "لەبارەی کەیوانو جەماعەتەکەیەوە چی دەزانی؟"، گوتم: "هیچ"، گوتی: "ئەی ئەگەر کەیوانمان هێناو هەموو شـــتێکی گوت، گوتم: "بیهێنن، من هیچم نەکردووەو پەیوەندیم بە کەســـەوە نییە"، هەموو ئەم قســەو گفتوگۆیانە مولازم تاریق دەیکردن بە کوردیو قسـەکانی منیشـی دەکرد بە عەرەبی.

پاشـــان ڕائید حەســـون گوتی: "بچن کەیوان بهێنن"، کاتێکمزانی کەیوانیان هێنا، هەر لە دەرگاکەوە پێڵاوەکانی بۆهێنام کە داکەنرابوون، بەوجۆرە کەوتنە پرسـیارو وەڵام، بۆ زۆرینەی شـتەکان کەیوان بەرگری لە من دەکرد، بووبوویە پارێزەرم، تەنها هێندەی گوت کە لەگەڵیان وانەم خوێندووەو بەشـداری هیچ شـتێکم نەکردووە، منیش هەر ئەوەمگوت کە بـەهۆی خوێنـدنـەوە نـاســـیومـەو ئـاگـام لـە هیچ شـــتێکی تر نییـە، هـەردووکمـانیـان بردە ژووری "شـــیراتۆن"ەکـە، بـە داخـەوە کـەیوان زۆرینەی کاتەکانی لەو شـــوێنە پڕ لە ترسو ئازارە بەســـەر برد، لە ژووری شـیراتۆنەکە لەگەڵ کەیوان قسـەمان کرد، ئەو باسـی ئەو هەموو ئەشـــکەنجەو ئازارەی کرد کە دابوویان، ئەو هەموو لێدانو کارەباو ئەزیەتو ئازارە، بە ڕاددەیەک لە هەردوو مەچەکیدا ئێســـقانەکانی

دەرکەوتبوون، گۆشتی دەستیشی سووتابوو، هەروەها باسی چۆنیەتی ئاشکرابوونی ڕێکخراوەکەو زانینی ناوی ئەندامەکانی کرد.

پاش نزیکەی ســـەعاتێک دیســـان بردمیانەوە بۆ ژووری لێدانو ئەشکەنجە، پرسیاریان لەمن دەکردوو لە کەیوانیش، کەیوان لە زۆرینەی زانیارییەکان حاشـــای دەکرد، نەخێری بۆ زۆرینەی شـــتەکان کرد تەنها ئەوە نەبێت کە من لەگەڵ ئەواندا وانەم خوێندووەو لە قوتابخانە پێکەوەبووینو هیچی تر، ئیتر ئەوانیش بەناچاری باوەڕیان کردوو هەموو ئەو شتەی گوتبووم نووسییانو ئیمزایان پێکردم، پاشـان بەرەو هۆڵی ژمارە (هەشـــت) بەڕێیان کردمو کەیوانیان بردەوە بۆ ژوورە تاکە کەسییەکان.

نەوزاد بەردەوامە و چیرۆکەکەی تەواو دەکـات: لـەگـەڵ چوونـە ژوورەوەم وەک نـەریتی هـەمیشـــەیی زیندانـەکـان هـەموویـان لێم کۆبوونەوە، من زۆربەیانم ناسییەوە، هەمووشیان دەستگیرکرابوون، من کۆتا کەســـیان بووم، ئەوەش لەبەرئەوەی کەس ماڵی نەدەزانیم درەنگ دەســـتگیرکرام، ئەوان هەواڵی دەرەوەیان لێدەپرســـیم، ئێمە لەو کاتانەدا هێندە بەبیرو باوەڕبووین بەگیرانمان زۆر دڵتەنگ نەبووین، بە ڕادەیەک بەردەوام نوێژمان بە کۆمەڵ دەکردو بانگمان دەدا، من لەگەڵ موســـاو شـــوانو جەلال پێکەوە دەخەوتین لە ژێر یەک بەتانیدا، ئەو ڕۆژانە زۆر ســـارد بوون، لە دەرەوە بەفر دەبارییو ئێمەش بە ناچاریی بە دوو تا ســـێ کەس تەنها دوو بەتانیمان شـــک دەبرد، یەک بۆ ژێرمان بۆ ڕزگاربوون لەو کاشـــییە ســـاردو ســـڕو ڕەقانە، ئەویتریشـــمان دەدا بە خۆماندا، لەو زســـتانەدا هەوا هێندە ســـاردبوو، لەبەر زۆری ژمارەی ئێمەش ئەمنەکان وایانزانیبوو ئەو هەڵمی گەرمییەی ئێمەو ســـاردی دەرەوە ئاگرمان کردووەتەوە، بۆیە هاتنو بەناوماندا گەڕان بۆ ئاگر، ئێمە دڵنیامان کردنەوە کەشتی وانییەو ئاگر نەکراوەتەوە، ئەوە هەڵمە بە سەقفەکەوە کە بەهۆی قەرەباڵغی ئێمەو ساردی دەرەوە دروست دەبێت.

"بینینی گۆیژە دڵخۆشیکردین"

نەوزاد دەڵێت: پاش نزیکەی مانگێک و تەواوبوونی پرۆسەی گرتنی سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوەکە، دوو دوو دەیانبردین بۆ بەردەم بەناو دادوەری خۆیان (دادوەری لێکۆڵینەوەی ئەمن)، کە لەو کۆڵانە زۆر نزیک بوو، لە بینایەکی تربوو بۆیە بەپێ دەیانبردین، لەوێ دادوەر پرسیاری ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەی لێدەکردین ئایا ئەو دانپیانانە هی ئێمەیە یان نا؟ هەبوو لەوێ پەشیماندەبوویەوە، وەک ئەکرەم، بۆیە دووبارە دەخرایەوە ژێر لێکۆڵینەوەو بە هەمانشێوەو خراپتریش دیسان ئازار دەدرایەوە تا بەوجۆرە دان بە تۆمەتەکاندا بنێت کە ئەوان دەیانەوێت، لەو کاتەی منیان برد بۆ لای دادوەری لێکۆڵینەوەی ئەمن ڕۆژ بوو، زۆرم پێخۆشبوو کە دەرەوەم بینی، شاخی گۆیژەمان بینی بەفری پێوەبوو، ئەم دیمەنە هەستێکی تایبەتی دەبەخشی، کە پاش ماوەیەک ڕووناکیمان بینیو هەوای دەرەوەمان هەڵمژی، چونکە شەوو ڕۆژی ژوورەوەمان وەک یەک بوو، تەنها چوار دیوارێک و هیچی تر.

لە هۆڵی (هەشت)دا زۆر شت ئازاری دەداین، بەتایبەت برسیەتیو پیسو پۆخڵیو سەرماو ئازاری دەروونی، بە ڕاددەیەک هەندێک لە هاوڕێکانمان تووشی نەخۆشییەکی سەیری پێست بووبوونو بۆ ماوەیەک لە ئێمەیان جیاکردنەوە لە ژوورەکەدا، لەوانەش (سەربەستو سدیقو ورياو عەلی).

لەوێ هەمو کاتەکانمان بە قورئان خوێندنو باسی دەرەوە دەبردە سەر، بەڵام زۆر بە نهێنیو دوو بە دوو قسەمان دەکرد، من ئاگام لە زۆر شت نەبوو، بەتایبەت ئەوەی چی کراوەو چالاکییەکان چی بوونو چۆن چەکیان پەیداکردووەو چۆن بەرنامەیان داناوە بۆ ئەوەی تەقە لەپارێزگار بکەن، من هەموو ئەمانەم لە ژووری ژمارە (هەشت)ی زیندان بیست.

(٤٢)

"من بم لە جێگەی بەعس هەرگیز ئێوە ناگرم!"

لەسـەر کێشـەیەک، چەند کەسـێک دەسـتگیر دەکرێن، یەکێک لەوانە ناوی (قادر حەوێز) دەبێت کە کەسێکە تەمەنی مامناوەندو ڕیشی ماش و برنج بووە، لە دەرفەتێکدا قسـە بۆ حەمەسـوورو کەیوان دەکات: من ماڵم لە گەڕەکی (تویمەلیک)ە لە سـلێمانی، پێشـتر هەرگیز نوێژم نەکردووەو کەسـێکی ڕوو لە خوا نەبووم، بەڵام بەڵێن بێت لەم زیندانە ڕزگارم ببێت ڕێگای دوورم نێوان ماڵ و مزگەوت بێت.

لەو کـاتـانەدا کەسـێکی نوێیـان هێنـا بۆ ژووره تەنهـاییەکـان، ئەو کەسـەش ناوی (د.موحەممەد عەتا) بوو، بەڕێوەبەری نەخۆشـخانەی چوارباخی منداڵان بوو لە سـلێمانی، دوایئەوەی گەیشـتە ژوورەکەی و پاسـەوان بەجێیهێشـت، لە ژوورەکانی دەوروبەرییەوە دەسـتکرا بە قسەکردن لەگەڵی، بۆ ئەوەی لەبارەی ئەم هاوڕێ تازەیانەوە بزانن.

د.موحەممەد هـاتە ئەو ژووره تەنهـاییەی پێشـتر م.موحەممەد شـەڵماشـی لێبوو، م.موحەممەد گواسـترایەوە بۆ ژووری ژمارە چواری هۆڵەکان، کە ژمارەیەکی زۆرتر خەڵکی تێدابوو، تا ڕاددەیەک دۆخەکە لە دۆخی زیندانی تەنهایی باشتر بوو.

حەمەسـوور: کاکە بەخێربێیت، ئەگەرچی ئەم شـوێنە پیسـە جێگای بەخێرهێنان نیە.

د.موحەممەد عەتـا کە بە چـاوی بەسـتراوەوە هێنـاویـانەتە ژووره تەنهاییەکان وەڵام دەداتەوە: بۆ ئێرە کەسی تری لێیە؟

حەمەسوور: بەڵێ هەر ژوورێک کەسێکی لێیە.

کەیوان و حەمەسوور پاش چاکی و چۆنی و هەواڵپرسین، گەیشتنە باسی تایبەتی و پرسیان: کاک د.موحەممەد، نوێژ دەکەیت؟

د.موحەممەد: نەخێر.

کەیوان و حەمەسوور: بۆ نوێژ ناکەیت کاک دکتۆر؟

د.موحەممەد: من لە ساڵی (١٩٧٠) کاتێک قوتابی ناوەندی بووم نوێژم دەکردو پابەند بووم، پاشـــان لە ژێر کاریگەریی هەندێک لە هاوڕێکانمدا وازم لێهێنا، بەڵام نزیکەی دوو ساڵە دڵم هەست بە شتێک دەکات، نازانم چیە، هەستێک پاڵم پێوە دەنێت بۆ گەڕانەوە بۆ لای خواو خواپەرستی و پابەندی بە دینەوە، بەڵام نازانم چۆن بگەڕێمەوە.

کاتێک د.موحەممەد وای گوت، کەیوان و حەمەسوور دەستیان کرد بە گفتوگۆکردن لەگەڵی، هەوڵیاندا هەرچی پرسیاری هەیە لە بارەی دین و پابەندی و تەوبەو گەڕانەوە بۆ لای خواو لێخۆشبوونی خواو نوێژەکان هەموو پرســـیارەکانی بکات، بۆ بەهێزکردنی هەســـتەکەی، کەیوان و حەمەســـوور بەردەوام لەو کـاتـانەی پـاســـەوانی لێ نەبوو وەڵامی پرســـیارەکانیان دەدایەوە، تا جۆرە دڵنیاییەکی بۆ دروســـت بوو، بۆیە د.موحەممەد بەڵێنیدا هەر لەو ڕۆژەوە دەســـت بکـاتەوە بە نوێژو بگەڕێتەوە بۆ لای خوا.

لەم کاتانەدا م.قادر گوێی لەم گفتوگۆیانەبوو، هەروەها کۆتا بڕیاری د.موحەممەد بۆ پـابەنـدی و گەڕانەوە بۆ لای خوا، بۆیە دەنگی بەرزکردەوەو بە ئاراسـتەی کەیوان و حەمەسـوور گوتی :" وەڵا من بم لە جێگەی حکومەتی بەعس هەرگیز ئێوە ناگرم، خۆ کەسێک نایەتە ئێرە تەنانەت ئەگەر زۆر بێدینیش بێت بە دینداریی لێرە دەردەچێت!".

(٤٣)
کەیوان ئاشکرای نەکرد سەید چی پێگوتووە؟

زیندانیبوون لە نێو زیندانەکانی بەعسدا هێندە شتێکی سانا نیە تا بە سادەیی بەسەریدا تێپەڕین، دۆخێک کە هیچ پاک و خاوێنیەکی تێدا نیە، خۆشوردن نیە، سەرتاشین نیە، جل گۆڕین نیە، کە نەخۆش دەبێت دەرمان و چارەسەرو پزیشک و نەخۆشخانە نیە، ئەوەی هەیە لەو زیندانە نەفرینیە تەنهاو تەنها ئەشکەنجە، جنێوو و بێڕێزییە.

ڕۆژەکان زۆرو کاتەکان تێپەڕ نابن و ئازارەکان نابڕێنەوە، تەنها هۆکارێک کە دڵی زیندانیەکانی خۆشدەکرد گفتوگۆی نێوانیان بوو، پێکەوە قسەکردن بەهێزی دەکردن، کاتە زۆرەکانی بۆ پڕ دەکردنەوە، هەربۆیە هەرچی دەرفەت هەبوایە پێکەوە قسەیان دەکرد، چ لە ژوورو هۆڵەکان، چ لە ژوورە تەنهاییەکان، ئەم قسەکردنەش هەر وا شتێکی ئاسان نەبوو، چونکە لە بنەمادا قسەکردن قەدەغەبوو، بۆیە دەبوو تەنها ئەو کاتانە پێکەوە قسە بکەن کە پاسەوانەکان بوونیان نییە، یان ئاگادار نین، یان دوور دەکەوتنەوە.

کەیوان و هاوڕێکانی بەردەوام گفتوگۆیان دەکرد، زۆرجار پێکەوە قورئانیان دەخوێند، یان پێکەوە زیکرو ویردەکانیان دەگوتەوە، هەندێکجار گفتوگۆکانیان تا دووی شەو تێپەڕی دەکرد، هەمیشەش گفتوگۆکانیان بە زرمەی بەردێک کۆتایی پێدەهات کە پاسەوانی سەر قولەکە لەسەر بانەکەوە ئاراستەی دەرگای ژوورە تەنهاییەکانی دەکردو لەگەڵ هاویشتنی بەردەکە چەند جنێوێکیشی دەداو هاواری دەکرد:"بێدەنگ بن".

جارێکیتر کەیوان دایکی دەبینێتەوە، کەیوان بۆ حەمەسووری گێڕاوەتەوە کە دایکی لەو دیدارەدا گوتوویەتی: "ڕۆڵە کەیوان شیری منت

پێ حەرام بێت ئەگەر نـاوی کەس بـدەیـت، ڕۆڵە خۆڕاگربە، بتکوژن و شەهید بیت شانازییە بۆت"[1].

ئەوانەی لەگەڵ کەیوان دەستگیرکرابوون ژمارەیان سـی و سـێ گەنج بوون، بە کەیوان خۆیەوە ســـی و چوار وەک لە (وێنە)[2]کەدا دیـارن، پاشـان بە (حەمەسـوور)ەوە دەبنە سـی و پێنج، بە (م.سـەید ئیبراهیم)[3]و (بەکر ســـدیق)ەوە دەبنە ســـی و حەوت، زۆرێکیـان کەس و کـاریـان دەســـتگیرکرابوون بە بـاوک و دایک و خوشـــک و براو تـا نەنکیش، زۆرێکیتریش خۆیان حەشاردابوو بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێن وەک ماڵی (حـاجی عەبـدوڵلا گوڵپی) بـاوکی موحەممەدو ئەحمەد و مـاڵی بـاوکی (موسـا)، ڕۆژێک حەمەسـوور پرسـیاری کرد: کاک کەیوان ئەو ژنانەی گیراون هیچ خوشکێکیان لەوانەن کە لەگەڵ ئێوە کاریان کردبێت؟

کەیوان: کاک حەمەســوور، ئەوانەی گیراون تەنها تاوانیان ئەوەیە کە براکانیان گیراون، ئەگەرنا خۆیان هیچیان لەسەر نیە.

---

[1] - شیروان، برای کەیوان، کە ئەو کاتانە تەمەنی هەشت ساڵان بووە و لەو دیدارەدا ئامادە بووە، هەمان زانیایی پشت ڕاست دەکاتەوە کە حەمەسوور لە (کەیوان)ەوە دەیگێڕێتەوە..

٢ - بۆ بینینی وێنەکە سەیری بەڵگەنامەی ژمارە (١) بکە.

[3] - ناوی تەواوی (ئیبراهیم عیسا مستەفا)یە، بە (م.سەید ئیبراهیم) ناسراوە، ساڵی (١٩٥٥) لە گوندی (نۆلچکە)ی سەر بە ناحیەی (بنگرد)ی قەزای (دوکان) لە دایکبووە، پاش ساڵانێکی زۆر لە خوێندنی حوجرە، مۆڵەتی زانستیی وەرگرتووەو بە پێشنوێژو وتاربێژ لە وەزارەتی ئەوقاف دامەزراوە، مانگی (١٢)ی ســـاڵی (١٩٨٨) لەگەڵ (بەکر ســـدیق) دەســـتگیرکراوە، دەســـتگیرکرانی بەکر ســـدیق لەو کاتانەدا بووە کە م.ســـەید ئیبراهیم چووەتەماڵیان بۆ ئەوەی وانەی پەروەردەیی پێبڵێتەوە، حەمەســـووریش کرێچی (بەکر ســـدیق) بووە بۆیە هەرسـێکیان، واتە سـەید ئیبراهیم و بەکر سـدیق و حەمەسـوور، پێکەوە دەسـتگیرکراون، م.ســـەیدر ئیبراهیم ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە پەروەردەکردن و هۆشـــیارکردنەوەی گەنجاندا لە ڕووی فیکریی و سیاسییەوە، لە ڕۆژی دووەمی جەژنی قوربانی ساڵی (٢٠١٣) لە کاتی بەجێهانی فەریزەی حەج لە وڵاتی سعودییە تووشـی ڕووداوی هاتوچۆ بوو، پاش مـانەوەی بۆ مـاوەیەکی زۆر لە نەخۆشـــخانە بە بێهۆشـــی، لە ١٢ی ١ی ٢٠١٦ کۆچی دواییکرد. (خوای گەورە لێی خۆش بێت و پلەی بەرز بکاتەوە لە بەهەشتدا).

حەمەسوور: کاک کەیوان هیچ خوشکێک لەگەڵ ئێوە کاری دەکرد؟

کەیوان: بەڵێ خوشکمان هەبوو لەگەڵمان کاری دەکرد، بەڵام سوپاس بۆ خوا دەستگیر نەکراون.

ڕۆژێکیتر حەمەسوور پرسیار لە کەیوان دەکات: کاک کەیوان تۆ هیچ جارێک خەوت بە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) بینیوە؟

کەیوان: بەڵێ، جارێکیان پێش ئەوەی دەستگیربکرێم لە خەونمدا پێیان گوتم: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەســەر) لەو کۆشــکەدایە لە قاتی ســەرەوە، منیش ســەرکەوتم بە کۆشــکەکەدا بۆ قاتی ســەرەوە، هەتا گەیشــتمە خزمەتی و لەگەڵی دانیشــتم، جارێکیتر لە خەوما یەکێ لە دەرگایدا، کاتەکە شــەو بوو، تاریک بوو، منیش چووم دەرگام کردەوەو بینیم شەهیدی ئیسلامە(سەید قوتب) ڕەحمەتی خوای لێبێت، منیش گوتم فەرموو، هاتە ژوورەوەو لەگەڵیدا کەوتینە گفتوگۆ.

حەمەسوور: لەگەڵ سەید قوتب لە خەوەکەتدا باسی چیتان کرد؟

کەیوان: ببورە کاک حەمەسوور گیان، بۆم نیە ئاشکرای بکەم!

حەمەسوور: کاک کەیوان ساڵی ڕاستەقینەی تەمەنت چەندە؟

کەیوان: من لە دایکبووی ساڵی (١٩٧٢)م، باوکم لە شاری بەسرە لە شەڕی عێراق و ئێراندا گیانی لەدەستداوە.

حەمەســوور: ئەگەر خوا کردی و لەم شــوێنە ئازاد بووین، چۆن بتدۆزمەوە؟ ناونیشانت کوێیە؟

کەیوان: مامۆستای شاعیر، مامۆستا جەمال حەبیبوڵلا کە بە (بێدار) ناســراوە مامەمە، کە خاوەنی کۆمەڵە شــیعری (ســروەی بێداریی)ە، ئەو بدۆزەرەوە ان شــاءالله دەتگەیەنێت بە من، چونکە من ئێســتە هیچ ناونیشانێکم نیەو ئەگەر خوا کردی ڕزگاریشم بوو، نازانم لە کوێ دەبم!

(٤٤)

حەمەسوور بەرەو ژووری لێکۆڵینەوە

سـەعات نۆی سـەرلەبەیانی، ڕۆژی ٨ی ٤ی ١٩٨٩، کە یەکێک لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی پیرۆزی ڕەمەزان بوو، پاسەوانێک هات ناوی (موحەممەد قـادر)ی خوێنـدەوەو بردی بەرەو ژووری لێکۆڵینەوە، لەو ژوورە پڕ لە ترسـە هەریەکە لە ڕائید حەسـوون و مفەوەز تـاریق دانیشتبوون، دەستیان کرد بە پرسیارکردن لێی:

ڕائید حەسـون ڕوویکردە حەمەسـوورو گوتی: مەلا سـەید ئیبراهیم دەناسی؟

حەمەسـوور: نەخێر تەنها ناویم بیسـتووە کە مەلایە ئەگەرنا نایناسـم (لەو کاتەدا مەلا سـەید ئیبراهیم دەسـتگیرکرابوو، لە زیندان بوو، لە کاتی دەسـتگیرکرانیدا ژمارەیەک نامەی کەسـوکاری پێشـمەرگەی پێگیرابوو بیانبات بۆ کوڕەکانیان کە پێشمەرگە بوون).

ڕائید حەسون: ئەی ئەبوبەکر سدیق؟

حەمەسـوور: کوڕێکی فەقیرەو سـەوزە فرۆشـەو لە سـەوزە زیاتر هیچی تر ناناسی و من خۆم سێ مانگ لە ماڵیاندا بووم و باش دەیناسم.

ڕائید حەسوون: ئەی کەیوان و ڕێکخراوەکەی؟

حەمەسوور: تەنها کەیوان و لوقمان دەناسم، کەسی تریان ناناسم و هیچ پەیوەندیم لەگەڵیان نییە.

ڕائید حەسـوون: تۆ پەیوەندیت لەگەڵ (بزووتنەوەی ئیسـلامی) بە کرێگیراوی ئێران هەیە.(بەعس هەموو هێزە کوردییەکانی بە بەکرێگیراوی ئێران دەزانی لەو ساڵانەی شەڕی لەگەڵ ئێران هەبوو).

حەمەسوور: نەخێر.

ڕائید حەسوون: ئاخر مەڵێ نەخێر، شاهیدت لەسەرە.

حەمەسوور: شاهید کێیە با بێت بەرەو ڕووم. (پاشان دوو کەسیان هێنایە ژووری لێکۆڵینەوە).

ڕائید حەسوون: ئەوە کێیە؟

حەمەسوور: ئەوەیان (کەیوان)ە.

ڕائید حەسوون: ئەی ئەویتریان.

حەمەسوور: نایناسم. (جوانتر سەیرمکرد، ناسیمەوە، د.لوقمان بوو!).

حەمەسوور: ئەوەش لوقمانە، بەڵام یەکەمجار نەمناسییەوە.

ڕائید حەسون: دەی کەیوان، چی دەزانی لەسەر حەمەسوور بیڵێ.

من نکوڵیم کرد لەسەر هەموو ئەو شتانەی ئەوان دەیانویست و لەسەرم گوترابوو.

ڕائید حەسون: حەمەسوور، بیر نەکەیتەوە لەوەی خۆت بدزیتەوە لە دانپێدانان، ئەو ئاسنە دەبینی (دەستی بۆ پارچە ئاسنێک ڕاکێشا کە لە ژوورەکەدا بوو) ئەو ئاسنە دەهێنینە قسە ئەگەر بمانەوێت، لەبەر ئەوە ئاقڵبەو قسە بکە.

مفەوەز تاریق: قسە بکە.

حەمەسوور: نازانم، هیچ نازانم و ئاگام لە هیچ نیە، ئەوەی لەسەرم دەیڵێن هەمووی درۆیە، من پێشمەرگە نەبووم و سەر بە هیچ حزبێک نیم.

پاشان ئەوەی چاوەڕێم دەکرد ڕوویدا: بەرزیان کردمەوە بۆ سەر مێزەکە، کەلەپچەیان کردە دەستم، بەسەر کەلەپچەکەوە قایشێکیان بەست، بۆ ئەوەی قایشەکە بکەن بە قولاپەکەوە، پاشان لە دواوە هەڵیانواسیم، لەگەڵ هەڵواسین شەڕواڵەکەیان داکەندم، وایەرێکی کارەبایان لە ئەندامی زاوزێم بەست، سەرێکی تری وایەرەکەیان بەست لە پەنجە گەورەی قاچی ڕاستم، ئیتر پاڵێکیان بە مێزەکەوە ناو من

کەوتمە بۆشـــــایی و وەکو جلێکی تازە شـــۆردراوی هەڵواســـــراو بە تەنافەوەو ڕەشـــــەبا لێیبدا، ئاوا هاتوچۆم دەکرد بە ئاســــمانەوە، لەگەڵ یەکەم لەحزەی هەڵواسینەکە هەردوو شـانم ئەتگوت خەریکە لە بنا دێنە دەرەوە، هەرچی هاوارم کرد، سودی نەبوو.

بەخوا هەرچی کێشــــەیەک دەبێت خەتای خۆتانە، لێرە خەڵکی بەبێ تاوان هەڵدەواسن و دوایی کە بەربوو دەبێت بە پێشمەرگەو ئێوەش پێی دەڵێن موخەریب (تێکدەر)، بەخوا هەمووی خەتای خۆتانە، تخوا دامگرن، قسە دەکەم، (بەدەم هاوارکردنەوە ئەمانەم گوت).

پاشــان دایانگرتم، چونکە ئەوان دانپیانان و قســەکردنیان دەویست، بەهەرجۆرێک بێت، گوتیـان وەرە دەم و چـاوت بشـــۆ، بەلوعەیەک لە دەرەوەی ژووری لێکۆڵینەوەو ئەشــــکەنجە هەبوو، لەوێ دەم و چاوم شـۆرد، پاشـان گوتیان: "دەی قسـە بکە"، دیسـان گوتم: "هیچ نازانم، چی بڵێم؟".

کە گوتم هیچ نازانم، ئیتر وەک سەگی هار پەلامارو جنێو دەستیپێکرد: ڕائید حەسـوون: قەحبە باب، سـەگ باب، درۆمان لەگەڵ دەکەی؟ هیچ نازانی؟

بردمیانەوە ژوورەوە بۆ هەڵواسین، لەبەر خۆیانەوە دەیانگوت ئێستە ئەو دنیات پیشاندەدەین، درۆمان لەگەڵ دەکەیت؟ بۆ ئێمە گاڵتەچی تۆین؟

لەگەڵ هەڵواسـینی دووەم و پاش بیسـت دەقیقەیەک، دیسـان ئێش و ئازار تا ڕۆحم هات، گوتم دامگرن، بەخوا ئەمجارە قســـە دەکەم، هەموو شتێک دەڵێم!

دووبـارە دایانگرتم، بردمیانەوە دەرەوەی ژوورەکەو دەم و چاوێکم شـــۆرد، ئاهێکم هاتەوە بە بەردا، لەو کاتەدا کە من دەموچاوم شـــۆرد، ئەفسـەرێکیتر هات، گوتی: "ئەوە بۆ بەم ڕەمەزانە هەڵتان واسیوە؟"، ئیتر لەســـەر ئەوەی گوایە ڕەمەزانە و من بە ڕۆژووم هەڵیانواسـیوم، بوو بە شـــــەڕیان، خوا کردی لەو نێوانەدا منیان بیر چوویەوە، ئینجا مفەوەز

تاریق ڕووی تێکردم و گوتی: شەو بانگت دەکەمەوە، قسە نەکەیت ئاواو ئاوات لێدەکەم (هەندێک جنێوی پێدام).

ئینجا بە پاسەوانێکدا منیان ناردەوە بۆ ژووری ژمارە (دوانزە)، لەوێ پاسەوانەکە گوتی: "بچۆ کلیلەکان بێنە"، منیش چووم بە دوای کلیلەکاندا، بە هەمان هەستی پێش هەڵواسین و سزاکەوە دەستم برد بۆ کلیلەکان، سەیرەکەم دەستم بەرز نابێتەوە (لەو کاتەدا زانیم دەستم لە ئیش کەوتووە)، بەو پاسەوانەی لەو ژوورەی کلیلەکانی لێبوو، گوتم ناتوانم کلیلەکان هەڵگرم، ئیتر کلیلەکانی کردە ملم، بەمجۆرە کلیلەکانم هێنا بۆ پاسەوانەکەی تر کە چاوەڕێی دەکردم تا بمکاتەوە ژوور، لەگەڵ چوونەوە ژوورەوەم، برادەرانی ژوورەکە لێم کۆبوونەوە، گوتیان: "ماموستا چی بوو؟"، منیش هەموویم بۆ گێڕانەوە، ئیتر ئەوانیش پێیانگوتم: "نەچی ئیعتیراف بکەیت و قسە بکەیت کە بانگیان کردیتەوە، بۆ تۆ عەیبە قسە بکەیت، چونکە تۆ ئامۆژگاری خەڵکی دەکەیت"، ئیتر دەستیانکرد بە شێلانی دەستم، بۆ ئەوەی چاک ببێتەوە، پاشان کاتی نوێژی نیوەڕۆ هات، گوتیان: "دەتوانیت پێشنوێژیمان بۆ بکەیت؟"، گوتم: "بەڵێ دەتوانم"، پاشان نوێژی نیوەڕۆمان بە کۆمەڵ کرد بەو جۆرەی کە دەمتوانی، پاشان شەوی هەمان ڕۆژ ویستم بخەوم، هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی، لەلایەک ئازاری ئەشکەنجەو هەڵواسینەکە، لەلایەکی ترەوە نەمدەزانی چی ڕوو دەدات، زۆر بێزار بووم.

بۆ شەوی دوایی، ئاسۆ لە ژووری (سێزە)وە بانگی کردم، گوتی: "کاک موحەممەد ئەگەر دەتەوێت قسە بکەیت و ئیعتیراف بکەیت، پێشنوێژی مەکە، چونکە دوایی دەڵێن ئیسلامیەکان بێ غیرەتن، جا ناوبانگی خۆت و برایانت و ئیسلام بپارێزە"، گوتم: "ان شاءالله وا دەکەم"، لە ڕاستیدا ئەمانە ئامۆژگاری بوون، ئەو دۆخەش زۆر سەخت بوو کە هەڵتواسن و کارەبات لێبدەن، ئەمە زۆر زەحمەتەو جارێک و دووان نییە، ئەمە ئاسنیش دەتوێنێتەوە نەوەک گۆشت و ئێسقان.

شەو داهات و ئیتر شوکر بۆ خوا بانگیان نەکردمەوە بۆ ئەشکەنجەو لێدان و هەڵواسین، پاشان منیان گواستەوە بۆ ژووری ژمارە (سێزە)، لەوێ خەڵکی زۆری تێدابوو، یەکێکیان کاک د.سەردار بوو، ئەم دکتۆر سەردارە کۆنترینیان بوو، نزیکەی شەش مانگ بوو گیرابوو، تا وای لێهاتبوو تووشی حاڵەتی دەروونی بوو بوو، کە توورە دەبوو کەس نەیدەوێرا قسەی لەگەڵ بکات، بەڵام ئەو چەند ڕۆژەی ڕەمەزان کە مابووی، لە مانگی چواری ساڵی هەزارو نۆسەدو هەشتاو نۆ، بەهۆی کاک دکتۆر سەردارەوە کەمێک حاڵمان باشبوو، پارەی پێبوو، دەینارد پاقلاوەیان بۆ دەهێناین، ئەو پاقلاوەیە لەو زیندانەدا کە هەموو شتێکی تاڵ بوو، زۆر بە چێژ بوو، پاش ماوەیەک ئەم (د.سەردار)ەیان برد بۆ دادگای شۆڕش (محكمة الثورة)[1]، ئیتر پاشان بیستمانەوە کە بە ساڵێک زیندانی سزا دراوە.

---

١ - دادگایەکی سەربازی سەردەمی حزبی بەعس بوو، بە پێی یاسای (قانون تعديل قانون معاقبة المتامرين على سلامة الوطن ومفسدي نظام الحكم، رقم ٧ لسنة ١٩٥٨) لە ساڵی (١٩٦٤) دامەزرابوو، هەموو ئەو کەسانەی کە تۆمەتباردەکران بە پیلانگێڕی و هەڵگەڕانەوە لە دژی ئاسایشی نیشیمانی و سیستمی وڵات ڕووبەڕووی ئەم دادگایە دەکرانەوە، یان هەر تۆمەتبارێک دادگای سەربازی ئاراستەی بکردایە، خودی یاساکە لە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی حزبی بەعس دەرچوو بوو، ئەندامانی دادگاکە پێکهاتبوون لە سەرۆکێک کە دەبوو ئەفسەر بێت و پلەکەی لە عەقید کەمتر نەبێت، هەروەها دوو ئەندام کە پلەی سەربازییان لە موقەدەم کەمتر نەبێت، دەستەی دادگاو داواکاری گشتیەکەشی بە مەرسومێکی کۆماری لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دادەنران، ئەم دادگایە وەک قەسابخانە وابوو بۆ گەلی کوردو گەلانی تری عێراق لە ساڵانی (١٩٦٤ تا ٢٠٠٣).

(٤٥)

لە ژووری لێکۆڵینەوە، دوو کەیوان ڕووبەڕووی یەك دەکرێنەوە!

لەو ڕۆژانەدا کە (کەیوان)ی ئیسلامیی و هاوڕێکانی لە ئەندامانی ڕێکخراوەکەی دەستگیرکرابوون، (کەیوان)ێکیتریش دەستگیرکرابوو، بەرلەوەی کەیوانی دووەم دەستگیربکرێت هەندێک چالاکیتر هەر خرابوونە ئەستۆی (کەیوان)ی ئیسلامیی و ڕێکخراوەکەی، ئەوەش لە ژێر فشارو ئەشکەنجەی بێسنووردا، وا ئێستە ئەمنی سلێمانی دوو (کەیوان)یان دەستگیرکردووە کە پێشتر وایانزانیوە ئەم دوو کەیوانە هەر (یەک) کەسن، هەردووکیان خۆیان و هاوڕێکانیان تۆمەتبارکراون بە چالاکی دژی بەعس، کاتیەتی لەوە تێبگەن ئەم دوو (کەیوان)ە چین؟ کامیان سەر بە کامیانە؟ پەیوەندییان بە یەکەوە چییە؟

کەیوانی یەکەم، (کەیوان عەبدوڕڕەحمان)ەو کەیوانی دووەم (کەیوان ئەحمەد)[1]ە، ئەم کەیوانەیان ئەندامی شانەیەکی سەر بە ڕێکخستنەکانی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)ە، خۆی و پێنج کەسیتر دەستیگرکرابوون، یەکێک لە پێنج کەسەکە برای خۆی بوو، دواتر براکەی ئازاد کرا، ئەوانیتر ئەندامی شانەکەی بوون، یەکێک لەو تۆمەتانەی خرابوویە ئەستۆیان تەقەکردن بوو لە (خەتیبی گەورەی سلێمانی) لە ڕۆژەکانی کۆتایی سالی

---

[1] - ناوی تەواوی (کەیوان ئەحمەد قادر موحەممەد)ە، گەنجێکی شاری سلێمانییە، خۆی و چوار هاوڕێکەی لە (٤ی ٣ی ١٩٨٩) بە سەرپەرشتی پارێزگارو گەورە بەرپرسانی حزبی و سەربازی بەعس و ئامادەبوونی هەندێک خەڵک گولەبارانکران، هاوڕێکانی برتیبوون لە (عوسمان حەسەن قادر ئەحمەد، کەمال جەلال ئەمین، ئاکۆ عەلی ڕەمەزان سەلیم، عوسمان ئەحمەد سالح موحەممەد)، ئەم گەنجانەو هەموو ئەوانیتریش کە لەو ڕۆژە سەختانەدا بە پاکی تێدەکۆشان، بەڕاستی پاڵەوانی ولات بوون، خوای گەورە پلەیان بەرز بکاتەوە لە بەهەشتدا.

(١٩٨٨)دا، خەتیبی سلێمانی بێجگە لە ڕۆڵە خراپەکەی وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد، لە هەمانکاتدا "دەگوترا" گەواهیداوە کە وڵاتی ئێران چەکی کیمیایی لە شــــاری هەڵەبجە بەکارهێناوە نەوەک ســــەددام و ڕژێمەکەی.

پاشـــئەوەی ئەم دوو کەیوانە ڕووبەڕووی یەک کرانەوە، ئەفســـەرە لێکۆڵەرەکانی ئەمنی سلێمانی بۆیان ڕوونبوویەوە ئەم دوو کەیوانە چین و کاریان چیە و هەریەکەیان بەرپرســن لە چ کاروچالاکیەک و ئاگاداری چ کارێک نین!

"سا بەخوا ئەوە کوڕەکانی ئێمەن"

پاش مانەوەی بۆ ماوەی هەشتاو یەک ڕۆژ لە ژووی تەنهایی، ڕۆژێک پاســـەوانێک هات ناوی موحەممەدی خوێندەوەو گوتی: "کەل و پەلەکانیشـــت لەگەڵ خۆت بهێنە"، پەلی حەمەســـووریان گرت و بەرەو یەکێک لە هۆڵەکان پەلکێشیانکرد، کە نزیکبوویەوە بینی نووسراوە هۆڵی (سێزە) کە چوار پیاوی ڕیشسپی و شەش گەنج و منداڵێکی لێیە، پاش ئەو ماوە زۆرەو مانەوە لە ژوورێکی بچوکی یەک نەفەری و لە دۆخێکی زۆر خراپی ژیاندا، هێنانی بۆ ژوورێکی گەورەتر کە خەڵکی تری تێدایەو خۆی تەوالێتی هەیە، ئەگەرچی تەوالێتەکەش پیس بێت، بەڵام بۆ ئەم کە ماوەیەکی زۆر لە ژووری تەنهایی مابوویەوە وەک پشـــوویەک وابوو، بۆیە یەکســـەر پەلاماری ئاوی بەلوعەکەیدا بۆ خۆشـــۆردن و ئاو بە خۆداکردن، پاشـــئەوەی ئاوێکی بەخۆداکرد هاتە دەرەوەو یەکســـەر دەستیکرد بە نوێژکردن.

سێ لەو پیاوە ڕیشسپیانە وەک زۆرێکیتر لەوانەی دەستگیردەکران هیچ تاوانێکیان نەبوو، تەنها ئەوە بوو لەســـەر کوڕەکانیان گیراون، مام عەلی و دوو پیاوی تر کە باوکی کەیوان و گروپە پێنج کەســـییەکەی بوون، کەیوانەکەی کۆمەڵە.

یەکێک لە ڕیشسپییەکان لە باوکی هاوڕێکانی کەیوانی کۆمەڵە گوتی: موحەممەد تۆ لە ژوورە تەنهاییەکان بووی، کوڕەکانی ئێمەت نەبینیون؟

حەمەسوور: پێش ئەوەی بمهێنن بۆ ئەم ژوورە، چەند ئەفسەرێک هاتن پێنج کەسیان لە ژوورە تەنهاییەکان دەرهێنان و بردیانن، بەڵام نازانم بۆ کوێیان بردن.

پیاوە ڕیشسپییەکە: دەی سا بەخوا ئەوە کوڕەکانی ئێمەن و بردوونیان ڕەمیان بکەن، ئەی ماڵی وێرانم. (بە حەسرەت و خەمێکی قوڵەوە ئەمەی گوت و دەستی بە گریان کرد).

حەمەسوور دەڵێت: لە ڕاستیدا بەرلەوەی بێمە ژووری سێزە، ئەو هەواڵە ناخۆشەم بیستبوو کە ئەو ئەفسەرانەی هاتن ئەو پێنج کەسەیان برد، بۆ ڕەمیکردن بووە، بەداخەوە چەند گەنجێکی زۆر ئازاو جوان بوون، لە زیندانیش دەستیان کردبوو بە نوێژکردن و پابەندی.

(٤٦)

دایك و خێزان و هەر شەش خوشكەكەیان هێنا بۆ ژووری لێكۆڵینەوە

حەمەسوور دەگێڕێتەوە: بەرلەوەی بینا نوێیەکەی ئەمنی سلێمانی (کە بە ئەمنە سوورەکە ناسراوە) تەواو ببێت و بمانگوازنەوە بۆ ئەو بینا نوێیە، لە بینا کۆنەکە بووین(ئەمنی بەلدە)، لە ژووری ژمارە (یانزە)، مامۆستایەک لەو ژوورە بوو ناوی کاک (شێرزاد) بوو، شارەزایی باشی لە بواری سەربازی بەتایبەت ڕادار هەبوو، ئەم پیاوە لە دایکبووی ساڵی (١٩٦٠) بوو، لەسەر مسوڵمانێتی و ئیسلامیبوون گیرابوو، پیاوێکی زۆر بەڕێزو مسوڵمانێکی زۆر ساغ بوو، هۆکاری گرتنی ئەم مامۆستایە ئاشکرابوونی تۆڕەکەیان بوو کە مەلا (...) بەرپرسیان بوو، مەلا (...)یش پیاوێکی زۆر بە توانا بوو، کاری ڕێکخستنی دەکرد، پاش یەک مانگ سزاو ئەشکەنجە هەر دانی بە هیچ شتێکدا نەنابوو، بەڵام دواجار دایک و خێزانی و هەر شەش خوشکەکەیان گرتبوو و هێنابوویان بۆ ژووری لێکۆڵینەوە، هەڕەشەی شەرەفیان لێکردبوو ئەگەر هەموو ڕاستییەک نەڵێت، ئەویش گوتبووی: " دایک و خوشکەکانم بەربدەن، هەموو شتێک دەڵێم!".

ئەمە ڕەوشتی بەعسییەکان و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بوو، زۆربەی کات خۆڕاگری و ئازایەتی گەنجەکانیان لە ژووری لێکۆڵینەوەو نەچوونە ژێرباری زانیاریی و نهێنیی و چالاکییەکانیان لە ژێر ئەشکەنجەدا، بە هەڕەشەی (شەرەف) کۆتایی پێدەهێنا، ئەو هەڕەشەیەی ئیتر دەبێتە کۆتا وێستگەی خۆڕاگری مرۆڤ و ناکرێت و نابێت کاتێک دایک و خوشکت بهێننە پێشچاوت و هەڕەشەی لەو جۆرەیان لێبکەن داوای (خۆڕاگریی) لەو گەنجانە بکەیت! لە ڕاستیدا لە کاتی لەمجۆرەدا ئیتر ئەم داواکارییە زیادە بوو.

مەلا (...) بە ناچاریی دانی بە هەموو شتێکدا نابوو، لەوانە ژمارەیەک ژمارە تەلەفوونی پێ گیرابوو، ناوی هەموو ئەوانەی دابوو، بەمجۆرە

هەموو تۆڕەکەی ڕێکخستن دەستگیرکران، کە بریتی بوون لە (ئاسۆ، شێرزاد، جەزا، مەحمود، ئەحمەد، جەبار)[1]، ئاسۆ نزیکەی شانزە بەش قورئانی لەبەر بوو، ئەم گروپە نمونەی نیشتیمانپەروەری و خواناسی و ئازایەتی و لەخۆبووردوویی بوون.

ئەم گروپەی کاک جەبار لە ژوورەکەی بەرانبەرمان بوون، لە ژوورەکەی ئەواندا کونێک هەبوو لە دیوارەکەدا، ڕۆژێک برایەک گوتی: "کاک حەمەسوور چۆنی؟"، گوتم: "سوپاس برام، تۆ کێیت؟"، بە پێکەنینەوە گوتی: "ئەگەر دەتەوێت ناوی من بزانی، وشەی (پاداشت) بکە بە عەرەبی، من ئەوە ناوەکەمە"، ئینجا زانیم ناوی کاک (جەزا)یە، گوتم: "ناوم بیستوون، باشی برام"، گوتی: "سوپاس بۆ خوا باشین".

پاشئەوەی بۆ جاری یەکەم و لە مانگی ڕەمەزاندا حەمەسووریان بانگکرد بۆ لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەیانداو بەهۆی ئەوەی یەکێک لە ئەفسەرەکان تووڕە بوو کە بۆچی لە مانگی ڕەمەزان سزای زیندانیەک دەدەن، ئیتر تا ئەو کاتەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی لە بینای ئەمنی بەلدەدا بوو، بانگیان نەکردەوە بۆ لێکۆڵینەوەی تر، تا بەڕێوەبەرایەتیەکە گواسترایەوە بۆ بینا نوێیەکەی ئەمنی سلێمانی، واتە ئەمنە سوورەکە.

لەو بارەیەوە قەڵەمەکەم دەدەمەوە دەستی حەمەسوور بۆ ئەوەی دوای ئەو یەکەمجارە کە ڕووبەڕووی (کەیوان و لوقمان)یان کردەوە، بزانین چیتر ڕوویدا: کات دوای بانگی ئێوارە بوو، ڕۆژی ١٢ی ٦ی ١٩٨٩، هەر نزیکەی حەوت تا هەشت کەسێک سواری ئۆتۆمبێلی سەربازی داپۆشراویان دەکردین و بردینیان بۆ بینا نوێیەکەی ئەمنی سلێمانی، ئەو گروپەی ئێمە هەریەکە لە ڕائید حەسون و مفەوەز تاریق و دوو کارمەندی تری ئەمن بوون، کە گەیشتینە بەردەم بینا نوێیەکە

---

[1] - ئەم گروپە، شانایەکی ڕێکخستنەکانی بزووتنەوە بوون لە سلێمانی تا کۆیەو هەولێر، پاش ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر، لە ٣ی ١٠ی ١٩٨٩، هەر لە ئەمنی سلێمانی گولەباران کران و بە (نهێنی) کران بە ژێر خۆڵەوەو تەرمەکەیان ڕادەستی کەس و کاریان نەکرایەوە.

هەندێک ڕایانگرتین، لەو کاتەدا من کە لە دووتوێی بەتانییەکەمدا دوو پارچە ئاسنی بچوکم پێبوو کەوتنە سەر زەوییەکە، بە دەنگی زرینگانەوەی دوو ئاسنەکە لەسەر کاشییەکان، پاسەوانەکان شپرزە بوون و هاتن بۆمان، خەریک بوو لێمان بدەن، بەڵام باشبوو وازیان هێناو هیچیان نەگوت.

پاشئەوەی چووینە ژوورەوە کەلەپچەکانیان لەدەست کردینەوە، چونکە لە بینای ئەمنە کۆنەکەوە کەلەپچە کرابووین، پاشان ڕاپێچیان کردین بەرەو ژووری ژمارە سێزە، کە دەکەوتە نهۆمی دووەمی بیناکە بە دەستی ڕاستتدا کاتێک سەردەکەوتیت، ئەو گرووپەی پێکەوە بووین بریتیبوون لەم ناوانە (من، مەلا عەبدوڵڵا ژاراوەیی، سەلامە سوور، بەرزانە قەڵەو، حەمەی خەجێ، کاوە شیوعی، حەمەی تاوس، کوڕێکی شێخ نەجمەدین).

بینای ئەمنە نوێیەکە جیاواز بوو، زۆرتر حساباتی سەربازیی و ئەمنی تێدا کرابوو، گەورەبوو، ژوورەکان درووستکرابوون بۆ ئەو ئەرکەی بۆیان تایبەتکراوە، وەک بینا کۆنەکە نەبوو کە هەر بینایەکی یەک قاتی کۆن بوو زۆر تایبەت نەبوو بە زیندان و بە دەستکاریکردنەوە کرابوویە زیندان و ژوورەکانی تریش دابەشکرابوون.

پاش ماوەیەک لە ژووری سێزەوە ئێمەیان گواستەوە بۆ ژووری سێ، هەشت کەس بووین، جێگامان زۆر لە جاران باشتر بوو، ژوورەکە فراوان بوو، خواردنمان باشتر بوو، ئاوی باشی لێبوو، هەربۆیە دەرفەت هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی باشتر خواپەرستی بکەین، لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا دەستمکرد بە خوا پەرستی، ڕۆژانە نزیکەی سەد ڕکات نوێژم دەکرد، بێجگە لە نوێژە فەرزەکان.

لە ژووری (سێ)ی بینا نوێیەکە بووین، ڕۆژێک کابرایەکی قەڵەوی کەڵەگەتیان هێنا، دوای دانیشتن و بەخێرهێنان لێم پرسی: "ناوت چیە؟" گوتی: "ناوم (حاجی نووری) یەو لە ئەسڵدا خەڵکی (قەرەداغ)م"، گوتم:

"لەسـەر چی گیراوی؟" گوتی: "نازانم پێم دەڵێن تۆ دەرمانت ناردووە بۆ پێشمەرگە".

کاتی نوێژی عیشـــا هات، گوتم: "کاک حاجی نوێژ دەکەیت؟"، گوتی: "بـابە وازم لێبێنە نوێژی چی، لێرەش واز نـاهێنن؟"، پاشـــئەوەی ئێمە نوێژمان کرد بە ماوەیەک، پاســـەوانێک هات و بانگی (حاجی نووری) کرد، بردیان و دوای ســـەعاتێک هێنایانەوە، گوتم: "چی بوو؟" گوتی: "بەخوا زۆر باشـــیان لێدام، کابرایەک ناوی داوم"، گوتم: "دەی چیت گوت؟ دانت بە تۆمەتاکاندا نا؟"، گوتی: "بەڵێ"، گوتی: "تۆ وەرە ســـەیری لاشـەم بکە بزانە چیان لێکردووم"، کە سـەیرمانکرد ڕەنگی وەک ئەوەی لێهاتبوو دۆشـاوو خوێنت تێکەڵ کردبێت، پاشـان داوای لێکردم یارمەتی بدەم تا فێری نوێژ دەبێت، ئیتر پەیوەندیمان زۆر خۆشـبوو، پێکەوە زۆر قسـەمان دەکرد، جارێکیان حاجی نووری گوتی:" حەمەسـوور وەرە با شـــتێکی زۆر بەهێزت بۆ بگێڕمەوە لەســـەر دەســـەڵاتی خوا"، گوتی: "ماوەیەک لە کانی بەرد ئیشـمان دەکرد، بەردێکی گەورەمان شـکاند، لە ناوەڕاســـتی بەردەکە قوڵاییەکی تێدابوو، لەناو قوڵاییەکە هەندێک ئاو هەبوو، لەناو ئاوەکەشـــدا بینیمان بۆقێک لەوێیەو دەژی، ڕەنگی بۆقەکە ســـەوز بوو، کە خۆر لێیدا یەکســـەر هاتە دەرەوەو دوای تۆزێک مرد"، ئینجا حاجی نووری گوتی: "تۆ ســـەیری قودرەتی خوای گەورە، لەناو بەردێکی وەها ڕەقدا ژیان بدەیت بە بۆقێک!".

شـەوێک بوومەلەرزەیەکی زۆر بەهێز هەموو زیندانەکەی ڕاوەشـاند، لەو کاتەدا حاجی نووری خۆنەویســـتانە ڕایکرد بۆ لای دەرگاکە، بەڵام بێسوود، چونکە ئەوە دەرگای زیندانەو داخراوە!

(٤٧)

"هەموو زیندانیەکان سوپاسیان کردم"

حەمەسوور: ڕۆژێک پاسەوان هاتن و گوتیان دەبێت بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بچنە ئەو ژوورەوە، ژوورەکە زۆر بچوک بوو، زۆر ناڕەحەت بووین، زۆر گەرم بوو، ئاوی لێ نەبوو، ژیانمان زۆر قورس بوو لەو چەند ڕۆژە، نزیکەی دوانزە کەس دەبووین، پاش نزیکەی حەوت ڕۆژ ئێمەیان گەڕاندەوە بۆ ژوورەکەی خۆمان، کە چووین سەیرمان کرد دوو کەسی لێیە، باوک و کوڕێک، من چوومەوە شوێنەکەی خۆم کە لای دەرگاکە بوو، کەمێک هەوای فێنک لەو ژێر دەرگایەوە دەهاتە ژوورەوە، کوڕێکمان لەگەڵ بوو لەگەڵ زیندانییەکان نەدەگونجا، هات گوتی: "دەبێت ئەو شوێنە بۆ من چۆڵ بکەیت"، لە من قسەو لە ئەو قسە، بوویە شەڕمان، نینۆکێکی درێژی هەبوو، گیریکرد لە دەم و چاوم و لای بڕۆم بریندار‌بوو، هەموو دەم و چاوم بوو بە خوێن، لەم هەراو دەنگە دەنگە پاسەوانێک هاتە سەرەوە، گوتی: "ئەو خوێنە چییە بە دەم و چاوتەوە؟" نەمگوت لەگەڵ ئەو کەسە شەڕم کردووە، گوتم با نەیبەن و تووشی ئەزیەت بێت، هەرچۆن بێت ئەمە کوردەو لەگەڵمان گیراوەو ئەوانە بەعسین و دوژمنمانن، گوتم: "سەرم بەر دیوار کەوتووە"، پاشئەوەی پاسەوانەکە ڕۆیشت، هەموو زیندانیانی ئەو ژوورە سوپاسی هەڵوێستەکەیان کردم و پێزانینی زۆریان هەبوو.

لەم زیندانە تەنگ و تاریکە، لە هەموو شتێک دابڕابووین، زۆر تامەزرۆی زانینی هەواڵ و زانیاریی دەرەوە بووین، بەڵام دەستمان نەدەکەوت، بۆیە هەموو هەوڵێکماندەدا بۆ ئەوەی تۆزێک ڕووناکی ببینین، فەرشێکی بچووک لە ژوورەکەدا هەبوو، فەرشەکە دیوێکی کەمێک ڕەق بوو، لەگەڵ هەندێک شرە بەتانی تر لێمان دەئاڵاند تا تۆزێک بوەستێت و

دەمانخستە ژێر پێمان تا بگەینە ئاستی ئەو کونەی کە بۆ هەواگۆڕکێ دروستکرابوو، لەوێوە دەمانتوانی خۆرو ڕووناکی و دەرەوە ببینین، لەو کونە بچوکە کۆترە باریکەیەک هێلانەی کردبوو، هێلکەیەکی تیابوو، کوڕێکی سوعبەتچیمان لابوو، ڕۆژێک گوتی: "بەخوا ئەو هێلکەیە دادەگرم، کە پاسەوانەکە هات پێشانی دەدەم، دەڵێم ئەوەندە لێرە ماوینەتەوەو لێتان نەپرسیوین بە هەمووومان لە داخا ئەم هێلکەیەمان کردووە"، لەناو هەموو ناخۆشییەکاندا، هەموو بەم قسە خۆشانە پێدەکەنین.

"نەوەد کەس پێکەوە نوێژمان دەکرد،ماینەوە چوار کەس"

حەمەسوور بەردەوامە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی لە بینیای ئەمنە سوورەکە: ڕۆژی ٢٧ی ٨ی ١٩٨٩، پاسەوانەکان هاتن و گوتیان خۆتان کۆ بکەنەوە، ئێمەش خۆمان پێچایەوە، من و حاجی نووری کەوتینە ژووری یەک لە نهۆمی خوارەوە، سەیرمکرد ژوورێکە پڕیەتی لە خەڵک، جێگە نابێتەوەو مانەوە تیایدا زۆر زەحمەتە، زیاتر لە نەوەد کەسی تێدابوو، کە چووینە ژوورەوە جێگە نەبوو هەر دابنیشین، ناچار چووینە بەردەم تەوالێت و حەمامەکان ئەگەرچی شوێنێکی زۆر پیس بوو، کاتی نوێژی نیوەڕۆ هات، من و حاجی نووری بەیەکەوەو بە کۆمەڵ نوێژی نیوەڕۆمان کرد، هەموو ژوورەکە سەیریان دەکردین، زیندانیەک کە جۆرە خزمایەتییەکمان هەبوو، هاتە پەنامەوە، گوتی: "کورە خۆت تووش مەکەو بە تەنیا نوێژی خۆت بکە، چیت داوە لە جەماعەت"، منیش گوتم: "یەکجار بەو جۆرە نییەو ترسی ناوێت، لەوەتەی گیراوم هەر ئاوا نوێژ دەکەم"، بەمجۆرە بەردەوام بووین، تا هەندێک لە زیندانییەکان گوتیان: "ئەی بۆچی ئێمەش بە جەماعەت لەگەڵتاندا نوێژ نەکەین؟"، بەمجۆرە بەردەوام ژمارەی نوێژە بە کۆمەڵەکە زیادی دەکرد، تا وای لێهات هەموومان کە زیاتر لە نەوەد کەس دەبووین بە کۆمەڵ نوێژمان دەکرد.

پاش ماوەیەک خەڵکەکە ترسـان، یەک دوو کەس هەبوون ترسـنۆک بوون و ترس و دڵەڕاوکێیان بڵاو کردەوە، گوتیان بەعس زۆر ڕقی لە ئیسـلامییەکانە، ئەگەر ئێوەش بەو جۆرە نوێژ بکەن، ئەوە حسـابی ئیسلامییەکانتان بۆ دەکەن، بەمجۆرە ترس زیاتر بوو، تا وای لێهات هەر نوێژێک بۆ نوێژێکی تر کەمتر دەبووینەوە، تا دواجار گەیشتینەوە سـەر چوار کەس، ئەو چوار کەسـەی کە هەر لە سـەرەتاوە پێکەوە نوێژمان دەکرد، ئەوانیتر هەموو وازیان لە نوێژی بە کۆمەڵ هێنا لە ترسـی تۆڵەو توورەیی ئەمنەکان، بەڵام بە تەنها نوێژی خۆیان دەکرد.

"بەو حاڵەوە مرد"

هەر لەو ژوورە، شـەوێک گوێمان لە ناڵە ناڵێک بوو، کەسـێکیان هێنا لەناو بەتانییەکدا لە بەردەرگا فڕێیاندا، ئێمەش هەڵمانگرتەوەو هێنامانە ژوورەوە، ناوی (ئیسـماعیل عەبدوڵڵا) بوو، گوتمان: "ئەرێ کاکە بۆ گیراوی و بۆچی ئاوایان لێکردووی؟"، گوتی: "دەڵێن تۆ ڕێکخستنی حزبە تێکدەرەکانیت و دەبێت دان بە تاوانەکەتدا بنێیت، منیش بێئاگام لە هەموو شتێک، ئیتر بەمجۆرە ئەشکەنجەیاندام"، یەکێک لە هاوڕێکانمان کە حاڵی ئەو کوڕەی بینی، گوتی بەخوا کەسـیان ئاوا ئەشـکەنجە نەداوە، زۆر خراپ ئەزیەتیانداوە، ئەو کوڕە نەیدەتوانی هیچ بخوات، هەرچی دەخوارد هەڵیدەهێنایەوە، لەگەڵ هەر ڕشانەوەیەکیش تەنها ئاوێکی سەوز باو بوو، هیچی تر، ئیتر خەومان نەما بۆ حاڵی ئەو کوڕە، هەتا نوێژی بەیانی نەخەوتین، پاشان بۆ سەعات نۆی بەیانی کە هەستاین دوای نانخواردنی بەیانی، ئیسماعیلمان هەڵگرت و بردمان بۆ سەرئاو، تا بردمان باش بوو، کە قاچی کەوتە سـەر زەوی یەکسـەر هاواری کردو تەخت کەوت، زۆر بە نارەحەت هەڵمانگرتمانەوە، هیچ کەس هاوکاری نەدەکردین، چەند ڕۆژێک بەو جۆرە خزمەتمان کرد، بەڵام حاڵی زۆر خراپ بوو، پاش ماوەیەک هاتن ناویان خوێندەوەو بردیان، دواتر بیسـتمانەوە کە ئیسماعیل بەو حاڵەوە مردووە.

"ئەمە کتێبی ئیسلامییەکانە!"

پاش چەند ڕۆژێکیتر کوڕێکیان هێنا بۆ ژوورەکەمان، ناوی (فاروق) بوو، زۆر فەقیرحاڵ دیار بوو، بەخێرهاتنم کرد، گوتم: "بۆچی گیراوی؟" گوتی: "لە کارگەی چیمەنتۆ ئیشم دەکرد، دوای تەواو بوون پێش ئەوەی ســـواری ئۆتۆمبێل ببم، کتێبێکم دۆزییەوە، منیش هەڵمگرت بۆ ئەوەی بیکەمە لولە گوڵەبەڕۆژە، بەڵام لە خاڵی پشکنین(سەیتەرەکە)ی تاسڵوجە کتێبەکەیـان لێگرتم، گوتیـان: "ئەم کتێبە هی کێیە؟، گوتم: "هی منە"، گوتیان: "دابەزە، ئەم کتێبەت بۆ چیە؟"، گوتم: "بۆ لولە گوڵە بەڕۆژەمە"، ئەمنەکان گوتیان: "ئەمە هی ئیســلامییەکانە!"، گوتم: "ئیســلامی چی؟ من خوێندەواریم نیە".

پاش دوو ڕۆژ مانەوەی، پاش ئەوەی منی ناسی، فاروق هاتە لامەوە، بە بێدەنگی پێیگوتم: "کاک حەمەســوو، با ڕاســتیەکەت پێ بڵێم، بەڵام با ئەمـانەت بێت لات"، گوتم: "دڵنیـابە"، من نـاوم (فـاروق)ە، کوڕی (مەلا مســـتەفا)م، ماڵمان لە گەڕەکی (ئابلاخ)ە لە ســـلێمانی و خوێندەواریشـــم هەیە، بەڵام ســــوپاس بۆ خوا شــــێوەم لە خوێندەوار ناچێ و قورئانی زۆریشـــم لەبەرە، ئەو کتێبەش کە بۆم باســـکردی کاتێک دۆزیمەوە زانیم هی ئیسـلامییەکانە، بەڵام هەر کە گرتیانم خۆمکردە نەخوێندەوار، پاشـان بردیـانم بۆ مـاڵەوەو لەوێش براکەم بە بێـدەنگی پێیگوتم کە بڵێم خوێندەواریم نیە، منیش هەر وام گوتووە، جـا نـازانم چیم لێدەکەن؟"، منیش گوتم: "من ئاگاداری ئێرەم، ئەوە ســـاڵێک زیاترە لێرە گیراوم، بانگت دەکەن و ئەزیەتت دەدەن، بەڵام خۆڕاگر بەو هیچ قســـەیەک مەکە، ان شـاءالله ڕزگارت دەبێت"، پاشـان گوتم: "هەندێک قورئانم بۆ بخوێنە"، گوتی: "جـا چۆن دەتوانم"، گوتم: "تۆ پیاســـە بکە، هەموو جارێک کە گەیشـتیتە لای من یەک ئایەتم بۆ بخوێنە، خەڵک هەر وا دەزانێ قسـەی نێوان خۆمـان دەکەین"، بۆیە هەر وامـانکرد، چونکە لەنـاو زیندانیەکانـدا خەڵک هەبوو پیـاوی ئەمن بوو، لەوێ دەمـایەوە تـا زانیـاریی لەســـەر

زیندانییەکان بداتە ئەمن، ئەمە بۆ من دەرفەتێکی زێڕین بوو، چونکە لە زیندان قورئانمان لا نەبوو، نەماندەزانی کات بە چیەوە بەســـەر بەرین، بەوجۆرەی ڕێککەوتین ســـەرەتا ســـورەتی (الدخان)ی بۆ خوێندم، منیش لەبەرمکرد، پاش ماوەیەک بانگیان کرد بۆ لێکۆڵینەوە، پاش نیو سەعاتێک هێنایانەوە، گوتم: "ها چی بوو؟"، گوتی: "پێنج دەقیقەیەک هەڵیانواســـیم، بەڵام زۆر نەیانهێشـــتمەوەو نەقیب ماجید لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردم، چیم گوت ئەوەی نووسی، دیسان گوتمەوە کە من نەخوێندەوارم ونازانم ئەو کتێبە چیە؟ پاشـــان گوتی بەر دەبێت"، ئیتر ســـوپاس بۆ خوا پاش چەند ڕۆژێک ئازاد بوو.

(٤٨)

ئەمن و ئوتوو و دانپیانان

سـەعات یانزەی شـەوە، دیسـان ئەیوب بانگکرایەوە بۆ لێکۆڵینەوەو ئەشـکەنجە، کاتێک بردیانە ژووری لێکۆڵینەوە، بینی موحەممەدی لێیە کە لەسـەر حزبی شیوعی گیرابوو، هێنانی ئەیوب بۆ لێکۆڵینەوە لەم کاتانەدا بۆ ئەوەبوو کە ئەشکەنجەی موحەممەد ببینێت، ئەمیش ورەی بڕوخێت و زووتر دان بەو تۆمەتانەدا بنێت کە ڕووبەڕووی دەکرانەوە.

ئەم چرکەسـاتە بۆ ئەیوب زۆر ترسـناک بوو، چونکە ئەو سـزاو ئەشـکەنجەیەی ئەو شـەوە بینیویەتی هەرگیز بە بیریدا نەهاتبوو، کە چووە ژوورەوە ڕائید حەسـون گوتی: "ئەو سـەگە دەبینی؟"، ئەیوب گوتی: "کام سەگ؟ من سەگ نابینم"، ڕائید حەسون گوتی: "ئەو سەگەی لەسـەر ئەو مێزە بەسـتوومانەتەوە"، ئەیوب بە ناچاری گوتی: "بەڵێ دەیبینم" (لەم کاتانەدا ئەیوب چاوی بە موحەممەد کەوت کەلەسـەر مێزە جولاوەکە بە زنجیر بەسترابوویەوە، دەمی چەقێنرابووە کۆتایی مێزەکە).

ڕائید حەسوون فەرمانیدا ئەو جیهازە بهێنن، عەرەبانەیەکی جولاویان هێنا، وەک ئەو عەرەبانانەی لە ژووری نەشـتەرگەری بەکاردەهێنرێت، عەرەبانەکە جیهازێکی لەسـەر بوو، جیهازەکە نزیکەی (سـێ) سـانتیم درێژو (بیست) پان بوو، دوو دەسکی پێوەبوو، لەگەڵ کێبلێکی کارەبایی.

جیهازەکەیـان هێنـاو کردیـان بە پلاکێکەوە، حەسـون ڕوویکردە موحەممەدو گوتی: "دانبنێ بە تۆمەتەکاندا، قسە بکە"، موحەممەدیش هەر دەیگوت: "هیچ نازانم"، نەوەک هیچ نازانم، هەر جنێوی پێدەدان.

لەم کاتانەدا حەسون ڕوویکردەوە ئەیوب و گوتی: "سـەیر بکە، جوان سـەیربکە، چاوت لەسـەری لانەبەی"، ئەیوبیش سـەیری دەکرد، یوسـفی

جەللاد لە پشـــتەوە کراســـەکەی موحەممەدی دڕاند کە بەڕووا لەســـەر مێزەکە بەســـترابوویەوە، لە ســـەتڵێکدا هەندێک ئاوی هێنا، پشـــتی موحەممەدی تەڕکرد، جەللادەکەی تریش کە مەحمودی نـاوبوو چوو پلاکی جیهازەکەی هەڵکرد، نزیکەی کەمتر لە دەقیقەیەک جیهازەکە هێندە گەرم بوو، ســـوور بوویەوە، بەهۆی ئەوەی ژوورەکە مەیلەو تاریک بوو بە ئاسانی سووربوونەوەکەی دەبینرا، ڕووی پلێتی جیهازەکە کە نزیکەی (سی) سانتیم بوو بە تەواوی گەرم داهات، حەسون هاتە نزیک ئەیوب و بە دەسـتی ڕاسـتی توند چەناگەی گرت، ڕووی بۆ سـەر مێزەکەو پشـتی موحەممەد وەرچەرخان، گوتی: "ســـەیرکەو چاو لا نەبەیت"، پاشـــان فەرمـانیکرد گوتی: "لێیـدەن"، لەگەڵ گوتی لێیـدەن جیهـازە ســـوور بووەوەکەیان بۆ یەک لەحزە خسـتە سـەر پشـتی موحەممەد، موحەممەد تەنها یەک هـاواری کردو بێهۆش کەوت، پڕاوپڕی جیهازەکە گۆشـــتی پشـــتی نووســـا بە جیهازەکەوە، ڕۆحی ئەیوب هەر ئەوە نەبوو بێتە دەرەوە، لەلایەک بۆ ئازاری ئەو گەنجە کوردە هەژارەو لەلایەک بۆ حاڵی خۆی کە ئەگەر دان بە تۆمەتەکاندا نەنێ ئەمیش وا لێدەکەن.

ڕائید حەســون بە ئەیوبی گوت: "بینیت؟ ئەگەر قســەی ڕاســتمان بۆ نەکەیت تۆش وا لێدەکەین"، ئەیوب کە هەر بە تەواوی حەپەســـا بوو نەیدەزانی چی بڵێت، نەیدەزانی چی بکات تا لەم دۆخە پڕ ئازارە خۆی ڕزگار بکات، دۆخەکەی بەجۆرێک بوو هیچی بۆ نەدەگوترا.

جەللادەکان موحەممەدیان بەبێهۆشـــی لە مێزەکە کردەوە، هەڵیانگرت و فڕێیاندایە دەرەوە، پاشـان ڕوویان کردەوە ئەیوب، گوتیان: "قسە بکە"، ئەیوب هەر دەیگوت بەخوا من هیچ نازانم، ئاگام لە هیچ نیە، ئاخر شتێکم پێ بڵێن با بیڵێم (لە ڕاســتیدا ئەیوب ئەندامێکی تازەبوو لە ڕێکخراوەکەو هەر بە ڕاســـتی هیچ زانیارییەکی لا نەبوو، ئەگەرنا وەکخۆی دەڵێت ئەو دۆخە هی ئەوە نەبوو قسە نەکات).

ئەمجارە سەرەی دارە درێژەکە هات کە شەوی پێشتر خۆی لێ لادا، گوتیان: "ڕاکە"، ئەیوب ڕایدەکردو دارەکەش بەدوایەوە، هەر هەنگاوێک و دارەکە دەیگرتەوەو ئەیسەرەواندە قاچی، قولاپەی، سمتی، داریش ئەستورو گەورەو قورس، پڕ ئازار، ئەم ڕاوڕاوێنە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو، دیسان ئەمشەویش ئەوان ماندوو بوون و ئەیوبیان بردەوە بۆ ژوورەکەی خۆی.

(٤٩)

"ژوورەکە پڕبوو لە خوێنی ئەکرەم"

دیســـان شـــەو داهاتەوە، بۆ جارێکیتر ئەیوبیان بانگ کردەوە بۆ ئەشـــکەنجە، لە ژووری ئەشـــکەنجە ئەمجارەیان گەنجێکی تری کوردی بێکەس لەوێیەو سـزا دەدرێت، گەنجەکەش یەکێک لە هاوڕێکانی کەیوانە، ئەکرەم، ئەکرەمی پاڵەوان.

کە ئەیـوب چـووە ژووری لـێکـۆڵـینەوە، بـینـیـم ئەکـرەم لە ژێـر ئەشکەنجەدایە، ئەشکەنجەیەک کە بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات، ئەکرەمی هەژاری زمان پڕ لە زیکرو ویرد.

ئەیوب دەڵێت: هەر کە ئەکرەمی هـاوڕێمـانم بینی خۆم بۆ نەگیرا دەســـتم کرد بە گریان، بەڕاســـتی ئەو دۆخەی ئەوم تێدا بینی هەر هی گریـان بوو، چونکە هیچ دەســـەڵاتێکم نەبوو هـاوکـاری بکەم، ئەکرەم لەســـەر دەم ڕاکێشـرابوو، کورسـییەکی سـێ قاچیان لەسـەر جەسـتەی دانابوو، یەکێک لە قاچەکانی کورســـییەکە لەســـەر پشـــت ملی بوو، دوو قاچەکەی تری کورســـییەکەش لەســـەر هەردوو کڵۆکی ئەکرەم، جەلادێک هەبوو ناوی ڕائید ڕەحیم بوو، قەڵەوێکی ســـوورەی زلە بوو، لەســـــەر کورســـییەکە دانیشـــتبوو، لەگەڵ ئەوەشـــدا بەردەوام کارەبای لە ئەکرەم دەدا، لەگەڵ لێدانی کارەباکەشـــــدا ئەکرەم هێندە هیلاک بوو بوو، هێندە ئەشکەنجە درابوو، تەنها نرکەیەکی لێدەهات، وەک بڵێی ئیتر خەریک بوو ڕۆحی پێ نەدەما، ئەوەندە ئازار درابوو، پاش مـاوەیەک وەســـتان لە ســـزای ئەکرەم، ڕەحیمی بێ بەزەیی گوتی لایبەن، کە هەســـتاو گوتی لایبەن، دوو جەللادەکە هـاتن تـا کورســـییەکە لابەرن و ئەکرەم بەرنە دەرەوە، کـاتێک کورســـییەکەیـان بەرز کردەوە کورســـییەکە نەهـات بەدەستیانەوە، هەرسێ قاچەکەی چەقیبووە گۆشتی لاشەی ئەکرەم، ئەو

ناوه هەمووی بوو بوو بە خوێن، جەلادەکان کوردسییەکەیان ڕاکێشاو ڕایانوەشاند بۆ ئەوەی لە جەستەی ئەکرەم بێتە دەرەوە، بەڕاستی ئەمە ئەو ئازارەبوو کە من هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات، ئەوەشی بەلامەوە سەیر بوو کاتێک ئەکرەمیان هەستاندەوە هێشتا هۆشی مابوو، سەیرێکی کردم، بەجۆرێک هەستم کرد بزەیەکم بۆ دەکات، بزەی مرۆڤێکی پاڵەوان کە ئازارەکانی خۆی لەبیر دەکات بۆ دڵخۆشکردنی براکەی، منیش چاوم هەر پڕ لە فرمێسکە بۆی.

پاشئەوەی ئەکرەمیان برد، من مامەوە، ڕائید ڕەحیمی بێ بەزەیی ڕوویکردە من، گوتی تۆ کێیت؟ (منو انت؟)، گوتم لەبەردەمتدا نووسراوە، ناوم "ئەیوب"ە، ئەی باوکت ناوی چیە؟ بەمجۆرە دیسان هەمان پرسیارەکانی سەرەتا، هەموویم پێ گوت، پاشان گوتی ماڵت لە کوێیە؟ گوتم ماڵم لە فلان گەڕەکە، گوتی نزیکی کوێن؟ گوتم نزیکی ڕێکخراوی حەتتین(منظمة حطين)، کە گوتم نزیکی ئەو بارەگایەی بەعسم، یەکسەر گوتی: "بەڕاستت؟ ئەی چۆنە لە تەنیشت مونەزەمەی حەتینیت و ئەو هەموو کارە تێکدەرانەت کردووەو تا ئێستا نەمانزانیوە؟" گوتم: "هیچم نەکردووە، من چیم کردووە؟".

ڕائید ڕەحیم هەستایە سەرپێ و یەک دوو نوکە شەقی هەڵدا لە نووکە پێی ئەیوب، کەمێک سەیری قاچەکانی کرد کە ئاوساون و هەندێک سەیری ناوچاوی کرد، ئەیوب وایزانی ئەم کابرا دڵڕەقە بەزەیی پێدا دێتەوە، پاشان گوتی: "قاچەکانت جوت بکە، ئادەی دانیشە، ئادەی با قاچەکانت ببینم"، لەم کاتانەدا بە هەموو هێزی و بە پۆستاڵەکانیەوە چووە سەر پەنجەی پێی ئەیوب، ئەیوبی بێگوناحیش پێشتر پەنجەکانی هەموو بووبوونە برین و ئاوسابوون، لە تاو ئازار باوەشی کرد بە قاچی ڕائید ڕەحیمدا، سا بەڵکو وازی لێبێت، لەلایەکی ترەوە خەریکبوو قەپ لە قاچی بگرێت، بەڵام بیری کردەوە کە کاری لەمجۆرە ئازارەکەی مردنە،

بۆیه بیرکردنەوه لەوه هەڵەیەکی کوشـــنده بوو، پاش ماوەیەک لەســـەر قاچی لاچوو.

دیسـان دەسـتی کردەوه بە پرسـیارکردن، پاشـان ڕەحیم گوتی: "چۆنه تۆ ئەو هەموو ئیشــەت کردووه، بۆ قســه ناکەیت"، دیســان ئەیوب گوتی: "من هیچم نەکردووەو هیچ نازانم"، ڕەحیم کە بە حسـاب یەکێک بووه لە ئەفسـەره باشـەکان، گوتی: "بابا، زۆر دەزانیت! تا ئێسـتا کەم لە ئێوه ئاوا خۆی ڕاگرتووەو قسـەی نەکردووه"، دیسـان بە یوسـفی گوت: "یوسـف دەست پێبکە"، یوسف گوتی: "گەورەم چی لێبکەم؟".

ڕائید ڕەحیم چوو فەلاقەیەکی هێنا، شـتێکی زۆر سـەیر بوو، هەندێک ورده وایەر بوون، نزیکەی دوو مەتر درێژ بوو، ســـەری درکی فەلاقەکه شـتێکی خڕی بچوکیان پێوەبوو وەک هەڵمات، هەروەها سـەرێکیشـی تیژ بوو، گوتی: "شـەڕواڵەکەی داکەنن"، ئیتر شـەڕواڵەکەی ئەیوبیان داکەندو ئەیوب ڕووت بوویەوه، ڕەحیمی جەلادیش خۆی دەســـتیکرد بە لێدانی بنی ئەژنۆی ئەیوب، چەند دانەیەکی پیاکێشـا، هەموو پیاکێشـانێکیش وەک چرنووکی پشـیله هەموو گیانی دەڕنی و شـوێنەکەی پڕ دەبوو لە خوێن، ئیتر ئەیوب بەم ئەشکەنجه نوێیه توانای ڕۆیشتنی نەما، لە شـوێنی خۆی کەوت، بەمجۆره ئەشـــکەنجەی ئەمشـــەویش تەواو بوو، بردیانەوه بۆ ژوورەکەی خۆی.

"هەر بەڕاستی ناتوانم بێمه دەرەوه"

بۆ دوانیوەڕۆی سـبەی، پاسـەوانێک هات و ناوی ئەیوبی خوێندەوه، پاسـەوانەکه ناوی ئیبراهیم بوو، شیعەبوو، نەیدەزانی حاڵی ئەیوب چۆنه، بۆیه هـاواری کرد: "ئەیوب وەره دەرەوه"، ئەیوبیش گوتی: "ناتوانم"، بە تووڕەییەوه هـاواری کرد گوتی: "دەڵێم وەره دەرەوه"، ئەیوب هەر بەڕاسـتی گوتی: "ناتوانم"، پاشـان گوتی: "سـەرت بێنه دەرەوه"، ئەیوب سـەر دەباته دەرەوه، بینی هەر بەڕاسـتی ئەیوب ناتوانێت، هەموو گیانی

خوێنە، قاچی توانای ڕۆیشتنی نەماوە، دەستی توانای جووڵەیان نەماوە، ویستی ڕایکێشێ بەدوایدا نەدەهات، کە هەڵیساندەوە سەیر دەکات هەر بە تەواوەتی توانای ڕۆیشتنی نەماوە، لەم کاتانەدا ئیبراهیمی پاسەوان بە بێدەنگی بە ئەیوبی گوت: "تۆ ناوت چیە؟"

ئەیوب: ناوم ئەیوبە.

پاسەوان: لەسەرچی گیراوی؟

ئەیوب: خۆشم نازانم.

پاسەوان: با موژدەیەکت بدەمێ، تۆ سزاو ئەشکەنجەت لەسەر نەماوە، ئیتر تەواو ئێستە دەتبەمە هۆڵ.

ئیتر پاسەوانەکە کە بە ڕووکەش وادیاربوو بە بەزەییە بۆیە بەوجۆرە مامەڵەی لەگەڵ کردووە، هاتە ژێر باڵی و ئەیوبی بەرەو هۆڵی ژمارە (هەشت) بەرێکرد، لەوێ ئەیوب بوویەوە بە هاوەڵی هاوڕێ ئەزیزەکانی، بینی موحەممەد و ئەحمەد هەورامی و جەلال و ئەمیرو د.لوقمان و هەموو هاوڕێکانیتر، بەڵام ئەوەی ئازاریدا ئەوەبوو کە بینی هاوشێوەی خۆی هاوەڵەکانی بە توندی ئەشکەنجە دراون، ئەشکەنجەیەکی بێ سنوور، هەندێکیان ئەشکەنجەکەیان زیاتر بوو، بەجۆرێک مرۆڤ ناتوانێت بیهێنێتە پێشچاوی خۆی کە ئایا کەسانێک هەن هێندە دڵڕەق بن بەمجۆرە مامەڵە لەگەڵ گەنجانێک بکەن کە زۆرینەیان خوار تەمەنی یاسایین!

"داراو عەلی نانیان دەکرد بە دەممەوە"

ئەیوب دەڵێت: هۆڵەکە نزیکەی بیست و هەشت کەسی تێدابوو، کەیوان و هەندێک لە هاوڕێکان هێشتا لە ژووری تەنهاییدابوون، یان لە ژێر ئەشکەنجەدا بوون، ئەوانەشی لەوێبوون بەڕاستی بە بینینیان دڵت ژانی دەکرد، بینیم موحەممەد عەبدوڵلا هەورامی دەستی ئیش ناکات، جەلال ئەحمەد بێجگە لەوەی دەست و قاچی ئیش ناکات سەریشی لە

چەند شـــوێنێکەوە شـــکا بوو، ســـزایەکی زۆر دڕندانەی جەلال درابوو، ئەمیر بە هەمانشـــێوە دەســـتی تێک چوو بوو، د.لوقمان خۆی چاوی لاوازبوو کەچی زۆری ئازاری چاوو ناوچاوی درابوو، زۆری لێدرابوو، بەجۆرێک هیچی نەدەبینی و بەدەست دەیتوانی بجوڵێت.

کە منیشـــیان فڕێدایە ژوورەوە، هەموو هاتن بە دەممەوە، بەتایبەت داراو عەلی برای زیاتر هـاتنە نزیکمەوە، چونکە بێجگە لەوەی هـاوڕێ بووین، لە هەمانکاتدا دراوسێیش بووین، منیشان بردە جێگەکەی خۆیان، زۆر گرنگیان پێدام، زۆر هاوکاریانکردم، دەســـتم ئیشـــی نەدەکرد، تا هەفتەیەک عەلی و دارا نانیان دەکرد بە دەممەوە، دەیانبردمە ســـەر ئاوو پێویستیان جێبەجێ دەکردم.

ژیانی ڕۆژانەمان لە ژوورەکەدا زۆر قورس بوو، ژمارەمان زۆر بوو، هەناسـەو ئۆکسـجین زەحمەت بوو، بۆ دەست گەیاندن بە تەوالێت دەبوو ســـەرە بگرین، بەلوعەکەشـــمان ئاوی پێدا نەدەهات، بۆشـــیان چاک نەدەکردین، دەبوو دەمی پێوەنێین و هەڵمژین و ئەو ئـاوەی دەهـات دەمانکردە ســـەتڵێک و بەو جۆرە بەکارمان دەهێنا، بە شـــەویش کە دەخەوتین ســـەتڵەکەمان دەخســـتە بەردەم بەلوعەکەو دڵۆپ دڵۆپ تا بەیانی باش بوو نیوە دەبوو، ئەوەشمان سود لێ وەردەگرت.

"لە خراپەوە بۆ خراپتر"

ئەیوب بۆمان دەگێڕێتەوە: هۆڵەکەمان هێندە پیس و بێکەڵک بوو چەند جارێک داوامانکرد کە لەم هۆڵە لامانبەن و بمانبەن بۆ هۆڵێکی تر، یان هەندێک ماسـیحەو پێداویسـتیمان بۆ بێنن و ڕێگەمان بدەن خۆمان پاکی بکەینەوە، کەچی گوتیـان: "نەخێر خۆمـان دەتـانکەینە هۆڵێکی تر"، دوای ماوەیەک ئێمەیان بردە هۆڵێکی تر، هۆڵی ژمارە (چواردە)، هۆڵەکە وەک قەبارە گەورەتر بوو، بەڵام بەڕاســـتی لە خراپ ئێمەیان برد بۆ خراپتر، بەشـــێکی هۆڵەکە لە زەوی بۆ ســـەقفەکەی زبـڵ بوو، زبڵی هەموو

ژوورەکانیان کۆکردبوویەوەو لەو هۆڵە دایاننابوو، ئیتر دۆخی ئێمە لەم ژوورە پڕ زبڵەدا خراپتر بوو، دوای چەند ڕۆژێک دۆخەکەمان قورسـتر بوو، ئاوی پیسی زبڵەکە دەهاتە خوارەوە، زەوییەکەی ژێرمان کە کاشی بوون ڕەنگی گۆڕا بۆ ڕەش لە پیسی زبڵەکە، پاشان سیسرک و شتی پیس پیس ژوورەکەی گرتەوە، بەمجۆرە دۆخمان زۆر خراپتر بوو، دوای ئەوەی زانییان هەموو گیانیشمان ڕەنگی پیسی و ڕەشی گرت، ئیتر گوتیان باشە دەست بکەن بە خاوێن کردنەوەی، بەرمیلیان هێنا بۆ زبڵەکەو لایانبرد، هەروەها دوو سەتڵ ئاوو ماسیحەیان پێداین بۆ پاککردنەوە، پاشان بە دەرفەتمان زانی لەگەڵ خۆمان بەتانیەکانمان دەبردە حەوشەکەو لەبەر تیشکی خۆردا تەکاندمانن، بەمجۆرە کەمێک ژوورەکە پاک بوویەوە.

ژیانی ڕۆژانەمان لە ژوورەکەدا زۆر سەخت بوو، ژمارە زۆریمان لە ژوورەکەدا کێشەیەکی گەورەبوو، هەروەها قژی درێژو خۆنەشۆردن و خواردن بەدەست و خواردنی چەند کەسێک لەناو یەک سەتڵداو بەبێ کەوچک، ئەمانە هەمووی سزا بوون.

ڕۆژانە نوێژەکانمان بە جەماعەت دەکرد، تەنها ئەمە چێژێکی تایبەتی بە ژیانمان دابوو، مەلا عەلی و مەلا خالیدو یاسین و داراو جەلال و موحەممەدو موسا پێشنوێژیان بۆ دەکردین، ماشەڵڵا زۆرینەیان قورئانی زۆریان لەبەربوو، موسا لەو کاتەی دەستگیرکرا نزیکەی (دە) بەشی لە قورئان لەبەربوو، ئەمان زووتر تەمەنی خۆیان لەگەڵ قورئان و نوێژو مزگەوت خەرج کردبوو، زۆریش د ەنگیان خۆش بوو.

(٥٠)

"ئەی چۆن لە دوارۆژدا لەبەردەم خوادا بووەستم؟"

بەکرە بچکۆل[1] ئەم دیمەنەی زیندانمان بۆ دەگێڕێتەوە: شەوێک گوێم لە هاتوهاوارو ناڵەی یەکێک لە زیندانییەکان بوو، هەستمکرد ئەو دەنگە دەناسمەوە، زۆر بێتاقەت بووم، چونکە بێجگە لەوەی هەستی ئازاردان و ئەشکەنجەی هەر زیندانییەک بۆ من و هەر زیندانییەکی تر جێگەی حەسرەت و خەم بوو، لە هەمانکاتدا من دوو برام لە ژووری (هەشت)ن، ژوورەکەی کەیوان و هاوڕێکانی، بۆیە بڕیارمدا لەبەردەم ئەو بۆشاییە بچوکەی ژوورەکەماندا بووەستم تا ئەو کاتەی ئەو زیندانییە دەهێننەوە، بزانم کێیە؟

کات نزیکبوویەوە لە دوانزەی شەو، لە بۆشاییە بچوکە موشەبەکەکەوە سەیری ڕێڕەوەکەم دەکرد، چاوم لێبوو دوو پاسەوان بە چوار دەست یەکێکیان لە ئەشکەنجەوە هێنایەوە، دیقەتمدا سەیرمکرد ئەحمەدی برامە، هەناسەی تێدا نەمابوو، لەتاو ئەشکەنجەو ئازار توانای نەبوو بە پێی خۆی بڕوات، بۆیە بە چواردەست ئەمنەکان هەڵیانگرتبوو، ئاااای خوایە چەند دڵتەنگ بووم، فرمێسک بەرچاوی گرتم، ئیتر زانیم هەڵە نەبووم، ئەو هاوارانەی هەستم بۆیان زیاتر جوڵا ئەحمەدی برام بوو.

هێنان و بردنی کەیوان و هاوڕێکانی لە ژووری هەشتەوە بۆ ژووری لێکۆڵینەوە بەجۆرێک بوو ئێمە ئاگاداری بووین، چونکە ژوورەکان بە

---

[1] - ناوی تەواوی (ئەبوبەکر عەبدوڵلا فەتاح)ە، ساڵی (١٩٧٥) لە گوندی (گوڵپ)ی بناری هەورامان لە دایکبووە، ئەوکاتەی دەستگیرکراوە قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی بووە (واتە پۆلی حەوتی بنەڕەتی ئێستا)، بۆیە بەهۆی بچوکی تەمەنییەوە لە زیندان بە (بەکرە بچکۆل) ناسرابوو، لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە دانیشتووی وڵاتی بەریتانیایە.

تەنیشت یەکەوەو یەک لە دوای یەک بوون، ئەگەر هەر یەکێک لە ژووری هەشـــت بەرەو لێکۆڵینەوە ببرایە دەبوو لەبەردەم ژووری ئێمەوە بیبەن، ئەگەرچی خودی ژووری هەشــــت لە ئێمەوە دیــار نەبوو، چونکە ژوورەکانی پێنج و شــەش لە تەنیشــتمان بوون، کە دەگەیشــتە ژووری حەوت و هەشت پێچێکی تێدەکەوت.

من ئەم ئەشــکەنجەیەی ئەحمەدی برامم بەلاوە ســەیر بوو، چونکە کەیوان و هاوڕێکانی زۆرینەیان لێکۆڵینەوەیان تەواو بوو بوو، کەواتە بۆچی دیسان ئەحمەدی برامیان هێناوەتەوە بۆ لێکۆڵینەوە، هۆکار چییە؟

چاوەڕێم کرد تا نوێژی بەیانی، ئەو کاتەی هەموو ئەندامانی ژوورەکە پێکەوە هەستاین بۆ نوێژکردن، هەروەک نوێژە فەرزەکانی تر مەلا جەبار پێشنوێژی بۆ کردین، پاش تەواو بوونی نوێژ ئیتر کاتی بوو قسە لەگەڵ ژووری هەشـــــت بکەم، بزانم بۆچی ئەحمەدی برام برابوویەوە بۆ لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە، هۆکار چییە؟ ئەمن چی دەوێت لێی؟

پاش یەک دوو هاوار: "ژووری هەشـــت، ژووری هەشـــت"، ژووری هەشت وەڵامیان دامەوە، بەڵێ ژووری (هەشت)تان لەگەڵە، فەرموون، من گوتم ئەبوبەکرم دەمەوێت قســـە لەگەڵ ئەحمەد یان موحەممەدی برام بکەم، ئەحمەدی برام وەڵامی دامەوە، فەرموو ئەبوبەکر گیــان، دوای چاکی و چۆنی، پرســـیم: "کاک ئەحمەد ئەوەچی بوو ئەمشـــەو، بۆچی دیســـان برایتەوە بۆ ئەشـــکەنجەو لێکۆڵینەوە؟"، گوتی: "ئەبوبەکرگیان گوێی مەدەرێ، ئێمە لەم ژیانە ڕووبەڕووی ئەمجۆرە ئەزیەت و ئازارانە دەبینەوە، قیامەتیش نزیکە، لەوێ پشوو دەدەین"، گوتم: "کاکە گیان ئەوە بەســــەرچاو، بەڵام ئێوە لێکۆڵینەوەتـان تەواو نەبوو بوو؟ ئیتر بۆچی دەتبەنەوە بۆ لێکۆڵینەوە؟"، گوتی: "ئەبوبەکر گیــان بردمیــانە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە، لەوێ لە قســـەکانم پەشــیمان بوومەوە، گوتم ئەوە هەمووی لە ژێر ئەشـــکەنجە گوتومەو ڕاســـت نیە، بۆیە جارێکیتر منیان هێنایەوە بۆ لێکۆڵینەوەو ئەشـــکەنجە، دەڵێن هەر دەبێت دان بنێیت بە

تۆمەتاکاندا، منیش ئەمە هەمووی بە هۆکاری پاداشـــتی دوارۆژ دەزانم، خۆ دەبێت هێندە ئازار بچێژم کە چوومەوە بەردەم خوای گەورە ڕووم بێت بڵێم: خوایە لەبەر خاتری تۆ من ئەشـــکەنجەو ئازارم چەشـــت، من لەبەر خاتری تۆو لە پێناو ئازادی گەلەکەمدا ئەمانەم بەســـەردا هات! بەمجارەوە ئەوە ســـێیەم جارە لەبەردەم دادوەردا لە قســـەکانم پاشـگەز دەبمەوە، هەر منیش نا، چەند برایەکی تریش هەر وامانکردووە!".

گوتم: "کاکە گیان ئەی ئەو هەموو هاتوهاوارە چییە؟ باشـە بۆ دەنگی تۆ هێندە بەرزە؟ بەو جۆرە ئەشـــکەنجەی خەڵکی تر نابیســـتم، ئایا ئەشـــکەنجەی تۆ لە هی ئەوان زیـاترە؟"، گوتی ئەبوبەکر گیـان: "لە چواردەوری ئەم بینـایە خەڵک هەیە، لەو کاتـانەدا هەر بە ئەنقەســـت ئەوەندە بە دەنگی بەرز هاوار دەکەم، دەڵێم بەڵکو لەو دیو ئەو دیوارانەوە یەکێک تێپەڕێت و گوێی لەم هـاوارو نـاڵەیە بێت و بۆ قیـامەت ببێتە شـــاهیدمان، ببێتە شـــاهید لەســـەر ئەوەی ڕۆژێک هەبوو لێرە کەســـێک لەسەر قورئان سزا دەدرا!".

کە بەو جۆرە وەڵامی هەردوو پرسیارەکەی دامەوە، ئیتر من هیچیترم بۆ نەگوترا، من پێشـــترو لە ژیانی ڕۆژانەمدا ئەحمەدی برام ناســـیبوو، دەمزانی چەند ئازایە، بەڵام بەڕاستی بەم ئاستە تێنەگەیشتبووم، بەڕاستی ئەمە کۆتایی ئازایەتییە، دوای زانینی هۆکاری ئەشـــکەنجەکەی ئەمشـــەو هەندێک قسـەی ترمان کردو دوایی دڵنەوایی کردم، گوتی: "ئەبوبەکرگیان گوێ مەدەرێ، خوا کەریمە، هەموو شـــت بە دەســـتی خوایە نەوەک ئەمانە!".

(٥١)
دانی بە هەموو شتێکدا نا

حەمەسوور، کە زیاتر لە ساڵێکە دەستگیرکراوەو تەنها یەکجار براوە بۆ لێکۆڵینەوە، تیایدا ڕووبەڕووی کەیوان و لوقمان کراوەتەوە، بەڵام ئەو جارە خوا دەرفەتی پێداو ئەشکەنجەکەی درێژەی نەکێشا، ئەگەرچی هەشتا ڕۆژ لە ژووری تەنهایی و زەحمەت و سەرماو گەرمای تر بە درێژایی ساڵ و نەبوونی دەرمان و پزیشک و نەبوونی پاکوخاوێنی و کێچ و ئەسپێ ئەشکەنجەیەکی ڕۆژانە بوو بۆی، بەڵام وەک بڵێی ئەمنەکان ئەمیان لەبیر کردبێت، بەوجۆرە لە بیریان چووبوویەوەو مانەوەکەی بە جۆرێک درێژەی کێشا کە بوویە کۆنترین زیندانی ئەمنی سلێمانی.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٠ی ١٠ی ١٩٨٩، حەمەسوور بە ڕۆژوو بوو، ڕۆژووی سوننەت، پاسەوانێک هاتە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەی و ناوی خوێندەوەو بردیان بۆ لێکۆڵینەوە، لە ژووری لێکۆڵینەوە لەبەردەم (مفەوەز تاریق)دا خۆی بینییەوە، موحەممەد لاواز، ماندوو و هیلاک، ئەو ڕۆژە تا ئێوارەش بەڕۆژوو بووەو تینوو و برسیە، چاوەڕێی بەربانگی دەکرد، بەڵام خۆی لەبەردەم تاریقی دڵڕەقدا بینییەوە، کە هەر بە گەیشتنی یەکسەر کەلەپچە کراو کرا بە قولاپەکەوە، شەرواڵەکەیان داکەندو سەرێکی کارەباکەیان بەست لە ئەندامی زاوزێی و سەرەکەی تریشی بەستیان بە پەنجە بچوکی دەستی ڕاستی، ئیتر لە ئاسماندا جەستەی لاوازی ئەهات و ئەچوو، دەستیانکرد بە لێدانی کارەبا.

مفەوەز تاریق سەری هەڵبڕی بۆ حەمەسوورو گوتی:" گەواد هەتا دان بە هەموو شتێکدا نەنێیت و قسە نەکەیت ئەوە جێگەتە".

حەمەسوور دەڵێت: منیش هەرچی هاوارم کرد سودی نەبوو، هەرچی پاڕامەوە ئەو ستەمکارە گوێیەکی نەبوو بۆ بیستن، من هاوارم دەکردو ئەویش لەگەڵ جنێودان دەیگوت ئەوە جێگەتە، من کە خەریکبوو هەردوو دەستم لە ئاستی شانەکانم بێنە دەرەوەو کارەباش هەموو جەستەمی ڕادەوەشاند، کاتیش هەر چرکەیەکی وەک دە سەعاتیش تەواو نەدەبوو، ئیتر نەمدەزانی چی بکەم، بۆیە باشترین شتێک یادی خوایە بە خوێندنی پەیامەکەی خۆی، بۆیە دەستمکرد بە خوێندنی قورئان، لەسەرەتای سورەتی یاسین نزیکەی دە ئایەتم خوێند، پاشان ئەو کەوتە پرسیارکردن، من وەڵاممدایەوە، ئەشکەنجەو کارەبا بەردەوام بوو، لاشەم وەک لقی دارێکی شۆڕەبی کە شنەبایەک لێیبدا هەر لە هاتوچۆدابوو، لەم کاتانەدا بیرم لە چڵە پووشێکیش دەکردەوە تا دەستی بۆ بەرم و کەمێک لە ئازارم کەمبکاتەوە، بەڵام بێسود بوو، پەنجەم لە قولاپەکە گیر کرد، تا کەمێک ئەو قورساییەی کەوتووەتە سەر هەردوو شانم کەم ببێتەوە، بەڵام مفەوەز تاریقی خوانەناس کە زۆربەی کات بە سەرخۆشی دەهات بۆ لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە، بەوەی زانی کە من پەنجەم لە قولاپەکە گیرکردووە بۆیە دەستیکردەوە بە کارەبا، لەتاو ئازاری کارەبا پەنجەم لە قولاپەکە بەربوو، هێزی کارەباکە دە هێندەی پێشتر بوو.

"بەڵێ من پێشمەرگەبووم"

مفەوەز تاریق: موحەممەد، خۆت و ئێمەش هیلاک مەکە، پێویستە ئیعتیراف بکەیت، دەی قسە بکە، تۆ بە تەمای چیت؟ دوو شایەتت لەسەرن، بۆ کوێ دەچی؟.

حەمەسوور: چیت لێم دەوێت؟ (لەم کاتانەدا هیچ هێزم تیا نەمابوو، ئیتر ئازارەکە گەیشتە ئەوەی بەرگەی نەگرم).

مفەوەز تـاریق: دانی پێـدابنێ کە تۆ چوویـت بۆ لای (بزووتنەوەی ئیسلامی).

حەمەسـوور کە تەواو بڕسـتی لێبڕابوو، قاپە ژەهرەکەی خواردەوەو دانیپێدانا: بەڵێ چووم.

مفەوەز تاریق: لەگەڵ کێ بوویت؟ کێ بەرپرست بوو؟

حەمەسوور: لەگەڵ (عەلی باپیر) بووم.

مفەوەز تاریق: جێگرەکەی کێ بوو؟

حەمەسوور: کەسێک بوو ناوی (حەسەن بابەکر) بوو.

مفەوەز تاریق: چەند کەس بوون؟

حەمەسوور: نزیکەی (٦٣) کەس.

مفەوەز تاریق: چ جۆرە چەکێکتان لا بوو؟

حەمەسـوور: شـەسـت کلاشـینکۆف، پانزە بیکەیسـی، نۆ ئارپ بی جی، یەک دۆشکەو هاوەنێکی شەست ملیم و چەند جۆرە چەکێکیتر.

مفەوەز تاریق: لە چ شوێنێک بوون؟ بارەگاتان لە کوێ بوو؟

حەمەسوور: قەلاتووکان.

مفەوەز تاریق: دوایی لە کوێ بوون؟

حەمەسوور: دوایی چووینە ئێران.

مفەوەز تاریق: تۆ چی بوویت لەوێ؟

حەمەسوور: من لەوێ نانەوا بووم.

مفەوەز تاریق: چەند لەوێ بوویت؟

حەمەسـوور: دوو مانگ (لە ڕاسـتیدا نزیکەی هەشـت مانگ لەوێ بووم).

مفەوەز تاریق: چ چەکێکت لابوو؟

حەمەسـوور: چەکم لا نەبوو، چونکە بـاوەڕیـان پێ نەدەکردم و ماوەکی کەم لەوێ بووم. (ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە من چەکیشم پێبوو، ماوەیەکی زۆریش لەوێ بووم).

مفەوەز تاریق: تۆ لوقمان چۆن دەناسی؟

لوقمان وا دەناسم کە دوای گەڕانەوەم لە شاخ بووم بە نانەوا، پاشان هەموو ڕۆژێک کوڕێکم دەبینی دەهات بۆ نان کڕین، غەریبە دیاربوو، بۆیە زوو بەڕێمدەکرد، ڕۆژێک کە من لە کار تەواو بووم و بەرەو ماڵەوە دەهاتمەوە ئەو کوڕەم بینی، زۆر سوپاسی کردم کە هاوکاری دەکەم و زوو لە نان کڕین بەڕێیدەکەم، گوتی دەبێت دەعوەتی من بیت لە چێشتخانە، من زۆر ئینکاریم کرد، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی لەگەڵی بچم و نانی لەگەڵ بخۆم، بۆیە من داواکەیم قبوڵ کردو لەگەڵی ڕۆیشتم بۆ چێشتخانە، لەکاتی نانخواردن زۆر پرسیاری کرد لە بارەی ڕێگای ئێران، گوتی تۆ خەڵکی ئەم ناوچەیەیت باشتر دەزانی، گوتم بۆچی دەپرسی؟ گوتی ئەوەی ڕاستی بێت من لە حکومەت قاچاخم و دەمەوێت دەربچم، بۆیە لای تۆش باسمکرد چونکە شێوەت لە پیاو خراپ ناچێت، گوتم من شارەزام و ئەگەر ئێستا دەڕۆی بەسەرچاو یارمەتیت دەدەم، ئەگەر بەهاریش دەڕۆی ئەوە بەسەرچاو خۆم بە ئاسانی دەرت دەکەم.

مفەوەز تاریق: باشە ئەگەر بهاتایە ڕێگەت پیشاندەدا؟

حەمەسوور: بەڵێ.

موحەممەد کە بەدرێژایی ئەم گفتوگۆو پرسیارو وەڵامە لەگەڵ مفەوەز تاریق، هەر بە قولاپەکەوە هەڵواسراوەو بەردەوام کارەبای لێدەدەن، پرسیارو وەڵامەکە بەردەوام بوو:

مفەوەز تاریق: دەی ناوی ڕێکخستن بڵێ؟ کێت لەگەڵە؟

حەمەسوور: بەخوا کەس ناناسم.

کە گوتم کەس ناناسم، دەستی برد بۆ پلاکی کارەباکەو هێزی کارەباکەی زیاترکرد، ئیتر هەموو گیانم بوو بە ئاگرێکی گەرم، زۆرم هاوارکرد، بەڵام بێسوود بوو.

حەمەسوور: بووەستە با هەندێک قسەت لەگەڵ بکەم.

ئیتر کارەباکەی هێواش کردەوە، گوتی: دەی قسە بکە.

حەمەسوور: دەتەوێت درۆت بۆ بکەم؟

مفەوەز تاریق: نەوەڵا درۆم ناوێت.

حەمەسـوور: ئەگەر دەتەوێت درۆ بکەم و لە خۆمەوە ناوی خەڵک بڵێم، فەرموو پاسـێک بهێنە با بچین بۆ ڕانیە، هەرچی دەناسـم بێئەوەی بزانێ ئیسلام چیە چ جای بزووتنەوە، دەڵێم ئەوەشمان لەگەڵە.

مفەوەز تاریق: ئەوەم ناوێت، ناوی ڕاستیم پێ بڵێ.

حەمەسـوور: دەی سـوێند بەخوا کەس ناناسـم کە ئەندامی ڕێکخسـتن بێت.

پاشـان دەسـتیکردەوە بە زیادکردنی کارەباکە، هەموو گیانم وای لێهات کە ئیتر وا هەسـتم دەکرد لە کەناری مردن نزیکدەبمەوە لە تاو ئـازار، بۆیە هـاوارم کرد: "وەڵا نـازانم، بیلا نـاوی کەس نـازانم و هیچ ڕێکخسـتنێکم لەگەڵ نیە"، پاشـان هات کارەباکەی لێکردمەوەو گوتی: "بەیـانی بـانگت دەکەم، لە یەک قسـەت پەشـیمـان ببیتەوە، ڕۆحت دەردەهێنم، بەیـانی نـاوی ئەنـدامـانی ڕێکخسـتنم لێت دەوێ"، ئینجـا فەرمانیکرد بە پاسەوانەکە بیبەن.

هەرکە چوومەوە ژوورەوە بە زەردەخەنەیەک ڕوانیم بە گیراوانی ژوورەکەدا، یەکێک لە زینـدانییەکـان گوتی: "هەتیو بەچی پێ دەکەنی، نابینی دەسـتت چی لێهاتووە؟"، منیش نەمویسـت خۆم وا پیشـانبدەم کە ئازارم هەیە، گوتم با ئەوانەی لەوێن بێتاقەت نەبن، چووم دانیشـتم تا بانگی ئێوارەیدا، لە هەموویان زیاتر ماست و خورمایان بۆ هێنام، لەگەڵ هاوڕێکەمدا ناوکی خورماکەمان دەرهێنا بوو و چاوەڕێی بانگ بووین، پاشـان ڕۆژووم شکاندو ئیفتارم کردەوە، هەموو برایانی ژوورەکە هاتن بۆ ئەوەی بمشێلن و هاوکارم بن لەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەیە، چونکە هەموو زیندانییەکان تەنها دەسەڵاتی شێلانمان هەبوو بۆ هەرکەسێک کە تووشی ئەشکەنجە دەبوو.

پاشــان زیندانییەکان پرســیاریان لێکردم: "دانت بە هیچدا نا؟"، گوتم: "بەڵێ"، گوتیان: "بۆچی؟"، گوتم: "بە ڕاســتی وام بەباشــزانی، من خۆم ترسی خۆم نەبوو، خەمی ئەو برایانەم بوو نەوەک ناوی یەکێک بدرکێنم، بەڕاستی ئەو کافرانە ئەشکەنجەکەیان بێسنوورە، پاشـان لە دڵی خۆمدا پەیمانم بە خوادا کە ئەگەر ناوی یەک کەس بدرکێنم بچمە حەمامەکەوەو خۆم بدەم لە کارەبا"، پاشــان هەریەکە لە مامۆســتا ئەحمەدو کاک والی کە یەکەمیان ئەندامی (کۆمەڵە)و دووەمیان (پارتی) بوو، زۆر هـانیـاندام کە لەوە زیاتر دان بە هیچ شــتێکدا نەنێم و خۆڕاگربم، پێیان دەگوتم تۆ کەســێکی نـاســـراوی، هـانی خەڵک دەدەیت ئیعتیراف نەکەن، جا تۆ ئیعتیراف بکەیت دەبێت خەڵکیتر چیبکەن، منیش بەڵێنمدا ئیعتیراف نەکەم و ناوی کەس نەدەم ئەگەر لەت و پەتم بکەن.

بۆ بەیانی کە ڕۆژ بوویەوە مفەوەز تاریق بانگی کردمەوە، قسـەکانمی نووســی و ئیمزام کردوو ناردمیان بۆ لای دادوەری لێکۆڵینەوە، لەوێ کـابرایەک هەبوو (مفەوەز کەریم)مـان پێدەگوت، کوردی دەزانی، بەڵام نازانم کورد بوو یان کوردی دەزانی، دادوەر پرسـیاری هەموو دانپیایان و قسـەکانی لێکردم، مفەوەز کەریمیش دەیکرد بە کوردی، کە هاتە سـەر باسـی چۆنیەتی ناسـینی لوقمان، ئەو کەریمە گوتی: "قەت شـتی وانابێت، چۆن یەکســـەر باوەڕی پێت کردو گوتی من قاچاخم"، منیش جەختم کردەوە لەوەی گوتەکەم ڕاســتە، ئیتر دادوەر هەمووی پێ واژۆ کردم و منیان بردەوە بۆ ژوورەوە، کاتێک چوومەوە ژوورەوە برادەران گوتیان: "ها چی بوو؟"، گوتم: "هەموو ئەوەی گوتبووم لای دادوەری لێکۆڵینەوە واژۆم کردا".

ئیتر لەمە بەدوا زۆر بێتاقەت بووم، بەتایبەت کە پاش زیاتر لە ساڵێک مـانەوە دانم بەوەدا نـابوو کە من ئەنـدامی (بزووتنەوە) بووم، بەڵام هەرگیز لای خەڵک خۆم وا پیشـــان نەدەدا کە بێتاقەتم، بۆ ئەوەی خەڵک نەڵێن ئەندامێکی بزووتنەوەمان لەگەڵ بووەو بێتاقەت بووە.

(٥٢)

گەورە کردنی تەمەن بۆچی بوو؟

ڕۆژی ٢٣ی ١٠ی ١٩٨٩، پاسەوانێک هات و ناوی حەمەسووری خوێندەوە، نەیدەزانی بۆچی دەیبەن و بۆ کوێی دەبەن، کاتێک زانی لەبەردەم کەسێکدا خۆی بینییەوە کە مەکینەیەکی سەرتاشینی پێبوو، پاسەوانێکی قەڵەوی گەورە بەسەر سەریانەوە بوو، بە عەرەبی بە حەمەسووری گوت: "سەرت نزم بکەرەوە"، بەڵام حەمەسوور تێنەگەیشت چی دەڵێت، بۆیە بە چەپۆکێک سەری پێ نزم کردەوە هەتا بۆ سەرتاشینەکە ئاسان بێت، بەمجۆرە سەریان سفر کرد، کە بەلای هەمووانەوە سەیر بوو، چونکە پێشتر سەرتاشین نەبوو، هەموو زاندانییەکان بەردەوام سەروڕیشی درێژیان هەبوو.

پاش چەند مانگێک مانەوە بە فەرامۆشکراوی، لە مانگی (٤)ی ساڵی(١٩٩٠)، ڕۆژێک هاتن حەمە سووریان برد، خۆی نەیدەزانی بۆ کوێی دەبەن، لە کاتێکدا هیچ نەخۆش نەبوو، کەچی لەگەڵ یەکێکیتر کە ناوی (حسێن قادر) بوو، بردیان بۆ نەخۆشخانەی (فێرکاری) کە بە نەخۆشخانەی جامیعەکە ناسراوە، لەوێ تیشکی ئەژنۆو کەمەریان بۆ گرت، پاشان بردیان بۆ لای پزیشکێک، پزیشکەکە بە تەمەن بوو، ڕیشی سپی بوو بوو، پزیشکەکە گوتی: "لە داکیبووی (١٩٧١)ە"، من لە ڕاستیدا تەمەنم (١٩٧٣) بوو، بەمجۆرە دوو ساڵ تەمەنیان گەورە کردم، پاشئەوەی دەیگەڕێننەوە بۆ زیندان، هاوڕێکانی پرسیاریان لێکردووە بۆ کوێ براوەو بۆچی براوە؟ لەوێ حەمەسوور بۆی ڕوونکردوونەتەوە کە تەمەنیان گەورە کردووە، ئیتر هەموو زیندانییەکان بە چاوی بەزەییەوە

ســـەیری حەمەســـووریـان دەکرد، چونکە دڵنیـابوون یەک ئـامـانج لە گەورەکردنی تەمەن هەیە، ئەویش (لە سێدارەدان)ە.

بەمجۆرە ڕۆژانی خۆی بەڕێدەکرد، دەســـتگیرکرانی گەنجێک بەناوی (فەرحان) کە قورئانێکی بچوکی پێ بوو، بۆ حەمەسوورو ئەوانەی تر کە تامەزرۆی قورئان بوون بوویە خێرو بەرەکەتێکی گەورە، ئیتر زۆرینەی کاتەکانیان بە لەبەرکردنی (قورئان)ەوە بەســـەر دەبرد، لەگەڵ هەندێک گـاڵتەو گەپ و قســـەی خۆشـــی زینـدانییەکـان لەنـاو خۆیـانـدا، یـان دەســـتگیرکرانی کوڕێکی ڕاهێنەری (کۆنغفۆ) بەناوی(دلێر) دەبێتە هۆی ئەوەی زینـدانییەکـان کـاتی خۆیـان بە ڕاهێنـانی وەرزشـــی (کۆنغفۆ) بەســـەربەرن، کە بوو بوویە هۆی ماندوبوونی زۆرو لەبیر چوونەوەی ئێش و ئازارو ترسی داهاتوو و چارەنووسیان.

لە بیرەوەرییەکـانیـدا، م.نوری فـارس حەمەخـان بۆمـان دەگێڕێتەوە: جـارێکیـان کوڕێکی منـداڵکـاری هەولێری یـان کۆیی هەبوو، بـاوکەکەی شـاڵێکی "ســەیید"ی لە پشـتدابوو، لە هەردوو ڕاپۆرتی نەخۆشـخانەی کەرکوکی ســـەربازی و نەخۆشـــخانەی کەرکوکی کۆماریی بە (منداڵ) تۆمـاریـان کردبوو، ئەوەش زۆر گرنگ بوو، چونکە لەو تەمەنەدا مرۆڤ لە سـێدارە نادرێت، بەڵام ڕاپۆرتەکان پێویسـتیان بە واژۆی (ئەفســەریی ئەمن)ی نەخۆشـــخانە هەبوو، لە یادمە بۆ کێشـــەی ئەم کوڕە منداڵە ئیحســـان هات بۆ لام، کە ئەفســـەرێک بوو پێماندەگوت (ئەبو عەممار)، گوتی: "مامۆستا وەرە بۆ قەڵەمی لیژنەی پزیشکی، مولازم مەجید لەوێیە، بەڵکو تکای لێبکەیت کە ڕاپۆرتی پزیشـکی کوڕی ئەم مام ســەیدە واژۆ بکـات"، منیش چووم بۆ لای مولازم مەجیـد کە ئەفســـەری ئەمنی نەخۆشـخانە بوو، هەموو شـتێک بەدەسـتی خۆی بوو، باسـی ئەوەم بۆ کرد کە: "ســـەید وەک دیزەی ڕەش وان، بە چاک و خراپ لێیان نزیک مەکەوەرەوە، ئەم ســـەیدەش کە لە خزمەتدا وەســـتاوە دەیەوێت ئەم نووسـراوەی بۆ واژۆ بکەیت"، بەڵام مولازم مەجید هەردوو ڕاپۆرتەکەی

هەردوو نەخۆشـــخانەکە کە بە شـــانزە ســـاڵ لە قەڵەمیان دابوو دڕاندو خۆی ڕاپۆرتێکی نووســی و کردی بە (بیســت و یەک) ســاڵ، تەنها خۆی لەبری هەموو ئەنـدامـانی هەردوو لیژنە پزیشـــکییەکە واژۆی کردو ڕوویکردە ئەفســەرەکە کە منی بردوو بۆ تکا کردن و گوتی: "ئیحســـان جارێکیتر شـــتی وا بکەیت گوێت دەبڕم، چۆن شـــتی نهێنی بەم و بەو دەڵێیت؟". جا پاشـئەوەی باوکی منداڵەکە نائومێد بوو، شـاڵە سـەوزەکەی لە پشـــتی کردەوەو خســـتیە ناو بەرمیلی زبڵەکەوەو ڕۆیشـــت و ئیتر نەمـانبینیوە، پاش چەند ڕۆژێک منداڵەکەیـان لە گۆڕەپانی فیرقەکەدا لە سێدارە دابوو!

پاشـان بە چاوی خۆم بینیم کە سـاڵی بەسـەردا نەهاتەوە، شـەوێ لە نەخۆشـخانەوە هاتن بەدوامدا، گوتیان: "مولازم مەجید لە نەخۆشـخانەی ڕەشـــید هـاتووەتەوەو داوای تۆ دەکـات"، کە چووم گوتیـان: "مولازم مەجید تووشـی شـێرپەنجەی خوێن بووە و دەیەوێت بڕوات بۆ مۆسـکۆ بۆ چارەسـەرو داوای تۆ دەکات"، کە چووم دەڕوانم مولازم مەجید تەنها چەرم و ئێســـکەو بەس گیـانی تێدامـاوە، ڕەنگی زەرد زەرد بوو بوو، گوتی: "ئەبو ســەلاح[1]بە گوێی تۆم نەکرد، گەردنم ئازاد بکە و دوعام بۆ بکە"، پاشـــان گوتی: " دەتوانیت ئەو ســـەیدەم بۆ پەیدا بکەیتەوە؟"، ئیتر ڕۆیشت بۆ مۆسکۆو نەهاتەوە[2].

ژووری هەشت شلەژا

بەکرە بچکۆل دەگێڕێتەوە: ڕۆژێک ئەمنەکان دەستگیرکراوانی ژووری (هەشـــت)یان هێنایە گیرو گاز، بەدوای مقەســـتێکدا دەگەڕان، چونکە ماوەیەک بوو هەســـتیان دەکرد زیندانییەکان قژیان کورت دەکرێتەوە،

---

[1] - ئەبو ســەلاح، نازناو (کونیە)ی م.نوری فارس حەمەخان بووەو لە ســوپادا بەو نازناوە بانگیان کردووە.

٢ - مامۆســتا نوری فارس حەمەخان (٢٠٢٢): پێشــتر ئەم ســەرچاوەیە ئاماژەی پێکراوە، لاپەڕە (١٢٧).

دیاربوو وا هەستیان دەکرد مقەستێک لە ژوورەکەدا هەیەو هێواش هێواش زیندانییەکان سەری یەکتر چاک دەکەن، ئەمنەکان هەڕەشەیان کرد لە هەموو دەستگیرکراوەکان، کە "دەبێت ئەو مەقەستەمان بۆ ئاشکرا بکەن و پێشمان بڵێن بە کێیەو کێ قژتان چاک دەکات؟ ئەگەرنا هەمووتان سزا دەدەین".

پاش ئەم هەڕەشەیە، موحەممەدی برام خۆی کرد بە خاوەنی گۆبەنەکەو بە ئەمنەکانی گوت: "ئەو کەسەی سەری زیندانییەکان چاک دەکات و قژیان کورت دەکاتەوە منم، کەس ئەزیەت مەدەن!".

بۆیە موحەممەدیان برد بۆ سزادان، بە لێدان کەوتنە گیانی، دەیانویست وازی لێنەهێنن هەتا پێیان دەڵێت مەقەستەکە لە کوێیە، ئەویش ڕاستییەکەیان پێدەڵێت: "مەقەست نییەو تەنها (دەموس)ی قەڵەم دادانێکە، ئەو شتە بچوکەی کە قەڵەمی ڕەساسی پێ تیژ دەکرێتەوە، لێمان کردووەتەوەو هێدی هێدی قژەی هاوڕێکانم کورت کردووەتەوەو هیچیترا".

پاش چەند فەلاقەیەک، موحەممەدیان گەڕاندەوە بۆ ژوورەکەی، پاشنویژی بەیانی قسەم لەگەڵ موحەممەد کرد، ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە.

موحەممەدی برام دەستی دەلاکی و سەرچاککردنی هەبوو، پێشئەوەی دەستگیربکرێت بە شەش مانگ دووکانی سەرتاشخانەی دانابوو لە عەربەت، دەستی ڕەنگین بوو لە سەرچاککردن و قژ کورتکردنەوە، هەمان کاری بۆ زیندانییە هاوڕێکانی کردبوو بەو دەمووسە بچوکە!.

(٥٣)
لە کام دادگا کەیوان و هاوڕێکانی دادگایی کران؟

پـاش بەدواداچوونی ورد، لێکۆڵینەوە لەو بەڵگـانەی بەردەســـتن، بەراوردکردنی ڕووداوەکان، لەبارەی دادگایی کەیوان و هـاوڕێکانییەوە، گەیشتمە ئەم زانیارییانەی خوارەوە:

١ـــــ لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، هەریەک لە کەیوان و هاوڕێکانی، دەبرانە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی ئەمن، کە لە بینـایەکی نزیکی ئەمنی بەلدە بووە لە هەمــان کۆڵان، هێنـدە نزیکبووە لە بینـاکەوە، بە پێ براونەتە بەردەم دادوەر بە (پێ)ش گەڕێنراونەتەوە، بێجگە لە یەک دوو حـاڵەت، هەموویان بە شەو براون بە دەستی کەلەپچەکراوەوە.

لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەدا، هەرکەســــەو بەپێی ئەو گوتەو ئیفادانەی کە ئەفســـەرە لێکۆڵیەرەکانی ئەمن بۆی نووســـیون و لە ژێر ئەشکەنجەدا واژۆیان کردووە، لە بەردەم دادوەرەکەش واژۆیان کردووە، هەرکەسێکیش پەشیمان بووەتەوە لە گوتەو ئیفادەکەی لای ئەو دادوەرە، جارێکیتر خراوەتەوە ژێر لێکۆڵینەوەو ئەشـــکەنجە، تا دواجار هەموویان دانیان بەو تۆمەتانەدا ناوە کە ئەفســـەری لێکۆڵەر بۆی نووســـیون، بۆ ئەوەی ڕزگـاریـان بێـت و لانیکەم ببرێنە دادگـا، وەکخۆیـان گوتوویـانە: "هیچ نەبێت لەم ئەشکەنجە جەستەیی و دەروونییە بەردەوامە ڕزگاریان دەبێت، خۆ ئەگەریش هەیە لە دادگا بە ســزای چەند ســاڵێک زیندانی لەم دۆخە دەربچن".

٢ـــــ پاشـئەوەی لێکۆڵینەوە تەواو بوو، کەیوان و هـاوڕێکانی بە زۆر گوتەیان لێوەرگیراو بە زۆرو لە ژێر ئەشـــکەنجەو ئازاردا دانیشـــیان بە تۆمەتەکاندا نا، ئیتر دۆسییەکەیان ئاراستەی سەروو خۆیان کراوە، واتە ئاراســـتەی نووســـینگەکەی تاوانبار (عەلی حەســـەن مەجید) کراوە لە

کەرکوک کە بەرپرســـــی ڕاســــتەوخۆو هەمەکارەی هەموو پارێزگاکانی باکوری عێراق بوو بە هەرســێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردســـتانیشـــەوە، لەوێ عەلی حەسەن مەجید بڕیاری لە جۆری سزای کەیوان و هاوڕێکانی داوەو فەرمانیکردووە بە ئەمنی ســلێمانی جێبەجێی بکات، دەکرێت عەلی حەســــەن مەجید وەک ســــەدان و هەزاران تاوانی تری، بە پێویســــتی نەزانیبێت دادگای شۆڕشەکەیان (محكمة الثورة) بەم دۆسیانەوە سەرقال بکات، ئەوانە کۆمەڵێک تاوانبارن کە لە دەزگا داپڵۆسێنەرەکەی کوڕەکەی مامی دانیان بە تاوانەکانیاندا ناوەو ئیتر پێویســـــت ناکات بە دادگایی، ئەوەش بە پێی سیستم و یاسایەک کە بەعسی و سەددامیەکان ناویان نابوو (حسب السیاق).

ئەم دادگایە چی بوو؟ کێ بڕیاری تێدا دەردەکرد؟ ئایا ڕێوشوێنەکانی دادگایی تێدابوو؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستیان بە لەسەر وەستان و ڕوونکردنەوەیە، لە گەڵم وەرن با تەواوی ڕووداوەکە بزانن.

(حسب السیاق) یان دادگای (ق.د)

لە ســـەرەتای شـــەڕی ماڵوێرانکاریی بێ ئامانجی شـــێتانەی شـــەڕی ئێران - عێراق، لە مانگی یەکەمی ســـەرەتای شـــەڕەکە لە کۆتایی ســـاڵی (١٩٨٠)، ســـەددام هەندێک ســـەرکەوتنی بەدەســـتهێنا، لە چەند شـــوێنێک شـــکســـتی بە هێزەکانی ئێران هێنا، لە هەندێک شـــوێن نزیکەی (٧٠) کیلۆمەتر ســـوپای عێراق چووە ناو خاکی ئێران و هەردوو شـــاری (خورەم شـــەهر)و (ئـابـادان)ی ئێرانی گرت، ئەمەش بوو بووە هۆی ســـەرخۆشـــی و ســـەرمەســـت بوونی ســـەددام و دڵخۆشـــبوونی کە لە شـــەڕەکەی لەگەڵ ئێران ســـەرکەوتوو بووە، بەتایبەت کە لە شـــەڕەکەیدا زۆرینەی زۆری وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپی و ئەمریکی پشتیوانی بوون و بە جۆرەها ڕێگەی سەربازی و ماددی و هەواڵگری یارمەتیان دەدا.

ئەم دوو وشــەیە، (حســب الســیاق) یان هەندێک جار لە نووســراوو بروسـکە سـەربازییەکاندا کورتکراوەیەکی تریان بەکاردەهێنا کە هەردوو پیتی (د، ق) بوون، ئەم دوو وشـــە کە لە ڕاســـتیدا ســـیاســـەتێکی نوێی "نازی"انە بوون لەو ســـەردەمەی ســـەرەتای شـــەڕەکەوە دەرکەوتن و ســـەددام و دامەزراوەکانی بەکاریاندەهێنا، بەڵام ئەمە تەنها دوو وشـــە نەبوون، بەڵکو کابووســـێک بوون بۆ گەلانی عیراق و گیانی هەزاران هاووڵاتی بێتاوانی دروێنە کرد.

کاتی گەیشتنی ڕێنمایی بۆ جێبەجێکردنی (حەسەب ئەلسیاق)

ڕائید ســـەباح ئەلحەمەدانی، ئەفســـەر لە ئەمن دەگێڕێتەوە: ڕۆژێک کۆبوونەوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشـتی ئەمن لە بەغداد ئەنجامدرا، لەو کۆبوونەوەیەدا گەورە ئەفســـەرانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیەو بەڕێوەبەری هۆبە جیـاجیـاکـانی بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی ئەمن و بەڕێوەبەری فەرمـانگەکـانی ئەمن لە پـارێزگـاکـان، کۆکرانەوە بۆکۆبوونەوەیەکی نائاســایی بە پەلە، کۆبوونەوەکەش بەســەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشــتی ئەمنی ئەو کات، تاوانبار (فازڵ بەڕاک) بەڕێوە دەچوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێوەبەری گشـــتی ئەمن ڕێنمـاییەکی دا بە بەڕێوەبەرو ئەفســـەرەکانی ئەمن کە بە پێی ناوەڕۆکەکەی شـــێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارەکانی ســەددام بە تەواوەتی گۆڕانی بەســەردا هات.

پێشــتر ئەگەر توندو تیژی و کوشــتن و بڕین کرابێت، ئەگەر دادگای شــۆڕشــەکەیان بە هەڕەمەکی و توندوتیژی و ســتەمکارانە ســزای لە ســـێدارەدانی بۆ دەیان و ســـەدان کەس دەرکردبێت، ئەوە بۆ لەمەودوا سیاسەتێکی تر داهێنرا، کە سەرئێشەی سەرقاڵکردنی دادگای نەدەویست، بەڵکو دەزگـاکـانی ئەمن و هەواڵگری و هەواڵگری ســـەربـازی خۆیـان جێگەی دادگایان دەگرتەوە، ســیاســەتەکەش پشــتی بەوە دەبەســت کە

تۆمەتبارکردنی هەرکەسێک لەلایەن وەکیلەکانی ئەمن یان دەزگای هەواڵگرییەوە بە دژایەتی بەعس و سەددام و خیانەت، مانای "تاوانبار"ی بوو نەوەک "تۆمەتبار"ی، ئەمەش پێچەوانەی بنەما یاساییە دادوەرییە ناسراوەکەیە کە دەڵێت: "المتهم بريء حتى تثبت إدانته"، واتە: "تۆمەتبار بێتاوانە تا تاوانەکەی لەسەر ساغ دەبێتەوە"، سەلماندنی تۆمەتیش پێویستە لە دادگایەکی سەربەخۆی بێلایەنانەدا بێت، لەو دادگاییەدا تۆمەتبار توانای بەرگریکردن لە خۆی هەبێت و بە بوونی بەڵگەو شاهید و بوونی بەرگریکار تۆمەتەکەی لەسەر ساغ ببێتەوە، بەڵام یاساکەی سەددام تەواو پێچەوانە بوو، ئەمەش بوویە هۆی شەهیدکردنی هەزاران هاوولاتی بێتاوان.

حەسەب ئەلسیاق، دوو وشەی عەرەبین، واتاکەیان لە کوردیدا بریتییە لە (بەپێی دۆخەکە یان بە پێی ڕێگەکە)، ئەم دوو وشەیەش ئاماژەیەک بوون بۆ ڕێنماییەک کە تیایدا بەبێ دادگایی، ئەفسەرو بەڕێوەبەرەکانی ئەمن دەیانتوانی خۆیان بڕیار لە چارەنووسی هەرکەسێک بدەن کە دەستگیری دەکەن و ڕووبەڕووی تۆمەتی "خیانەت" یان "ئاژاوەگێڕ"ی و "تێکدانی ئەمن و ئاسایشی" شارەکان و خەڵکی دەکەنەوە، یان دژایەتی "بەعس" و "شۆڕش"ەکەیان، هەندێکجار بە دوو پیتی تریش دەردەبڕدرا، ئەوانیش هەردوو پیتی (ق، د) کە ئاماژە بوون بۆ هەردوو وشەی (قتل و دفن)، واتە: (کوشتن و شاردنەوە)!

لەمبارەیەوە، ڕائید سەباح ئەلحەمدانی، کە نۆزدە ساڵ لە ئەمنی سەردەمی دیکتاتۆر خزمەتی کردووە، بەمجۆرە بۆمان باس دەکات: "ڕێنماییەکە هات، ڕێنماییەکە وا دەڵێت! لەسەردەمی سەددامیشدا ڕێنمایی بەوجۆرە بوو، یەک زائید یەک دەکاتە دوو، ئیتر دەرفەتی ئەوە نەبوو بڵێیت بۆ؟ چۆن؟ دەبوو جێبەجێ بکەیت، ڕێنماییەکە ئەوەبوو: "ڕزگارمان بکەن لەهەر کەسێک کە بۆنی دژایەتی و دوژمنایەتی لە حزب و شۆڕشی لێبێت!"، ئەوە ڕێنماییەکە بوو، دواتر ناونرا بە (حسب السياق)، حەسەب

ئەلسیاق واتای چی بوو؟ ئەمە واتاکەی بوو: "ئەو کەسەی دەستگیر دەکرێت، باشترە بڕفێنرێت، بەتایبەت ئەگەر لە سەر جادەو شەقام بێت باشترە، هیچ کەس چاوی لێ نەبێت، کەس ئاگادار نەبێت باشترە، نابێت دەستگیر بکرێت، بەڵکو بڕفێنرێت و هیچ کەس نەزانێت کێ گرتوویەتی و لە کوێیە، پاشان لە دۆسیەکەی بنوسرێت ئەو کەسە ڕایکردووە، یان لە فەرمانگە ڕای کردووە، یان لەکاتی دەستگیرکردن ڕایکردووە، یان لەکاتی گواستنەوەی لە شوێنێک بۆ شوێنێک هەڵهاتووەو کوژراوە"، بەمجۆرە لە کۆتاییدا لە دۆسیەکەی بنوسرێت (حەسەب ئەلسیاق)، تەنانەت ئێمە لە دائیرەی ئەمن، یان هەواڵگریی، دەمانزانی حەسەب ئەلسیاق چیە، بە کورتی واتە بەو جۆرەی سەددام دەیەوێت، بەمجۆرە "سەدان کەس" لە سێدارە دران، ڕاستتر وایە بڵێم: "هەزاران کەس لە سێدارەدران".

"کێشەیەک دروست بوو"

هەموو فەرمانگەکانی ئەمن هەڵدەستان بەو کارە، لەمکارەشدا هەندێک ناڕەزایی بیسترا لە ئەفسەرەکانی ئەمن، دەیانگوت: "ئاخر ئێمە ئەم زانیارییانە لە کوێ بێنین؟ چوزانین کێ دژی حزب و شۆڕشە؟"، بۆ نمونە ئێمە لە ئەمنی نەجەف بووین ئەوکاتە، گوتمان ئەم زانیارییانە لەکوێ بێنین کە زۆرینەمان خەڵکی دەرەوەی نەجەفین و ئەو خەڵکانە ناناسین، ئەم زانیارییانە لە کوێ بێنین؟ گوتیان: "زانیارییەکان لە وەکیلە هاوکارەکان وەربگرن"، کە بەڕاستی ئەم وەکیلانە زۆرینەیان لە خوا نەدەترسان، یان لە ئەفسەری ئەمن لە بنکەکانی پۆلیس لە هەر ناوچەیەک وەریانبگرن، یان کادیرە حزبییەکانی بەعس، ئەوان زانیارییتان پێدەدەن، دەزگاکانی ئەمنیش دەستیان کرد بە ئەرکەکانیان، بۆ نمونە: لەسەر ئەو زانیارییانە حەفتا کەس دەستگیر دەکران، بروسکە دەکرا بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەمن، کە ئەوە حەفتا کەسمان گرتووە بە تۆمەتی دژایەتی حزب و شۆڕش، ئەوانیش وەڵامیاندەدایەوە کە بە (حسب

السـیـاق) مـامەڵەیـان لەگەڵ بکەین، بەڕێوەبەرایەتییەکـانی ئەمنیش مەفرەزەی تایبەتیان هەبوو، ئامادەبوون و ئەوە کاریان بوو، شـۆفڵیان هەبوو، ڕاهێنرابوون لەسـەر ئەو کـارە، لەگەڵ خۆیـان دەیـانبردن دەیانکوشتن و دەیانشـاردنەوە، کارەکەش بە شەوی تاریک بەڕێوە دەبرا لە شـوێنی دوور لە ناو شـارەکان، لە سـەر سـنوری پارێزگاکان، ئەمە کارەکە بوو، "بیانکوژن و بیانشـارنەوە"، زۆرینەی ئەم کەسـانەش بە ڕێژەی نەوەد لە سەدیان پیاو بوون، لە پیاوی بەپێگەیشتوو، گەنجان و مێرمنـدالان، ئەم کـارانەش لە هەموو پـارێزگـاکـان ئەنجـام دەدران، لە پارێزگاکانی باشور، باکور، لە موسڵ، لە هەموویان ئەنجام دەدران.

من برادەرێکم هەبوو، بەڕێوەبەری قوتابخـانە بوو، تۆمەتبـار کرابوو بەوەی نەتەوەییەکی (ناسـریی)ە، کە ڕاسـتیش نەبوو، یەکێک بوو لەو کەسـانەی بوویە قوربانی حەسـەب ئەلسیاق، هەواڵەکەم پێگەیشت، زۆر نـاخۆش بوو، هیچیش نەدەکرا، کەس و کـاریشـی زۆر هەوڵیـانـدا، خانەوادەیەکی ناسـراو بوون لە عەشـیرەتی (شـەمەر)، بەڵام هەموو هەوڵەکانیان بێسود بوون، نەیانتوانی سۆراغی بکەن، تا لە ساڵی (١٩٨٢) دایکی سەددام مرد، شێخەکانی عەشیرەتەکەی بەشداری پرسەی دایکی سەددامیان کرد، کە سەددام و گەورە بەعسیەکان و خزمەکانیشی لەوێ وەستابوون، ئەمەیان بە دەرفەت زانی تا داوای زانینی هەواڵی کوڕەکەیان بکەن لە سەددام، سەدامیش هەر لە پرسەکەدا بە (بەرزان تکریتی) گوت: "ناوەکەی بنوسـن و هەواڵی بزانن"، پاش ماوەیەک هەواڵەکە هاتەوە، ئەویش ئەوەبوو: "با فاتیحەی بۆ بخوێنن"، دەقی وەڵامەکەیان ئەوەبوو، واتە "چاوەڕێی مەکەن و کوژراوە"، ئەمە تەنها چیرۆکێکە، سـەدان و هەزاران چیرۆکی ئاوا هەیە.

پاشـان ئەو هەموو کوشـتنانە بوونە هۆی ئەوەی کە هاوولاتیان کێشـەی زۆریان بۆ دروسـت ببێت، دوای کوشتنی کوڕەکانیان، چونکە هیچ بەڵگەیەکی یاساییشیان پێ نەدەدرا تا مامەڵەی (مردوو) یان (ونبوو)

یان ســـیغەیەکی یاســـایی بۆ بکەن، بۆیە لەســـەرەوە گوتیان نابێت، با لەمەودوا بەمجۆرە بەردەوام نەبین، بەڵکو بەڵگەنامەیەکی یاســـاییان بدەینێ، پاشـــئەوەی بە شـــکڵی دادگاییان دەکەین، دادگاییەکەش دادگایی لیســـتی ناو بوو نەوەک دادگایەک کە بە ڕاســـتی تۆمەتبار تیایدا ئامادە بێت، بەڵکو لیستی ناو بەرز دەکرایەوە بۆ دادگای شـۆڕش، ئەویش هەر لەسەر کاغەزو بە لیست ڕەزامەندی دەدا لەسەر لە سێدارەدانیان، پاشان لەســـەر بنەمای ئەو بڕیارەی دادگا بەڵگەنامەی مردنمان دەدا بە کەس و کارەکانیان".

"بەڕاستی گەیاندنی ئەم هەواڵە سەخت بوو!"

ڕائید سەباح بەردەوام دەبێت لە باسی حەسەب ئەلسیاق، دەڵێت: "با نمونەیەکتان بۆ بگێڕمەوە کە من خۆم شـــاهیدم تیایدا، ئەو کاتەی لە ئەمنی نەجەف بووم، جارێکیان پیاوێکی بەتەمەنمان بانگکرد، زۆر ترسابوو، لای من دانیشت، چایم بۆ بانگکرد، هەندێک قسەی خۆشمان کرد، پاشـــان بە کارمەندەکانم گوت: "بۆچی بانگتان کردووە؟"، گوتیان: "بانگمان کردووە تا بەڵگەنامەی کوژرانی کوڕەکانی پێبدەین"، پاش ماوەیەک بەڵگەنامەی منداڵەکانیان بۆ هێنام، من پێم گوت: "حاجی ئەوە چیرۆکەکەیە، بڕیاری لە سێدارەدان بۆ کوڕەکانت دەرچووەو کوڕەکانت لە ســـێدارە دراون"، بەڕاســـتی قورس بوو، قورس بوو من ئەم هەواڵە بگەیەنم، کاتێک قســـەم بۆ کرد هەر چاوەڕێی دەکرد بڵێم دوان یان یەکێکیان ماون، بەڵام بەداخەوە!

ئەوە پیاوە بەتەمەنە گوتی: "بەڕێز هەر چواریان کوژراون؟" گوتم: "بەڵێ"، گوتی: "ئاخر یەکێکیان تەمەنی تەنها شانزە ساڵ بوو، تخوا تێم بگەیەنە، بەڕاستی ئەویشتان کوشتووە؟"، ئەو پیاوە نەیدەتوانی بڕوا بە هەواڵەکە بکات، یان نەیدەویســـت بڕوا بکات کە چوار کوڕی پێکەوە

کوژراون، بۆیە وەلامم دایەوە، گوتم: "بەخوا حاجی گیان چیرۆکەکە ئاوایە، ئەوەش وەفاتنامەکانیان!".

تۆ سەیری ئەو دلرەقیە، لە چوار کوڕ هیچ یەکێکیانی بۆ نەگەڕێنیتەوە، هەموویان بکوژی، بەبێئەوەی ڕێگە بدەیت جەنازەکانیشیان ببینێت، بەبێئەوەی ڕێگە بدەیت تەنانەت پرسەش دابنێن! بەڕاستی سەخت بوو".

"ئەمجۆرە لە سێدارەدانانە بە پێی (حسب السیاق) بەردەوام بوو، تا ساڵی (١٩٨٦) بەمجۆرە نەما، ئەمشێوازە کاری پێنەکراو بەمجۆرە خەڵک نەدەکوژرا، بەلام پاش دوو ساڵ و لە کاتی دەستپێکردنی پرۆسەکانی ئەنفالی کوردەکان لە ساڵی (١٩٨٨) و ساڵی دواتر، دەستپێکردەوە، دیسان بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجید، بکوژەو بیانکەبەژێر خۆڵەوە، ئەو ستەمکارانە بۆ کوێ دەڕۆن؟ ئایا خوا نییە؟ خوا دەرفەت دەداو فەرامۆش ناکات، بەداخەوە ئەو هەموو تاوانە کرا".

ڕائید سەباح بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەکانی: " ماوەیەک پێش ئێستە، پیاوێکی ئەمن کە برادەرمەو دەیناسم، لەم ڕۆژانە پێی گوتم: من لە ئەمنی کەرکوک بووم، لە سریەی تەواری، ڕۆژێک لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەمن و ئەفسەری تایبەت بە ئۆتۆمبیلێک ڕۆیشتین، بەرەو تکریت ڕۆیشتین، بەر لەوەی بگەینە تکریت لاماندا، پێمان سەیر بوو، بۆچی هاتووین بۆ ئێرە؟ بۆچی گوتیان پێویستی مانەوە بێنن و خێوەتمان هێنابوو، سەرمان سوڕمابوو، پاشان شوێنەکە بوویە شوێنی گۆڕێکی بە کۆمەڵ! دەستە دەستە خەڵکیان دەهێناو دەیانکوشت و دەیانشاردەوە، ئەمە دوو سێ ڕۆژ بەردەوام بوو، شۆفڵ و ئامێری هەڵکەندن و داپۆشین هەموویان هێنابوو، ئەوانە هەموو تایبەت بوون، شارەزا بوون و کاریان ئەوەبوو، بە تایبەت دەیانناردن، کارەکانیان دەکردو دەگەڕانەوە، بە شەو کارەکانیان دەکرد، ئێمە تەنها گوێمان لە دەنگی تەقەو ئیشکردنی شۆفڵ دەبوو، شوانێک نزیک بوویەوە لەو شوێنە، بە خۆی و حەیوانەکانییەوە

دەرمانکرد، پێمان گوت ئەمە ئەخیر جارت بێت بێیتەوە بۆ ئەم شـــوێنە، لەســـەر ڕێگە ســـەرەکییەکەش تابلۆیەکیان دانابوو، نووســـیبوویان سەرکردایەتی هێزەکانی فارس لە پاسەوانی کۆماری (قیادە قوات فارس لحرس الجمهوری)، بۆ ئەوەی هیچ کەس نزیک نەبێتەوە لەو ناوچەیە، ئەمە شـــاهیدیە، دەبێت وەکخۆی بیڵێم، من ئەم شـــایەتیانەی ئەم پیاوەم داوە بە دەزگای پەیوەندیدار بەڵکو ئەو گۆڕە بدۆزینەوە".

(٥٤)
ڕووداوی ئەفسەرو کارمەندانی پۆلیسی سلێمانی

لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٦)و سەرەتای ساڵی (١٩٨٧)، ئەمنی سلێمانی کە لەو ساڵەدا (عەقید/ حاتەم عەبدولکەریم خوماس) بەڕێوەبەری بوو، واتە پێش ڕائید خەلەف ئەلجوعانی، هەڵمەتێکیان بۆ دەستگیرکردنی ژمارەیەک ئەفسەرو کارمەندی پۆلیس لەناو شاری سلێمانی لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی و پۆلیسی بەرگری شارستانی و پۆلیسی هاتوچۆ، بەڕێوەبرد، لەو هەڵمەتەدا (١٣٥) ئەفسەرو پۆلیس و کارمەند دەستگیرکران، ئەو تۆمەتەشی ڕووبەڕوویان کرایەوە بریتیبوو لە ئەندامبوون و چالاکی بۆ یەکێتی نیشتیمانی، باڵی ئاڵای شۆڕش، ئەوان کە بەهیچ جۆرێک ئەندامی ڕێکخستن نەبوون و ئەو تۆمەتەی ئاراستەیان کرابوو پووچەڵ بوو، تەنانەت هەندێک پلەیان لەناو حزبی بەعسدا هەبوون بە ئاستی ئەندامی شوعبەی پارێزگاو پلەی تریش، تەنانەت دوانیان پاش ئازادبوونیان هەر لەناو حزبی بەعس مانەوە تا لە ئەمنە سوورەکە لە کاتی ڕاپەڕیندا کوژران، بەڵام لە ژێر ئەشکەنجەی زۆری جەستەیی و دەروونی لێکۆڵەرە دڵڕەقەکانی ئەمنی سلێمانی، سەرجەم ئەو تۆمەتبارانە کە هەموو خەڵکانی بە تەمەن و بە ئەزموون بوون دانیان بە تاوانەکانیاندا ناو دۆسیەکەیان ئاراستەی دادگای "شۆڕش" لە بەغدا کرا، لە کاتی لێکۆڵینەوەدا یەکێک لە تۆمەتبارەکانیش بەناوی (دارا حەمید) گیانی لەدەستدا، بەڵام هەروەک تۆمەتبارێک ناوەکەی ئاراستەی دادگای بەناو شۆڕش کرا، لە دادگاییەکەدا بەناو "داواکاری گشتی" کە کەسێکی سەربازی بوو بە پلەی ڕائید، لائیحەی خۆی پێشکەش بە دادگا دەکات کە شەش لاپەڕە بووەو تیایدا تۆمەتی کارکردن و چالاکی بۆ (یەکێتی) کە "یەکێتی خۆی پشتیوانی ئێرانە لە شەڕی عێراق – ئێران" و زۆر تۆمەتی تریش تا دادگا سزایان بدات بە "لە سێدارەدان"، پاشان دادوەر هەموو تۆمەتبارەکان دەکاتە

دەرەوە تەنها سیانیان نەبێت کە بە حسابی ئەمنی سلێمانی ئەمانە هاوکاری لێکۆڵەرەکان بوون لە کاتی لێکۆڵینەوەو ئاشکراکردنی ئەم ڕێکخستنە نهێنیەدا، بۆیە لە نووسراوەکەیاندا ئەمن داوای کردبوو سزای سوکتر بدرێن، بەڵام کاتێک دادوەر پرسیار لەو سیانە دەکات ئەوان نکوڵی لە تۆمەتەکان دەکەن و باس لەوە دەکەن کە هەموو ئەوەی لە دانپیانانەکانیاندا هاتووە هەمووی لە ژێر فشارو ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونیدا بووە، دادوەر دادگاییەکە دوا دەخات و ڕاپۆرتێک ئاراستەی خودی (سەددام) دەکات، سەددامیش لەسەر بنەمای ڕاپۆرتەکە لیژنەیەک لە گەورە ئەفسەرانی ئەمنی گشتی بەغدا پێکدەهێنێت بۆ سەر لە نوێ لێکۆڵینەوە لەو ئەفسەرو پۆلیس و کارمەندانەی شاری سلێمانی.

پاش لێکۆڵینەوە، جارێکیتر ئەفسەرو کارمەندانی پۆلیس دەهێنرینەوە بۆ دادگای "شۆرش"، لەوێ هەمان دادوەر، کە (عەواد بەندەر)[1] بووە، لەگەڵ هەمان هەیئەی دادوەری و هەمان داواکاری گشتی، بێگومان داواکاری گشتی سەردەمی سەددام زیاتر داواکاری حکومەت و ڕژێمی بەعس بوو وەک لە مافی گشتی، بە هەمان یاساو ماددە، بەڵام ئەمجارەیان داواکاری گشتی لائیحەی خۆی پێشکەش دەکات کە لە بری شەش لاپەڕەکەی پێشوو و داواکردن بۆ لە سێدارەدان بە دوو دێڕ تەنها داوا دەکات ئازاد بکرێن، چونکە هیچ تۆمەتێکیان لەسەر نیە! دادوەریش (کە پێدەچێت لە مێژووی ئەو

---

١ - تاوانبار (عواد حمد البندر السعدون) ساڵی (١٩٤٤) لە دایکبووە، ساڵی (١٩٦٧) کۆلێجی یاسای لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، ئەندامی حزبی بەعس بووەو بەر لەوەی ببێتە دادوەری دادگای شۆرشی حزبی بەعس پلەکەی گەیشتووەتە ئەندامی فیرقە، لە ساڵی (١٩٨٣)ەوە تا (١٩٩١) سەرۆکی دادگای شۆرشی حزبی بەعس بووە، ئەو دادگایەی وەک قەسابخانەیەک وابووە بۆ لەناوبردنی نەیارانی حزبی بەعس و خودی سەددام خۆی، کۆتا پۆستی جێگری بەڕێوەبەری نووسینگەی سەددام حسێن بووە. ساڵی (٢٠٠٦) دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بە تۆمەتی بەشداری لە کوشتنی خەڵکی بەکۆمەڵ لە ڕووداوی دوجەیل بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرکردو ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارەکەی لەسەر جێبەجێکرا. (سەرچاوە: ویبسایتی کەناڵی ئەلجەزیرە).

دادگاییەدا یەکەمین بڕیاری دادگەرانەی بووبێت) بڕیاری ئازادکردنیان دەدات و بێتاوانیان دەسەلمێنێت!

تۆ تەماشاکە، سەدو سی و پێنج کەسی تۆمەتبار بە تاوانی گەورە گەورەی سیخوڕیی و تێکدانی ئەمن و ئاسایش و یارمەتیدانی دوژمن و سزادراو بە لەسێدارەدان، بڕیارەکە دەگۆڕدرێت بۆ ئازادبوونیان!

پاش بڕیاری دادگا، تۆمەتباران یەکسەر ئازاد ناکرێن و دەهێڵرێنەوە لە ئەمنی گشتی بەغدا، داوا دەکەن کەس و کاریان بێنە بەغدا بۆ سەردانیان، لەوێ لە هۆڵێکی گەورە تۆمەتباران و کەس و کاریان کۆدەبنەوە کە پاش چەندین مانگ ئەوە یەکەم بینین و دیدار دەبێت و دیدارێک پڕلە گریان و حەسرەتی کەس و کار، ئەو دایک و باوک و ژن و منداڵانە وەک ئەوە وابوو تازە بەتازە کەسەکانیان لە دایکبووبن، بەو جۆرە بۆیان بە پەرۆش بوون، بەلام هێشتا دڵنیانین لەوەی چی ڕوو دەدات و کۆتا بڕیار چیە، پاش ماوەیەکی کەم بەڕێوەبەری گشتی ئەمن (عەبدوڕەحمان ئەحمەد ئەلدوری)، دێت بۆ کۆبوونەوەکە، لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە ڕۆژی(٢٠ی ٣ی ١٩٨٨) بەڕێوە دەچێت، واتە چوار ڕۆژ پاش بڕیاری دادگا بۆ ئازادکردنیان، لەوێ مەهزەلەیەکی گەورە ڕوو دەدات، ئەویش ئەوەیە کە بەڕێوەبەری گشتی ئەمن سەرەتا پیرۆزبایی خۆی لە ئامادەبووان دەکات بۆ بینینەوەی کەس و کاریان، پاشان ڕوو دەکاتە ئامادەبووان و دەڵێت: " ئازادکردنی ئێوە واتای بێتاوانی و تێوە نەگلانتان نیە لە تاوان! بەڵکو ئەوە سۆزو بەزەیی و میهرەبانی سەرۆکی فەرماندە (سەددام حسێن)ە کە وەک باوکێک سۆزی باوکایەتی بۆ دەربڕین و بڕیاریداوە ئازادتان بکات"!

تۆ تەماشا بکە، دادگای خۆیان کە بڕیاریداوە بۆ بێتاوانی ئەو (١٣٥) ئەفسەرو کارمەندەی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، هێشتا نەبووەتە هۆی بێتاوانیان و ئەگەر سۆزو بەزەیی و میهرەبانی سەرۆک نەبووایە ئەوە ئەوان ئازاد نەدەبوون!

ئەمە هەمووی سـیناریۆو دڵڕەقی بەڕێوەبەری ئەمنی سـلێمانی بوو بەرانبەر خەڵکی پارێزگای سـلێمانی، تەنها لەبەر کورد بوون، خۆ ئەگەر گریمـان یەک یـان دوان یـان سـیـان لەو تۆمەتبـارانە پەیوەنـدیـان بە ڕێکخستنێکی نهێنیەوە هەبووبێت، ئەوە هەموو ئەوانیتر هەر بە تەواوەتی بێتاوان بوون کە تەنها قەدەری خوا گەڕاندنیەوە لە سـێدارەدان و خۆ ئەگەر ئەوانیش وەک ئەو هەزاران هەزار هـاووڵاتییە بە سـیـاسـەتی وەحشیانەی (حەسەب ئەلسیاق) مامەڵەیان لەگەڵ بکرایە، ئەوە کەس هەر نەیدەزانی کارمەندانەی پۆلیس لە کوێ دەکران بەژێر خۆڵەوە!

لێرەدا پرسـیـارێک دەمـانهێنێتەوە بۆ لای مەبەسـتی سـەرەکی چیرۆکەکە، ئەویش ئەمەیە: ئایا ئەگەر ئەو ئەفسەرو کارمەندانەی پۆلیس، کە ئەزموون و تەمەنیـان زۆر لە پێش ئەزموون و تەمەنی کەیوان و هـاوڕێکانیەوە بووە، دانیـان بە "تـاوان"ێکدا نـابێت کە نەیـانکردووە، ئـایا شـتێکی ڕاسـتە ئەگەر چاوەڕوانیمان هەبێت لەوەی کەیوان و هـاوڕێکانی یان گەنجێکی شـانزە سـاڵ بەرگەی ئەو هەموو ئەشـکەنجەو دڕندەییەی بەعس بگرێت؟ لە ڕاستیدا ئەمە چاوەڕوانییەکی زۆر ناواقیعییە.

رائید سـەباح ئەلحەمدانی بەردەوام دەبێت لە یاداشـتەکانی و دەڵێت: "سـوێند بە خوا هەزاران هەزار کەس بەزۆرو لە ژێر ئەشـکەنجەدا کران بە ئەندامی حزبی دەعوەو بە شـێوازی (حەسـەب ئەلسـیاق) لە سـێدارە دران و کران بە ژێر خۆڵەوە، زیاتر لە (سەدا نەوەدو نۆی) ئەوانە بێتاوان بوون و هەرگیز حزبی دەعوە نەبوون".

هەندێک لەو ئەفسـەرو کارمەندانەی پۆلیس کە باسـمانکردن و لەو کوشـتنە حەتمیە ڕزگاریان بوو، تا ئێسـتاش لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیس و دامەزراوەی جۆراو جۆری ناوخۆ بەردەوام لە وەزیفەی خۆیاندان[1].

---

١ - ئەم چیرۆکە، ڕۆژی ٢٠١٧/٩/١٨، لە گۆڤـاری (الکـاردینیـا) کە بە زمـانی عەرەبی پەخشدەکان، بڵاوکراوەتەوە، گۆڤارەکە خۆیان بە گۆڤارێکی ئەلیکترۆنی ڕۆشنبیریی گشتی ناساندووە، ئەمەش ناونیشانەکەیانە لە تۆڕی ئینتەرنێت: (www.algardenia.com)

(٥٥)

له دۆسیەی کەیوان و هاوڕێکانیدا، کێ بڕیاریدا؟

له دوای دادگاییکردنی عەلی کیمیایی و سـەرانی تری بەعس لەسـەر دۆسیەی قڕکردنی خەڵکی کوردستان له پرۆسـەکانی ئەنفال و هەڵەبجه له دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، ئەبوبەکری برام گوتی: "له کاتی دادگاییەکەدا گوێم له عەلی کیمیایی بووه له تۆمارێکی دەنگیدا باسی کاکەم و ئەوانیکردووه، بەڵام ئێستە ڤیدیۆکەم دەست ناکەوێتەوه". پاش دەسـتکەوتنی ئەو زانیارییه، منیش دەسـتم به گەڕان کرد، زۆر گەڕام، بەداخەوه ئەو دانیشتنەی دادگاییکردنی عەلی کیمیایی و تاوانبارانی تری هاوڕێیم دەسـت نەکەوت، نه له ئەرشـیفی کەناڵەکان، نه به گەڕانی نێو ئینتەرنێت، بۆ ئەوەی بشـیدۆزمەوه جۆرەها وشـەم تاقیدەکردەوه، بەڵام بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشـتنەکانی دادگایی و نەبوونی ئەرشـیفێکی تایبەت به دۆکیومێنتکردنی تاوانی تاوانباران، نەمتوانی بیدۆزمەوه.

بەڵام من کۆڵم نەدا، هەر ماوه ماوه گەڕانێکم دەکرد، سـا بەڵکو ئەو ڤیدیۆیەم دەسـت بکەوێت، چونکه بۆ ئێمه بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوه بوو لەسـەر زانینی چارەنووسی کەیوان و هاوڕێکانی و لەناویشـیاندا موحەممەدو ئەحمەدی برام.

له دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری سـاڵی (١٩٩١)، بەرەی کوردسـتانی بەبێ گەڕانەوه بۆ خەڵکی کوردسـتان، تاکلایەنه خۆیان لێخۆشـبوونێکی گشـتیان دەرکرد، لێخۆشـبوون بۆ هەموو ئەوانەی بەشـداربوون و بوو بوونه کەوا سووری بەرلەشکری سەددام و بەعسییەکان له شارەکان، له کیمیابیباران، له کاتی ئەنفال، ئەم لێخۆشـبوونه بووه هۆکارێک تاوانبارەکانیش به سـزا نەگەن، که له بنەمادا بۆ بێتاوانەکان بوو، ئاخر

نەبووەو نابێت بە یەک چاو سـەیری بکوژو کوژراو بکرێت، بە یەک چاو سەیری قوربانی و جەللاد بکرێت!

لێخۆشـــبوون تـا ڕادەیەک دەکرێـت مـامەڵەی لەگەڵ بکرێـت وەک دوخێکی نـاچـاری بەهۆی زۆری ژمـارەی ئەوانەی بەشـــداربوون لە سـیسـتمی سـەددام، بەڵام نەهاتن بەوانەی بەشـداربوون لە پێکهاتەی ڕژێمدا بڵێن: وەرن بۆمـان باسـبکەن چۆن ئەم میللەتەتان کرد بە پەتی سـێدارەوە، چۆن ئەنفالتان کرد؟ لە کوێ لاشـەکانتان شـاردەوە؟ کێ بەشـداربوو؟ بۆ ئەوەی وەک دۆکیومێنتێک بمێنێتەوەو ببێتە وانەیەک بۆ نەوەکانی داهاتوو، بەداخەوە ئەمە نەکرا.

هاوینی سـالی (٢٠٢٣)، جارێکیتر گەڕانێکم کرد بە تۆڕی کۆمەڵایەتی یوتیوبدا، بینینم ڤیدیۆیەکی تـازەی (عەلی حەسـەن مەجید) دانراوە، ڤیدیۆیەکە[١] یەکێکە لە دانیشـتنەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، دانیشـتنی ژمـارە (٩)یە، تۆمـارەکە پێکـدێـک لە (٥٧) دەقیقەو چەنـد چرکەیەک، هەموویم گوێلێگرت، دڵخۆشـبوو، گەیشـتمە ئەو بڕگەیەی کە پێشتر کاک ئەبوبەکر بۆی باسکردم.

لە دانیشـتنی دادگـاییەکەدا، بۆ سـەلمـاندنی کـارە وەحشـی و بەربەرییەکانی عەلی کیمیایی، داواکاری گشـتی تۆمارێکی دەنگی دەخاتە ڕوو، لەو تۆمارە دەنگییەدا داواکاری گشـتی ئەوە دەسـەلمێنێت کە عەلی حەسـەن مەجید هەمەکارەی پارێزگاکانی "باکوری عێراق" بووەو لە کارەکانیدا نەگەڕاوەتەوە بۆ هیچ یاسـاو دامەزراوەو دادگایەک و خۆی ئەوەی ویسـتوویەتی بەرانبەر هاوولاتیان ئەنجامیداوە چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵکوژیی.

[١] - ڤیدیۆکە لە ئەرشـیفی ئەم کتێبە (کەیوان) پارێزراوە و لە چەند کەناڵێکی (یوتیوب)یش بەردەستە.

لەو تۆمـارەدا، داواکـاری گشـــتی ژمـارەیەک بەڵگەی دەنگی عەلی حەســـەن مەجید دەخاتەڕوو کە تیایدا بەبێ دادگا بڕیار دەدات بە لە ســـێدارەدانی ژمارەیەک لە تۆمەتبارو دەســـتگیرکراوانی کورد، تەنها بە بڕیاری خۆی و بەبێ هیچ دادگایەک!

لەو تۆمارە دەنگییەدا کە من لەبەردەستمدایە، تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)، لە کۆبوونەوەیەکیدا کە قســـە بۆ گەورە بەرپرســـانی ئەمنیی و ســـەربازیی و هەواڵگریی بەعس دەکات لە بارەگای لیژنەی (ناوچەی باکور)، تیایدا لە دەقیقەی (چل و شـــەش)ی ڤیدیۆکەدا دەڵێت: "ســـەر بە بزووتنەوە ئیســـلامی کوردی بوون.... ئا... دوێنێ ... دەڵیم ... زانیاریی تەواو ناڵێم، لەســـەر بزووتنەوەی ئیســـلامی، پێم گوتن بۆچی بۆمنتان هێناون؟ دەتانەوێ چیان لێ بکەم؟ واژۆم لەســەر لەسێدارەدانی ســی و پێنج کەس کرد، ئەمڕۆ چیتان دەوێت؟".

ئەگەرچی دەنگەکە زۆر ڕوون نایەتە گوێ، بەڵام ئەوەی نووسیم ئەو چەند وشـــەیە بە ڕوونی دەبیســـترێن، داواکاری گشـــتیش دووبارەی ئەو چەند زانیاریی و ناوەڕۆکی مەبەستەکە دەکاتەوە.

پاشـان داواکاری گشـتی دەڵێ: "ئایا عەلی حەسـەن مەجید سـەرۆکی دادگایە؟ ئەگەر تەنانەت ســـەرۆکی دادگاش بێت، ئایا لە یەک ڕۆژدا واژۆی لە ســـێدارەدانی ســـی و پێنج کەس دەکات و لە ڕۆژی دواتردا بڕیـارەکە جێبەجێ دەکرێت؟ هەڵســـەنگـانـدنی ئەم بـابەتە بۆ دادگـا بەجێدێڵم!".

ئێســتە با لێکدانەوەیەک بۆ قســـەکانی ئامۆزا خوێنڕێژەکەی ســـەددام بکەین لەو تۆمارە دەنگیەدا، لێکدانەوەکان لەســـەر بنەمای ئەوەی ئەوانە کێبوون؟ ژمارەیان چەند بوو؟ کەی و لە کوێ؟ کێ بڕیاریدا؟ بەم چەند خاڵەی خوارەوە:

١ـ تۆمارە دەنگییەکە ڕوونە، عەلی حەسەن مەجیدە قسە دەکات، لەو ســـاڵانەدا، واتە لە (١٩٨٧ تـا ١٩٨٩)، تـاوانبـار بێجگە لەوەی ئـامۆزای

سەددام و ئەندامی (سەرکردایەتی شۆڕش)[1]و ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعس بووە، لە هەمانکاتدا کراوەتە بەرپرسی لیژنەی کاروباری باکور (لجنة شؤن الشمال)ی حزبی بەعس، لەو ساڵانەدا بە بڕیاری[2]ژمارە (١٦٠)ی سەرکردایەتی شۆڕش لە (٢٩ی ٣ی ١٩٨٧) دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەموو دام و دەزگا مەدەنی و سەربازیی و هەواڵگرییەکانی پێنج پارێزگای باکور هەبووە کە چوار لەو پارێزگایانە (کوردی) بوون، پێنجەمیشیان کە مووسڵە بەشی زۆری کوردە، وەک ڕائید سەباح ئەلحەمدانی لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: "واتە سەرۆک کۆماری باکور بووە"، ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ فراوانی ئەو دەسەڵاتانەی (سەددام) پێی داوە لە پارێزگاکانی باکوری عێراق، ئامانجەکەش تەنهاو تەنها خامۆشکردنی جوڵانەوەی (کوردی) و جینۆسایدی گەلی کورد بوو لە ڕێگەی گرتن و کوشتن و ڕاگواستنەوە.

٢ــــ مێژووی تۆمارە دەنگییەکە بۆ ساڵی (١٩٨٩) دەگەڕێتەوە، واتە بەپێی بەڵگەنامەکانی مردنیش کە لەلایەن فەرمانگەی دادپزیشکی سلێمانی ئەو کاتەوە بە فەرمانی ئەمنی سلێمانی بۆ کەیوان و هاوڕێکانی دروستکراوە، ڕۆژو ساڵی شەهیدکردنی ئەو شەهیدانە هاوتەریبی

---

١ - دوای کودەتای سەربازی لە ساڵی (١٩٦٨)، بەعسییەکان ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان دامەزراند، ئەم ئەنجومەنە شوێنی پەرلەمان و ئەنجومەنی هەڵبژێردراوو نوێنەرانی گەلی گرتبوویەوەو ئەرکی سەرەکی بریتی بوو لە دەرکردنی بڕیاری کۆتایی لە وڵات و هەڵبژاردنی سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنەکە، یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنەکە بریتی بوو لە (ئەحمەد حەسەن بەکر) و جێگرەشی (سەددام حسێن) بوو تا ساڵی (١٩٧٩)، پاش ئەو ساڵە سەرۆکەکەی بوویە (سەددام حسێن) و جێگرەشی (عیزەت ئەلدوری) بوو کە سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕش لە هەمانکاتدا سەرۆکی وڵات و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو تا ساڵی (٢٠٠٣)، دامەزراوەی دەرکردنی یاسا لە وڵاتدا پێکهاتبوو لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەنجومەنی نیشتیمانی و ئەنجومەنی یاساداناني ناوچەی حوکمی زاتی.

٢ - بۆ بینینی دەقی بڕیارەکە، سەیری بەڵگەنامەی ژمارە (٤١) بکە.

بەرپرسیاریتی تاوانبارە لەو پۆستەیدا کە هەموو شتێک بووە لە باکوری عێراق و بارەگاکەی لە شاری کەرکوک بووە.

٣ـــــ تۆمارە دەنگیەکە بە ڕوونی باس لە بزووتنەوەی ئیســـــلامی کوردستان دەکات، بە عەرەبی بەمجۆرە ناوی دەهێنێت (حرکة الاسلامیة الکوردیة)، بزووتنەوە لە سالّی (١٩٨٧) ڕاگەیەنراو تازە بەتازە دەستی بە چالاکی کردبوو، ژمارەی ئەو کەسانەی شەهید بوون لە چالاکییەکان یان دەستگیرکران دیاریکراون و کەسەکان و ڕووداوەکان دیارو سنوردارن، بۆیە بێجگە لە ڕێکخراوەکەی کەیوان و هــاوڕێکــانی هیچ کۆمەلە شەهیدێکی تر ژمارەکەی ناگاتە نزیکی ئەو ژمارەیە کە (٣٥) کەسە تەنها کەیوان و هاوڕێکانی ژمارەیان (٣٤) کەســـــە وەک لە وێنەکەدا دیارە، لەگەلّ دەســـــتگیرکرانی موحەممەد قادر ناســـــراو بە حەمەســـــوور کە بە هەمان هۆکار دەستگیرکراوە بەلاّم دۆسیەکەی جیاکراوەتەوە لەوان، واتە بە حەمەسوورەوە ژمارەکە دەبێتە (٣٥)و بە تەواوەتی ئەو ژمارەیەیە کە تاوانبار عەلی کیمیایی باسی دەکات.

٤ـــــ عەلی کیمیایی دەلّێت: واژۆم لەســـەر (٣٥) کەس کردووە، وردی ناکاتەوە ئایا چەندیان لە ســـــێدارەدان و چەندیان بەربوون یان هەر شتێکی تر، ئەمەش دوو ئەگەر هەلّدەگریت، بەمجۆرە:

ئەگەری یەکەم ئەوەیە کە عەلی حەســـــەن مەجید کـابرایەکی ورد نەبووە لە زانیارییەکانی، یان لەو زانیارییەی وردەکاری نەکردووە، بۆیە دەلّێت: "واژۆم کرد لەســـەر لەسێدارەدانی (ســی و پێنج) کەس"، ئەگەرنا لە ڕاستیدا (بیســت و چوار)یان لە سێدارە دران و (دە)یان ئازاد کران و (یەک) کەسیشیان نێردرا بۆ دادگای شۆڕش و پاش حەوت سالّ زیندانی ئازادکرا.

ئەگەری دووەم ئەوەیە، کە عەلی حەســەن مەجید وەلاّمی نووســراوی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی ســلێمانی دابێتەوە بە لە ســـێدارەدانی هەموویان، بەلاّم ئەمنی سلێمانی خۆیان و بە هەلّسەنگاندنی خۆیان (دە) کەسیان لێ

جیاکردبنەوە لەبەر زۆر منداڵی، کە لە خوار (١٥) ساڵەوە بوون، یا خود نەخێر عەلی کیمیایی لە بڕیارەکەیدا نووسیبێتی هەموویان لە سێدارە بدەن، تەنها ئەوانە نەبێت کە تەمەنیان لە (١٥) ساڵ کەمترە.

بەڵام بە تێگەیشتنی من و هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوەم لەم تاوانە گەورەیە، عەلی کیمیایی لەسەر لیستەکەی نووسیوە بۆ لەسێدارەدان، تەنها ئەوانەی تەمەنیان لە خوار (١٥) ساڵە بۆ ئەوەی بەدەربکرێن لە بڕیارەکە و ئازاد بکرێت.

٥ــ ئەو گەنجانەی کە ئازادبوون و ژمارەیان (دە) کەسە، بە هیچ جۆرێک نەبراونەتە بەردەم دادگا، چ دادگای بەناو شۆڕشی بەعسیەکان، چ دادگایەکی تر لە سلێمانی یان کەرکوک یان هەولێر یان پارێزگایەکی تری عێراق، واتە بڕیارەکە هەر لە چوارچێوەی ڕێنمایی (حسب السیاق)دا دراوە، چونکە ئەگەر بە بڕیاری دادگا بووایە، ئەگەرچی قسەو بەڵگەمان دەست نەکەوێت بۆ شەهیدەکان، ئەوە بۆ ئەو (دە) کەسەی ئازادبوون ڕوونە کە دەبوو ببرانایەتە بەردەم دادگا، بێجگە لەو دادوەرەی لە کاتی لێکۆڵینەوەدا هەیەو پێیان گوتووە: "دادوەری لێکۆڵینەوەی ئەمن".

بۆیە ڕوونە کەیوان و هاوڕێکانی نەبراونەتە بەردەم هیچ دادگایەک و بە ڕێنمایی (حەسەب ئەلسیاق) یان (ق، د) واتە بکوژەو بشارەوە شەهیدکراون و ئەوانەشی کە زۆر منداڵبوون ئازادکراون، چونکە لە زۆر بڕیاری تری بەعسیش (بێجگە لە ئەنفال) سەددام و ڕژێمەکەی و گەورە تاوانبارانی بەعس و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی خوار (١٥) ساڵیان بەدەرکردووە لەو سیاسەتی بکوژەو بشارەوەیە، ئەمەش یاسا نەبووە، بەڵکو میزاجی سەددام و گەورە سەرکردەکانی بەعس بووە.

٦ــ لەبەرئەوەی لەسەر هەموو وەفاتنامەکان نووسراوە "کوژراوە بە فیشەک لە سەریدا لەگەڵ شەقبوونی مێشکی"، هەروەها ئاماژە بۆ ئەمنی سلێمانی کراوە وەک لایەنی "هەواڵدەر" و ئاستی پەیوەندییەکەشی بە کەسی کوژراوەوە وەک "سەرچاوەی لێکۆڵەر (مصدر تحقیقی)"، واتە لە

وەفاتنامەکاندا هیچ ئاماژەیەک بۆ بڕیاری دادگا نەکراوە، واتە هەموو کارەکە لە چوارچێوەی دەزگای تاوانکاریی ئەمنی ئەو کاتەدا بووە.

٧ـــ قسەکانی عەلی کیمیایی لە ڤیدیۆیەکەدا هەموو وشەکانی ڕوون نین، وە داواکاری گشتی هەموو کۆبوونەوەکە ناخاتەڕوو تا بزانین پاش و پێشی قسەکانی چین، تەنها ئەو بڕگەیەی باس لەوە دەکات کە عەلی کیمیایی بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ (٣٥) کەس داوە، وەک بەڵگەی زۆری دەسەڵاتەکانی عەلی کیمیایی کە بە ئاسانی و لەجێگەی دادگا بڕیاری لەسەر مردنی خەڵکداوە لە پارێزگاکانی کوردستان، بەڵام ئەو قسەو وشانەی وەرمگێڕاون و لەسەرەوە دامانان، زۆر ڕوونن.

بەمجۆرە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ڕێکخراوەکەی کەیوان، کە ناوی نابوو ڕێکخراوی (ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەمی مەخزومی)[1]، بە بڕیاری عەلی کیمیایی بووەو بەبێ دادگایی، تەنانەت ئەو دادگا شکڵیەی ناویان نابوو (دادگای شۆڕش) و تیایدا بە لیست بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ هاووڵاتیانی بێگوناح دەردەکرد، دەشتگونجێت سەددامیش ئاگاداری بڕیارەکە بووبێت، واتە عەلی کیمیایی بڕیاری لە سەددام وەرگرتبێت بۆ کارەکەی.

"ڕەزامەندم بە لە سێدارەدانیان"

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری دەسەڵاتەکانی عەلی کیمیاویی لە بواری کوشتن و لە سێدارەدانی هاووڵاتیانی ناوچەی باکوری عێراق بە هەرێمی

[1] - ناوی تەواوی (أبو عبد الله الأرقم بن أبي الأرقم عبد مناف بن أسد المخزومي) یەکێک لە هاوەڵەکانی پێغەمبەری پێشەوایە (درودی خوای لەسەر) لەو هاوەڵە پێشینەکان کە هاتنە ناو ئیسلام، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)ماڵەکەی ئەرقەم(خوا لێی ڕازی بێت)ی کردبووە بارەگاو بنکەی کاری بانگەواز بۆ ئاینەکەی ئەو کاتەی بانگەوازی ئیسلام لە قۆناغی نهێنیدابوو لە شاری مەککە.

کوردستانیشەوە، ناوەڕۆکی نووسراوێکی (سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکور) دەخەینەڕوو.

بە پێی نووسراوێکی[1] نووسینگەی سکرتارییەتی سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوری حزبی بەعس کە ئاراستەی سەرکردایەتی فەیلەقی یەکی سوپای عێراقی کراوە، تاوانبار (تاهیر تەوفیق)ی سکرتێری (لیژنەی کاروباری باکور)ی حزبی بەعس ڕەزامەندی لە سێدارەدانی ژمارەیەک هاووڵاتی دەردەبڕێت ئەوەش پاش وەرگرتنی بڕیارو ڕەزامەندی تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)!

لە دەقی نووسراوەکەدا کە بابەتەکەی بریتیە لە (لە سێدارەدانی تاوانباران)، هاتووە: "ئاماژە بە نووسراوی نهێنی و کەسیتان، ژمارە (٣٥٢) لە (٨ی ٧ی ١٩٨٧)، هاوڕێی تێکۆشەر عەلی حەسەن مەجید، بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخستنی باکور، بەمجۆرە سەرنجی خۆی لەسەر ناوەڕۆکی نووسراوەکەی سەرەوەتانی دەربڕی: لاریمان نیە لەسەر (بڕین)ی سەری خیانەتکاران، بەڵام باشترە بیانهێنن بۆ ئەمن بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵیان، سا بەڵکو کارو زانیاریی تریان لێوەربگیرێت کە سوودی لێوەربگیرێت بەرلەوەی لە سێدارە بدرێن، لەگەڵ ڕێزدا. واژۆ: تاهیر تۆفیق، سکرتێری لیژنەی کاروباری باکور".

"لە سەروو پانزەساڵەوە لەسەریان بدەن"

هەر لەو تۆمارە دەنگیەدا کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، داواکاری گشتی دەنگی کۆبوونەوەیەکی سەددام دەخاتەڕوو کە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای سەربازیی و هەواڵگریی و ئەمن ئەنجامیداوە: "بەبێ بەزەیی لێیاندەن، لە سەریان بدەن، ئاسانکارییان بۆ مەکەن، ئەمن خۆی کاری ئەوەیە کە

---

[1] - بۆ بینینی دەقی نووسراوەکە، سەیری بەڵگەنامەی ژمارە (٤٢) بکە.

کاربکات و دیراســـه بکات کە چۆن ڕووبەڕووی بەکرێگیراوانی ئێران دەبێتەوە، بۆیە بەتایبەت هەرکەســـتان بینی ئینتیمای بۆ (بەکرێگیراوانی ئێران)[1]هەبوو لەسەروو تەمەن (پانزە) ساڵییەوە لە سەریان بدەن".

لە بەشێکی تری دانیشتنەکەی دادگادا، داواکاری گشتی دەنگی عەلی حەســـەن مەجید دەخاتەڕوو لەبارەی لێدانی خەڵک بە چەکی کیمیایی و بەکارهێنانی ئەو چەکە قەدەغەکراوە لەسەر خەڵک، ئەوانەی ناویان ناون ناحەزانی حزب و شـــۆڕش، عەلی کیمیایی دەڵێت: "لێیان دەدەم، لێیان دەدەم بە کیمیایی لە هەموویان، هەموویان لەناو دەبەم، کێ چی دەڵێ؟ نەتەوەیەکگرتووەکان قسە دەکات؟ ئەی نەفرەت لە نەتەوەیەکگرتووەکان و هەرچی وڵاتێک کە قسە دەکات".

ئەم ڕێنماییەی ســـەددام تەنها ڕێنماییەکی زارەکی نەبووە بۆ دەزگا ســـەربازییەکانی بەعس، بەڵکو بە پێی نووســـراوێکی ســـەرکردایەتی نووســـینگەی باکوری حزبی بەعس، بە ڕوونی باس لە لە ســـێدارەدانی هەرکەسێک دەکات کە لە ناوچە قەدەغەکراوەکان دەستگیربکرێت و پاش لێکۆڵینەوە ئەوەی تەمەنی لە ســـەروو (پانزە ســـاڵ)ەوە بێت لە ســـێدارە بدرێت.

لە خـالی پێنجەمی ئەو (نووســـراو)[2]ەدا، کە ژمـارە (٢٦/ ٨ ٤٠٠)ی ڕۆژی (٢٠ی ٦ی ١٩٨٧)ی لەســـەرە و بابەتەکەی بریتییە لە (مامەڵەکردن لەگەڵ گوندە قەدەغەکراوەکان)دا: "هەرکەس لە گوندە قەدەغەکراوەکان دەســـتگیربکرێت، دەســـتبەســـەر دەکرێت و ڕادەســـتی ئەمن دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە، پاشـــان ئەوەی تەمەنی لەســـەرو (١٥ ســـاڵ)و کەمتر لە (٧٠ ساڵ) بێت لە سێدارە دەدرێت".

---

[1] - لەو ســـالانەی شـــەڕی عێراق و ئێراندا، ڕژێمی بەعس هەموو هێزە ئۆپۆزســـیۆنەکانی بە (بەکرێگیراوی ڕژێمی ئێران) تۆمەتبار دەکرد، بە کوردو عەرەبەوە، بە ئیسلامیی و نەتەوەییەوە.

[2] - بۆ بینینی دەقی نووسراوەکە، سەیری بەڵگەنامەی ژمارە (٤٣) بکە.

(٥٦)

ئەنفال، وەك بەشێك لە دادگای (حەسەب ئەلسیاق)

لە بارەی ئەنفال و گرتن و کوشتنی هاوولاتیانەوە بەپێی سیستم و دادگای (حەسەب ئەلسیاق)ی سەددام و سەرانی بەعس، ڕائید سەباح ئەلحەمەدانی بەمجۆرە یادەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە: "ئەنفال بە چەند قۆناغێک بوو، من باس لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ دەکەم، وا دەزانم مانگی دووی ساڵی ١٩٨٨ بوو، من خۆم ئامادەی لیژنەیەک بووم لە بارەگای لیژنەی باکور لە شاری کەرکوک، ئەو لیژنەیە (عەبدوڕەحمان شەکرچی) سەرۆکایەتی دەکرد، شەکرچی پێشتر بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر بوو، پلەکەی لیوا ڕوکن بوو، هەروەها ئەندامی لق بوو لە حزبی بەعسدا، لە بواری ئەمن دەرچوو، کردیان بە سەرۆکی ئەو لیژنەیە، لەو کۆبوونەوەیە عەلی حەسەن مەجید ئامادەبوو، گوتەیەکی پێشکەشکرد، من ئامادە بووم، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی ئەمن و هەواڵگریی و هەواڵگریی سەربازیی ئامادەی بوون، قسەکان لە چوارچێوەی ئەو باسەبوو کە کرداری پاککردنەوەی باکور دەستپێدەکات، کە هاوکاتی کردارە سەربازییەکان بێت، داواکارییەکە ئەوەبوو کە شوێن ئامادە بکرێت، عەلی کیمیایی گوتی: "عەمید شوێنی ئامادە کردووە"، مەبەستی ئەوەبوو کە سەربازگەی (خالید)و سەربازگەی (دبس) ئامادە کراوە، ئەو دوو سەربازگەیە یەکێکیان لە (کەرکوک) و ئەویتریان (تۆپ زاوا) لە دبس بوو، ئەو دوو سەربازگەیە تایبەت بوون بەو کەسانەی کە تازە بەتازە دەبرانە سەربازیی، ئەوەی مەبەست بوو کە ئەفسەران ئەنجامیبدەن ئەوەیە کە هەستن بە وردبینی و ژماردن و پشکنینی ناسنامەو کردنەوەی دۆسیەی کارەکانی هەرکەسێک کە دەستگیردەکرێت و دەهێنرێت بۆ ئەو سەربازگانە لەلایەن دامەزراوە سەربازییەکانەوە،

فەرمانی گرتنەکەش هەموو ئەوانەی دەگرتەوە کە ئامادەییان هەبوو لەو ناوچانەی کە ناونرابوون "پشـتێنەی ئەمنی"، پشـتێنەی ئەمنی لە دەربەندیخان دەستیپێدەکرد بۆ دهۆک، ئەو ناوچانە لە بنەمادا بوو بوونە ناوچەی قەدەغەو نەدەبوو خەڵک تیایاندا بژی، بەڵام بە واقیعی خەڵکیان تێدا دەژیا.

بەڕای من، ئەم ڕێنمـاییە بە هەڵە لێکدرایەوەو بە هەڵە بەکـارهێنرا، تەنانەت هەرکەسـێک دەسـتگیر دەکرا کە ئەگەر لە شـەقامێکەوە لە سـلێمانیەوە بچووایەتە شـوێنێکی نزیک لەو شـوێنانە، دەسـتگیر دەکرا، هێزە ئەمنیەکان نەیاندەتوانی جیای بکەنەوە کە مەبەسـت کێیە دەسـتگیر بکرێت، بۆیە کردارێکی هەڕەمەکی بوو، هەموو کەس دەسـتگیر دەکرا، زۆرینەیان خێزان بوون، ژن و منداڵ و هەرکەسێکیتر کە دەستگیر دەکرا بەبێ حسابکردن بۆ هیچ شتێک، ئۆتۆمبێل دەهات و سواریان دەکردن و بەرەو ئەمنی کەرکوک، پاشـان بۆ ئەو سـەربازگانەی کە ئامادەکرابوون بۆ ئەو مەبەستە.

من یەکێک بووم لەوانەی کە خۆم سـەردانی سـەربازگەکەی دبس و سـەربازگەکەی خالیدم کردووە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان، من بەرپرس بووم لە ڕێکخستنی کرداری مانەوەی ڕاگیراوەکان، کە بە هەزاران بوون، کارمەندو ئەفسـەرو مفەوەزی ترمان لەگەڵ بوو لە ئەمن و هەواڵگریی، هەموویان ئەرکیان ئەوەبوو کە دۆسـیەی کاریان بۆ ڕێک بخەین، واتە دۆسیەی کەسی، هەرکەسێک دەستگیر دەکراو دەهێنرا.

لە کاتی هێرشـی سـوپا بۆ ئەو ناوچانە، هەزاران کەس دەسـتگیر دەکران و دەهێنران، سـوپا دەیگرتن، ئەمن دەیگرتن، هەواڵگری دەیگرتن، جاشـەکان دەیگرتن، بێگومان سـوپا نەیدەزانی ئەو خێزانانە چیان لێدێت، تەنانەت منیش نەمدەزانی، چونکە کاتێک ئێمە دەچووین بۆ ئەرکەکانمان پێیان دەوتین ئەم خێزانانە بژمێرن، تۆماریان بکەن و دۆسـیەیان بۆ بکەنەوەو ناسـنامەیان لێ وەرگرن و لەسـەر بنەمای تەمەن و ڕەگەزو

ئەوانە پۆلێنیان بکەن، زیلە عەسکەرییەکان دەیانهێنن، ئێمەش لەوێ لەو هۆلانەی لە سەربازگەکە ئامادە کرابوون دامانئەنان، لە سەربازگەی خالید، دەرگای هۆڵەکانیش بۆ خواردن تەنها بە شەواندا دەکرانەوە، خواردنەکانیش ئەو خواردنانە بوون دەدران بە سوپا، سوپاس بەرپرسیار بوو لە چوارچێوەی سەربازکەگەو کۆنترۆلی لەدەست ئەودا بوو، بەلام بارودۆخی ناوخۆی ڕاگیراوەکان ئەمن لێی بەرپرسیار بوو، واتە ژماردن و پۆلێنکردن و هەر کارێکی تر، ئێمە لێی بەرپرس بووین، من خۆم ئەمە کارم بوو، ئامارو پۆلێنکردن، وە ئەو ژمارانەشمان دەدا بە سوپاو سەربازگەکە بۆ ئەوەی بەتانی و شوێن و خواردنیان بۆ ئامادە بکەن.

من باسی مانگی سێ دەکەم، خۆی کردارەکە لە مانگی دوو دەستیپێکرد، هێنانی خەڵکەکە لە کۆتایی مانگی دوو دەستیپێکرد، ڕۆژێک لەو ڕۆژانە هەواڵێکمان بیست کە لە گوندێکی (ئاڵتون کۆپری) کوشت و بڕێک ڕوویداوە لە عەشیرەتێکی (شەمەر) کە لە عەرەبی هاوردەبوون، ئەو کات گوتیان "یەکێتی نیشتیمانی" ئەمەی کردووە، ئەندامانی ئەو خێزانە هاتن لە کۆبوونەوەیەکی لیژنەی باکور ئامادەبوون، چۆنیان زانی ئەو کۆبوونەوە هەیەو ئەو لیژنە ئەوە کارییەتی؟ ئەوە نازانم، ڕووداوەکە سەیر بوو، باشە بۆ پیاوێک لەوێ ئامادە نەبوو تا بەرگری لەو ژن و مندالانە بکات کە کوژرابوون؟ ئەمە پرسیارە، من خۆم ڤیدیۆی ڕووداوەکەم بینی، کە ئەمن تۆماریان کردبوو، بینیم نزیکەی دوو سەد کەسێک لە ژن و منداڵ کوژرابوون، لەو کاتەدا من گوتم باشە بۆچی لە تەلەفزیۆن پەخشی ناکەن هەتا خەڵک و ڕایگشتی لێی ئاگاداربێت لەم ڕووداوە؟ گوتیان نا ئێمە نهێنی خۆمان ناخەینەڕوو، ئێمە دەڵێین عێراق ئارامەو هیچ کێشەمان نیە، چۆن دەبێت ئێستە بڵێین تێکدەرەکان ئەمەیان کردووە؟ ئەوە حەیای دەوڵەت دەچێ! ڕەتیان کردەوە لە تەلەفزیۆن پەخش بکرێت".

"ترسێک کەوتە دڵمەوە"

ڕائید ســـەباح بەردوامە لە گێڕانەوەکانی: "پاش دوو ڕۆژ، هەمان ڕووداو لە کفری دووبارە بوویەوە، وەک هەمان ڕووداو وابوو، پاش دوو سێ ڕۆژ لەو ڕووداوە، هەندێک ڕێنمایی هات، من خۆم بەرپرسیار بووم لە کارەکانی ســـەربازگەکانی خالیدو دبس، گوتیان لە نێرینەی ئەوانەی دەستگیرکراون لە تەمەنی (١٥ بۆ ٤٥) ساڵمان بۆ جیا بکەنەوە، لەو کاتەدا ترســـێک کەوتە دڵمەوە، گوتم دیارە ئەمانە دەبرێن بۆ لەســـێدارەدان، ڕێنماییەکە بەو جۆرە بوو، خۆی ئەو تەمەنە واتە ئەوانە چەکدارن، ئەوە پاساوەکە بوو، سوێند بەخوا، ئینشائەڵڵا من ڕاستگۆم لە قسەکانم، من جەماعەتم هاندا تا دەستکاری ئەو تەمەنانە بکەن، بۆ نمونە کەسێک بهاتایە بیگوتایە تەمەنم حەڤدە ساڵە، دەمگوت بینوسن چواردە ســـاڵە، بۆ ئەوەی ڕزگاری ببێت لەو ڕێنماییە، بۆ ئەوەی لە ســـێدارە نەدرێت، ئەم جیاکردنەوەیەمان کرد، تا ئەو کاتەی فەرمانێکمان بۆ هات کە ئەو ڕاگیراوانە دابەشـــبکەین بەســـەر بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەمنی پارێزگاکاندا، بێگومان ژمارەکە زۆر بوو، زیاتر لە (١٥،٠٠٠) بوون، بەردەوامیش زیاد دەبوون، چونکە ڕۆژانە لە زیادبووندا بوون، بۆیە ژمارەکە زۆر لەوە زیاتر بوو، لەناو ئەم خێزانانەدا خێزانی عەرەب و تورکمانیشمان بۆ دەهات، بەڵام پاش تۆمارکردنی و دڵنیابوونەوە لەوەی عەرەب یان تورکمانە یەکسەر ئازادمان دەکرد، تەنها دوو یان سێ ڕۆژ دەمانەوە، فەرمانمان بۆ دەهات بۆ ئازادکردنیان، تەنها خێزانە کوردەکان مانەوە لەناو سەربازگەکەداو دەستبەسەر بوون.

خۆی تۆمارکردنی ڤیدیۆی قەســـابخانەکەی ئەو دوو گوندەی پێشـــتر باسمان کردو بڵاوکردنەوەی لەلایەن ئەمنەوە بەسەر دەزگاکانی ئەمن و بەعســـدا، بۆ ئەوەبوو پێمان بڵێن: "ئەها کوردەکان چۆن ژن و منداڵیان کوشـــتین؟" ئەو کات بروســـەکان دەیانگوت ئەوانەی ئەم تاوانەیان کردووە ســـەر بە یەکێتی بوون، خۆ دەکرێت خەڵکی تر بووبوون، من

نـازانم وایه یـان نـا، بەڵام وایـان گوت، نـاتوانم بڵێم وایه یـان نـا، بۆیه مەبەستەکه ئەوەبوو بڵێن: "ئەها ئەوان چیان لێکردین، دەبێت ئێمەش ئاوا ژن و منـداڵیـان بکوژین و بەزەییمـان پێیـانـدا نەیەتەوە!"، بەمجۆره پرۆســـەی لەناوبردنی هـاووڵاتیانی مەدەنی کورد بەڕێوەچوو، خۆی له ڕاسـتیدا پرۆســەی جیاکردنەوەی ژن و پیاوو تەمەنەکانی (١٥ بۆ ٤٥)ی پیاوەکان پێش ڕووداوی کوشـت و بڕی لادێکەی ئاڵتون کۆپری بوو، من پێشـــبینیم کردبوو جیاکردنەوەی ئەو تەمەنانه بۆ کوشـــتن بوو، بەڵام کاتێک ڕووداوەکەی ئاڵتون کۆپری و کفری ڕوویدا، فەرمانەکه گۆڕا، من هەر دوو ســێ ڕۆژ جارێک ســـەرم له بارەگای لیژنه دەدا، بارەگاکه به تەنیشـــت بەڕێوەبەرایەتی ئەمنەوە بوو، من کارمەندی ئەمن بووم ئەوێ بارەگای منه، لیژنەی کاروباری باکوری‌یش لەلای چەپمانه، هەر ســـەد مەترێـک لـێمـان دوور بـوو، بـۆیه زوو زوو ســـەردانـم دەکـردن، عەبدوڕەحمان شـــەکرچی که ســـەرۆکی لیژنەکەبوو کۆمەڵێک ئەفســـەر لەگەڵی کـاریـان دەکرد، لەوانه عەقید ســـالم مەڕعی، ڕۆژێک گوتیـان: "موسـیبەتێکی گەوره بەڕێوەیه"، گوتم چی بووە؟ گوتیان: "(کلهم حسـب السـیاق!)"، ئێ کارمەندانی ئێمه هەموویان لەم قسـەیه تێدەگەن، حەسـەب ئەلسیاق واته کوشتنی بەکۆمەڵ! واته گۆڕی به کۆمەڵ، بڕیارێکی سەیرو ترسـناک بوو بەڕاسـتی، تۆ بیهێنه پێشـچاوت له حاڵەتێکی وادا دەتوانی چی بکەیت؟ من لەناو ئەو سەربازگانه منداڵم بینیوە هەر لەو سەربازگانه لەدایک بوو بوو، منداڵی سـاوا! یەکێک لەو ژنانه ژان گرتبووی و لەسـەر وادەی منـداڵبوون بوو، به ئۆتۆمبیل بردبوومـانه نەخۆشـــخـانه، لەوێ قبوڵیـان نەدەکرد وەریگبرن، چونکه هیچ نـاســـنـامەیەکی پێ نەبوو، ناســـنامەکانیان لای ئێمه بوو که لێمان وەرگرتبوون، من به ســـیفەتی ئەفسـەری ئەمن و بەرپرسی کاروباری سەربازگەکه بردمه ژوورەوە بۆ نەخۆشـخانەکەو ڕێکارەکانم بۆ تەواو کرد، منداڵەکەی له دایکبوو، کوڕی بوو، ئێ من ئەم منداڵه سـاوایانەم بینیوە، که ئەو هەواڵەشـم بیست، بیرم

لەو منــدالانە دەكردەوەو بیرم لەخۆم دەكردەوە كە چۆن لەگەڵ ئەم ســـەربازگەیە گیرۆدەبووم، چی دەبێت ئەگەر ئەم منداڵە كوڕم بێت، دەمویست بگریم، لەناخی خۆمدا دەكولام، باشـە ئەم مندالانە دەكوژرێن؟ ئەی ئەگەر منداڵێكی من یان نەوەیەكی من بكەوێتە ڕەوشێكی لەو جۆرە، هەســتم چی دەبێت؟ بەڕاســتی كارەســات بوو، كارەســاتێك كە مرۆڤ بەرگەی نەدەگرت، ئەو ڕۆژگارە هەستی من ئاوا بوو".

"شتێكی گرنگ منی ڕزگاركرد لە بینینی ئەم دیمەنانە"

ئەو ئەفســەرەی پێشــووی ئەمن دەڵێت: لە ناكاو شــتێكی گرنگ منی ڕزگـار كرد لە بینینی ئەو دیمەنـانە، لەكـاتێكـدا نـاتوانی هیچ بكەیـت، بەڕێوەبەری ئەمن منی خستە خولێكەوە كە تیایدا پلەی یەكەمم بەدەست هێناو خەلاتیشــم وەرگرت، وێنەكەم هەیە كە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشــتی ئەمن گرتوومە لەكۆتایی خولەكە، سەرەتای خولەكە یەكی نیسان دەستی پێكردو لە ســـەرەتای مانگی حەوت كۆتایی هات، بەلام كەی، ئەو كاتەی ئۆتۆمبیلەكانی ســـەر بە بەڕێوەبەرایەتییەكانی ئەمن دەســـتیانكرد بە گواســتنەوەی گیراوەكان، گواســتنەوەیان بۆ كوێ؟ بۆ گۆڕی بە كۆمەڵ! ئۆتۆمبیلەكـان داخراو بوون، تەنـانەت هەواشـــیـان بۆ نەدەچوو، تەنهـا هەواكێشـــەكان نەبێت، ئەم مندالانەو خێزانەكانیان نەیاندەزانی بۆ كوێ دەڕۆن، تەواو ڕۆیشتن! تەواو ڕۆیشتن!.

ئۆتۆمبیلەكـان زۆر بوون، هەر ئۆتۆمبیلێـك بەزۆر نزیكەی چـل كەســیان تێدەكرد بە پاڵەپەســتۆ، ژن و منداڵ پێكەوە باردەكران، خێزان خێزان، بەلام زۆرینەی خێزانەكان پیاویان لەگەڵ نەبوو، زۆرینەی منداڵ و مێرمنداڵی شـــانزە ســـاڵ و حەڤدە ســـاڵ، لەو جۆرە تەمەنە، ئەوان ڕۆیشتن بەرەو قەدەری خۆیان.

من كە ســـەردانی لیژنەی كاروباری باكورم كرد، گوتیان فەرمان لە عەلی حەسەن مەجیدەوە هاتووە كە دابەشی سەر پارێزگاكانیان بكەن و

هەمووشـــیان بکوژن، ئەم کابرایە تۆماری دەنگی هەیە کە لە دادگای سـەرانی ڕژێمدا لێدرایەوە، عەلی حەسـەن مەجید بەدەنگی خۆی دەڵێت: "سـەرۆکی فەرماندە فەرمانی بە من داوە چاودێریان بکەم کە خۆیان بە دەسـتەوە داوە!"، دەبینی؟ دەڵێت "خۆیان بەدەسـتەوە داوە، چیان لێ بکەم؟ چاودێریـان بکەم"، واتە بیـانخەمە ژێر خـاک! ڕێک ئـاوا دەڵێت، بۆکڵەینەکان بنێرم، بۆکڵەین واتە حەفارە، شـۆفڵ بنێرم، بە تکریتی واتە لێرەوە بۆ ئەوێ، واتە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکـانی ئەمن بۆ ئەوەی لەوێ بیانکەن بە ژێر خۆڵەوە، ئەمەیە چاودێری، گوێ لە دەنگەکەی بگرنەوە، با خەڵک هەموو گوێی لێبێت، ئەمە عەلی حەسـەن مەجیدە فەرمان دەدات هەزاران خێزان ئەنفال بکرێن، هەزاران خێزان بە منداڵەکانیانەوە، ئەوە عەلی حەسـەن مەجیدەو ئەوەش پرۆسـەی ئەنفال، من لەو کاتەدا چوو بوومەوە بۆ ئەمنی عـام، خوا ڕەحمی کرد دابڕام و لەوە زیـاتر ئەو دیمەنـانەم نەبینی، تـا ڕۆژانە بچم دەوام بکەم و ئەو منـداڵانە ببینم کە ڕۆژانە وەجبەیان لێ دەڕوا، لە کاتێکدا دەشزانم بۆ کوێیان دەبەن!.

ڕۆژێک لەو ڕۆژانەی لە خولەکە بووم، ئـاخر خولەکە سـێ مـانگ درێژەی کێشـا، لە مانگی چوار تا مانگی حەوت، سـەرەتای مانگی حەوت کۆتـایی هـات، هەمیشـە دەچووم ئۆتۆمبیلەکەم پڕ دەکرد لە بەنزین، ئۆتۆمبیلەکەم فۆلڤۆ بوو، چەنـد ڕۆژ جـارێـک دەچوومە بەڕێوەبەرایەتی ئالیات (ئامێرەکان) کە سـەر بە ئەمنی عام بوو لەوێ، بەنزینم تێدەکرد، ڕۆژێکیـان یەکێ لەو ئۆتۆمبیلانەم بینیەوە کە گیراوەکـانیـان پێ دەگواسـتنەوە، بینیم شـوێنی نزیکەی هەزار گولەی پێوەبوو، کون کون بوو بوو، منیش کارمەندی ئاسـایشـم و بە سـروشـتی خۆم دەمەوێت هەموو شتێک بزانم، چوومە ژوورەوە بۆلای کارمەندەکانی چاککردنەوە، بـزانـم چیـرۆکـی ئەم ئـۆتـۆمـبـیـلە چیە؟ گـوتـیـان: "ئەمە گـیـراوی گواستووەتەوەو کەوتووەتە ناو شەڕە تەقەوە". شەڕە تەقەی کێ؟ ئەگەر گیراوی تێدابووە دیارە پاسـەوانیشـی هەبووە، ئۆتۆمبیلێک لە پێشـیەوەو

ئۆتۆمبیلێک لە دوایەوە، دواتر بیستمەوە، بێگومان دوای ئەوەی لە مانگی حەوت گەڕامەوە بۆ کەرکوک بیســــتم کە یەکێک لەوەجبەکـان هەوڵی ڕاکردنیــان داوە، لەو کـاتەدا کە ئۆتۆمـبیلەکـان لە نزیکی چـاڵە هەڵکەنراوەکان دەیانەوێت ڕایگرن، خەڵکەکە هەســتیان کردووە، هەر کە دەرگاکە کراوەتەوە هێرشـــیان بردووەو خۆیان لە ئۆتۆمبیلەکە هەڵداوە، هەر کە خۆیـان هەڵداوە بە هەموو لایەکدا ڕایـانکردووە، خوا دەزانێت شوێنەکەش چۆن بووە، بیابان بووە، چۆڵ و دەشتایی بووە، دەستبەجێ دراونەتە بەر دەسـتڕێژی گولەو هەر هەموویان کوژراون، هەندێکیشـیان فریـا نەکەوتوون هەر لە نـاو ئۆتۆمبیلەکە مـاونەتەوە، بۆیە هەر لەنـاو ئۆتۆمبیلەکە دراونەتە بەر دەســــتڕێژی گولە، بۆیە ئەو ئۆتۆمبیلەی من بینیم ســــەدان و ڕەنگە هەزاران گولەی پێوەبوو، من هەر کـاتێـک ئۆتۆمبیلەکەم بینیی بەو هەمـوو گولەیەوە زانیـم کە پەیوەنـدی بە (ئەنفال)ەوە هەیە.

مانگی تەموز گەڕامەوە ســەر ئەرکەکەی خۆم، ئەفســەرێکی تریان لە جێگەکەی من دانابوو، ئاســاییە مرۆڤ فزوڵی بێت و بیەوێت بزانێت چی ڕوویداوە، گوتیان ڕاوەسـتە، پرۆسـەی ئەنفال کۆتایی هاتووە، کوشـتن و بڕین نەماوەو بە یەکجاری وەسـتاوە، بەشـێک لە پیاوەکانیان بردبوو بۆ نوگرە ســــەلمان، بەشـــێک لەو گیراوانەی پیاو بوون ڕەوانەی نوگرە ســەلمان کرابوون، خێزانەکانی دیکەش دابەش کرابوون بەســەر پارێزگا عەرەب نیشـــینەکان، واتە برابوون لەوێ نیشـــتەجێکرابوون، ئەمانە مافی ئەوەیان نەبوو سـەردانی ناوچەی حوکمی زاتی (واتە کوردسـتان) بکەن، تەنانەت بۆیـان نەبوو نزیکی ئەو نـاوچەیەش بکەونەوە، بە کورتی واتە بەبێ ڕەزامەنـدی پـارێزگـار مـافی ئەوەیـان نەبوو لە پـارێزگـاکە دوور بکەونەوە، واتە کوشـــتن و بڕینیان ڕاگرت، ئینجا دەرکەوت کە زۆرێک لەم خێزانانە خزم و کەسی کەسانێک بوون کە بەشدارییان لە گرتنی ئەم خێزانانە کردووە، لەوانە فەوجەکانی خەفیفەکان، یان فەوجی بەرگری کە

کورد بوون، هەروەهـا مەفرەزەکـانی ئەمن کە کوردیـان تێـدابوو، مەفرەزەکانی هەواڵگری کە کوردیان تێدابوو، ئەمانەش خزم و کەس و کـاریـان هەبووەو دەیـانزانی خزم و کەس و کـاریـان براونەتە ئەم ســـەربازگانەو بۆنی هەواڵیان دەکرد، هەواڵی دیار نەمانی ئەم خەڵکە، هەموو پرســـیاریان دەکرد کوا خزمەکانمان؟ کوا منداڵەکانیان؟ بێگومان کەس و کاری ئەو جاشانە هەبوون، ئەگەر خزم و کەسی منیش بەشدار نەبووبن ئەوا کەسـانێک هەن بەشـدارییان لە گرتنی خزم و کەس وکاری من کردووەو هەواڵم دەدەنێ، چونکە جاشـــەکان خۆیان بەشـــداربوون، بەشـــدارێکی کاراش بوون، ئەوانیش ئەرکی ڕزگارکردنی شـــوێنەکانیان جێبەجێ کردووە، ئەوەی شـــوێنێکی ڕزگار کردبێت دەشـێت خەڵکیشـی گرتبێت، بەڵام نە ســـوپاو نە هەواڵگریی و نە جاشـــەکان نەیاندەزانی چارەنووسی ئەم دەستگیرکراوانە چی دەبێت، وایانزانیوە بۆ ماوەیەک لە شوێنێک ڕادەگیرێن و پاشان لە شوێنێک نیشتەجێ دەکرێن، نەدەکرا بیر بکەیتەوە لەوەی ئەم هەموو منداڵە بکوژرێت! ئەم هەموو خێزان و منداڵە کە مرۆڤ موچرکە بە لەشـیدا دێت، بەڵام ئیتر ئەوە سـەددام حسـێنەو ئەوە ڕژێمەکەیەو ئەوەیان کرد!

لێرەدا قسـەکانی ڕائید سـەباح کۆتاییان دێت، بۆ سـەلماندنی قسـەکانی ڕائید ســـەباح کە هەندێک لە ســـەرۆک جاشــە کوردە بەشـداربووەکانی ئەنفال بەدواداچوونیان بۆ چارەنووسی هەندێک لە خزم و کەس و کاری خۆیان کردووە، ئەم چەند قســـەیەی قاســـم ئاغا کۆیە کە یەکێک لە سەرۆک جاشەکانی بەشداری ئەنفالە دەگوازینەوە: "دوای ئەنفالەکان من هەســتام چوومە کەرکوک، چوومە مەکتەب تەنزیمی شـیمال، کە چووم عەلی حەســـەن مەجید لەوێبوو، گوتی: بۆ تووڕەیت؟ گوتم ئێوە خزم و کەسـی منتان هەموو ئەنفال کردووە، هاتووم منیش ئەنفال بکەیت لەگەڵ ئەوان، گوتی: چۆن خزم و کەسـی تۆ؟ گوتم بەڵێ باریقی حاجی حینتەی

هات کە ئێوە پێی دەڵێن پاڵەوان(بەتەل)، کە کەروێشـکیش نیە، هاتووە لە بری ئەوەی شتی تر بکات، ئێمەی ئەنفال کردووە![1].

چیرۆکی ئۆتۆمبیلە کۆن کۆنەکەی ڕائید سەباح باسیکرد

عوزێر وەهاب، یەکێک لە ڕزگاربووی ئەنفال، بۆمان دەگێڕێتەوە: ئێمە هەر لەناو سـەیارەکە بووین و هەموومان خەریکە ڕووحمان دەردەچێت و نازانین چی ڕوو دەدات، دونیا خەریکبوو تاریک دەبوو، لەو کاتەدا کـاک ئەنوەر لە پەنجەرەکەوە سـەیری دەکرد گوتی: "کورە وەرن سـەیربکەن"، کە تەماشـامانکرد لەبەر لایتی سـەبارەکە دیاربوو وا دوو دوو خەڵک دەهێنن چاویان دەبەسـتنەوەو ئەو تەقانەی جار ناجاری گوێمـان لێدەبوو، ئەوە بوو، ئەوانەیـان ڕەمیـدەکردن، ڕەنگە ئەوانەی لەبەرچاوی ئێمەوە ڕەمیدەکران ئەوانیش وەجبەی تریان بە بەرچاوەوە ڕەمیکرابێت، لەو کاتەدا کە لایتی سەیارەکەیان داگیرساند یەکەمجار کاک (ئەنوەر تەیار) لە پەنجەرە بچوکەکەوە سـەیری دەکرد، دەسـتیکرد بە گریان و لایکردەوە بۆ دواوەو گوتی: "جەماعەت ئەوە ڕەمیمان دەکەن"، ئەو قسەیەی کاک ئەنوەر وەک ئەوە وابوو بەردێکی گەورە هەڵدەیتە ناو گۆمێکی مەنگەوە، چونکە هەموومـان دەمانگوت: "کێ دەڵێت ڕەمیمـان ناکەن"، بەڵام کاک ئەنوەر بە دەنگێکی بەرز بە هەموومانی گوت ڕەمیمان دەکەن، ئیتر تەماشـامان کرد بینیمان وا دوو دوو هاوڕێکانی خۆمان دەهێنن و هەبوو بە پەڕۆیەکی سـپی چاویان دەبەسـت و هەبوو نەیاندەبەسـت، جۆری کوشـتنەکەش وا نەبوو هەموویان وەک یەک بکوژن، لێمانەوە دیاربوو، هەبوو کە چاویان دەبەسـت لە دواوە بە دەمانچە لێیان دەدا، دەیاننا بە پشـتە سـەرییەوە، بە قاچییەوە، بە

---

1 - دیداری کەناڵی (ئێن ئاڕ تی) لەگەڵ سـەرۆک جاش (قاسم ئاغای کۆیە)، دیدارەکە لە وڵاتی تورکیا تۆمارکراوە و لەساڵی (٢٠١٥) پەخش کراوە.

کلاشـــینکۆف و دەمانچە بە کەیفی خۆیان فیشـــەکیان پێیانەوە دەناو دیاربوو چاڵەکە لە تەنیشـــتیان بوو، چونکە دەمانبینی دەیانکرد بە قاچیانداو هەڵیاندەدانە چاڵەکەوە.

ئێمە کە ئەو دیمەنانەمان دەبینی، هەرچەندە لەناو ئۆتۆمبیلەکە هەر دەقیقەیەکمان مردنێک بوو، پێشـــتر دەمانگوت بۆ یەکجاریش دونیای ڕۆشن ببینین و دەرگای سەیارەکەمان لێبکەنەوە ئیتر بشمانکوژن هەر خۆشـــتر بوو، بەڵام کە ئەو دیمەنانەمان بینی کە کردنەوەی دەرگاکە بۆ چاڵەکانی مەرگە ئەگەر بیانگوتایە تا (دە) ڕۆژیتریش لە ئۆتۆمبیلەکە داتاننا‌گرین واماندەزانی خەڵاتکراوین، چونکە هەر بە تەمای ژیانبووین، مرۆڤ هەرچەندە لە ژیان بێزاربێت کە مردنی کەســـێکیتری بە چاوی خۆی بینی ئیتر لە مردن دەترسێت، بەتایبەت مردنێکی لەو جۆرەی ئێمە بینیمان، کاک ئەنوەر بە ڕەحمەتبێ یاخوا گوتی: "کاکە ئیتر ئەوە هەموومان دەکوژرێین، با هەموومان شـــایەتومان بێنین"، هەموومان بە دەنگێکی بەرز سێجار شایەتومانمان هێنا و هەموومان بێدەنگ بووینەوە، وەک ئەوەی بڵێین ئەوە ئیتر ئێمە ئامادەین!

کاک ئەنوەر کەوتەوە قسـەکردن، گوتی: "جەماعەت پارەتان لای هەر کەسێکە، قسـەتان لەگەڵ هەر کەسـێکدا نییە، یان کەسـێک عاجزتانی کردووە، لە منداڵیەوە تا ئێســـتا هەر مافێکتان لای خەڵکە، ئێوە گەردنی هەموو کەسێک ئازاد بکەن"، بڕوا بکە کە کاک ئەنوەر ئەو قسـەیەی کرد هەموومان فرمێســـک بە چاوماندا هاتە خوارەوەو دەســـتمان کرد بە گریان، زۆر قورســـە تۆ بزانی هەموو تەمەنی تۆ چەند دەقیقەیەکیترە، گوتی: "برایان هەر دەکوژرێین دەکوژرێین، هەموو تەمەنمان ســـێ دەقیقەی ترە، با تەکبیرێک بکەین، هەر دەرگایان کردەوە هەموومان پەلاماریان بدەین، خۆ ئەوان هەر دەمانکوژن، بەڵام ئەگەر یەک کەس ڕزگاری ببێت زۆرە، تخوا با کەســـێک بمێنێەوە ئەم حاڵەی کورد بگێڕێتەوە".

کـاتێـک کـاک ئەنوەر ئەم قســـەیەی کرد، هەنـدێـک لەوانەی لە ئۆتۆمبیلەکەدا بوون هەر نەیاندەتوانی هەسـتنە سـەرپێ، ئەوەندە تینوو و برسیبوون، بەڵام کاک (ئەنوەر)و کاک (سـەلام قەشـقە) و کاک (سـالار) و ئەوانیتر کە پێکەوە بووین گوتمان باشـــە چیبکەین؟ کاک ئەنوەر گوتی: "کاکە هەر پێنج کەس پێکەوە پەلامـاری چەکدارێـک دەدەین". یەکەمین کەس ســەلام قەشــقەیی گوتی: "کاکە من ئامادەم، هەر ئەو ســەربازەی دەرگاکە دەکاتەوە پەلاماری چەکەکەی بدەم، هەر ئەوەندەی چەکێکمـان دەستبکەوێت، ئیتر شتێک دەکەین".

ئێمە هەمووممـان لەبەردەم مەرگێکی ڕەزیلانەدا بووین، تـا زووتر بمانیانکوشـتایە کەمتر ئازارمان دەچەشـت و دەمانگوت ئەگەر بتوانین چەک لە یەکێکیان بســـەنین ڕەنگە بتوانین هیچ نەبێت یەکێک ڕزگاری ببێت، ئەگەر کورد مابوو، بگەڕێتەوەو پێیان بڵێت ئەو هەموو کوردەیان چۆن کوشـــت، دەرگـای ئۆتۆمبیلەکەمـان کرایەوەو دوو کەس هـاتنە ژوورەوە یەکێکیـان ئەفســـەر بوو، ئەوان کە هـاتنە نـاو ئۆتۆمبیلەکەوە، هاتنە ئەو بۆشـاییەی نێوان ئێمەو شـۆفیرەکەوەو خڕەیان لە دەرگاکەی ئێمە هەسـتاند، هەر دەرگاکەیان کردەوە کاک سـەلام قەشـقەیی بە پەلە هەڵبژا بە یەکێکیانداو پەلاماری تفەنگەکەی دا، یەکێکیتر لە ســەربازەکان هەر لە وێ دوو فیشـــەکی نا بە کاک ســـەلامەوەو شـــەهیدیان کردو دەرگاکەیان لەســـەر داخســـتینەوەو چوونەوە خوارەوە، لەوە دەچوو ئەوەی کاک ســـەلام پەلاماریدا ئازاری پێگەیشـــتبێت، چونکە هاواری لێهەســـتاو لە دەرەوە غەڵبە غەڵبیان لێ پەیدا بوو، ڕەنگە دوو بۆ ســـێ دەقیقەیەکیان پێ چووبێت، تا جارێکیتر هاتنەوە ناو ئۆتۆمبێلەکە.

تا ئەوان گەڕانەوە ئێمە تەکبیرمان کرد، ئەمجارە دەرگاکەیان کردەوە یەکێکمان خۆی بدات بەســـەر سـکەی دەرگاکەداو ئەوەکانیتر هەموومان تەکان بدەین، چونکە دەرگاکە سـکەبوو هەرچەند ڕایبکێشی خۆ زەلامێک لول نـاکـات، کـاک ڕەمەزان کەمێک بە خۆبوو، گوتی: "من خۆم دەدەم

بەسەر سکەی دەرگاکەداو ئێوە پەلاماریان بدەن"، دونیا تاریک بوو بوو، لایتی ئۆتۆمبیلەکان ئیشـــی دەکردو گڵۆپی ناو ئۆتۆمبیلەکە کوژابوویەوە، بۆیە ئێمە ئەوانمان باشتر دەبینی، کە دەرگاکەیان کردەوە من بڕوام وایە چونکە کاک سەلامیان بەو جۆرە کوشت ئەوان تەسەوریان نەدەکرد کە ئێمە ئەمجارە بەو جۆرە پەلاماریان بدەین، بەڵام هەر لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا کاک ڕەمەزان خۆی خستە سەر سکەی دەرگاکەو ئێمەش بە دوای ئەودا بەرەو چەکدارەکان، وەک ئەوە وابوو ئێمە خۆمان حازر کردبێت و ئەوان غافڵگیر بوو بن، پەلاماری چەکی ئەفســـەرەکەماندا، بوویە ڕاپسک، سەربازەکان زۆر تێکچوون، چونکە ئێمە بە چوار پێنج کەس خۆمان دابوو بەســـەر دەســـت و تفەنگەکەی ئەفســـەرەکەدا، سەربازەکانیتر نەیاندەتوانی تەقە بکەن، چونکە ئەگەر تەقەیان بکردایە لە ئێمە ئەفســـەرەکەش پێوە دەبوو، یەکێک لە ســـەربازەکان خۆی هەڵدایە خوارەوە، ســـەربازەکەی تر کەوتە پشـــت ئێمەوە، چونکە ئەفســـەرەکە زەلامێکی گەورەی ڕەشـــی زۆر بەخۆبوو، لەگەڵ خۆیدا ئێمەی پەلکێش دەکرد، خوا ئاگادارە چۆن عەلاگەیەک تەماتەت بەدەســـتەوە بێت بە ئاســـانی ڕایدەوەشـــێنی ئاوا ئێمەی ڕادەوەشـــاند، ئەو ئەوەندە بەهێز بوو ئێمەش هێزمان لەبەر بڕابوو لە تینوێتی و برســـێتیدا، تەواو خەریکبوو ڕامانکێشـــێتە خوارەوە، کاک عەباس مشـــتەکۆڵەیەکی دا بەناوچاویداو هاواری لێ بەرزبوویەوە، بە پەلە پەلاماری مەغزەنی ســـەر تفەنگەکەی خۆیـداو دەریکردوو خۆی هەڵـدایە خوارەوە، تفەنگەکە بەبێ مەغزەن کەوتە دەســـت کاک ئەنوەر، من دڵنیام ئەگەر مەغزەنەکەی دەرنەکردایە ئەوە ئەفسەرەکەو کۆمەڵێ سەربازمان دەکوشت، کە ئەفسەرەکە خۆی هەڵدایە خوارەوە هاواری کرد گوتی (ارمیهم ویە ســـیارة) واتە: "بەر فیشەکیان بدەن بە ئۆتۆمبیلەکەوە!".

دوای قسەی ئەفسەرەکە هەر بە چرکەیەک بوویە هاڕەی گولە بۆ ناو ئۆتۆمبیلەکە، من هەســـتم نەکرد گولەم بەرکەوتبێ، بەڵام زانیم کە کەوتم

و دوو کەسیتریش کەوتن بەسەرمداو چۆڕەی خوێنم لێدێت، هەستم بە ئازار نەدەکرد فیشەکم بەرکەوتبێ، بەڵام هەموو گیانم بووە خوێن، ڕەنگە هەر مەترێک لە ئۆتۆمبیلەکەوە دووربوون کە تەقەیان لێمان کرد، ئەوەندە نزیکبوون گڕی تفەنگەکەیان دەتگوت چەخماخەی هەورە تریشقەیە ناو ئۆتۆمبیلەکەی ڕووناک دەکردەوە، لە سێ لاوە تەقەیان دەکرد، پێدەچوو ئەفسەرەکە لەلای ڕاستەوە کەوتبێ، چونکە لەلای ڕاستەوە تەقە نەدەکرا.

بەمجۆرە ڕەنگە پێنج دەقیقە زیاتر تەقەیان کردبێت و هەموو ئۆتۆمبیلەکەیان کردە بێژنگ، بڕوا بکە دەنگێک لەناو ئۆتۆمبیلەکەوە دەهات لە ژیانمدا گوێم لە دەنگی وا نەبوو بوو ئەوەندە ترسناک بوو، دەنگی چۆڕەی خوێن بوو کە لەو کونانەوە فیچقەی دەکرد کە فیشەک کونی کردبوون، دەتگوت هەوا دەکەیتە تایەی ئۆتۆمبێلەوە، ئاوا فیچقەی دەهات، چونکە خوێنەکە زۆر زۆر بوو لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا، هێشتا هەمووی هەر خوێنی لێدەچۆڕا، من هەستدەکەم هەر خوا خۆی مەیلی وا بووە ئێمە بمێنین و بگەڕێینەوە تا خەڵک بزانێت چیان بەسەر ئەو خەڵکەدا هێنا، ئەگەرنا من زۆر جار بیردەکەمەوە چۆن دەرچووم و گەڕامەوە؟ هەر دەڵێیت خەیاڵە!

نازانم چەنێکم پێچوو دوای تەقەکان، بەڵام هەستمکرد ئاگام لەخۆمەو بە ڕاستی زیندووم، چونکە دەزانم ماوەیەک ئاگام لە خۆم نەماو لە هۆش خۆم چوو بووم، بەڵام کە هاتمەوە هۆش خۆم، هەستمکرد لەشم زۆر قورسە، دەتگوت دونیا ڕووخاوە بەسەر منداو تا دەهات زیاتر تەنگەنەفەس دەبووم، خەریکبوو هەردوو چاوم کوێر بێت بۆ قومێ ئاو، نەڕەی شۆفڵیش دەهات ئیشی دەکرد، دەترسام شۆفڵ ئۆتۆمبیلەکە هەڵبداتە چاڵێکەوەو خۆڵ بکەن بەسەریدا، یەکەمجار دەمگوت ناجوڵێم تا ئۆتۆمبیلەکە دەکەنە چاڵەکەوە بۆ ئەوەی نەزانن زیندووم، بەڵام هەستم دەکرد وردە وردە زیاتر دێمەوە سەرخۆم، باشە من ئێستا نەتوانم

دەربچم، کە ئۆتۆمبیلەکەیان خستە چاڵەوەو خۆڵیان کرد بەسەریدا ئیتر چۆن دەتوانم دەربازم بێت؟ هەر لەبەر خۆمەوە ئەم خەیاڵانەم دەکرد، هەستم بە جوڵە جوڵی خەڵکیتر کرد، تەواو ترسام، جوڵەم لەخۆم بڕی بۆ ئەوەی کەس هەست نەکات من ماوم، یەکێک بە تەنیشتمدا تێپەڕی و ئاگام لێبوو لە دەرگای ئۆتۆمبیلەکە چووە دەرەوە، خەریکبوو زراوم بچێت، دەمگوت ئەو سەربازەی لەناو ئۆتۆمبیلەکە مابووەوە ڕەنگە ئەوبێت و ئەویش وەک من نەکوژرابێت، چونکە دوای ئەفسەرەکە سەربازەکە مابووەوە، ئەویش وەک ئێمە کەوتە بەر دەستدرێژی گولەی ئەوانیتر.

دوای ئەوەی ئەو دەرچوو، پاش ماوەی چەند دەقیقەیەک یەکێکیتریشم بینی دەرچوو، بەڵام ڕەنگە هەر چەند مەترێک لە ئۆتۆمبیلەکە دوور کەوتبێتەوە، ڕیزێک فیشەک تەقی و گوێم لە هاوارێک بوو دیاربوو لێی درا، بەڵام نەمزانی کام لە هاوڕێکانم بوو، یان کێ دەڵێت سەربازەکە نەبووە، مەگەر خوا خۆی بزانێت.

ئیتر لە ترسا وەخت بوو زیرە بکەم، لە هەموو ئەو ترس و ناڕەحەتیانەی بینیم ئەو ماوەیە لە هەمووی زیاتر ترساوم، خۆزگەم دەخواست منیش وەک ئەو دوو تەرمەی سەرم، یان وەک کاک سەلام زوو بکوژرامایەو نەجاتم بوایە، ئەوان بەس نییە بۆخۆیان مردن و ئەم ترسەی منیشان نەبینی، پاش ماوەیەک یەکێکیتریش لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی و ڕۆیشت، ماوەیەکی زۆر گوێم هەڵخست، هیچ دەنگ نەبوو، ئیتر غیرەتم دایە بەر خۆم و دوو تەرمەکەی سەرم لادا، هەستمکرد دەتوانم بڕۆم و بجوڵێم، ئیتر زانیم بەهۆی ئەو تەرمانەوە من پێوە نەبووم و ڕەنگە ئەوانیتریش کە پێش من لە ئۆتۆمبیلەکە چوونە دەرەوە هەر لاشەی هاوڕێکانیان کەوتبێت بەسەریانداو ئەوانیشی ڕزگار کردبێت.

لەو کاتانەدا نەمزانی ئەوانەی دەرچوون کێبوون، بەڵام دوایی زانیم کە یەکێکیان کاک (ڕەمەزان)ە ئێستا لە سایەی خواوە ماوەو ئەویتریان

کـاک (ئەنوەر تەیـار) بوو، دوای ئەوەی گەڕایەوە بۆ چەمچەمـاڵ لەوێ تیاچوو.

بەمجۆرە پاش لادانی تەرمەکان لەسەر خۆم، من لەناو ئەو بۆشاییەی نێوان شوێنەکەی خۆمان و شۆفێرەکە بووم، لە دەرگای شۆفێرەکەوە بە هێواشـــی هاتمە خوارەوە، تەنها لە دوورەوە لایتی ئۆتۆمبیل دیاربوو شـــۆفڵیش ئیشـــتی دەکرد و نەڕەی دەهات، ئیتر هەســـتمکرد کەس دیار نییە، بێئەوەی بزانم بۆ کـام لایە دەڕۆم کە کەوتمە ڕێ، کەمتر لە پێنج مەتر لە ئۆتۆمبیلەکە دوور کەوتمەوە، کەوتمە نـاو چـاڵێکی قووڵەوە، لەسەر هەردوو ئەژنۆم کەوتم بەسەر لاشەیەکدا، نازانم گیانی تێدا مابوو یان نا، بەلام لە ژێر فشـــارو قورســـایی مندا کۆمەڵێک کەف و خوێن و بۆنێکی زۆر ناخۆش لە دەم و لوتییەوە دەرچوون کە لە ژیانمدا هەســـتم بە بۆنی وا ترسناک نەکردبوو، بە یەکجاریی وڕو گێژی کردم، لەتاو ئەو بۆنە کە لە مێشـــکم دەرنەدەچوو بەنـاو چاڵەکەدا ڕامـدەکرد، ژێر پێم هەمووی لاشـــەی خەڵکی کوژراو بوو، من دڵنیام برینداریشـــی تێدابوو، چونکە بەســـەریاندا ڕێم دەکردو دەکەوتمە ســـەر لاشـەو هەڵدەسـتامەوە، گوێم لە هاوارو نوزەو ناڵە دەبوو کە پێم دەخســـتە ســـەر برینەکانیان، دیـاربوو ڕوحیـان تێدا مـابوو، چـاڵەکە قووڵ بوو، بەبـالای دوو کەس دەبوو، تاریک تەنها خوا دیاربوو، بەو بۆشـاییەی ئاسـماندا دەڕۆیشـتم تا وردە وردە هەستمکرد دێمەوە سەر زەوی، دیاربوو شۆفڵەکە شوێنی بۆ دەرچوونی خۆی کردبوو، کە هاتمە دەرەوە تەماشایەکی ئەملاولای خۆم کرد، جگە لە تاریکی هیچ دیار نەبوو، بۆ ئەوەی دوور بکەومەوە بڕیارمدا ڕابکەم، بەلام بێئەوەی بزانم بەرەو کوێ ڕادەکەم و دەمگەیەنێتە کوێ، دەســـتمکرد بە ڕاکردن، چەند جارێکیتر کەوتمە ناو چاڵی پڕ لە لاشـــەوە، چونکە پێم پەتی بوو، دڕک دەچوو بە پێمدا، بەلام هەستم دەکرد پێیەکانم سڕ بوو بوون.

ئەم ڕووداوەی کە (عوزێر وەهـاب موحەممەد سـلێمـان) بۆمـان دەگێڕێتەوە، دەکرێت چیرۆکی ئەو ئۆتۆمبیلە بێت کە ڕائید (سـەباح ئەلحەمەدانی) بینیویەتی و بەپێی لێکدانەوەی خۆی پێیوایە یەکێک لەو ئۆتۆمبێلانە بووە کە لە پرۆسـەکانی ئەنفالـدا بەهۆی هەوڵی خۆ ڕزگارکردنی ئەنفالکراوانەوە بەر گولە دراوە، چیرۆکەکە[1]عوزێر وەهاب دەیگێڕێتەوە کە لە دایکبووی ساڵی (١٩٦٣)ی گوندی (تەرجیل)ی ناحیەی (لەیلان)ی سنوری پارێزگای (کەرکوک)ە، یەکێکە لە ڕزگاربووانی ئەنفالە و چیرۆکی ڕزگـاربوونی خۆی لە گۆڕە بە کۆمەڵەکـان دەگێڕێتەوە، هەموو ئەوانە لە چوارچێوەی حەسەب ئەلسیاقی سەددام بوونە قوربانی.

"گەورەم چیت بۆ بگێڕمەوە؟"

ڕائیـد سـەبـاح دەڵێـت: مـانگی تەموز کە گەڕامەوە یەکێـک لە ئەفسـەرەکانی ئەمن لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمن سـەردانی کردم، ئاخر بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمەش بەشـداربوون، وەکو ئەمنی کەرکوکیش دەبوو پێنج هەزار یان هەر ژمارەیەک وەرگری و بەشداربین، بەهەرحاڵ یەکێک لەو ئەفسەرانەی ئەمن کە بەشداربوو بۆی باسکردم، ئەوەم هەتا ئێسـتـا لەیـادە، ئەو پلەکەی (مولازم) و منیش (نەقیـب) بووم، گوتی: "گەورەم چیت بۆ بگێڕمەوە؟، من یەکێک لەو دیمەنانەی هەرگیز لە بیرم ناچنەوە، منداڵێک بوو، دوای ئەوەی دایکیان کوشتبوو، یان خوشکی بوو کە لەگەڵی بوو، کەوتبووە چاڵەکەوە، گوتی قژێکی زەردی هەبوو، لەناو چاڵەکە وەسـتابوو .... ناتوانم تەواوی بکەم ... (لەکاتی ئەم گێڕانەوەیەدا ئەم ئەفسـەرەی ئەمن قورگی پڕ دەبێت لە گریان)... گوتی ئاوای کردبوو، هەردوو دەستی خستبووە سەر سەری، چونکە لە هەموو لایەکەوە گوێی

---

١ - عارف قوربانی (٢٠١٤): شـایەتحاڵەکانی ئەنفال، بەرگی چوار، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

له دەنگی گولەبوو، چاوەڕێی گولەیەکی دەکرد بەریبکەوێت، هەرچەندە چەکەکان زۆربەیان بێدەنگ بوو بوون، بەڵام دەنگی گولەش هەر هەبوو، بەچاوی خۆی منداڵەکەی دەبینی، منداڵێکەو وا دەبینێت لە چوار دەوری مرۆڤ دەکوژرێت و خوێن ڕژاوە، منداڵەکە هاواری دەکردو دەگریا، گوتی هەندێک لە منداڵەکانمان هەر بە زیندوویی دادەپۆشی!".

ئەو ئەفسەرە کە ئەم قسانەی بۆ من دەگێڕایەوە دەگریا، بەدەم گریانەوە قسەکانی دەگێڕایەوە، بە کوڵیش دەگریا، ئاخر ئەو ئەفسەرە چی بکردایە؟ بەڵێ سەددام حسێن ئەو خەڵکەی ئاوا لێکرد، ئاخر ئەوە تۆڵەی ئەو خەڵکەبوو کە سەددام حسێن بەدەست خوێڕێترینی خوێڕییەکان لە سێدارە درا، خۆشحاڵ بووم سەددام بەدەستی پیاوی شەریف نەکوژرا، پیاوانێک کە بەشەڕ گرتبێتیان، نەخێر، پیاوانێک کە ئەمریکا هێنابوونی، پۆخڵترینی خەڵک ئەوانە بوون کە لە سێدارەیان دا، ئەوە مایەی خۆشحاڵی بوون، ئەوە تۆڵەی ئەو منداڵانە بوو.

ئێستە ماوەتەوە خۆمان بدەینەوە دەست ڕووداوەکان، بزانین ئەو هاوڕێیانەی کەیوان کێبوون ئازادبوون؟ ئەی ئەوانەی برانە بەردەم سێدارەی سەددام کێبوون؟ چۆن شەهیدکران؟ لە کوێ نێژران؟ گۆڕەکانیان لە کوێیە؟ ئایا پرسەیان بۆ دانرا؟ دۆخی خێزانەکانیان پاش ئەو ڕووداوە چۆن بوو؟

(٥٧)
لیژنەی کاروباری باکور

لیژنەی کاروباری باکور، بریتیبوو لە لیژنەیەکی تایبەت بە کاروباری "باکوری عێراق"ی حزبی بەعس لە پارێزگاکانی (سلێمانی و هەولێرو دهۆک و کەرکوک و موسڵ)، ئەم لیژنەیە لە جێگەی دامەزراوەی سەربازی بووەو هەموو بڕیارەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان و باکوری عێراق لەو لیژنەیەوە دراون و تاوانەکانی بە عەرەبکردن، کیمیاییباران، جینۆسایدو ئەنفال و کوشتن و بڕینی نەیارەکانی بەعس و کاولکردنی گوندەکان و گواستنەوەی خەڵکەکەیان بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ لەو لیژنەیەی بەعسەوە سەرپەرشتیکراون.

ئەم لیژنەیە دەسەڵاتی زیاتری وەرگرت کاتێک عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای سەددام لە (٢٩ی ٣ی ١٩٨٧)ەوە بوویە بەرپرسی یان وەک زاراوەکەی خۆیان ناوی لێدەنێت بوویە (ئەمین سڕ)ی ئەو نووسینگەیەی حزبی بەعس، بەجۆرێک دەسەڵاتی هەموو دامەزراوەکانی لە خۆی و ئەو دامەزراوەیەدا کورتکردەوە، پێشتریش لەلایەن تاوانبار (عیزەت دووریی)ەوە بەڕێوەبراوەو وەزیرەکانی بەرگری و ناوخۆو دامەزراوەکانی هەواڵگریی ئەندامی بوون.

جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لە نێوان لیژنەی کاروباری باکوری حزبی بەعس و نووسینگەی ڕێکخستنی باکوری حزبی بەعس، لیژنەی کاروباری باکوری حزبی بەعس زیاتر لە ئاستی عێراق سیاسەتی

کردووەو پلانی داناوە، بەڵام نووسینگەی باکوری حزبی بەعس سەرپەرشتی لقەکانی حزبی بەعسی کردووە لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆک و کەرکوک و موسڵ، لەو کاتەی کەسێکی وەک عەلی کیمیاویی بووەتە بەرپرسی، دەسەڵاتی تەواوی هەبووە لەو پێنج پارێزگایە و دەسەڵاتەکانی هاوتای دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار بووەو کەس نەیتوانیوە لەبەردەم بڕیارەکانیدا بووەستێ.

(٥٨)

بە پانکەی بنکەی پۆلیسەوە هەڵیانواسی تا ماڵی باوکی ئاشکرا بکات!

تەمەنی تەنها سـیـێزە سـاڵە، قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندییە، ئەوە ڕۆژی دووەمیەتی لە لە بنکەی پۆلیسـی عەربەت ڕاگیراوە، کە لە بری فەرمانگەی ئەمنیش بەکاردەهێنرا.

بەهۆی بچوکی تەمەنییەوە، دواتر لە ناو ئەمنی سـلێمانی بە (بەکرە بچکۆل) ناوی دەرکردبوو، چونکە بچوکترین دەستگیرکراوی ناو بەشی پیاوانی ئەمنی سلێمانی بوو، ئەو تاوانی ئەوە بوو کە برای (موحەممەدو ئەحمەد عەبدوڵلا گوڵپی) بوو.

پاش نزیکەی (دە) ڕۆژ لە دەسـتگیرکرانی موحەممەدو ئەحمەد لە (٢٠ی ١٢ی ١٩٨٨)، ئەمنەکان جارێکیتر گەڕانەوە بۆ دەسـتگیرکردنی هەموو ئەنـدامـانی خێزانەکەمـان، هـاوشـێوەی خێزان و خـانەوادەی هاوڕێکانی کەیوان، بۆ دۆزینەوەی ماڵیشـمان یەک ناونیشـانیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، ئەویش ئەبوبەکری برام لە پۆلی یەکی ناوەندی هەمان ئەو دواناوەندییە بوو کە موحەممەدو ئەحمەدی برام قوتابی بوون تیایدا، هەر لەو قوتابخانەیەو لە کاتی دەوامدا دەستگیر کران.

پاش نزیکەی دە ڕۆژ لە خۆحەشاردان لە ماڵی خزمەکان لە عەربەت، ئێمە تەنهـا ئەو شـەوە گەڕابووینەوە مـاڵەوە، دایکم خەریکی مـاڵ پاککردنەوە بوو، باوکیشـم بڕیاریدابوو بچێت بۆ ئەمنی سـلێمانی و سـۆراخێکی براکانم بکات، منداڵەکانیتر بگەڕێینەوە قوتابخانەو دەوامی خوێندنەکەمان دەست پێبکەینەوە، لەگەڵ ئەم دۆخە تازەیە خۆ بگونجێنین و بەرگەی فشـارەکان بگرین و ڕادەسـتی واقیعە دژوارەکە نەبین و ڕووبەڕووی نارەحەتییەکان ببینەوە، پێمان وابوو مادەم ماوەی ئەو دە ڕۆژە نەیانگرتووین، ئیتر پێناچێت بمانگرن، کەواتە ئەم خۆشـاردنەوەیە

بۆچی و بۆچی منداڵەکان خوێندنەکەیان لە کیس بچێت و ئەم خێزانە قەرەباڵغەش بۆ ئەرک بین بەسەر خزمەکانەوە.

سەعات نزیکەی نۆی بەیانی بوو، مەفرەزەیەکی ئەمن لە سلێمانییەوە هاتبوونە (دوانـاوەنـدی عەربەتی کوڕان) لە عەربەتی خواروو، لەگەڵ خۆیان (حاجی مەحمود)ی موختاری عەربەتیان هێنابوو، بۆئەوەی کاری دەستگیرکردنی ئەم خێزانە هەژارە هەڵبجەییە ئاسان بکات و ئەم دیارییە بەنرخە پێشکەشی بە ئەمن بکات، تا بە هۆی ئەو دڵسۆزییەیەوە سوپاسێک یان خەڵات و دیارییەک وەربگرێت و پلەی لای حزبی بەعس کەمێک بچێتە پێشەوە.

هەر لەگەڵ دەستپێکردنی وانەی دووەم کە وانەی بیرکاری بوو، مامۆستا ئافرەتەکە کە ئەبوبەکری بینی دەستی بە گریان کرد، گریان بۆ موحەممەدو ئەحمەد کە نزیکەی دە ڕۆژ لەمەوپێش لە ناو پۆلەکەیاندا دەستگیریان کردن، هەر ئەم نەبوو، قوتابخانەکە هەموو لە خەمێکی قووڵدابوون، چونکە هەواڵەکە وەک شەپۆلێکی خێرا بە قوتابخانەکەدا بڵاو بوو بوویەوە، هەواڵەکەش بەمجۆرەبوو: "حکومەت هەڵەبجەییەکان دەستگیر دەکات!".

پاش کەمێک لە خوێندنی وانەکە، یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانە هاتە ژوورەوە، هەموو قوتابییەکان لەبەری هەستانەوە، چاوێکی بەناو قوتابییەکاندا گێڕا، ئەبوبەکری بینییەوە، گوتی ئەبوبەکر وەرە بۆ ئیدارە کارم پێتە!

ئەم بانگکردنە نائاسایی بوو، دڵی ئەبوبەکر کەوتە خورپە، چونکە بەیانی لە ماڵەوە هاتووە هیچ گرفتێک نەبووە، لە دەوامی قوتابخانەکەشی هیچ کێشەیەک لە ئارادا نیە، بۆیە ترسی لێنیشت بەم بانگکردنە بۆ کارگێڕی قوتابخانە!

هیچی نەوت، لەگەڵ یاریدەدەری بەڕێوەبەر ڕۆیشت بەرەو ژووری بەڕێوەبەری قوتابخانە، کاتێک لە ڕێڕەوەکەوە تێدەپەڕی دیقەتی

دەرەوەی دا، بینینی ئەمبەرو ئەوبەری دەرگاکە چەکداری لێیە، لەبەردەرگای قوتابخانە ئۆتۆمبێلی سەربازی لێیە، بۆیە یەکسەر گومانی بۆ ئەوەچوو کە ئەوە هاتوون ئەمیش بگرن.

بە درێژایی پۆلەکەی تا گەیشتنە ژووری بەڕێوەبەر، مامۆستای یاریدەدەری قوتابخانە کە هاتبوو بەکرە بچکۆل بانگ بکات، یەک وشەشی نەدرکاند! چی بڵێت؟ مامۆستایەکی کوردی هەژار چووە بە دوای قوتابییەکی کوردی هەژاردا، زۆر باش دڵنیایە بۆ گرتن بانگی دەکەن، لەوەش خراپتر بۆ گرتنی هەموو خێزانەکە، بۆیە چی بڵێت؟ باسی چی بکات؟ چ وشەیەک هەیە شایستەی باسکردن بێت لە دۆخێکی ناچاری پڕ لە خەمی لەو جۆرە تا مامۆستایەکی کوردی هەژار بیکات؟

کاتێک گەیشتە ژووری بەڕێوەبەر، ئەوەی بەکرە بچکۆل چاوەڕێی نەدەکرد ئەوەبوو، بینی لە ژووری بەڕێوبەر دوو کەس کە سیمایان لە کورد ناچێت بە چاکەت و پانتۆڵەوە دانیشتوون، یەکێکیتریش بە جلی شاڵ و مشکیەوە لەو بەرەوە دانیشتووە، بەڕێوەبەری قوتابخانەش لەسەر مێزەکەی دانیشتبوو، خەریکی نووسین بوو، کاتێک گەیشتە ژوورەکە بۆ ماوەی یەک دەقیقە کەس هیچی نەگوت، بەڕێوەبەر سەری هەڵبڕی، گوتی: "ئەبوبەکر، ئەم میوانانە کاریان پێتە"، لەو کاتەدا ئیتر دڵنیابوویەوە لەوەی ئەوە ئەو ڕۆژەیە لێی دەترسا، دەستگیرکردنی ئەو، هاوشێوەی براکانی!

حاجی مەحمودی موختار، دەستپێشخەری کرد: "ئەوە بۆ باوکت نایەت هەواڵێکی ئەو دوو برایەت بپرسێت؟ سەرمایانەو هیچ جلێکیان پێنیە لەو بنکەی پۆلیسە؟".

بەکرە بچکۆل: کام بنکەی پۆلیس؟

حاجی مەحمود: بنکەی پۆلیسی عەربەت؟

بەکرە بچکۆل: براکانم لە بنکەی پۆلیسی عەربەت نین!

حاجی مەحمود: ئەی لە کوێن؟

بەکرە بچکۆل: لە ئەمنی سلێمانی دەستگیرکراون!. (لەم کاتانەدا دوو ئەمنە جل و بەرگ مەدەنییە عەرەبەکە سەیری یەکیان کرد، وەڵامەکانی ئەبوبەکریان لەلا سەیر بووە).

حاجی مەحمود: دەمدرێژی مەکە، وەرە ماڵەوەتانمان پێ پیشانبدە!

ئەمە لە هەمووی خراپتر، ئەبوبەکر سەرەتا وایزانیوە تەنها خۆی دەگرن، بەڵام پرسیاری ماڵی باوک ئیتر مانای وایە هەموو ئەندامانی خێزانەکە دەگرن، بۆیە لەگەڵ ترس و خەمێکی زۆر، لە هەمانکاتدا بیر لە هەڵاتن، یان نەگوتنی ناونیشانی ماڵەوە دەکاتەوە.

موختاری گەڕەکەکان، هەموو زانیارییەکی هەر ماڵێکیان لەبەردەست بوو، پێویستیان بەکەس نەبوو زانیاریی لێوەربگرن، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە تازە بەتازە لە سلێمانیەوە هاتبووینە عەربەت، ماڵی ئێمەی نەدەزانی، بەتایبەت ئێمە کە پاش کارەساتی هەڵەبجەو هەڵهاتن بۆ ئێران و پاشان گەڕانەوەمان بە ڕێگەی قاچاخ، هیچ پێداویستیەکی ماڵمان نەبوو تا بە نووسراو لە سلێمانیەوە بیگوازینەوە بۆ عەربەت و دەزگاکانی حکومەت بزانن ماڵمان لە کوێیەو کێین و بۆ کوێ هاتووین، بۆیە تاکە سەرچاوەی زانیارییان موحەممەدو ئەحمەد بوون، ئەوانیش ناونیشانی ئەبوبەکریان دابوو، ئێستەش ئەبوبەکریان دەستکەوتووە، واتە ئێمەیان وەک نێچیر دەکەوێتە دەست.

لەو کاتەی بەرەو دەرەوەیان دەبرد، بینی قوتابیە هاوڕێکانی پۆلەکەی خۆی هاتوونەتە دەرەوە، لەمبەروئەوبەری دەرگاکەوە وەستاون، بێدەسەڵات سەیری ئەم شانۆیە دەکەن، شانۆی چەند چەکدارێک بە چەکەوە لەناو قوتابخانە پەلاماری ئەبوبەکری هاوڕێیان دەدەن و دەستگیری دەکەن!

کە چووە دەرەوە بینی سێ ئۆتۆمبیل لەبەردەرگان، دوو لاندکرۆزەر کە بە ڕەنگی سەربازی ڕەنگکراون لەگەڵ ئۆتۆمبیلێکی شۆفرلێت، حاجی مەحمودو بەکرە بچکۆل و چەند چەکدارێکیتر لەپشتی شۆفرلێتە سەر

بەتاڵەکە سـەریانخستن، کەوتنە ڕێ بەرەوماڵەوە، لەم کاتانەدا یەکێک لە هـاوڕێکانی (بەناوی عومەر) هـاواری لێدەکات، ئەبوبەکر بە ئەسـپـایی خواحافیزی لە هاوڕێکەی دەکات.

ئەبوبەکر ئاماژەی بۆ ئۆتۆمبیل و ئەمنەکان کرد کە بەرەو خوارەوە بچن، کاتێک بەرەو خوارەوە دەچن، دایکم دەبینێت کە خەریکی بەردەرگا شـۆردنە، کە ئەمەی بینی هیچی نەگوت، تا ماڵی ئێمەیان تێپەڕاند، لە هەمانکاتدا دایکیشـم بینیویەتی وا ئەبوبەکر لە پشـتی ئۆتۆمبێلێکی سـەربازی کراوەو چەند چەکدارێکی لەگەڵەو بەرەو خوار ڕۆیشـت، ئیتر یەکسـەر پەلاماری هەردوو خوشـکە بچوکەکەم (پەروین و نەشـمیل) دەدات و بۆ ماڵە دراوسێیەک هەڵدێت.

پاش تێپەڕاندنی ماڵی خۆمان، بەکرە بچکۆل کێشـەیەکی نوێی بۆ دروسـت دەبێت، "ئەی خوایە ئێسـتە بڵێم کامە ماڵی ئێمەیە"، ئێ خۆ ناکرێت بڵێت ماڵی خۆمان نازانم، چۆن دەکرێت منداڵێک تەمەنی سـێزە ساڵ بێت نەزانێت ماڵی لە کوێیە؟

پاش ماوەیەک و کۆڵان و کۆڵانکردن و ڕاسـت و چەپ، ئیتر هێزەکە بە ئەبوبەکری برامەوە خەریکە بەرەو کۆتایی عەربەت نزیک دەبنەوە، بە ناچاری و خۆنەویسـتانە بە ماڵێک کەپێشـتر چەند شـەوێک تیایدا مابووینەوە و خۆمان حەشـاردابوو، دەڵێت ئەمە ماڵی ئێمەیە، کاتێک دەچنە ژوورەوە دەبینن پڕیەتی لە ئافرەت و هیچ پیاوێک لەوێ نییە، بۆیە ڕوو دەکەنە ئافرەتەکان و دەڵێن کامتان دایکی ئەم کوڕەن؟ ئەم دەڵێت کوڕی ئێمە نیە، ئەو دەڵێت کوڕی ئێمە نیە، دواجار کەس خۆی ناکات بە دایکی ئەبوبەکر، ئێ لە ڕاسـتیدا هەر واش بوو، کەس لەو ئافرەتانە دایکی ئەبوبەکر نەبوون، بۆیە هەموو گوتیان بەخوا نایناسـین، نازانین ئەم منداڵە کێیە، کاتێک حاجی مەحمود دەزانێت ئەم منداڵە درۆی لەگەڵ کردوون، هەتا هێزی تیا دەبێت زلەیەکی لێدەدات و پێیدەڵێت: "سـەگی سـەگباب، بۆچی درۆمان لەگەڵ دەکەیت؟"، ژن و منداڵە

زۆرینەکەی ماڵە خزمەکەمان دەستدەکەن بە قیژە قیژو هاوار هاوار، یەک دوانێکیان هاواریان کرد: "ئەوە منداڵە، بۆ لێی دەدەن، تاوانی چیە؟".

"ئەم سمێڵە سمێڵی پیاو نەبێت کوڕەکانیان ئازاد دەکەین"

پاش ئەم بگرەو بەردەیە، ئەبوبەکر دەیانبات بۆ ماڵە ڕاستەقینەکەی خۆمان، لەو کاتەدا دایکم بەرەو ماڵی مام عیزەتی خزممان دەکەوێتە ڕێ، ئەو ماڵەی نزیکەی دە ڕۆژێک خۆمانمان تیا پەناداو خۆمان شاردەوە، پاش نیو سەعاتێک دیسان ئۆتۆمبیلەکان بە ئەبوبەکرەوە گەڕانەوە بۆ هەمان ماڵ، هەموومان لەوێ بووین، لەگەڵ نزیکەی چوار خێزانی تریش کە ئاوارەی هەڵەبجەو شارەزوور بوون و خزمی نزیکیان بوون، بۆیە ماڵەکە قەرەباڵغ بوو، لەو کاتەدا دایکیشم لە حەمامی حەوشەکەی ئەو ماڵە خۆی شاردەوە، لە درزی دەرگاکەوە سەیر دەکات، حاجی مەحمود سووربوو لەسەر ئەوەی کە خێزانی مام عیزەت دایکی بەکرەو ڕاستی لەگەڵ ناڵێت، ئەویش سوێندی دەخوارد: "بەخوا من دایکی ئەو نیم و ئەو کوڕە منداڵی من نییەو نایناسم، بۆ خاتری خوا ئەم منداڵە بۆ بە زۆر دەکەن بە منداڵی من؟ چیتان دەوێت لێمان؟"، حەوشەکە پڕە لە ژن و منداڵ، هەموو گریان و ترس و دڵەڕاوکێ زاڵبوو بوو بەسەرماندا، زوو زووش ڕوویان دەکردە ژن و منداڵەکان و دراوسێکان، دەیانگوت: "پێمان نەڵێن دایک و باوک و خوشک و برای ئەم منداڵە لە کوێن، سبەی ئەم کۆڵانە هەمووی تەخت دەکەین!"، ئەم هەڕەشەو گوڕەشانە ترسی دەخستە دڵەوە، منداڵیش هەموو گریان و هاواریان بوو، لە ترسی هەڕەشەو لە ترسی چەک و ئۆتۆمبیلی سەربازی و چەکدار، لەگەڵ هەڕەشەکانیان، جاروباریش حاجی مەحمودو یەک دوو ئەمنی تر شێوازێکی تریان بەکاردەهێنا، دەستیان دەبرد بۆ سمێڵیان و دەیانگوت: "ئەم سمێڵە سمێڵی پیاو نەبێت پێمان بڵێن دایک و باوکیان کامەیە دەیانبەین لەگەڵ خۆمان کوڕەکانیان ئازاد دەکەین، نامانەوێت کوڕەکانیان

بەرەلا بکەین و نەزانن بۆ کوێ بچنەوە، دەمانەوێت بیاندەینەوە دەست باوک و دایکیان"، بەڕاستی ئەم قسانە دڵخۆشکەربوون، بۆیە کە دایکم ئەم قسانەی لەو دیو دەرگاکەوە دەبیست، لەناو کوڕەکانی کە نزیکەی دە ڕۆژە لێی دوورن، زوو زوو دەیویست باوەڕ بکات و بچێتە دەرەوەو هاوار بکات و بڵێت: "من دایکی ئەوم، بەڵێ من دایکیانم فەرموون با بڕۆین کوڕەکانی ترم ئازاد بکەن!"، بەڵام ئەم ڕاگەیاندنە پڕ مەترسی بوو، ئەگەر ئەمەی بکردایە واتە دەستگیرکرانی دایکم و باوکم و ئێمە هەموومان، پێنج خوشک و برا، کە خوشکە بچووکەکانم تەمەنیان لەو کاتەدا یەکێکیان شەش و ئەویتریان حەوت ساڵ بوو، بۆیە ئافرەتێکی بەتەمەن کە دایکی مام عیزەت بوو زوو زوو بە بێدەنگی بە دایکمی دەگوت: "کچێ درۆ دەکەن، ئەمانە ڕاستییان نییە، کوڕی چی و بەردانی چی، نەکەی بچیتە دەرەوە، خۆت بشارەوەو هیچ مەڵێ!".

لەو بارەیەوە ئەبوبەکر خۆی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە: دواجار ئەمنەکان بە ناچاری کۆڵیانداو نەیانتوانی بیسەلمێنن دایکم کامەیەو لە کوێیە، بەدەست منیشەوە گیرۆدەبوو بوون، وایاندەزانی ڕاستیم پێنەگوتوون، بەناچاری حاجی مەحمودو هێزەکەی ئەمن کە تێکەڵەیەکی عەرەب و کورد بوون بە منەوە بەرەو بنکەی پۆلیسی عەربەت بەڕێکەوتنەوە، کاتێک گەیشتنە ئەوێ، بینیم کابرایەکی کەتەی گەورە لە پشت مێزێکەوە دانیشتووە، من بە دەستی دوو ئەمنەوە بووم و حاجی مەحمودیش لە دوامانەوە، خۆیان کرد بە ژوورەکەدا، کاتێک ئەفسەرە سمێڵ زلەکە بینی مەفرەزەکەی تەنها منی منداڵکاریان لەگەڵ خۆیان هێناوەتەوە لە بری دایک و باوک و شەش خوشک و برای موخەممەدو ئەحمەد، تووڕەو هار بوو، گوتی: "ئەمە چیە حاجی مەحمود؟ یانی تۆ ئەم هێزە گەورەیەت بردووە ئەم منداڵەت دەستگیر کردووە؟ عەیب و شوورەیی نییە؟"، حاجی مەحمودی موختار، بە خەجاڵەتییەوە بە ئەفسەرە عەرەبەکەی

گوت: "قوربان، بەخوا درۆمان لەگەڵ دەکات و پێمان ناڵێت ماڵیان لە کوێیە؟".

ئەفسەرەکە تووڕە بوو و ڕوویکردە من، لە هەمانکاتدا بە ئەمنە کوردەکەشی گوت بۆی بکە بە کوردی، پێی گوتم: "ئەگەر ماڵی باوکتمان پێ نەڵێیت، هەر لێرەدا لە سێدارەت دەدەم، هەر بەدەستی خۆم لە سێدارەت دەدەم"، پاش ئەم قسانە، کردی بە پشت ملماو بەرزیکردمەوە بۆ سەر مێزەکەی بەردەستی، بە قایشەکەی خۆم بە پانکەی ژوورەکەدا هەڵیواسیم، بە قایشی پانتۆڵی یەکێک لە ئەمنەکان دەستیانکرد بە لێدانم، لەگەڵ لێدانی بێ ڕەحمانەدا تومەز من بووراومەتەوە، کاتێک هۆشم هاتەوە بینیم یەک دوو کەس ئاو بە دەم و چاومدا دەکەن و دڵنەوایيم دەکەن، کە چاومکردەوە بینیم لە یەکێک لە ژووری زیندانی بنکەی پۆلیسەکەم و سێ کەسیتریش لێرە زیندانن، کەمێک ئاویان پێدام و دڵنەواییانکردم.

ئەو ڕۆژە ئەمنەکان بەدەستی خاڵی گەڕانەوە بۆ سلێمانی، منیان لە زیندان و حاجی مەحمودی موختاریان لە عەربەت بەجێهێشت، بۆ ئەوەی سبەی بگەڕێنەوەو جارێکیتر هەوڵی دەستگیرکردنی خێزانەکەمان بدەنەوە.

من ئەو شەوە لەو ژووری زیندانە مامەوە، زیندانەکە زیندانێکی ئاسایی بنکەی پۆلیسەکە بوو، بەڵام وەک زیندانیەکانی تر نەبووم کەلەسەر شەڕ یان کێشەی بچوکی تر گیرابم و خزم و کەسەکانم وەک زیندانیەکانی تر خواردن و جل و بەرگ و پێداویستی ترم بۆ بهێنن، کەس نەبوو لە منی منداڵ بپرسێتەوە، خواردنم بۆ بهێنێت، چونکە بنکەی پۆلیسەکە خۆی خواردنی نەبوو بۆ دەستگیرکراوەکان، یان جل و بەرگ و بەتانی خەوتنم بۆ بهێنێت، بە تایبەت لەو زستانە ساردەدا، بۆیە ئەو سێ زیندانیەی تر لە خواردن و پێداویستی خۆیان هاوکارییانکردم.

(٥٩)

"چاوی کردەوەو پرسیاری کرد: ئێرە کوێیە؟"

پاش هۆشـــهاتنەوە، بەکرە بچکۆل لە زیندانیەکی تری پرســـی: "ئێرە کوێیە؟"، ئەوانیش دەڵێن: "ئێرە هەر بنکەی پۆلیســـی عەربەتە، تۆ لە عەربەتی و هیچ مەترســـە، چیت پێویســـتە ئێمە هاوکاریت دەکەین"، پرســـیاری لێدەکەن: "تۆ کێیت و بۆچی گیراوی"، ئەویش ناوو چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە، کاتێک دەڵێت من خەڵکی هەڵەبجەو هەورامانم، دەڵێن دە ئەگەر تۆ هەورامی بیت، پۆلیسێکی هەورامی لەم بنکەی پۆلیسە هەیە، بۆیە پاش کەمێک لە ڕێگەی پاسەوانەکەوە پۆلیسە هەورامییەکەیان بانگ کرد، پرســـیاری لێکرد، تۆ کێیت و کوڕی کێیت، پاش پرســـیارو وەڵام ڕوونبوویەوە کە ئەم پیاوە پۆلیســـە خزمێکی دوورمانە، بۆیە پرســـیاری لێدەکات چیت پێویســـتە؟ چیت بۆ بکەم؟ جل و بەرگت بۆ بهێنم؟ بەکرە بچکۆلیش دەڵێت: "نا، تەنیا یەک شـــتم بۆ بکە، ئەویش ئەوەیە بە باوک یان دایک یان خاڵۆم بڵێ کەس بە دوامدا نەیەت و هەواڵم نەپرســـێت، چونکە هەرکەس بێت دەیگرن"، ئەویش بەڵێنی پێدەدات هاوکاری بێت و هەواڵ و زانیارییەکەی بگەیەنێت.

بۆ سبەی کاک ئەحمەدی پۆلیس هاتەوە، گوتی خەمت نەبێت، ئەمشەو هەواڵیماڵتانم پرسی، لەماڵ نەماون و ڕۆیشتوون بەرەو شوێنێک، لەوە دڵنیابە کە باوک و دایک و خوشـــک و براکانت لە عەربەت نەماون، بەم هەواڵە بەکرە بچکۆل دڵخۆش دەبێت، ئیتر دڵنیا دەبێت لەوەی دایک و باوک و خوشک و برا لە گرتن ڕزگاریان بووە.

خزمەکەیان دەستبەسەر کردین، تا ئێمە دەستگیر بکەن

سبەی سەعات نۆ، دیسان ئەمنەکانی سلێمانی هاتنەوە، حاجی مەحمودیشیان لەگەڵ بوو، بەکرە بچکۆلیان بانگ کردەوە، گوتیان: "بچکۆل گیان، نەخۆت ئەزیەت بدەو نە ئێمەش، پێمان بڵێ باوک و دایکت لەکوێن، بەڕاست ماڵتان لەکوێیە؟" بەکرە بچکۆلیش دەڵێت: "بەسەرچاو پێتان دەڵێم". بە بیستنی ئەم قسەیە، حاجی مەحمود لە خۆشیدا سەری ئەبوبەکر ماچ دەکات، چونکە لە ڕاستیدا ئەمە حاجی مەحمودی ڕزگار دەکرد لەم کێشە گەورەیە، چون دەبێت لە شارۆچکەیەکی بچوکی وەک عەربەت، ئەم موختاربێت و نەزانێت ئەم خێزانە لە کوێن؟ ئەمە لای ڕژێم واتە ئەو ئەرکەکانی خۆی بەباشی جێبەجێ ناکات، بۆیە هەموو گوتیان: "یەڵلا با بڕۆین".

ئەبوبەکر بەرەو ماڵیان دەهێنێت، هێزەکە گەیشتنە بەردەرگای ماڵ، لە دەرگا دەدەن، کەس نایکاتەوە، پاش کەمێک حاجی مەحمود بەسەر دیوارەکەدا مل دەکێشێت، دەبینێت ماڵەکە چۆڵ دیارە، بە لەقە دەرگاکە دەکەنەوە، دەچنە ژوورەوە، دەبینن ماڵەکە چۆڵ و هۆڵە، هیچ کەسێکی تێدا نییە، بۆیە دیسان دەکەونە گیانی بەکرە بچکۆل، بە شەق و زلەو جنێو، کوردو عەرەب، ئەمنەکان و حاجی مەحمود، وەک یەک شەق دەوەشێنن، هۆکارەکەش ئەوەیە: بۆچی بەکرە بچکۆل ئەم هەمووە درۆیەی لەگەڵ کردوون و دوو ڕۆژە دەیانهێنێت و دەیانبات و ڕاستیەکەیان پێناڵێت؟

پاش نائومێدبوونیان لە دەستکەوتنی باوک و دایک و هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان، بە ناچاری بەرەو بنکەی پۆلیسەکە دەگەڕێنەوە، لەوێ بەکرە بچکۆل فرێدەدەنەوە ژوورەوە، کەمێک خەوی لێدەکەوێت، پاش چاوکردنەوە دەبینێت لەماڵی (مام عیزەتی بانیشاری) کە ئێمە چەند ڕۆژێک لە ماڵیان خۆمان حەشاردابوو کوڕێکی گەنجیان بەناوی (ئەکرەم ڕەشید) گرتووە، توومەز ئەمنەکان و حاجی مەحمود چوون ئەو

پیاوەشـــیان گرتووە، گوتوویانە: "هەتا دایک و باوکی ئەم کوڕە نەهێنن، تۆ ئەم زیندانە شوێنتە!".

بەمجۆرە بەکرە بچکۆل لەگەڵ ئەو پیاوەی خزممانیان لە بنکەکەی عەربەت بەجێهێشــت، بەو هیوایەی کە بەهۆی دەســتگیرکرانی ئەمانەوە وەک بارمتەیەک، دایک و باوک و ئێمەش هەموو خۆمان ڕادەست بکەین، یان کەســێک خۆی بکاتە خاوەن و بێت هەواڵی بپرســێت، پانزە ڕۆژ بە مجۆرە بەکرە بچکۆل لە بنکەی پۆلیســـی عەربەت مایەوە، پاشـــان بەناچاری بەرەو ئەمنی سلێمانی بەڕێیان کرد.

"خوایە منیان بۆ هێناوە بۆ شێتخانە؟"

ڕۆژێک، نزیکەی ســـەعات نۆی بەیانی، دوو چەکدار هاتن بەکرە بچکۆلیان خســـتە نێو ئۆتۆمبیلێکی لاندکرۆزەر، خســـتیانە پشـــتەوەی شـۆفیر، هەردوو دەســـت و قاچیان بە کەلەپچە بەســـتەوە، ئۆتۆمبێلەکە بەڕێکەوت، شـــۆفێرێک و ئەمنێکی چەکدار، لە پێشـــەوە ســـەرکەوتوون، ئەویش لەدواوە بە دەست و قاچ بەستراوی.

نزیکی نیوەڕۆ گەیشـــتنە ئەمنی ســـلێمانی، لەو کاتەی نزیکی بینای ئەمنەکە بوونەوە، ئەو ئەمنەی لە پێشـــەوە بوو دەســـتی برد ســـەری ئەبوبەکری بۆ ناو کوشـــنەکان دانەواند، بۆ ئەوەی نەزانێت بۆ کوێی دەبەن و ئێرە کوێیە.

لە حەوشـــەیەک ئۆتۆمبیلەکە وەســـتا، بردیانە ژوورەوە، لەبەردەم مێزێک وەســـتاندیان، ئەفســـەرێک لە پشـــت مێزەکەوە بوو، پرســـی لە ئەمنەکان ئەم منداڵە چیە؟ گوتیان ئەوەمان لە عەربەت دەستگیرکردووە، گوتی دەی چی لێبکەین؟ ئەم منداڵەمان بۆ چیە؟ گوتیان: "ئێمە فەرمانمان جێبەجێ کردووە، لە خانەوادەکەی تەنها ئەم دەسگیرکراوە". ئەفسەرەکە دەڵێت: "ئەی خانەوادەکەی کەسیان گیراون؟"، دەڵێن: "نەخێر، نەگیراون"، دەڵێت: "ئەی باشە لە کوێ داینێین؟ نە خێزانی لەگەڵە تا لەناو خێزانەکان

دابیبنێین، نە هێندەش تەمەنی هەیە تا لە ناو هۆڵی گەورەکان دابیبنێین"، بۆیە دەڵێن ناچارین، دەبێت لە ژووری گەورەکان دابیبنێین.

پاشـــئەوەی ناوی تۆمار دەکەن و هەموو زانیارییەکانی وەردەگرن، بەرەو ڕێڕەوێک بەرێیدەکەن، کاتێک بە ڕێڕەوەکەدا تێدەپەڕن، ئەمنەکە ژووری لێکۆڵینەوەی پیشـان دەدات، ئەمە شـوێنی هەڵواسـینە، ئەم کێبڵە بۆ لێدانە و ئەمجۆرە قسـانە، پاشـان دەیداتە دەسـت (دەرگاوان)[1]، لەو کاتەی دەبینێت پیاوێک بەو هەموو کلیلەوە پێشـــی خۆی دەخات و دەرگایەکی گەورەی بە شـیش تەنراو لەسـەر ڕێڕەوێک دەکاتەوە، بەکرە بچکۆل بە ئەقڵی منداڵی خۆی وا تێدەگات ئێرە شـێتخانەیە، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "خوایە منیان بۆ هێناوە بۆ شێتخانە؟".

دوای بڕینی ڕێڕەوێکی تر، دەگەنە بەردەم هۆڵێک کە ژمارە (چوار)ی لەســەرە، دەرگاکە دەکاتەوە، دەیبەنە ژوورەوە، لەو کاتەدا ئەبو نەســر بانگی یەکێک لەوانە دەکات کە لە ژوورەکەدابوون، بەناوی عەبدولجەبار، چونکە عەبدولجەبار وەک ڕیشـسپی و پیاو ماقوڵی ژوورەکەی لێهاتبوو، ئەبو نەسر بە عەبدولجەبار دەڵێت: "گوێبگرە عەبدولجەبار، ئەم منداڵەمان هێنـاوە بۆ ئەم هۆڵەی ئێوە، چونکە نە لە نەوجەوانـان جێگە هەیە نە خێزانی لەگەڵە تا لەگەڵ خێزانەکان داینێین، چاوتان لێبێت، کەس بۆی نییە پەنجەی بۆ بەرێت، ئەزیەتی بدات، یەک وشــــەی بەرانبەر بڵێت، هەرکەس بچوکترین هەڵە بکات لەبەرانبەریدا وای بە حاڵتان!" ئەبو نەسر ئەمەی گوت و دەرگاکەی داخستەوەو ڕۆیشت.

[1] - بە پێی گوتەی (شـــیروان)ی برای (کەیوان)، ئەو کەســـەی کلیلی دەرگاکانی هەڵدەگرت ناوی (ئەبو کازم) بوو.

(٦٠)

دڵخۆشبوو بە "زیندانیبوونی" لە ئەمنی سلێمانیە

بەکرە بچکۆل لە ســوچێکی ژوورەکە دانیشـت، تاســاوە، لە هیچ تێناگات، تا نزیکەی چارەکێکیش لە ترسی هەڕەشەکانی ئەبو نەسر کەس قســەی لەگەڵ نەکرد، پاش تۆزێک مەلا عەبدولجەبار لێی نزیک بوویەوە: "براکەم تۆ نـاوت چیەو بۆچی گیراویـت؟"، بەرلەوەی وەڵام بـداتەوە، ئەبوبەکر پرســی: "ئێرە کوێیە؟"، مەلا عەبدولجەبار گوتی: "ئێرە ئەمنی ســلێمانیە"، ئەبوبەکر دڵخۆشـییەک ڕووی تێدەکات و دەگەشـێتەوە بە بیسـتنی وشـەی (ئەمنی سـلێمانی)، بۆیە ڕوو دەکاتە مەلا عەبدولجەبارو پێی دەڵێت: "کەواتە براکانیشم لێرەن!"

مەلا عەبدولجەبار: بۆ تۆ کێیت و ناوت چیە؟

بەکرە بچکۆل: من ناوم ئەبوبەکرە، خەڵکی هەورامانم و لە عەربەت دەستگیرکراوم، لەسەر براکانم!

مەلا عەبدلجەبار: براکانت کێن؟

بەکرە بچکۆل: ناویان (موحەممەدو ئەحمەد)ە.

مەلا عەبدولجەبار: لەسەر چی گیراون و کەی گیراون؟

بەکرە بچکۆل: لەگەڵ کەیوان گیراون، نزیکەی مانگێک دەبێت.

مەلا عەبدولجەبار: ئاااا، تێگەیشتم، کەیوانی ژووری (هەشت) دەڵێیت، بێخەمبە ئەوان لێرەن!

بەکرە بچکۆل: بەڕاست؟

مەلا عەبدولجەبار: بەڵێ ئەوان لێرەن، لە ژووری هەشتن (لەم کاتانەدا کە گوتی لە ژووری هەشـتن، مەلا عەبدلجەبار گوتی هەسـتە با ژووری هەشــتت پێ پیشــان بدەم، چوونە بەردەم دەرگای ژوورەکە، گوتی لەم

تەنیشـــتەی خۆمانەوە چوار ژوور ئەولاتر)، ئەبوبەکرگیان بێخەم بخەوە، ئەمشەو دوای نوێژی بەیانی لەگەڵ براکانت پێکەوە قسە دەکەن!

ئەم هەواڵە بۆ بەکرە بچکۆل زۆر دڵخۆشـــکەر بوو، دوای پانزە ڕۆژ لە دەســـتگیرکرانی خۆی و نزیکەی بیســـــت و پێنج ڕۆژێـک لە دەســـتگیرکرانی موحەممەدو ئەحمەدی برای، وا ئێســـتە نزیکە لەوەی هەواڵیان بزانێت، سۆراخێکیان بکات، تەنانەت قسەشیان لەگەڵ بکات!

مەلا عەبدولجەبار، کوڕێکی گەنج، لە بیستەکانی تەمەنیدا بوو، لەسەر ڕێکخستنی بزووتنەوەی ئیسـلامی خۆی و شـانەکەی کە چەند کەسـێک بوون دەســتگیرکرابوو، تا بڵێی کوڕێکی ڕۆح سـووک، خوێن شـیرین، ڕووخۆش و لێو بەخەندە، خەمخۆری هەموو بەندییەکانی ئەو هۆڵە.

بەکرە بچکۆل یەک یەک لە ئەنـدامـانی ژوورەکە ورد دەبوویەوە، دیقەتی دەدان، زۆرینە گەنجن، تەنها یەکێکیان نەبێت کە تەمەنی لەسـەرو پەنجا ســـاڵیەوە بوو، ئەویش مەلا (موحەممەدی شـــەڵماشـــی)[1] بوو، دەســـتگیرکراوانی ئەم ژوورەی زیندان لەســـەر هۆکاری جیاوازو لایەنی جیاواز دەسـتگیرکرابوون، ئیســلامی، پارتی، یەکێتی، سـۆسـیالیســت، هۆکاری تری ســیاســی، چاوی چووە ســەر یەکێک لە زیندانییەکان، کە نووســــابوو بە زەوییەکەوە، توانــای بەرزبوونەوەی نەبوو، قـاچێکی پێچرابوو، دواتر زانی کە ئەم پیاوە شـۆفێری تەنکەرێکی ئاو بووە، کاری بۆ حزبی سۆسیالیست کردووە، چەند پێشمەرگەیەکی بە تەنکەرەکەی لە

---

١ - مامۆستا مەلا (موحەممەد ئەمین شەڵماشی)، لە ساڵی (١٩٣٢) لە گوندی (شەڵماش)ی نزیک شـاری (سـەردەشـت)ی ڕۆژهەلاتی کوردسـتان لە دایکبووە، مامۆسـتایەکی ئاینی و نووسەرو وەرگێڕێکی ناسراوی کوردە، لە ساڵی (١٩٦٨)ەوە ولاتی ئێرانی بەجێهێشتووە و لە باشـوری کوردسـتان نیشـتەجێبووە، لە کۆتاییەکانی هەشـتاکاندا ڕوویکردووەتە ولاتی (فینلەند)او لەو کاتەوە لەو ولاتە نیشـــتەجێیە، هەردوو ڕۆمانی (بێ ســـەرپەرشـــتان و بێ نەوایان) دوو بەرهەمی بەناوبانگی وەرگێڕانین کە لە زمانی فارســــییەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی.

نزیک عەربەت بۆ باریکە گواستووەتەوە، لە ڕێگە پێیان زانراوەو کەوتوونەتە کەمینی هێزەکانی بەعسەوە، تەقەیان لێکردوون، پێشمەرگەکان هەڵهاتوون و ئەم بە برینداری کەوتووەتە دەستیان، سێ فیشەک بە قاچیەوە بوو، بەبێ نەشتەرگەریی و بێ هیچ چارەسەرێک لەو ژوورە فڕێیاندابوو، زامەکانی ئیلتیهابیان کردبوو، توانای جووڵەی نەمابوو، زیندانییەکانی تر هاوکارییان دەکرد، ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر لاواز دەبوو، هاوشێوەی بەندییەکانی تر، بەڵام ئەو دۆخەکەی سەختتر بوو[1].

"کاکەگیان لێرەن؟ ... ئیتر گریان ڕێگەی قسەکردنی نەدا"

ئەو شەوە ئەبوبەکر خەوی نەبوو، سەعات و دەقیقەو چرکەی دەژمارد تا دەگاتە نوێژی بەیانی، چونکە تەنها لەو کاتانەدا دەتوانرا بە ئاسانی لە ژوورێک بۆ ژوورێکیتر قسە بکرێت، پاسەوان لە ژوورەوە نەبوو، لە دەرەوەو لە سەربان ئێشکیان دەگرت، هەروەها ئەمنەکان هەموو خەوتبوون، بۆیە دەرفەتی قسەکردن هەبوو.

دەنگی بانگی یەک دوو مزگەوتی ئەو نزیکانە دەهاتە ژوورەکان، ئەمە ئازادترین هەست بوو کە زیندانییەکان هەستیان پێدەکرد، هەموو ژوورەکە هەستان بە کۆمەڵ نوێژیان کرد، وەک هەمیشە مەلا عەبدولجەبار پێشنوێژی بۆ زیندانییەکان کرد، سەعات پێنجی بەیانی، ئەو ڕۆژە (١٦ی ١ی ١٩٨٩) بوو، مەلا عەبدولجەبارو بەکرە بچکۆل هاتنە بەردەم ئەو بۆشاییە بچوکەی کە شیش بەند کرابوو و لە بەشی

---

١ - ئەو هاوولاتیە بریندارە ناوی تەواوی (بەکر مستەفا ڕۆستەم)ە، سالی (١٩٦١) لە شارەزوور لە دایکبووە، ڕووداوەکە ڕۆژی (٩ی ١٢ی ١٩٨٨) لە نێوان هەردوو عەربەتی سەروو و خواروو ڕوویداوە، پاش مانەوەی بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ لە زیندانی ئەمنی سلێمانی، ڕۆژی (٢٥ی ٣ی ١٩٨٩) گولەباران کرا، (خوای گەورە ئەم پاڵەوانانە بخاتە ژێر سۆزو میهرەبانی خۆی).

ســـەرەوەی دەرگاکەدا هەبوو، مەلا عەبدولجەبار هاواری کرد: " ژووری هەشت، ژووری هەشت"، پاش کەمێک کەسێک بە هێمنی وەڵامی دایەوە: "بەڵێ ژووری هەشت لەگەڵتانە، فەرموو کێمان لەگەڵە؟"[1].

مەلا عەبدولجەبار: "بێ زەحمەت موحەممەد عەبدوڵلامان دەوێت".

کەیوان:"فەرموو کێ موحەممەد عەبدوڵلای دەوێت؟".

مەلا عەبدولجەبار: ئەم برایەی دەیەوێت قسەی لەگەڵ بکات.

کەیوان: برای کێیە، با بفەرموێت.

ئەمجارەیان بەکرە بچکۆل قسەی کرد: "من ئەبوبەکرم".

کەیوان بە شـــێوەزاری هەورامی وەڵامی دایەوە:"ئەبوبەکر گیـان، وەشەنی، خاسەنی، ئانە کەی گیریانی؟".

لەگەڵ بیســـتنی وشـــەی من کەیوانم، ئیتر بەکرە بچکۆل دەســـت بە گریان دەکات، لەو کاتانەدا موحەممەدو ئەحمەدو موســاو ســەفەر[٢]هاتن گوێیان هەڵخســـــت، زانیان ئەوەی لە ژووری چوارەوە قســـــە دەکات ئەبوبەکری برای موحەممەدو ئەحمەدە، موحەممەدو ئەحمەدیش دەستیان بە گریان کرد، ترســـی ئەوەشـــیان لێنیشـــت کە لەگەڵ دەســـتگیرکرانی ئەبوبەکر، دایک و باوک و خوشک و براکانی تر هاوشێوەی خانەوادەی هاوڕێکانی تر دەستگیرکرابن.

---

1 - لەو کاتانەی کە کاتی دەوامی ئەمنەکان نەبوو، زیندانییەکان ڕاســـتەوخۆ لە ڕێگەی ئەو بۆشـــاییانەی لە هەر دەرگایەکدا هەبوون، لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکیتر قســـەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، هەندێکجاریش لە ڕێگەی بۆری ئاوەڕۆکانەوە کە تەوالێتی ژوورەکانی پێکەوە دەبەستەوە، دەیانتوانی لەگەڵ یەکتر قسە بکەن.

٢ - ناوی تەواوی (ســـەفەر عەبدوڵلا حەمەحســـێن بارام)ە، ســـاڵی (١٩٦٨) لە گوندی (دەگا شـێخان)ی هەورامان لە دایکبووە، باوکی ســـەفەر خاڵۆی کەیوانە، ئامادەیی نەخۆشـــەوانی تەواو کردووە، بەر لە دەستیگرکرانی بە شێوەی کاتی کارمەند بووە لە بنکەی تەندروستی عەربەت، لە (١٦ی ١٢ی ١٩٨٨) دەستگیرکرا.

ئیتر گفتوگۆی نێوان کەیوان و موحەممەدو ئەحمەد لەژووری هەشتەوە لەگەڵ بەکرە بچکۆل لە ژووری چوار دەستیپێکرد، چوونکە هەرسێکیشیان هەورامی بوون بە هەورامی قسەیان دەکرد، هەموو زیندانییەکانی تر لە ژوورەکانی ترەوە سەیری ئەم شانۆ خەمگینەیان دەکرد، جوان هەستیان ڕاگرتبوو، دونیایەکی سەیر بوو، دوو برا بە زمانی هەورامی لەگەڵ برایەکی تریان قسەدەکەن، دەگرین، دیسان دەست بە قسەکردن دەکەنەوە، دیسان دەگرین، ئەمان تەنها توانای ئەوەیان هەیە لەودیو شیشەکانی زیندانەوە بۆ دڵی یەک قسە بکەن.

موحەممەد بۆ ئەبوبەکر: "ئەبوبەکر گیان، ئێستە بەرلەوەی تۆ بانگم بکەیت خەوتبووم، لە خەومدا خاڵۆ حەمەئەمین گیرابوو، هێنابوویان بۆ ئەم زیندانەی کە ئێستە تۆی لێیت، زۆر بێتاقەت بووم، زۆر خەمم لێخوارد کە بۆ دەبێت خاڵۆم لە بری ئێمە بگیرێت، لە پڕ کە خەبەریان کردمەوە، گوتیان بەکری براتە هەستە قسەی لەگەڵ بکە، ئەگەرچی دەستگیرکرانی تۆ زۆر ئازارم دەدات، بەڵام سوپاس بۆ خوا کە دایکم و باوکم و براو خوشکەکانم و خاڵۆکانم دەستگیرنەکراون، ان شاءالله تۆ ئازاد دەبیت، هیچ نەترسیت، خوا کەریمە".

ئیتر تا ئەو کاتەی دەرفەتی یەکتر بینینی کەیوان و هاوڕێکانی لەگەڵ خانەوادەکانیان ڕەخسا، ئەم قسەکردنانەی بەیانیان بەردەوام بوون، بەردەوام هەواڵپرسین، پرسین لەوەی کێ براوە بۆ لێکۆڵینەوەو لێی دراوە، ئازارەکانیان چین، دۆسیەکان بەکوێ دەگات، تا وای لێهات ئەگەر بەیانیەک ئەبوبەکر و موحەممەدو ئەحمەد پێکەوە قسەیان نەکردایە زیندانیەکانی تر لە ژوورەکانی ترەوە هاواریان دەکرد: "ئەوە برا هەورامیەکانمان بۆ دیارنین؟ بۆ قسە ناکەن بەیەکەوە؟"، دیارە قسەکردنی ئەم سێ برایە بەیەکەوە وەک ئاوازێکی خەمگین، شتێکی بۆ زیندوێتی زیندانەکە زیاد کردووە، بە جۆرێک لە جۆرەکان خەمەکانی ڕاژەنیون.

(٦١)

"دوعای (ئەمیر) بوو دەستگیر نەکراین"

ئەگەرچی پاش دەستگیرکرانی کورەکانیان، زۆرینەی خێزانەکانیش بە دایک و باوک و نەنک و منداڵی ساواشەوە دەستگیرکران، هەندێکیشیان ماڵەکانیشـــیان ڕووخێنرا، بەڵام خانەوادەی ئەمیرو فەرهادو ســـدیق و عەبدوڵڵاو جەلال و حەســـەن لەم هاوکێشـــەیە بەدەربوون و ئەمنەکان نەهاتنەوە سەریان و دەستگیریان نەکردن و ماڵەکەشیان سەلامەت بوو، دادە نەهیەی دایکی ئەمیر ئەمە بە دوعای ئەمیر دەزانێت کە هەمیشـــە دوعای دەکرد بەهۆی ئەوەوە هیچیان لێ بەسەر نەیەت.

خانەوادەی ئەمیر بە بەراورد بە زۆرینەی خێزانەکانی ئەوکاتەی شاری سلێمانی دۆخی داراییان باشبوو، بەهۆی بوونیشیان لە بازاڕو مێژووی ژیانیان لە شاری سلێمانی کە لە دایکیشی و باوکیشیەوە دوو پشتیان هەر لە سەرشەقام و ئیسکان لە دایکبوون و ژیابوون، خەڵکی زۆریان دەناســـی، دۆســـت و ئاشـــنای زۆریان هەبوو، بۆیە چەندین هەوڵیاندا بۆ ئازادکردنی ئەمیر، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون، تەنانەت ناشـــزانن ئەو کەل و پەل و جل و بەرگانەی ناردوویانە بۆ کوڕەکەیان بەدەســـتی گەیشـــتووە یان نا، هەموو ئەو پارانەشـــی بە پیاوەکانی بەعســـیان دەدا لەپێناو دیدار یان هەواڵێکی کوڕەکەیاندا ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو.

ئەمیر هەموو کاتەکانی ژیانی بوو بوویە خواپەرســـتی، خواپەرستی بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی بوو، بە هاوینیشدا ڕۆژووی سوننەتی دەگرت.

خالید هاوار بۆ دایکی دەبات

دایک و باوکی خالید هاوشـێوەی خێزانەکانی تر دەسـتگیرکران، لەو کاتەی بەرەو ئەمنەکەیان دەبەن، پاشـئەوەی مولازم ڕەحیم گوتەیان لێ وەردەگرێت، لەکاتی بەجێهێشـتنی ژوورەکە لە دوورەوە چاوم لێ بوو سـێ گەنجی جوان لە بن یەکێک لە دیوارەکان هەڵتروشـکا بوون، لە پڕ چاوم چووە سـەر خالید، پڕ بە گەرووم هاوارم کرد: "خاااااالید گیان"، ڕام کرد بۆلای، خالیدی هاواری کرد: "دایکە گیاااااان"، خەریکبوو بگەمە لای، یەکێک لە ئەمنەکان هات پیایدا کێشـام و نەیهێشـت ببینم و ماچی بکەم، گوتی: "یەڵلا بەیانی پێتان پیشان دەدەین".

ماڵی عیرفان خۆیان حەشاردەدەن

پاش دەستگیرکرانی عیرفان، ماڵی مام سەعید، باوکی عیرفان، پڕ بوو بوو لە ترس، ناحەقیان نەبوو، بۆیە خزمەکان ئامۆژگارییان کردن لە ماڵ نەمێنن و خۆیان بشـارنەوە، بۆیە چوونە ماڵە خزمەکانیان و خۆیان لە پێشـچاوی خەڵک لادا، پاش نزیکەی پانزە ڕۆژ لە خۆشـاردنەوەو دوورکەوتنەوە لە ماڵەوە ئیتر بیریان کردەوە لەوەی بگەڕێنەوە ماڵەوە، وەک ماڵی دراوسـێکەیان، ماڵی کەمال و وریا، گوتوویانە با وەک کوڕەکانمان زیندانە با خانووەکانمان لەلایەن جاش و پیاوی بەعسـەوە داگیر نەکرێت، بۆیە گەڕانەوە ماڵەوە، ماڵەکەیان شۆردو حاجی سەعیدی باوکی عیرفان لە ژێر زەمینەکە دەسـتیکردەوە بە خەیاتی خۆی، حەیوانێکیشـی کڕی و ئامادەی کردو خستیە موجەمیدەکەوە بۆ ئەوەی کاتێک عیرفان ئازاد بوو بیکەن بەخێر.

دایکی عیرفان بۆمان دەگێڕێتەوە: تەنها سێ شەو دوای گەڕانەوەمان، شەوێک سەعات دەی شەو لەبەردەم سۆپاکەدا دانیشتبووین، کاتێکمان زانی مولازم عەلی و ژمارەیەک لە چەکداری ئەمن هەڵیانکوتایە سەرمان، گوتیان ئەوە هاتوونەتەوە؟ یەڵلا لەگەڵمان سـەرکەون، هەموومانیان

دەستگیرکرد، تەنانەت کچێکی تەمەن سێ ساڵیشمان هەبوو، ئەویشیان دەستگیرکرد، بەڵام دەستیان بەسەر ئەودا دەهێناو دەیانگوت مەترسە هیچ نیەو زوو دەگەڕێنەوە، پاشان گوتیان بەتانی و پێویستی خۆتان بهێنن، چونکە زیندان ساردەو بەفر باریوە با سەرماتان نەبێت.

ئەو شەوە بەرەو بینای ئەمنەکە بردیانین، بورهانی کوڕە گەورەم و حاجی سەعیدیان ڕووتکردەوە، پشکنینیانن، پاشان هەموومانیان بۆ ژوورەکان برد، پیاو بەجیاو ژن و منداڵ بەجیا، ئێمەیان بردە ژووری ژنان و منداڵان، کە چووینە ئەوێ بینیمان ژوورەکە پڕیەتی، دادە نەزیرەی دایکی کەیوان و دوو براو خوشکە بچوکەکەشیان لەوێیە، لەوێ ژیانێکی سەختمان بەڕێکرد.

لە ژووری ژنان و منداڵانی ئەمن، هەموو ئەوانەی لەسەر کەیوان و هاوڕێکانی دەستگیرکرابوون پێکەوە بوون، لەوێ پێکەوە نوێژمان دەکردو دوعامان دەکرد، پێکەوە ڕەمەزانمان گرت، ئەوان هیچ موراعاتی ئەوەیان نەدەکرد کە بەپێی کاتەکانی ڕەمەزان کە پارشێوو و بەربانگە خواردنمان بدەنێ، بۆیە ناچار خواردنەکانمان هەڵدەگرت بۆ پارشێوو بەربانگ، کچەکەم ڕێزان کە تەمەنی پانزە ساڵ بوو، قورئانی لەبەر بوو، خوێندەوارو شارەزا بوو، ئەو پێشنوێژی بۆ دەکردین و ئامۆژگاری دەکردین و قسەی باشی بۆ دەکردین، گوتاری بۆ دەداین و باسی ئارامگرتن و پاداشتی ئەو بەڵاو موسیبەتەی بۆ دەکردین.

بە هەمانشێوەی باوک و دایکی عیرفان، پاش چەند ڕۆژێک لە دەستگیرکرانی موحەممەد حەمەموراد، هاتنەوە بۆ دەستگیرکردنی هەموو ئەندامانی خێزانەکە، سەرجەم ئەندامانی خێزانەکە ئەوانەی لە ژێر یەک سەقفدا دەژیان، دەستگیرکران، تاوانیشیان ئەوەبوو کە موحەممەد حەمەمورادی تەمەن حەڤدە ساڵان کوڕی ئەوانەو هیچی تر! ئەو شەوەی هاتنەوە بۆ گرتنی ئەندامانی خێزانەکە کات نزیکەی نیوە شەو بوو،

هەموو ئەوانەی لەویبوون دەستگیرکران، تەنانەت بەو خوشکەیانەوە کە بەسەردان و میوانی هاتبوویەوە بۆ لایان و ماڵ و منداڵی خۆی هەبوو.

نەخۆشبوونیشی شەفاعەتی بۆ باوکی د.لوقمان نەکرد

پاش ماوەیەکی کەم لە دەستگیرکردنی لوقمان، ئەمنەکان لە سلێمانیەوە هاتن بۆ تەواوکردنی نەخشەو پلان و بڕیارەکانیان، ئەویش دەستگیرکردنی خانەوادەی گەنجەکانە، هەربۆیە هاتنەوە بازیان و چوونە سەر ماڵی لوقمانی موزمید، لە ماڵەوە دایک و باوکە بە تەمەنەکەیان دەستگیر کرد، کە بە تەنها لەماڵەوە بوون، بەمجۆرە باوک و دایکیان خستەنێو ئۆتۆمبیلە شۆفرلێتە سەر بەتاڵەکانیان، مام ئیسماعیلی بەساڵاچوو و پوورە خاتوونی دایکی کە تەمەنی نزیک دەبوویەوە لە شەست و یەک ساڵ، بەتایبەت دۆخی مام ئیسماعیل زۆر مایەی خەم بوو کە بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە لایەکی ئیشی نەدەکردو هەمیشە بە گۆچانێک دەبوو ڕێ بکاو زۆر بە ئەستەم مرۆڤ دەیتوانی لە قسەکانی تێبگات.

خانەوادەی فەرهاد دەستگیر نەکران

هەر گەنجێک لە هاوڕێ و قوتابییەکانی کەیوان دەستگیر دەکرا، پاش ماوەیەکی کەم دەهاتنەوە بۆ دەستگیرکردنی خێزانەکەشی مەگەر هۆکارێک هەبوویێت ئەم حاڵەتەی بەدەرکردبێت و خێزانێک دەستگیر نەکرابێت، لەو کەسانەی کە خانەوادەکەیان دەستگیر نەکرا، خێزانی فەرهاد بوون، هۆکارەکەشی دیاربوو ئەو هەوڵەبوو کە دابوویان بۆ ئازادکردنی، بەهۆی خزمایەتیەکی دووریان لەگەڵ شێخ جەعفەری پارێزگار، کە بەڵێنی ئازادکردنی دابوو، بەڵام وەک سپیکردنەوەیەکی ڕووی خۆی و ڕژێمە دڕندەکەی تەنهاو تەنها ئەوەی لێ شین بوو کە باوک و دایک و براو خوشکی فەرهاد دەستگیر نەکرێن، ئیتر هەموو

ئەوەی تر درۆیان کرد لەگەڵ باوک و برای فەرهادو خزمەکەیان، هەر ئەمەش بوویە هۆی ئەوەی نەگەڕێنەوە سەر خانووەکەیان و خانووەکەیان نەڕووخێنن.

دوای دەستگیرکردنی فەرهاد، دایکی فەرهاد بەردەوام سەردانی فەرمانگەی ئەمنی سلێمانی دەکرد، بەهیوای ئەوەی ئەمنەکان دڵیان نەرم بێت و دیدارێکی بۆ ساز بدەن، سەردانەکانیش بە تێکڕا هەفتەی دوو جار بوون، هەموو جارێکیش کە دەچوو لەگەڵ خۆی عەلاگەیەک جل و بەرگ و پێداویستی خەوو مانەوەی بۆ فەرهادی کوڕە ئازیزەکەی دەپێچایەوەو لەگەڵ خۆی بۆ ئەمنەکەی دەبرد، هیچ جارێکیش ئەم ئاواتەی نەهاتە دی و نە دیداریان بۆ ڕەخساند و نە جل و بەرگ و پێداویستیەکانیشیان لێ وەرگرت تا بیگەیەنن بە فەرهاد.

هەر جارێک کە دەچوو ماوەیەکی زۆر لە پرسگەی فەرمانگەی ئەمن دەمایەوە، لەو شوێنەی کە دایکی فەرهاد ئەمایەوە تا ژووری زیندانەکەی فەرهاد تەنها سەد مەتریان نێوان بوو، دڵی دایکی فەرهاد هەمیشە لەوێ ئاسودەتر دەبوو، بەڵام کوا ئەمنەکان لە سۆزو خۆشەویستی تێدەگەن، کوا دەزانن ئەو ئاگرە چیە هەفتەی دوو جار ئافرەتێکی ڕەشپۆش بە عەلاگەیەکەوە هەڵدەپێچێت بێتە بەردەم ئەم فەرمانگە پڕ لە ڕق و کین و خوێنە، ئای خوایە چەند جیاوازن، چەند دوورن لە یەک ئەم دوو دڵە، دڵی دایکی فەرهادو دڵی ئەمنەکان!

"کێ لەماڵەوەیە با سواری ئەو پاسە بێت!"

پاش بیست شەوێک، دیسان مولازم عەلی و مەفرەزەیەکی تر هاتەوە سەر ماڵی عەلی و دارا، ئەو شەوە حارس لە ماڵ نەبوو، مولازم عەلی دەرگای ماڵی مام عوسمانی گرت، گوتی: "کێ لەماڵەوەیە با سواری ئەو پاسە بێت". هەریەکە لە مام عوسمانی باوکی عەلی و دارا، نەنکی عەلی

و دارا کە تەمەنی نزیکەی نەوەد ســـاڵ دەبوو، عومەرو دلێری برایان دەستگیر دەکەن.

لەو کاتەدا کاک ئەحمەد نەجار کە دراوســـێیان دەبێت و پیاوێکی ناسراو دەبێت، دێت تەکلیفی ئەوە دەکات لە مولازم عەلی کە لانیکەم ئەم پیرە ژنە بەتەمەنە مەگرن کە نەنکیـانەو زۆر بەتەمەنە، مولازم عەلی ڕوویکردە ئەحمەد نەجارو گوتی: "من ئەو شتانە نازانم، بەخوا ئەگەر تۆ لەم ماڵە میوان بوویتایە دەمگرتی!".

عومەری برای عەلی و دارا ئەو شـــەوە لە بەغداوە هاتبوویەوە کە بە شــــاند لە فەرمانگەوە ناردبوویان، داوای کرد لە ئەمنەکان کە ئەو لە فەرمـانگەیەو ئەوە نووســـراوی شـــاندەکەیەتی و بۆ چاککردنەوەی ماتۆڕێکی فەرمانگە چووە بۆ بەغداو ئەوە قایشی ماتۆڕەکەیە هێناویەتی، گوتیان: "تۆ کێ دەناســـی لە فەرمـانگە؟"، گوتی: "کاک فریـاد"، گوتی: "ســـەرکەوە با بچین بۆ لای"، بەو شـــەوە ئۆتۆمبیلیان دەرکردو بەرەو ماڵی کاک فریاد ڕۆیشـــتن، بەو شـــەوە درەنگە زۆر ترســـا، عومەر پێی گوتبوو مەترسە کاک فریاد، ئەمانە من دەگرن، ئەمەش قایشی ماتۆڕەکەو نووسـراوی شـاندەکەیە، هێناومەتەوە بەیانی بیبەیتەوە بۆ فەرمانگە! ئیتر پاشان بەرەو ئەمن ڕاپێچیان کرد.

بەمجۆرە مام عوســـمان ئەحمەد، باوکی داراو عەلی، خاتوو زەینەبی تەمەن نەوەد سـاڵ، دایکی مام عوسـمان کە نەنکی داراو عەلییە، عومەرو دلێری برایـان بوونە خێزانێکی تر لەو خێزانـانەی لەســـەر کوڕەکـانیان لەلایەن بەعســـەوە دەســـتگیرکران و شـــەش مانگیان لە زیندانی ئەمنی سلێمانی و ئەمن و زیندانێکی شـاری (کوت) لە باشـووری عێراق تەواو کرد.

هـاوشـــێوەی خـانەوادەی داراو عەلی، خـانەوادەی ئەکرەمیش ڕووبەڕووی گرتن و ڕاوەدوونان بوونەوە، شەوێک ئەمنەکان بە پاسێک و ژمـارەیەکی زۆر ئۆتۆمبیل و چەکداروە گەڕانەوە بۆ ســـەر مـاڵی

ئەکرەم، ئەمجارەیان بۆ دەیستگیرکردنی گەورەو بچوکی ماڵیان، تاوانیشیان ئەوە بوو کە خانەوادەی ئەکرەم بوون، تەنانەت لە دەستگیرکردنی (ئاشنا)ی خوشکە بچووکیش سڵیان نەکردەوە کە تەمەنی تەنها (چوار ساڵ) بوو!، ئەو شەوە مام ساڵحی باوکی ئەکرەم، دایکی ئەکرەم، خوشکەکانی ئەکرەم (پەخشان و ئاشناو نوخشە)، براکانی (وەستا بەکرو ئامانج) هەموویان دەستگیرکران.

پاش بەسەربردنی چوار مانگ لە ئەمنی سلێمانی، خانەوادەی ئەکرەمیش هاوشێوەی خێزانەکانیتر، بۆ تەواوکردنی دوو مانگی تری سزاکەیان بەرەو بەغدا بەڕێکران، لەوێوە بەرەو شاری (حلله).

(٦٢)
"لەماوەیەکی کەمدا، حەڤدەماڵمان کرد"

پاشـــئەوەی کاک (ئەبوبەکری برام)[1] دەســـتگیرکرا، دایکم لە ماڵە دراوســـێیەک خۆی حەشـــاردا، پاشـــان خزمەکان هاتن بەدوای مندا لە قوتابخانەی عەربەتی ســـەرەتایی لە عەربەتی خواروو، ئەو ســـاڵە من قوتابی پۆلی پێنجی ســـەرەتایی بووم، بردینیانەوە بۆ ماڵەوە، بۆ ئەوەی خۆمان حەشاربدەین و لە پێشچاو ون ببین، دایکم ئێمە (من و بەختیارو عوسمانی برام و پەروین و نەشمیلی خوشکم و بیســارانی ئامۆزام)ی نارد بەرەو گەراج، تا ئەو دەگەڕێتەوە لە ماڵە دراوســێیەکمان ناسنامەو ڕەگەزنامەو پێداویســـتیەکانی تر کە لە بوخچەیەکدا بوون و ماوەی دە ڕۆژ بوو بە شـانمانەوە بوو و ئەو بەیانیە هێنابوومانەوە ماڵەوە بهێنێت، لە ڕێگە پیاوێکی خزممـان دەڵێت ئامۆژن ئەوە چی دەکەیت؟ ئەویش دەڵێت وەڵا ئەوە حاڵمانە، ئەبوبەکریان گرتوەو منیش وا لەگەڵ منداڵەکان دەڕۆم بۆ ســلێمانی و خۆمان لا دەدەین، ئەگەر باوکی منداڵەکان (حاجی عەبدوڵلا) گەڕایەوە هەواڵی بدەرێ، با ئەویش بگەڕێتەوە بۆ ســـلێمانی، ئەویش دەڵێت دە وەڵلا من (مام عەبدوڵلا) ناردوومی بۆ لای ئێوە، ئێستە هاتووەتەوە و لە ماڵی ئێمەیە، وەرن با بڕۆین، دەڵێت دەی بێزەحمەت بچۆ منداڵەکان لە گەڕاج بهێنەرەوە، بەمجۆرە ئێمە (باوکم و دایکم و خوشک و براکان) یەکمان گرتەوە، ئەمجارەیان دۆخەکەمان هەستیارترە لە پێشـــتر، چونکە پانزە ڕۆژی پێشـــتر تەنها موحەممەدو ئەحمەدی برام

---

[1] - لەو شـوێنانەی وشـەی (ئێمە، یان ئەبوبەکری برام، یان براکانم) بەکارهاتووەو ئاماژە بە گێڕەرەوەکە نەکراوە، ئەوە (نووسەر) خۆی گێڕەرەوەی ڕووداوەکانە، وەک بەشێک لە ڕووداوەکە.

دەستگیرکرابوون و خۆمان بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو ترسە زۆرەمان لەسەر نەبوو، ئەگەرچی خۆمان حەشاردابوو، بەڵام وا ئێستە ئەمنەکان هاتوونەتەوە سەرمان و بەکری برامیان گرتووەوماڵەو ماڵ دەگەڕێن تا ئێمەش هەموو بگرن، هەرەشەش لە خەڵکی کۆڵانەکە دەکەن کە ئەگەر هەواڵیان پێ نەدەن ئەوە ئەوانیش دەگرن و ماڵەکانیان وێران دەکەن!

پاشئەوەی خێزانەکە کۆبووینەوە، بە تراکتۆری خزمێک بە دزە دزە لەو دەشتەی نێوان عەربەت و باریکە هەڵهاتین بۆ باریکە، گەڕاین تا ماڵی (دادە مینا)مان دۆزییەوە کە پێشتر لە شارۆچکەی سیروان دراوسێمان بوون، ئەو شەوە بە ترس و لەرزەوە لەوێ ماینەوە، بۆ سبەینێ ڕۆژەکەی من و کاک سالح، کوڕی گەورەی ئەو ماڵەی لە ماڵیان بووین بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتین، بۆ ئەوەی هەواڵی ئەم ڕاوەدوونانە بگەیەنینە خاڵۆ حەمەئەمینم، سا بەڵکو پێکەوە تەکبیرێ بکەین، گەیشتینە سلێمانی و لەوێ خاڵۆم حەمەئەمینمان بینی، ئیتر پێکەوە گەڕاینەوە بۆ (باریکە)، خاڵۆم پێیگوتین: "با بڕۆین بۆ سلێمانی، لە ڕێگە خاڵی پشکنینەکە هیچ ناپرسێت و کەس ناپشکنێت"، بەڕێکەوتین بەرەو سلێمانی، لە سلێمانی گەیشتینە ماڵی دادە فەیمەی ئامۆزای دایکم لە گەڕەکی مامەیارە، هەموو لە ماڵی ئەو ئامۆزایەی دایکم بوون، ماڵی باپیرم و ماڵە هەردوو خاڵۆم، لەو خانووە بچوکەدا بوون، وا ئێمەشیانە بۆ زیادبووین.

پاش یەک ڕۆژ مانەوە، هەواڵیان بۆ هێناین کە ئەبوبەکر هێشتا لە بنکەی پۆلیسی عەربەت زیندانە، هەر لەسەر ئێوە کاک (ئەکرەم)ی خزممانیان گرتووە، کورت و پوخت پێیان گوتووە: "ئەگەر ئەو ماڵە ڕادەست نەکەن، ئەوە بە دووچاوی خۆت نابینیت لەم زیندانە بچیتە دەرەوە"، ئەم هەواڵە ئەوەندەیتر ناخۆش بوو، چونکە تا ئەو کاتەی تەنها خۆمان دەگیراین خەمێک بوو، بەڵام دەستگیرکرانی خزم و کەس لەسەر ئێمە زۆر بێتاقەتی کردین، تووشی خەجاڵەتی بووین، خوایە ئەمە چ

دۆزەخێکە بۆ ئێمە بەرپا بووە، موحەممەدو ئەحمەدی برام دەستگیرکراون، بەکری براشمی هاتە سەر، وا ئێستە بەدوای خۆشمانەوەن و خزمیان گرتووین تا ئەو کاتەی ئێمە دەستگیر دەکەن.

بۆ ڕۆژی دواتر هەواڵەکە ناخۆشبوو، ئەو ماڵەی لێی بووین ئەوانیش ترسیان لێنیشت، "بەخوا هەموومان دەگرن، بەخوا خانووەکەش ئەڕووخێنن، خەمێک لە خۆتان بخۆن!"، ناحەقیان نەبوو، دۆخەکە زۆر هەستیار بوو، بەعس لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کۆلانێک ئەگەر نەڵێین لە هەموو ماڵێک جاسووسێکی لەسەر خەڵک دانابوو، بۆیە ئەو ماڵەش ترسیان لێنیشت، لە بازاڕو چایخانەی هەورامی و هەڵەبجەییەکانیش هەواڵەکان بەو جۆرە بوون، کە بەدوایاندا دەگەڕێن و لەهەر ماڵێکیش بن ئەوانیش دەگرن، هەبوو پیاوی بەعس بوو بە پێخۆشبوونەوە ئەم قسانەی کردووە، هەبووە دڵسۆزبووە لە خەم و ناڕەحەتی و بە پێناخۆشبوونەوە ئەم قسانەی کردووە.

بەناچاری ماڵی ئامۆزای دایکمان لە گردی مامەیارە بەجێهێشت، زستانێکی سارد، نزیکەی نیو مەتر بەفر لە زەویدابوو، ئۆتۆمبێل و تەکسی نەیدەتوانی بێتە خوارەوە، بەناچاری چووینە سەر شەقامە سەرەکییەکە تا نزیک ئیبراهیم پاشا، ئیتر لەوێوە ئۆتۆمبیل لە جووڵەدا بوو، تەکسیەکما بەکرێ گرت، خۆشمان نازانین بۆ کوێ دەچین؟ باوکم بۆ ماڵی هاوڕێیەکی، دایکم و ئێمەش هەموو خێزانەکە بەرەو ماڵی ناسراوێکمان کە ئێمە بەوەمان دەزانین کە ئەوان لەگەڵ بەعسن و فەوجی جاشیان هەیەو خۆ هیچ نەبێت دەتوانن ئێمە بپارێزن! ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ!

چووینە ماڵی ناسراوەکەمان، هەرکە چووینە ژوورەوەو ئێمەیان بینی، نیگاو جەستەیان هێندەی بەفرەکەی دەرەوە ساردتر بوو، لە وەڵامدانەوەی سەلام و بەخێرهێنانمان، وەک ئەوەی ئەو ماڵە بووبێتە پرسە بەو جۆرەی لێهات، هیچ قسەیەک نەما، سەرەتا پیاوەکان

هەریەکەو بە بیانوویەک ماڵەکەیان بەجێهێشــــت، نۆرەی ژنەکان هات، یەک یەک هەریەکەو بە پاســـاوێک چوونە دەرەوە، خەریکە کات بەرەو ئێوارە دەڕوات، دوا کەس ژنی گەورەی مـاڵەکە بوو، ڕووی تێکردین: "دادە مەهتاب گیان بەخوا من دەبێت بڕۆم"، بیانوویەکی دروست کرد بۆ ئەوەی بڕوات، ئیتر ئێوە چی دەکەن؟

ئێمەی فەقیر چی بکەین؟ خۆ لەم ماڵە چۆڵە نامێنینەوە، بۆیە ئێمەش بەجێمان هێشــــت، بەرەو ماڵی ناســـراوێکیتر کەوتینەڕێ، ئەو شـــەوە هەرچۆن بێت تـا بەیـانی لەو مـاڵە ماینەوە، بۆ بەیـانییەکەی لەویش دەرچووین، چەند خزمێکمان لە بازیان هەبوون، ناونیشـــینانیشـــمان نەدەزانین، بەڵام بەڕێکەوتین بەرەو بـازیـان، بـازیـان لاکێشـــەیەکی دورودرێژبوو، ئۆردووگـایەک بە زۆرەملێ خەڵکی گونـدەکـانی ئەو نزیکانەی لێ کۆکرابوویەوە، هەر کۆمەڵە ماڵێک لەگەڵ کۆمەڵە ماڵێک بە دەشـــتێکی فراوان لەیەک جیـاکرابوونەوە، بەعس بەمجۆرە کۆمەڵگە زۆرەملێکانی دروســـت دەکرد، بۆ ئەوەی لەڕووی ئەمنیەوە بە ئاســـانی کۆنترۆڵ بکرێن و هەر ئەگەرێکی ئاژاوەو خۆپیشـــاندان بە ســـانایی کپ بکاتەوە بەهۆی چەند چەکدارێکەوە، ئێمە نەشـــارەزابووین، لەســـەرەتای بازیان لە ئۆتۆمبێل دابەزین، تومەز ماڵی خزمەکانمان لەوسەری بازیانن، بەو جۆرە قوڕمـان شـــێلا هەتا بە پرســـیارکردن ماڵی خزمەکانمان دۆزییەوە، کە گەیشـــتینە ئەوێ زۆر مـانـدوو بووبووین، نزیکەی دوو ســـــەعاتمان پێچوو تا ئەو ماڵە خزمەمان دۆزییەوە، ماڵی مام غەفوور، هەموو بەزەییان پێدا دەهاتینەوە، لە قوڕدا هەڵکێشرابووین، منداڵی شەش حەوت ساڵ بە پێ و لەو قوڕشێلانەو بەو ترس و لەرزە، قاچمان هەموو ئاوســـابوون، بەڕاســـتی ئەو دۆخە نارەحەتە ئەســـتەمە وێنە بگیرێت و بکرێت بە وشە، بەڵام ناچارین وا بکەین.

دوایی زانیمـان هەر لە بـازیـان، بـاوکیشـــم هـاتبوو بۆ مـاڵی مـام حەمەڕەزای خزممان، ئەوە پاشـــئەوەی باوکیشـــم چەند ماڵێکی کردبوو،

دیسان ئەوانیش لە ترسی خۆیان نەیانوێرابوو لەخۆیانی بگرن، هەروەک ئێمە، پاشان چووینە ماڵی خزمێکی تر، لەوێ دوو شەو ماینەوە، پاشان خاڵۆ حەمەئەمین هات بەدواماندا، ئێمەی دۆزییەوە، بۆیە دەڵێم دۆزینەوە، چونکە بەڕاستی دۆزینەوە بوو، ئەو کات نە تەلەفوون هەبوو، نە هیچ وەسیلەیەکی تری پەیوەندی، هەر دەبوو بە پرسیار پرسیارو پەیام ناردن بتوانی لەگەڵ کەسێکی تر پەیوەندی بکەیت، خاڵۆم زۆر دڵسۆزانە، دڵسۆزانەتر لەوەی چاوەڕێ دەکرێت، گوتی وەرن بابڕۆینەوە بۆ ماڵی خۆم، من ئەم دوو ڕۆژە خانوویەکم بە کرێگرتووە، دەچینەوە ئەوێ، ئەگەر گیراین با پێکەوە بگیرێین، ئەگەر ماین با پێکەوە بین، ئەم قسەیەی بۆ ئێمە دڵخۆشکەر بوو، بۆیە پاش ئەو هەموو ماڵەو ماڵکردنە گەڕاینەوە سلێمانی، لە گەڕەکی ئازادی گیرساینەوە.

پاش پانزە ڕۆژێک ئێمە کەوتینەوە پرسیارکردن، بەکری برام لە عەربەت ماوە یان نا، ئەو پیاوەی لەسەر ئێمە گیرابوو چی؟ بەهۆی هەندێک لە خزمەکانمانەوە هەواڵمان زانی، کە بەکری برامیان هێناوە بۆ ئەمنی سلێمانی و ئەو پیاوەشیان بە واسیتە بەرداوە، ئازادبوونی کەسێک کە هیچ تاوانێکی نییەو تاوانەکەی تەنها ئەوەیە کە ئێمە شەوێک لەماڵیان ماوینەتەوە بەڕاستی دڵخۆشیکردین، دڵخۆشبووین بەوەی کەس لەسەر ئێمە نەکەوێتە زەحمەتەوە، ئیتر خۆمان دەمرین یان دەمێنین، ئەوە خەمێکی ترەو خۆمان هەڵیدەگرین.

(٦٣)
" ئاسوودە بووین"

ئامانجی برا بچوکی ئەکرەم، کە ئەو کاتە تەمەنی تەنها (دە) ساڵ بووە دەستگیرکراوە، هەر بەهۆی بچوکی تەمەنیشی لە ژووری ژن و خێزانەکان دانراوە، ئامانج دەگێڕێتەوە: ئەگەرچی دەستگیرکردنی ئەو هەموو خێزانەو دانانیان لە هۆڵێکی گەورە، لە دۆخێکی زۆر خراپی ژیاندا کە پێداویستییە سەرەکیەکانی تێدا دابین نەدەکراو لە منداڵی چوار ساڵەوە تا ژنی نەوەد ساڵی تێدابوو، بەڵام دۆخی دەروونیمان ئاسودە بوو، پێکەوە نوێژمان دەکردو قورئانمان دەخوێند و زیکرەکانمان دەکرد، زۆربەی کات (وەزیرەخان)ی خوشکی کەیوان پێشنوێژی بۆ دەکردین کە تەمەنی نزیکەی (پانزە) ساڵ بوو.

"خۆم نووسراوی عەلی حەسەن مەجیدم بینیوە"

حاجی حارسی برای داراو عەلی و خزمە نزیکەکانیان، هاوشێوەی خێزانەکانی تر کەوتنە گەڕان بەدوای واسیتەو تەکلیفێک کە هەواڵێکی کوڕەکانیان بۆ بزانێت، هەربۆیە جارێکیان بەهۆی دۆستێکیانەوە حاجی حارسی برایان بۆ تەکلیف چوون بۆ لای (خولەی ڕەشە بەحری) کە پیاوی ڕژێم بوو، مستەشاری بەعس بوو، شوێنەکەی لە نزیک عەربەت بوو، لەوێ دادەنیشت، خۆی دەگێڕێتەوە: بەیانییەک چووینە لای، کاتێک ئێمە چووین خەریک بوو نان و چای بەیانی دەخوارد، ژوورێک بوو پڕیبوو لە چەکی بچوک و مامناوەند، هات گوتی: "ئەفەنییەکان ئەوە بۆچی هاتوون؟"، ئێمەش بۆمان باسکرد کە بۆچی هاتووین و داوامان چیە؟، زۆر بە سادەیی گوتی: "با پێتان بڵێم، لێرە دانیشن، ئەگەر پێشمەرگە بن، بە بەیاننامەوە گیراون، بە دەمانچەوە گیراون، پیاو نەبم

یەک سـەعاتی تر بۆتان دەهێنمە دەرەوە"، گوتم: "چۆن شـتی وا دەبێت"، گوتی: "دەبێـت، تۆ حەقـت نەبێـت چۆن، بەتـایبەت ئەگەر لە هەواڵگری سـەربازی گیرابن ئەوە بۆ من زۆر ئاسـانترە، بەس یەک پرسـیارم هەیە"، گوتی: "بەس لەسـەر ئیسـلامیی نەگیرابن"، منیش کەمێک وەسـتام، گوتم: "بۆ بەس ئیسـلامی نەبن"، گوتی: "کوڕی باش، بەخوای گەورە نەوەک لە عێراق، لە هیچ وڵاتێکی دونیا خەڵک لەسـەر ئیسـلامی بگیرێت بەرنابێت"، گوتم: "وەڵا کاک خدر لەسەر ئیسلامی گیراون"، گوتی: "کوڕی خۆم، من لەگەڵ ڕژێم ئیش دەکەم، با یەک شـــتت پێ بڵێم، پارەی خۆت بەکەس مەدەو پارەکەتان بە زایە مەدەن، کەس هیچی بۆ ناکرێت، من نووسراوی عەلی حەسەن مەجیدم بینیوە لەسەریان!".

(٦٤)

تەکلیف لە (جەللاد)!

دایکی عەبدوڵڵا بۆمان دەگێڕێتەوە: پێشـــتر عەبدوڵڵا چەند جارێک لەگەڵ باوکی لە بازاڕی (هەرەوەزی) ســـەرچنار کاری کردووە، چەند جارێک مولازم عەلی بۆ کڕینی پێداویســتی ناوماڵ هاتووە بۆ بازاڕەکەو لەوێ شــێخ قادری باوکی عەبدوڵڵاو عەبدوڵڵای بینیوە، بۆیە باوکی منداڵەکان بە ئومێدی ئەوەی شــتێکیان بۆ بکات بۆ ئازادکردنی لەماڵەوە سەردانی مولازم عەلی دەکات، لەوێ پاش ماوەیەک چاوەڕێکردن مولازم عەلی باوکی عەبدوڵڵا دەبینێت، دەڵێت: "فەرموو شێخ، خەیرە هاتووی؟"، باوکی عەبدوڵڵاش بۆی باس دەکات کە عەبدوڵڵای کوڕمان گیراوەو هاتووم بەڵکو شــتێکی بۆ بکەیت، بێئاگا لەوەی مولازم عەلی خۆی عەبدوڵڵای گرتووە، ئەویش بە درۆ بەڵێن بە باوکی منداڵەکان دەدات کە هەوڵدەدات کوڕەکەمان ئازاد بکات.

هەوڵی ئازادکردن لای "پارێزگار"

پاش دەســـتگیرکردنی فەرهاد، وریا کە تەنها ئەو ڕۆژە لە ماڵ بوو و دەبوو بگەڕێتەوە بۆ ســەربازیی، تا نزیکی نیوەڕۆ ســەردانی فەرمانگەی ئەمن و چەند فەرمانگەیەکی تری کرد، بۆ ئەوەی بزانێت ئەو نیو سەعاتە بۆ بوو بە چەند ســـەعات و بۆچی فەرهادیان نەناردەوە، چارەنووســـی چیەو لە کوێ گیراوە، بەڵام بێسود بوو، هیچ هەواڵێکی دەست نەکەوت.

پاش چەند ڕۆژێک، ماڵی باوکی فەرهاد دەســـتیانکرد بە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی واســیتەیەک تا هەواڵێکیان دەســت بکەوێت، بەتایبەت شــێخ جەعفەری پـارێزگـاری ئەو کـاتە کە خزمی خزمێکیـان بوو، لە ڕێگەی

خزمەکەیانەوە چوونە لای شـێخ جەعفەر، بەڵێنیدا کە کاری بۆ کردووەو ئیعتیرافەکانی لە فایلەکەدا ســڕیوەتەوە، دواتر چوونەوە بۆ لای برایەکی شـــێخ جەعفەر بەناوی وەهاب کە لە کەرکوک بووە، ئەو داوای (پێنج هەزار) دیناری ئەو کاتەی کردووە بۆ ئازادکردنی، بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەیە پەیدا بکەن، لەناو خۆیاندا ڕاوێژێک بکەن لەسـەر واسیتەکە، بۆیە مام موحەممەدی باوکی فەرهاد و برا گەورەکانی فەرهاد دێنە ســـەر ئەوەی ئەگەر ڕاسـتگۆ بێت و بەڵێنی ئازادکردنی دەدا، ئەوە پارەکەی بۆ پەیدا دەکەن، چونکە پێنج هەزار دینار بڕە پارەیەکی زۆر بوو لەو کاتەدا، بۆیە مام موحەممەد و وریای کوڕی پێکەوە دەچنەوە بۆ لای وەهابی برای شـــێخ جەعفەر بۆ کەرکوک، لەوێ پێی دەڵێن ئەگەر بەڵێنی ئازادکردنیان پێ دەدات ئەوە ئەمان ئامادەن پارەکەی پێبدەن، بەڵام ئەو دەڵێت: "نەوەڵا بەڵێن نادەم، ئەو پارەیەم بۆ دەعوەت و دەعوەتکارییە بۆ بەرپرســـەکان"، بۆیە کە دەزانن ڕاســـتگۆ نییە لە هەوڵەکەی، ئەمانیش پەشـــیمان دەبنەوە لە پێدانی پارەکە پێی چونکە دڵنیابوون هیچی لێ سەوز نابێت و تەنها ڕاکێشانی پارەیان لێیان.

پاش ماوەیەکی زۆر بۆیان دەردەکەوێت کە شـــێخ جەعفەر درۆی کردووەو هیچی نەکردووە بۆ ئازادبوونی فەرهاد، ئەوەی گوتویەتی "کە ئیعتیراف و دانپیانانەکەیم ســـڕیوەتەوە لە فایلەکەیدا" درۆی کردبوو، بەڵام ئەوەی جێگەی ســـەرســـوڕمانی ماڵی باوکی فەرهاد بوو ئەوەبوو کەهاوشـــێوەی خێزانەکانی تر نەهاتنەوە بۆ دەســـتگیرکردنی خێزانەکە، پێدەچێت ئەو واســـیتانە بووبنە هۆی شـــەفاعەتێک بۆ ئەوەی هەموو خێزانەکە دەستگیر نەکرێن و خانووەکەشیان نەڕووخێنن.

"تەنها ئیسلامی نەبووایە شتێکم بۆ دەکرا!"

لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی نێوەندگیرێک، برایەکی سـدیق دەچێت بۆ لای کابرایەکی بەعسی و نزیک لە ڕژێم و بەدەسەڵات بەناوی (سەلاح بالا بەرز)، کاتێک دەچێتە لای لێی دەپاڕێنەوە کە هەرچی بوێت بۆی دەکەن، چ دیارییەکی بوێت بۆی ئامادە دەکەن، تەنها هەوڵێکی لای فەرمانگەی ئەمن بۆ بدات، بەڵام کاتێک بۆی باس دەکەن کە بۆ گیراوەو لەگەڵ کێ گیراوە، زۆر داوای لێبوردن دەکات، دەڵێت: "بەخوا حکومەت لەگەڵ ئیسلامییەکان زۆر توندە، وەک حزبی دەعوە حسابیان بۆ دەکات، تەنانەت ئەگەر هەر حزبێکی تر بووایە دەیتوانی شتێکیان بۆ بکات، بەڵام ئەوەی ئەمان ناتوانن هیچ بکات".

بۆ ئەم توندییەی بەعس لەگەڵ ئیسلامییەکان بەکرە بچکۆل ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە: "کات نزیکەی عەسر بوو، لە پڕ کەسێک لەگەڵ دوو ئەمنیتر خۆی کرد بە ژوورەکەماندا، ژووری ژمارە چوار، ئەو کەسە خاڵی یەکێک لە دەستگیرکراوەکان بوو بەناوی (عومەر سابر کەریم) کە ئەندامی شانەی ڕێکخستنەکەی مەلا عەبدولجەبار بوو، کاتێک خاڵۆی خۆیکرد بە ژووردا عومەر زۆر دڵی خۆشبوو کە خاڵۆی هاتووە بۆ لای، یەکسەر هەستایە سەرپێ و ویستی بەرەو ڕووی بڕوات، بەڵام خاڵۆی بەبێ سـەلام و هەواڵپرسـین یەک (تف)ی کردە ناو چاوی (عومەر)، دوو سێ جنێویشی پێدا، گوتی: "خوێڕی، کەس نەما کاری لەگەڵ بکەیت ئیسلامییەکان نەبێت؟ وەڵاهی ئەگەر هەر حزبێکیتر بوویتایە ئێستە بەرم دەدایت، دەزانی تۆ حەیای منت بردووە؟ شەرتبێ هەتا ماوی دەبێت لەم زیندانە بڕزێیت، خوێڕی چاک حەیای ئێمەت بردا!".

لە ڕاستیدا ئەم هەڵسوکەوتە بۆ ئێمە زۆر جێگەی سەرسوڕمان بوو، لە خۆمان دەپرسی: هەر بەڕاستی ئەوە خاڵۆی بوو؟ باشە ئەو پاڵنەرە چیە وا دەکات لە خاڵۆیەک کە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ خوشکەزایەکی خۆی بکات؟ باشـە بەعس چۆن ئەم کەسایەتیانەی وا لێکردووە کە

تەنانەت نزیکترین پەیوەندییە خێزانییەکان بکرێنە قوربانی ئەڵقە لەگوێی بەعس و ڕەزامەندی بەپرسێکی ئەمن؟ ئەمە چ کەسایەتییەکە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ خوشـــکەزای خۆی دەکات؟ بەڵێ ئەمە پەروەردەی بەعس بوو، تۆ هیچ نیت، تەنها بەعس و ســەددام و حزبی و شـۆڕش شـتن، تۆ هیچ نیت، تەنها ئامێرێکی جێبەجێکردنی ســـیاســـەتەکانی ڕژێمی بەعس نەبێت، مرۆڤ دەبێت هێندە دڵســـۆزبێت بۆ "حزب" و "شـــۆڕش" و "ســـەرکردە"کەی تەنانەت چاوپۆشـــی لە نزیکترین ئەندامانی خێزانەکەی نەکات و هەر کات بە دڵی بەعس نەجوڵایەوە پشـــتی تێبکات، با برا یان خوشک یان نزیکترین ئەندامی خێزانەکەی بێت!.

خانەوادەی سدیق دەستگیرکران؟

پاش دەسـتگیرکردنی سـدیقی کوڕیان، خانەوادەی سـدیق بۆ ماوەیەک خۆیان حەشـــار دەدەن، لە ترســـی گرتن و ڕاوەدوونان، بەلام دەســـتگیر نەکرانیان وەک شـتێکی سـەیرو جیاواز وایە، هیچ واسـیتەیەکیان نەبووە، کەچی وەک کەســـوکـاری گەنجەکـانی تر نەگەڕانەوە بۆ گرتنی خانەوادەکەی، هۆکار چییە؟ بۆ دەسـتگیر نەکران و خانووەکەشـیان وەک ئەوانیتر نەڕووخا، خێزانی سـدیق خۆشـیان نازانن، دەکرێت بەشـێک لە کارەکانی فەرمـانگەی ئەمن بێســـەرو بەرەیی پێوە دیار بووبێت، یان بەهۆی زۆری ژمارەی دەســـتگیرکراوانی ڕێکخراوەکەی کەیوان و کەس و کاریان ئیتر هەندێکیشـــیان بیر چوو بێت، یان بواردبێتیان، یان هەر هۆکارێکی تر، خوا ئەمانی پاراست لەو زەحمەتە گەورەیە.

(٦٥)

گەورەترین هەوڵی ئازادکردن!

پاش هەوڵێکی زۆر لە گەڕان بە دوای واسـیتەیەکی گەورەو کاریگەر لەســەر ئەمنی ســـلێمانی، مام حاجی ئەحمەد، خۆی گەیاندە برایەکی تاوانبار (ڕائید خەڵەف)[1]، کەماڵیان لە (حەدیســە)ی ســەر بە پارێزگای ئەنبار دەبێت، لەوێ داوایان لە براکەی ڕائید خەڵەف کرد ناوەندگیرییەکیان بۆ بکات و لای براکەی شەفاعەتێکیان بۆ بکات، بەڵکو هەردوو کوڕەکەی (جەلال و حەســەن) ئازاد ببن، ئەمەش دەبێتە گەورەترین واســیتە بۆ هەوڵی ئازادکردن لە ناو ئەندامانی ڕێکخراوەکەی کەیوان و هاوڕێکانیدا.

مام حاجی ئەحمەد، باوکی جەلال و حەســەن، پیاوێکی ناســراوی دانیشتووی سلێمانی دەبێت، بەهۆی کاری بازرگانی و ناسراوییەکەی و بوونی دۆســت و ناســراوی زۆرەوە لە ناو شــاری ســلێمانی، دەســتی دەگـات بە واســیتەیەکی بەهێز، کە بەراورد بە هەموو واســیتەو نێوەنـدگیرەکـانی تر کە کەس و کـاری کەیوان و هـاوڕێکانی هەوڵیـان لەگەڵ داون، ئەمەیـان بەهێزترین بووە، ئەویش برایەکی بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی بووە.

مام حاجی ئەحمەد، لە ســەرەتای ســاڵی (١٩٨١) لە پێنجوێنەوە ماڵی دەگوازێتەوە سلێمانی، ئەگەرچی لە ساڵانی پێشترەوە کاروکەسابەتی لە ســلێمانی دەســتپێکردووە، بەتایبەت دووکانی قوماشــی هەبووە، بەڵام بەهۆی زیادبوونی ئاڵۆزییەکانی ســنورو شــەڕو شــۆڕەوە لە پێنجوێن،

---

[1] - نـاوی تەواوی (خەڵەف عەبد ئەحمەد ئەلجوعـانی)ە، لە دایکبووی (١٩٥١)ە، خەڵکی شـاری (حەدیســە)ی ســنوری پارێزگای ئەنبارە، لە ســەرەتای ســاڵی (١٩٨٨)ەوە کراوەتە بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئەمنی ســلێمانی، لەو ســـاڵەدا پلەکەی ڕائید بووە، دواتر پلەکەی بەرزکراوەتەوە بۆ عەقید.

بەتایبەت پاش هەڵگیرسانی جەنگی (عێراق – ئێران)، بەباشی دەزانێت ماڵی بگوازێتەوە سلێمانی.

تەنها یەک مانگ پاش دەستگیرکرانی دوو کوڕەکەی، مام حاجی ئەحمەد بە ئۆتۆمبێلە (سوپەر)ە نوێیەکەیان کە (حاجی یوسف)ی کوڕی لێی دەخوڕی، بە هاوڕێیەتی کاک سەلاحی ناسراویان چوونە بەغدا، لەوێ دۆستێکیان لە ناوچەی (عەللاوی) هەڵگرت کە دووکانی کەبابخانەی هەبوو، ئەو پیاوە کەبابچییە براکەی بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی دەناسی، گەیشتنە دیوەخانی براکەی بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی لە حەدیسە، لەوێ شێخی براگەورەی خەڵەف لە دیوەخانەکەیدا پێشوازی لێکردن، ئەو شەوە لەوێ مانەوە، بۆ بەیانیەکەی شێخ لەگەڵ مام حاجی ئەحمەد بەرەو سلێمانی بەڕێکەوت، لە بەغداد دۆستە کەبابچیەکەیان دانا، پاش ڕێگەیەکی دوورودرێژ گەیشتنە سلێمانی، لە میوانخانەی ئاشتی کە چەند مەترێک دووربوو لە ئەمنی بەلدەی سلێمانیەوە شێخیان دابەزاند، پاش پشوویەکی کورت لە میوانخانەکە، بەرەو بەڕێوەبەرایەتی ئەمن بەڕێکەوتن، لەوێ چوونە لای بەڕێوەبەری ئەمن، پاش ڕێزێکی زۆر، شێخ بۆ ڕائید خەڵەفی برای ڕوونکردەوە کە ئەمرۆ بۆچی هاتووە بۆلای و گوتی: "خەڵەف، ئەم پیاوە دۆستی منە، هاتووم داوات لێبکەم کارێکی بۆ بکەیت کوڕەکانی ئازاد بکەیت، هاوکاری بکە، ئەوەی من دەیناسم پیاوێکی چاکەو هیچ خراپەیەکی نییەو پیاوێکی کاسبە، بەڵکو ئێستە بەڵێنێکمان پێبدەیت".

ڕائید خەڵەفیش بە سکرتێرەکەی دەڵێت جارێ کوڕەکانی حاجیم بۆبێنن، پاش چەند دەقیقەیەکی کەم، هەریەکە لە جەلال و حەسەن بانگ کران بۆ ژووری بەڕێوەبەری ئەمن، کاتێک هاتن و باوکیان بینی، پەلاماریانداو ماچیان کرد، دڵخۆشبوون کە باوکیان بینی، خوایە ئەمە چ خۆشیەکە.

جەلال هەر ئەو بیجامەیەی لەبەردابوو کە ئەو شەوە لە خەودا پێیەوە دەستگیریان کردبوو، حەسەنیش کراس و پانتۆڵێکی لەبەردابوو، پاشان گفتوگۆکانی مەجلیسەکە بەردەوام بوو، ڕائید خەڵەف ڕوویکردەوە حاجی ئەحمەد: "مام حاجی، تۆ دەزانیت ئێمە گوێمان هەیەو چاومان نیە، خەڵکێک هەر لە خۆتان هاتووە گوتوویەتی کوڕەکانی حاجی ئاواو ئاوا، ئەگەرنا ئێمە چوزانین کوڕەکانی تۆ چی دەکەن؟ بۆیە دڵنیابە ئێمە زوڵمیان لێ ناکەین! لێکۆڵینەوە دەکەین، پاشان ئاگادارین ئێوە ماڵەوەتان بەجێهێشتووە، دەزانین لە کوێ دەخەون، لە کوێ خۆتان شاردووەتەوە، دەزانین کوڕەکانی ترت لەکوێن و دەچنە چ دوکانێک، بۆیە بێخەم بچنەوە ماڵی خۆتان، کەس حەقی بەسەرتانەوە نیە، بەتایبەت کە کاک شێخی برامت ئەزیەتداوە".

پاش چەند گفتوگۆیەکی تر، ئەوەی مام حاجی ئەحمەدی دڵخۆشکرد، ئەم قسانەی کۆتایی بەڕێوەبەری ئەمن بوون: "بۆیە لێمان بووەستە، کوڕەکانی تۆ بە تەنها نەگیراون، تۆڕێکن و پێکەوەن، ئەگەر بەجیابوونایە کارەکەمان ئاسان دەبوو، حەل و فەسلێکم بۆ دەکردی، بەڵام خواکەریمە، ان شاءالله ئەم هەفتەیە یەکێکیانت بۆ ئازاد دەکەین، پاش ماوەیەکی تریش خوا یاربێت ئەویتریشیان ئازاد دەکەین، بەڵام دەبێت بزانیت منیش چاوم لەسەرەو ناتوانم هەر ئاوا یەکسەر کارەکە بکەم، بۆیە دەرفەتێکم بدەرێ، خوا کەریمە، ئەوەش لەبەرخاتری کاکم کە ئەزیەتتانداوەو هاتووە".

پاش ئەم گفتوگۆیە، مام حاجی ئەحمەدو شێخی برای بەڕێوەبەری ئەمن و کاک سەلاحی ناسراویان ژووری بەڕێوەبەری ئەمن بەجێدێڵن و خواحافیزی دەکەن، بەڕاستی دیدارێک بوو بۆ مام حاجی ئەحمەد وەک دیداری تەمەن وابوو، چونکە بەڵێنی ئازادی کوڕەکانی وەرگرتبوو، ئەوەش بۆ ئەو خۆشترین هەواڵێک بوو کە بەدرێژایی تەمەنی بیستبێتی،

بۆیە بەم دڵە خۆشـــەیەوە پاش بەڕێکردنەوەی شـــێخ بۆ (حەدیســـە)[1]، گەڕایەوە مـــاڵەوەو دایکی جەلال و حەســـەن و هەموو خـــانەوادەکە دڵخۆشـــبوون بەم هەوڵە، ئیتر ڕۆژیان دەژمارد تا بگەنە هەفتەیەکی ترو ئەنجامی بەڵێنەکان ببینن.

ڕۆژێک و دوان و سیان و هەفتەیەک و دوان و سیان تێپەڕین، کەچی ئەو بەڵێنەی بەڕێوەبەری ئەمنی ســـلێمانی بە ئامادەبوونی براگەورەکەی دابووی بە مام ئەحمەد پێنجوێنی جێبەجێ نەبوو، بۆیە مام حاجی لە تاو کوڕەکانی دەســـتیکردەوە بە هەوڵدانیتر، بیزانیایە هەرکەس بچوکترین واســـیتەی پێدەکرێت داوای لێدەکرد، لە هەمانکاتیشـــدا بە جۆرێک لە جۆرەکان بە نهێنی دەهات و دەچوو لە ترســـی گرتن، چونکە ئاگاداربوو خـــانەوادەی زۆرینەی هـــاوڕێی کوڕەکـــانی گیراون، هەربۆیە پـــاش بەجێهێشـــتنی مـــاڵەکەی خۆی، خـــانوویەکی تری کرێ و بەنـــاوی دۆستێکیەوە کردو لەوێ دەمایەوە بەجۆرێک دراوسێکان زۆر هەست بە هاتوچۆی نەکەن.

پـــاش دوو ســـێ هەفتە، مـــام حـــاجی ئەحمەد ئـــارامی لێبڕا، بۆیە تەلەفونێکی کردەوە بۆ دۆســـتە کەبابچیەکەیان لە بەغدا، ســـا بەڵکو هەوڵێکیتر بداتەوە لەگەڵ شـــێخەکەی حەدیســـە کە برای بەڕێوەبەری ئەمنە، بۆیە بە تەلەفون هەواڵ دەپرســـێت، ئەویش وەڵامەکەی لە بەڕێوەبەری ئەمنەوە بەمجۆرە بۆ هێنـــانەوە: " لیژنەیەکمـــان گرتووە بۆیان، لەســـەر بنەمای بڕیاری ئەم لیژنەیە ژمارەیەکیانمان ناردووە بۆ شـــوعبە خامیســـە (هۆبەی پێنج کە تایبەت بووە بە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەو ڕووبەڕووبوونەوەی حزب و ڕێکخراوە ئیســـلامیەکان بە

١- شـــارێکی عێراقیە، دەکەوێتە ســـەر ڕووباری فورات، لە ڕووی ئیدارییەوە ســـەر بە پارێزگای ئەنبارە، نزیکەی (٢٦٠) کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای شاری بەغدای پایتەختەوە دوورە، ژمارەی دانیشتووانی شارەکە نزیکەی (٥٠,٠٠٠) هاوولاتییە.

کوردو عەرەبەوە)، بۆیە ئەو جەماعەتە دەستبەسەرن تا ماوەیەکی نادیار، نازانین کەی ئەو دەستبەسەرە کۆتایی دێت و بڕیاریان لەبارەوە دەدەن".

هەوڵێکیتری مام حاجی ئەحمەد بۆ ڕزگارکردنی کوڕەکانی

پاش تێپەڕبوونی دوو سێ هەفتە بەسەر بەڵێنەکەی بەڕێوەبەری ئەمندا، مام حاجی ئەحمەد پێنجوێنی لە دوکانەکەی خۆی دانیشتبوو کەسێکی تریشی لە تەنیشت بوو، بانگی کردە یوسف و گوتی: "کوڕم ئەو سویچەم بۆ بێنە"، سویچەکەی یوسفی کوڕی سویچی سۆپەرێکی سوری مۆدێل (١٩٨٥) بوو، کە زۆر ئۆتۆمبیلێکی نوێبوو و لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر کەم لەو ئۆتۆمبێلە لە سلێمانی هەبوون، سویچەکەی دایە دەست ئەو پیاوەی ناسراویان کە لە تەنیشتی دانیشتبوو، مام حاجی ئەحمەد گوتی: "ئەو سویچەت پیرۆزبێت، تەنها هەوڵێکی جیدیمان بۆ بدەو بزانە ئەم کوڕانەم چیان بەسەر هات؟"، ئەویش گوتی: "من سویچم ناوێت و دڵنیابە ئەوپەڕی توانا هەوڵ دەدەم کارێکت بۆ بکەم، ان شاالله بەرهەمی دەبێت".

ئەم هەوڵەو چەند هەوڵێکیتریش بێسود و بێ ئەنجام بوون، هیچ هەوڵێک نەیتوانی ببێتە هۆی ئازادکردنی هیچ یەکێک لە کەیوان و هاوڕێکانی، کۆتا هەوڵیشیان (خدری ڕەشە بەحری) بوو، کە پیاوی ڕژێم بوو، ناسراوی مام حاجی ئەحمەد بوو، بەڵام هەوڵەکانی ئەویش بێسود بوو، هیچ ئەنجامێکی نەبوو، خانەوادەی مام حاجی ئەحمەد هەستیان دەکرد کە خدری ڕەشە بەحری شتێک دەزانێت لەبارەی کوڕەکانی مام حاجی ئەحمەدەوە، بەڵام نەیدەویست بیڵێت، هەربۆیە ئەمڕۆو بەیانی و هەفتەی داهاتوو و مانگێکی تر، بەمجۆرە دەیویست کات بداتە دەست کات و ئەو هەواڵە ناخۆشە بە مام حاجی نەدات.

(٦٦)

وێنە "مێژووییەکە"[1]

من ئێستە کە ئەم دێڕانە دەنووسم لە وێنەیەک ورد دەبمەوە، ئەم وێنەیە تەنها بەڵگەنامەیەکە کە تا ئێستا کەوتبێتە بەرچاو لەو تاوانانەی بەعس بەرانبەر خەڵکی تێکۆشەرو هاووڵاتیانی کورد ئەنجامیداون، ئەویش وێنەیەکە کە تیایدا کەیوان و سی و سێ هاوڕێی دەردەکەون.

لە وێنەکەدا کەیوان لە پێشی پێشەوە دانیشتووە، هەستەکەی سەرمای زستان و ساردی کاشیەکانی ژێریی و تەنکی جلەکانی بە تەواوەتی تەنگی پێهەڵچنیوە، بەجۆرێک لە سەرمادا خۆی گرمۆڵە کردووە، بەڵام جۆری دانیشتنەکەی هەر دەڵێی شەوی بیست و حەوتی ڕەمەزانەو لە مزگەوتی شێخ فەرید یان حاجی حەسەنی لۆکە گوتارێکی گشتی پێشکەش دەکات.

لە دوای کەیوانەوە، هاوڕێکانی بە چوار ڕیز دەرکەوتوون، ڕیزی یەکەم دانیشتوون و ڕیزی دووەم بە چیچکان و ڕیزی سێیەم بە نیوە

---

[1] - وێنەکە لە گۆڕەپانی ئەمنی (بەلدە) گیراوە، کاتەکەی سەرلەبەیانی بووە، بە پێی زانیارییەکانی (شێروان)ی برای کەیوان، کاتەکەی نزیکی سەعات (نۆ) تا (دە)ی بەیانی بووە، بەپێی گوتەی بەشێک لەوانەی لە وێنەکەدا دیارن و ئازاد بوون، مێژووەکەی بۆ پاش دوو مانگ لە دەستگیرکرانی تەواوی ئەندامانی ڕێکخراوەکەی کەیوان دەگەڕێتەوە، واتە لە کۆتایی مانگی (دوو)ی ساڵی (١٩٨٩) وێنەکە گیراوە، ئامانج لە وێنەکەش بە دۆکیومێنتکردن و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی وێنەیی و ڤیدیۆیی ئەو چالاکییە گەورەیە بووە کە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی ئەنجامیداوە، بێجگە لەم وێنەیە ڤیدیۆشیان گرتوون، بەڵام ڤیدیۆکە بەردەست نییە، هەروەها بێجگە لە وێنە گشتییەکە، وێنەی هەریەکەیانیان بەجیا گرتوون، هەروەها بە پێی گروپ و پێگەیان لە ڕێکخراوەکەو جۆری تۆمەتەکانیشیان وێنەیان گرتوون، بەڵام ئێمە تەنها ئەم وێنە (سی و چوار) کەسییەمان لەبەردەستە. (بۆ بینینی وێنەکە سەیری بەڵگەنامەی ژمارە (١) بکە).

وەسـتاوی بەو جۆرەی تیپێکی تۆپی پێ دەوەسـتێت، کۆتا ڕیزیش بە تەواوەتی بە پێوە وەستاون.

لە ڕیزی یەکەم کە هەموویان بە چوار مشقی دانیشتوون، زۆرینەیان هاوڕێ زۆر منداڵ یان زۆر گەنجەکانی کەیوانن، یەکەم کەسـیان کە قەمسـەڵەیەکی شـین و سـپی لەبەردایەو زۆر بەرێئانە دانیشـتووە وریا ئیبراهیمە، پاشـان مێرمنداڵێکی تر دێت کە لەسـەرمادا هەردوو دەسـتی شاردووەتەوە ئەویش دلێر مەحمودە، سێیەم کەسیش ئاسۆ مەحمودە کە مێرمنداڵێکی زۆر بێباک دێتە پێشچاو لە پشت مامۆستاکەیەوە، دواتر شـوان سـەعدی دێت کە هێندە منداڵ دیارە ناتوانی هیچ هەسـتێکی بخوێنیتەوە، پاشـان موسـا دەردەکەوێت کە زۆر ئازایانە نەوەک خۆی نەشـاردووەتەوە، بەڵکو زۆر بەجوانی و بەشـانازییەوە سـەری بەرز کردووەتەوە تا سـەری لە ئاسـتی کەیوان بەرز ببێتەوەو لە وێنەکەدا جوان دەرکەوێت، پاش موسـا گەنجێکیتر دەردەکەوێت کە زۆر بە وریاییەوە سـەیری زوومی کامێرەکە دەکات و لەتاو سـەرماش هەردوو دەسـتی لێک گرێداوەو جوتێک نەعلی لە پێدایە ئەوەش کەمال ئیبراهیمە برای وریا ئیبراهیم، کەسـی حەوتەمی ڕیزی یەکەمی کە کراسێکی سپی ملیوان ڕەشـی لەبەردایە ئەحمەدی موزەمیـدە کە وەک ئەوەی لە مەجلیسـێکی کۆمەڵایەتی دانیشـتبێت ئاوا بۆ وێنەکە وەسـتاوە، پاشـان موحەممەد عەبدوڵلا حەمەموراد دەردەکەوێت کە زۆر مـاندوو دیـارە، کۆتا کەسـی ڕیزی یەکەمیش یاسـین ئەحمەدە کە زۆر بە جوانی خۆی گرمۆڵە کردووەو هێندە بێزار دیارە لەبری عەدەسـەی کامێرەکە، لەو کاتەدا سەیری زەوییەکە دەکات.

ڕیزی دووەم، بە (ئاسـۆ جەزا) دەسـتپێدەکات، پاش ئەو (د.لوقمان) دەردەکەوێت، دواتر (جەلال ئەحمەد پێنجوێنی) کە ڕیشێکی ڕەشی هەیە، چوارەم کەس (ئەکرەم) دێت کە زەردەخەنەیەک لەسەر لێوی دیارە هێندە بێباکە، پێنجەم و شـەشـەمی ڕیزی دووەم (جەلال کەمال هەڵەدنی) و

(موحەممەد عەبدوڵڵا حەمەموراد) دەردەکەون یەک لە دواییەک کە زیاتر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە نزیکن نەوەک گەنجی، پاشان حەوتەم کەسی ڕیزی دووەم (عیرفان جەلال) و هەشتەمیش هەر لە ڕیزی دووەم (هەژار قادر)ە، هەژار لە وێنەکەدا پەنجەی دۆشاو مژەی دەستی چەپی خستووەتە دەمیەوە کە دەتوانین بڵێین هەستی بێئاگایی لە بارودۆخەکە لێدەخوێنرێتەوە.

لە ڕیزی سێیەمدا، یەکەم کەس (دارا عوسمان) دەردەکەوێت کە لە وێنەکەشدا هەر دەڵێیت بۆ چالاکییەکی چەکداری دژی بەعس خۆی ئامادە دەکات، دووەمی ڕیزەکەش (ئەحمەد عەبدوڵڵا گوڵپی) کە قەمسەڵەیەکی لەبەردایە کە خەتی سورو سپی تێدایە، ئەحمەد چواردە دیناری بەو قەمسەڵەیە دابوو، دڵی زۆر پێی خۆشبوو، سێیەم کەسی ڕیزی سێیەمیش (حەسەن حاجی ئەحمەد پێنجوێنی) دێت، کەسی چوارمیش (عەباس مەحمود) دیارە کە دەڵێیت خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بچێت بۆ وانەیەکی نوێی قورئان خوێندن، پاشان گەنجە کاراتییەکە واتە (فەرهاد) دەردەکەوێت، دوای فەرهادیش هەریەکە لە (سەفەر)ی خزمی کەیوان و (ئەمیر)و (ئەیوب) وەستاون.

ڕیزی چوارەم و کۆتایی کە بە پێوە وەستاون، بە وێنەی (مەلا عەلی) دەستپێدەکات، لە ژیانی ڕۆژانەشیدا چۆن بوو لە وێنەکەشدا بەو جۆرەیە زۆر شەرمن و بە ویقارو هێمن دیارەو تەماشای کامێرامانەکە ناکات و سەیری زەوییەکە دەکات، دووەم کەسیش لە ڕیزی کۆتایی (مەلا خالید)ە کە زۆر بەڕێزەوە وەستاوە و هەر دەڵێی بۆ وێنەیەکی یادگاری وەستاوە تا بینێرێتەوە بۆ (بەهرە)ی کچی، دوای خالید کەسی سێیەم (عیرفان سەعید)ە، چوارەمی ڕیزی کۆتاییش (موحەممەد عەبدوڵڵا گوڵپی)ە کە زۆر ماندوو و هیلاک دیارە، دواتر (عەبدوڵڵا قادر) دەردەکەوێت کە گەنجێکی بالابەرزەو لە وێنەکەدا سەری دانەواندووە، سەربەست عەبدوڵڵا دەبێتە شەشەم کەسی ڕیزی کۆتایی کە جلێکی ڕێک و پێکی

لەبەردایە، هەر ئەو جلەی لە قوتـابخـانە لەبەریکردبوو و پێیەوە دەسـتیگرکرا، دوو کەسـی کۆتاییش (سـدیق) و (یوسـف)ن کە جلێکی زستانەیان لەبەردایە.

ئەم وێنەیە من هەمیشـە لە پێشـچاومە، پێدەچێت تەنها وێنەیەک بێت کە زۆر بەجوانی ئـازاری گەنجـانی زەمەنێـک دەگێڕێتەوە کە تیـایـدا گەنجەکان لە بری کات بەسەربردن و سەرقاڵبوون و بە هیواو ئاواتەکان و خوێندنەوە، سـەرقاڵی خەبات و تێکۆشـان بن و لە پێناو گەل و خاک و وڵات و ئاینەکەیاندا ئامادەی ئەو قوربانیدانە گەورەیە بن.

خـاڵێکی تری هـاوبەشـی دەرکەوتووانی ئەم وێنەیە ئەوەیە کە زۆرینەیان قوتابی بوون، قوتابی قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن، ناوەندی و ئامادەیی و ئامادەیی پیشـەسـازی و ئامادەیی نەخۆشـەوانی، دوو کەسیشیان خوێندنیان تەواو کردبوو ئەوانیش (خالید)و (د.لوقمان) بوون.

(٦٧)

دیداری ئازیزان

پاش چوار مانگ لێکۆڵینەوەو ئەشـــکەنجەو ســـزای جەســـتەیی و دەروونی بەردەوام، شـــەوێک هاتن ناوی (دە) کەســـیان خوێندەوە، کە بریتی بوون لە هەریەکە لە (ئاســـۆ مەحمود حەمەڕەشـید، وریا ئیبراهیم حەمەئەمین، ئاسـۆ جەزا حەمەسـاڵح، دلێر مەحمود موحەممەد، شـوان سەعدی، نەوزاد نامیق ساڵح، جەلال کەمال هەڵەدنی، هەژار قادر ڕەسوڵ، ئەیوب غەفور، عیرفان جەلال)، ئەم گەنجانە نە خۆیان دەیانزانی بۆچی نـاویـان دەخوێنرێتەوەو بۆ کوێ دەبرێن، نە کەیوان و هـاوڕێکـانیتری، هەردوولا دڵیان پڕ بوو لە تاســـەو خەم، لەلایەک تاســـەی ئەگەری ئازادبوون و شـــادبوونەوە بە خێزان و کەس و کارو دونیای دەرەوەی زیندان، لەلایەکی ترەوە خەمی لە سێدارەدان و ئیتر نەبینینەوەی کەس و کاریان، هەردوولا لەم دڵەخورپێیەدا بوون، چ (دە) کەســـەکە کە ناویان خوێنرایەوەو برانە دەرەوە، چ کەیوان و (بیست و سێ) هاوڕێکەی کە لە ژوورەوە مـانەوە، هەردوولا هەم گومـانی ئـازادبوونیـان دەکرد، هەم گومانی سزای زیندانیکردن، ڕۆژانی داهاتوو ئەم گومانەی لای هەردوولا کردە حەقیقەت، حەقیقەتێک کە پڕە لە یادەوەریی تاڵ و شـــیرین، تاڵ بۆ ئەو خێزانـانەی کە ئیتر منداڵەکـانیـان نەبینییەوەو شـــیرین بۆ ئەوانەی چاویان بە ئازادبوونیان گەشایەوە.

ئاسۆ مەحمود بەمجۆرە ئەو ساتانەمان بۆ دەگێڕێتەوە: "زۆر باش لە بیرمە، لەنێوان خۆمـانـدا بە ســـوعبەت لەگەڵ یەک بـاســـی ئـاینـدەو چارەنووسی خۆمان دەکرد، هەموو جارێک دارا پێیدەگوتم: "ئاسۆ یەکەم کەس تۆ شـەهید دەکەن"، منیش دەمگوت: "نەخێر کاک دارا، یەکەم کەس من ئـازاد دەبم، چونکە من لە هەمووتـان منداڵترم"، هەر واش بوو، ئەو

شـــەوەی هاتن ناوی دە کەســـەکەیان خوێندەوە یەکەم ناو ناوی منیان خوێندەوە، هەر کە ناویان خوێندمەوە بەبێئەوەی بزانم چی ڕوو دەدات و بۆ کوێمان دەبەن و چیمان لێدەکەن، دەســـتمکرد بە خواحافیزیی لە هاوڕێکان، بە حەســـرەتەوە باوەشـــم بە (کەیوان)دا کردو تێر تێر ماچم کرد، بەجۆرێک وەک بڵێی دڵم هەواڵی پێدابم کە ئەوە ئیتر دوا دیدارە".

پاش ئەم جیاکردنەوەیەی (دە) هاوڕێکە، شـــەوێک لە پڕ کەیوان و هاوڕێکانیان هێنا بۆ گۆڕەپانێکی گەورە، کە گۆڕەپانی فەرمانگەی ئەمن بوو، پێشـــتر باســـمان کرد ئەم بینایەی کە کەیوان و هاوڕێکانی تێدا دەستگیرکراون پێشتر بینای قوتابخانە بووە، لەگەڵ یەک دوو بینای تری تەنیشـــتی پێکەوە کراونەتە بینای فەرمانگەی ئەمنی ناوشـــار، بۆیە گۆڕەپانێکی گەورەی هەبوو، ژوورەکانیش بە چواردەوری گۆڕەپانەکەدا بەشـــێوەی چوارگۆشـــە دروســـت کرابوون، پاش هێنانی کەیوان و هاوڕێکانی بۆ گۆڕەپانەکە، پاش کەمێک باوک و دایک و خوشـک و براو ئەو ئەندامانەی خێزانیان کە دەســتگیرکرابوون هێنران بۆ هەمان شـوێن بۆ بینین و دیدار، بەهۆی زۆری ژمارەی کەیوان و هاوڕێکانی کە (٢٤) کەس بوون و ژمارەی خانەوادەکانیان کە نزیکەی (٩١) کەس بوون، هەموو ئەفســـەرو کارمەندانی ئەمن خەریکی ئەم پرۆســـەیە بوون، لە هێنان و بردن و خوێندنەوەی ناوو چاودێری و پاســـەوانی، چونکە ژمارەکە گەورەبوو، بەجۆرێک پێدەچێت ئەمن بەم ژمارە گەورەیە مامەڵەی لەگەڵ دەستگیرکراو نەکردبێت پێکەوەو لە یەککاتدا!

شـــەوێکی تاریک، بە ئاســـتەم دەم و چاوی یەک دەبینن، کاتەکە بەهارێکی زووە، هێشـــتا ســـەرما کەشـــی زاڵە بەســـەر کەش و هەوای ســـلێمانیدا، زۆرینەی خەڵکی ســـلێمانی لە خەودان، لێرە دیدارێک پڕ لە خەم بەڕێوە دەچێت، دیدارێک بە باوەشـــی گەرمی دایکی کەیوان و هاوڕێکانیدا ئەوەت تیا دەخوێندەوە ئەمە کۆتا دیدارە، ئەگەرنا دەزانین

دایک و باوک به خەم و پەرۆشـــن بۆ منداڵەکانیان، بەڵام بەم ئاســـتەش خەم و دڵتەنگی؟

بەڵێ، دادە نەزیرەو شــیروان و باخەوان و وەزیرەی خوشــکیان لە دەوری کەیوانی خۆشــەویســتیان کۆ بوونەوە، لە باوەشــیان گرت و تێر ماچیان کرد، لەم دیدارەدا قســـــە جورئەتی دەربڕینی نیە، لەم دیدارانەدا قســـە بەهایەکی نیە، بۆیە فرمێســک قســـە دەکات، فرمێســک ڕاز دەکات، گریـان چیرۆکی خەمێکی قوڵ دەگێڕێتەوە، خەمێـک کە لەودیو دیوارە بەرزو تەلبەندەکانی زیندانەوە لەناوەڕاســـتی شـــاری ســـلێمانی بەرز دەبێتەوە، لەو کـاتـانەی زۆرینەی خەڵـک لەگەڵ ئەزیزانیـان لە خەوێکی قوڵدان، بەعســـیەکانیش دڵخۆشـــن بە ژیانیان، جاشـــەکانیش قاقا بەوانە پێدەکەنن کە وەک ئەوان ناکەن و نابنە پیاوی ڕژێم، هەم خۆیان بپارێزن هەم هەمیشە گیرفانیان پڕ بکەن لە پارەو ژیانیان بڕازێننەوە بە ئۆتۆمبێل و خانوو، بەڵام ویژدانیان خاڵی بکەنەوە لە مرۆڤبوون، هەســـتیان خاڵی بکەنەوە لە کوردبوون، دڵیان خاڵی بکەنەوە لە باوەڕ، لە ترسی دواڕۆژو بینینەوەی خوای گەورە لە ڕۆژێکـدا کە چـاوەکـان ئەبڵەق دەبن و سەرەکان سەرمەست دەبن بە سەختیەکەی، ڕۆژێک کۆمەڵێک ڕوو تیایدا ســـپیەو کۆمەڵێـک ڕووش ڕەش، ڕەش وەک نـاخی ســـتەمکـاران، خیانەتکاران، خراپەکاران، بەعسی و سەددامیەکان.

بە هەمانشــێوە، باوک و دایکی داراو عەلی و خوشـک و براکانیان لە دەوری عەلی و دارا کۆبوونەتەوە، دایـک و بـاوکی خـالیـد لە دەوری خالیدی ئەنـدازیـاری تـاقـانە کۆبوونەتەوە، باوک و دایکی کەمـال لەگەڵ کەمالی کوڕیان، ئەبوبەکری برام لەگەڵ موحەممەدو ئەحمەد، ئەکرەمیش لەو ناوەڕاســتە لەگەڵ دایک و باوک و خوشـک و براکانی خەریکی ڕازو نیازن، هەموو خانەوادەکانی تریش بە هەمانشـــێوە، بەڵام چەند گەنجێک لە سـوچێکدا وەستاون، ئەوانیش دوو برا پێنجوێنیەکە جەلال و حەسەن، عەبدوڵڵا قادر، سدیق ڕەوف، موسا حەمەڕەشید، فەرهاد موحەممەد، کە

بەهۆکاری جیاجیا کەس و کاریان دەســـتگیر نەکرابوون، ئەوان بە تەنها لە ســـوچێکی گۆڕەپانەکەدا هەڵکورمابوون، لەو دیمەنە تراژیدییە ورد دەبوونەوە، دیمەنی دیداری هاوڕێکانیان لەگەڵ کەس و کاریان، ئەگەرچی زۆر خەمگین بوو، بەڵام چاوی ئەمانیشی پڕ کردبوو لە فرمێسک، خەمی دووری دایک و باوک و خوشک و براو کەسوکاریان.

"باوەشمان پێداکردوو تێر تێر گریاین"

دایک و باوکی خالید پاش دوو ڕۆژ لە مانەوەیان لە زیندان، چونکە کۆتا خانەوادەبوون دەســـتگیرکران، لەگەڵ کەس و کاری تری کەیوان و هاوڕێکانیدا لە حەوشـــەی ئەمنی بەلدە، لەگەڵ کوڕەکانیان لە دیدارەکە بەشـــداربوون، لە دۆخێکی توندوتۆڵی ســـەربازیدا کە ئەمنەکان چەکیان لەسەر سەری خەڵکەکە ڕاگرتبوو، نەوەک کەسێک ڕابکات یان کێشەیەک دروســـت بکات، خاتوو فاتیمە، دایکی خالید بۆمان دەگێڕێتەوە: "خالید هات بۆ لامان، دەم و چاوو هەردوو دەستی تەڕ بوون، دیاربوو تازە بە تازە دەســـتنوێژی شـــۆردبوو، کات نزیکەی ســـەعات یانزەی شـــەو بوو، سەرەتا دەستی منی ماچکردوو پاشان دەستی باوکی ماچکرد، باوەشمان پێداکردوو تێر تێر گریاین، خالید کە بە چاوە ڕەشـــەکانیدا هۆن هۆن فرمێســـک دەهاتە خوارەوە هەر دەیگوت: "دایە هیچ نییە ان شـــاالله ئازاد دەبین، دایە، بـــابە، تخوا گەردنم ئـــازاد بکەن، زۆر ئەزیەتم داون، زۆر بوومەتە زەحمەت بۆتـــان، دایکەگیـــان بێ خەمبە بەردەوام بەڕۆژووین، نوێژەکانمان بە جەماعەت دەکەین و لە زیکرو ویردەکانمان بەردەوامین"، دایکی خالید دەڵێ پێشـــتر بیســـتبووم کە لە زیندانەکەدا پێیان دەوت مەلا خـــالید، کـــاتێـک بینیمـــان کە ئەوە یەکەم دیدارو دوا دیـدار بوو، گوتم : "خـالید گیـان تۆ لەســـــەر (ئیســـــلام)ی گیراوی، لێرەش هەر خەریکی جەماعەتی؟ ڕۆڵە خۆت بپارێزە"، خالید گوتی: "دایەگیان هیچ مەترســـــە، ئێمە بۆ بترســـــین کە لەســـــەر چاکە گیراوین؟ لەســـــەر گەلەکەمان و

دینەکەمان گیراوین، وەڵڵا هیچ کێشـــەمان نییەو نوێژو ڕۆژووی خۆمان بە ئلشـــکراو بە کۆمەڵ دەکەین و تەنها لە خوا دەترســـین لە کەســـیتر ناترسین".

دایکی خالید دەڵێت: من کە پێشـتر لە خەو بینیبووم دەسـتی شـکاوە، ئەو دیدارەم بە فرســـەتزانی، گوتم: "خالید گیان دەســـتە شـــکاوەکەت چۆنە؟"، گوتی: "کێ پێی گوتی؟ دەســـتی شـــکاوی چی؟"، ئەو ئەوەی بەسەر خۆی نەهێنا کە سزا دراوەو زۆر ئەزیەت دراوە، پاشان دڵخۆشی داینەوە.

پاش ئەم دیدارە هەریەکەمانیان ڕاپێچی ژوورەکانمان کردەوە، خالید بۆ ژوورەکەی خۆی لەگەڵ هاوڕێکانی، من بۆ ژووری ژنان و باوکیشـی بۆ ژووری پیاوان.

باوکی خالید، مام شێخ موحەممەد بۆمان دەگێڕیتەوە: پاش ماوەیەکی کەم، شـــەوێک کە باران هێدی هێدی دەباری و زەوی تەڕ بوو، ئێمەی کەس و کاری کەیوان و هاوڕێکانیان کۆکردینەوەو بەرەو ئەمنی پارێزگا (ئەمن ســـوورەکە) ئێمەیان برد، لەوێ لە حەوشـــەکە ڕایانگرتین، مولازم ڕەحیم هات، گوتی: "کوڕەکانتان ســـەر بە حزبی دەعوەو بزووتنەوەن و ئیسلامین و دژی حزبی بەعس و شۆڕش کاریان کردووە، بەکرێگیراوی ئێران و تێکدەرن، بۆیە دەیاننێرین بۆ دادگاو دادگا هەر بڕیارێک بدات هەر ئەوەیە، پاشان ئێوە شەش مانگ دەستگیر دەکەین"، پاش قسەکردنی زۆر، ئیتر ئێمەیـان بەڕێکرد بۆ (کەرکوک)، لەوێوە بۆ ئەمنی (بەغـدا)و لەوێش دابەشـــیانکردین بەســـەر زیندانەکانی ترداو ئێمە لە (عەممارە) گیرساینەوە، لەبەرئەوەی لە زیندانەکانی تر جێ نەبوو.

عیرفان خەوێکی خۆش بۆ دایک و باوکی دەگێڕێتەوە؟

پاش نزیکەی چوار مانگ مانەوە لە زینـدان، وەک هەموو دەسـتگیرکراوەکانی تر، خانەوادەی عیرفانیش چاویان بە کوڕەکەیان دەکەوێت، لەوێ کوڕە نازدارەکەیان دەبینن، باس لە ئازارەکانی زیندان دەکەن، هەر لە دوورەوە عیرفان باوەش بە دایک و باوک و خوشـک و براکانیدا دەکات، دەستی دایک و باوکی ماچ دەکات، خوشکە بچکۆلەکەیان دەخاتە باوەشـی، لەوێ و لەو دیدارەدا عیرفان خەوێکی خۆش بۆ دایک و باوکی دەگێڕێتەوە، دەڵێ: "دایەگیان لەم شـەوانەدا خەوێکی خۆشـم بینی، ئیمامی عەلیم بینی لە خەومدا، شمشێرەکەی بەرز کردەوەو گوتی نەترسـن، بێخەم بن!"، کاتێک ئەم قسـانەی کرد حاجی باوکی گوتی: "بەخوا ئیتر تەواو، باوەڕناکەم عیرفان ببینینەوە"، هەر لەوێ عیرفان بە دایک و باوکی دەڵێت: "باوکە گیان دایکەگیان، بەخوا من هیچ بێتاقەت نیم، تەنها بێتاقەتی ئەوەم کە ئێوە گیراون، ان شـاءالله ئازاد دەبن بە زوویی، ئێمەش خوا کەریمە".

ئەو دیدارە یەکەم دیدارو دوا دیداری خانەوادەی عیرفان بوو، ئیتر پاش یەک دوو ڕۆژ هەموویانیان بەرەو ناوەڕاسـت و باشـوری عێراق ڕاپێچ کرد، بۆ ئەوەی ئەو پاشماوەی سزایەی کە ماویانە لە زیندانەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق تەواوی بکەن.

دایە شـەفیقە، دایکی عیرفان بەردەوامە لە گێڕانەوەکانی: "ئەو ڕۆژەی سـواری پاسـەکانیان کردین کاکە نوری برام هات بۆ لامان، زۆرمان پێ سـەیر بوو، دواتر زانیمان کە واسـیتەیەکی زۆر گەورەی کردبوو بۆ ئەوەی ئەو سـەعاتەو لەو کاتەدا بمبینێت و هەواڵمان بزانێت، نوری برام دەسـتیکرد بە گریان، گوتی: "خەفەت مەخۆن، ان شـاءالله چاومان لێتان دەبێت، دێین بۆ سـۆراغ و بینینتان"، منیش گوتم: "براگیان بەخوا من بۆ خۆم ناگریم، بۆ عیرفان دەگریم، بەخوا ئیتر نایبینمەوە"، پێشتر خێزانێکی دەسـتگیرکراو کە پاش بەسـەربردنی سـزاکەیان لە ناوەڕاسـتی عێراق

گەڕابوونەوە گوتیان تا ئەو کاتەی نەتاننێرن بۆ باشـــورو ناوەڕاســـتی عێراق بێخەم بن، کوڕەکانتان ماون، بەڵام ئەگەر ئێوەیان نارد، ئیتر ئەوە بزانن کوڕەکانتـان کوژراون، ئەمەم زانیبوو، کاتێک ئێمەیـان نـارد ئیتر خەمی دونیا ڕووی تێکردم، دەمزانی عیرفان گیان شـــتێکی لێ بەســـەر دێت.

"وا دیارە خوای گەورە شەهیدیمان بە نسیب دەکات"

عەبـاس هەر وەکچۆن لە دەرەوەی زینـدان بە هیممەتی بەرزی خەریکی وانەگوتنەوە بوو بە براکانی و بە هاوڕێی براکانی و ژمارەیەک گەنجیتر، هەروەهـا یەکێـک لە گەنجە زۆر چـالاکەکـانی ڕێکخراوەکەی کەیوان بووەو هـاوڕێی زۆر نزیکی کەیوان بووە، لە هەمانکاتدا هـاوڕێی قوتابخانەشـی بووە لە ئامادەیی پیشـەسـازی کوڕان، بە هەمانشـێوە لە کاتی دیداری ئەزیزانیشـــدا عەباس بە هیممەت بەرزییەوە قســـە لەگەڵ دایک و باوکی دەکات.

لەو دیدارەدا عەباس لە باوکی دەپرســـێت: "باوکە گیان دوای من لەگەڵ نوێژو پـابەنـدییەکـان چۆنن؟ ئـایـا هەموو بەردەوامن لە نوێژو پـابەنـدییە ئـاینیەکـان؟"، بـاوکیشـــی گوتویەتی: "ئەرێوەڵا کوڕم هەموو پابەندن"، ئەویش گوتویەتی: "لە خوا بەزیاد بێت منیش ئەوەم دەوێت".

پاشــان دڵی دایک و باوکی داوەتەوە کە ئەوان بە زوویی ئازاد دەبن، بەڵام ئەوان وا دیارە خوای گەورە ئەم قەدەرەی بە نســـیب کردوون، ڕوویکردووەتە باوکی و گوتوویەتی: "باوکە گیان ڕق لەکەس هەڵمەگرن و تکا دەکەم دەســـتگیرکرانی من بە خەتای کەس مەزانن، ســـەرەتای دەستگیرکرانی ئێمە بە هۆی کەسێکەوە بووە کە بەهۆی تەماع و پارەوە ناوی کەیوان و چەند هاوڕێیەکی داوەو پیاوی ئەمن بووە، پاشان ئێمەش هەمـوومـــان یەک بە یەک گیـراویـن، ئەوەش بەهـۆی ئەشـــکەنجەی بێســـنورەوە لەســـەر کەیوان و هاوڕێکانی، ئێمە وا دیارە خوای گەورە

شـــەهیدیمان بە نسـیب دەکات، پێناچێت ئێمە لە دادگا ڕزگارمان ببێت و ئەگەری هەیە شـــەهید ببین، ئەوەش بەرزترین پلەیە ئەگەر خوای گەورە لێمان وەربگرێت". ئەمە ڕێک ئەو قســـــەیە بوو کە دەیانجار عەباس لە ژیانی ڕۆژانەیدا لەسەر زمانی بوو و زۆر بە تامەزرۆییەوە ڕوویدەکردە دایک و باوک و براکانی و دەیگوت: "خۆزگە ئێمە لەســـــەر ئەم ڕێگەو ڕێبازو تێکۆشان و قورئانە شەهید دەبووین!".

"پاش چوار مانگ زەنگی تەلەفوونێک هەواڵێکی خۆشی پێداین"

پاش چوار مانگ لە دەســـــتگیرکرانی داراو عەلی و کوڕەکانی ترو تەواوی خانەوادەی مام عوســـــمان، ڕۆژێک ماڵی خاڵی داراو عەلی تەلەفوونێکیان پێدەگات لە شـــــاری (کوت)ی باشـــووری عێراقەوە، لە تەلەفوونەکەدا ئەفسەرێک قسە دەکات و دەڵێت: " بە ماڵی باوکی (عومەر عوســـمان) کە برای عەلی و دارا بووە بڵێن کە براکانی لە شـاری (کوت) زینـدانین و دەتوانن ســـــەردانیـان بکەن و بیـانبینن". لەو دۆخە زۆر ناخۆشـــــەدا کە خێزانێک بە تەواوەتی ڕووبەڕووی دۆخێکی ســــەخت بوونەتەوە، ئەو تەلەفوونە وەک موژدەیەک وابوو بۆیان، کە لانیکەم وەک هەواڵی داراو عەلی نازانن، ئەوە هەواڵی باوک و نەنک و براکانی عەلی و دارا دەزانن و ســەرەنجامێکیان دەســت کەوتووە، بۆیە بۆ هەفتەی دواتر ژمارەیەک لە مام و خانەوادەو خزمەکانی داراو عەلی پێکەوە ســـەردانی مام عوســــمان و نەنکی داراو عەلی و براکانیان دەکەن لە زیندانێک لە شـــــاری (کوت)، لەو ســــەردانەدا ئاهێک بە بەر ئەو خێزان و خزمانەدا هاتەوە، ئەگەرچی جۆگەی فرمێســــکەکان لەو ســــاتانەدا وەک پلوری گوێسەبانی بارانێکی بەخوڕی زستان دێنە خوارەوە.

(٦٨)

ڕووخاندنی خانوو و تێکدانی ماڵ!

لەگەڵ دەسـتگیرکرانی گەنجەکـان و کەس و کـارەکـانیـان، ئیتر خانوەکانیان چۆڵدەکران و وەک شتێکی نامۆ لە دوورەوە خەڵک سەیری دەکردن و کەس نەیدەوێرا نزیکیان بکەوێتەوە، ئەمنەکانیش پاش چوار تا پێنج مانگ بە شۆفڵەوە دەگەڕانەوە سەر خانووەکان و هەندێک لە خانوو و ماڵی هاوڕێکانیان دەڕووخاندن، مەگەر بە هۆکاری جیاجیا خانوویەک ڕزگاری بووبێت! لەگەڵ ڕووخاندنیشدا لافیتەیەک هەڵدەواسرا بە خانووە ڕووخاوەکەدا کە تیایدا هۆکاری ڕووخاندنی خانووەکەیان دەنووسـی، ئەمەش هاوشـێوەی ئەو پرۆسـانە بوو کە لە ئەنفال بە ڕێوە دەچوون، گرتن و کوشـتن و زیندانیکردن و تێکدانی خانوو ماڵیان لە گوندەکان، ئەمە ڕێک ئەوەبوو بەڵام لەناو جەرگەی قەرەباڵغترین شاری کوردستاندا.

ئەو خانووەی جەمالی برای د.لوقمان بە کرێکاریی و هەزار دەردی سـەری کردبوویەوەو یەکێک لە ژوورەکانی دانابوو بۆ لوقمانی برای تا لەگەڵ هاوسەری داهاتوویدا تێیدا بژین، بەڵام نە (هاوسەرگیریی کراو نە ئەو ژوورەش بوویە نوماڵ، پاش چوار مانگ لە دەستگیرکرانی لوقمان و دایک و باوکی، ئەمنەکان بەخۆیان و شۆفڵەکانیانەوە هاتن بۆ ئەوەی ئەو خـانووە هەژارانەیە بڕوخێنن، هـاتن و خـانووەکەی مـاڵی لوقمـانیـان ڕووخاند، ڕووخاندیان بەسـەر سـەیدەلیە بچکۆلەکەی (د.لوقمان)دا، بەسەر قاپ و قاچاخی مەتبەخە بچکۆلەکەی پوورە خاتووندا کە ئەوە بۆ جاری چەندەمین بوو پێکییەوە بنێ، وەلێ ئەمجارەش ڕۆیشـت، هەموو شتێک ڕۆیشت.

ئەمنەکان بەردەوامن لە ڕووخاندنی ماڵی هاوڕێکانی کەیوان، ڕۆژێک مووختاری گەڕەکی ڕزگاری، هەواڵیدا بە حارسـی برای عەلی و دارا کە

شوکر بۆ خوا تا ئێستا خانووەکەی ئێوەیان نەدۆزیوەتەوە تا بیڕووخێنن، حارس پێی دەڵێت: "ئەی قابیلە لێیان تێکبچێت و بۆیان نەدۆزرێتەوە؟"، موختاریش دەڵێت: "وەڵا کاکە دەزانم ماڵە نوێیەکەتان لە کوێیە، بەڵام خۆم لێ گێل کردووەو گوتوومە لە سنوری ڕزگاری نەماون و نازانم ماڵیان لە کوێیە"، ڕاستیەکەشی وابوو کە پاش کۆچی دوایی خاتوو (بەدیعە عەزیز)ی دایکی داراو عەلی لە ساڵی (١٩٨٧)، ئیتر مام عوسمانی باوکیان دڵی لای خانووەکە نامێنێت و خانووەکەی لە گەڕەکی (ڕزگاری) دەفرۆشێت و ماڵی دەباتە (بەختیاری)، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ڕزگاربوونی خانووەکەیان و ئاخیری هەر ڕووخاندیان!

خانووە نوێیەکەی ماڵی داراو عەلی دەکەوتە ئەو کۆڵانەی خوار (شاری جوان)ی ئێستەی سلێمانی، کە لە سنوری گەڕەکی بەختیارییە، لە کۆڵانی یەکەم، دووەم خانوو، ئەم خانووەش لە دەستی بەعس دەرناچێت، هەم دەیدۆزنەوەو هەم دەیڕووخێنن، چونکە شتێک نەبوو ناوی یاساو سیستم و ماف بێت لای بەعس، میزاجی دڕندەیەکی وەک عەلی کیمیایی، یاساو دەستور بوو، سیستم بوو، ئەوە هیچ نەبوو کە لە یاساکاندا بۆ تۆمەتبار دیاریکرابوو، بەڵکو ڕێنمایی و نووسراوەکانی بەرپرسانی باڵای بەعس بەتایبەت عەلی کیمیایی دەستوورو یاسا بوون، بۆیە بەربەرییەتی لەمجۆرەی لێدەکەوتەوە، کوڕەکانی بگرە، دایک و باوک و براو نەنک و خوشکەکانیشی بگرەو بیاننێرە بۆ خواروو و ناوەڕاستی عێراق، پاشان خانووەکەشی بڕووخێنە، ئەمە تەنها لە ڕژێمە فاشییە دڕندەکان دەوەشێتەوە.

حارس عوسمان، برا گەورەی عەلی و دارا، جاروبار بەلای ماڵەکەی خۆیاندا تێدەپەڕی، بە دزییەوە سەیرێکی دەکرد، لەگەڵ سەیرکردن بۆ لای چەپ و ڕاستی بۆ ئەوەی بزانێت هیچ پیاوێکی ئەمن چاودێری ناکات، بە هەستەوە سەلامی لە دراوسێکان دەکرد، دڵنیا دەبوویەوە هێشتا ماڵ و خانووەکەیان سەلامەتە، بەڵام ئەمە هەر بەو جۆرە

نەمایەوە، ڕۆژێک هات بینی خانووەکەیان ڕووخێنراوە، دراوسێکانیش چیرۆکی ڕووخاندنەکەیان بەمجۆرە بۆ گێڕایەوە: "کاکە حارس گیان، بەخوا ڕۆژێک مەفرەزەیەکی ئەمن، لەگەڵ ژمارەیەک نۆکەرو کۆیلەی کورد، بە شۆفڵێکەوە هاتن خانووەکەیان ڕووخاندن، ئەفسەرێک و ژمارەیەک ئەمن و ژمارەیەک لە نۆکەرەکانیان، کە یەکێکیان (عەلە لوت ماسی) بوو". (ئەم ناوە بەوجۆرە ناسرابوو، کورد بوو، پیاوی بەعس بوو).

یەک لە دراوسێکانیان، کاک حاجی عەلی ڕەباتی بوو، بۆی گێڕایەوە: "خۆ ئەو ڕۆژە ڕۆژێک نەبوو کەس بتوانێت قسەیەکی حەق بکات، بڵێ ئەمە بۆ دەکەن و خانووی ئەم فەقیرانە بۆ دەڕووخێنن، ئەسڵەن ئەگەر جورئەتیش هەبووایە، قسەیەکی لەو جۆرە گوتنی زیادەبوو، چونکە ئەوانەی هاتبوون خانووەکە بڕووخێنن بێجگە لە چەند جەستەیەکی بێهۆشی جێبەجێکاری بڕیارەکان هیچ دەسەڵاتێکی تریان نەبوو، بەڵام کێشەی خانووەکە ئەوەبوو کە لەلای ڕاست و چەپەوە خانووی خەڵکی تر بوو، بۆیە نەدەتوانرا بە تەواوەتی تەخت بکرێت، لە پێشیشەوە لەبەر ئەوەی خانووەکانی بەرانبەریان نزیک بوون، دەرفەتی ئەوە نەبوو شۆفڵەکە بەباشی ئیشی تێدا بکات، بۆیە خانووەکەیان بە ئاسانی بۆ نەدەڕووخێنرا، ئەفسەرەکە کە وا دیاربوو زۆر دڵتەنگە بە کارەکەو بەجۆرێک لە بێتاقەتییەوە لێی پرسیم حاجی ئەم خاوەن ماڵە کاری چی بوو؟ پێم گوت: بەخوا کابرایەکی کاسب بوو، لە بازاڕ ئیشی کڕین و فرۆشتنی وشکە بوو، کاسبی ماڵی خۆی بوو، ئەفسەرەکەش گوتی بەخوا دیارە بە پارەی حەڵاڵ ئەم خانووە کڕدراوە، بۆیە ناڕووخێت بە ئاسانی!".

بۆ ڕووخاندنی خانووەکە هاتن گوتیان بە کاک سیروان ئیسماعیل حەقی، کە ماڵەکەی بەرانبەر ماڵی مام عوسمان بوو، با بێینە ناو دیواری خانووەکەی تۆ تا بتوانین ئەو دوو پایە دەربهێنین و بەلەکۆنەکە بهێنینە خوارەوە، ئەویش گوتی کاکە وەڵا ئەگەر پرس بە من دەکەن ئەوە من

ڕازی نیم دیوارم بڕووخێت، ئەگەر پرســـیش ناکەن ئەوە چار نییە، لەم کاتانەدا عەلە لووت ماسی بە ئەفسـەرەکەی دەگوت :"قوربان با بە دەمی شۆفڵەکە لە ژووری میوانەکەوە بچینە ژوورەوە، ئاوا باشتر دەڕووخێت"، ئەفســەرەکەش بە کەم ســەیرکردنەوە ســەیری کردو هیچی نەگوت، بەو سەیرکردنە دیاربوو کە ئەو نۆکەرانەی بەعس چەند ڕێزیان هەبوو لایان، ئەمە گەورەترین ســووکایەتی بوو، بەمجۆرە لە ڕووخاندنی خانووەکەی مام عوســمانی باوکی داراو عەلی بوونەوە، پاشــان دوو لافیتەیان پێدا هەڵواســی، یەکێکیان بە کوردی و ئەویتریان بە عەرەبی، بە کوردییەکی تێکشــکاو نووســیبویان: "ڕووخێنراوە لەبەر ئەم دوو تاوانبارانە (داراو عەلی عوســمــان ئەحمەد) کە لایەن گیرن لەگەڵ ئێرانی بەکرێگیراو وەهەڵســاون بە کوشــتنی ژنان ومنداڵان لە ســلێمانی"، بە عەرەبیش نووســرابوو: "هدم دار المجرمان (دارا و علي عثمان احمد) لارتباطهم بالنظام الايراني العميل وتنفيذهما عمليات تخريبية واغتيالات وقتلهما النساء والاطفال في السليمانية"[1].

دوای ڕووخاندنی خانووەکە، حارس عوســمان، برا گەورەی داراو عەلی، ئەگەرچی خێزانداربوو و ماڵی ســەربەخۆ بوو، بەڵام هیچ ژیانی نەبوو، بەردەوام لە ژێر چاودێریدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ناوبەناو سەری دەدایەوە لە ماڵە ڕووخاوەکەیان، جارێکیان لە ســەردانیدا دادە ڕابیعەی دراوســێیان گوتی: "بەخوا حارس گیان ئەگەرچی هیچ دەســەڵات نییە، بەڵام وابزانم گۆشــت و خواردن لەناو ســەلاجەکەدایە بۆگەنی زۆری دێت"، حارسیش دەڵێت: "باشە ئێستە هەوڵدەدەم چارەسەری بکەم"، بۆ ئەوەی ئەو بۆنە نەمێنێت، حاجی حارس چووە ناو خانووەکەیان، لەو کاتەدا پوورە ڕابیعە گوتی: "حارس گیان مەچۆرە ژوورەوە، بەخوا

---

١ - بۆ بینینی لافیتەکەو وێنەی ڕووخاندنی بەشــێک لە خانووەکان، ســەیری بەڵگەنامەی ژمارە (٤٠) بکە.

ژمارەی تەلەفوونیان بە ئێمە داوە کە ئەگەر هەرکەس هاتوچۆی ئەم خانووەی کرد تەلەفوون بکەین بۆ ئەمن و ئاگاداریان بکەینەوە!"، حارسیش دەڵێت: "بەخوا هەرچی بێت ئێستە ئەو بۆنە پیسەتان لەکوڵ دەکەمەوە"، حارس دەچێتە ژوورەوەو خواردنەکان دەهێنێتە دەرەوەو لە بەرمیلێک دەیانسووتێنێت! ئەو خواردنەی کە مام عوسمان کڕیبووی لەگەڵ منداڵەکانی بیخوات، ئەوان لەم کاتانەدا لە زیندانەکانی کوت چاوەڕێی پارووپەک نان دەکەن و ماڵەکەشیان حیجزی لەسەرە و کەس ناوێرێت سەردانیان بکات!

لە هەڵمەتی ڕووخاندنی خانووی کەیوان و هاوڕێکانیدا، خانووەکەی ماڵی کەیوان بەر ئەو شاڵاوە نەکەوت، ئەوەش لەبەرئەوەی خانووەکەیان وەک خانووی شەهیدانە وەرگرتبوو، بەهۆی شەهیدبوونی باوکی کەیوانەوە لە شەڕی ئێران و عێراقدا، هەروەها ئەو کەسانەش کە خانووەکە هی خۆیان نەبوو و کرێچیبوون وەک خانووی ماڵی (موسا)و (موحەممەدو ئەحمەد عەبدوڵڵا) نەڕووخێنرا.

لەبارەی ڕووخاندنی خانووەکەیانەوە، پاش دەستگیرکردنی عەباس و دایک و باوکی، ئەمنی سلێمانی بە شۆفلێکەوە گەڕانەوە بۆ ڕووخاندنی خانووەکەی ماڵی عەباس لە گوندی کانی کوردە کە ئێستە گەڕەکێکی شاری سلێمانیە، لەبارەی چیرۆکی ڕووخاندنی خانووەکەیان، کاک ئیسماعیل، برای عەباس بۆمان دەگێڕێتەوە: "ئەو کاتەی خانووەکەیان ڕووخاندین، باوک و دایکم گیرابوون لە زیندان بوون لە شاری عەممارە، ئێمە هەفتانە یان دوو هەفتە جارێک دەچووین بۆ سەردانیان لە زیندان، ئەو هەفتەیەی خانووەکەیان ڕووخاندین سەردانی باوکمان کردەوە لە زیندانی شاری عەممارە، لەوێ باوکم گوتی: زۆراب ئەوە خانووەکەیان ڕووخاندووین؟ گوتم نەخێر، گوتی بەخوای گەورە ڕووخاندوویانە، گوتم باوە گیان چۆن دەزانیت؟ لەو کاتانەدا یەکێک لەو کەسانەی لە زیندان هاوڕێی بوو، گوتی: کاک ئیسماعیل دوێنێ باوکت خەوتبوو، کت و پڕ لە

خەو ڕاپەڕی و گوتی بەخوای گەورە ئەوە شۆفڵ لەسەر خانووەکەمانەو دەیڕوخێنن، گوتمان کاک مەحمود گیان کورە ڕووخاندنی چی و شـــتی چی، کێ حەقی خـانووی تۆی هەیە، ئەم خەوە خراپە چیە دەیبینی"، پاشـــان باوکم ڕوویتێکردم و گوتی: "کوڕم تۆ زۆر بۆ من باش بوویت، منت فەرامۆش نەکردووە و بەردەوام هەفتانە ســـەردانت کردووم، بەس چاوەڕێم نەکردووە درۆم لەگەڵ بکەیت، خانووەکەمان ڕووخاوە بۆچی قســـە ناکەیت؟"، گوتم: "باوکە گیان بەخوا لەبەر دڵی تۆ وام گوت، بەخوا خەوەکەت ڕاستەو لەو کاتەی تۆ ئەو خەوەت بینیوە ڕێک لەو سـەعاتەدا شـــۆفڵ بەســـەر خانووەکەمانەوە بوو، دەیڕووخاند! بەڵێ باوکەگیان خانووەکەمان ڕووخاوە، بۆخۆت خۆش بیت خانوو هیچ نیە".

(٦٩)

ناوی دە کەس خوێنرایەوە

ئەیوب، بەمجۆرە ڕۆژی ئازادبوونی خۆی و (دە) هاوڕێکە دەگێڕێتەوە: پاش زیاتر لە چوار مانگ، ڕۆژێک دەرگا کرایەوە، هەر دەرگایەک سێ قوفڵی پێوەبوو، تا دەکرایەوە هەموو زیندانەکان چاوەڕوانو گوێ قوڵاخ بووین، داخۆ چی بێتو کێیان بوێتو کێ دەبەنو کێ دەهێننو چی ڕوودەدات؟ ئەمجارەیان دوو لە ئەمنەکان هاتنە ژوورەوە، یەکێکیان لیستێک ناوی پێبوو، دەستی کرد بە ناو خوێندنەوە، لە (ئاسۆ)وە دەستیپێکرد تا گەیشتە ناوی من، ئەمە تەنها پێش نزیکەی (دە) ڕۆژێک بەر لە ئازادبوون، گوتیان: "وەرن لەگەڵمان"، لەگەڵیان ڕۆیشتین، بردیانین بۆ هۆڵی ژمارە (دوانزە)، ئێمەیان لەوێ بەجێهێشت، زۆر ساردبوو، قاعەکەش خراپییەکی هەبوو ئەویش ئەوەبوو لە ناویدا ئاو هەبوو، بەڵام لێرە خواردنمان باشتر بوو، ئێمە نەماندەزانی بۆچی جیاکراوینەتەوەو هێنراوین بۆ ئەم هۆڵە، بەڵام ئومێدی ئازادبوونمان زۆر بوو، بەتایبەت هەندێکمان لەوانە بووین کە تەمەنمان زۆر کەمبوو، یەک لەو پاسەوانانەی کە لەوانی تر زۆر جیاوازبوو زۆرجار بە زەیی پێماندا دەهاتەوە بەناوی (ئەبو نەسر)[1]، هات بۆلامانو گوتی: "ئێوە ئازاد دەبن"، ئێمەش ئەمەمان زۆر پێ خۆشبوو، ئەگەرچی حەزماندەکرد هەموومان ئازاد ببین، نەوەک تەنها ئێمە، لەو هۆڵەدا بێجگە لە ئێمە خەڵکی تریشی لێبوو، ئەوانیشیان یەک یەک دەبرد، پێشتر کاک (موسا)

---

[1] - زۆرێک لەو کەسانەی لەو سالانەدا لە ئەمنی دەستگیرکراون و ئازادبوون، بە باشە باس لە ڕەفتارو هەڵس و کەوتی ئەم کابرایە (ئەبو نەسر) دەکەن جیاواز لە تاوانبارەکانی تر، ئەمیش وەک زۆرینەی زۆری ئەمنەکانیتر، لە ڕۆژی ئازادکردنی بینای ئەمنەکە لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١) کوژرا، شیروانی برای کەیوان دەڵێت: "خۆم تەرمەکەیم بینیوە لەناو کوژراوەکاندا".

پێی گوتبووم ئەگەر بەربویت بچۆرە ماڵەوەمانو هەواڵمان بدەرە ماڵەوە، ناونیشانی ماڵی خۆیانی پێدابووم، بەڵام دوای ئازادبوونم، گەڕام بەدوای ماڵەکەیاندا، بەداخەوە نەمدۆزییەوە.

بەیانییەکی زوو کە زۆر ساردبوو، بردنیانین بۆ حەوشەکە، لەوێ هەندێک ئاویان بە تەنەکە گەرم کردبوو، گوتیان: "سەرتان بشۆن"، پاشان داوای ژمارەی ماڵەوەیان کردین، ئەوەی ژمارەی هەبوو تەلەفۆنیان کرد بۆ ماڵەوەیان کە بەیانی بێن بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمن، ئەوەشی تەلەفۆنی نەبوو شەو دەیانبرد تا ماڵیان بدۆزێتەوەو ئاگاداریان بکات، من یەکێک لەوانە بووم، شەو بردیانم بۆ ماڵەوە، هەرچەند تەقەیان لە دەرگادا نەیانکردەوە، دوایی زانیم کە لەوێبوونو نەیانوێراوە بیکەنەوەو خۆیان لە حەمامەکە حەشارداوە، تا خاوەن ماڵەکە لە خوارەوە هاتو گوتی: "نەخێر ئەو ماڵە لەماڵ نینو نازانین بۆ کوێ ڕۆیشتوون"، دوایی پرسیاری خزمیان لێکردم، گوتم: "ماڵی پورێیەکم لێرەوە نزیکە"، بردیانم بۆ ئەوێ، کە چووین ژنێک لە سەربان پیاسەی دەکرد، ئەمنەکان گوتیان: "ئەوە چییە حەرەسیان هەیە!"، لە دەرگایانداو دەرگایان کردەوەو پورێم هاتە دەرەوە، گوتیان سبەی سەعات نۆ وەرن بۆ ئەمنی پارێزگا، پاشان ڕۆیشتینو منیان بردەوە زیندان.

بۆ بەیانییەکەی ئۆتۆمبیلێکی کەپسیان هێناو هەر (دە) کەسەکەیان تێکردین، لە ئەمنی بەلدەوە بەرەو شوێنێک کەوتە ڕێ، تا گەیشتنە ئەمنە سوورەکەو لە تەنیشت هۆڵێکەوە ڕایانگرتین، دیاربوو بەڕێوەبەری ئەمن قسەی بۆ کەسو کارمان کردبوو، من پورێکمو مامەیەکم هاتن، کاک جەلال کەسیان نەهاتبوون، دیاربوو پێش چوونە ژوورەوەی ئێمە بۆ هۆڵەکە باسی ئەوەیانکردبوو بۆ کەسو کارمان کە کوڕەکانتان تاوانیان کردووە، بەڵام بە فەرمانی وەکخۆیان دەیانگوت "سەرۆکی فەرماندە" ئازادکراونو دەبێت ئاگاتان لێیان بێت جارێکیتر تووشی تاوان نەبنەوە، یەک یەک ناویاندەخوێندینەوەو دەچووینە ناو خەڵکەکە، یەکەم ناو ناوی

(ئاسۆ مەحمود)یان خوێندەوە، من کۆتا ناو بووم، وەک ڕۆژیی پەسلان وابوو، هەرکەسەو باوەشی بە منداڵو کوڕی خۆیدا دەکرد، بەڵام کاک جەلال کەسیان نەهاتبوو، خەریک بوو بیگێڕنەوە بۆ زیندان، خەڵکەکە گوتیان: "ئێمە دەیدەینەوە دەست کەسو کاریو ئەویشیان هێنایەوە".

پاشئەوەی ڕادەستی کەس و کاریا کردینەوە، گوتیان: "هەفتەیەکی تر وەرنەوە بۆ کەلو پەلەکانتان"، ئێمەش دوای هەفتەیەک چووینەوە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو شتانەی لێیان وەرگرتبووین، هەروەها هێنانی بەڵگەیەک بۆ ئەوەی لە قوتابخانە دەرمان نەکەنو بەردەوام بین لە خوێندن.

"لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەدا خۆمان بینیەوە"

ئەیوب بەردەوامە لە گێڕانەوەکانی ئەو ڕۆژانە: ئەو چوارەی ناویان خوێندینەوە، هەر لەوێ چاویان بەستینەوەو بردیانین، هەستمان کرد دەمانبەنە دەرەوەی بینای ئەمن، دەرگا لەسەر دەرگا کرایەوە، بەوەدا زانیمان لە فەرمانگەی ئەمن براینە دەرەوە، هەستمانکرد شەقامەکە فراوان بوو، هەر بەپێ تا گەیشتینە بینایەکی تر، بردینیانە شوێنێک وەک ماڵ وابوو، لەوێ بە کوردی بەخێرهاتنیان کردین، لەبەردەم مێزێکدا خۆمان بینییەوە، گەنجێکی کورد ناوی خوێندینەوە، کەسێکی سەرسپیش لە پشت مێزێکەوە دانیشتبوو، هەستمانکرد ئەو کەسە خەڵکی سلێمانی بێت، من لەسەر زەوی دانیشتم، ئەو کەسەی لەسەر مێزەکە دانیشتبوو گوتی: "هەستە لەسەر کورسییەکە دانیشە"، گوتم: "نا قەینا، لەسەر زەوییەکە دادەنیشم"، گوتی: "چییە ترسێنراوی؟"، گوتم: "نا، بەڵام پێیان گوتووین نابێت لەسەر کورسی دانیشی". (ئەمە دەستوری ئەمن بوو لە کاتی لێکۆڵینەوە کە ئێمەیان لەسەر زەوی دادەنا)، بەڵام ئەو کەسە سوور بوو لەسەر ئەوەی لەسەر کورسییەکە دانیشم، پاشان بە هێمنی گوتی: "دەتوانی ئەوەی لە لێکۆڵینەوا باستکردووە بۆ منی باس بکەیتەوە،

گوتم چیم باسکردووه، ئەوەی ئەوان باسیان دەکردو لێیان دەپرسیم من بێئاگابووم، بەڵام تەنها من هەندێکجار نوێژی جەماعەتم کردووەو چەند جارێک دەرسی قورئان و تەجویدم خوێندووە، هیچی تر، خۆ ئەوانە قەدەغە نین؟". ئەو کەسەی کەلەسەر مێزەکە دانیشتبوو گوتی: "نا نا، ئەوانە قەدەغە نین"، گوتی: "ئەی ئەمانەی لەم دۆسیەیەدا هاتوون، ئەمانە قسەی تۆ نین؟" گوتم: "نەخێر، هەموو ئەوانەم بە زۆر لێ وەرگیراوە"، هەموو گفتوگۆکانم بۆ گێڕایەوە، پێمگوتن کە ئەوان چۆن لە بری ئێمە قسەیان دەکردو دەیاننوسی، ئەویش لای خۆیەوە سەرێکی بادا، کەمێک بێدەنگ بوو، وەک ئەوەی بە هەموو ئەو دۆخە ناڕازی بێت، بەتایبەت ئێمەی منداڵکار کە بە ئەشکەنجە ئەو گوتانەیان لێ وەرگرتبووین، دیاربوو ناڕازی بوو لەو دۆخە، بەڵام خۆی پێ بێدەسەڵات بوو.

بەمجۆرە هەر چوارمان چووینە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە، قسەی خۆمان کرد، وەڵامی پرسیارەکانمان دایەوە، دیارە دوای ئێمەش چەند کەسێکی تر هێنرابوون بۆ بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە، ئەو شەوە دوانزە کەس براینە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە، نزیکەی ماوەی هەفتەیەک هەموو براینە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە.

ڕۆژێک هاتن ناوی (دە) کەسیان خوێندەوە، ئەمەش لە نزیکەی ناوەڕاستی مانگی چواردا بوو، تەنها دە ڕۆژ پێشئەوەی ئازاد بکرێین، کاتەکە پێش نیوەڕۆ بوو، ئێمەیان بردە حەوشەکەی ئەمن، لەوێ خۆرێکی خۆش بوو، ئەو خۆرە بۆ ئێمە زۆرتر خۆش بوو، چونکە نزیکەی چوار مانگ بوو نە خۆر نە ڕووناکی نە هەوای کراوەمان نەبینیبوو.

بردینیانە هۆڵی ژمارە (دوانزە)، کە ئێمەیان بردە ئەو هۆڵە شەش کەسی تری لێبوو، یەکێک ناوی عوسمان بوو، تەمەنی هەبوو، هەروەها کوڕو باوکێک، هەروەها موحەممەد ناوێکی خەڵکی ڕانیە، لەم ژوورە نزیکەی نۆ شەو ماینەوە، ئەم نۆ شەوە بۆ ئێمە زۆر سەخت بوو، چونکە نەماندەزانی چارەنووسمان چییە، شەڕی دەروونیان لەگەڵ دەکردین،

یەکێک دەهات دەیگوت: "مژدەتان لێبێت ئێوە بەردەبن"، پاشــان یەکێکیتر دەهات لەبەردەم پەنجەرەکەدا دەوەســـتاو ســـەرێکی با دەداو دەیگوت: "بەڕاستی حەیفە بۆ ئەم گەنجانە، ڕەمیدەکرێن".

لەوە دەچێ هەردوو زانیارییەکە ڕاســـت بووبێت، پاســـەوانەکان ئەم زانیارییانەیان دەســـــت دەکەوت، بەلام دڵنیا نەبووبن لەوەی ئەوانەی کە ڕەمی دەکرێن کامانەن و ئەوانەی کە ئازاد دەکرێن کامانەن، بۆیە هەر لە خۆیـانەوە لەبەردەم بۆشـــاییە بچوکەکە موشـــەبەکەکەی دەرگـاکـان دەوەســـــتان و ئەم قســــەو زانیارییانەیان دەگەیاند، بەلام بۆ گەنجێکی سـێنزە سـاڵ، یان چواردەو پانزە سـاڵ، زۆر سـەخت بوو، زۆر سـەختە مێرمنداڵێک لەو تەمەنەدا ڕۆژێک پێی بڵێن ئازاد دەکرێیت و ڕۆژێک پێی بڵێن لە سێدارە دەردرێیت، ئەمە بۆ خۆی کوشتن بوو.

ئێمە هەر بەمجۆرە ماینەوە، چارەنووسی خۆمان نەدەزانی، ئەگەرچی ئومێـدی ئـازادبوونمـان هەبوو، بۆیە ئەوانەی لەگەڵمـان زینـدان بوون وەســـــیەتیان بۆ دەکرین کە ئەگەر ئازاد بووین بچین هەواڵ و زانیاریی مان و حاڵ و باڵیان بە خانەوادەیان بگەیەنین.

شەوێک ئەفسەرێک هات، یەک یەک ئەم دە کەسەی بانگ دەکردین بۆ ژوورێک، لەوێ ژمارە تەلەفوون و ناونیشـــــانیماڵیان لێ وەردەگرتین، ناونیشـــــانی تەواو، لە چ گەڕەکێکەو کام کۆلان و لە ماڵی کێ نزیکن و تەنانەت ئەیانگوت: "نەخشـــــەی ماڵەکەتانمان بۆ بکەن"، با دڵنیا ببینەوە، بەلام ئەوەی زۆر ناخۆشـــبوو پێیان نەدەگوتین بۆ ناونیشـــانمان لێ وەردەگرن، ئیشــــیان بە ماڵی ئێمە چیە، لەوەش خراپتر کە هاتینەوە بۆ ژوورەکەی خۆمـان خراپترمـان دەبیســـــت، کە گەڕاینەوە لەگەڵمـان (موحەممەد) نـاوێک هەبوو، کە گوتی بۆچی بـانگیان کردن پێمان گوت: "ژمارە تەلەفوون و ناونیشـــانیان لێ وەرگرتووین، کە وامان گوت زۆر بێتاقەت بوو، کەمێکیش مات بوو". گوتمان ئەوە چیە؟ بۆ قســەی ناکەیت و بۆ مات و بێتاقەت بوویت کاک موحەممەد"، گوتی: "ان شـــاالله وا

نابێت، بەڵام ئەوەی من بزانم ئەوانەی کە ئیعدام دەکرێن پێشـــتر ژمارە تەلەفوونی لێ وەردەگرن بۆ ئەوەی خزم و کەس و کـارەکەی بێن تەرمەکەی بەرنەوە". بەڕاســـتی لەو کاتانەدا ئێمە ئەژنۆمان شـــکا، زۆر ترسمان لێنیشت بۆ ئەم هەواڵە ناخۆشـە، ئەگەرچی ئەو نەیدەویست وا بڵێت و ئێمە بەزۆر قسەمان پێکرد.

ئەو شەوە نەمانزانی چۆن بەڕێکرا، خەو نەبوو، بەیانی زوو هەستاین بزانین بەڕاستی ئێمە لە سێدارە دەدرێین یان ئازاد دەبین؟ بەیانی هێندە چاوەڕێمان کرد نەمانزانی ســـەعات هەشـــت بۆ ئەوەندە درەنگ دێت، سـەعات نۆی بەیانی زرڕەی کلیل هات، پاسـەوانی کلیلەوان خۆی و کلیلە زۆرەکـانی هـات، دەســـتیکرد بە کردنەوەی دەرگـای ژوورەکەی ئێمە، دەســـتمان لەســـەر دڵمان بوو، پاش کردنەوەی دەرگا، ناوی هەر (دە) کەســـەمانی خوێندەوە، لەگەڵ خوێندنەوەی ناوەکانمان دەســـتمانکرد بە خواحـافیزی و گەردن ئـازادی لەو هـاوڕێیـانەی لە ژوورەکە لەگەڵمـان بوون، لەگەڵ پاسەوان ڕۆیشتین، بردیانینە حەوشەکەوە، گوتیان: "ئەوەی شـــتێک زیادە جلی پێیە با بیدات بەو کەســـەی کەمتری لەبەردایە"، هیوا هەبوو شـــتێکی لەبەردابوو وەک شـــۆرت، یان جلە دڕاوێک، بۆیە من کە قەمســـەڵەیەکی ســـەوزم لەبەردابوو دام بە یەکێـک لە هـاوڕێکـانم، شـــەرواڵەکەم دا بە یەکێکیتر، بیجـامەیەکی خەت خەتم لەبەردا مـا، کراسێکیش کە کەمێک دڕابوو، ئەمەشمان بەلاوە گرنگ نەبوو، چونکە تا ئەو لەحزەیەش یەکێـک لە ئەگەرەکـان ئەوەبوو دەمـانکوژن، جـا ئەگەر یەکێک بکوژرێت جلی بۆ چییە؟ بۆیە گرنگ نەبوو چیما لەبەردا دەمێنێ، ئاسـۆش قەمســـەڵەیەکی لەبەردابوو دای بە (وریا)، چونکە جلەکانی وریا دڕابوون و لاشـــەی بەدەرەوە بوو، ئەمنەکان گوتیان: "کێ دەم و چاو دەشوا؟ کێ سەر دەشوا؟ ئەوە بەلوعەیەک و ئەوەش سابوون، با سەری بشـوا"، پاشـان بردینیانە ژوورێکەوە، لەوێ پێیانگوتین: "ئێستە دەتانبەین بۆ جێگەیەک، لەوێ خێزانەکـانتـان دەبینن"، کە وایـان گوت ئێمە زۆرتر

ترســـــاین، چونکە بیســـــتبوومان ئەوانەی دەکوژرێن دەرفەتی ئەوەیان پێدەدەن دوا دیداریان هەبێت لەگەڵ خانەوادەکانیاندا، بۆیە زیاتر لە خوا نزیک بووینەوە، زیکرو ویردمـان زیـاتر دەخوێند، ئەوانەی قورئـانمـان لەبەربوو دەستمان کرد بە قورئان خوێندن.

پاش ئەوەی لەو ژوورە ئەوەیان پێ گوتین، چاویان بەستینەوە، یەک یەک ئێمەیان خســـــتە نـاو ئۆتۆمبێلێکەوە، ئۆتۆمبیلەکە زۆر ڕۆیشـــــت، هەســـــتمانکرد پێچاوپێچی زۆر دەکات، ئەمنی بەلدە نزیکی (حەســـــیب سالح)ە، کە ئێستە پێی دەڵێن سلێمانی پالاس، تا ئەمنە سوورەکە دوور نییە، بەڵام ڕێگەکە لە نزیکییەکەی زیاتری پێچوو، دیارە بۆ ئەوەبوو کە نەزانین لە کوێوە بۆ کوێ دەچین، پاشـــان گەیشـــتینە ئەمنە ســـوورەکە، ئێمەیان لە حەوشـەکە دابەزاند، بەرەو ژوورێک ڕاپێچیان کردین، چاویان کردینەوە، پاســـەوانێکیان لە دیار دانایین، کە ژوورەکەمان بینی ژوورێکی ڕێک و پێک بوو، گوتمان بەخوا دیارە بۆ کوشتن نیە، ئەگەرنا لەم ژوورە ئێمەیان دانەدەنا، ئیتر پێکەوە ئەم باسـانەمان بوو، بۆ هێنراوین بۆ ئێرەو چیمان لێدەکەن، پاسـەوان دەرگای کردەوە، گوتی: "ئەوە چییە ئەو دەنگە دەنگە، ئێوە تۆزێکی تر ئازاد دەکرێن و لێرە دەر دەچن"، کە ئەمەی گوت ئێمە باوەڕمان نەکرد، چونکە ئەوە چەندەمینجارە هەواڵ و زانیاریی دژ بە یەک دەبیستین.

پاش دە دەقیقەیەک ئەفسـەرێک هات، ئەفسـەرێکی ئینزیبات، پلەکەی نەقیب بوو، لەگەڵ چوار ئینزیباتی تر، لەگەڵ خۆیان ئێمەیان برد، ئێمە هیشـــتا هەر نەماندەزانی چارەنوســـمان چییە، لە هۆڵێک ڕیزیان کردین، جارێکیتر نـاویـان خوێندینەوە، یەکەم نـاو بە نـاوی (ئـاســـۆ مەحمود) دەســـتپێکرد، ئاگامان لێبوو لە هۆڵێکیتر قســـە دەکرا، دیاربوو پارێزگارو بەرێوەبەری ئەمن و هەندێک بەرپرســـی تر بوون قســـەیان بۆ کەس و کارمان دەکرد، پاش ماوەیەک دەرگاکەیان کردەوە، گوتیان: "یەک یەک بچنە ژوورەوە"، کە چووینە ژوورەوە ئیتر کەس و کـارمـان بینی،

هەریەکەمانیان بە منداڵی خۆیان دەزانی، باوەشیان پێداکردین و ماچیان دەکردین، ڕۆژێک بوو باس ناکرێت، وا ئەو ڕۆژە هات کە دایک و ڕۆڵە یەک ببیننەوە دوای دابڕانێکی زیاتر لە پێنج مانگ، ئەمە وەک زیندووبوونەوەی پاش مردن وابوو، دایکم دەستی گرتبووم، دەستی هەر بەرنەدەدام، توند دەستی گرتبووم، لەوێ بەڕێوەبەری ئەمن باسی ئەوەی کرد کە ئەوە "منداڵەکانتان لەلایەن وەکخۆیان دەیانگوت "سەید ڕەئیس"ەوە لێخۆشبوونی تایبەتیان بۆ دەرچووە، دەبێت جارێکیتر هەڵە نەکەنەوە، هەروەها ئاگاداربن تا ماوەی ساڵێک لە ژێر چاودێریدا دەبن، هەر هەڵەیەک بکەنەوە ئیتر چاویان بە ڕووناکی ناکەوێتەوە، هەرکەسە منداڵی خۆ بەرێتەوە بۆ ماڵەوەو ئازادن"، ئیتر ئەو کاتە من بڕوام کرد کە ئازاد بووم.

(لێکۆڵینەوەی دووەم)

دلێر دەگێڕێتەوە: پاش وێنەگرتنەکە، لێکۆڵینەوەو وەرگرتنی قسەو لێدوانی کەیوان و هاوڕێکانی بۆ دووەمجار دەستیپێکرد، لەو جارەدا هەموو ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی یەکەمدا گوتبومان و لەسەر کاغەزێک نووسیبوویان بۆیان دەخوێندینەوە و دەبوو واژۆی بکەین، زۆرینە واژۆمان دەکرد، چونکە واژۆ نەکردن واتە: "گەڕانەوە بۆ لێکۆڵینەوەو دووبارە ئەشکەنجە نەوەک ڕزگار بوون". هەر لەو لێکۆڵینەوەیە دیسان پرسیاریان لێدەکردین لەو سێ و چوار کەسە: "کێ دەناسی و کێ خزمەتەو زانیاریی تر".

پاش ئەم لێکۆڵینەوەیە یەک یەک دەیانبرینە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە، دادوەری لێکۆڵینەوە کورد بوو، لە بینایەکی نزیک لە ئەمن بوو، هەر بە پێ دەیانبردین، لەوێ دادوەرەکە بە تووڕەییەوە دەیگوت: "بۆچی قسەتان بە سەرۆک و شۆڕش گوتووە؟! بۆچی دژی حزب کارتان کردووە؟".

پێش ئەوەی بچینە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەش ئەمنەکان هەڕەشەیان لێدەکردین کە دەبێت ئەوەی لە لێکۆڵینەوە گوتوومانە لەوێش بیسەلمێنین و بیڵێین و ڕەتی نەکەینەوە، ئەگەرنا دەتانهێنینەوە بۆ لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە، ئێمەش هەر وامان دەکرد، لەوێش لەبەردەم دادوەردا واژۆی ئەوەمان دەکرد کە لەسەرمان نووسرابوو، لە ناویشماندا هەبوو کە واژۆی نەدەکردو دیسان دەبرایەوە بەردەم لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە.

شەوێک، ٢٠ی ٤ی ١٩٨٩، کە ڕەمەزان بوو، ناوی دە کەسیان خوێندینەوەو بانگیان کردینە دەرەوە، ئێمەیان هێنا بۆ ناو حەوشەی ئەمنەکە، پاشئەوەی کەمێک ڕایانگرتین، بردیانین بۆ ژوورێکیترو نەیانبردینەوە بۆ ژوورە گەورەکە کە زۆرینەی هاوڕێکانی تێدابوو.

لە ژوورە نوێیەکە خواردنمان باشتر بوو، هەروەها ئاویش باش بوو، سابونیان بۆ هێناین بۆ ئەوەی سەرمان بشۆین، دیارە بۆ ئەوە بوو کەمێک ڕەنگمان بۆ بگەڕێتەوە.

ڕۆژی ٢٨ی ٤ی ١٩٨٩، ئەم دە کەسەیان سواری ئۆتۆمبیلێکی داخراو کرد، بەرەو ئەمنە سوورەکە بردیانین، ئێمە نەماندەزانی چ باسەو بۆ کوێمان دەبەن، بەڵام چەند ڕۆژێک پێشتر ناونیشانی ماڵ و ژمارە تەلەفونیان لێ وەرگرتبووین، بۆیە هیوایەکمان بە ڕزگاربوون هەبوو.

تەلەفوونیان بۆ ماڵمان کردبوو، بەڵام لەبەرئەوەی خۆیان شاردبوویەوە کەس وەڵامی نەدابوونەوە، چونکە ماڵیان چۆڵ کردبوو، بۆیە هاتنەوە داوای ژمارە تەلەفونی خزمێکیان لێکردین، من ژمارەی ماڵی پورمم پێدان، بەڵام باوکم هاتبوو، گوتبووی ئەگەر گرتن بێت با من بگرن.

ئەو ڕۆژە بەرەو ئەمنە سوورەکەیان بردین، ئێمەیان لە هۆڵێک ڕاگرت، کەس و کاریشمان لە هۆڵێکی گەورە بوون، ڕائید خەڵەف بەڕێوەبەری ئەمن و پارێزگاری ئەو کاتی سلێمانی و ژمارەیەک لە

پیاوانی بەعس و ئەفسەرانی ئەمن لەوێ ئامادەبوون، لەوێ قسەیان بۆ کەس و کارمان دەکرد کە تاوانیان کردووەو بەشداری چالاکی سیاسیان کردووە دژی حزب و شۆڕش بەڵام ئەمجارە سەرۆک کۆمار لێبوردنی بۆ دەرکردوون بەبۆنەی ڕۆژی لە دایکبوونییەوە و دەبێت ئاگاتان لێیان بێت جارێکیتر تووشی تاوان و لادان نەبنەوە، ئەگەرنا سزا دەدرێن و ئەمجارە لێبوردن نایانگرێتەوە.

بەمجۆرە دلێر دەستی کردە ملی باوک و دایکی و بەخۆشیەوە بەرەو ماڵەوە گەڕانەوە، خۆشییەک بوو بۆ دایک و باوکی دلێرو ئەو نۆ کەسەکەی تر کە ئازاد بوون وەسف ناکرێت، چونکە هاتنە دەرەوە لە ئەمن و ڕزگاربوون لە چنگی سەددام و دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی وەک لە دایکبوونەوەیەکی ڕاستەقینە وابوو، بۆیە تا نزیکەی نیو سەعات دایکی دلێر هەر دەگریاو زوو زوو لە هۆشخۆی دەچوو و دەهاتەوە هۆشخۆی، دیمەنەکە بۆ دلێریش جێگەی باوەڕ نەبوو، بەڵام دواجار ئەمە ڕاستی بوو، ئەوو نۆ لە هاوڕێکانی ئەو ڕۆژە گەڕانەوە ناو خانەوادەکانیان.

"باوکم کڕنووشی سوپاسی برد"

ئەیوب باسی ئەو ڕۆژە دەکات و دەڵێت: ئیتر من و دایکم و براکەم و کاکم (کاک بەکر) کەوتینەڕێ بەرەو ماڵەوە، هێندە دڵخۆشبووین، هێندە بەحەسرەت بووین، هێندە ڕۆژێکی تایبەت بوو، کەسمان بیری ئەوەمان نەبوو تەکسیەک بگرین بەرەو ماڵەوە بڕۆینەوە، بۆیە بە پێ کەوتبووینە ئەو ڕێگەیە، قسەمان دەکرد، خۆشیمان دەردەبڕی، دڵمان خۆشبوو، لە بینای ئەمنە سوورەکە تا ماڵمان لە ڕزگاری زۆر دوورە، کەچی هیچ هەستمان بەو دوورییە نەکرد، هەر بەپێ ڕۆیشتینەوە بۆ ماڵەوە.

لەماڵەوە هەموو لێم کۆبوونەوە، وەک ڕۆژی جەژن وابوو، باوکیشم ئاگادار کرابوویەوە، من لە ماڵەوە بووم، باوکم هەر لە دوورەوە گوتی:

"ڕاســـتم پێ بڵێن خۆیەتی یان جەنازەکەیەتی؟"، پاش ئەوەی گەیشـــتە حەوشـــەکەو منی بینی و دڵنیابوو لەوەی من ئازاد بووم، ئیتر هەر لە شـوێنی خۆیا کڕنووشـێکی سـوپاسـی بۆ خوا برد، پاشـان هات باوەشـی کردم و تێر تێر ماچی کردم، یەکســەر منی برد بۆ لای دەلاک، دەلاکێکی برادەری هەبوو، دەلاکەکە ســەروســیمای من جێگەی پرســیاری بوو، باوکم گوتی: "ئەوە ئەو کوڕەمە کە گوتم گیراوە"، ئیتر زۆری پێخۆشبوو، پاشـان باوکم بردمی بۆ حەمام، پاش حەمامێکی پاک کە پیسـی ئەو ماوە زۆرەی لێکردمەوە، ئیتر بردمی بۆ لای خەیاتێک، قاتێکی جوانی بۆ کردم.

(٧٠)

ڕۆژی لەدایکبوونی (سەددام)!

ڕۆژی ٢٨ی ٤ی ١٩٨٩یە، تەلەفزیۆنی عێراقی ئەو ئاهەنگانە پەخش دەکات کە بە بۆنەی لە دایکبوونی سەددامەوە ڕێکدەخران، لەو ئاهەنگانە دەبوو هەموو کەس دڵخۆش بێت، ئاهەنگ بگێڕێت بەبۆنەی لە دایکبوونی "سەرۆکی فەرماندەو ڕابەری شۆڕش و تاکە سەرکردەی قارەمان و سەرخەری عەرەب و ئیسلام و شۆڕەسواری وڵاتی ڕافیدەین" وەک خۆیان دەیانگوت.

بەعسییەکان لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان دەکەوتنە کۆکردنەوەی خەڵک، قوتابخانەکان، فەرمانگەکان، شەقام و ڕێگەوبانەکان، گۆڕەپان و شوێنە گشتییەکان، دەبوو هیچ باسێکی تر لەخۆ نەگرن تەنها ئاهەنگ و شایی و کۆڕی پیاهەڵدان و شیعرو شانامە بەسەر ئەو دیکتاتۆرەدا، وەکخۆیان دەیانگوت: "سەرۆکی زۆر پێویستی عێراقییەکان".

کەس بە بژاردەی خۆی نەبوو، دەبوو هەموو بەشداربن، مەگەر کەسانێک بە پاساوی جۆراو جۆر خۆیان بدزنەوە، ئەگەرنا هەرکەس بە ئاشکرا دژایەتی ئەم بۆنەیە، یان هەر بۆنەیەکی تری پەیوەست بە سەددام و حزبی بەعسی بکردایە، ئەوە چارەنووسی زۆر ڕوون بوو، ئەویش زیندان و ئەشکەنجە تا ئاستی کوشتن بە تاوانی دژایەتی سەرۆک و شۆڕش!

لە بەغداو لە کۆشکەکانی کۆماری، کۆڕو ئاهەنگی تایبەت بە ئامادەبوونی سەددام خۆی ڕێکدەخرا، ئەو ڕۆژە، ڕۆژی (٢٨)ی (٤)ی سالی (١٩٨٩)، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر تایبەت و سنووردار لە ئەندامانی خێزانەکەی و کەسانی زۆر نزیکی خۆی لە حزبەکەی بەڕێوە دەچوو، لە هۆڵەکەدا وەک زۆرینەی ساڵەکان منداڵانی نزیک چوار بۆ

پێنج ســـاڵ بە جل و بەرگی ئاڵ و والاوە ئامادە دەکران و گۆرانیان بەسەر دیکتاتۆر و ڕۆژی لە دایکبوونەکەیدا دەگوت، لەو ڕۆژەدا سەددام وەک ســەرکردەیەکی "میهرەبان" دەردەکەوت، ئەو ســەرکردەیەی کە پڕ پڕە لە "میهرەبانی"، منداڵان ماچ دەکات و پێدەکەنێت، تەلەفزیۆن و میدیاکانیش کە هەموویان هی ڕژێم خۆی بوون و هیچ میدیایەک نەبوو لەدەرەوەی میـدیـای فەرمی ڕاســـتییەکـان بە خەڵکی بڵێـت و وێنە ناشیرینەکەیان پیشانی دونیا بدات، بۆیە ئەو میدیایانە گەلی عێراقیان بۆ ناوخۆو دەرەوە پیشـــان دەدا کە چەند دڵخۆشـــە بە لە دایکبوونی ئەم "ســـەرۆکە خۆشـــەویســـتە میهرەبانە"ی، ئیتر ئەمە عێراقی ئەو کاتەی ســـەددام بوو، هیچ باســـێکیش لە هەزاران منداڵ نەبوو کە بە فەرمانی ڕاســـتەوخۆی ســـەددام و بەســـەرپەرشـــتی ئامۆزاکەی کران بە ژێر خۆڵەوەو تاوانیان تەنها ئەوەبوو کە (کورد) بوون!

"بۆ خاتری خوا چیت کردووە؟"

ســاڵی (١٩٩٠)، چەند ڕۆژێک پێش لە دایکبوونی ســەددام، موختاری گەڕەک مــاڵەو مــاڵە دەگەڕاو لەهەر مــاڵێکی دەپرســـییەوە کە وێنەی دیکتاتۆری هەڵنەواسیوە!

لە کۆڵانەکەدا ماڵمان سێیەم ماڵ بوو، تەق تەق لە دەرگای ئێمەشـیدا، ئەو موختـارە ئێمەی دەنـاســـی، دایکم چوو بە دەم دەرگـاکەوەو بۆی کردەوە، فەرموو، دادە مەهتــاب بێ زەحمەت وێنەی ســـەرۆکتـان هەڵواســـیوە؟ دایکم وەڵامی دایەوە: "نەخێر"، موختاری گەڕەک: "بۆ؟"، دایکم پێیگوت: "وێنەی سەددامان نیە تا هەڵیواسین"، موختاری گەڕەک دادە مەهتاب ئەوە چەند جارە پێتان دەڵێم وێنەکە هەڵواسن، کاکە نەوەک خۆتان، منیش تووشـــی کێشـــە دەکەن، دایکم گوتی: "بۆ من لەوە زیاتر تووشـــی کێشـــە دەبم؟ چییان پێدەکرێت با بیکەن، تۆ عەیب ناکەیت ئاوا ماڵەو ماڵ دەگەڕێیت؟ چیت لە خەڵک دەوێت؟ بۆ وازیان لێناهێنی؟ دوو

کوڕتان بێســـەرو شـــوێن کردووم، ئیتر چیترتان دەوێت؟"، موختاری گەڕەک: "دادە مەهتـاب گیـان خۆم وێنەیەکـت بۆ دەهێنم، بەس تکـایە هەڵیواسە".

پاش ماوەیەکی کەم، موختاری گەڕەک هاتەوە، وێنەیەکی ســـەددامی بەدەســـتەوە بوو، دایە دەســـتی دایکم، گوتی: " ئەوە وێنەشـــم بۆ هێنای، ئیتر هەڵیواسن"، دایکم وێنەکەی لێ وەرگرت.

بۆ ڕۆژی دواتر، موختـاری گەڕەک هـاتەوە، مـاڵەو مـاڵ دەگەڕا تـا بزانێت کێ وێنەی هەڵنەواســـیوە، دایکم کە زانی ئەوە موختاری گەڕەک هاتووەتەوە بزانێت کێ وێنەی هەڵواسیوەو کێ وێنەی هەڵنەواسیوەو لە ماڵی دراوســـێکەمانە، بە پەلە پەل چوو ئەو وێنەیەی ســـەددامی هێناو هەڵیواســـی کە بەتـایبەت بۆی هێنـابوو، کـاتێک موختـاری گەڕەک لە دەرگای ئێمەیداو ســەیری حەوشــەکەی کرد، دیســان ڕووی کردە دایکم: "دادە مەهتـاب ئەوە چیـت کردووە؟"، دایکم گوتی: "بۆ؟ چی بووە؟"، گوتی: "بۆ خاتری خوا، وێنەکەت ســـەرەو خوار هەڵواســـیوە"، دایکم کە هێندە بە نابەدڵی وێنەکەی هەڵواسیبوو سەیری نەکردبوو بزانێت تەواوو ڕێکە یان نا، لە وێنەکەدا ســـەری ســـەددام لە خوارەوە بوو و قاچی بە ئاسـمانەوە، ئەو وێنەیەبوو کە ســەددام جامانەیەکی لەســەردایەو جلێکی شینی کوردی پۆشیوەو بە ڕوویەکی خۆشـەوە دەسـتی سـڵاوکردنی بۆ خەڵک بەرز کردووەتەوە!

سـەددام و سـەددامییەکان دەیانویسـت دونیایەکی پڕ لە درۆ دروسـت بکەن، دونیایەک تیایدا با ســـەددام کوڕەکەشـــت بکوژێت، تۆ هەر دەبێت خۆشـت بوێت، ئاخر ئەو سـەددامە، ئەو باشـتر دەزانێت چی بۆ تۆ باشـە، دیارە پێی باشـبووە منداڵەکانی تۆ بمرن، بۆیە نابێت بێتاقەت بیت، دەبێت بەوپەڕی دڵخۆشـیەوە لە ڕۆژی لە دایکبوونی سـەددامدا ئاهەنگ بگێڕیت، زێڕە زێڕە ســـەددام زێڕە بڵێیت! وێنەی ســـەرۆک هەڵبواســـیت و پیشانییدەی کە تۆ ئەم دیکتاتۆرەت خۆشدەوێت!

ڕۆژی لە دایکبوونی سەددام، وەک ڕۆژی "لێبوردن ومیهرەبانی!"

ســەعات نزیکەی یانزەی ســەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٨ی ٤ی ١٩٨٩، ڕائید خەڵەف ئەلجوعـانی لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پـارێزگـای ســـلێمـانی کۆبوونەوەیەکی تـایبەتی ڕێکخســـتووە، لەو کۆبوونەوەیەدا شـــێخ جەعفەری پارێزگار و گەورە بەرپرســـانی تری بەعس و ژمارەیەک لە ســـەددامیەکان و ئەفســـەرانی ئەمن ئامادەن، هەروەها کەس و کارو خانەوادەی (دە) گەنج لە هـاوڕێیانی کەیوانیش لە هۆڵێکی گەورەی ئەو بینایەی پێی دەڵێن (ئەمنە سوورەکە)ی سلێمانی.

لەو هۆڵەدا، ڕائید خەڵەف، بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای سـلێمانی، کە جلی ســـەربـازی لەبەر کردبوو، گوتـاری بۆ ئـامـادەبووان دەدا: "ئامـادەبووانی بەڕێز، هـاوڕێیانی حزب، ئەمڕۆ بۆنەیەکی گرنگ بەڕێوە دەچێت، ئەویش بۆنەی لێخۆشـــبوونە لە (دە) تاوانبار کە تێوەگلابوون لەگەڵ ئەوانەدا کە بوونەتە پیاوی ئێرانی کۆنەپەرســـت و کـاریـان بۆ دەکردن و ئاژاوەیان لەناو شـاری سلێمانی دەنایەوە، بەڵام بە لێبوردەیی خۆی و بە میهرەبانییەکەی، ئەمڕۆ ســـەرۆکی فەرماندە (خوا بیپارێزێت) لێیان خۆش دەبێت، ئەوەش وەک موژدەیەکە بۆ دایک و باوک و کەس و کاریان بەبۆنەی لە دایکبوونی ســـەرۆکی فەرماندەمانەوە خوا بیپارێزێت و ســایەی لەســـەرمان زیاد بێت، بۆیە پێویســـتە ئێوەی دایکان و باوکان زیاتر ئاگاتـان لە منداڵەکانتـان بێت و دووریان بخەنەوە لە کەســـانی خراپەکان، تا تووشـــی گیرو گرفت و ســـەرئێشـــەو تاوان نەبن، ئەمجارە بەبۆنەی لە دایکبوونی سـەرۆکی فەرماندەوە سـەرۆک لێیان خۆش بووە، بەڵام ئەگەر جـارێکیتر هەر هەڵەیەک بکەنەوە، ئەوە بە چـاوی خۆیـان دونیا نابیننەوە"، لەمجۆرە گوتانە نزیکەی بیست دەقیقەیەک قسـەی کرد، پاشان گوتی: "ئەو دە کەسە بێنن و بیاندەنەوە دەست دایک و باوکیان".

ئەمن کە بەنهێنی و لە نیوە شەودا ئەو مێرمنداڵانەی دەستگیرکردبوون و پاش نزیکەی پێنج مانگ لە ئەشـکەنجە، وا ئێسـتە بە ئاشـکرا ئازادیان

دەکات، ئەوەش بۆ ئەوەی بە خەڵک بڵێت: "ئەها سەددام و ڕژێم و شۆڕشەکەی چەند میهرەبانن، چەند پەرۆشن بۆ منداڵانی وڵاتەکەی با تێوەگلابن لە تاوانیش! تەماشا سەددام چەند بە بەزەییە!". بەڵام بە ئامادەبووانیان نەگوت بیست و چوار هاوڕێکەی تریان چی لێدەکەین، بۆچی ئەم "میهرەبانی"یە بۆ هەمووی نییە؟ ئەگەر میهرەبانیە، تەنانەت بۆ ئەوانەش نییە کە بە هەموو پێوەرێک تەنانەت بە پێوەری یاساکانی سەددام و بەعسیش بێتاوان بوون و ئاگادار نەبوون و بەشداری هیچ چالاکیەک نەبوون، نەخێر هەمان ڕۆژ، بە نهێنی و لە پشت چاوی خەڵکەوە خەریکی پیلانێکی تر بوون، ئەویش برینێک دەکەنە دڵی دایک و باوک و خوشک و برای بیست و چوار گەنجەوە هەتا هەتایە سارێژ نابێت و زۆرێک لەو دایک و باوکانە بە ئازاری ئەو برینەوە گەڕانەوە لای خوای خۆیان.

ڕۆژی لە دایکبوونی سەددام، وەک ڕۆژی (شەڕو مردن)

هەمان ئەو ڕۆژەی کە بەڕێوەبەری ئەمن کەس و کاری (دە) هاوڕێکەی کەیوانی بۆ ئەمنی سلێمانی بانگ کردبوو تا پێیان بڵێت سەددام میهرەبانەو بەبۆنەی لەدایکبوونیەوە لە منداڵەکانتان خۆش بووە ئەگەرچی تاوانیشیان کردووە، هەمان ئەو ڕۆژە دەستیان کرد بە لە سێدارەدانی کەیوان و بیست و سێ هاوڕێی، لە پشت چاوی کامێراوە، لەو دیو ئاگایی خەڵکەوە، بە نهێنی و یاسای قەرەقوش و دادگای کوشتن و شاردنەوە (قتل و دفن)، بەڵێ ئەمە دووڕوویی و نیفاقی سەددام و بەعسییەکان بوو، ئەمە دووڕوویی گەورە دیکتاتۆری سەدەی بیست و یەک بوو.

ڕۆژی ٢٨ی ٤ی ١٩٨٩، یەکەم دەستەی کەیوان و هاوڕێکانی شەهیدکران، لە کوێو چۆن؟ لە چیرۆکەکانی داهاتوودا باسیان دەکەین.

واته هەمان ئەو ڕۆژەی بە حســاب بەهۆی لەدایکبوونی ســەددامەوە بەعس و ســــەددام لێبوردن و میهرەبانیان هەڵبژاردبوو بەرانبەر چەند منداڵێک کە بە ســیســتمی بەعس تاوانبار بوون، لە ڕاســتیدا بە نهێنی و دوور لە چاوی شــار دەســتیان کرد بە شــەهیدکردنی بیســت و چوار مێرمنداڵ و گەنجەکەی تر، بەجۆرێک نۆ لەو گەنجانە بە پێی تەنانەت یاساکانی بەعس خۆشی نەدەبوو لە سێدارە بدرێن، چونکە تەمەنیان لە خوار (هەژدە) ســاڵیەوە بوو، بەڵام ئایا بەعس یاســای هەیە؟ ئایا عەلی حەسەن مەجید پرەنسیپ و مەبادیئی هەیە؟ ئایا ئەوان دەزانن مرۆڤبوون و یاساو سیستم و بەزەیی چییە؟

(٧١)

له چاوەڕوانی قەیسی جەژندا!

جەژنی مانگی ڕەمەزانی ساڵی (١٩٨٩)مان وەک پرسە وابوو، هەرسێ براکەم (موحەممەدو ئەحمەدو ئەبوبەکر) لە ئەمنی سلێمانی دەستگیرکراون، (بەختیارو عوسمان)ی برام لە ئۆردوگای زۆرەملێی گردەچاڵن لە نزیک هەولێر لە ماڵی مامە (ئەمین)م کە خۆی ئاوارەی ئەو ئۆردوگایە بوو، من و باوک و دایک و هەدوو خوشکەکەم لە ماڵی خاڵۆ حەمەئەمینین لە گەڕەکی ئازادی شاری سلێمانی، خێزانێک دوور لە ماڵی خۆی، پەرتەوازە، لە خەمی گرتن و ڕاوەدوونان، جەژنیان کامەیە؟

کات نزیکبوویەوە لە چوار مانگی تەواوو ئێمە هیچ هەواڵێکمان نییە، هەندێ زانیاریی پچڕ پچڕ نەبێت کە هیچ بەهایەکیان نەبوو، بۆ نمونە: (کوڕەکانتان ماون! لە ئەمنی سلێمانین)، ئەم زانیارییانەش لە کابرایەکمان وەردەگرت بەناوی (فەرید)کە پیاوی ئەمنی سلێمانی بوو، هەر جارێک (پێنج سەد) دیناری ئەو کاتەم دەدایە دەستی، من خۆم پارەکەم پێدەگەیاند، بیرم دێت جارێکیان چوومە ماڵەکەی، نزیکی نیوەڕۆ بوو، تازە لە خەو هەستابوو، خەریکی ڕاو بوو، لە پەنجەرەی ژووری میوانەکەیەوە نیشانەی لەو کۆترانە دەگرتەوە کە لە حەوشە پڕ لە درەختەکەیدا لە گەڕەکی مامۆستایان دانیان بۆ ڕۆکرابوو بۆ "کوشتن"، تفەنگەکەی تاپڕبوو، بەڵام بەکارهێنانی تاپڕیش لە ناو شاری سلێمانی بێجگە لە پیاوی ڕژێم کەسیتر نەیدەتوانی ئەوە بکات، من لەسەر یەکێک لە کورسییەکان دانیشتبووم تا ئەو نیشانەکەی خۆی دەگرێتەوەو وەڵامم دەداتەوە، سەیرێکی ژوورەکەم کرد، کورسی و قەنەفە لەمبەرو ئەوبەری ژوورەکە دانرابوون، لەسەرو ژوورەکەوە بە قەبارەی نزیکەی مەترونیوێک بەرزو نیو مەتر پانی، وێنەیەکی دیکتاتۆری هەڵواسیبوو،

دیــاره ئەمە شبـــوێـنی مـیوانـداریکردنەکـانیەتی، لەم وێنەیەو لە کارەکانیترییەوە دڵسۆزی خۆی بۆ ئەو ڕژێمە دەردەبڕێت.

دەسـتمکرد بە گێرفانما، پێنجسـەد دیناری سـویسـریم دایە دەسـتی، گوتم: "باوکم سـەلامی لێدەکردی، گوتی بەڵکو هەواڵێکی بۆ زانیبین"، ئەو گوتی: "بەسـەرچاو، هەوڵدەدەم ئەم هەفتەیە ئەم پارەیە بکەمە دەعوەتێک تا هەواڵێک بزانم، بەڵام دڵنیام ئەوان ماون و لە ئەمنی سلێمانین!".

ئێوارەیەک خـاڵۆم بە پەلەپەل خۆی کردەوە بە ژووردا، لەگەڵ خۆی نـامەیەکی بچوکی پێچراوەی بەدەسـتەوە بوو، بە دایکمی گوت دادە موژدەم بەرێ، نـامەی کوڕەکـانە لە زینـدانەوە، ئەم هەواڵە پـاش چوار مـانگ وەک جەژن وابوو بۆ ئێمە، ئێمەیەک هیچ زانیارییەکمان لەسـەر سێ کوڕی منداڵ نەبوو، ئەمە یەکەمجاربوو ئەم زانیارییەمان پێبگات.

لە نامەکەدا ئەبوبەکری برام نووسـیبوی: "بۆ خـاڵۆی بەڕێزم خـاڵۆ حەمەئەمین، پاش سـڵاوو ڕێز، ڕێزو سـڵاوم بۆ دایکم و باوکم و خوشک و براکـانم هەیە، من ئێسـتە لە زیندانی گواسـتنەوە (تەسـفیرات)ی سـلێمانیم، دەیانەوێت بمانبەن بۆ بەغدا، دەڵێن لەوێ دەتوانن سـەردانم بکەن، کاکەموو ئەوانیش هەر لە ئەمنی سـلێمانین، ئەوانیش باشـن و سڵاویان هەیە!".

ئەم نامەیە، وەک ئاوێک وابوو بکرێت بە ئاگرێکی کڵپە سـەندوودا، هەزار هیواو خۆزگەی لەسـەر هەڵچنرا، گریان و خەندەی خێزانەکەی تێکەڵ کرد، سوپاس بۆ خوا، ان شاالله بە زووییش ئازاد دەبن.

بەکری برام کاتێک لە زنیدانی ئەمنی سلێمانی بەڕێکرابوو هێنرابوویە زیندانی تەسفیرات، شوێنەکەی لە شوێنی ئێستەی پارکی (دایک)دابوو لە شـەقامی پیرەمێرد لە سـلێمانی، یەک شـەو لەوێ دەبێت، دەرفەتێک وەردەگرێت و لە پۆلیسـەکان دەپرسـێت ئەرێ کەسـتان تیا نییە خەڵکی هەڵەبجەو هەورامـان بێت؟ وەڵام وەردەگرێت: "بەڵێ هەمـانە"، دەڵێت: "کێیە؟، بێ زەحمەت بۆم بـانـگ بکەن"، پـاش بـانگکردنی لەو دیو

شیشەکانی زیندانەوە بە پەلە ئەو نامە بچوکەی بۆ نووسیبوو، ئەویش پیاوانە بێ ترس گەیاندبووی!

پاش نزیکەی پانزە ڕۆژ بەهۆی کەس و کاری گەنجە زیندانیەکانی ترەوە زانیاریمان پێگەیشت کە (ئەبوبەکر)ی ئێمە لە شاری (دیوانیە) گیرساوەتەوە، بەڕێکەوتین بەرەو دیوانیە، لەگەڵ ئەوەی هێشتا هەر دەترساین، بەڵام من و خاڵۆ حەمەئەمینم و دایکم و مامە ئەمینم بەڕێکەوتین بەرەو (دیوانیە)، لەوێ بەکرە بچکۆلمان لە زیندانێک بینی، تەنها لەو دیو شیشەکانی زیندانەوە، تۆ بیهێنە پێشچاوی خۆت، منداڵێک لە سلێمانیەوە بەریت لە دیوانیە زیندانی بکەیت، لەوێش ڕێگە نەدەیت کەسوکاری پڕ بە دڵیان باوەشیان پێدا بکەن و بۆنی پێوە بکەن، بۆنی دووری و غەریبی، تا تاسەی ئەو هەموو دوورییەیان بشکێت، ئەو دیدارە زۆر کورت بوو، ئەگەرچی خۆی بۆنەیەک بوو بۆ دڵخۆشبوون، بەڵام لە ڕاستیدا زۆرینەی هەر گریان بوو، گریانی دابڕان و گریانی زەحمەت و ئازارو گریانی دابڕان و گریانی بێ هەواڵمانەوە لە (موحەممەدو ئەحمەد)!

جەژنێکی تر لە ئاسمانی سلێمانی هەڵهات، جەژنی قوربان، ئێمە هەر لە چاوەڕوانی براکانماندا بووین، گوێمان هەڵدەخست بۆ هەموو هەواڵێک، بەدوای هەر نیمچە زانیارییەکدا دەگەڕاین، کوڕێک بەربووە لە زیندان، یەکێک برایەکی گیراوەو ئێستە ئەوان هەواڵێکیان لایە، یەکێکیتر تازە ئازادبووەو پێدەچێت لەگەڵ کوڕەکانی ئێمەبێت، بەمجۆرە دایک و باوکم لەگەڵ ترسی دەستگیرکردن بە دوای هەر هەواڵێکەوە بوون کە بچوکترین زانیاریی لەسەر براکان تیابێت، بەڵام بەداخەوە، هەموو هەواڵەکان تراویلکەبوون.

بۆ سبەینێ جەژنی قوربانە، وا شەش مانگی ڕێکە موحەممەدو ئەحمەدو ئەبوبەکر گیراون و ئێمەش ئاوارەی ماڵانین، لە ترس و لەرزدا دەژین، بە نەبوونی و هەژاری و نەداری، بەبێ بوونی هیچ سەرچاوەیەکی

بژێوی، هاوکاری یەک دوو خزم بەتایبەت کاک د.نادری خاڵۆزای باوکم، لەو کاتانەدا زۆر جێگەی دەگرت، هەروەها ئازایەتی خاڵۆشـــم کە بە کرێکاری چەند فلسێکی پەیدا دەکرد بۆ بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی و کورەکەی و نەنکم و پوورم و ئێمەش، بە راســـتی قورس بوو، هەمووشـــمان لە خانوویەکی کرێدابووین کە پێکهاتبوو لە یەک ژوورو ژێر قادرمەیەک وەک شـــوێنێک بۆ چێشـــتلێنان، تەنانەت تەوالێت و حەمامی ســـەربەخۆی نەبوو، تەوالێت و حەمام هـاوبەش بوو لەگەڵ ماڵێکی تر کە کرێچی بوون لە هەمان قاتی سەرەوەی ئەو خانووە!

شـەش مانگ تێپەڕی، ئیتر ئێمە تەواو وەڕسـبووین لە خۆحەشـاردان، لە مانەوە لە ماڵان، هەسـتمان کرد دەنگ و باسـی گرتنیشـمان نەمابێت، یاخود خەریکە ئیتر شتەکە وەک لە بیرچوونەوە بیردەچینەوە، بەناچاری بیرمـان کردەوە لەوەی بگەڕێینەوە مـاڵی خۆمـان لە عەربەت، بۆیە ئەگەرچی نـابەدڵ بوو، هەموو خێزانەکە کۆک نەبووین لەســـەر ئەو گەڕانەوەیە، بەڵام ناچاریش بووین، ئیتر تاکەی باربین بەســـەر خزم و کەســـەوە؟ چەند مانگیتر خۆمان بشـارینەوە؟ دەگەڕێینەوە ماڵی خۆمان، چش با بمانگرن، با بمانکوژن، لەم حاڵەمان باشترە!

(٧٢)
"كە ئەنفالەكان چاويان بە من كەوت سەريان سوڕما"

كاك عەبدوڵڵا، باوكی سەربەست، پاشئەوەی هاوشێوەی خانەوادەكانی تر خۆی و هاوسەرەكەی دەستگیر دەكرێن و چوار مانگ لە زیندانی ئەمنی سلێمانی دەمێنێتەوە، پاشان بۆ تەواوكردنی سزاكەی كە شەش مانگ ڕاگرتن بوو، بەرەو خوارووی عێراق دەیانبەن، سەرەتا كەركوك و پاشان بەرەو بەغداو پاشان بەرەو (سەماوە)، لە سەماوە دەیانبەنە قەلایەك لە دەرەوەی شارو لەناو بیابانێكدا، لەو كاتەی ئەمنەكان سەرقاڵی كاری ئیداری دەبن بۆ تەسلیمكردنیان، مام عەبدوڵڵا سەرێك دەكێشێتە ناو قەلاكە، دەبینێت بەهەر چواردەوردا ژن و منداڵی كوردن و لەوێ زیندانیكراون، هەموو ڕەنگی مردنیا لێنیشتووەو برسی و تینوو دیارن، مام عەبدوڵڵا دەڵێت: "بە هەر چوار دەوری خۆما دەسووڕامەوەو وەك شێتێك وابووم، وام هەست دەكرد ئەمە خەوەو ڕاستی نییە، ئەم هەموو ژن و منداڵەی كورد لێرە چی دەكەن خوایە؟"

لە كاتی بینینی مام عەبدوڵڵاش كە جلی كوردی لەبەردا بووە، ژن و منداڵی ناو قەلاكەی سەماوە سەریان سوڕدەمێنت و چاوەڕێی هاتنە ژوورەوەی لێدەكەن، ئا لەو كاتەدا یەكێك لە چەكدارەكان چاوی لێیە كە مام عەبدوڵڵا سەیری ژوورەوەو ژن و منداڵە گەرمیانییەكان دەكات، بە جنێوو قسەی ناشیرین دێت بۆی و بە پاڵپێوەنانێك كۆتایی بە سەیركردنەكەی دێنێت، سەیركردنی ئازارێكی سارێژ نەبووی كورد، ئەنفال.

پاشان بەهۆی نەبوونی شوێن و زۆری ئەمانیشەوە یان لەبەر هۆكاری تر، لەوێ ئەمان دانانێن و دەیانگەڕێننەوە بۆ بەغداو لەوێوە بۆ (عەمارە)، بەر لەوەی لە عەمارە بگیرسێنەوە چەند شوێن و شاری تریان

بردن، بەڵام بەهۆی نەبوونی جێگەوە ڕایان نەدەگرتن، پاشان بە ناچاری کەس و کاری کەیوان و هاوڕێکانیان کردن بە گروپی دوانزە کەســـی و دابەشیان کردن بەسەر شارەکانی (دیوانیەو بەغداو عەمارەو کوت)دا.

(٧٣)

خانەوادەکان چاوەڕێی چی بوون؟ چی ڕوویدا؟

ئەگەرچــی هەریەکە لە خــانەوادەو خــێـزانــی هەریەکـێـک لە دەســـتگیرکراوەکـان چـاوەڕێی کۆتـاییهـاتنی ئەم دۆخە نـالەبـارەبوون، لانیکەم ئەگەر منداڵەکانیان بە پێی یاســـای بەعس هەڵەیەکیان کردووە ئەوە بەهۆی منداڵیانەوە چەند ســـاڵێک ســـزا بدرێن و ئیتر ئازاد بکرێن، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا، لە خوارەوە چیرۆکەکە تەواو دەکەین.

پاش جیاکردنەوەی هەریەکە لە (ئاســـۆ جەزا، ئاســـۆ مەحمود، وریا ئیبراهیم، دلێر مەحمود، شـــوان ســـەعدی، نەوزاد نامیق، جەلال هەڵەدنی، هەژار قادر، ئەیوب غەفور، عیرفان جەلال)و کۆکردنەوەیان لە ژوورێکی تر بەبێئەوەی بزانن چارەنووســـیان چییە، بەیـانیەک هـاتن دەرگـای ژوورەکەیانیان کردنەوە، ناوی هەر (دە) کەســـەکەیان خوێندەوە، گوتیان وەرن لەگەڵمان، ســـواری ئۆتۆمبیلێیان کردن و بەرەو ئەمنە ســـوورەکە بەڕێیان کردن.

تەمەنی ئەو دە گەنجەی ئازادبوون بەمجۆرەیە:

١. ئـاســـۆ مەحمود حەمەڕەشـــید، لە دایکبووی (١٩٧٥)، کـاتێک دەستگیرکراوە تەمەنی تەنها (١٣ساڵ)بووە.

٢. ئاســـۆ جەزا، لە دایکبووی (١٩٧٣)، کاتێک دەســـتگیکراوە تەمەنی تەنها (١٥ ساڵ)بووە.

٣. وریـا ئیبـراهـیم حەمەئەمـین، لە دایـکبووی (١٩٧٣)، کـاتـێـک دەستگیرکراوە تەمەنی تەنها (١٥ ساڵ) بووە.

٤. دلێر مەحمود، لە دایکبووی (١٩٧٤)، کاتێک دەســتگیرکراوە تەمەنی تەنها (١٤ساڵ)بووە.

٥. شـــوان ســـەعدی، لە دایکبووی (١٩٧٤)، کاتێک دەســـتگیرکراوە تەمەنی تەنها (١٤ساڵ)بووە.

٦. نەوزاد نامیق، لە دایکبووی (١٩٧٣)، کاتێک دەســتگیرکراوە تەمەنی تەنها (١٥ ساڵ) بووە.

٧. جەلال هەڵەدنی، لە دایکبووی (١٩٧٢)، کـاتێـک دەســـتگیرکراوە تەمەنی تەنها (١٦ ساڵ) بووە.

٨. هەژار قادر، لە دایکبووی (١٩٧٣)، کاتێک دەســـتگیرکراوە تەمەنی تەنها (١٥ ساڵ) بووە.

٩. ئەیوب غەفور، لە دایکبووی (١٩٧٣)، کاتێک دەستگیرکراوە تەمەنی تەنها (١٥ ساڵ) بووە.

١٠. عیرفـان جەلال، لە دایکبووی (١٩٧٤)، کـاتێـک دەســـتگیرکراوە تەمەنی تەنها (١٤ساڵ)بووە.

ئەگەر تەماشـای تەمەنی هەریەکە لەم گەنجانە بکەیت، کە هەموویان تەمەنیـان لە خوار پـانزە ســـاڵەوەیەو بەراوردی بکەین بە بڕیـارە وەحشـیانەکەی سـەددام و عەلی کیمیاویی بۆ کوشـتنی هەر کەسـێک لە سەروو پانزە ساڵەوە لە پرۆسـەی ئەنفالدا بەپێی ڕێنماییەکەیان، بێجگە لە (جەلال هەڵەدنی) کە تەمەنی شانزە ساڵەو ئازاد بووە، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە کەیوان و هاوڕێکانیشـــی بە پێی یاســای وەحشــیانەی (حەســـەب ئەلسـیاق)، واتە یاسـای (کوشـتن و شـاردنەوە) مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، یاســـایەک کە نەوەک بچوکترین عەدالەت بۆ تۆمەتبارو نەیار دەســـتبەر ناکات، بەڵکو ڕێگەش نادات ئەم گەنجانە ببرێنە دادگا بەناو شۆڕشەکەیان بۆ ئەوەی دادگاییەکی شـــکڵی بکرێن و هەریەکە بە پێی کردەوەکانی لە ڕوانگەی یاسـای بەعســەوە سـزای خۆی وەربگرێت کە پێشـترو سـاڵێک دواتریش لە هەندێک کاتی ئاســـاییدا وایکردووە لەگەڵ نەیارەکانی و ئەوانەی دەیگرتن لە پێشـمەرگەو لایەنگرانی حزبە ئۆپۆزسـیۆنە کوردیی و عەرەبییەکان.

چونکە ئەم ماوەیە (واتە سـاڵی ١٩٨٧ تا ١٩٨٩) کەوتووەتە شـەپۆلی دووەمی ڕەشـەکوژی (حسـب السـیاق)ەوە کە سێ شـەپۆلی (حسـب السـیاق) هەبووە، یەکەم شـەپۆلی ڕەشـەکوژی نەیارەکانی بەعس و سـەددام لە سـاڵی (١٩٨١) دەسـتیپێکردووە تا سـاڵی (١٩٨٣) بەردەوام بووە، دووەم شـەپۆلیش لە (١٩٨٦ تا ١٩٨٩)، سێیەم شـەپۆلیش لە سـاڵی (١٩٩١)و لەکـاتی دامرکـاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی شـارەکـانی هەرێمی کوردسـتان و شـارەکانی باشـورو ناوەڕاسـتی عێراق، بەتایبەت پارێزگا شیعە نشینەکان، بەهۆی ئەم سێ شـەپۆلەی سیاسـەتی ڕەشـەکوژییەوە هەزاران هەزار هاوولاتی بوونە قوربانی و گیانیان بەخشی.

کەواتە ئەگەرچی (عەلی حەسـەن مەجید) لە تۆمارە دەنگییەکەدا ناوی کەیوان و هاوڕێکانی ناهێنێت کە ئەو واژۆی لەسـێدارەدانی بۆ کردوون، بەلام زانیارییەکە دروستەو ئەو تاوانبارە بڕیاری لە چارەنووسی کەیوان و هاوڕێکانیداوە، بەپێی سیاسـەتە ڕەشـەکوژییەکەیان ئەوەی لە سـەروو (پانزە) ساڵەوەیە بۆ کوشتن و شاردنەوەو ئەوەی لە خوار ئەو تەمەنەیە بۆ ئازادکردن، لەگەڵ بوونی یەک دوو حاڵەت لەدەرەوەی ئەم بنەمایە.

(٧٤)

چارەنووسی کەیوان و (بیست و سێ) هاوڕێکەی

پاش ئازادکردنی (دە) گەنج لە هاوڕێیانی کەیوان، ئیتر ئەمن دەستیانکرد بە جێبەجێکردنی بڕیارەکەیان، بڕیارێک بچوکترین سۆزو بەزەیی تێدا نەبوو، ئەویش شەهیدکردنی کەیوان و ئەو هاوڕێیانەی تری کە مابوونەوە، کە ژمارەیان بە کەیوانەوە بیست و چوار گەنج بوو.

بۆ ئەوەی کوشتنی بیست و چوار کەس بە یەکەوەو ناردنیان بۆ دادپزیشکی و شاردنەوەیان نەبێتە قسەو باس لای خەڵکی و ترسی پەرچەکرداری کەسوکارو خەڵکی تووڕەی سلێمانی، هەروەها دەرنەخستنی هێزی خەڵکی ناڕازی و ئۆپۆزسیۆن، چونکە کوشتنی بیست و چوار کەس پێکەوە بە ئاشکرا، واتە کەسانێکی زۆر هەن لەم شارو وڵاتە دژی سەددام و ڕژێمەکەی کار دەکەن و لە چالاکیدابوون، ئەوانیش بە پێچەوانەوە دەیانویست کارەکە بەبێدەنگی ئەنجامبدەن و وا پیشانبدەن دونیا شامی شەریفەو هەموو شتێک لە ژێر کۆنترۆڵی ڕژێمدایە، بۆیە بڕیاری کوشتنەکەیان قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ کردووە، ئەویش هەر چەند ڕۆژ جارێک ژمارەیەک لەو گەنجانەیان لە سێدارە دەداو دەیاننارد بۆ پزیشکی دادی و پاشان لە ڕێگەی مەفرەزەکانی ئەمن و شارەوانییەوە بە نهێنی دەکران بە ژێر خۆڵەوە!

کاتێک سەیری بەڵگەنامەکانی مردن (شهادة وفاة)ی هەریەکە لەو گەنجانە و ئەو بەڵگانەی بەردەستمانن دەکەیت، هەر چەند کەسێکیان بە جیا بەروارێکی کوشتنی جیاوازیان هەیە، بەپێی ئەو ڕۆژو بەروارەی لە سێدارە دراون و براونەتە دادپزیشکی سلێمانی بۆ دروستکردنی وەفاتنامە (بەڵگەنامەی مردن).

تاوانە گەورەکە چۆن ئەنجامدرا؟

بێگومان بەعس خۆشی دەیزانی ئەم کارەی پڕ شەرمەزاریی و ترسنۆکییە ئەنجامیدەدات، وە ترسی کاردانەوەی خەڵکیشی هەبوو، دڵنیاشبوو لەوەی تەنانەت بە پێی سیاسەتی بەعس و هەر کەسێکی تەواو دڵڕەش و بێویژدانیش ئەم گەنجانە شایستەی لە سێدارەدان نەبوون، ئەگەرنا کارەکەی بە ئاشکرا دەکرد بۆ چاوترساندنی خەڵکی تریش، یان ڕەوایەتیدانی بە تاوانەکەی، لە هەندێک حاڵەتیشدا هەر لەو ساڵانەدا سەددام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکەی ئەمنی ئەم تاوانەیانە کردووە بە ئاشکرا، وەک شەهیدکردنی ژمارەیەک گەنج لە بەردەم قوتابخانەی ڕۆشنبیر کە تۆمەتبارکرابوون بە کوشتنی مامۆستایەکی بەعسی ئەو قوتابخانەیە، یان شەهیدکردنی (کەیوان ئەحمەد) و سێ گەنجی هاوڕێی کە سەر بە ڕێکخستنەکانی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) بوون و تۆمەتبار کرابوون بە هەندێک چالاکی بەتایبەت تەقەکردن لە (خەتیبی گەورەی سلێمانی)، بۆ ئەم دوو نمونەیە ئەمن تاوانەکەیان لە پێشچاوی خەڵکی سلێمانی و بە ئامادەبوونی تاوانبار (شێخ جەعفەر)ی پارێزگاری سلێمانی و بەرپرسانی تری ئەمن و پۆلیس و ژمارەیەک لە هاووڵاتیان لە یاریگاکەی گەڕەکی چوارباخ لە ناو شاری سلێمانی ئەنجامدا، چونکە لەو دوو حاڵەتەدا بەعس جۆرە بیانوویەکی دەدا بە گوێی خەڵکدا کە ئەم درندەییە لەبەر ئەوە دەکەن ئەم گەنجانە ئەمە تاوانەکەیانە، یان بۆ چاوترساندنی خەڵکیتر، بەڵام بۆ کەیوان و هاوڕێکانی ئەم پاساوەیان دەست نەدەکەوت، بیست و چوار گەنج بێنن کە زۆرینەیان خوار هەژدە ساڵن لە پێشچاوی خەڵک لە سێدارەیان بدەن، لەو کاتەدا بە خەڵک بڵێن چی؟ بڵێن بۆ ئەم منداڵ و گەنجانە لە سێدارە دەدەین؟ بێگومان شتەکە هیچ مانایەکی نەدەبوو، ئەگەرچی گەڕان بۆ "مانا" لە سەردەمی سەددام و دارو دەستەکەیدا خۆی لە خۆیدا هیچ مانایەکی نییە، چونکە کە گوترا "سەددام" ئیتر خۆی بۆ خۆی مانای هەموو ستەم و تاوانکارییەکە،

چونکە هەرچی تـاوان و خراپە هەبوو ئەو دیکتـاتۆرە خۆی و ڕژێمە وەحشـــییەکەی ئەنجامیاندا، ئیتر ســـەددام و ســـەددامیەکان هەتا ڕۆژی دوایی مانای ســــتەم و دیکتاتۆرییەت و کوشــــتن و بڕینن، وە خوێنی هەزاران هەزار هاووڵاتی بێتاوانیان لە ئەســـتۆیە بە کوردو عەرەبەوە، بگرە زۆرینەی زۆری ئەو ستەمکارییەی ئێستاش هەیە سەرچاوەکەی بۆ کار و ڕەفتارو حکومڕانی ئەو حزبە دەگەڕێتەوە بەهۆی پەروەردەکردنی کەسانێک کە ئامادەی هەموو ستەمکارییەکن لەپێناو پارەو دەسەڵاتدا!

کەیوان و هاوڕێکانی چۆن لە سێدارە دران؟

بە پێی ئەو بەڵگانامانەی مردن کە لە فەرمانگەی دادپزیشکی سلێمانی تۆمار کراون و وێنەی لای خانەوادەو کەس و کاری کەیوان و هاوڕێکانی هەیە، هەموویـان بە فیشـــەک کوژراون، بە گولەبـاران کردن، وە لە بەڵگەنامەکانیشـدا هاتووە کە "فیشـەکێک لە سـەری دراوە لەگەڵ پارچە پارچە بوونی مێشـکی"، واتە کەیوان و هاوڕێکانی دەسـتە دەسـتە براون بۆ گولەبارانکردن، پاش گولەبارانکردنیش هەریەکێکیان فیشـــەکێک لە سـەری دراوە بۆ ئەوەی دڵنیابن لە مردنیان، بێگومان لەمکارە وەحشـیە دڵڕەقانەیەشدا دەزگای ئەمن لە هەر بەڕێوەبەرایەتیەک خەڵکی ڕاهێنراوی تایبەتی هەبوو بۆ ئەم کارەو ڕاهێنرابوون و فێرکرابوون چۆن کارەکەیان بە پیشەییانە ئەنجامبدەن[1].

لەمبـارەیەوە، ڕائیـد ســـەبـاح ئەلحەمەدانـی دەڵـێـت: "لە هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی ئەمن کارمەندی تایبەت هەبوو بە کوشـتن، بۆ نمونە

---

١ – بە پێی ئەو زانیاریانەی بەردەسـتم کەوتوون، بە شـێوەیەکی گشـتی لە سـێدارەدان لە ئەمنی سـلێمانی بە فیشـــەک بووە، بەڵام هەندێکجاریش بە شـێوەی (خنکاندن) بووە، لە لیستێک کە نزیکەی (٨٦) ناوی تێدایە لە هۆکاری مرنی هەموویاندا نووسراوە بە فیشـەکی ئاگرین (اطلاقات نارية) بۆ (نۆ) کەســیشــیان نووســراوە لە ســێدارەدان (اعدام)، تەنها یەکێکیشیان کە لە ڕەگەزی مێیە نووسراوە خنکاندن بە پەت (شنقا بالحبل).

پێنج ئەفسەر، یان حەوت ئەفسەر کە کۆمەڵێک مفەوەزیان لەگەڵ بوو، ئەمە کاریان بوو، کاری کوشتنی ئەو کەسانەی بە پێی بڕیاری عەلی کیمیایی دەبوو بکوژرێن، ئەمانە لە بەرانبەر ئەو کارەدا خەلات دەکران و پارەی زیاتریان وەردەگرت بەهۆی ئەو کوشتن و بڕینەی ئەنجامیاندەدا".

کەواتە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەمن ستافی تایبەت هەبوو بە کوشتن، ئەگەرچی هیچ دۆکیومێنتێک نییە پیشانمانبدات کە کێبوون ئەو کەسانەی بڕیاری کوشتنی کەیوان و هاوڕێکانیانی جێبەجێ کرد، بەلام ڕوونە کارە وەحشیانەکە چۆن کراوە.

بێگومان هەر کەیوان و هاوڕێکانی نەبوون کە بەو جۆرە شەهیدکران، بەڵکو ئەمە پیشەی هەمیشەیی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس بوو، لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنی ئەو ڕژێمە دڕندەیەدا، بەلام لە هەر قۆناغێکداو بەجۆرێک، لە سالانی کارکردن بە ڕێنمایی (حەسەب ئەلسیاق) ئیتر هیچ دادگاییکردنێک نەبوو، هەربۆیە لە سالانی (١٩٨٨ و ١٩٨٩) دا کە خولی دووەمی جێبەجێکردنی حەسەب ئەلسیاق بوو هەزاران کەس لە بەڕێوبەرایەتییەکانی ئەمن شەهیدکران و کران بەژێر خۆڵەوە.

شەهیدەکان زۆر بوون، بە سەدان و هەزاران

سەرەڕای بوونی هەزاران بەڵگەنامە کە تاوانەکانی سەددام و ڕژێمەکەی دۆکیومێنتکردوون، بەلام بەداخەوە ئەو بەڵگەو دۆکیومێنتانە لەبەردەستدا نین تا ڕوونتر تاوانەکانی سەددام بۆ هاوولاتیان دەربکەون، بەلام بەپێی (بەڵگەنامەیەک)[1] کە ژمارە (ش/ ت / ١٩٧٢٧)ی لەسەرەو لە ڕۆژی (٢٤ی ٨ی ١٩٨٩) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگای سلێمانیەوە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی ناوچەی (حوکمی زاتی)

١ - بۆ بینین و خوێندنەوەی دەقی نووسراوەکە، سەیری بەڵگەنامەی ژمارە (٢) بکە.

کراوە، تەنها لە ماوەی نزیکەی (نۆ مانگ)دا ژمارەی ئەو کەسـانەی لە ئەمنی سلێمانی لە سێدارە دراون بریتین لە (٨٧)کەس.

لە نووسـراوەکەدا، کە لەسـەری سـەرەوەی نووسراوە (زۆر نهێنی و بە دەسـت دەکرێتەوە)، بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگای سـلێمانی ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی ناوچەی (حوکمی زاتی) دەکاتەوە لەسەر کارەکانی لەو ماوەیەدا، ئەمە دەقی ناوەڕۆکی نووسـراوەکەیە بە زمانی کوردی:

"هاوپێچ لیسـتێکە کە ناوی ئەو تاوانبارانە لە خۆ دەگرێت کە بڕیاری گەلیان لەسـەر جێبەجێکراوە لە بەرواری (١ی ١ی ١٩٨٩) تا کاتی ئێستا (واتە کاتی نووسـینی نووسـراوەکە کە (٢٤ی ٨ی ١٩٨٩) یە) لەگەڵ خسـتنەڕووی تاوانەکانیان و بەرواری جێبەجێکردنی بڕیارەکە لەسـەر هەریەکەیـان، تکـایە بفەرموون بە ئـاگـاداربوون لێی ... لەگەڵ ڕێز"، نووسـراوەکە لەلایەن بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای سـلێمانی لە (٢٤ی ٨ی ١٩٨٩) واژۆکراوە، بە تێبینیش لە بەشـی خوارەوەی نووسـراوەکە ئەم دێرە نووسـراوە "هـاوپێچ: لیسـتێک کە نـاوی (٨٧) تـاوانبـار لە خۆدەگرێت".

خـوێـنەری بەڕێـز: لەم نـووسـراوە ورد بەرەوە، بە تەنـهـا بەڕێوەبەرایەتییەکی ئەمن، لەماوەی کەمتر لە نۆ مانگ، دەسەڵاتی بەخۆی داوە (٨٧) هـاووڵاتی بێتـاوان لە سـێدارە بـدات! بێگومـان زۆرینەی شـەهیدکردنەکانیش بە شـێوەی گولەبارانکردن بووەو هەندێک حاڵەتی زۆر کەم بەشـێوەی خنکاندن بووە، هەروەها بە پێی بەدواداچوونەکانم، تەنها ژمارەیەکی زۆر کەم لەو (٨٧) ناوە تەرمەکانیان ڕادەسـتی کەس و کاریان کراوەتەوەو ئەوانیتر لە چوارچێوەی یاسـای وەحشیانەی (حسب السـیاق یان ق. د) (واتە کوشـتن و شـاردنەوە)دا جێبەجێ کراوەو ڕێگە نەدراوە کەس و کاریان تەرمەکان ببینن و ئەو بچوکترین مافەشـیان پێ ڕەوا نەبینراوە کە بینینی جەسـتەی سـاردی ئازیزانە بۆ دوا ماڵئاوایی و

به خاكسپاردنیان بەشێوەیەكی بەرزی مرۆڤانەو ئاینیانەو پاشـان دانانی پرسەو كۆڕی دڵنەوایی بۆیان، نەخێر سەددام و دارودەستەكەی ئەوەندە دڵڕەقبوون ئەو مافە بچوكەشیان بە كەس و كاری شەهیدەكان نەدەداو قەدەغەیان دەكردن لە دانانی پرسەش!

بەمجۆرە ڕوونبوویەوە كە هەریەكە لەم ئەزیزانە، ئەو گەنجە دڵسۆزانەی كە بیلبیلەی چاوی كەس و كاریان بوون و هەندێكیان كوڕی گەورەو نۆبەرەی ماڵ و هەندێكیان تاقانە، بەمجۆرە شەهید كران، ئێستە كاتی ئەوەیە بەرواری شـەهید كرانەكەیان بخەینەڕوو و هێدی هێدی چیرۆكەكانی تریش لەبارەیانەوە بگێڕینەوە.

(٧٥)
ئەو گەنجانەی لە سێدارە دران

پاش خستنەڕووی ناوی ئەو (دە) گەنجەی هاوڕێی کەیوان کە ئازادبوون، ئێستە کاتی ئەوەیە ناوی ئەو گەنجانە ئاماژە پێبدەین کە فەرمانی کوشتنیان درا، ئەوانیش ئەم گەنجانە بوون:

١. کەیوان عەبدوڕەحمان ئەسکەندەر ئەحمەد.
٢. موسا حەمەرەشید عەبدوڵلا ئەحمەد.
٣. کەمال ئیبراهیم حەمەئەمین ئیسماعیل.
٤. ئەحمەد فەرەج عەبدوڵلا.
٥. یاسین ئەحمەد عەبدوڵلا.
٦. لوقمان ئیسماعیل ڕەجەب.
٧. جەلال ئەحمەد حەمەئەمین مەحمود.
٨. حەسەن ئەحمەد حەمەئەمین مەحمود.
٩. دارا عوسمان ئەحمەد عەبدوڵلا.
١٠. عەلی عوسمان ئەحمەد عەبدوڵلا.
١١. موحەممەد عەبدوڵلا فەتاح موحەممەد.
١٢. ئەحمەد عەبدوڵلا فەتاح موحەممەد.
١٣. ئەکرەم ساڵح سۆفی حەسەن.
١٤. موحەممەد عەبدوڵلا حەمە موراد.
١٥. عەباس مەحمود ئیبراهیم ساڵح.
١٦. فەرهاد موحەممەد ساڵح ئەحمەد.
١٧. سەفەر عەبدوڵلا حەمەحسێن بارام.
١٨. ئەمیر ڕەوف موحەممەد سور.
١٩. خالید موحەممەد مەحمود ئەحمەد.

٢٠. عیرفان سەعید تۆفیق ئەمین.
٢١. عەبدوڵڵا قادر تەها ڕەزا.
٢٢. سەربەست عەبدوڵڵا حەمەئەمین ئیسماعیل.
٢٣. سدیق ڕەوف عارف کەریم.
٢٤. یوسف حەمەڕەزا حەمەساڵح ئەمین.

چی لە تەرمی کەیوان و هاوڕێکانی کرا؟

بە پێی بڕیارەکەی ڕژێمی بەعس، دەبوو هەر (بیست و چوار) گەنجەکە لە سێدارە بدرێن، هەر واشیان کرد، ستافی تایبەت بە گولەبارانکردن، بە سەرۆکایەتی تاوانبار ڕائید (خەڵەف ئەلجوعانی)، بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی، دەستیانکرد بە گولەبارانکردنی کەیوان و هاوڕێکانی.

ئەگەرچی ئەمنی سلێمانی، هەرچی بکردایە، کەس نەیدەتوانی دەستبهێنێتە ڕێگەی، بەڵام پێناچێت کرداری گولەبارانکردنەکان لە ناو بینای ئەمنی سلێمانی ئەنجامدرابێت، بەهۆی زۆری تەقەکردنەکان، چونکە سەددام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی هەمیشە دەیانویست وا پیشانبدەن کە شارەکانی ژێر دەستیان زۆر ئارامن و خەڵک ژیانی ئاسایی بەڕێدەکات، بۆیە نەدەبوو ڕۆژانە ئەو هەموو تەقەیە لە شوێنێک بکەن کەس گوێی لە دەنگی تەقەکردنەکان نەبێت، بۆیە دەکرێت دەستە دەستە برابنە دەرەوەی شارو لە دەشتاییەک گولەباران کرابن و پاشان تەرمەکان ڕادەستی دادپزیشکی کرابن، چونکە ئەگەر ئەو کارە لەناو بینای ئەمنی بەلدە ئەنجامبدرایە یان لە بینای ئەمنی بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای سلێمانی (واتە ئەمنەسوورەکە) ئەوە ڕۆژانە هاووڵاتیان گوێیان لە دەنگی ئەو فیشەکانە دەبوو و ئاگاداری ئەو هەموو کوشتنانە دەبوون.

حەمەئەمین فەرەج، خاڵۆی موحەممەدو ئەحمەد عەبدوڵلا دەڵێت: "ڕۆژێکی بەهاری ساڵی (١٩٨٩)، کەسێک هەواڵی پێدام، گوتی: "دەڵێن کەیوان و خوشکەزاکانت و هاوڕێکانیان کوژراون، نەتبیستووە؟"، منیش گوتم: "نەوەڵا نەمبیستووە، چۆن دەزانی؟ کێ گوتی؟"، ئەو کەسە گوتی: "تەرمی چەند گەنجێک لە دادپزیشکی سلێمانین، دەڵێن (کەیوان)یشیان تێدایە، بۆ ناچی سەرێک بدەی بزانی ئەوان نین؟"، منیش یەکسەر لە بازاڕەوە بەرەو دادپزیشکی سلێمانی بەڕێکەوتم، ڕێگەیان دەدا تەرمەکان ببینین، تەرمەکانم بینی، تەرمی چوار گەنج بوون لە تەمەنی (٢٠ تا ٢٢ ساڵ)یدا، دڵنیابووم لەوەی تەرمی کەیوان و خوشکەزاکانی من نین، ڕاستە ئەو گەنجانە یەکێکیان ناوی کەیوان بوو، بەڵام کەیوانی هاوڕێی خوشکەزاکانی من نەبوو".

بەپێی ئەو بەروارانەی لەسەر بەڵگەنامەکانی مردنی شەهید کەیوان و هاوڕێکانی هەیە و دواتر وێنەیەکیمان دەست کەوت، شەهید کەیوان و هاوڕێکانیشی هەر نزیکەی مانگێک یان زیاتر لە دوای گولەبارانکردنی ئەو گەنجانە، ئەوانیش گولەبران کراون و هێنراونەتە داد پزیشکی، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەبوو کە (کەیوان ئەحمەد) و سێ هاوڕێکەی لە ڕێکخستنەکانی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) بە ئاشکراو لە پێشچاوی خەڵک گولەباران کران لە یاریگای گەڕەکی چوارباخ، بەڵام (کەیوان عەبدوڕەحمان) و هاوڕێکانی بە (نهێنی) گولەباران کران و بە (نهێنی) تەرمەکانیان هێنرانە دادپزیشکی و بە (نهێنی) کران بە ژێر خۆڵەوە، هەروەها بوونی ناوی (کەیوان) لە هەردوو گروپەکە هاوشێوەییەکی زۆری دروست کردبوو، چ ئەو کاتەی لە ژیاندابوون لە زیندان و چ ئەوکاتەی شەهیدکران.

(٧٦)

ئەو ڕۆژانەی کەیوان و هاوڕێکانی گولەباران کران

کەیوان و هاوڕێکانی دەستە دەستە دەبرانە شوێنێک کە ئێمە تا ئێستا نازانین کوێیە، لەوێ گولەباران دەکران و پاشـــان تەرمەکان بە هاوپێچی نووســراوێک ئاراســتەی دادپزیشــکی سـلێمانی دەکران بۆ ئەوەی ئەوان وەفاتنامە (بەڵگەنامەی مردن)یان بۆ دروســـت بکەن، نووســـراوەکانیش "بەنهێنی" بوون، هەروەک دادپزیشـــکی ســـلێمانیش بە نهێنی وەڵامی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی ســـلێمانی داوەتەوەو بۆ هەر شـــەهیدێک بە دوو وێنە وەفاتنامەی بۆ ناردوونەتەوە، هەمان ڕۆژ یان ڕۆژی دوایی یان چەند ڕۆژێک پاشتر نووسراوی ئاراستەی شارەوانی ئەو کاتی سلێمانی کردووە بۆ ئەوەی تەرمەکان بە "نهێنی" بکات بەژێر خۆڵەوە.

بە پێی ئەو نووسراوو بەڵگەنامانەی لە بەردەستدان، لە کاتی جیاجیادا کەیوان و هاوڕێکانی شەهیدکراون، بەمجۆرە:

٣٠ی نیسان، ٢٤ی ڕەمەزان

بە پێی زانیاریی و بەڵگەنامە بەردەستەکان[١]، ڕۆژی یەکشەممە (٣٠ی ٤ی ١٩٨٩)ی زاینی، کە بەرانبەرە بە (٢٤)ی ڕەمەزانی ســـاڵی (١٤٠٩)ی کۆچی، هەریەکە لەم چوار گەنجە پێکەوە گولەباران کران، ئەمەش یەکەم وەجبەی شـــەهیدانی ئەم ڕێکخراوەبوو، کە کەیوان خۆی یەکەم کەســـی وەجبەی یەکەم بوو:

- کەیوان عەبدوڕەحمان ئەسکەندەر، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٦٨).
- دارا عوسمان ئەحمەد عەبدوڵلا، ژمارە وەفاتنامە (١٢٢٦٦٩).
- ئەکرەم ساڵح سۆفی حەسەن، ژمارە وەفاتنامە (١٢٢٦٧٠).
- یوسف حەمەڕەزا حەمەساڵح ئەمین، ژمارە وەفاتنامە (١٢٢٦٧١).

---

[١]- سەیری بەڵگەنامەی ژمارە (٧) بکە.

٩ی ئایار، ٤ی شەوال

بە پێی زانیاریی و بەڵگەنامە بەردەستەکان[١]، ڕۆژی سێشەممە (٩ی ٥ی ١٩٨٩)ی زاینی، کە بەرانبەرە بە (٤)ی شەوالی ساڵی (١٤٠٩)ی کۆچی، هەریەکە لەم سێ گەنجە پێکەوە گولەباران کران، ئەم سێ گەنجە دەبنە وەجبەی دووەمی شەهیدانی ئەم ڕێکخراوە:

- عەلی عوسمان ئەحمەد عەبدوڵلا، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٧٢).
- سەربەست عەبدوڵلا حەمەئەمین ئیسماعیل، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٧٣).
- عیرفان سەعید تۆفیق ئەمین، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٧٤).

١٦ی ئایار، ١١ی شەوال

بە پێی زانیاریی و بەڵگەنامە بەردەستەکان[٢]، ڕۆژی سێشەممە (١٦ی ٥ی ١٩٨٩)ی زاینی، کە بەرانبەرە بە (١١)ی شەوالی ساڵی (١٤٠٩)ی کۆچی، هەریەکە لەم چوار گەنجە پێکەوە گولەباران کران، ئەم چوار شەهیدە دەبنە وەجبەی سێیەمی شەهیدانی ئەم ڕێکخراوە:

- ئەحمەد عەبدوڵلا فەتاح، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٨٢).
- موحەممەد عەبدوڵلا حەمەموراد، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٨٣).
- لوقمان ئیسماعیل ڕەجەب قادر، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٨٤).
- سەفەر عەبدوڵلا حەمەئەمین بارام، ژمارە وەفاتنامە (١٢٢٦٨٥).

---

١ - سەیری بەڵگەنامەی ژمارە (٩) بکە، لە بەشی پاشکۆ.

٢ - سەیری بەڵگەنامەی ژمارە (١٨) بکە.

١٨ى ئايار، ١٣ى شەوال

بە پێی زانیاریی و بەڵگەنامە بەردەســـتەکان[1]، ڕۆژی پێنجشـــەممە (١٨ی ٥ی ١٩٨٩)ی زاینی، کە بەرانبەرە بە (١٣)ی شـــەوالی ســـاڵی (١٤٠٩)ی کۆچی، هەریەکە لەم چوار گەنجە پێکەوە گولەباران کران:

- عەباس مەحمود ئیبراهیمساڵح، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٨٦).
- خالید موحەممەد مەحمود ئەحمەد، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٨٧).
- یاسین ئەحمەد عەبدوڵلا حەمد، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٨٨).
- حەسەن ئەحمەد حەمەئەمین مەحمود، ژمارە وەفاتنامە (١٢٢٦٩٠).

٢٠ى ئايار، ١٥ى شەوال

بە پێی زانیاریی و بەڵگەنامە بەردەســـتەکان[2]، ڕۆژی شـــەممە (٢٠ی ٥ی ١٩٨٩)ی زاینی، کە بەرانبەرە بە (١٥)ی شـــەوالی ســـاڵی (١٤٠٩)ی کۆچی، هەریەکە لەم سێ گەنجە بەیەکەوە گولەبەران کران:

- موحەممەد عەبدوڵلا فەتاح، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٩١).
- موسا حەمەڕەشید عەبدوڵلا ئەحمەد، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٩٢).
- کەمال ئیبراهیم حەمەئەمین ئیسماعیل، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٩٣).

٢٨ى ئايار، ٢٣ى شەوال

بە پێی زانیاریی و بەڵگەنامە بەردەستەکان[3]، ڕۆژی یەکشەممە (٢٨ی ٥ی ١٩٨٩)ی زاینی، بەرانبەر بە (٢٣)ی شـەوالی سـاڵی (١٤٠٩)ی کۆچی، هەریەکە لەم سێ گەنجە بەیەکەوە گولەباران کران:

- فەرهاد موحەممەد ساڵح ئەحمەد، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٩٤).
- ئەمیر ڕەوف موحەممەد سور، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٩٥).
- سدیق ڕەوف عارف کەریم، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٩٦).

---

[1] - سەیری بەڵگەنامەکانی ژمارە (١٢) بکە.

[2] - سەیری بەڵگەنامەکانی ژمارە (٢٠) بکە.

[3] - سەیری بەڵگەنامەکانی ژمارە (١٤) بکە.

٣٠ی ئایار، ٢٥ی شەوال

بە پێی زانیاریی و بەڵگەنامە بەردەستەکان[1]، ڕۆژی سێشەممە (٣٠ی ٥ی ١٩٨٩)ی زاینی، بەرانبەر بە (٢٥)ی شەوالی ساڵی (١٤٠٩)ی کۆچی، ئەم سێ گەنجە لە هاوڕێکانی کەیوان کە دەبنە وەجبەی حەوتەم و کۆتایی، پێکەوە گولەباران کران:

- ئەحمەد فەرەج عەبدوڵڵا، ژمارە وەفاتنامە (١٢٢٦٩٧).
- عەبدوڵڵا قادر تەها ڕەزا، ژمارەی وەفاتنامە (١٢٢٦٩٨).
- جەلال ئەحمەد حەمەئەمین مەحمود، ژمارە وەفاتنامە (١٢٢٦٩٩).

پاش شەهیدکردنی هەر یەکێک لەم گەنجانە بەشێوەی گروپی سیان سیان یان چوار چوار پێکەوە بۆ هەر ڕۆژێک و بە حەوت وەجبە، بەڕێوەبەرایەتی ئەمن هەر ئەو ڕۆژە یان ڕۆژی دواتر تەرمەکانی بردووەتە دادپزیشکی سلێمانی، تا پاش تۆمارکردن و دروستکردنی وەفاتنامە بۆیان، بە هاوکاری شارەوانی و بە نهێنی بکرێن بە ژێر خۆڵەوە. بۆیە تەرمی هیچ یەکێک لە بیست و چوار شەهیدەکە ڕادەستی کەس و کاریان نەکرایەوە، بگرە هیچ کەسیش ئاگاداری ئەم تراژیدیایە نەبوو، دایک و باوک لە چاوەڕوانی تروسکایی هەواڵێک تا چارەنووسی ڕۆڵەکانیان بزانن، هێندک لە دایک و باوک و خانەوادەکان لە زیندانی شارەکانی باشوری عێراق سزاکەیان بەسەر دەبرد، کەچی بەعس و سەددامییەکانیش دڕندانە وەک مەڕی قوربانی لە کۆتایی مانگی چوارو بە درێژایی هەموو مانگی پێنجی ساڵی (١٩٨٩) سەرقاڵی گولەبارانکردنی ئەم گەنج و مێرمنالانە بوون.

بە وردبوونەوە لە لیستی ناوەکان و ساڵی لە دایکبوونیان، ئەم زانیارییانە جێگەی سەرنجن:

---

[1] - سەیری بەڵگەنامەکانی ژمارە (١٦) بکە.

١ـ لەناو هاوڕێکانی شەهید کەیواندا، چوار دوو برا دەستگیرکرابوون، کە تەنها یەکێک لە دوو براکان ئازاد بوو و ئەوانیتر پێکەوە شەهید کران، بەمجۆرە:

- (جەلال ئەحمەد حەمەئەمین) و (حەســەن ئەحمەد حەمەئەمین) دوو برا پێنجوێنییەکە، پێکەوە شەهیدکران.

- (دارا عوســـمان ئەحمەد عەبدوڵلا) و (عەلی عوســـمان ئەحمەد عەبدوڵلا) دوو برا پێکەوە شەهیدکران.

- (موحەممەد عەبدوڵلا فەتاح و (ئەحمەد عەبدوڵلا فەتاح) هەردوو برا هەورامییەکە، پێکەوە شەهیدکران.

- (کەمال ئیبراهیم حەمەئەمین) و (وریا ئیبراهیم حەمەئەمین)، برای یەکەمیان شـــەهید کراو دووەمیان ئازاد بوو، هەروەها (ســـەربەســـت عەبدوڵلا حەمە ئەمین)یش لەناو شەهیدەکاندا ئامۆزایان بوو.

٢- یانزە لە شـــەهیدەکان تەمەنیان لە خوار (هەژدە) ســـاڵیەوەیە، بەمجۆرە:

شەهید سەربەست عەبدوڵلا حەمەئەمین لە دایکبووی ساڵی (١٩٧٤) لەو ڕۆژەی شەهیدکرا تەمەنی تەنها (١٥) ساڵ بوو.

ئەم سێ شەهیدە: ئەحمەد عەبدوڵلا فەتاح، موسا حەمەڕەشید، یاسین ئەحمەد عەبدوڵلا، لە دایکبووی ســاڵی(١٩٧٣)ن و ڕۆژی شــەهیدکردنیان تەمەنیان تەنها (١٦ ساڵ) بووە.

هەروەها ئەم شـــەش شـــەهیدەی تر: موحەممەد عەبدوڵلا فەتاح، موحەممەد عەبدوڵلا موراد، کەیوان عەبدوڕەحمان ئەســـکەندەر، ئەکرەم ساڵح سۆفی حەسەن، عیرفان سەعید تۆفیق، کەمال ئیبراهیم حەمەئەمین، لەدایکبووی ســاڵی (١٩٧٢)ن و لە ڕۆژی شــەهیدکردنیاندا تەمەنیان تەنها (١٧ســـاڵ) بووە، هەروەها شـــەهید (عەبدوڵلا قادر تەها) لە دایکبووی مانگی (٩)ی ساڵی (١٩٧١)ە، کە شەهیدکراوە تەمەنی تەنها (حەڤدە) ساڵ و (چوار) مانگ بووە.

بەلام (١٤) لە شەهیدەکان تەمەنیان لەسەروو هەژدە ساڵەوە بووە لە نێوان (١٨ تا ٢٢) ساڵ، تەنها شەهید (خالید) تەمەنی (٣٣) ساڵ بووە کە بەتەمەنترینی ناو شەهیدەکانە.

٢. لە نووسراوێکی (نهێنی)دا کە ژمارە (ش/ ت / ١٤٣٤٨)ی ڕۆژی (٢٨ی ٥ی ١٩٨٩)ی لەسەرە[1]، ئەمنی سلێمانی کۆتا تەرمی سێ شەهیدی ئاراستەی داد پزیشکی سلێمانی کردووە بەمەبەستی دروستکردنی وەفاتنامە بۆیان، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو نووسراوەدا باس لەوە دەکات کە "ئەوان لارییان نیە کە تەرمەکان ڕادەستی کەس و کاریان بکرێتەوە بەمەبەستی بە خاکسپاردنیان!".

ئەو شەهیدانەی لەم نووسراوەدا کە ئەمنی سلێمانی لارینەبوونی خۆی پیشانداوە بۆ ڕادەستکردنی تەرمەکان بە کەس و کاریان، ئەم سێ شەهیدەن: (فەرهاد موحەممەد ساڵح ئەحمەد، ئەمیر ڕەوف موحەممەد سور، سدیق ڕەوف عارف کەریم)، پێدەچێت لەناو خۆیاندا بۆچوونیان گۆڕیبێت بەوەی پێویست ناکات بە نهێنی بکرێن بە ژێر خۆڵەوە، تەنها خوا دەزانێت ئەم ستەمکارانە مەبەستیان چی بووەو بۆچی بەمجۆرە مامەڵەیان کردووە؟ ئەگەرچی ئەو سێ تەرمەش تەسلیمی کەس و کاریان نەکرانەوەو تا ئێستاش خانەوادەی هەرسێ شەهیدەکە نازانن تەرمی کوڕەکانیان لە کوێیە!

بە زمانی بەڕۆژووەوە شەهیدیان کردن

ساڵی (١٩٨٩)، مانگی ڕەمەزان دەکەوتە سەرەتای مانگی چوار، لە ڕۆژی (حەوت)ی مانگی (چوار)ەوە دەستی پێکرد بۆ سەرەتای مانگی پێنج، بەو جۆرە ڕۆژی ٥ی ٥ی ١٩٨٩ یەکەم ڕۆژی جەژن بوو، لەو ڕۆژانەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا کەیوان و هاوڕێکانی وەک مانگەکانی

---

[1] - بۆ بینینی نووسراوەکە سەیری بەڵگەنامەی ژمارە (٢٣) بکە.

پێشــــووی ڕەمەزان لە ترۆپکی خواپەرســـــتی خۆیان بوون، بەڕۆژ بە ڕۆژوو دەبوون و بە شەویش نوێژی تەراویح و شـەونوێژیان بە کۆمەڵ دەکرد، شـــــەووڕۆژیان بە خوێندنی ئەو قورئانە بەســــــەردەبرد کە لە ســــنگیاندا هەڵیان گرتبوو، ئەوانەی قورئانیان نەدەزانی لای ئەوانە فێر دەبوون کە دەیـانزانی، ئەوانەی قورئـانیـان لەبەرنەبوو لای ئەوانە قورئانیان دەخوێند کە قورئانیان لەبەربوو، هەندێکیان ســــەرو دە بەش قورئـانیـان لەبەر بوو، هەنـدێکیـان کەمترو کەمتر، بۆیە ئەگەرچی قەدەغەبوو قورئانیان وەک (موصـحەف) لابێت، بەڵام قورئانەکەی سنگی هەندێکیان مانگی ڕەمەزان و مانگەکانی تری شــەوانی ئەســـارەتیان پێ بەڕێدەکرد.

کەیوان و هاوڕێکانی کە ســەرقاڵی خواپەرستی زیاتر بوون لە مانگی ڕەمەزاندا، فەرمانگەی ئەمن و جەلادەکانیش ســـــەرقاڵی دانانی پیلان و بەرنـامەی خۆیـانبوون بۆ جێبەجێکردنی بڕیـاری جەلادێکی وەک عەلی کیمیایی، کە تەنها ئەوەندە ئیسـلام بوون تا جیهانی عەرەبی و ئیسـلامی و خەڵکی گەمژەی ناوخۆی وڵاتی پێ بخەڵەتێنن، بۆیە لە کۆتایی مـانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا دەسـتیان کرد بە لە سـێدارەدانی گەنجەکان، ڕێگەیان نەدا زیکرو ویردو ڕۆژووەکەیان بگەیەننە کۆتایی و جەژنی سـەرکەوتنی ئەو مانگە پیرۆزە بگێڕن پێکەوە با لە زیندانیشدا بێت.

لە ڕۆژی (٣٠ی ٤ی ١٩٨٩)، کە دەیکردە ڕۆژی (٢٤)هەمینی مـانگی پیرۆزی ڕەمەزانی ئەو ساڵە، هاتن بە زمانی بەڕۆژووەوە (کەیوان و داراو ئەکرەم و یوســـــف)یـان بردە دەرەوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیـارە نەگریســـەکەیان، بردنیان لە دەشـتێکدا، لاپاڵێکدا، دۆڵێکی نزیک سـلێمانی، من نازانم خوا هەر خۆی دەزانێت کوێ بوو، لەوێ گولەبارانیانکردن.

من و تۆ ئەی خوێنەری ئەزیز نازانین دۆخەکە چۆن بوو، تەنها خوای گەورەو ئەو چەند جەلادەی کە ڕووی چەکەکانیان کردبوویە کەیوان و هـاوڕێکانی و ئامـادەی فەرمـان بوون دەزانن، بەڵام دەکرێت ئەو کاتەی

یەکەم فیشـەک سـەرسـنگی کەیوانی هەڵتەکاندووە ئەو هێشـتا لە نیوەی سـەڵاواتێکدا بوو بێت (اللهم صـلی علی محمد)، یان لە گوتنی شـایەتیدانی کۆتایی تەواو نەبووبێت، (الشـــهد ان لا اله الا الله و ان ....)، دەکرێت دارا لەو کـاتەدا کە لە پـارشـــێوەوە هیچی نەخواردووەو قورگی وشـــک بووەتەوە، لەو کـاتەدا خەریکی ڕازو نیـاز بووبێـت لەگەڵ خوای خۆی، دەکرێت ئەکرەم بە دەنگی بەرز (الله اکبر)ی کردبێت، من و تۆی خوێنەر نازانین، بەڵام جەلادەکان هەر بیریان لای کارەکەی خۆیان بوو، ئەمانە هیچ بەلایانەوە گرنگ نەبوو، گرنگ ئەوەبوو کەی جەسـتەی ئەم گەنجانە سـارد دەکەنەوە، کەی کۆتایی بە لافاوی تورەییان دەهێنن، کەی کۆتایی بە هەر بیست و چوار گەنجەکە دەهێنن و کۆتا ڕاپۆرت بۆ سەرو خۆیان بەرز دەکەنەوە بۆ ئەوەی خەڵات و دیارییەکەیان وەربگرن، خەڵاتی ئەم قارەمانێتیەی بۆ سەددام و بەعس و شۆڕشە ڕەشەکەیانیان نواند.

ئاااای خوایەگیان لەم دوو ڕۆحە چەند دوورن لە یەک، چەند نامۆن بە یەک، ڕۆحێک بۆ دین و نیشـــتیمـان و وڵات دەمرێت، ڕۆحێکیش لێدەدات بۆ ئەوەی عەلی کیمیـایی دڵخۆش بکـات! ڕۆحێک خوا لە خۆی ڕازی دەکات و ڕۆحێکیش لە ژیاندایەو دەژی تا ســـەددامەکان پێی بڵێن (عفیە، بارک اللـە)، ڕۆحێک لە پێناو ئازادی گەلەکەیدا دەجەنگێت و بۆ ســـاتێکیش وەنەوز نـادات، ڕۆحێکیش هەموو ڕۆژێک کۆیلایەتی خۆی دووپـاتدەکـاتەوە بۆ دوو دینـارو دوو پلەو پۆســــت! دوو ڕۆحی زۆر دوورن لە یەک، دوو دونیای زۆر دوورن لەیەک زۆر، دوو جیهانی تەواو نامۆن بە یەک، هەرگیز بەیەک ناگەن، هیچ شتێکیان لەیەک ناچێ.

بەڵێ کەیوان و ئەکرەم و داراو یوســــف لە کۆتایی مانگی ڕەمەزانی سـاڵی (١٩٨٩) شـەهیدکران و ڕۆحی پاکیان گەڕایەوە لای خوای گەورەو خزمەتی پێغەمبەران و پیاوچاکان و شــــەهیدان، ئەی ڕۆژانی داهاتوو، سەرەی کێیە؟ کێیتر دەکەوێتە بەر نەفرەتی ئەم دووکەڵە شێتانەیە؟

چیرۆکی پێش "گولەبارانکردن" لە زمانی شایەتحاڵێکەوە

بە درێژایی خزمەتی لەناو سوپای عێراقدا، م.نوری فارس حەمەخان ئاگاداری چیرۆکی لە سێدارەدان و گولەبارانکردنی سەدان بێتاوانە، خۆی ئامادە بووە لەکاتی ڕووداوەکاندا، هیچ کەس وەک ئەو ڕاستگۆیانە چیرۆکەکانی نەگێڕاوەتەوەو شانۆی ئەو تاوانە گەورانەی بۆ خوێنەری کورد نەگواستووەتەوە، لەو بارەیەوە گێڕانەوەی چیرۆکەکە دەدەمە دەست خامەی (م.نوری فارس) تا وێنەیەکی ڕاستەقینەی چیرۆکەکەمان بۆ بکێشێت، ئەو بۆمان دەگێڕێتەوە: لەسەردەمی ئەم بەعسە خوێنمژەدا هیچ شتێک هێندەی لە سێدارەدان ئاسان نەبوو، لەم دواییانەدا هەموو لایەنێک، سەرباز، پۆلیس، حزب، مافی لە سێدارەنی خەڵکیان هەبوو! هەر لایەنێک بە مەرجی خۆی، تەنانەت لە هەموو مەڵبەندی پارێزگایەکدا (ئەمین سر)ی حزب لەو شارە (واتە: کەسی یەکەمی حزبی بەعس لە شار) دەسەڵاتی ئەوەی پێدرابوو دادگای شۆڕش دابمەزرێنێ و سزای لە سێدارەدان جێبەجێ بکات، بەتایبەت ئەگەر تۆمەتەکە پەیوەندی بە پرسی (کورد)ەوە هەبێت، یان پەیوەندی بە شەڕی ئێران و عیراقەوە هەبووایە، یان دژی حزبی بەعس، یان وێنەیەکی سەددام بدڕێنرایە، تۆزێک ئەم بابەتە ڕووندەکەینەوە، چونکە بایەخێکی مێژوویی هەیەو کەم کەس دەیزانێت:

پاشئەوەی لایەنی بەرپرس بڕیاری لە سێدارەدانی کەسێک یان کۆمەڵێکی دەدا، ئەوا جێبەجێکردنی کرداری لەسێدارەدانەکە بە دوو جۆر بوو:

یەکەم/ نهێنی بوو: وەک ئەو هەمووە خەڵکەی کورد، لە خەڵکی گوندو شارە دێکان و شارەکان کە لە بیابانی سنوری عەرەبستانی خوارووی عێراقدا زیندەبەچاڵکران، لەم لایەنەوە ستافی لەسێدارەدان و تیپی مردن لە ژمارە نەدەهاتن، مەگەر خوا بزانێت چەند هەزار کەس بەبێتاوان لە ژن و منداڵ و گەنج و پیر، کوڕو کچ، بەتایبەتی کوردی سیڤیلی بێ

چەک، لە سێدارە دران و بێسەروشێن کران، ئیتر یان لەناو گۆڕی بە کۆمەڵدا، یان لاشەکانیان دەدان بە شێرو پڵنگی باخچەکان، پێش لە سێدارەدان زۆرێک لە ئەندامانی جەستەیان دەردەهێنان و دەیانفرۆشتن، هەموو دایک و باوکیان لە سێدارە دەدان، یان زنیدە بەچاڵیان دەکردن.

دووەمیان/ بە ئاشکرا: ئەمەیان بۆ چاوترساندن و تۆقاندن بوو لەسەر ئەم دوو شێوازە:

- زۆرجار لە مەیدانی ڕەمیکردن و یاریگاو کۆڵان و یانەو سەیرانگاکان و باخە گشتییەکاندا، دە دە و بیست بیست و سی سی، لە ئۆتۆمبیلێکی قەپاتدا مەلاکە شایەتومانی پێدەهێنان، ئەوجا هەر لەوێدا بە بەرچاوی جەماوەرێکی زۆرەوە لە خەڵکی ناوچەکە، بە ئاشکرا، بە دەهۆڵ و زوڕناو شایی و لۆغان و گۆرانی و هەڵپەڕکێ و دروشم کێشان بە ژیانی سەددام حسێندا، کرداری لە سێدارەدانەکە جێبەجێ دەکرا!

ئەمە لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا جێبەجێ دەکرا، بە نووسراوی فەرمی کوێخاو بەڕێوەبەری ناحیەو فەرمانگەکانی میریی ئاگادار دەکرانەوە کە جەماوەر لە ڕۆژو کات و شوێنی دیاریکراودا ئامادەبن، بۆ "ئاهەنگ"ی لە "سێدارەدان"ی کۆمەڵێک "ترسنۆک" کە لە (قادسیەی سەددام)[1]دا هەڵهاتوون، جا تۆی بەڕێز کە بە چاوی خۆت ئەمەت نەبینیوە و بڕوای پێناکەیت، حەقتە، بەڵام منی داماو کە بەچاوی خۆم ئەمجۆرە شانۆگەرییانەم بینیوە، وە بە گوێی خۆم بیستوومە، سەرم سوڕماوە کە چۆن ماوم؟

---

[1] - ڕژێمی بەعس، شەڕی هەشت ساڵەی (عێراق - ئێران)ی ناونابوو (قادسیەی سەددام)، وڵاتی ئێرانیش ناوی نابوو (جەنگی بەرگریی پیرۆز)، شەڕەکە لە مانگی (٩)ی ساڵی (١٩٨٠) دەستیپێکردو لە مانگی (٨)ی ساڵی (١٩٨٨) کۆتاییهات، بە درێژترین ناکۆکی سەربازیی سەدەی بیست ئەژمار دەکرێت، بە ملیۆنان هاووڵاتی سەربازی و مەدەنی لەو شەڕەدا بوونە قوربانی و ملیارەها دۆلار زیانی ماددیشی بە هەردوو وڵات گەیاند.

ڕۆژێـک پێش جێبەجێکردنی لە سـێـدارەدانەکە، مەزبەتەیەکی جێبەجێکردنی لە سێدارەدان ساز دەکرا، لە کاتێکی تایبەتدا، لە جێگەیەکی تایبەتدا، ئەم کەســانە کۆ دەبوونەوە: داواکاری گشــتی و دادوەرەکەو ئەندامەکانی دادگاکە، لەگەڵ پیاوێکی ئاینی، لەگەڵ کەسی سزادراو بە لە ســێدارەدان کۆ دەبوونەوە، داواکاری گشــتی و ئەندامانی دادگاکە بە کەسی سزادراویان دەگوت: "شتێکت لایە کە خزمەتی عەدالەتی پێبکەیت! وە داوای سۆزو بەزەیی بکە لە سەرۆک سەددام تا مووچەی خانەنشینی بۆ منداڵەکانت ببڕێتەوە!"(دیارە ئەمەی مامۆسـتا باسـی دەکات زیاتر بۆ ئەو کەسانە بووە کە بە تۆمەتی هەڵهاتن لە سەربازی دەستگیردەکران و لە سێدارە دەدران- نووسەر).

وە لەو ماوەیەدا لە سـێدارەدراو بۆی هەبوو چاوی بە کەس و کارو ژن و منداڵی خۆی بکەوێت، وە کەس و کارەکەی لەگەڵ پیاوە ئاینییەکەدا دادەنیشـتن، وە ماوەی دوو سـەعاتێک کەس و کارەکەی و سـزادراوەکە بە تەنها دادەنیشـتن، ئەگەر سـزادراوەکە وەسـیەتێکی هەبووایە مەلاکەیان بانگ دەکرد وەســیەتەکەی دەنووســییەوە و لەلای خۆی دایدەنا، کاتێک کۆتـایی چـاوپێکەوتنی کەس وکـاری دەهـات، مەلاکەو دەســـتەی لە سێدارەدان و سەرۆکی دادگاو ئەندامەکانی و نوێنەری فەیلەق و نوێنەری ئەمنی فەیلەق و فەرماندەی یەکە ســەربازییەکەی و کەســی ســزادراو ئـامـادە دەبوون، وەســـیەتنـامەکەیـان واژوو دەکردو ڕادەســـتی پیـاوە ئاینییەکەیان دەکرد، هەتا لە کاتی پێویســتدا ڕادەســتی کەس و کاری لە ســـێدارەدراوەکەی بکـات، وە چەنـد وێنەیەکیـان لەم وەســـیەتنـامەیە دەگرتەوەو هەر وێنەیەکی ڕادەســـتی لایەنی تایبەت دەکرا، وێنەی لای مەلاکەش بە نووسراوی فەرمی ڕادەستی کەس و کارەکەی دەکرا، کاتێک نووســـراویان لە ئەمنی فەیلەقەوە دەهێنا، دوای ئەوە کە دەیانزانی کە وەسیەتنامەکە زیانی بۆ (سەددام حسێن) و ڕژێمەکەی نییە، وە مەلاکەش نووسراوەکەی لە قاسەدا هەڵدەگرت، نەوەک بڵێن: "کوا وەسیەتنامەکە؟".

جا پاش ئەم بیست و چوار سەعاتە، ئەم کردارانە بۆ سزادراوەکە لە شوێنی لە سێدارەدانەکە ئامادە دەکراو دیسان مەلاکە شایەتومانی پێدەهێناو پاشان لە سێدارە دەدرا!

م.نوری بەردەوامە لە گێڕانەوەکانی: جارێکیان لە کاتی لە سێدارەداندا بە سزادراوێکیان گوت: "لە کاتی سەرەمەرگدا جنێو بە سەددام حسێن مەدە، ئەو گوتی: "من لە کاتی وا پیرۆزدا زمانی خۆم بە شتی پیسی وەک ناوی ئەوەوە خەریک ناکەم، خودا دەکات هەتا کۆتا هەناسەم ناوی خودا لەسەر زمانم دەبێت، ئیتر هیچی ترم ناوێت". سبحان الله، کاتێک دەستدرێژیان لێکرد، پزیشکەکە پاش نزیکەی دوو دەقیقە چوو پشکنی، گوتی: "هێشتا ڕۆحی تێدا ماوە"، دوایی بە دەنگێکی بەرزی بیستراو کە هەموومان گوێمان لێبوو گوتی: " اللـه"، پاش گوتنی ئەو وشەیە پزیشکەکە پکشنینی بۆ کردەوە، گوتی: "ئێستا ڕۆحی تێدا نەماوە"!.

بە ڕاستی کۆمەڵێک شتی زۆر دەگمەنی ئەو لە سێدارەدراوانەم بەچاوی خۆم بینیوە لە دەفتەرە شرێکدا زۆرێکیانم تۆمار کرد، بەڵام جێگەی داخە زۆرێک لەو شتانەم بەهۆی پیریی و تەمەنەوە لە بیر نەماوە.

مەڕاسیمە دۆزەخییەکان!

م.نوری فارس حەمەخان، وەک شایەتحاڵێک کە شایەتحاڵی بینینی دەیان و سەدان پرۆسەی لە سێدارەدان بووە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بەعسدا، دەگێڕێتەوە: لە پێشدا دەستەیەک لە ئینزیباتەکان کۆڵەکەکانیان ئامادە دەکرد، لە شوێنێکی وادا کە مەرج و پێداویستییەکانی تێدا بێت، ئەگەر کردارەکە نهێنی بووایە، ئەوا لە کەرکوک دەیانبردن بۆ مەیدانی گولەبارانکردنی (یاروەلی) کە شوێنەکە دەکەوتە دەروازەی شاری کەرکوک ئەگەر لە چەمچەماڵەوە بچیت بۆ کەرکورک، واتە لە ڕۆژهەڵاتی کەرکوکەوە کۆتاییەکەی دەچێتەوە سەر باروتخانە، زنجیرە شاخ و یاڵ

و تەپۆڵکەو تـاوێرێکە دەڵێی خوا بۆ ئەوەی دانـاوە، لە چواردەوری مەیدانی گولەبارانکردنەکە پاســەوانی توند (حراســة مشــددة) بڵاو دەبوونەوە، نەوەک کۆمەڵێـک چەکـدار پەلامـاریـان بـدەن و دەســتێ بووەشێنن و سزادراوەکان بە لە سێدارەدان ڕزگار بکەن، بەڵام لەم دوا دواییانەدا لەبەر ئەوەی کە پاسەوانی تەواویان بۆ نەدەکرا بەهۆی شەڕی ئێران و عێراق و کەمبوونەوەی ســەربازەوە، شــوێنی جێبەجێکردنی پرۆســەی لە ســێدارەدانەکە نەدەزانرا، بەس خۆیان دەیانزانی، بگرە لەم دواییانەدا گرنگ ئەوەبوو کابرا لە ســێدارە بدرێت، ئیتر زۆرجار لە ناو حەوشەی سریەی ئینزیباتدا لە ناو شارا کردارەکە جێبەجێدەکرا!

کاتێک سزادراوەکانیان دەهێنا، پاسەوانی پڕ چەکیان لەگەڵدابوون، لە ئۆتۆمبیلی گولە نەبڕدا دەیـانهێنـان، کـاتێـک کـاروانەکە دەکەوتەڕێ بۆ گۆڕەپانی گولەبارانکردنەکە، ڕێک لە کەژاوەی بووکیان دەکرد، زۆرجار ئەمبولانســەکە پزیشــک و ئیمام و مەفرەزە پزیشــکییەکەی تێدابوو، هۆڕنێنێکی تایبەتیان لێدەدا تا ڕێگەیان بۆ چۆڵ بکرێت!

شـایەتحاڵ کە لە سـوپادا بە (ئەبو سـەلاح) ناسـرابوو، بەردەوامە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەو دەڵێت: لە شــوێنێکی پەنادا لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا دووبـارە مەڕاســیمی دینی جێبەجێدەکرایەوە، وەک شــایەتومـان و تەوبەکردن و نوێژی ســەرە مەرگ و ئاو پێدان و گەردن ئازادی، جاری وا هەبوو لە سێدارە دراوەکان لەناو خۆشیاندا گەردن ئازادییان لەیەکتر دەکرد، هەیـانبوو دەیگوت خێرم بۆ بکەن، قوربـانیم بۆ بکەن، هەیـانبوو دەیگوت: "ئەمشــەو گورچیلەیـان دەرهێنـاوم یـان خوێنێکی زۆریـان لێگرتووم".

ئەم لە ســێدارە دراوانە هەیانبوو زۆر بە ورە بوو، هەشـیانبوو زۆر ترساو بوو، هەبوو هەر یادی خوای دەکرد تا گیانی دەردەچوو، هەیانبوو هەر جنێوی دەدا بە بەعس و ڕژێم و سـەددام، خەڵکەکە لەلای خۆیانەوە

موچرکە بە گیانیاندا دەهات کە ئەمانە چۆن ناترسن لە سەددام و سەگ و گورگەکانی!

هەندێکیتر دروشـــمیان لە دژی ڕژێم دەگوتەوە، بە گوێی خۆم ئەم دروشـمانەم گوێ لێبووە: "دەمرم بە شـەهیدی، سـەددامی فاشـیسـتیش دەمرێت، دەمرم بە شـــەهیدی، ســـەددامی فاشـــیش دەمرێت بە نەفرەت لێکراوی لەلایەن هەموو گەلی عێراقەوە، بژی عیراق، تیـابچێـت تـاقمی فاشیستی تکریتی".

هەندێک لەم لە سێدارەدراوانە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ئەوەندەیان ئازارو ئەشـــکەنجە درابوو، گێڕو گەوج بوو بوون، دەســـت و پێیان شـــکا بوو، هەیانبوو چاوی کوێر بوو بوو، هەبوو بە شـــەلە شـــەل دەگەیشـــتە بەر کۆڵەکەی لە سـێدارەدانەکە، هەبوو بە هەڵگرتن دەیانبرد، هەبوو دەسـتی خۆی، یان قاچی خۆی، یان چاوی خۆی پیشـــــانی جەماوەرەکە دەداو هاواریدەکرد لە خەڵکەکەو دەیگوت: "چاوم وەک چاوی ئێوە ســـاغ بوو، بەڵام لە ژێر ئازارو ئەشـکەنجەی ئەم سـتەمکارانەدا ئاوام لێهاتووە، ئێوە شـوورەیی ناکەن، شـەرم لە خوا ناکەن، باسی ئەم ڕژێمە دڕندە خوێنمژە دەکەن؟ دەک داوەشـێن کە بوون بە کوتەکی دەسـتی ئەم ڕژێمە دڕندەیە بۆ چەوســـانەوەی گەلی خۆتان، هاوارە بۆ تۆ خواااااا!، هاواااااار بۆ تۆ خوا".

جا لەســـەر ئەم بارودۆخە ســـزادراوەکانیان دەهێنا، پیش و دوایان ئینزیبات و ئەمنی فەیلەق بوون، ئاگریان لێدەباریی، مرۆڤ نەیدەوێرا فزە بکات، ئینجا بە پەت و حەبلی ئەستور دەیان بەستنەوە بە کۆڵەکەکانەوە کە لە داری چنار دروسـت کرابوون، دارەکان نزیکەی مەترێک خرابوونە ناو زەوییەوە، لە پەنجەی پێیانەوە تا تەوقی سەریان بە حەبل و گوریس و پەت، توند توند شـەتەک دەدران لەگەڵ کۆڵەکەکە، دەستیان لە پشتەوە دەبەسترا، تورەکەیەکی ڕەش دەکرایە سەریان، چاویان بەسترابوویەوە.

هەبوو جل و بەرگی دەرەوەی لەبەردا بوو، هەبوو بە بیجامەو جلی خەوەوە لە سـێدارە دەدرا، جا لەم کاتانەدا سـزادراوەکان چەند کەس بوونایە هەر یەکەیان شـەش سـەرباز بە تفەنگ دەسـترێژی لێدەکردن، واتە هەر سـزادراوێک شـەش سـەرباز دەسـترێژی لێدەکرد، هەریەکەی سـی و شـەش گولەی پێوە دەنا، واتە هەر کەسـێک دوو سـەدو شـانزە گولەی ئاراستە دەکرا، دەبوو ماوەی نێوان کەسە گولەبارانکراوەکەو ئەو سـەربازانەی دەسـترێژیان دەکرد، تەنها شـەش مەتر بێت، نە زیادو نە کەم!

بە پێی ڕێنمایی ڕەچاوکراوو بە پێی هەڵوێسـت لەوێ پزیشـک و مەفرەزەی پزیشـکی ئامادە دەبوون، جا کاتێک فەرماندەی دەسـترێژ کە هەمیشـە ئەفسـەرێک بوو دەیگوت ئیرمی (واتە تەقە بکەن)، ئیتر هەر سـەربازێک لەلای خۆیەوە دەسـترێژی دەکرد لە کوژراوی خۆی، وەک گوتمان لە پێشدا داواکاری گشتی دەست دەکات بە خوێندنەوەی لائیحەی تاوانبارکردن و بڕیارەکەی دادگا، جا کە دەگاتە سـەر ئەو ڕسـتەیەی کە دەڵێت (دادگای شـۆڕش بڕیاریدا) یان (دادگای چوار بڕیاریدا بە لە سـێدارەدانی فلان کەس بە گولەبارانکردن)، ئیتر یەکسـەر ئەفسـەری فەرماندەی دەسترێژ بەسەربازەکان دەڵێت (دەسترێژ)، سەربازەکان لەو کاتانەدا پەنجەیان لەسـەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیانەو لەسـەر چۆک دانیشتوون و ئامادەن بۆ تەقەکردن، یەکسەر دەست دەکەن بە تەقەکردن، جا پاش تەواوبوونی دەسـترێژ، سـەربازەکان هەموویان هەڵدەسـتنەوە سـەرپێو لە حـاڵەتی (وچـان)دا ڕادەوەسـتن و تفەنگەکـانیـان لەلای ڕاستیانەوە قۆناغەکەی لەسەر زەوی دادەنێن و ڕەق دەوەستن!

ئینجا پاش کەمێک، فەرماندەکە فەرماندەکات بە پزیشـکەکە یەکە یەکە پشـکنینیان بۆ بکات، هەتا بزانێت گیانیان دەرچووە یا نا! ئەوسـا مەفرەزە پزیشـکییەکەو پزیشـکەکە کێردی گا سـەربڕینیان پێیە، گوریس و پەتەکان دەبڕن و گولەبارانکراوەکان لە پەتەکان دەکەنەوەو پزیشکەکە بە بیسەرە

پزیشـکییەکەی پشـکنین بۆ لێدانی دڵی یەک بە یەکی لەسـێدارەدراوەکان دەکات، بڕیار دەدات سزادراوەکان مردوون یان نا!

سـەیر لەوەدایە کە هەندێکجار زۆر سـەیر تاماوەیەکی زۆر هەندێکیان گیانیان دەرناچێ، یان هەیانە یەک گولەی بەر نەکەوتووە، بۆ خۆی قسـە دەکات و دەڵێت: "بەخوا من بەریم، بەخوا من بێتاوانم، کورە مەمکوژن بەخوا من بێتاوانم، بەڵگە لەمە گەورەتر کە ئەم هەموو فیشـەکانەم پێوە نراوە سـاغ و سـەلامەتم وەک ئێوەو بەرنەکەوتووم!"، بەڵام دڕندەیی بەعس شتی وا نازانێت!

ئیتر ئەو ئەمنە پیسـانە بە کلاشـینکۆف بەردەبوونە ئەو لاشـانە، بە گولە ونجڕ ونجڕیان دەکردن بەناوی ئەوەی هێشـتا گیانی تێدا ماوە، جارێکیان بە چاوی خۆم دیم ک پۆلیسـێکی کوردیان لەناو کۆمپانیای نەوتەکەی کەرکوک لەسێدارە دا، ئەمنێک بە دەسـتڕێژ لاشـەکەی کرد بە دوو لەتەوە!

پزیشکی جەللاد!

تەنها ئەفسـەرو سـەربازییەکانی بەعس دڕندە نەبوون، بەڵکو سـنوری دڕندەیی بەعسـییەکان جاری وا هەبوو دەگەیشـتە تەنانەت پیشـەیەکی مرۆڤانەی وەک "پزیشـک"یش، لەو بارەیەوە م.نوری فارس باس لە پزیشـکێکی جەللاد دەکات و دەگێڕێتەوە: ئەفسـەرێکی پزیشـک هەبوو لە نەخۆشـخانەی کەرکوکی سـەربازیی کە پلەکەی مولازم بوو، تازە دەرچوو بوو لە کۆلێج، ناوی (مولازمی پزیشـک: مەحمود) بوو، خەڵکی موسـڵ بوو، هەموو جارێک ئەگەر خەفەریش نەبووایە خۆی دەچوو واسـیتەی دەکرد تا خۆی بچێ بەشـداری ئەم "مەراسـیمە دۆزەخیانە" بکات، ئەو سـەگبابە ئەگەر لە سـێدارە دراوێک پاش پکشـنین بۆی گیانی دەرنەچووبـایە، خۆی بە دەمـانچەکەی خۆی گولەی "ڕەحمەت"ی پێوە دەنا!

جا بۆ ئەوەی کەسی لە سێدارەدراو نەگۆڕێت و کەسێکیتر لە شوێنی ئەو لە سێدارە نەدرێت، دەستەی لە سێدارەدانەکە و ئەمنی ناوچەکەو دائیرەی ئینزیبات کە ئەوان سەرپەرشتی جێبەجێکردنی لە سێدارەدانەکەیان دەکرد، یەکی سەرو مۆری نهێنی خۆیان لە سزادراوەکە دەدا، زۆرجار وێنەی زۆریان دەگرت، ئەوسا لە پاش جێبەجێکردنی لە سێدارەدان و پشکنینی پزیشکی تەرمەکان و بڕیاردانی گیان دەرچوونیان لەلایەن پزیشکەوە سەرلەنوێ لیژنەیەکی تایبەت لە ئەمنی تایبەت دەهات، لەگەڵ تۆمارەکەی لای خۆیان بەراوردیان دەکرد، ئەوسا بڕیاری کۆتاییان دەدا بە مردن!

جا من ئەم سەگبابییەی مولازم مەحمودم بەناو نەخۆشخانەدا بڵاو کردەوە، فەرماندەکەمان پێی زانی، فەرماندەکەمان حزبییەکی پلە بەرز بوو، ناوی (حەسەن) بوو، بێجگە لەوەی پزیشک بوو، پلە سەربازییەکەشی (عەمید) بوو، شەووڕۆژ سەرخۆش بوو، منی بانگ کرد، سوێندی دام کە شتەکە ڕاستە، گوتم: "جا سوێندی بۆ چیە، مولازم مەحمود خۆی بانگ بکەو لێی بپرسە، ئەو خۆی شانازی دەکات بە کارەکەیەوە"، فەرماندەکەمان گوتی: "شتی وا عەقڵ نایبڕێت، چۆن پزیشک خۆی بە دەمانچە گولە دەنێت بە سزادراوەوە!"، مولازم (مەحمود)ی بانگ کرد، فەرماندەکەمان پێی گوت: "دانیشە"، بەخێرهاتنی کردو چایەکی بۆ بانگکردو گوتی: "چۆنی لەگەڵ پرۆسەی لە سێدارەدانەکاندا؟ بیستوومە چالاکی باشت هەیە لەم لایەنەوە؟"، مولازم مەحمود گوتی: "بەڵێ، بەخوا ڕۆحیشیان دەرچوووبێت هەر حەز دەکەم خۆم بەم دەمانچەیەی خۆم، بەناوی تەڵقەی ڕەحمەوە، یەک دوو فیشەکیان پێوە بنێم! ئەوە ئیمام دەزانێت"، ڕوویکردە من و گوتی: "ئەبو سەلاح، وا نییە؟" منیش گوتم: "با، وایە"، کە مولازم مەحمود ڕۆیشت، فەرماندەکەمان یاریدەدەری نەخۆشخانەی بانگکردوو پێی گوت: "نووسراوێکمان بۆ هاتووە تا دوو پزیشک بنێرین بۆ بەرەی جەنگ، هەر

ئەمڕۆ ئەم سەگبابە(واتە مولازم مەحمود) پێش تەواو بوونم لە دەوام نووسراوی گواستنەوەکەی بدەرە دەستی، ئەمە پزیشک نییە، پزیشک دەبێت مرۆڤ پەروەر بێت، ئەمە جەللادە جەللادا!".

"لە پێشچاوی دایک و باوکی لە سێدارەیان دا"

ئەبو سەلاح، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەگێڕێتەوە: بەچاوی خۆم بینیم کە سەربازێکی منداڵکاریی تورکمانیان لەپێشچاوی باوک و دایک و خوشک و برا بچوکەکەی لە بەردەمی ماڵی خۆیاندا لە گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکوک گولەبارانکرد، باوکەکەی ئەفسەر بوو لە سوپادا بە پلەی (نائیب زابت)، هەموو تۆمەتی ئەم کوڕە منداڵکارە ئەوەبوو کە لە کاتی جەنگی عێراق ئێراندا بوو بوویە سەربازی خۆبەخش لە لیوای کۆمارییداو هەڵهاتبوو! ئەم کوڕە منداڵکارە بە (مۆڵەت) گەڕابوویەوە ماڵەوەو ئیتر نەگەڕابوویەوە بۆ ئەرک و وەزیفەکەی لە فەوجەکەی، تەمەنی نزیکەی هەژدە ساڵ دەبوو، منداڵ بوو، شەڕی نەدیبوو، ترسابوو، ئیتر هەڵهاتبوو لە سەربازیی.

چیرۆکی دەستگیرکردن و لە سێدارەدانی ئەو کوڕە منداڵکارە بەمجۆرە بوو: عەسرێک لەگەڵ باوکیدا بە ئۆتۆمبێل دەردەچن بۆ کارێک، بە ڕێکەوت ئۆتۆمبیلەکەیان لە نزیک چەکی خاسەی کەرکوک پەکی دەکەوێت، شوێنەکە کەمێک چۆڵ دەبێت و کاتەکەش دەبێتە ئێوارەیەکی درەنگ، بە ڕێکەوت مەفرەزەیەکی ئینزیبات کە بە شوێن (سەربازی هەڵهاتوو)دا دەگەڕێن، لەوێوە تێدەپەڕن، لەلایان دەوەستن و پێیان دەڵێن: "یارمەتیتان ناوێت؟ بەم درەنگ وەختە لەم چۆڵەوانیەدا چی دەکەن؟"، باوکی کوڕەکە دەڵێت: "منیش سەربازم وەک ئێوەو نائیب زابتم، ئۆتۆمبیلەکەمان پەکی کەوتووە". ئەوانیش دادەبەزن هەتا بزانن ئۆتۆمبیلەکە چییەتی؟ قسەیەک لەم و قسەیەک لەو، دەڵێن: "ئەی ئەم منداڵە ئیشی چییە؟"، باوکی دەڵێت: "قوتابییە"، کاتێک لە منداڵەکە

دەپرسن: "لە چ قوتابخانەیەکی و پۆلی چەندی؟"، ئەو ئاگای لەوە نابێت کە باوکی گوتوویەتی قوتابییە، لەبەرئەوە دەڵێت: "قوتابی نیم، دوکانمان هەیە"، مەفرەزەکە لێیان دەکەونە گومانەوەو داوای ناسنامەیان لێدەکەن، دەردەکەوێت کورەمنداڵکارەکە سەربازی هەڵهاتووە، ئیتر لەبەرئەوەی دامەزراندنی لیواکەیان نوێ دەبێت، بە زوویی دادگاییەکی رووکەشی کورەکە دەکەن، بۆ چاوترساندن و زەبرو زەنگ نواندن زوو بە زوو بە ئاشکرا بەو جۆرەی باسم کردو خۆم بینیم کورە منداڵکارەکەیان گولەباران کرد!

ئەگەرچی من تورکمانی نازانم، بەڵام کورە منداڵکارە سەربازەکە کە یەکەم گولەی بەرکەوت، هاواری لێ هەستاو گوتی: " ئاخ بە بەم باشەم!" واتە ئای باوە سەرم! ئیتر یەکسەر باوکەکەی بوورایەوەو بە نەقاڵە فڕاندیان بۆ نەخۆشخانە، من بێجگە لەوەی خۆم بەچاوی خۆم گولەبارانکردنەکەم بینی، دواییش باوکەکەی ئەم وردەکارییەی بۆ باسکردم!

گێڕانەوەکانی م.نوری فارس لێرەداو لەم بابەتەدا کۆتایی پێدەهێنین، بەڵام گرنگە بزانین ئەم شایەتحاڵە ئەو رووداوانەی بینیون کە زیاتر پەیوەندیدارن بەو لەسێدارەدانانەوە کە پەیوەندییان بە (سوپا)وە هەبووە، مەرج نییە کەیوان و هاوڕێکانی یان ئەوانەی ئەمن لە سلێمانی لە سێدارەی داون بە هەمانشێواز شەهیدیان کردبن، واتە: مەرج نییە ئەو رێوشوێنانە گیرابنەبەر کە لە لەسێدارەدانی ئەو کەسانەدا دەگیرایە بەر کە سەرباز بوون، بەڵام وێنە وەحشیانەکە لەهەردوو حاڵەکەدا نزیکە لە یەکەوە.

دەگەڕێینەوە سەر چیرۆکەکەی کەیوان و هاوڕێکانی و بەردەوامی لە گێڕانەوەی رووداوە گەورەکەی کۆتایی ساڵی (١٩٨٨)و سەرەتای ساڵی (١٩٨٩).

(٧٧)

مام عوسمان، چۆن هەواڵی شەهیدبوونی داراو عەلی کوڕی پێگەیشت؟

پاش بەسەربردنی شەش مانگ زیندانی، خانەوادەی مام عوسمان هێنرانەوە بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی ئازادبکرێن، لەو کاتەی هێنرانەوە بۆ ئەمنی سلێمانی، پرسیاری کوڕەکانیان لە ئەمنی سلێمانی کرد، لەوێ ئەفسەرێک تۆمارێک دەهێنێت، دەگەڕێت بەدوای ناوی دوو براکەدا (عەلی و دارا)، بە مام عوسمان دەڵێت: "حاجی ئەم کوڕەی تۆ جاسووسی ئێران بووە، ئیشی بۆ بەکرێگیراوان کردووە، بۆیە ئێمە بە بڕیاری شۆڕش کوڕەکانی تۆمان کووشتووە!"، کاتێک ئەو وشەی "کوشتن"ە دەبیستێت، ئیتر مام عوسمان ناتوانێت لەسەر پێیەکانی بووەستێت و دەکەوێتە سەر زەوی، بەناچاری هاوار دەکات: "چۆن کوشتنتان؟ بۆ کوشتنتان؟ تاوانیان چی بوو؟ خوا قبوڵی ناکات، هاوار بۆتۆ خوایە، سوپاس بۆتۆ خوایە"، بەڵام ئەم هاوارو گریانە لەبەردەم چەکدارێکی جاهیلی ئەمن کە لە خوارووی عێراقەوە هاتووەو تەنها جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سەددام و عەلی کیمیاوی و بەعس دەزانێت، چ سودێکی هەیە، بێگومان هیچ، هەربۆیە فرمێسک و گریانەکەی مام عەلی لەناو فەرمانگەی ئەمندا نە کەس بیستی و نەکەسیش بەلایەوە گرنگ بوو، چونکە کورت و پوخت ئەو شوێنە ئەمن بوو، هیچ دەرفەتێکی بۆ سۆزو بەزەیی تێدا نەبوو.

پاشان وەفاتنامەی هەریەکە لە داراو عەلی دەدەنە دەست مام عوسمانی باوکیان، پێشیدەڵێن: "بە هیچ جۆرێک پرسە دانانێن، قەرەباڵغی ناکەن، ئەگەرنا ڕووبەڕووی لێپێچینەوە دەبنەوە".

هەر ئەم هەواڵە سـەختەش بۆ دواجار بووە هۆی جەڵتەی میشـک و مام عوسـمان لە تەمەنی (٥٧) سـاڵیداو لە لە (١٥ی ٤ی ١٩٩٠) کۆچی دوایی دەکات.

تەرمی دوو براکە چی لێهات؟

ڕۆژێک لە ناو بازاڕ، کاک حاجی حارسـی برای داراو عەلی، برایەکی شـەهید (سـەربەسـت) دەبینێت، هەواڵی ئەوەی پێدەدات کە "براکانمان کوژراون"، بۆیە هەتا زووە بچێت لە سـەرقەبرانی سـەیوان بگەڕێت، بزانێت براکانی دەدۆزێتەوە یان نا، گوتی: "بۆ زانیاریت، شـارەوانی و مەفرەزەی ئەمن لە گردی سـەیوان کردوونیان بە ژێر خۆڵەوە، دووەم قەبریـان (عەلی) براتە، چونکە من گەڕام بەدوای براکەمـا، تەرمی (مەلا عەلی)م بینی، بەڵام ئـاگـاداربە، زۆر بە "نهێنی" بچۆ، چونکە چـاودێریی دەکرێن".

حاجی حارس دەچێت بۆ سـەرقەبرانی سـەیوان، لەوێ چاودێری سـەرقەبرانەکە کە پێیان دەگوت: "شـێخە"، باسـی مەبەسـتەکەی بۆ کرد، یەک دوو جار هاتوچۆی کردەوە، تا دواجار شـێخەی ڕازیکرد کە ئەو برای دوو لەو کوژراوانەیەو دەسـت بکات بە هەڵدانەوەی گۆڕەکان بۆی، کە هەر ئاوا بەبێ شـۆردن و کفنکردن کرابوون بە ژێر خۆڵەوە، بەڵام شێخە گوتی: "دەبێت تۆ دوور بکەویتەوە، بەڕازیلییەکی سوور بەردەوام لەم ناوایە چاودێریمان دەکات، ئەگەر بزانن خەریکی چین تۆش و منیش تێدا دەچین"، پاش چەند ڕۆژێک هاتەوە، لە دوورەوە چاودێری شـێخەی دەکرد کە خەریکی هەڵدانەوەی چاڵەکان بوو، کە تەنها بەناو گۆڕ بوون، ئەگەرنا کردن بە ژێر خۆڵەوە بوو، چونکە نە بە بلۆک و بەرد گۆڕەکان چنرابوون، نە شـۆردرابوون نە کفن کرابوون، نە قووڵی قەبرەکانیش بە ئەندازەی گۆڕی ئاسـایی بوون، هەر ئاوا کرابوون بە ژێر خۆڵەوە، پاش هەڵدانەوەی گۆڕی دووەم، شـێخە چوو حارسـی بانگ کرد، بزانێت ئەوە

برای ئەوە یان نا، کە حارس دەمووچاوی تەرمەکەی بینی کە گۆڕەکەی هەڵدرابوویەوە، یەکسەر ناسییەوە، هاواری کرد: "بەڵێ ئەوە دارا گیانە"، دڵنیابوویەوە ئەوە برا خۆشەویستەکەیەتی، هەر کە ناسییەوە ئیتر بە خێرایی شێخە گوتی دە تۆ بڕۆ، با کەس پێمان نەزانێت، پاشان لە پەنایەکەوە کەوتنە قسەکردن لەسەر ئەوەی تەرمی براکەی بگوازنەوە، بۆیە لەسەر بڕێک پارە ڕێک کەوتن کە گۆڕەکە بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی ترو لە گۆڕێکی شایستەدا بەشێوەیەکی شایستە بە خاکی بسپێرێت، بەڵام هەر تەنها ئەو تەرمەی دەست کەوتەوە، بە هیچ جۆرێک تەرمی مەلا عەلی برای دەست نەکەوتەوەو تا ئێستاش نازانن تەرمی مەلا عەلی چی لێهات! ئەو مەلا عەلییەی دارو بەرد شەرمی لێدەکرد لە ئەدەب و ڕەوشت و هێمنی و لەسەر خۆییەکەی.

"لەسەر یەک هەردەمگوت: انا لله وانا الیه راجعون"

کاک شێخ موحەممەد، باوکی خالید ئەو ساتەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەواڵە دڵتەزێنەکەیان پێداوە: لەوێ پاش تەواوکردنی سزاکەمان کە ماوەی شەش مانگ بوو، ئێمەیان هێنایەوە سلێمانی، بەر لەوەی ئازادمان بکەن، هەواڵی کوڕەکانمان پرسی، کاتەکە نزیکەی سەر لە ئێوارە بوو، نوێژی ئێوارەمان کرد، بەعسییەک هات، کابرایەکی زلی گەورە بوو، پرسیاری منداڵەکانیان لێ کردین: "کوڕەکانتان لەسەر چی گیراون؟"، ئێمەش خۆ نەماندەزانی بۆچی و لەسەر چی گیراون، بەڵام ناوەکانمان پێدا، پاش نوێژی عیشا هاتەوە بۆ لامان، دوو کەسی تری لەگەڵ بوو، منیان کردە وەرگێڕ بۆ ئەوانیتر، پیاوەکانیان جیا کردەوە لە ژن و منداڵەکان تا هەواڵەکەمان پێبدەن، ئەفسەرەکە گوتی: "وەرن ئیشمان بە ئێوە هەیە"، چووینە ژوورێکەوە، بە منی گوت: "هەرچیم گوت بۆیان بکە بە عەرەبی"، گوتم: "بەڵێ باشە"، گوتی :"کوڕەکانتان بە فەرمانی شۆڕش کوژراون"، لەگەڵ وای گوت، من پێش ئەوانیتر بە هەردوو دەستم کێشام

بەســـەرما، گوتم: "یانی خالیدی کوڕمتان کوشـــت؟ ئەی هاوار خالیدتان کوشـــت؟ خالیدی تاقانەتان کوشـــتم؟" من لەو کاتەدا ئیتر هیچم بۆ نەگوترا، لەســـــەر یەک هەر دەمگوت: "انا لله وانا الیه راجعون"، دیارە هەڵس و کەوتێکم کردووە کە جێگەی ڕەزامەنـدی ئەوان نەبوو، بۆیە کابرای ئەمن هات بۆم، وەک بڵێیت دەیویست زلەیەکم لێ بدات، کە نزیک بوویەوە لە من بۆ ئەوەی لێمبدات، وەک بڵێی تەزوویەکی کارەبا بیگرێت، لە جێگەی خۆی وشـک بوو، هیچ جوڵەیەکی نەکردوو هیچی بۆ نەگوترا، پاش چەند چرکەیەک گوتی: "بەخوا من ئاگام لە هیچ نییە، کوڕەکانتان بە فەرمانی "شۆڕش" کوژراون، لە دەسەڵاتی ئێمە نییە!".

"ڕوودەکەیتە ئێران بۆ نوێژ؟"

شـــەوێک بە مام عەبدوڵلای باوکی (ســـەربەســـت) دەڵێن: "عەبدوڵلا خۆت ئامادە بکە بۆ ســـبەی"، ســـبەی بە تەســـفیرات لە زیندانی شـــاری (عەمارە)وە دەیگوازنەوە بۆ بەغداو پاشـان بۆ سلێمانی، شەوێکی درەنگ دەگاتەوە ئەمنی ســـلێمانی، بۆ ئەنجامـدانی نوێژەکانی، مـام عەبدوڵلا بەدوای شـــوێنی دەســـتنوێژو نوێژکردن دەگەڕێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی نازانێت ڕووگەی نوێژەکەی (قیبلە) بەرەو کوێیە، بە گومانی خۆی ڕوو بە قیبلە نوێژەکەی دەستپێدەکات، لەو کاتانەدا یەکێک لە ئەمنەکان لەوێوە تێدەپەڕێت، کە دەبینێت قیبلەکەی مام عەبدوڵلا هەڵەیە، بە دەنگی بەرز پێیدەڵێت: "ها گەواد، ڕوو دەکەیتە ئێران بۆ نوێژ؟".

پاش ماوەیەک چاوەڕوانی، ئەفســـەرێک بانگی باوکی ســـەربەســـت دەکات، دەڵێت: "ئەوە تۆ ســـــزاکەت تەواو بووەو ئازاد دەبیت"، ئەمیش پرســـیاری چارەنووســـــی کوڕەکەی دەکات، ئەویش دەڵێت: "کوڕەکەت ناوی چیە؟"، دەڵێت ناوی (ســەربەســت)ە، پاش تەماشـاکردنی تۆمارێک، دەڵێت: " کوڕەکەتمان کوشـتووە"، ئەو ئەمنەی هەواڵەکە بە مام عەبدوڵلا دەدات، هەر بە زمانەکەی خۆی کە چەند وشەیەکی کوردی فێر بوو بوو،

به مام عەبدوڵلا دەڵێت: "تەعزێ نییە، قسـ‌ـە نیە"، مام عەبدوڵلاش تەنها "بەڵێ"ی لەسەر دەبێت، پاشان گوتی: "ئەوەش وەفاتنامەکەیەتی، نەوەکو پێویستت بێت، یەڵلا برۆ".

مام عەبدوڵلای هەژاری کوڕ کوژراو، بە کۆڵێک خەمەوەو پاش شەش مانگ زیندانی، بەڵگەنامەی مردنی کوڕەکەی بەدەستەوەیە، کاتێک دەیەوێت بێتە دەرەوە، پاسەوانی دەرگا دەڵێت: "نابێت بڕۆیت"، دەگەڕێتەوە بۆلای ئەفسەرەکەو پێی دەڵێت: "بەو پاسەوانە بڵێ با ڕێگەم بدات"، ئەویش هاوار لە پاسەوانی دەرگاکە دەکات: "پاسەوان پاسەوان، لێگەڕێ با ئەم سەگی کوڕی سەگە بڕوات!"، ئەمە ئەدەبی بەعس و بەعسییەکان بوو، بەرانبەر پیاوێکی تەمەن شەست ساڵ کە هیچ تاوانێکی نییە، ئەگەر منداڵەکەی کە تەمەنی لە خوار (هەژدە) ساڵەوەیەو لە سێدارەشدراوە بە مەنتیقی بەعس "تاوان"ی هەبووبێت، ئەوە باوکی تاوانی چییە؟ بۆ دەبێت ئاوا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟

پاش هاتنە دەرەوە لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی، مام عەبدوڵلا بەپێ بەرەو شەقامە سەرەکییەکە دێت، وردە وردە دێتە خوارەوە تا دەگاتە سەهۆڵەکە، لەوێ دەست لە تەکسیەک ڕادەگرێت، کات درەنگەو نزیکەی دوانزەی شەوە، شۆفێری تەکسییەکە زۆر بە سەرسوڕمانەوە سەیری مام عەبدوڵلا دەکات، پیاوێکی بەتەمەن، نەعلی لە پێدایە، یاتاخێک لەبن دەستیەتی، بیجامەیەک و چاکەتێکی ڕانک و چۆغەی لەبەردایەو سەروسیمای شێواوو ڕیشی هاتوو و پیس و پۆخڵ، ماندوو و هیلاک.

مام عەبدوڵلا ئەم حاڵەی شۆفێری تەکسیەکەی بەلاوە سەیر بووە کە هیچ سەیری ناکات و لێی ورد نابێتەوە، پێدەچێت شۆفێرەکەش لە ترسا نەیویستبێت لێی وردبێتەوەو پرسیاری لێبکات تا بزانێت بۆ حاڵی وایە، بەلام مام عەبدوڵلا خۆی لێی دەپرسێت، دەڵێت: "کاکە ئەوە تۆ بۆ وەک عەرەبانەی دوو پێچکە وایت، هەر بۆ پێشەوە دەچیت و لاناکەیتەوە؟ بڵێی ئەرێ ئەم پیاوە شێتە، جانەوەرە، چییە لەگەڵم سەرکەوتووە"،

پاشـئەوەی شـۆفێری تەکسـیەکە دەزانێت مام عەبدوڵلا چی لێقەوماوەو بەو درەنگە لە کوێوە گەڕاوەتەوە، هەڵوێسـتی دەگۆڕێت و زۆر داوای لێبوردنی لێدەکات، بەدەم قسەکردنەوە دەگەنە بەردەم ماڵ، مام عەبدوڵلا دەبینێت ماڵەکەی ڕووخـاوەو مـاڵ چۆڵ و هۆڵ، بە وشـکە کەڵەک دەرگاکەی گیراوە، کەمێک تەکسـیەکە لەبەردەم ماڵەکەیدا ڕادەگرێت و ئاهێک هەڵدەکێشێت و پاشان ئاماژە بە تەکسیەکە دەکات بچێت بۆ ماڵی کچەکەی کە نزیکی ماڵی خۆی بوو، کە دەگاتە ماڵی کچەکەی، بەو شەوە درەنگە دەرگا لە مام عەبدوڵلا دەکەنەوە، وەک ئەوەی کەسێک لە ئاسمان باریبێت، ئاوا باوەش بە باوکیاندا دەکەن و منداڵانیش بە باپیریاندا، شـین و گریان دراوسێکانیش بەخەر دەهێنێت، بە ڕاستی ئەو ساتانە ناکرێن بە وشـە، وشـە هەرگیز ناتوانێت دیمەنی باوکێک بگوازێتەوە کە کوڕەکەی کوژراوەو ماڵەکەی ڕووخاوەو خۆی و خێزانی پاش شەش مانگ زیندانی دەگەڕێتەوە شارە بێنازەکەی، سلێمانی.

ئەمنە کوردەکە دەمانچەکەی بۆ دایکی عەبدوڵلا دەرهێنا!

خانەوادەی عەبدوڵلا موعجیزە ئاسـا یەکێک بوون لەو سـێ خێزانەی دەستگیر نەکران، پاش نزیکەی پێنج مانگ لە دەستگیرکردنی کوڕەکەیان، دایکی عەبدوڵلا بەیانییەک لەگەڵ داناى کوڕی دەچن بۆ هەواڵپرسـینی کوڕەکەی، لەگەڵ خۆی دەستێک جلی نوێ دەبات، دەستێک جلی خەوتن، هەندێک پێویستی تریش وەک سابون و پێویستی پاک و خاوێنی، چونکە دەچنە ئەمنە سـوورەکە بۆ ئەوەی عەبدوڵلا ببینن، بەو هیوایەی ئەم جل و بەرگ و پێداویسـتیانە بگەیەنێتە دەسـتی، لەوێ پاش ماوەیەک لە چاوەڕوانی لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی ئەمن، فەرمـانبەرێکی ئەمن بـانگی دەکات، پێش ئەمیش دایکی کەیوانیان بانگ کردبوو، پاش ڕۆیشـتن بە ڕاڕەوێکدا، دەگەنە ژووری بەڕێوەبەر، لەوێ لە ژوورەکە ئەفسـەرێک و سـێ ئەمنی لێبوو، دوو کوردو ئەویتریان عەرەب، ڕوویانکردە خاتوو

ئیقلیم، گوتیـان: "تۆ دایکی عەبـدوڵڵای؟"، دایکی عەبـدوڵڵا زۆر بە تـامەزرۆییەوە وەڵامیـانـدەداتەوە: "بەڵێ من ئەوم، بەڵێ من دایکی عەبدوڵڵام"، بەو هیوایەی هەواڵێکی خۆش ببیســتێت، یان ڕێگەی بدەن عەبـدوڵڵای کوڕە نـازدارەکەی ببینێـت، ئیتـر بەڕێوەبەری ئەمن دەسـتیکردووە بە قسـەکردن و یەکێک لە کوردەکانیش بۆی وەرگێڕاوە، گوتویەتی: "کوڕەکەی تۆ دژی حزبمـان کـاری کردووە، چـالاکی ئەنجامداوەو سـیاسـی بووە و بەکرێگیراوی ئێران بووە، وا بە بڕیاری شۆڕش سزای خۆی وەرگرتووە، ئەوەش بەڵگەنامەی مردنەکەیەتی!".

دایکی عەبدوڵڵا دەڵێت: "پاشـان فۆڕمێکیان هێنا گوتیان واژۆی بکە، منیش گوتم واژۆی ناکەم، بەزۆر دەسـتیان گرتم و پەنجەمۆریان پێکردم، نـازانم ئەو فۆڕمە هی چی بوو، یـان ئەوەبوو کە بە ڕەزامەنـدی ئێمە کوڕەکەمـان ڕەمیکراوە، یـان ئەوە بوو کە ئێمە پرسـە بۆ کوڕەکەمـان دانەنێین، من لەم مشـتومڕابووم، دەگریام و قسـەم دەکرد، هاوارم دەکردو دەمگوت: "کوڕی من خراپەکار نەبووە، دژی کەس نەبووە"، ئەوانیش سوور بوون لەسـەر قسـەو بڕیاری خۆیان، بۆیە یەکێک لە ئەمنە کوردەکان دەمانچەکەی بەرز کردەوەو گوتی: "ئەگەر زۆر قسە بکەیت وەک کوڕەکەت لێدەکەین، بۆیە عەباکەت هەڵگرەو بڕۆ، پرسەشی بۆ دانەنێن ها".

دادە ئیقلیم بەردەوامە لە گێڕانەوەی ئەو ڕۆژە: "ئیتر بە دڵێکی شکاوو بە چاوی پڕ فرمێسـکەوە ئەو عەلاگەیەم هەڵگرت کە ئەو جل و بەرگ و پێداویسـتیانەی تێدا بوو بۆ عەبدوڵڵام هێنابوو، من هاتم عەبدوڵڵا ببینم، ماچی بکەم، ئەوان وەفاتنامەیەکیان پێدام و هەڕەشـەیان لێکردم ئەگەر پرسەی بۆ دابنێم و قەرەباڵغی بکەین وەک ئەومان لێدەکەن".

دایکی عەبدوڵڵاو داناى کوڕە بچوکی، پێکەوە بینای ئەمنەکە بەجێدێڵن و بەرەو ماڵەوە دەگەڕێنەوە، ئەمە ئەو لەحزەیەیە کە دایک تیایدا دەمرێ، ئەو چرکەساتەی دەبیستێت منداڵە شانزە ساڵەکەی گیانی لەدەستداوە، بەڵام لێرە دیکتاتۆر هێندە سـتەمکارە ڕێگە بە گریانی دایکیش نادات،

ڕێگە نادات پڕ بە دڵی خۆی بۆ منداڵە نازدارەکەی بگری، پرسەی بۆ دابنێت و لەگەڵ دۆستەکانیدا بیلاوێنێتەوە".

"تخوا منیش بکوژن، دە بمکوژن!"

پاش بەسەربردنی شەش مانگ زیندانی لە زیندانی شاری (دیوانیە)ی باشوری عێراق، ڕۆژێک ئەفسەری زیندانەکە بە حاجی عەبدوڵڵای باوکی سەفەر دەڵێت: " حاجی ئامادە بە، بەیانی دەتگەڕێنیەوە بۆ سلێمانی، تۆ سزاکەت تەواو بووەو دەبێت بگەڕێیتەوە"، مام عەبدوڵڵا بە ڕێگەیەکی دووروودرێژدا دەگەڕێننەوە ئەمنی سلێمانی، لەو کاتانەی خەریکە پێی دەڵێن: "ئیتر بڕۆ تۆ ئازادی و خوا حافیز"، حاجی عەبدوڵڵا بە ئەمنەکان دەڵێت: "ئەی کوڕەکەم؟ ئەی سەفەری کوڕم کوا؟ چیتان لێکرد؟ بۆ ئازادی ناکەن لەگەڵ من بگەڕێینەوەماڵەوە؟"، بۆ وەڵامدانەوە پرسیارەکانی مام عەبدوڵڵا، ئەمنەکان بەناو تۆمارێکدا دەگەڕێن، ئەفسەرەکە ڕوو دەکاتە حاجی عەبدوڵڵای ڕیشسپی و پێیدەڵێت: "کوڕەکەتمان بە فەرمانی شۆڕش کوشتووە، ئەوەش وەفاتنامەکەی، نە پرسەی بۆ دابنێن و نە قەرەباڵغیش بکەن"، لەو کاتەی وەفاتنامەکە دەدەنە دەستی، مام عەبدوڵڵا دەست دەکات بە گریان و هاوار، وەک باوکێک زۆر بە توندی سۆزی لەدەستدانی کوڕەکەی دەیگرێت، ئەفسەرەکە دەمانچەکەی دەردەهێنێت و دەیخاتە سەر سەری حاجی عەبدوڵڵاو دەڵێت: "زۆر قسە بکەیت دەتنێرین بۆ لای کوڕەکەت"، حاجی عەبدوڵڵاش سەر بەرز دەکاتەوەو دەڵێت: "فەرموو دەبمکوژە"، دیسان تا هێزی تێدایە هاوار دەکات: "دە بمکوژە، خۆ ئێوە منتان کوشتووە بە کوشتنی کوڕەکەم، ئیتر من بۆچی بمێنم؟ ئاخر من دوای سەفەری کوڕم ژیانم بۆ چیە، دە بمکوژن دەی، دە بمکوژژژژژن".

(٧٨)
"یا موعینی، یا ئیلاهی"

حەمەسوور ڕۆژانی کۆتایی خۆی لە ئەمنی سلێمانی بەمجۆرە دەگێڕێتەوە: ڕۆژی ٣ی ٦ی ١٩٩٠، کە بەم بەروارە بووبوومە کۆنترین دەستگیرکراوی ئەمنی سلێمانی کە تا ئێستا ماومەتەوەو چارەنووسم نادیارە، لە ژوورەکەی خۆمدا، ژووی ژمارە (پێنج) ڕاکشابووم، قاچم کردبووە دیوارەکەو لەبەر خۆمەوە دووعام دەکرد، یاموعینی یا ئیلاهی، کات سەر لەبەیانی بوو، لەو کاتانەدا مفەوەزێکی ئەمن و چەند پاسەوانێک هاتنە ژوورەوەو دەستیانکرد بە خوێندنەوەی ناو، لە ناو ناوەکاندا گوێم لێبوو ناوی منیان خوێندەوە(موحەممەد قادر کەریم)، کە گوێم لە ناوی خۆم بوو یەکسەر ڕاپەڕیم و (بەڵێ)م کردو دەستمکرد بە خۆپێچانەوەو هاوڕێکانم هەستاندو خواحافیزیم لێکردن، ئەگەرچی دڵنیا نەبووم ئەمە بۆ کوێیەو بۆچیە، چونکە زۆر جاریتر بانگکرابووم، هەندێکجار وامدەزانی بۆ کوشتنە، هەندێکجار بۆ بەغداو دادگا، هەندێکجار خەیاڵاتی تر، بەڵام ئەمجارەیان بەهۆی ئەوەی زۆر مابوومەوەو پێشتر لە مفەوەز تاریقم پرسیارکرد کە کەی دۆسیەکەی من بڕیاری لێ دەدرێت؟ پێیگوتبووم ناردوویانە بۆ بەغداو چاوەڕێبکە، بۆیە ئەمجارە هەستمکرد دەمنێرن بۆ بەغدا بۆ "دادگای شۆڕش".

کە چووینە خوارەوە، تەماشامکرد نزیکەی بیست و چوار کەسین، پێشئەوەی بمانبەنە دەرەوە، مفەوەز تاریق بانگی کردم، گوتی (تعال یا بطل) واتە وەرە ئەی پاڵەوان، دەستی کەلەپچە کردم و بەڕێیانکردین بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە، ئەوانەی لە ئۆتۆمبێلەکەدا بووین بریتیبووین لە من و جەماعەتی موحەممەد ڕۆستەمی یەکێتی و جەماعەتی وشیار شیوعی و جەماعەتێک کە سۆسیالیست بوون و چەند کەسێکیتر، ژنێک و کچێک، بەمجۆرە ژمارەمان گەیشتە نزیکەی بیست و پێنج کەس.

ئۆتۆمبێلەکە کەوتە ڕێ، لەناو ئۆتۆمبێلەکەی ئێمەدا هیچ پاسەوانێکی تێدا نەبوو، بەڵکو ئۆتۆمبێلیتر لە پێش و دوامانەوە پاسەوانی دەکردین، ناو ئۆتۆمبێلەکە زۆر گەرم بوو، زۆر بێزار کەر بوو، بەڵام ئەو ڕێگە دوورو درێژەمان بە قسەی خۆش بردە سەر، واتە لە سلێمانی تا بەغدا، لە ڕێگە ئۆتۆمبیلەکە یەکجار وەستا، ئەویش لە خورماتوو وەستاو هەندێک ساردیان بۆ کڕین، ئیتر نەوەستا هەتا گەیشتە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتی لە بەغدا (مديرية امن العامة)، لەوێ ڕاپێچیان کردین بەرەو بینایەکی چەند نهۆمی، ئێمەیان بەرەو ژێرزەمین برد، ژوورەکان هەموو تەنهایی واتە (ئینفیرادی) بوون، بەڵام جیاواز بوون لە ئینفیرادییەکانی سلێمانی و هەموویان تەوالێتی خۆیانیان تێدا بوو، ئەو شەوە پێکەوە بەدەنگی بەرز لەگەڵ یەک ڕاوێژمان دەکرد، کە چی بڵێین و چی نەڵێین لە دادگا، من شەو تووشی سکچوونێکی زۆر بووم، زۆر ناڕەحەت بووم، لەگەڵ ئەوەشدا دووعام دەکرد باش ببم و بمبەن بۆ دادگاو نەمبەنەوە بۆ سلێمانی، چونکە بەڕاستی مانەوە لە ئەمنی سلێمانی بەبێ زانینی چارەنووس و مانەوە هەر لە چاوەڕوانیدا، بۆ خۆی مردن بوو.

سوپاس بۆ خوا تا بەیانی باشبووم، بەیانی نیسکێنەیەکیان بۆ هێناین، هەروەها چاو سەمون، خواردمان، پاش سەعاتێک هاتن بەدوامانداو بردیانین بۆ دادگا، لەوێ تەماشام کرد ژووری چاوەڕوانی بۆ دادگایی پڕیەتی لە خەڵک، هەندێک لەوانەی لە سلێمانی لەگەڵمان هێنابوویانن، لەگەڵ ژمارەیەک کوردی تر، هەروەها نزیکەی حەڤدە کەسێکی سەر بە (حزب الله)ی لێبوو، لەگەڵ چەند عەرەبێکی تر.

لەو کاتەی چاوەڕێی خوێندنەوەی ناوەکانمان بووین بۆ ئەوەی دادگاییمان بکەن، من زۆر دڵم خۆشبوو، چونکە پێم وابوو لەسەر گەلەکەم و دینەکەم گیراوم و ئەوپەڕەکەی ئەوەیە سزای لە سێدارەدانم بدەن، ئەوە دەمرم و خوای گەورە پاداشتم دەداتەوە، بەڵام هەندێک لە هاوڕێکانم زۆر دوودڵ و قەلەق بوون، ئا لەو کاتەدا مەحمود (یەکێک لەو

هاوەڵە زیندانیانەی هەر لە سلێمانییەوە پێکەوە بووین)، گوتی: "تۆ نەزان و نەفامی موحەممەد، ئەمە مەحکەمەی سەورەیە، خۆ گاڵتە نیە"، گوتم: "جا چیە، خوای گەورە لەوان گەورەترە". تا نوێژی نیوەڕۆ بانگیان نەکردم، بۆیە هەر لەو ژووری چاوەڕوانییە نوێژی نیوەڕۆم کرد، پاش ماوەیەکی کەم لە نوێژەکەم بانگکەر بانگیکردو بە دەنگی بەرز ناوی خوێندمەوەو هاواری کرد: "موحەممەد قادر کەریم".

چوومە ژووری دادگا، تەماشام کرد دادوەر لەسەرەوە دانیشتووە (دوایی زانیم کە ئەو دادوەرە عەواد بەندەری خوێنڕێژە)، هەروەها دوان لەملاولایەوە، یەکێکیش لە بەردەمیدا، یەکێکیش لە تەنیشتی منەوە، لێرەوە ئیتر دادگایی من دەستپێکرد.

دادگایی و چارەنووسی کۆتا هاوڕێی کەیوان

حەمەسوور بەردەوامە لە گێڕانەوەی چیرۆکی دادگاییەکەی: هەر کە چوومە ژوورەوە دادوەر پرسیاری لێکردم:

دادوەر (عەواد بەندەر): موحەممەد، تۆ تاوانباری یان بێتاوان؟

حەمەسوور: من بێتاوانم.

دادوەر: ئەی ئەم گوتانە (افادة)یە، هی تۆ نین؟

حەمەسوور: نەخێر، هەموو ئەوەی لەو تۆمارانەدا نووسراون لەژێر ئەشکەنجەدا واژۆم کردوون، ئەگەرنا هیچی ڕاست نییە.

دادوەر: تەمەنت چەندە؟

حەمەسوور: ساڵی (١٩٧٣) لە دایکبووم.

دادوەر: ئەی بۆ نووسراوە ساڵی (١٩٧١)؟

حەمەسوور: خۆیان تەمەنی منیان گەورە کردووە.

دادوەر: چۆن بوو دەستگیرکرای؟

حەمەسوور: من تا ساڵی (١٩٨٧) حەماڵ بووم، تەنها خۆم و دایکم بووین، بە ڕۆژ حەماڵیم دەکردو بە شەو لە قوتابخانە وانەم دەخوێند، لە

قوتـابخـانەی ئێواران، بەڵام لە ٢٢ی ٧ی ١٩٨٧ براکەم کوژرا، ئیتر نەمتوانی بە حەمـاڵی بژیم، هەربۆیە لەبەر خـاتری منـداڵی براکەم دەسـتمکرد بە قاچاخی بۆ ئەوەی بژێوی منداڵی براکەشـم پەیدا بکەم، هەروەها وازم لە قوتابخانە هێنا، لەو کاتەدا (لوقمان) و (کەیوان) هاتن و ویسـتم بیـانهێنم بۆ ئێران، ئیتر ئیشـەکەمـان سـەری نەگرت و دەستگیرکراین.

دادوەر: براکەت چی بوو؟

حەمەسـوور: چەکداری حکومەت بوو، لە ڕیزی "شـەهیدانی قادسـیە" ئەژمار کرا.

دادوەر: ئەی چووی بۆ ئێران؟

حەمەسـوور: بەڵێ ڕۆیشتم، بەڵام من بە مەبەسـتی سیاسی نەچووم بۆ ئێران، بەمەبەسـتی قاچاخی و هێنانی شتی قاچاخی لە قەندیلەوە چووم، لەو ماوەدا کە من لە ئێران بووم شـەڕ دەسـتی پێکرد لەنێوان پێشـمەرگەو حکومەتـداو نەمتوانی بگەڕێمەوە بە ڕێگەی خۆمـدا، بۆیە چوومە ئێران و لەوێ لە ئێرانەوە گەڕامەوەو تێکەڵاوی هیچ حزبێکی سیاسی نەبووم.

دادوەر: کەواتە چوی بۆ ئێران؟

حەمەسـوور: بەڵێ بەوجۆرەی بۆم باسکردی.

دادوەر عەواد بەندەر: ئەگەر تەنها لەسـەر ئەمە سـزات بدەین، سـزات دەدەین!.

پاش ئەم گفتوگۆیە، عەواد بەندەری ستەمکار گوتەکانی حەمەسووری خوێندەوەو گوتی: "تاوانکار (عەلی باپیر)، سـەرۆکی ئەم کوڕە بووە"، پاشـان فەرمانیکرد حەمەسـوور بچێتە دەرەوە، من هاتمە دەرەوەو چوومەوە نـاو هۆڵی چاوەڕوانی، هەموو چـاوەڕێی هەواڵ بوون، تـا بەهۆی زانینی سـەرەنجامی دادگایی منەوە لەبارەی چارەنووسـی خۆشـیانەوە شـتێک بزانن، گوتیان: "چی بوو؟ حاکم چ بریارێکی لە دژ دایت؟"، ئەوەی ڕوویدابوو بۆم گێڕانەوە، گوتیان: "هیچ مەترسـە، مادەم

یەکەمجار نەیانناردی بۆ لەسێدارەدان ئیتر هیچ نیەو ناتنێرن!". (دیارە لە دادگای شۆڕش تەنها لە سزای لە سێدارەدان بگەڕابایتەوە، ئیتر ئەوە بە دەستکەوت و ڕزگاربوون ئەژمار دەکرا!).

ئیتر پاش نزیکەی چارەکە ســـەعاتێک ناویان خوێندمەوەو بانگیان کردمەوە بۆ ژووری دادوەرو دادگا، بۆ ئەوەی لەوێ ســـزاکەم لەســـەر بخوێنرێتەوە، کە چوومە ژوورەوە، دادوەر گوتی: "ئەوە دادگا پارێزەری بۆ گرتووی"، ئیتر یەکێک بەناو "پارێزەر" هات و لەبەرخۆیەوە هەندێک قســـەی کرد، گوایە بەرگریم لێدەکات، پاشـــان ڕوویکردە دادوەرو گوتی: "داوا لە دادگا دەکەم بەزەیی بەم گەنجەدا بێتەوە و ســـزاکەی ســـوک بکات". پاشـــان دادوەر عەواد بەندەر، ســـزاکەی بەمجۆرە خوێندەوە: "دادگا بە پێی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (١٥٧)ی یاسای ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)، یاسای سزادانی عێراقی، بڕیاریدا (موحەممەد قادر کەریم) بۆ ماوەی (١٥) ساڵ بەند بکرێت![1]".

پاش خوێندنەوەی ئەو ســـزا ســـتەمکارانەیە، من گەڕامەوە ناو هۆڵی پێشـــوازی، وەک جاری یەکەم هەموو لێم کۆبوونەوە: "ها پێمان بڵێ چی بوو؟ ســـزاکەت چی بوو؟" منیش بە هاوڕێکانم گوت: "پانزە ســـاڵ ســـزا دراوم".

لە ڕاستیدا من دامنابوو کە دادوەر سزای لە سێدارەدانم لەسەر بڕیار بدات، ئەوە زۆر بە ورەوە ڕووبەڕووی ببمەوەو پڕ بە گەرووم ڕوو بە دادوەرو دادگا بڵێم: (فَاقْضِ مَا أَنتَ قَاضٍ ۖ إِنَّمَا تَقْضِي هَٰذِهِ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا).

پاش وەرگرتنی سزاکەم، ئیتر من بە قۆڵبەستکراوی ڕەوانەی زیندانی (ئەبو غرێب) کرام بۆ بەسەر بردنی سزای (پانزە ساڵ) زیندانی!

---

[1] - دەقی بڕگەی دووەمی ماددەی (١٥٧)ی یاســـای ســـزادانی عێراقی دەڵێت: "و تكون العقوبة السجن المؤبد او المؤقت لمن انفصل عن صفوف العدو او القوات المسلحة لدولة في حالة حرب مع العراق او القوة المســـلحة المعادية لجمهورية العراق قبل القيام بأي عمل عدواني ضد العراق".

(٧٩)
چۆنیان زانی کوڕەکەیان کوژراوە؟

برایەکی (سدیق)، لەگەڵ دایکی، چەند جارێک سەردانی فەرمانگەی ئەمنی سلێمانی دەکات بۆ ئەوەی هەواڵێکی براکەی بزانێت، هەموو سەردانەکان بێسود بوون، تا ڕۆژێکیان بانگیان دەکەنە ژوورەوە بۆ ئەوەی هەواڵێکی کوڕەکەیان بدەنێ، کە دەچنە ژوورەوە ئەفسەرێک و کارمەندێکی ئەمن هەواڵی کوژرانی کوڕەکەیان بە دایکی شەهید سدیق دەدات، پێشیان دەڵێن نە پرسە دادەنێن، نە قەرەباڵغی دەکەن، ئەگەرنا خۆشتان دەستگیر دەکەین، دایک و باوکی سدیق دەنگیان بەکەس ناگات و بێجگە دانیشتن بەدیار خەمەکانی خۆیانەوە هیچ شتێکی تریان بۆ ناکرێت.

لەسەر بەڵگەنامەی مردنەکەی شەهید سدیق، بەرواری (٢٨ی ٥ی ١٩٨٩) نووسراوە، بۆیە برایەکی شەهید سدیق و ئامۆزایەکی دەچن بۆ سەر قەبران و لەگەڵ شێخەی چاودێری گۆڕستانەکە قسە دەکەن، پرسیاری لێدەکەن: "لەم بەرواره کەسیان هێناوە بیشاریتەوە"، شێخەش پێیان دەڵێت: "بەڵێ لەو چەند ڕۆژەدا دوو کەسی ناشتووە"، بۆیە بەڵێنی ئەوەیان پێدەدات کە گۆڕەکان هەڵبداتەوە تا بزانن کامیان تەرمی (سدیق)ە، بەڵام دەڵێت: "دەبێت ئێوە دووركەونەوە تا خۆم بانگتان دەکەم، چونکە بەردەوام لە ژێر چاودێریدام، بۆ خۆم هیچ ناڵێن وا دەزانن خەریکی گۆڕ هەڵکەندنم، ئەگەرنا جەماعەتی عەلە لوت ماسی پێمان بزانن منیش و ئێوەش تیا دەچین"، پاش هەڵدانەوەی هەردوو گۆڕەکە، کاک ئیبراهیمی برای شەهید سدیق دەچێتە سەر تەرمەکەی، دەبینێت: "ئەوە سدیقی برایەتی، خۆیەتی"، هەمان ئەو چاکەتەی لەبەردابوو کە پێیەوە چوو بۆ قوتابخانەو نەگەڕایەوە، چاکەتەکە

ناسەرەوەیەکی باش بوو، بۆیە پاش دۆزینەوەی تەرمەکە، کاک ئیبراهیمی برای و ئامۆزایەکی، تەرمی سـدیقی جوانە مەرگ دەردەهێننەوەو لە شوێنێکی ترو لە گۆڕی شایستەو بە نهێنی بە خاکی دەسپێرن، بەڵام بینینی تەرمەکەو جلەکانی شەهید سدیق بەچاوی سەر لەلایەن ئیبراهیمی برای شەهید سدیقەوە نابێتە جێگە بڕوای دایکی شەهید سدیق، بۆیە تا خۆیان نەبردو بە چاوی خۆی تەرمەکەو قەمسەڵەکەی نەبینی، دڵنەوایی نەهات و باوەڕی نەکرد، کاتێک بینی بەڵێ ئەوە سـدیقی تەمەن هەژدە ساڵی کوڕیەتی و لەنێو ئەو گۆڕە ڕاکشاوەو هەمان ئەو قەمسەڵەیەی لەبەردایە کە هەشت مانگ لەمەوپێش کڕیویەتی و هێشتا ڕەنگەکەی تێک نەچووە، دڵی سوکنایی دەدات، بەڵام بینینی تەرمی منداڵ لەلایەن دایکەوە سوکناییەکە ئاوێزان بە خەمێکی قوڵ، خەمی دایکێک بۆ جەرگەکەی کە هەژدە بەهارە وەک گوڵاڵە سـوورە بۆنی پێوە دەکات تا گەورە ببێت، تەنانەت لەو کاتەدا زنجیری قەمسەڵەکە دەکاتەوەو دایدەخاتەوە تا دایکی دڵنیابێت کە بەڵێ ئەوە شـەهید سـدیقە، ئەوە قەمسـەڵە ڕەشـە چەرمییەکەیەتی کە چەند خەتێکی نەخشـی سـپیشـی تێدایە، بەڕاستی خەمێکی گەورەیە، دایکێک لە دۆخێکی پڕ لە ترس و لەرز، ئەگەرچی کوڕە گەنجەکەی کوژراوە، بەڵام دڵی ئـارامییەکی بۆ هـات کـاتێـک تەرمەکەی بینییەوە، کوڕێک گوێڕایەڵ، ژیرو بەهۆش، پابەند بە نوێژو ڕۆژوو، قورئانخوێن و خوشـەویسـتی هەموو ئەندامانی خێزانەکە، مردنێکی لەمجۆرە، زامێک بەجێدەهێڵێت کە هەرگیز سارێژ نابێت.

هەر بە ئاواتی ڕووخانی "سەددام و ڕژێمەکەی" بوو

مام حاجی ئەحمەد، ماندوو نەدەبوو لە گەڕان بەدوای منداڵەکانیدا، گەڕان بەدوای جەلال و حەسـەنی دوو کوڕە جوانەکەیدا، ئەوانەی هەزاران خۆزگەی هەبوو بۆیان، بۆیە بەردەوام بەدوای کەسێکدا دەگەڕا

که دەسـەڵاتێکی لە دەزگاکانی ڕژێم هەبێت و بە پارە یان پیاوەتی هەواڵێکی منداڵەکانی بزانێت، بەڵام هەموو هەواڵەکانی بێسود بوون.

بەمجۆرە تا کات گەیشتە مانگی (٨)ی ساڵی (١٩٩٠) و گرتنی کوێت لەلایەن سەددام و سوپا شەڕانییەکەیەوە، مام حاجی ئەحمەد دڵی خۆش بوو بوو کە ئەم شەڕە سەری سەددام بخوات و ئەویش هەواڵێکی کوڕەکانی بزانێت، بۆیە بەردەوام گوێی لە ڕادیۆ دەگرت تا بزانێت هەواڵەکان چین، کەی سەددام دەکەوێت و ئەمیش چاوی بە کوڕەکانی گەش دەبێتەوە.

بەیانی ڕۆژی ٢٨ی ٢ی ١٩٩١، مام حاجی مەلا ئەحمەد لە ڕادیۆکەیەوە گوێی لە هەواڵ دەگرت، زیاتر گوێی هەڵدەخست بۆ ئەو هەواڵەی کە هێزەکانی هاوپەیمانان دێنە ناو عێراق و سەددام و ڕژێمەکەی دەڕووخێنن، بەڵام بەداخەوە ئەمریکاو هاوپەیمانانیش نەبوونە فریادڕەسی گەلانی عێراق و خەونی مام حاجی ئەحمەدو هەزارانی وەک مام حاجی ئەحمەد نەهاتە دی و ئەو بەیانییە هەواڵەکان باسیان لە پاشەکشەی هێزەکانی عێراق و وەستانی شەڕو ڕێککەوتنی نوێنەرانی هاوپەیمانان و عێراق دەکرد، بەم ڕێککەوتنەش خەونی لەناو بردنی سەددام و ڕژێمەکەی بەتەواوەتی دوور کەوتەوە، ئەمەش بوویە زیاتر بێهیواکردنی مام حاجی ئەحمەد، بۆیە ڕوویکردە کوڕەکانی تری و گوتی: "بەخوا ئیتر زەحمەتە ئەم ستەمکارە بکەوێت".

تەنها دوو ڕۆژ پاش ئەم ڕووداوە، لە کاتێکدا مام حاجی ئەحمەدی لە دایکبووی ساڵی (١٩٣٣) هێشتا بە گوڕ بوو، لەو ساڵەدا، واتە ساڵی (١٩٩١) تەمەنی تەنها پەنجاو هەشت ساڵ بوو، هیچ نەخۆشییەکی نەبوو، بەیانیەک خۆی و مام حاجی مستەفا هەورامی بە پیاسە لە بازاڕەوە دەچنە فەرمانگەی تاپۆ بۆ بەڕێکردنی مامەڵەیەکی لەو فەرمانگەیە، لەوێ کت و پڕ مام حاجی ئەحمەد لە هۆشی خۆی دەچێت، فەرمانگەی تاپۆ بە تەنیشت نەخۆشخانەی فریاکەوتنەوە بوو، بە چەند دەقەیەکی کەم

گەیاندیانە نەخۆشـــخانەکە، بەلام پاش گەیشـــتنی بە نەخۆشـــخانە و پشـکنینی پزیشـک، دەرکەوت چەند دەقیقەیەکە مام حاجی ئەحمەد کۆچی دواییکردووە (خوای گەورە لێی خۆش بێت)، کۆچی دوایی مـام حـاجی ئەحمەدیش تەنها چەند ڕۆژێکی کەم پێش ڕاپەڕین بوو، ئەو ڕاپەڕینەی دڵی هەزارانی وەک مام حاجی ئەحمەدی خۆشـــکردو بە چاوی خۆیان بینیـان ئەوانەی منداڵەکانی ئەمـانیـان شـــەهید کرد، زۆرینەی زۆریـان تۆڵەیان لێکرایەوە.

بەمجۆرە خانەوادەی شـەهید جەلال و شـەهید حەسـەن، تەرمەکانیان بەدەســت نەگەیشــتەوە، تا ئێســتاش نازانن گۆڕی کوڕەکانیان لە کوێیە، تەنانەت لەم ساڵانەی کۆتاییدا توانیان بەڵگەنامەی مردنیان پەیدا بکەن لە بەڕێوەبەرایەتی دادپزیشکی سلێمانی.

(٨٠)

تەرمی ئەندازیارە تاقانەکە چۆن دۆزرایەوە؟

حاجی فاتیمەی دایکی خالید لەودیو شـــیشـــەکانی زیندانەوە، پاش بەخێرهێنانی بەرزانی خوشـەکەزای، ڕوویکردە بەرزان و گوتی: "بەرزان گیان، هەواڵی خالید؟"، ئەم پرســـیارە بۆ بەرزان چاوەڕێکراو بوو، دادە فاتیمە تەنها ئەو کوڕەی هەبوو، وەک چاوەکانی خۆشی دەویست، خالید ئەو ئاوەبوو کە ڕۆحی حاجی فاتیمە هاوشێوەی پێویستی ماسییەک بۆ ئاو، پێویســـتی پێی بوو، بەرزان بێئەوەی خۆی تێکبدا، گوتی: "شـــوکر باشـە، هەواڵمان زانیوە، هەر لە هەوڵداین، ان شـاءالله ئازاد دەبێت"، ئەم قسـانەی بۆ حاجی فاتیمە کرد، کە هێشـتا شـێوەو ڕووخسـاری خالیدی هاوڕێی لە پێشـچاوی بوو کە لە گردی سـەیوان تەرمەکەی دەریهێنابوو و گواســـتبوویەوە بۆ شـــوێنێکی باشـــتر کە بزانن کوێیە، هێشـــتا لە پێشچاوی بوو فیشـەکێک بە بەشی لای چەپی سـەری خالیدەوە بوو، ئەو خالیدەی کە وەک برا گەورە وابوو بۆی، وەک مامۆســـتا وابوو بۆی، وەک باشـترین هاوڕێ وابوو بۆی، هاوڕێی گیانی بە گیانی کە زۆرینەی کاتەکان لە مـاڵیـان بوو، بەڵام دەبوو خۆی ڕابگرێت و ڕێگە نەدات ئەم هەواڵە دڵتەزێنە بگاتە دایکی خالید، ئەو دایکەی هێشـــتا لە زیندانە، ئەو هێشـــتا لە خراپترین دۆخی ژیـانیـدایە، ئـافرەتێـک کە لە پەنجـاکـانی تەمەنیدایەو لەناو زیندانێکدایە کە پڕیەتی لە ژنی تاوانکار.

بەرزان ئەو ســـاتانەی کە لەبەردەم پورە فاتیمەی دایکی (خالید)دا وەستابوو، بیری لەو کاتانە دەکردەوە کە دەستیانکرد بە گەڕان بە دوای چارەنووس یان تەرمی خالیدی پورزایدا.

مامێکی بەرزانی پورزای خالید، شـــۆفێری ئەمبولانس دەبێت لە نەخۆشخانە، ئەرکی ئەوان لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە ئەمنی سلێمانی تەرمەکانی ڕادەستی دادپزیشکی سلێمانی کردووە، لەوێوە دەبوو ئەوان بە ئەمبولانسـێک و بە پاســەوانی ئەمنەکان تەرمەکان ببەنە گۆڕســتان، لەوێ بە هاوکاری تیمێکی بچوکی شارەوانی و چاودێری گۆڕستانەکە لە شـــوێنێکدا بکرێن بە ژێر خۆڵەوە، بەبێ کفن و بەجێهێنانی هیچ ئادابێکی بەخاکسپاردنی کۆچکردووان، تەنهاو تەنها "کردن بە ژێر خۆڵەوە".

پاش ماوەیەک، مامی بەرزان دەڵێت: "بەرزان من لەم هەفتەیەدا پێنج تەرمم بردووە بۆ سەر قەبران، بەڵام خالیدی تیا نەبوو، چونکە دەیناسم، بەڵام دەبێت پرسیار بکەم لە شۆفێرەکەی تری هاوڕێم کە خەفەر بووەو ئەویش لەم ڕۆژانەدا تەرمی گواســـتووەتەوە". پێکەوە دەچن بۆ لای هاوڕێ شـۆفێرەکەی، لەوێ وێنەیەکی خالیدی پیشـاندەدەن، وردبوویەوە لە وێنەکەی خـالیـدو نەیـنـاســـییەوە، جـارێکیتریش وێنەکەی گرتەوە بەدەســتیەوە، زۆر ورد بوویەوە لە وێنەکە، گەنجێکی جوانی باڵا بەرزی ڕەشـــتاڵە، چاوەکانی لە ڕەنگی ترێی شــــاربازێڕ دەچوون، ڕەش ڕەش بوون، بەڵام هەرچی بەراوردی وێنەکەی کرد لەگەڵ وێنەی ئەو گەنجە جوانە بێنازانەی کە فیشـــەک هەموو جەســـتەی کون کون کردبوون، نەیدەتوانی بیناســـێتەوە، چونکە ئەوان خوێن دەمووچاوو ســــەرجەم لاشـــەیانی گرتبوو، بۆیە ناتوانێت بزانێت ئەم وێنەیە یەکێک لە تەرمی گەنجانەیە کە بردوونی بۆ ســەر قەبران یان نا، بۆیە پیاوە شـۆفێرەکەی ئەمبولانســـەکە، کە مامی بەرزان بوو، ڕێنماییکردن بچن لە شــارەوانی هەواڵێک بپرسـن، بچن بۆ لای شـاهۆی سـەرۆکی شـارەوانی، بەڵکو ئەو

زانیارییەکیان پێبدات، چونکە ئەو تەنها ئەرکی گواســـتنەوە بووەو ئەمن کاری شاردنەوەکەی بە شارەوانی سپاردووە.

بەرزان ڕوو دەکاتە خالّی، خالّی هاوڕێی شــاهۆی شــارەوانی دەبێت، هەوڵدەدات لە ڕێگەی شارەوانیشەوە سۆراخی تەرمەکان بکات، شاهۆ بە خــالّی بەرزان دەڵێــت: "هەفتەیەک دەرفەتم بــدەرێ"، پــاش هەفتەیەک شــاهۆی شـــارەوانی هەواڵی پێدەداتەوە کە لەم ماوەیەدا پێنج وەجبەیان بردووە بۆ شــاردنەوە، هەر وەجبەیەک پێنج تەرم بوون، هەوڵبدەن بچنە ســـــەر قەبران، لەوێ پیاوێکی لێیە شـــێخەی پێ دەڵێن، بەڵکو ئەو پێتان بڵێت تەرمی کوڕەکەی ئێوە کامەیە، چونکە شارەوانی تەسلیمی شێخەیان دەکات بۆ شاردنەوە.

بەمجۆرە بەرزان ڕوویکردە ســـــەر قەبرانی گردی ســـــەیوان، لەوێ شێخەیان بینی کە خەریکی هەڵدانەوەی گۆڕێک بوو، کەمێک دوورتر لەو شـــــوێنەوە برایەکی کەمالی هــاوڕێی کەیوان و خــالیدی بینی کە لەوێ لەســـــەر گۆڕێک دانیشـــتبوو، دیارە چاوەڕێی شـــێخە دەکات تا تەرمی (کەمال)یان بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام دەبوو بەوجۆرە لەسەر گۆڕێک دانیشن تا پیاوەکانی بەعس و وەکیلەکانی ئەمن نەزانن ئەمان خەریکی چین، هەر وابزانن کەسانێکی ئاســایین و هاتوون بۆ ســەر گۆڕی خۆشەویستێکیان کە پێشتر کۆچی دوایی کردووە.

بەرزان لە شێخە دەچێتە پێشەوە، پێیدەڵێت: "کاک شێخ، من هاتووم بۆ تەرمی پوورزایەکم دەگەڕێم، بەڵکو هــاوکــارمــان بیــت بیــدۆزینەوە"، ئەویش ســـەرەتا متمانە ناکات، بۆیە دەڵێت: "بەخوا ئەو شــتانە ناکرێت و لای ئێمە نییەو من ناتوانم ئەو کارە بکەم"، بەرزانیش دەڵێت: "کاک شێخ، تۆ من نــانــاســـــیــت؟"، گوتی: "تۆ کێیــت؟"، بەرزان دەڵێت: "تۆ بــاوکی (یــاســـــین)و (تەهــا)یــت، تەهــا برادەرمە، تۆ لە خــانووەکــانی کــارگەی

شەکرەکەی، ئێمەش لەوێین"، بەڵام شێخە هەر دڵنیا نییەو نایەوێت بچێتە ژێرباری زانیارییەکە.

ئێوارە بەرزان دەچێت بۆ ماڵی شێخە، لەوێ سەرەتا یاسینی کوڕی دەبینێت کە هاوڕێیەتی، پاش چاکی و چۆنی، ئیتر شێخە دڵنیا دەبێتەوە لە بەرزان و دەڵێت: "بەیانی وەرن، بەڵکو ان شاءالله تەرمەکەتان بدۆزینەوە".

"بە سرپەوە هاواری کرد: ئەوە تەرمی خالیدە، بەڵێ ئەوە خۆیەتی"

بەیانی زوو، بەرزان و دایکی و پورە نەسرینی و خاڵی، کە لە هەمانکاتدا ئەوانە پورو خاڵی (خالید)یش بوون، بەڕێکەوتن بەرەو سەرقەبرانی گردی سەیوان، لەوێ لە شوێنێکی دوور لەسەر گۆڕێک دانیشتن، شێخەش خەریکی هەڵدانەوەی گۆڕەکان بوو، هەر گۆڕێکی هەڵدەدایەوە بەرزان دەچووە سەری بۆ بینینی، تا پێنج گۆڕ هەڵدرایەوە، بەڵام هیچ یەکێک لەو گەنجانە خالیدی پورزای نەبوون، بۆیە کات درەنگ بوو، زۆریش ماندووبوون، بێزاری و دڵتەنگیی و بێهیواییەکی زۆر ڕوویکردە بەرزان و دایک و پورو خاڵی، ئەو ڕۆژە بەناچاری و بێ ئەنجام گەڕانەوە ماڵەوە، بۆ بەیانی جارێکیتر چوونەوە بۆ سەرقەبران، دیسان دەستیان کردەوە بە هەمان کاری دوێنێ، سێ گۆڕی تریان هەڵدایەوە، دیسان هیچیان خالید نەبوون، دەکرێت موحەممەدی برام بووبێت، بەڵام ئەوان لەکوێ (موحەممەد) دەناسن؟ نەخێر دەکرێت ئەو سیانە یەکێکیان (ئەحمەد)ی برام بووبێت، بەڵام ئەوان دیسان (ئەحمەد)ی براشم ناناسن، خۆزگە لەو کاتانەدا دایکیشم لەوێ دەبوو، تا تەرمی خۆشەویستەکانی خۆی بدۆزێتەوە، یان دایکی کەیوان، یان دایک و باوکی جەلال و حەسەن لەوێبوونایە، تا ئەوانیش خۆشەویستەکانیان بدۆزیایەتەوە، یان دایکی یوسف و سەفەرو موسا، بەڵام ئەفسوس، ئەو کاتانە هێشتا ئێمەو ئەوان و زۆریشمان هەر چاوەڕێ بووین ئەمڕۆ نا

بەیانی براکانمان خۆیان دەکەنەوە بە ژووردا، باوەشـــمان دەکەن و تێر ماچیان دەکەین، بەڵام ئەمانە تەنها خەونێکی خۆشن، بەعسیش ڕێگە نادا خەونی هیچ کەســـێک بێتە دی، بۆیە ئەو ڕۆژەش بەرزان و دایکی و پوری و خاڵی خالید، بێ ئەنجام گەڕانەوە ماڵەوە، دەستی خاڵی و سنگی پڕ لە خەم، خەمی دۆزینەوەی تەرمی خالید، خالید کە دەبوو ئێســـتە لە فەرمانگەیەک خزمەتی کشـــتوکاڵی و باخ و بێســـتانی وڵاتەکەی بکردایە، ئەو چەندین ســـاڵ خوێندی تا فێر ببێت چۆن درەختەکانی وڵاتەکەی خزمەت بکـات، چۆن نیشـــتیمـانەکەی ســـەوز بکـات، گوڵەکـانی کوردستانەکەی چەند ئاویان پێویستە، بەڵام وا ئێستە تەرمی بێنازی لە ژێر یەکێک لەم چاڵانەدایە، ناشـیدۆزنەوە، ئەمە خەمێکی گەورەیە، خەمی نیشتیمانە، خەمی ئەندازیارێکی کشتوکاڵی.

پاش بێهیوابوون لە گەڕانی لەو جۆرە، خاڵی بەناچاری چووەوە بۆ لای (شـــاهۆ)ی شـــارەوانی، ئەویش گوتی: "چاوەڕێم بکەن، ئیشـــێکی قیرکردنم بۆ ئەمنی سلێمانی کردووە، بەڵکو لە دەرفەتێکدا لە بەڕێوەبەری ئەمن بپرسم بزانم خالید وەجبەی چەندەم بووە، چ ڕۆژێک بووە؟".

پاش یەک دوو ڕۆژ، شـــاهۆ هەواڵەکەی گەیاندەوە خاڵی بەرزان، بە بێدەنگی چپـانـدی بە گوێیـدا: "بچن بە شـــێخە بڵێن: وەجبەی پێنجەم بگەڕێـت، ئەو گەنجەی ئێوە بۆی دەگەڕێن لە (وەجبەی پێنجەم)ی ئەو پۆلە گەنجەدا بووە".

خاڵی خالیدو بەرزان و هەردوو پوری بە دڵخۆشـــییەکی ئاوێتە بە خەمێکی قوڵەوە گەڕانەوە بۆ ســـەر قەبران، بە شـــێخە دەڵێن: " شـــێخە گیان، وەجبەی پێنجەم بگەڕێ، یەکێک لەو پێنجە، زانیارییەکەمان دڵنایی تێدایە".

شێخەی چاودێری گۆڕستانەکە، تەنها کەسێکە زانیاریی تەواوی هەیە لەســـەر ئەو تەرمانە، بۆیە دەڵێت: "زۆر باشـــە، چاوەڕێ بکەن، یەک یەک دەســـــت دەکـات بە هەڵـدانەوەی گۆڕەکـانی وەجبەی پێنجەم، لەگەڵ

هەڵدانەوەی یەکەم گۆڕ بەرزان هـاواری کرد: "ئەوە خۆیەتی، خۆیەتی ئەوە خالید گیانە"، بۆ دڵنیایی زیاتر، خاڵی بەرزانیش هات، گوتی: "خاڵە تەماشـا بکە، ئەوە خالید نیە؟". خاڵی بەرزان کە خاڵی خالیدیشـە، گوتی: "بەڵێ ئەوە خالیدە"، بۆ دڵنیایی زیاتریش بە شێخەیان گوت: "یەک تۆزی تر خۆڵەکە لابـدە، تـا ئەو جلە دەربکەوێـت کە لەبەریـایەتی"، پـاش دەرکەوتنی فانیلەکەی کە فانیلەیەکی سـەوز باو بوو، زیاتر دڵنیابوونەوە کە ئەوە خالیدە، چونکە چەند ڕۆژێک پێش ئێسـتە شـێخ موحەممەدی باوکی خالید پێی گوتبوون: لەبەرئەوەی خالید کراسێکی دڕاوو خوێناوی لەبەردابوو، لە کاتی دیدارەکەمان لە ئەمنی سـلێمانی فانیلە سـەوزەکەی خۆمم پێدا، لەبەری کرد، بۆیە بەرزان دڵنیا بوویەوە ئەوە خالیدە.

پاش دڵنیابوونەوە لە تەرمی خالید، کە لەم چاڵەدا بێناز ڕاکشـاوە، شێخە دەڵێت: "چی لێدەکەن؟"، بەرزانیش دەڵێت: "یەک تۆز داپۆشەرەوە تا دەیگوازینەوە بۆ شوێنێکی باش و شایستە"، شێخە دەڵێت: "بۆ خاتری خوا ئەتانکوژن، چی دەکەن؟".

"ئەوە خەیرێکی گەورەیە"

بەرزان و خـاڵی و پوری و دایکی، بەرنـامە دادەنێن تەرمی خـالید بگوازنەوە بۆ شـوێنێکیتری گۆڕسـتانەکە، شـوێنێک کە نەنکی خالید بۆخۆی داناوە، بۆیە هەر ئەو ڕۆژە دەچێت دەگەڕێت تا پیکابێت پەیدا بکات، دەچێتە شـەقامی مەولەوی، لەوێ هـاوڕێیەکی نـاوی (تەهـا)یە، دەست دەکات بە پرسیارکردن بۆ پیکابێک، لە شۆفێرێک نزیک دەبنەوە، دەڵێ: "فەرموو لە خزمەتم، ئیشـەکەتان چیە؟"، دەڵێن: "تەرمێکمان هەیە، لەسـەر وەسـیەتی خۆی بەخاک نەسـپێردراوە، ئێسـتە دەریدەهێنینەوەو دەیبەینە ئەو شـوێنەی کە خۆی وەسـیەتی کردووە"، شـۆفێرەکە کەمێک ڕادەمێنێت، هەسـت بە "مەترسـی" کارەکە دەکات، بۆیە دەڵێت: "بەخوا ناتوانم، ببورن".

دەچنە لای شۆفێرێکی تر کە برادەری تەها بوو، پێیدەڵێن کارێکی لەو جۆرەمان هەیە، شـــۆفێرەکە ئاقڵ دەبێت، یەکســـەر دەزانێت ئەم تەرمە چیە؟ بۆیە دەپرسێت: "پێشمەرگە نییە؟"، بەرزانیش دەیەوێت زانیارییەکە بشـــارێتەوە، تەها کە دڵنیایە ئەم شـــوفێرە پیاوێکی دڵســـۆزو کوردێکی دڵســـۆزە، ڕوو دەکاتە بەرزان و دەڵێت: " بەرزان گیـان مەترســـە، ڕاســـتییەکە بڵێ"، بەرزانیش ڕوو دەکاتە شـــۆفێرەکەو پێی دەڵێت: "چیت لێ بشـــارینەوە، بەڵێ خزمێکمەو لەســـێدارە دراوە"، شـــۆفێرە کوردە دڵســـۆزەکە دەڵێت: "بەســـەرچاو، من لەگەڵتان دێم، جا ئەوە خەیرێکی گەورەیە، هەرچی ڕوو دەدات بـا ڕوو بـدات، بچن حەبلێک پەیدا کەن، لەگەڵ یەک شوشە عەتر"، پاشان بەڕێدەکەون بەرەو گۆڕستانی سەیوان.

خۆڵی ســەر تەرمەکەی خالید هەڵدەدەنەوە، لەناو دۆخێکی پڕ ترس و تۆقیندا تەرمەکە دەخەنە ناو پیکابەکە، یەکســـەر بەرەو گۆڕە نوێیەکەی، لەم کاتانەدا پورەکانی خالید دەســـت بە گریان و هـاوار دەکەن، بەڵام بەرزان و خـاڵی هەوڵدەدەن بێدەنگیـان بکەن، چونکە ئەمە کاتی گریـان نییە، دۆخەکە زۆر هەستیارەو ئەگەر بەعسیەک یان وەکیلێکی ئەمن بەم کارەیان بزانێت، ئەوە چارەنووســـی هەموویان هەمان چارەنووســـی خالیدە، بۆیە هەموو ئەم کارە چەند دەقیقەیەکی کەمی پێ چوو.

وا ئێســـتە بەرزان و خاڵ و دوو پوری خالید پێکەوە لەســـەر قەبران دەگەڕێنەوە، چاو بە فرمێسک و دڵ پڕ خەمن، بەڵام ئەوەی تروسکاییەکی دڵخۆشـــییە ئەوەیە کە تەرمی خـالیدیـان دۆزیوەتەوەو لە شـــوێنێکی شـایستەی خێزانەکەیان بە خاکیان سپاردووە، ئەو خالیدەی سنگی پڕ لە قورئان بوو، دەنگێکی خۆشـــی هەبوو، هێمن و لەســـەر خۆ بوو، تا پێش ماوەیەکی کەم لەمەوپێش لە ژوورەکەی کەیوان و هاوڕێکانی پێشنوێژی بۆ هاوڕێکانی دەکرد، لەو بارەیەوە ئاســـۆ مەحمود دەڵێت: "مەلا خالید زۆر پیاوێکی ڕۆحانی بوو، هەمیشـــە دەمی بە زیکرو ویرد بوو، زۆرجار پێشـــنوێژی بۆ دەکردین، لە نوێژی بەیانیدا قنوت و دوعای دەخوێند، لە

کاتی دوعاکانیدا یەکپارچە ژوورەکەمان پڕ دەبوو لە فرمێسک و گریان، گریانی تەقواو خواپەرستی نەوەک گریانی ترس، ئەو هێندە خواناس بوو بەردەوام خەریکی شەونوێژ بوو، زۆرجار بە دەنگی گریانی کڕنووشی شەونوێژی ئەو بەخەبەر دەهاتم، بەڕاستی پیاوێکی نوورانی بوو، بەداخەوە من درەنگ ناسیم، لە زیندان ناسیم و پێشتر یەکمان نەبینیبوو".

وا ئێستە خاڵ و پوورو بەرزانی پورزای جەستەی ئەو خالیدە بێنازە لەم گۆڕە بەجێدێڵن، لەو کاتەی لەسەر گردی سەیوان دێنە خوارەوە بەرەو ماڵەوە، دەگەڕێنەوە ماڵی نەنکی خالید کە ماڵی لە گۆڕستانەکەوە نزیک بوو.

بە بیستنی هەواڵەکە، گیانی لەدەستدا

بەرزان و خاڵ و پورەکانی خالید گەڕانەوە ماڵی نەنکی خالید، کە نزیکترین ماڵی خزمەکان بۆو لە گۆڕستانەکەوە، تا پشوویەک بدەن و ئاسەواری تەپ و تۆزی سەر گۆڕستانەکە لە خۆیان بکەنەوە، یەکەم پرسیاری نەنکی خالید هەواڵپرسینی خالید بوو، یەک دوانیان گوتیان: "ان شاالله باش دەبێت و خوا کەریمە"، بەڵام یەکێکیان بەبێ ویستی خۆی ڕاستییەکەی پێدەڵێت: "وەڵا ئەوە خالیدمان لەو گۆڕە بە خاکسپارد کە بۆ خۆتت ئامادە کردبوو"، لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە، نەنکی خالید یەک وشەشی نەدرکاند، ئەوە کۆتا هەناسەی بوو، نەنکی خالید لە حەسرەتی ئەم هەواڵە کە کوڕزانی نەوە تاقانەکەیەتی گیانی لەدەستدا، ئەوە کۆتا ساتی ژیانی بوو، ئەو بوورانەوەیە بوورایەوە، نەهاتەوە هۆش خۆی و بە گەیاندنی بە نەخۆشخانە پێیان ڕاگەیاندن کە هەر لەو شوێنەی بووراوەتەوە، کۆچی دوایی کردووە.

خزمەکان کۆبوونەوە، نەنکی خالیدیشیان لە نزیک خالید بە خاکسپارد، ئیتر خانەوادەکە دەرفەتێکیان دەستکەوت تا بە پاساوی مردنی نەنکیان جۆرە پرسەیەکیش بۆ خالید بگێڕن، پرسەیەک کە

قەدەغەبوو، کەس نەیدەوێرا باسـی کوژرانی خالید بکات، پرسـەکە هەر هی نەنکی بوو لای خەڵـک و خزمەکـان، بەڵام ئەم هەواڵە دڵتەزێنە لە سنگی کەس خۆی ڕاناگرێت، بەژێر لێوەوەو بە چرپە هەموو ئەوانەی بۆ پرسـەی نەنکی خالید دەهاتن، هەواڵی شـەهیدکردنی خالیدیشـیان پێگەیشـتبوو، بەڵام کەس نەیدەوێرا بە خزمەکان بڵێت: "خوا لێی خۆش بێت"، دەربڕینی (خوا لێی خۆش بێت) هەرکەسـەو لە دڵی خۆی بۆ خالیدو نەنکیشی مەبەستیان بوو، بەڵام بە ئاشکراییەکەی تەنها بۆ نەنکی بوو، بە ئاشـکرا هیچ باسـێک لە کوژرانی خالید نەبوو بەدەسـتی جەلادەکانی بەعس و سەددام، ئەمە هەواڵێکی بڤەبوو.

کات نزیکبوویەوە لە مانگی (دە)، ئیتر کاتی تەواوبوونی شەش مانگی سـزای باوک و دایکی خالید بوو، بۆیە دایک و باوکی پاش شـەش مانگ گەڕانەوە سـلێمانی، ئەگەرچی مام شـێخ موحەممەد، بەڵگەنامەی مردنی مەلا خالیدی کوڕی لە ئەمنی سـلێمانی وەرگرتبوو، بەڵام ئەم زانیارییەی لە سنگیدا حەشاردابوو، نەیهێشت حاجی فاتیمەی هاوسەری ئەم هەواڵە دڵتەزێنە بزانێت، کە هەموو ئومێدو دڵخۆشـییەکی پاش شـەش مانگ لە زیندانی ئەمنی سـلێمانی و عەمارە ئەوەبوو کە خالید ببینێتەوە، بەڵکو لەگەڵ ئازادبوونی ئەمان، خالیدیش بگەڕێتەوە باوەشـیان، بگەڕێتەوە حەوشـەکەی مزگەوتی حاجی حەسـەنی لۆکە، دەسـت بکاتەوە بە هەڵپاچینی پرچی گوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکانی حەوشـەی مزگەوتەکە، ئاوی دارتووەکانی مزگەوت بدات، ئەو دارتووەی کە یەکەم خواردنی شـیرین کە (بەهرە)ی کچە تـاقـانەی خـالیـد خواردبووی، تووەکـانی مزگەوتەکە بوون، ئەو منـداڵەی سـەددامییەکـان نەیـانهێشـت بـاوکی ببینێـت، نەشیانهێشت باوکی جارێکیتر باوەشی بکات و تێر ماچی بکات.

بەڵام ئەم هەواڵە نـامێنێتەوە، هەر دەبێـت بـدرکێنرێت، هەر دەبێت بگوترێت، حاجی فاتیمە خۆشـی بۆنی ئەم هەواڵە دڵتەزێنەی لە ناوچاوی ئەو کەسـانە دەکرد دەهـاتن بۆلای بەهۆی گەڕانەوەیەوە لە زیندان،

هەستی دەکرد ئەمە ڕووی دڵخۆشی نییە بۆ هاتنەوەی ئەوان، لە پشت ئەم ڕووە دەستکردە خۆشانەوە هەواڵێکی دڵتەزێن هەیە، کە بە هەموو هەستێکی دایکایەتی دەیزانی ئەمە هەواڵی لە ژیان دەرچوونی تاقانەکەیەتی، ئەو دایکە دایک، مەرج نییە بە ئاشکرا پێی بڵێیت: "کوڕەکەت کوژراوە و لە ژیاندا نەماوە"، بەڵکو خۆی دڵی هەواڵی پێدەدات، هەواڵ لەبارەی خالید گیان، بەڵام نەیدەویست ئەم ڕاستییە بزانێت، نەیدەویست کەس ئەم زانیارییە نەگریسەی پێبدات، هەر دەیویست ئەمە ڕوو نەدات و هەر خەو بێت و نەبێتە ڕاستی، هەر نەست بێت و نەبێتە هەست.

دواجار کاک شێخ موحەممەدو هەندێک لە خزمەکان و بەرزان و پوورەکانی شەوێک هاتنەوە ماڵەوەو لەگەڵ خۆیان مامۆستایەکی ئاینیشیان بانگهێشت کردبوو، تا لەگەڵ باسکردن لە پاداشتی ئارامگران، ئەم هەواڵە ناخۆشە بدەن بە گوێی حاجی (فاتیمە)دا، بەڵێ ئەمە ئەو شەوەیە کە ناخۆشترین هەواڵی ژیانی دەبیستێت، ئەو هەواڵەی مام شێخ موحەممەد لە ئەمنە دڵڕەقەکانی بیست، بە بیستنی ئەم هەواڵە، حاجی فاتیمە شۆک بوو، تاسا، هیچی بۆ نەدەگوترا، "چۆن؟ خالید کوژراوە؟ خالیدیان کوشت؟ هەر بە ڕاستیتانە یان درۆ دەکەن؟ تخوا پێم بڵێن: ئەمە ڕاستی نییەو خەوە، پێم بڵێن تا بەخەر بێم و ئەمە ڕاست نەبێت"، حاجی فاتیمەی دایکی خالید لە ماڵەکەدا دەسووڕایەوە، ئەم دایکە هیچی بۆ نەدەکرا لەتاو ئەم هەواڵە دڵتەزێنە، ئەم هەواڵە شۆکهێنەرە، بەناو خەڵکەکەدا گەڕا، تا بەرزانی خوشکەزای دۆزییەوە لە سووچێکی ژوورەکەدا هەڵکورما بوو، چوو یەخەی بەرزانی گرت تا خەمی خۆی پێبڕێژێت، یەخەی بەرزانی گرت، ئەو بەرزانەی کە هاوڕێی خالیدی کوڕی بوو، هاواری کرد بەسەریدا: "بۆ کەهاتی بۆلام بۆ سجن پرسیاری خالیدم کرد ڕاستیت پێ نەگوتم بەرزان؟ بۆ لێت شاردمەوە؟ بۆ ڕاستیت نەوت بەرزان؟ بۆ؟ بۆ درۆت لەگەڵ کردم بۆ؟ مەگەر بڕیار نەبوو تۆ

هاوڕێ ڕاســتگۆکەی خالید بیت؟"، ئیتر ئەمە هەســتی دایکە، دایکێک کە تەنها یەک کوڕی هەیە، تەنها یەک جگەرگۆشــەی هەیە، ئەویش لەلایەن ســەددامیەکانەوە کوژرا، گەڕایەوە بۆ لای خوای خۆی، ئاخر مردنی منداڵێکی لەمجۆرە زۆر قورســە، منداڵێک کە بە درێژایی تەمەنی بۆ یەک لەحزەش دڵی دایک و باوکی نەشــکاندووە، بێگوێی نەکردوون، گوڵی بۆنخۆشیماڵەکەیان بووە، تاکە هیوا بوو، هیوایەک وا ئێستا بۆ هەمیشە کوژایەوە.

بۆ سوکنایی دڵی خۆی، حاجی فاتیمە باوەش بە (بەهرە)ی یەک ساڵی تاکە یادگاری (خالید)دا دەکات، منداڵێک کە هێشـتا یەک سـاڵی تەمەنیەتی و نـازانێت چی ڕوو دەدات؟ نـازانێت دایە حـاجیەکەی بۆ دەگری، بۆ پەرێشــانە؟ ئەو شــەوە تا بەیانی گریان لە ماڵی خالید بەرزدەبوویەوە، گریـانی بـاوک و دایک و پوورو خـاڵ، گریـانی خۆشــەویســتـان بۆ خۆشەویستترینی ماڵەکەیان.

ئەو شــەوە حـاجی فـاتیمە دەقیقەی دەژمـارد تـا ڕۆژ ببێتەوە، تـا بەیەکەوەو بە دزییەوە بچن ســەرێک لە گۆڕەکەی خـالید بدەن، دوا ماڵئاوایی لێبکەن.

حاجی فاتیمەو مام شـێخ موحەممەدی دایک و باوکی خالیدو بەرزان و یەک دوو لە خوشـک و براکانی حاجی فاتیمە بەڕێکەوتن بەرەو گردی ســەیوان، لەوێ حاجی فاتیمە باوەشــی بە گۆڕەکەی (خـالید)دا کرد، باوەشــێک کە ئەگەر زیندووش بووایە هەر بەو گەرمییە لە باوەشــی دەکرد، توند توند باوەشـیکرد بە گۆڕەکەیدا، سـەری خسـتە سـەر خۆڵی گۆڕەکەی وەک ئەوەی بیەوێت گوێ لە ترپەی دڵی خـالیدی تـاقـانەی بگرێت، ئەو دڵەی بۆ دواجـار ئەمنە ســەددامیە دڵڕەقەکان لە لێدانیان خســت، دڵێک پڕ لە قورئان، پڕ لە خۆشــەویســتی وڵاتەکەی، پڕ لە خۆشــەویســتی شــارەکەی، پڕ لە خۆشــەویســتی گوڵەکانی باخچەی مزگەوتەکەی حاجی حەسەنی لۆکە.

لەحزەی مانەوەی دایکێکی غەریبی نیشـــتیمان لەســـەر گۆڕی کوڕە تاقانەکەی ئیتر چرکەیەکە هیچ کامێرایەک ناتوانێت وێنەی بگرێت، هیچ ئەدیبێک ناتوانێت بە وشـەکانی پێناسـەی بکات، کوا وشـە دەتوانێت ئەم خەمە قووڵە بەیـان بکـات، کوا وێنە دەتوانێـت پێمـان بڵێـت لە دڵی ئەم دایکەدا چی دەگوزەرێت، کوا تابلۆ ئەو هیواو خەیاڵانە پیشـــاندەدات کە داکێک بۆ کوڕەکەی دەیکێشـــێت؟ خەم و حوزنی دایکێک کە کوڕەکەی تـازە زانکۆی تەواو کردبوو کوشـــتیـان، خۆی شـــەش مـانگی پڕ لە دەردەســـەری لە زیندانەکانی بەعس بەڕێکرد، ماڵەکەشـــیان ڕووخێنرا، ناشـــوێرێت پڕ بە گەرووی ئەم خەمە بۆ ئەو کەســـانە بەیان بکات کە ســـەردانی دەکەن و پڕ لە چاوەکانی فرمێســـک برێژێت، لە ترســـی دێوەزمەی بەعسی و سەددامییەکان، ئایا ئەم خەمە گەورە دەکەوێتە بەر فلاشی هیچ کامێرایەک و دەتوانێت بەرجەستەی بکات؟ لە ناو پەرەگرافی هیچ ئەدیبێکدا جێی دەبێتەوە؟ بێگومـان منیش و تۆی خوێنەریش دەڵێین: "نەخێر، هەزارجـار نەخێر، ئەو خەمە بەیـان نـاکرێـت"، ببوورە حـاجی فـاتیمە گیـان، ببورە کە نەمـانتوانی خەمی تۆو دایکی کەیوان و دایکی موحەممەدو دایکی موســـاو دایکی فەرهـادو دایکی هەموو گەنجەکـانی زیندانی ئەمنی سلێمانی بکەین بە وشـەو ڕستەو وەکخۆی بینووسینەوە، لێمان ببوورن.

دایکی فەرهاد چۆن زانی کوڕەکەی شەهیدکراوە؟

ڕۆژێک دایکی فەرهاد خۆی پێچایەوە بەرەو فەرمانگەی ئەمن، دیسان بە هەمان هەستی جارانەوە، بۆ بینینی فەرهادی کوڕی، عەلاگەکەشی بیر نەچووە، ئەوەی کە پڕیدەکرد لە پێداویســـتی بۆ فەرهادو هەموو جارێک دەیبردو لەگەڵ خۆی دەیهێنایەوە، ئەم جارەیان ئەمنەکان گوتیان وەرە دایە وەرە ژوورەوە، بەم فەرموو لێکردنە دڵی خۆش دەبێت، دڵی یەعقوب ئاسای بۆ بینینی یوسفەکەی.

پاشـئەوەی دەچێتە ژوورەوە، عەریفێکی ئەمن کە بە خانەقینی قسـەی دەکرد، لێی دەپرسـێت: "کوڕەکەت ناوی چیە؟"، دایکی فەرهادیش ناوی سـیانی کوڕەکەی پێدەڵێت، پاش گەڕان بەناو تۆمارەکەی بەردەسـتیدا، بەخوێنسـاردییەکەوە پێی‌دەڵێن: "دایە، ئەوە ئێمە کوڕەکەی تۆمان بە بڕیاری شـۆڕش کوشـتووە"، ئاااااای خوایە لەو هەواڵە، ئەوە تەنها قەدەری خوایە دڵی ئەم دایکە لەکاتی بیسـتنی ئەم هەواڵە ڕانـاگرێت، ئەگەرنا تەنها ئەم هەواڵە بەس بوو بۆ مردنی خێزانێک بەتێکڕا، نەوەک دایکێک کە شـەش مانگە چاوەڕێی بینینی کوڕە حەڤدە ساڵانەکەی دەکات و ڕێگەی پێنادەن!

پاشـئەوەی پێیدەڵێن ئێمە کوڕەکەی تۆمان کوشـتووە، وەفاتنامەکەی دەدەنە دەسـت، پێیدەڵێن: "پێمان ناخۆشبوو، بەڵام ئەو کوڕەی تۆ کوڕی "سـەددام حسـێن"ە!، بۆیە ئەو خۆی باش دەزانێت چ بڕیارێک دەدات لە ژیانی کوڕەکەت!".

تۆ تەماشـای ئەم ڕژێمە بکە چۆن ئەندامەکانی لەسـەر لوتکەی فاشـییەت پەروەردە دەکات، کوڕی خەڵک دەکوژێت و پاشـان پێیان دەڵێت: "کوڕەکەت کوڕی سەددام و حزبە، ئەوان دەزانن ژیان یان مردن بۆی باشبووە!".

لە وەفاتنامەکەدا چەند زانیارییەک هەبوو، بێجگە لە زانیاریی خۆی و باوک و ڕۆژی لە دایکبوونی، ڕۆژی گولەبارانکردنی فەرهادیش ئاماژەی پێدرابوو، ٢٨ی ٥ی ١٩٨٩ فەرهاد کوژراوە، بە فیشـەکێک لە سـەریداو بەهۆی پارچە پارچەبوونی مێشکییەوە، فەرمانگەی (ئەمن)یش هەواڵدەری ڕووداوەکەیە، لەگەڵ واژۆی فەرمانگەی دادپزیشکی!

گۆڕی فەرهاد لە کوێیە؟

وەک گەنجەکانی تر، فەرهادو ژمارەیەک لە هاوڕێکانی کە لە یەک ڕۆژدا گولەباران کراون، بە نهێنی تەرمەکانیان ڕادەسـتی دادپزیشـکی

(طب عدلي) ســـلێمانی کران، ئەوانیش بە هەماهەنگی فەرمانگەی ئەمن و شـــارەوانی ســلێمانی، دەیگوازنەوە بۆ گۆڕســـتانی ســـەیوان، لەوێ لە لاپاڵێکدا دەیانکەن بەژێر خۆڵەوە، هەموو ئەم ڕێکارانەش دوور لە چاوی خەڵـک، بە نهێنی و بە ئـامـادەبوونی مەفرەزە تـایبەتەکـانی ڕژێم کە پاســـەوانی کردووە بۆ ئەوەی کەس چـاوی لەوە نەبێـت تەرمی ئەم گەنجانە دەشارنەوە.

گۆڕەکـان گۆڕ نەبوون، بەو جۆرەی نەریتی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردسـتان پێی ئاشـنایە، بەڵکو تەنها چەند بسـتێک خاک هەڵدراوەتەوەو بەبێ کفن و بەبێ شـــۆردن کراون بە ژێر خۆڵەوە، هەندێک حاڵەتیش تـاقەتی ئەوەیـان نەبووە کە دوو گۆڕ هەڵکەنن بۆیـان، بەڵکو دوو دوو کراون بەژێر خۆڵەوە، لەو مـاوەیەدا بێجگە لە کەیوان و هـاوڕێکـانی کە (بیســـــت و چوار) کەس بوون، گۆڕی گەنجی تریش هەبوون کە بە هەمانشێوە کوژرابوون و کرابوون بە ژێر خۆڵەوە.

پاش بیســـتنی هەواڵی کوژرانی کوڕەکەیان، خێزانی فەرهاد دەســـت دەکەن بە گەڕان بەدوای تەرمی کوڕەکەیاندا، بۆ ئەو مەبەستە کاک هیوا، برا گەورەی شـەهید فەرهاد دەست دەکات بە گەڕان، ئەگەرچی هیوا لەو کاتانەدا ســـەربازی هەڵهاتوو(فیرار) بووە، بەڵام بە نهێنی و شـــەوانە چووەتە گۆڕستانی سەیوان و بەهاوکاری چاودێری گۆڕستانەکەو یەک دوو کرێکاری تر خەریکی هەڵدانەوەی گۆڕەکان بوون لە دۆخێکی پڕ لە ترســـدا، هەر شـــەوێک چوار پێنج گۆڕێک هەڵدەدەنەوە، تا دەگەنە (٢٨) گۆڕ[١]، بەڵام بە داخەوە ناتوانن تەرمی فەرهاد بدۆزنەوەو دواجار دایک و باوکی فەرهاد وێڕای خەمی شـــەهیدکردنی کوڕەکەیان، خەمێکی تر

---

[١] – لەو ماوەیەی کەیوان و هاوڕێکانی شـــەهیدکران، گەنجانی تریش شـــەهیدکراون، بۆیە ژمارەی گۆڕەکان زۆر بوون و بەردەوام گۆڕی تازە هەبوون، لە ماوەی نۆ مانگی ســـاڵی (١٩٨٨)دا نزیکەی (٧٨) کەس شەهیدکراون. (سەیری بەڵگەنامەی ژمارە (٢) بکە).

یەخەیـــان دەگرێـت ئەویش خەمی نەدزۆینەوەی تەرمەکەی، کە ئەمە گەورەترین خەمەو هەرکەسێک خۆشەویستێکی لە دەست دەدات تا ئەو ڕۆژەی لە ژیاندایە چاوەڕوانی ئێسک و پروسکەکانیەتی، بەڵام هیوا بەبێ هیوایی لەم پرۆســـــە گەورەیە هاتە دەرەوەو نەیتوانی تەرمی فەرهادی برای بدۆزێتەوە، فەرهادیش بوویە یەکێک لەو هـاوڕێیـانەی کەیوان کە گۆڕبزرەو گڵکۆیەک نەبوو تا دایک و باوک و خوشـــک و براکانی بچنە سەری و تێر بگرین بۆ ئەزیزی لە دەستچوویان!

(٨١)
"بە ترسەوە گەڕاینەوە ماڵی خۆمان"

ئەو ڕۆژەی گەڕینەوە ماڵی خۆمان، بۆ بەیانییەکەی جەژنی قوربان بوو، دایکم وەک ئەوەی گەڕابێتەوە بۆ ماڵێک لەپاشماوەی جەنگ، ئاوا ماڵەکەی دەبینی، پڕ لە خۆڵ و خاشاک، ماڵێک بەبێ براکانم، وەک پرسەخانە وابوو، کتێب و کتێبخانە بچوکەکەی هەردوو کاکەم و شوێنی خەوتنەکانیان بۆ خۆیان مەرگهێن بوون کاتێک چاومان دەچووە سەریان.

هیچ شتێک لە جێگەی خۆی نەبوو، لە ماڵێکدا کە دوای کیمیابیباران بونیاتنرابوو، چەند دۆشەک و بەتانییەک، تەباخێکی سێکوچکەی بچوک، غازێک و هەندێک قاپ و قاچاخ، هیچیتر، تەنانەت نە تەلەفزیۆن نە سەلاجە نە موربەریدە هیچیمان نەبوو، بەلام هێشتاش دلمان پێی خۆش بوو، تەنها سەددام لێگەڕایەو بە گرتنی براکانم نەیکردایەتە جەهەننەم.

شەو داهات، بەیانی جەژنە، ئێمە هەموو جێنگڵ دەدەین، دایکم لە بری ئەوەی وەک جەژنەکانی تر سەرقاڵی دروستکردنی چێشتی فاسۆلیاو قەیسی و گۆشت بێت بۆ بەیانی جەژن، بانگ و سەلای گریانی بەرز کردبوویەوە، لەگەڵ گریانی ئەو، ئێمەش هەموو دەگریاین، گریانی خێزانێکی تەنها، خێزانێکی بێکەس، کە کەس هەر هیچ کەس دەنگی گریانەکەیان نابیستێت، نەوەک لەبەرئەوەی خزم و کەسمان نییە، نا، بەڵکو لەبەرئەوەی کەس نەیدەوێرا ئەسڵەن هەواڵمان بپرسێت، سێ کوڕیشمان لە زیندانە، بەڕاستی ئیتر هەر گریان بۆ ئێمە باشبوو، گریانیش ئەو کاتەیە کە مرۆڤ دەستەوسان دەبێت لە هەموو شتێک، دەستی لە هەموو شت بەردەبێت بێجگە لە خوا!

ئەو شـــەوە دایکم چاوی چووە خەو، دیســـان خەبەری بوویەوە، ئەمجارەیان لە پێشـــتر زیاتر دەگریا، پرســـیمان دایکەگیان چی بوو؟ دە بەس نییە گریان، دایە گیان بخەوە، دایکم گوتی: " ئێســـتە چاوم چووە خەو، پیاوێکی ڕیشسپی نوورانیم بینی، موحەممەدو ئەحمەدی خستبوویە ژێر دەستی، ئەبوبەکریشـی بۆ هێنامەوەو ڕۆیشـت، بەخوا مانای ئەوەیە موحەممەدو ئەحمەد نەماون، بەخوا ئیتر ناگەڕێنەوە"، ئەمە خەوی دایکە دایک، ڕێک وەک ئەوەی ڕووداوەکەی بە ڕوونی بینیبێت، هەر بەو جۆرە بوو، ئەبوبەکر گەڕایەوەو بۆ هەمیشە موحەممەدو ئەحمەدی لێ ون بوو، خۆیان، تەرمیان، گۆڕیان، هیچی دەســـت نەکەوتەوە، "دایەگیان بخەوە، خوا کەریمە، ان شاءالله وا نابێت وهەر سێکیان دەگەڕێنەوە".

ئێمە بێئاگابووین لەوەی بۆ شـــەوەکەی کاک ئەبوبەکری برام ئازاد بوو بوو، گەڕابوویەوە ماڵی خاڵۆم، ئێمە لە عەربەت ئاگاداری ئەم هەواڵە خۆشە نەبووین، تا بەیانی ڕۆژێکی نوێ هەڵهات کە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو.

بەکرە بچکۆل لە (دیوانیەوە) گەڕایەوە

ســـەعـات (نۆ)ی شـــەوی ١٢ی ٧ی ١٩٨٩، ئەبوبەکری برامیـان گەڕاندبوویەوە ئەمنی ســـلێمانی، بە ڕێگەیەکی دووروودرێژی دیوانیە بۆ بەغداد بۆ کەرکوک و لەوێشەوە بۆ سلێمانی، کاتێک گەیشتبووەوە ئەمنی ســـلێمانی لە یەکێک لە هۆڵەکان دایاننابوو تا دۆســـییەکەی دەدۆزنەوە، لەوێ هەندێک لە ئەمنەکانی ناســـیبوویەوە، وەک (ئەبو نەســـرو ئەبو عەلی)، هەر بە هۆی ئەوانەشەوە زانیبوی گەڕێنراوەتەوە ئەمنی سلێمانی، بەڵام بینـاکە ئەو نییە، ئەم بنیـایە نوێیەو بینـا کۆنەکە نییە، دواتر زانی ئەوە بینـای ئەمنە ســـوورەکەیە، هەر کە چوویە ژوورەوە بۆ هۆڵەکە، زۆرێک لەوانەی پێش بردنی بۆ (دیوانیە) هەر لەوێ مـابوون، هـاواریان کرد: "بەکرە بچکۆل هـاتەوە، بەکرە بچکۆل هـاتەوە"، زینـدانییەکـان

باوەشـــیان پێداکردوو بەخێرهێنانەوەیان کرد، گوتیان: "چی بوو کاک بەکر؟ ئەم ماوەیە لە کوێبووی؟"، بەکرە بچکۆل بۆی باســـکردن کە لەو ماوەیە لە زیندانێک بووە لە شاری (دیوانیە)، ئێستە هێنراوەتەوە نازانێت چی لێدەکەن، ئەوان دڵیخۆش دەکەن کە مادەم هێنراوەتەوە بە دڵنیاییەوە ئازاد دەبێت، بەمجۆرە کات نزیکەی سەعات پانزەی شەو بوویەوە، هەر قســـەو گفتوگۆ بەردەوام بوو، تا دەنگی زرەی کلیل هات بۆ کردنەوەی دەرگا، ئیتر هەموو کش و مات بوون، تا بزانن بەم درەنگانی شـــەوە دەرگا بۆ دەکرێتەوەو چی هەیە، پاشـــان بەکرە بچکۆل گوێی لە ناوی خۆی بوو کە ئەمنێـک هــات خوێنـدییەوە، "ئەبوبەکر وەرە لە گەڵم"، لەگەڵیان ڕۆیشـــت، پاش چەند دەرگاو ڕێڕەوێک بردیانە ژوورێکەوە کە ئەفســەرێکی لێبوو، ئەفســەرەکە گوتی: " ئەبوبەکر تۆ ئازاد دەبیت، بەڵام ئێســـتە درەنگەو تۆش ماڵت لە عەربەتە، ئەمشـــەو ناکرێت بتبەینەوە عەربەت"، خێرا کاک بەکری برام دەڵێت: "نا قەیدی نییە، من ئێســـتە دەڕۆم، چونکە بەیانی جەژنەو تا چوار ڕۆژی تری جەژن من چی بکەم لێرە، ســـوپاســـتان دەکەم ئێســـتە ئازادم بکەن، قەیناکات مەمبەنەوە عەربەت"، ئەفســەرەکە دەڵێت: "ئاخر بەم درەنگە شــەوە دەچیتە کوێ؟"، بەکرە بچکۆل دەڵێت: "دەچمە هۆتێل، کێشـــە نییە"، ئەفســـەرەکە ڕوو دەکاتە ئەمنێک و دەڵێت: "باشــە با بڕوات"، پاشــان ئەبوبەکر ڕوو دەکاتە ئەفســەرەکەو دەڵێت: "ئەی براکانم؟ بێ زەحمەت با بیانبینم"، ئەفســەرەکە دەڵێت: "براکانت ناویان چی بوو؟"، بەکری برام وەڵام دەداتەوە: "ناویان موحەممەدو ئەحمەدە"، ئەفســەرەکە تۆمارێک دەهێنێت، تەماشــای دەکات، دەڵێت: "براکانتمـان ناردووە بۆ دادگای شـــۆڕش، نەگەڕێنراونەتەوە"، بەکری برام ئیتر دڵنیا دەبێتەوە لەوەی براکانی نـابینێت، ئەگەرچی ئەم هەواڵە زۆر نـاخۆشـــە بۆی، بەڵام تـامەزرۆیی بینینی دایـک و بـاوک و خوشـــک و برا، هەواڵێکی خۆشـــترە کە پاش ئەم هەواڵە نـاخۆشـــە

دەبیبیستێت، بۆیە پەرۆشە بۆ چوونە دەرەوە، جار جاریش باوەڕ ناکات کە ئازادی بکەن.

ئەبو نەسر لەگەڵی دێت تا دەرگای دەرەوە، پاشان بەکرە بچکۆل خۆی دەڕوات، لەو کاتەی دەڕوات کەمێک لا دەکاتەوە بۆ دەرگای ئەمن، ئەو دەرگایەی لە پشتیەوە ڕوویکردووەتە خانووەکان، بزانێت هەر بەڕاستی ئەم ئازاد کراوە یان نا؟ پاش کەمێک، کە هێشتا دیواری سەرەکی ئەمنە سوورەکەی بەجێنەهێشتبوو، ئۆتۆمبیلێک لە تەنیشتی دەوەستێت، زۆر ترسا بیگرنەوە، سەعات دوانزەی شەوە، دنیا کش و مات، چۆڵ و هۆڵ، ئەم ئۆتۆمبیلە چی بوو وەستا، شۆفێرەکە جامەکە دەهێنێتە خوارەوەو دەڵێت: "بۆ کوێ دەچی با بت گەیەنم"، ئەبوبەکری برام دەڵێت: "سوپاس، هیچم ناوێت، خۆم دەڕۆم"، دەڵێت: "وەرە کوڕی باش، درەنگەو ئۆتۆمبێلت دەست ناکەوێت". ئەویش دەڵێت: "تا هۆتێل حەسیب سالح دەچم"، تومەز ئەم ئەمنە بەم ئۆتۆمبێلەوە ئەبو نەسر ناردوویەتی، تا بیگەیەنێتە ئەو شوێنەی دەیەوێت، دەگاتە بەردەم هۆتێلەکەو دادەبەزێت، سوپاس و خوات لەگەڵ، لەگەڵ تێپەڕبوونی ئۆتۆمبیلەکە ئەم لەسەر شەقامە سەرەکییەکەی بەردەم هۆتێلەکە دەمێنێتەوە، دەست لە تەکسییەک ڕادەگرێت، لەگەڵ تەکسیە لاداکە سەردەکەوێت: "بێ زەحمەت بمگەیەنەرە گەڕەکی مامە یارە!".

دەگاتەوە مامەیارە، ئەوە تەنها ماڵێکە کە پێی ئاشنایە لە سلێمانی، ماڵی ئامۆزاکەی دایکم، ئەو شەوە دەخەوێت، بەیانی زوو بەخەبەردێت و بەرەو ماڵی خاڵۆ حەمەئەمینی دەبەن لە گەڕەکی ئازادی، لەوێش هێشتا خۆر نەکەوتووە بەرەو گەراجی عەربەت بەڕێدەکەون، نزیکەی چێشتەنگابوو، کاک ئەبوبەکری برام و خاڵۆم گەڕانەوە ماڵەوە لە عەربەت، بەڕاستی بۆ ئێمە وەک خەو وابوو، "ئەمە چۆن گەڕایتەوە؟ کێ تۆی هێنایەوە؟ چۆن ئازاد بوویت؟ ئەی هەواڵی موحەممەدو ئەحمەد"و هەزار پرسیارو گفتوگۆی تر، ئاااای چەند ڕۆژێکی سەخت بوو، بەڕاستی

ئەو جەژنەمان کەمێک بوویە جەژن، چونکە لە سێ برا یەکێکیان گەڕایەوە، کە هەرگیز چاوەڕێمان نەدەکرد، ئەو ڕۆژەش (١٣ی ٧ی ١٩٨٩) بوو، ڕێک دەیکردە نزیکەی شەش مانگ لەمەوپێش کە ئەو لە نزیک ئەم ماڵەو لە قوتابخانەکەی دەستگیرکرا، ئەو کاتەی حاجی مەحمودی موختارو ئەمنەکان ئەبوبەکریان دەستگیر کردبوو و ماڵەو ماڵ و کۆڵان بە کۆڵانی عەربەت دەگەڕان بەدوایاندا.

بۆ سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر، ئەمنێک یان جاشێک یان پیاوێکی بەعس کە دڵنیانەبووین لە چ دەزگایەکی بەعس بوو، بەڵام بە کوردی قسەی دەکرد، لە دەرگای دا، دایکم چوو دەرگاکەی کردەوە:

پیاوەکەی ڕژێم: کێ لەم ماڵایە؟

دایکم: خۆمانین.

پیاوەکەی ڕژێم: کەی هاتوونەتەوە؟

دایکم: سێ ڕۆژە.

پیاوەکەی ڕژێم: کێ ڕێگەی پێداون بێنەوە ماڵەوە؟ ئەم ماڵە حیجزەو خۆشتان قاچاخ بوون، لەکوێ بوون؟

دایکم: کوڕەکەمان ئازاد بووەو هاتووینەتەوە، لەوە زیاتر چی بکەین؟

بەمجۆرە پیاوەکەی ڕژێم ڕۆیشت، دیارە ئەویش کەسێک لەو نزیکانە هەواڵی پێداوە، ئەگەرنا چۆن خێرا زانیان ئەم ماڵە چۆڵە ئاوەدان بووەتەوە؟ بەمەرجێک ئێمە زۆر بە سرتەوە دەهات و دەچووین، هاتوچۆی زۆرمان نەدەکرد، کەچی بەعس و پیاوەکانی زانیبوویان کە ئێمە گەڕاوینەتەوە، دیارە ئیتر کۆڵیان داو نەهاتنەوە، بەڵام ئێمە ئەو ساڵەمان هەر بە نهێنی بردە سەر.

(٨٢)

مامی (عیرفان)یش تەرمەکەی بینی و ناسییەوە

دوای ناردنی کەس و کاری کەیوان و هاورێکانی بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق، کەس و کاری (عیرفان سەعید) هەستدەکەن ئیتر زەحمەتە عیرفان بە زیندوویی بگەڕێتەوە، بۆیە بە خزمێکیان کە لە دادپزیشکی فەرمانبەر دەبێت دەڵێن: "ئەگەر گەنجیان هێنا بۆ دادپزیشکی کوژرابوو، یان لە سێدارە درابو، ئاگادارمان بکەن، ئەمەش ناوەکەیەتی"، یەک دوو ڕۆژ پاش جەژنی ڕەمەزان، خزمەکەیان هەواڵ دەدات بە کاک حسێن: "چەند تەرمێکیان هێناوەو بە پێی تەمەنەکەیان و ناوەکەی بێت یەکێکیان پورزاکەی تۆیە، وەرە بیبینە بزانە ئەوە؟".

پاش گەیشتنی ئەم هەواڵە، کاک حسێن، خزمی عیرفان، دەچێت بەدوای هەواڵەکەدا، خۆی بەمجۆرە چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە: چوومەماڵی ئەو خزمەمان کە فەرمانبەربوو لە دادپزیشکی، ناوی کاک (ئەنوەر)ە، دایکیشی لە ماڵەوە بوو، دایکی پێیگوتم: "تکایە کاک حسێن، ئەم بابەتە زۆر ترسناکەو دەبێت دڵنیامان بکەنەوە کە کەس نازانێت، ئەم کوڕەی منیش براتەو کە هاوکاریتان دەکات دەبێت ئاگاتان لێی بێت، چونکە ئەگەر ئەمن بزانێت ئەم کوڕەی ئێمە ئێوەی ئاگادار کردووەتەوە لەم تەرمە، ئەوە خۆت دەزانیت ئێمەش ڕزگارمان نابێت"، منیش دڵنیام کردنەوە کە زۆر نهێنی دەبێت و هیچ کەس نازانێت، بۆیە بەیانی پێکەوە ڕۆیشتین بۆ دادپزیشکی، لەوێ کاک ئەنوەر دەرگای سەلاجەکانی بۆ کردمەوە کە تەرمەکانی تێدابوو، عیرفانم بینی، کە سێ فیشەک بەر سنگی کەوتبوون، هەروەها یەک فیشەک بەناوچاوییەوە بوو، وەک خەوتوو وابوو، هەستت نەدەکرد مردووە، بینینم ئەوە عیرفانەو یەک

پارچه بووم به خەم، هەر ئەو نەبوو، تەرمی دوو گەنجی تریش بوون، ئەوانیشـم سـەیر کرد، بە هەمانشـێوە فیشـەکیان لێ درابوو، پاش ئەمە گەڕامەوە بۆ ماڵەوەو مامی عیرفانم ئاگادار کرد، گوتم: "ئەگەرچی من زۆر دڵنیام، بەڵام تۆش وەرە تەرمەکە ببینە، با دڵنیا ببینەوە کە ئەوە، سیانیان بەیەکەوەن". مامی عیرفانیش هات و هەر ئەو ڕۆژە ئێوارەکەی ئەو خزمەمـان سـەلاجەکەی بۆ کردینەوە، ئەویش تەرمەکەی بینی و ناسییەوە، دەستیکرد بە گریان و گوتی: "ئەوە، عیرفانی برازامە".

پاشـئەوەی دڵنیابووینەوە لە تەرمەکەی، ئەو کوڕەی خزممان گوتی ئێوە ئیتر حەقتان نەبێت، من خۆم بەدوایدا دەچم، لەگەڵ ئەمنەکان و شـارەوانی دەچم تا دڵنیاببمەوە لەوەی لە کوێ دەکرێت بە ژێر خۆڵەوە، دوایی پێتان دەڵێم چی بکەن.

پاش ماوەیەک لە گولەبارانکردنی هەموویان، ڕۆژێک کاک ئەنوەر هات لەگەڵمان، شوێنی تەرمەکەی لە گۆڕستانی (سەیوان) پیشان داین، لەوێ لە شوێنێکدا کرابوون بە ژێر خۆڵەوە، بەبێ دەستوری مسوڵمانانەو بەبێ کێل و هیچ شتێک.

پاش دەستنیشـانکردنی شـوێنی تەرمی عیرفان، خاڵی عیرفان و مامی لەگەڵ یەک دوو کەسـی تر شـەوێک بە بێدەنگی و بە نهێنی دەچن بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەکەو دەرهێنانەوەی تەرمەکەی، لەوێ تەرمی عیرفـان دەردەهێننەوەو کەمێک لەولاترەوەو لە گۆڕێکی شـایستەدا تردا بەخاکی دەسـپێرن، پاش ئازادبوونی دایک و باک و براکانی عیرفان، دەسـتیان دەگرن و دەیانهێننە سـەر گۆڕە بێنازەکەی کوڕەکەیان، لەوێ دایک و باوکی عیرفان تێر تێر دەگرین.

ئەوە دواجارە ئاگادارتان دەکەینەوە

خزم و کەسەکان دەبیستن کە دایکی عەبدوڵڵا وەفاتنامەی عەبدوڵڵای وەرگرتووتەوە، بۆیە سـەردانی دەکەن، هەندێک قەرەباڵغی دروست دەبێت، ئێوارەیەک ئۆتۆمبێلی ئەمن دێت دەڵێت: "پێمان گوتوون پرسە دانەنێن و قەرەباڵغی نەکەن، ئەوە ئەخیر جارە ئاگادارتان دەکەینەوە، پاشان مام شێخ قادر، باوکی عەبدوڵڵا لە ڕێگەی خزمێکیانەوە هەوڵدەدات ڕەزامەندی دانانی پرسە وەربگرێت، لە مزگەوت نا، تەنها لەماڵەوە، بۆیە دەچێت بۆ لای خزمێکی کە بەهۆی پەیوەندی شێخایەتیەوە زۆر خۆشی ویستووە، خزمەکەشی تەلەفوون بۆ (شێخ جەعفەر)ی پارێزگاری سلێمانی دەکات، پاش گفتوگۆو قسەکردن، شێخ جەعفەری پارێزگار دەڵێت: "بەخوا دەسەلاتم نییەو ناتوانم ڕەزامەندی بدەم پرسە دابنێن"، بۆیە خزمەکەی باوکی عەبدوڵڵا بە تووڕەییەوە تەلەفوونەکە بەسەر پارێزگاری سلێمانیدا دادەخاتەوە، دوو سێ جنێویشی پێدەدات، دەڵێت: "ئەمانە کوڕی خەڵک دەکوژن و ڕێگەش نادەن پرسەی بۆ دابنێن".

تەرمی عەبدوڵڵا دەدۆزنەوە

پاشئەوەی بەڵگەنامەی مردنی عەبدوڵڵا وەردەگرنەوە، خاڵی عەبدوڵڵا بەناوی کاک ڕەحیم هەوڵدەدات تەرمی عەبدوڵڵا بدۆزێتەوە، خزمێکی‌یان کە لە سەرۆکی شارەوانی ئەو کاتەوە نزیکبووە، داوای کردووە بەرواری گولەبارانکردنی عەبدوڵڵای پێبڵێن، پاش زانینی بەروارەکە، ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەو تەرمە لەگەڵ چەند گەنجێکی تردا ڕەمیکراوە، بەتایبەت لەو ڕۆژەدا چوار جەنازەیان هێناوە، واتە عەبدوڵڵاو سێ گەنجی تر، بۆ دۆزینەوەی تەرمەکەی دەچنە سەر قەبران و چاودێری گۆڕستانەکە هاوکاریان دەبێت لە گەڕان بۆ تەرمی عەبدوڵڵا، گەڕانەکەش زۆر بە نهێنی بووە، یەک دوو کەس چاودێری و پاسەوانی کردووە، یەک دوو

کەسیش گۆڕەکەیان هەڵداوەتەوە، دوای هەڵدانەوەی یەک دوو گۆڕ، ڕێیان دەکەوێت لە تەرمی عەبدوڵڵا، کە ئەگەرچی مانگێک بووە ڕەمیکراوە، بەڵام تەرمەکەی هیچ تێک نەچووە، پاشان تەرمەکە دەردەهێننەوەو لە گۆڕستانی سەیوان لە شوێنێکی نزیک لەو شوێنەی کرابوو بە ژێر خۆڵەوە تەرمەکەی دووبارە بە خاک دەسپێرن.

گۆڕی ئەکرەم لە کوێیە؟

وەک کەس و کاری گەنجەکانیتر، کەس و کاری (ئەکرەم)یش هەوڵدەدەن تەرمەکەی بدۆزنەوەو لە گۆڕێکی شایستەدا بەخاکی بسپێرن، بۆ ئەم مەبەستە کاک سدیق، براگەورە (ئەکرەم) هەوڵیداوەو گەڕاوە بەدوایدا، چەند جارێک چووەتە گۆڕستانی سەیوان و لەگەڵ ئەو پیاوەی چاودێری گۆڕستانەکە گەڕاوە، پارەشی داوە، بەڵام چەند شوێنێک گەڕاون و چەند گۆڕێکیشیان هەڵداوەتەوە، بەڵام شەهید ئەکرەمیان نەدۆزیوەتەوە، بۆیە تا ئێستاش شەهید ئەکرەم یەکێک لەو شەهیدانەیە کە گۆڕ بزرەو نازانرێت کامە گۆڕەکەیەتی.

خالید وەسیەت بۆ هاوسەرەکەی دەکات

بە کاریگەریی شەهید خالید، هاوسەرەکەی و کەسە نزیکەکانی ئایندار دەبن و خواناسی بنەمای مامەڵەیان بووە، هەر ئەم خۆشەویستیەش وا دەکات کە خەون و خولیای شەهید خالید لەم بوارەدا سووراوەتەوە، ڕۆژێک وەسیەت دەکات بۆ هاوسەرەکەی ئەگەر تاقە کچەکەی بەهرە گەورە بوو، ئەوە وێنەیەکی بگرێت بە (قورئان)ەوە، هاوسەرەکەی شەهید خالید، م.عائیشە، خۆی دەڵێت: "وەسیەتەکەی شەهید خالیدم بەجێهێناو لە کاتی گەورەبوونیدا، وێنەیەکی بەهرەمان گرت بە قورئانێکەوە". ئەمە ئەو وێنەیەیە کە هەمیشە لە پێشچاوی بەهرەی تاقە کچی شەهید خالیدەو لە خۆی دووری ناخاتەوە.

بۆچی تەرمی کەیوان نەدۆزرایەوە؟

پاش شەش مانگ زیندانی، کە دوو مانگیان لە ئەمنی سلێمانی و چوار مانگیان لە زیندانێک بوون لە شـاری (دیوانیە)ی باشـوری عێراق، دادە نەزیرەی دایکی کەیوان و شـیروان و بـاخەوان و وەزیرەی کچی، گەڕانەوە سـلێمانی، ئەو شـەوەی گەڕانەوە سـلێمانی، پێیان گوتن سێ رۆژیتر سەرمان لێبدەنەوە.

پاش تێپەڕبوونی سێ رۆژ لە گەڕانەوەی دادە نەزیرەی دایکی بۆ ماڵە چۆڵە بێ (کەیوان)ەکەی، دادە نەزیرە عەبایەکی ڕەشی دا بەسەریداو بەرەو بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سـلێمانی کەوتەوە ڕێ، کاک مەحمودی برای دەیوسـت لەگەڵی بڕوات، بەڵام دادە نەزیرەی ڕێگەی نەدا، گوتی " نەوەک جارێکیتریش دەسـتگیرم بکەنەوە، با هەر خۆم بم و تۆش تووش نەبیت"، بەمجۆرە دادە نەزیە گەیشـتەوە بەردەم ئەو بینای ئەو ئەمنەی ڕۆژانێکی سەختی تیادا بەڕێکردو هێشتاش نازانێت چارەنووسی کەیوان چییەو کوڕەکەیانە بۆ کوێ بردو چیان لێکرد؟

پاش گەیشـتنی بە پرسـگەی ئەمن، بەڕێیانکرد بۆ بەشـێکیتر، کە ئەو خۆی نازانێت ئەو بەشـە چی بوو، لەوێ ئەفسـەرێک لە ژوورەکەدا بوو، گوتیـان: "کوڕەکەت نـاوی چییە؟"، دادە نەزیرەش نـاوی تەواوی (کەیوان)ی پێـدا، ئەویش زۆر بـاش دەیزانی کەیوان کـامەیە، چییـان لێکردووە، بەڵام گەڕا بەنـاو فـایلێکدا، گوتی: " بە فەرمـانی شـۆڕش کوڕەکەتمان کوشـتووە، چونکە گێرە شـێوێن بووەو کاری دژی حزب و شۆڕش کردووە، ئەوەش وەفاتنامەکەی، نە پرسە دابنێن و نە قەرەباڵغی بکەن"، دادە نەزیرە کە هێشا چاوەڕوانی لە ژیاندابوونی کەیوانی دەکردو هەرگیز چاوەڕوانی ئەم هەواڵە دڵتەزێنە نەبووە، بە چاوی پڕ فرمێسک و دڵێکی خامۆشـەوە بینای ئەمنی بەجێهێشـت، ئەمجارەیان کە بێهیوا بووە لە بینینەوە کەیوان بە زیندوێتی، لەسەر بنەمای وەفاتنامەو زانیارییەکەی ئەمن، دەسـتیکرد بە گەڕان بە دوای تەرمی کەیوانـدا، ئەمەش پـاش

نزیکەی چوار مانگ لە شەهید کردنی، بەتایبەت پاشئەوەی دایکی (عیرفان سەعید) پێیگوت:" ئێمە تەرمی جوانەمەرگەمان لە لاپاڵێکی گردی سەیوان دۆزییەوەو لە شوێنێکیتر ناشتمان"، بە هیوای دۆزینەوەی تەرمی کەیوانی کوڕە جوان و شارەزاو بە تواناکەی، لەگەڵ دایکی عیرفان بە ترسەوە کەوتە ڕێ بەرەو گردی سەیوان.

بە هەمانشێوەی دایک و باوک و کەس و کارو هاوڕێکانیتر، لە ڕێگەی چاودێری گۆڕستانەکەوە کەوتەوە گەڕان بەناو گۆڕە خامۆشەکاندا، بۆ هەر هەڵدانەوەیەکیش کە تەنها لابردنی چەند بستە خاکێک بوو، نزیکەی پەنجا دیناری پارە دەدا، یەک نیەو دوان نیەو سیان نیە، هەرچی گەڕا سودی نەبوو، کەیوانی جوانە مەرگی نەدۆزییەوە.

بێهیوا نەبوو بوو، بەردەوام بوو لە گەڕان، هەموو ڕۆژێکیتش کە چاوەڕوانیدەکرد، یان دەگەیشتە سەر گۆڕستانەکە، دەچووە سەر گۆڕی عیرفان، دەستی بە گریان دەکرد، گریانێکی بە کوڵ، ئەو عیرفانەی کاتێک چەند مانگێک لەمەوپێش، یان ئەو لەماڵی کەیوان بوو، یان کەیوان لەماڵی ئەمان بوو، هاوڕێ و قوتابی و خۆشەویستی کەیوان، وا ئێستە ژنێک، تەنها تر لە کێلی سەر گۆڕەکانی گردی سەیوان، بە عەبایەکی ڕەشەوە، لەسەر گۆڕێی یەکێک لە هاوڕێکان وەستاوە، هەمان ئەو هەستەی بۆ ئەم گۆڕەی عیرفانی هەیە، هەمان ئەو هەستەیە بۆ کەیوانی هەیە، بۆیە هەر کاتێک دەهاتە سەر ئەم گۆڕە ئارامییەک بە دڵ و دەروونیدا دەهات.

"دادە نەزیرە، ئەوە بۆ وازمان لێناهێنیت؟"

هەر لەو شەوانەی کە ڕۆژەکانی بە (نهێنی)یەوە دەچوو دەگەڕا بەدوای گۆڕی کەیواندا، دادە نەزیرەی خەوێکی بینی، ئەم خەوە بووە هۆی ئەوەی ئیتر ئەو گۆڕە بێ ناونیشانەکان هەڵنەداتەوەو ئەم ئاواتەش وەک کەیوان خۆی بداتەوە دەست خودا.

داده نەزیرە دەگێڕێتەوە:" شـــەوێک لەو شـــەوانەی بۆ تەرمی کەیوان دەگەڕام، خەوم بینی، لە خەومدا لەناو ئەو شـــاخانەی هەورماندا بووم دەگەڕام، لە ناکاو گرمە گرمێکی زۆر سـەیر پەیدابوو، لە خەوەکەمدا زۆر ترسـام، دەنگی وا بەرزم نەبیسـتبوو پێشـتر، لە پڕ ئافرەتێکی خزممان لە خەوەکەدا لە دوورەوە دەرکەوت، ئەو ئـافرەتە مـاوەیەک پێش ئەوە مردبوو، پێی گوتم: هۆ هۆ نەزیرە، هۆ هۆ نەزیرە، ئەوە تۆ بۆ وازمـان لێناهێنیت، واز بێنە کچێ واز بێنە، منیش کە خەبەرم بوویەوە زۆر ترسـا بووم لەم خەوەم، ئیتر هەســـــتمکرد ئەم گەڕانەی من بەم گۆڕە بێنـاو نیشـــانانەدا هەم هەڵەیەو هەم بێســود، بۆیە ئیتر وازم هێناو نەچوومەوە بەلای گۆڕستانەکەدا تا ڕاپەڕین".

کاتەکان تێپەڕین، تەنها یەک ڕۆژ دوای ڕاپەڕینەکە، دادە نەزیرە خۆی گەیاندەوە ئەمنە ســوورەکە، بەڵام بێســود، لەوێ هیچ هەواڵێکی کەیوانی دەســت نەکەوت، بەڵام ئەوەی دڵی خۆش کردو ئارامییەک بۆ هێنا بینینی تەرمی هەموو ئەوانە بوو کە ئەشـــــکەنجەی کەیوانیان دەدا، بە چاوی خۆی بینی هەموو ئەوانەی کەیوانیان گرت، هاتن خۆشـــیان قۆڵبەســــت کرد، ئەوانەی ئەشـکەنجەی کەیوان و هاوڕێکانیان دەدا، لە پاسـەوانەکان تـا بەڕێوەبەرەکە، هەموو کوژران، هەموو لێرە لاشــــەکانیان کەوتووە، پـاش بینینی دیمەنی ئەمنە ســـــوورەکەو بێهیوابوونی لەوەی لە بینـای ئەمنەکە هیچ زانیارییەکی دەســت بکەوێت، بۆ ڕۆژی دواتر، ناچار بەرەو گۆڕسـتانی سـەیوان کەوتەوە ڕێ، ئەمە ئەو شـوێنەیە کە دەکرێت لە ژێر بستە خاکێکیدا ئاسـەوارێکی کەیوانی دەست بکەوێت، یان ئەمجارەیان کە ڕاپەڕین کراوە و بەعس و دامەزراوەکانی لە شــــار دەرکراون، ئازادانەو بێترس قسە لەگەڵ چاودێرەکە بکات و زانیارییەکی پێبدات.

هەر کە گەیشـتە سـەر گۆڕسـتانەکە، بینی گردی سـەیوان پڕیەتی لە ژنی ڕەشــــپۆش، پیـاوی خەم داگرتوو، هــاتوون دەگەڕێن بەدوای چارەنووســی کوڕەکانیاندا هاوشـێوەی دادە نەزیرە، هەبوو چوار ســـاڵ

پێشـتر، هەبوو سـێ، هەبوو دوو، هەبوو چەند هەفتەیەک بوو کوڕەکەی دیار نەمابوو، شـێخە، پیاوە چاودێرە بەتەمەنەکەی گۆڕسـتانەکە لەوێ بوو، کاتێک چاوی بە دادە نەزیرە کەوت، ناسـاییەوە، ناسییەوە ئەمە ئەو ژنەیە دوو سـاڵ پێش ئێسـتە چەندینجار هاتە گۆڕسـتانەکە بۆ زانینی هەواڵی کوڕەکەی، بۆیە کەبینی ڕوویکردە ژمـارەیەک لەو ژنـانەی هـاتبوون بۆ هەواڵزانینی تەرمی ئـازیزانیـان، گوتی:" ژنەکـان وەرن، هەمووتـان وەرن، تخوا هەمووتـان بۆ ئەم ژنە بگرین (واتە بۆ دادە نەزیرە)، بەخوای گەورە کەسـم نەبینیوە وەک ئەم ژنە جەرگ سـوتاوو عەوداڵ بە دوای منداڵەکەیدا، خەمبارو دڵتەنگ و کۆسـت کەوتوو"، دادە نەزیرەش دەڵێت:" گەلیی بێت کاک شـێخ، من چەند هـاتم، چەندت لێ پـاڕامەوە، پێت نەدەگوتم گۆڕی کەیوان لە کوێیە، هەر پێت نەدەگوتم، خۆتۆ دەتزانی کـامە گۆڕەکەیەتی!"، شـێخە دەڵێت: " بەخوای گەورە نەمدەوێرا، خوا ئاگای لێیە زمانیان دەبڕیم ئەگەر بە زانیارییەوە قسـەم لەگەڵ بکردیتـایە، منیش نەمـدەوێراو هەموو دەزانن بەعس چۆن بوو، دەتخوا گلەییم لێ مەکەن".

(٨٣)
شانەیەکی ڕێکخستن هەوڵی تۆڵەکردنەوە دەدات[1]

پاش دەستگیرکردنی کەیوان و بیست و سێ هاوڕێکەی و پاشان شەهیدکردنیان، ئەم تاوانە گەورەیە کاریگەریی زۆری لەسەر ئەو کەسانە هەبوو کە دەیانناسین، ئاگاداری کارەکانیان بوون، یان لە ڕێگەی کەس و کارو هاوڕێ ئازادبووەکانیانەوە ئاگاداری چیرۆکەکەیان بوون، هەروەها ئەو کەسەشی کە پیاوی ئەمن بوو و زانیاریی لەسەر گروپەکە دابوو بە ئەمن و هاوڕێی چەند گەنجێک بوو لە شەهیدەکان ئەویش بە ئاشکرا ناوی دەهێنراو دەزانرا کێیە، بۆیە شانەیەک لە ڕێکخستنی ئەوکاتەی (بزووتنەوەی ئیسلامی) هەوڵدەدات بە کوشتنی ئەو کەسەی پیاوی ئەمن بوو تۆڵەی کەیوان و هاوڕێکانی بکاتەوە، بەرپرسی شانەکە (شوان حەمەساڵح) بوو، هەروەها (موحەممەدی حاجی مەحمود)یش یەکێک بوو لەو گەنجانەی ئەندامی ئەو شانە نهێنییە بوون، یەکێک لە ئەندامانی شانەکە کە ئێستە لە ژیاندایە دەڵێت: "ئەو کابرایە لەو کاتەدا ڕۆژی تەواو نەبووبوو، ئەگەرنا چەندینجار بۆ تۆڵەسەندنەوە لێی هەوڵماندا، هەوڵەکمانمان سەرکەوتوو نەبوون".

پاڵەوانێک و گفتوگۆیەکی توند لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەمندا

سەرلەبەیانییەکی بەهاری ساڵی (١٩٩١)، تەنها نزیکەی مانگێک پێش ڕاپەڕینی خەڵکی شاری سلێمانی، موحەممەدی حاجی مەحمود لەگەڵ هەریەکە لە (عەبدوڕەحمان، شێخ مارف)ی ئەندامانی شانەکەی، لە چالاکییەک دەگەڕانەوە، چالاکییەکەیان لە گەڕەکی (چوارباخ) ئەنجامداوە،

---

١ - زانیارییەکانی ئەم شانەیە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە لە (مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠٢٤) لە بەڕێز کاک (تەها کەریم) وەرگیراون، کە خۆی بەشدارو ئاگاداری ڕووداوەکە بووە.

له ڕێگەو لەکاتی گەڕانەوە شـــێخ مارف بەرەو ماڵی خۆی له شــــەقامی ســــالم بەجێیاندێڵێ و خواحافیزیان لێدەکات، بۆیە دەمانچەکەی خۆی دەداتەوە دەســـــت (موحەممەدی حــاجی مەحمود)ی بەرپرســــیـان، موحەممەدی حــاجی مەحمودو عەبـدوڕەحمــان بە پیـاســـــە و بەدەم قســــەکردنەوە بەرەو مــاڵەوە دەگەڕێنەوە، بەهۆی دڵخۆشـــیـان له سەرکەوتنیان لە چالاکییەکەو سەرقاڵبوونیان بە قسەکردنەوە، سەرنجیان لەســـەر پێشـــەوەیان نابێت چ باســـە، کاتێک دەگەنە نزیک فولکەی نالی، لەوێ خۆیان لە ناو مەفرەزەیەکی هاوبەشـــی پۆلیس و ئەمن و تەواریدا دەبیننەوە، مەفرەزەکە گومـانیـان لێدەکەن، بۆیە داوای نـاســـنامەیـان لێدەکەن، لەگەڵ داوای ناسنامە پەلاماریان دەدەن و دەستگیریان دەکەن، چونکە ویستبوویان هەڵبهێن، لە هەمانکاتدا موحەممەدی حاجی مەحمود پەلامــاری دەمــانچەکەی داوە، بەڵام بەهۆی زۆری ژمــارەی ئەمن و تەوارییەکان ئەوان زاڵ دەبن بەسەریداو بە نزیکەی (دە) کەسەوە خۆیان دەدەن بەسەریداو دەستی دەگرن و کەلەپچەی دەکەن، ئیتر ئەو ناتوانێت سود لە دەمانچەکەی وەربگرێت، یەکێک لە سەرپەرشتیارانی مەفرەزەکە (مفەوەز شــــەمــاڵ)[1]دەبێت، لەنـاو ئۆتۆمبیلەکەدا موحەممەدی حـاجی مەحمود پێیدەڵێت: "ئەگەر دەستم بگەیشتایەتە دەمانچەکەم تۆ ئەو پیاوە نەبوویت دەســتیگرم بکەیت و ئاقڵم دەکردی"، دیارە موحەممەدی حاجی مەحمود مفەوەز شـــەماڵی ناســـیوەو لێی تووڕە بووە کە خۆی کورد بووەو بەوجۆرە ئازاری خەڵکی سلێمانی و بەتایبەت گەنجانی داوە.

---

[1] - ناوی تەواوی (شەماڵ عەباس عەلی)ە، بە (مفەوەز شەماڵ) ناسراوە، ساڵی (١٩٦٣) لە سلێمانی لەدایکبووە، سەرەتا سەربازی هەڵهاتوو بووە، پاشان بووەتە کارمەندی پۆلیس بوو بە پلەی (مفەوەز)، بە هەڵسوکەوتە خراپەکانی لەگەڵ خەڵکی سلێمانی ناوبانگی پەیدا کردبوو، ڕژێمی بەعس بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاریدەهێنا، لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری (١٩٩١) کوژرا. (سەرچاوە: ڕاپۆرتی ڕووداو، ٢٠١٦).

پاش دەستگیرکردن، دەستی لە دواوە دەبەستن و دەست دەکەن بە پشکنینی، بۆیان دەردەکەویت لە بری دەمانچەیەک دوانی پێیە، عەبدورەحمانی هاورێشی دەمانچەیەک، بەو جۆرە بە خۆ ڕاپسکانەوە موحەممەد بەرەو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ناوشاری سلێمانی و لەوێوە بەرەو بەڕێوەبەرایەتی ئەمن دەبەن، لەوێ یەکسەر دەیبەنە بەردەم بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی، ئەمەش وەک دڵخۆشییەک بۆ دەستگیرکردنی ئەم نێچیرە چەورە بۆ بەڕێوەبەر کە دوو دەمانچەی پێیەو یەکێک لە دەمانچەکان دەمانچەی "بێدەنگ"ە، دیارە دەمانچەی بێدەنگیش چی پێدەکرێت!

لەوێ و لە ژووری بەڕێوەبەری ئەمن گفتوگۆیەکی توند لە نێوان موحەممەدی حاجی مەحمودو (ڕائید خەڵەف)دا دروست دەبێت، بەڕێوەبەری ئەمن هەڕەشە لە موحەممەد دەکات، قسەی ناشیرین و ناشایستەی پێ دەڵێت، ئەویش بە توندی وەڵامی دەداتەوە، وەک شێرێک لە بێشەکەی هاتبێتە دەرەوەو چاونەترسانە پێیدەڵێت: "تۆش و ڕژێمەکەشت زۆرتان نەماوە، کۆتاییتان نزیکە، بەخوا دەبێت خۆت و سەرۆکەکەشت بەیەکەوە ملتان بکەین بە پەتا!".

ئەم گفتوگۆیە لەو کاتەدا بۆ هەر کەسێک کە چیرۆکەکە دەبیستێت جێی باوەڕ نییە، ئاخر بەعس بەو زاڵمی و ستەمکارییەوە، گەنجێک چۆن توانیویەتی بەوجۆرە ڕووبەڕووی بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگایەکی بوەستێتەوە؟ بەڵام ئەوانەی موحەممەدی حاجی مەحمودیان بینیوەو ناسیویانە لە پێش دەستگیرکرانی و پاش دەستگیرکرانی و هاوڕێی زیندانی ئەو پاڵەوانە بوون، وەک ڕۆژی ڕووناک لایان حەقیقەتە، گفتوگۆکە بەوجۆرە کۆتایی نایەت، بەڵکو پاشئەوەی بەڕێوەبەری ئەمن بەردەوام دەبێت لە قسەی ناشیرن بەرانبەری، موحەممەدی حاجی مەحمود کە دەستی لە دواوە بەستراوەو لەلایەن چوار چەکداری ئەمنەوە چواردەوردراوە، تەنها ئەوەندەی بۆ دەکرێت یەک شەق لە سۆپاکەی

ژووری بەڕێوەبەر هەڵدەدات، بە کەوتنی ســـۆپاکەو ڕژانی نەوتەکەی، ژووری بەڕێوەبەر پڕ دەبێـت لە ئـاگر، هەر لەو کـاتەدا ڕائیـد خەڵەف هەرەشــــەیەک لە (موحەممەدی حاجی مەمود) دەکات، پێیدەڵێت: "ئەگەر یەک ڕۆژم مابێت لە ژیانمدا، دەبێت بۆ تۆ بمێنم!".

بۆ تەواوکردنی چیرۆکی (موحەممەدی حـاجی مەحمود) لە زینـدانی ئەمنی سلێمانی، پێنووسەکەم دەدەمە دەست (د.کامەران قەرەداغی)[1]، کە لەو کاتانەدا یەکێک بووە لە دەســـتگیرکراوەکان و ئاگاداری چیرۆکی ئەو پاڵەوانەیەو باس لە چەند ساتێکی کەم بەر لە ئازادبوونی ئەمنە سوورەکە دەکات لە ڕاپەڕینی سـاڵی (١٩٩١)، د.کامەران دەڵێت: کاتژمێر (هەشـت و نیو)ی بەیـانی بوو، ڕۆژی (٨ی ٣ی ١٩٩١)، تـا ئەو کـاتە لەو بڕوایەدا بووین کە شـــەڕەو مدیریەتی ئەمن لە مەترســـیدایە، جا چۆن و لەگەڵ کێدا؟ وردەکـاری ئەمەمـان بۆ ڕوون نەبووبوویەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە هیوای ڕزگاربوونمان زیادی کردبوو، لەوەش دەترسـاین کە تۆڵە لە ئێمە بکەنەوەو بمانکوژن، لە ناکاو گوێمان لێبوو دەرگا لەســـەر دەرگا دەیاندا بەیەکدا، پێمان وابوو کە لەوانەیە خواردنیان هێنابێت، بەڵام دەرگای سـەر ڕاڕەوەکەی ئێمە نەکرایەوە! لە دەرگـای ڕاڕەوەکەوە (مفەوەز تـاریق) چەند جارێک لەســـەریەک هاواری کرد: "موحەممەد مەحمود حەســـەن، موحەممەد مەحمود حەســـەن"، یەکێک لە زیندانییەکانی لای ئێمە (نازانم کێ بوو)، بەدەنگی بەرز وەڵامی دایەوە: "ئەو ناوە لای ئێمە نییە".

موحەممەد مەحمود حەســـەن(واتە موحەممەدی حاجی مەحمود)، ئەو کەســـە ئـازایەبوو کە بەم دواییە هێنـایـان و نەوەک هەر لە ئەمنەکـان نەدەترسـا، بەڵکو ڕاسـتەوخۆ جنێویشـی پێدەدان و نەیاندەوێرا لێی نزیک

---

١ - د.کامەران قەرەداغی(٢٠٢٣): ڕۆژژمێری دکتۆرێک لە زیندان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

ببنەوە، تا ئەوکاتە کەس نەبوو بەرانبەریان جنێویان پێبدات ئەو نەبێت، واتدەزانی ئەمە لەوانەیە شێت بێت، بەڵام بەڕاستی "پاڵەوان" بوو.

ئەو ڕۆژەی هێنایان پرسیارمان لێکرد لەسەرچی دەستگیریان کردووی؟ گوتی: " ئەوە دەڵێن چی؟! حکومەت نەماوەو هەر لەم زیندانەدا حکومەت هەیە" زۆر ئازایانە قسەی دەکرد.

گوێمان هەڵخست، تاریق چوو بۆ نهۆمی دووەم، دیاربوو لەوێبوو، چونکە پاش یەک خولەک هێنایانە خوارەوەو ڕۆیشتن، ئەمەمان پێ سەیر بوو، کە لە جیاتی ئەوەی دەرگای چوونە سەرئاومان لێبکەنەوەو خواردنمان پێبدەن، هاتوون زیندانی داوا دەکەن، هەموو ترسی کوشتنمان لێنیشت و بێدەنگییەکی تەواو باڵی کێشا بەسەر زینداندا.

پاش هێنانە دەرەوەی موحەممەدی حاجی مەحمود، بەڕێوەبەری ئەمن و چەند ئەمنێکی تر بەدەستی خۆیان بەر فیشەکی دەدەن، دەبەیەک تێزابیش دەکەن بەسەر جەستە پاکەکەیدا، بەمجۆرە موحەممەدی حاجی مەحمود تەنها کەسێک بوو کە پاش ئازادکردنی ئەمنەسوورەکە، لە بری ئازادبوون، تەرمەکەی هێنرایە دەرەوە.

لەو بارەیەوە د.کامەران دەگێڕێتەوە: "زۆر بە داخەوە هەر ڕێک لەبەردەم زینداندا شەهیدێک کەوتبوو، کەمامەیەکی غاز لەسەر دەم و چاوی بوو، دانەویمەوەو سەیری دەم و چاویم کرد، سپی بوو بوو، هەزارجار سڵاو لە گیانە پیرۆزەکەی". ئەو تەرمەش شەهید موحەممەدی حاجی مەحمود بوو.

موحەممەدی حاجی مەحمود، ئەندامی شانەیەکی ڕێکخستنی نهێنی ناوشاری (بزووتنەوەی ئیسلامی) بوو، لە سییەکانی تەمەنیدابوو، خۆی

و شــوان حەمەســالّح و[1] تەها كەریم و شــێخ مارف، پێكەوە، بێجگە لە كاری ڕێكخستن، زۆر ئازایانە كاری شانەیەكی چەكداریشیان ڕادەپەڕاند.

ئەوان كە توانیبوویان ببنە خاوەنی ســێ دەمانچە، دوانیان ئاســایی و یەكێك بێدەنـگ، پێشـــئەوەی دەســـتگیر بكرێن چەنـدین چـالاكیـان ئەنجامدابوو، ئەمە وەك تێگەیشتنێك لە بیروباوەڕەكەیانەوە كە هانیدەدان بۆ دژایەتی ڕژێمی بەعس و دارو دەســتەكەی و هەر كەســێك خراپەی ئەم وڵات و گەلەی بویســتایەو پیاوی ڕژێم یان خیانەتكارو خزمەتكاری بەعس بووایە، كارەكانیشیان ئەوپەڕی ئازایەتی و بوێری پێوە دیاربووە، ئەگەرچی كاك شـوان كە بەرپرســی شـانەكە بووە لەســەرەوە پەیوەندی تری هەبووەو ئەندامانی تر هەبوون لەو چوارچێوەیەدا كاریان كردووە، بەڵام لەو كاتانەداو لە شــاری ســلێمانی هیچ كەسێك وەك ئەمان چالاك نەبووە، بەتایبەت ســالانی (١٩٨٩ تا ١٩٩١) كە لەو كاتانەدا ســەددام لە لوتكەی دەســـەڵاتی خۆیدا بوو، توانیبوی بەهۆی شـــالاوە دڕندانەكانی ئەنفالەوە پێشـــمەرگە لە گوندەكان و ناو خاكی هەرێم بكاتە دەرەوەو ئاودیوی سنوری ئێرانیان بكات، شــەڕی عێراق – ئێرانیش وەســتابوو و وە زۆرینەی ڕێكســـختنەكـانی حزبە كوردســـتـانیەكـان بەجۆرێـك لە جۆرەكان لە قۆناغی متبووندا بوون.

بەدەســـتگیركرانی موحەممەدی حـاجی مەحمودو عەبـدوڕەحمـان، هەریەكە لە شوان و تەها كەریم و شێخ مارف ڕووبەڕووی ڕاوەدوونان دەبنەوە، خۆیـان حەشـــار دەدەن و بۆمـاوەیەك بە نهێنی دەمێننەوە، ماڵەكەشیان بەر تالانكردن دەكەوێت و ئەمنەكان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك تیایدا دەمێننەوە، بەڵكو كەســـێك هاتوچۆیان بكات و بیدۆزنەوە، هەر

[1] - ناوی تەواوی (شــوان حەمەســالح دەرویش شـــەریف)ە، ســالی (١٩٦٥) لە دایكبووە، وێرای كاری ڕێكخستن، پاش ڕاپەڕین پلەكانی پێشمەرگایەتی بڕیوە تا گەیشتووەتە ئاستی بەرپرســی هێزی ســلێمانی، لە (٩ی ١٠ی ١٩٩٦) بەهۆی ڕووداوێكەوە لە گوندی (ئەحمەد ئاوا)ی هەورامان، شەهید بوو، خوای گەورە پلەی بەرز بكاتەوە لە بەهەشتدا.

واشـــــيان كردبوو، له ماڵی شـــوان و شـــێخ مارف ژمارەیەک کەس و خزمیـان بەبێتـاوانی گرتبوون، بەڵام ئەم دۆخە درێژەی نەکێشـــــاو بە ڕاپەڕین دۆخی ترس و دڵەڕاوکێ و خۆ شـــــاردنەوە کۆتایی دێت، بۆیە بەخۆشـــــییەکی زۆرەوە هەریەکە لە خزم و کەســـــەکان و هـاوڕێکانی موحەممەدی حاجی مەحمود بەرەو ئەمنە ســـــوورەکە دەڕۆن، بەهیوای بینینەوەی ئەو ئازیزەیان، بەڵام بەداخەوە خەمێکی گەورە یەخەی گرتن.

(٨٤)

چاوەڕوانی بۆ هەڵهاتنی ئاسۆ

تەنها پێنج خانەوادە هەواڵی کوڕەکانیان زانی و تەرمەکانیان دەرهێنایەوە، ئەوانیتر هەر لە چاوەڕووانیدابوون، بەردەوام لە هەوڵدابوون، لە هەر شوێنێک بیانگوتایە زیندانییەک ئازاد بووە خۆیان پێدەگەیاند، بەڵکو زانیارییەک یان هەواڵێکی لەسەر کوڕەکانیان هەبێت، تا ئەو کاتەی ئیتر ڕژێم لە کەوتن نزیک بوویەوە.

ڕۆژی ٨ی ٣ی ١٩٩١، ئەگەرچی سلێمانی لەدەستی بەعسیەکان ڕزگاریی بووبوو، بەڵام هێشتا بەڕێوەبەرایەتی ئەمن ناسراو بە (ئەمنە سوورەکە) نەگیرابوو، دووکەڵ لە بیناکە بەرز دەبوویەوە، حاجی مەهتابی دایکم عەبایەکی ڕەشی دا بەشانیداو بەرەو ئەمنەکە کەوتەڕێ، ئەوەش تەنهاو تەنها لە پێناو زانینی هەواڵێکی موحەممەدو ئەحمەدی برام، هەرچی باوکم هاواری کرد نەچێت، هێشتا دونیا ئەمین نییەو لێرەو لەوێ دەنگی تەقە دەبیسترێت و هەموو ئەو شوێنانەی لە دەستی بەعس بوون هێشتا ئازاد نەکراون، بەڵام بێسود بوو، چونکە دایکم خەمی بینینەوەو زانینی هەواڵێکی منداڵەکانی بەجۆرێک هەڵیپێچابوو، سڵی لە گولەش نەدەکردەوە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٨ی ٣ی ١٩٩١، خەڵک لە دەرەوە وەستاوەو چاوەڕێی کۆتایهاتنی دەنگی فیشەکی ئەمنەکانن بۆ ئەوەی بچنە ژوورەوە بۆ ئەو زیندانەی بووبوویە مۆتەکەی هەموو دانیشتووانی سلێمانی، ئەو بینایەی بوویە خەمێکی گەورە لەسەر دڵی سەدان خێزان، کە تەنها ژمارەیەکی کەمیان کەیوان و هاوڕێکانیانن.

له ژوورەوەش ئەو زیندانیانەی لەوێن دەقە دەژمێرن، کەی دەنگی کۆتا فیشەکی ئەمنەکان ببیستن، یان کەی ئەم شەڕە کۆتایی دێت و ئەوان ئازادانە هەناسەیەک هەڵدەمژن.

د.کامەران قەرەداخی، ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەمان بۆ دەگێڕێتەوە: بەیانی ڕۆژی ٨ی ٣ی ١٩٩١، لە تەپەتەپی دیوارەکەی تەنیشتم خەبەرم بوویەوە، زانیم (سیروان)ەو دیسان پرسیار دەکات، بەڵام ناحەقی نەبوو، چونکە پرسیار لەو کاتانەدا گرنگترین شت بوو، دەستم برد بۆ ژێر سەری کاکەو بە ئەسپایی سەیری کاتژمێرەکەم کرد، سەیرم کرد حەوتی بەیانییە، هاوارم کرد: "سەعاتە حەوتە حەوت".

پاڵکەوتمەوەو لە ژێر بەتانییەکەوە خۆم مت کردو گوێم هەڵخست، دەنگی تەقە دەهاتە گوێم، باوەڕم نەدەکردو لە دڵی خۆمدا گوتم: "تۆ بڵێی ڕاست بێت؟!"، بەتانییەکەم لەسەرم کردەوەو زیاتر گوێم هەڵخست، دڵنیابووم کە تەقەیە، هەروەک و فیشەکە شێتە لە شوێنی خۆم دەرپەڕیم و چوومە بەردەم کونی دەرگاکە، حەزم بە قسەکردن دەکردو یەک دوو جار گوتم: "ئحم ئحم"، تا بزانم کێ وەڵام دەداتەوە، لەودیوەوە سەردار بەبێئەوەی بەدیوارەکەدا بکێشێت، گوتی: "شەش، شەش، کاتژمێر چەندە؟"، ئەو چەند حەزی دەکرد گوێی لە دەنگمان بێت، ئێمەش ئەوەندە دەمانەویست ئاگاداری ئەو بین، بە دەنگی بەرز یەک دوو جار گوتم: "حەوت حەوت، گوێتان لە هیچ نەبووە، یان شتی خۆش نیە؟"، وەڵامی دامەوە: "جارێ هیچ نیە".

ئومێدو هیوا سەرلەنوێ چەکەرەیان کردەوەو گەشایەوە، بەڵام ترسیشمان لە ئەمنەکان هەبوو تۆڵەی دەرەوە لە ئێمە بکەنەوە کە لە بن دەستیانداین، تەقەکردنەکە تا دەهات ڕووی لە زیادبوون دەکرد، دەنگەکە نزیکتر دەبوویەوە لە ئێمە، دەنگی تەقەو قازیفە ئەوەندە نزیکبوویەوە لێمان، دەتگوت لەسەربانی ژوورەکەی ئێمەوە دەتەقێنرێت، یان دەنرێت

بەو شـــوێنەوە، هەندێک هەڵبەزوو دابەزم کرد وەک وەرزش تا گەرم ببمەوە.

کـاتژمێر بوو بە حەوت و نیوی بەیـانی، نەویمەوە دەســـتکـاریی ســـەتڵەکانم کرد، لەو کاتەدا دەنگێکی زۆر گەورە لە دیواری دەرەوەی ژوورەکەی ئێمە بەرز بوویەوە، لە کونی هەواکێشـــەکەوە وردە گەچ و بەردو خۆڵ هاتە ژوورەوە، هێشـــتا کاکە لە ژێر بەتانییەکەدابوو، بیرم کردەوە ســـەری ســـەتڵی خواردنەکان بگرم و پاکیان بکەمەوە، بانگی کاکەم کرد: "کاکە، کاکە گیان، هەســـتە بزانە چی بەســـەر ژوورەکەدا هاتووە؟ ســـەتڵ و جێگا هەمووی بووە بە وردە گەچ و بەردا"، کاکە هەستایە سەر چۆک و دەستمان کرد بە جێگە پاککردنەوە.

لە دوێنێ نیوەڕۆوە ئەمنەکان نەهاتوون و دەریان نەکردووین، ئەم بەیانییەش هەر هیچ، وا کات (نۆ)شـــی تێپەڕاند، دەنگی (نەقیب ماجید) پەیدابوو لە دەرگای ســـەر ڕاڕەوەکەوەو هاواری کرد: "ئەوەی دەرگا بکـاتەوە بیکوژن!"، کـاکە لەوبەری منەوە پـاڵی دابوو بە دیوارەکەوەو منیش لەمبەرییەوە بە هەمانشـــێوە دانیشـــتبووین، گوتی: "دۆخەگیان گوێبگرە، ئەو قســـەیەی ســـێ ئەســـتێرە وەک بەڵگەیە لەســـەری، کە ئازادبووین یا لەلات بێت".

دەنگی تەقەو قازیفەو ڕەشـاش بەجۆرێک بوو کە وەسـف ناکرێت، تا کاتژمێر (دەو چل و پێنج دەقیقە)ی بەیانی بەردەوام بوو، دڵمان تا دەهات خۆشـــتر دەبوو، جار جار لەگەڵ یەکتریدا قســـەمان دەکردو مژدەی خۆشـــیمان بە یەکتر دەدا، کاکە[1]گوتی: "دۆخەگیان با بچینەوە ســـەر شانی یەکتری"، دانەویمەوە تا کاکە بچێتە سەر پشتم و سەیری دەرەوە

[1] - کاکە نازناوی (تەحســـین قادر) و دۆخە نازناوی (د.کامەران قەرەداغی) بووە، چەند مانگێک پێش ڕاپەڕین دەســـتگیرکران و تا کات ڕاپەڕینەکە پێکەوە هاوڕێی زیندان بوون، بەم دوو نازناوە(کاکە، دۆخە) یەکتریان بانگ کردووە.

بکات، ســـەیرێکی خێرای کردوو بە پەلە گوتی: "دامگرە، دامگرە، خێرا!"، گوتم: "ئەوە چییە کاکە، چیت بینی؟"، کاکە گوتی: "دۆخە، ســـەیرکە مدیرییەتیان بە تەقە بێژاوە! ئێرە ئابلۆقە دراوەو یەک لەسەر یەک قازیفە ڕووەو ئێرە دەتەقێت"، منیش چوومە ســـەرشـــانی کاکەو خێرا هاتمە خوارەوەو گوتم: "کاکە بینا ســـوورەکە قازیفەی پێوەیە، مانای ئەوەیە زۆر نزیکن لێمانەوە، ئەمە قازیفەبوو و بەر ژوورەکەی ئێمە کەوت و ئەو هەموو گەچ و خۆڵەی فڕێدایە ژوورەوە!".

کاکە شـــوێنی قازیفەکانی نەبینیبوو، چووەوە ســـەرشـــانم و کە هاتە خوارەوە قسەکانمی پشتڕاستکردەوە، دوای ئەوەی زانیمان بیناکە ئابلۆقە دراوە، ترســـێک هەردووکمانی داگرت، گوتمان تەواو، دەمانکوژن، ئەمە تۆڵەیە.

جێگەکەمان چاک کردوو قۆنەرەکانمان خستە ناو پشتوێنەوە، چونکە زانیمان ئەگەر بێن بۆ لامان بۆ کوشتنەو من و کاکەش لە پێشەوە بووین بۆ کوشتن، هەرچۆنێک بێت بۆ مردن و خۆڕزگارکردنیش خۆمان ئامادە کرد، گوتمان لەوانەیە زۆر بمێنینەوە، ئەوەی هەمان بوو لە نان و خورما، دابەشـــمان کرد بەســـەر چەند ژەمێکدا، هەر ژەمی دەنکێک خورماو یەک لەســـەر چواری نـانێک، بەمەش بەشـــی پێنج ڕۆژمـان جیاکردەوە، جێگەکەمان وادانا وەک ئەوەی کەســـێک لە ژێریدا خەوتبێت، خۆشـــمان خۆمان مت کردوو خۆمان هەڵزنی بە قەراغی لای دەرگاکەوە، دەمزانی کە کاک ســـیروان پارچە ئاســـنێکی لەلابوو، پێمگوت: "ئاســـنەکەت ئامادە بکە بۆ بەرگری لە خۆت"، پێیگوتم: "دۆخەگیان، دەرمهێناوەو ئامادەیە"، ئەم ئاسنە لە ژووری سێدابوو، ڕۆژێک کەمال پاسۆک لێی کردەوەو لە ژوورەکەی خۆیدا شـــاردبیەوە، بەڵام دوای ڕۆیشـــتنی بۆ دادگا هەر لە ژوورەکەدا مابووەوە، ئیتر خۆمان ئامادەکرد بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێک لە کونی دەرگاکەوە ســـەیری ژوورەکەی بکردایە وابزانێت خەوتووین،

ئێمەش بڕیـارمـانـدا خۆمـان بە دیواری ئەملاو ئەولای ژوورەکەدا هەڵواسین، بەجۆرێک کە لە کونی دەرگاکەوە دیار نەبین.

کاتژمێر (یانزەو نیو)ی بەیانی بوو، دەنگی کەسـێک هات، هەموو دەنگەکانی بڕی! بەڕاسـتی هەر قسـەی وا دەیتوانی مێشـکمان ببڕێت! چونکە چواردەوری مێشـکمان بە دەنگی فیشـەک و قازیفە گیرابو، هەر نەماندەزانی چی بکەین، دەنگەکە بانگی (نەقیب ماجید)ی دەکردو گوتی: "نەقیب ماجید، نەقیب ماجید، ئەمنی (بەلدە) گیراوەو سـوپاو پۆلیس چوونەتە پاڵ خەڵکەکەوە!". ئیتر یەکپارچە پرسیارمان لە یەکتری دەکرد، تا بزانین هەموو گوێیان لەم قسەیە بوو! دیاربوو ئەوانیش گوێیان لێبوو، هاوارو بۆڵە لەم ژوور بۆ ئەو ژوور بەرز دەبووەوە، چیە گوێتان لە چی بوو؟ خێرا هەواڵەکە بە ژوورەکـانی تریشـدا وەک موژدەیەک بڵاو بوویەوە، بەڵام بەبێدەنگی نەکا بمـانکوژن، مەعروف بە دەنگێکی بەرز گوتی: "تۆزێک چاوەڕوان بن و ڕزگاربوونمان نزیکە"، گوتم: "دۆخەگیان بەخوا ڕزگـارمـان بوو"، "کـاک مەعروف گیـان، ڕزگـاری نزیکە، دان بەخۆماندا دەگرین".

نەماندەزانی کات چۆن دەڕوات، کات دەمی چەقاندبووە مێشـک و گیانمان، هەر خولەکێک بۆ ئێمە سـاڵێک بوو، چونکە ئارەزوومان دەکرد زوو کۆتایی بێت و ڕزگارمان بێت.

کاکە دەسـتی کرد بە گیرفانیداو تەلێکی دەرهێناو دەسـتیکرد بە نووسین لەسەر دیوارەکە، ناوی هەردووکمانی نووسی و ڕۆژی گرتن و ماوەی چەند لە زیندان ماوینەتەوەو شانازی کردن بە هەڵوێستی خۆمان بەرانبەر هاوڕێیانی خۆمان و شـەرمەزار نەبوون بەرانبەر هەڵوێسـتی مێژوویی و ئەوەی بە ئەرکی سـەرشـانی خۆمانمان زانیبوو، چەند لە توانامـاندابوو کردمـان، لە کۆتـاییدا نووسـی(٨ی ٣ی ١٩٩١، کـاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ).

ئەوە بۆ ســـێیەم ژەم دەچێت کە نەهاتوون بەلاماندا و پرســـیاری هیچیان لێ نەکردووین، خواردن و چوونەســـەر ئاو نییە، دەمانزانی ئێمە لە کوێین و ئەوان لەکوێن، بەڵام ترســـی تۆڵەی ئەوان لای ئێمە هەر نەڕەویبوویەوەو ئەوە دوو ڕۆژە دەرگامان لێ نەکراوەتەوە، بەڵام چونکە دڵمان خۆشـــبوو، گوێمان لە خواردن نەبوو، دەنگی دەرەوە نەماو تەنها دەنگێک کە دەمانبیست دەنگی خۆمان بوو، بەردەوام تەقە بوو.

کات بوو بە دوانزەو چل و پێنج خولەکی نیوەڕۆ، گوێمان لێبوو هۆڵی یەک کردیان بە هاوار، هەر دەتگوت کارەبامان لێدەدەن، ئا بەو شـــێوەیە تەزووی خۆشـــی بە گیانماندا هات، لە هەمانکاتدا لەوەش دەترســـاین کە شـــۆڤێنیەک بێت و بمانکوژێت، بۆیە هاوارمان لێکردن و گوتمان: "هۆڵی یەک، هۆڵی یەک، جـاری بێدەنـگ بن، دەمـانکوژن". لەوە دەچوو هۆڵی یەک وەک ئێمە نەبووبن و لای ئەوان شـــتەکان بە جۆرێکیتر بووبێت و زانیارییـان زۆرتر بووبێت، لە کونی هەوا کێشـــەکەوە دەنگێک گوتی: "کوان زیندانییەکان، کوان ســـجنەکان، بەختیار، بەختیـار"، من و کاکە سەیری یەکتریمان کرد، باوەشمان کرد بە یەکدا، کاکە گوتی: "دۆخەگیان ڕزگاربووین!"، ئیتر زمان چۆن باسی ئەو خۆشنیە بکات، نازانم!

لە پڕ زرمەی دەرگای دەرەوە هـات، ئەی هـاوار ئەوە چییە؟ دەرگای هۆڵی یەک شکا! دەرگای ئاسن لەبەردەم هێرشی جەماوەردا وەک مقەبا وابوو، لافاوی خەڵک وروژمی هێنـا، جەمـاوەرو چەکدار خۆیان کرد بە ڕاڕەوەکەدا، جارێکیتریش لەگەڵ کاکەدا باوەشـــمان کردەوە بە یەکداو یەکتریمـــان مـــاچ کرد، چـــاوم لێبوو خزمێکی خۆم (حەمیـــدی کـــاک حەمەڕەشـــید) دەرگای ژوورەکەی دایە بەر قۆناغە تفەنگ، بانگم کرد، بەڵام نەیناســـیمەوە، قســـەمان کردو ئینجا ناســـیمیەوە، بە کاکەم گوت: "کاکە یادگارییەکان کۆبکەرەوە". شـــتەکانمان کۆکردەوە، هەر دوو ســـێ کەسێک بەیەکەوە، دەرگای ژوورەکانیان دەشکاند، هەموو بە بینینی ئەو

خەڵکە شۆڕشگێڕو چەک بەدەستانە هاواری خۆشی و ئازادیمان دەکرد، هەر لەگەڵ دەرگا شکێنرا، باوەشمان کرد بە یەکدا.

بە کاک حەمیدم گوت: "بابچین بۆ نهۆمی دووەم، لەسەرەوەش زیندانی لێیە، نەریمانی برام لەسەرەوەیە"، بەرێوەبووین کە زیندانییەکانی سەرەوەشیان هێنابوویە دەرەوەو دەهاتنەخوارەوە، بۆ نەریمان دەگەڕام، بینیمەوەو باوەشمانکرد بە یەکداو لەگەڵ کاک حەمیدو چەند هاوڕێیەکی تری زیندان و خەڵکی شۆڕشگێڕ چووینە دەرەوە.

زۆر بە داخەوە هەر ڕێک لەبەردەم زیندانەدا شەهیدێک کەوتبوو، کەمامەیەکی غاز لەسەر دەم و چاوی بوو، دانەویمەوەو سەیری دەم و چاویم کرد، سپی بوو بوو، هەزار جار سڵاو لە گیانە پیرۆزەکەی، تۆزێک ڕۆیشتین لەبەردەم ژووری (نەقیب ماجید)دا، پێشمەرگەیەک ڕاوەستابوو، قازیفەیەکی لەسەرشان بوو، لە گۆڕەپان و لای پرسگەکەدا دوو لاشە کەوتبوو کە یەکێکیان چاکەت و بیجامەی لەبەردابوو، سەیری ناو سەیارەکانم کرد، بە دیوی بەنزینخانەی مدیرییەتدا چەند کەسێکی جامانە بەسەرم بینی، پرسیارم لە خزمەکەم کرد کە ئەوانە چین؟ گوتی: "ئەوانە خەڵکی ئاسایین، هیچ نەماوە با بڕۆین،ماڵەوە چاوەڕێتانن".

لەگەڵ نەریمان خۆمان کرد بە ژوورێکدا، کابرایەکی لێبوو تەورێکی بەدەستەوە بوو، دەفتەر خدمەی عەسکەریی و فایل و ئیستیمارەی فڕێدەداو بۆ شتی تر دەگەڕا! نەمدەزانی بۆچی دەگەڕێت! لە هەمانکاتدا شوێنی سەرنج بوو! تۆزێک لێی ورد بوومەوە نەمناسی! خزمەکەمان هاواری کرد: "با بڕۆین، با بڕۆین".

دوای دە هەنگاو لە دوورەوە سەیرمکرد ژنێک بە ڕاکردن بەرەو ئەمنە سوورەکە دێت، دێت و هاوار دەکات! ئەی هاوار لەو بەختە کە لێم نزیک بوویەوە، بینینم دایکمەو ئۆقرەی نەمابوو! جەماوەرو پێشمەرگە خۆیان کرد بەناو ئەمنە سورەکەداو من و نەریمانیش دەست لەملانێی دایکمان بووین و لەگەڵ کاک حەمید بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوتین.

به هەمانشـــێوەی دایکی د.کامەران قەرەداغی، دایکی منیش و دایکی زۆرێک لە شـــەهیدەکانی ترو چەندان زیندانی تر، ڕوویـان لە ئەمنە ســـوورەکە بوو، هەموو خەون و خولیـایـان ئەوەبوو ڕۆڵەکـانیـان لە ژیاندابن و هاوشێوەی دایکی د.کامەران دەست بکەنە ملیان و بگەڕێنەوە ماڵەوە، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا، پاش گەڕانی زۆر بەنـاو زیندانیەکان و خەڵکەکەدا کە وەک شــارە مێرووله دەهاتن و دەچوون، دایکم بێهیوابوو، بۆیە ڕووی دەکردە لاشـەی ئەمنە کوژراوەکان و پاش سـوپاسـگوزاریی خوای گەورە کە بەو جۆرە دەیـانبینێـت کە کوژراون، پێیـدەگوتن: "کوا کوڕەکـانم، کوڕەکـانمتـان چی لێکرد؟ بۆ کوێتـان بردن؟ لە کوێ شاردنتانەوە؟".

به هەمانشێوەی دایکم، دایکی شەهید خالید ڕووی کردە مولازم عەلی کە لەوێ لاشـــەکەی کەوتبوو، پێیگوت: "چەندم پێ گوتن با چاکەتێک بکەمە بەری خالید، نەتانهێشـت، چەندم هاوار کرد، ئەی خوایە سـوپاس بۆ تۆ وا ئەوانەی بوونە هۆی کوژرانی کوڕەکەم لێرە دەیـانبینم بەکوژراوی، خوا ئەمە تۆ کردت، خوا ئەمە تۆڵە بوو، تۆڵەی ســـەدان منداڵ و گەنجی بێگوناحی وەک خالید".

ئەو ڕۆژە ئەگەرچی خۆشترین ڕۆژ بوو بۆ سلێمانی و بۆ خەڵکی داخ لە دڵ، بەڵام ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ سـەدان دایک و باوک کە هیچ هەواڵێکیان لە منداڵەکانیان نەبوو، نەیاندەزانی کوڕەکانیان چیان لێهات و بۆ کوێ بران و ئەگەر کوژران لە کوێ کران بە ژێر خۆڵەوە؟

تا ئەو کاتەی ئەو بینا ســـورە نەگیرابوو، دایک و باوکی کەیوان و زۆرینەی هـاوڕێکانی چاوەڕێبوون لەو بینـایەوە، لە ژوورێکیدا، لە ژێر زەمینێکیدا، لە شـوێنێکی نهێنیدا، کوڕەکانیان زیندانیبن، بەڵام پاش گیرانی تەواوەتی بیناکە، ئیتر ئەو هیوایەیان نەما، ئەگەرچی پێیان بەسەر لاشەی ئەمنە کوژراوەکـاندا دەنـاو ژوور بە ژوور دەگەڕان، بەڵام بێهیوابوون، هیچیان نەدۆزییەوە، ئەو زیندانیانەی لەوێ بوون، لە ژووری ئاشـــکراو

دیاریی زیندانییەکاندا بوون نەوەک شوێنی شاردراوەو نهێنی، دەرگاکان شکێنران و ئازاد بوون و گەڕانەوە نێو ماڵ و منداڵی خۆیان.

هەموو گۆڕەپانی ئەو بینا گەورەیەی ئەمن، لە نێو ژوورو ڕاڕەوو سەربان و گۆڕپانەکانیدا، پڕبوو لە تەرمی ئەو چەکدارانەی ئەمن کە لە هەموو شاری سلێمانییەوە لەوێ کۆکرابوونەوە بۆ ئەوەی بەرگری بکەن تا ئەو کاتەی بەعس و سەرکردایەتی "شۆڕش"ەکەیان فریایان دەکەوێت، چونکە لە بەغداوە بەڵێنیان پێدرابوو کە بێن بەدەمیانەوەو ڕزگاریان بکەن، بەڵام بێجگە لە دەرکەوتنی یەک دوو کۆپتەر لە ئاسمانی شاری سلێمانی لە ڕۆژی هەشتی سێداو بە خێرایی گەڕانەوەیان، هیچ کەس فریای ئەم جەلادانە نەکەوت، کە ئەوان هەموو شتێکیان بۆ بەعس و سەددام کرد، دواجار لاشەکانی ئەوان بە دەیان بوون، هەر لە (ڕائید خەڵەف ئەلجوعانی) بەڕێوەبەریان تا کۆتا پاسەوانی ئەمنەکە لەوێ کوژران، بینای ئەمنەکە بوویە گۆڕستان بۆیان، بەتەنیشت ئەم تەرمانەشەوە، تەنها تەرمێک، تەنها گەنجێکی بێتاوان و بێناز گەڕایەوە بۆ لای خوای خۆی، ئەویش (موحەممەدی حاجی مەحمود) بوو، ئەو گەنجەی بە بیروباوەڕی ئیسلامەتی و خۆشەویستنی نیشتیمانەکەی گۆشکراو ئامادە نەبوو لەبەردەم بەعسی و سەددامییەکاندا چۆک دابداو سەریان بۆ نەوی بکات، بەڕێوەبەری ئەمن ئەو سوێندەی خواردبووی کە ئەگەر ڕۆژێکی مابێت بۆ ئەو دەمێنێت، هەر وایکرد، تەنها سێ سەعات پێش ئازادبوونی تەواوەتی ئەمنی سلێمانی و کوژرانی سەرجەم ئەوانەی لەوێبوون، ئەمنەکان تۆڵەیان لە موحەممەدی حاجی مەحمود کردەوە، ڕائید خەڵەفی تاوانبار بەر لە کوژرانی خۆی بەڵێنەکەی بەجێهێناو موحەممەدی حاجی مەحمودی شەهید کرد.

شیروان، برای کەیوان لەبارەی ئەو ڕۆژەوە بۆمان دەگێڕێتەوە: پاش گیرانی بینای ئەمنەکە، زۆر حەزم دەکرد بچمەوە ئەو بینایەی کە تیایدا کاکەم و دایکم و خوشک و براکەم پێکەوە زیندان بووین و بارودۆخەکە

ببینم، یان حەسـرەت بوو لە دڵما بزانم کاک کەیوانی برام و هاوڕێکانی چیان لێهات، بەڵام دایکم ڕێگەی نەدەدام، ئەوەش بەهۆی منداڵیمەوە، بەڵام من فرسـەتم هێناو ئەو کاتەی دایکم لە ماڵ نەبوو، بە پێ و بە ڕاکردن بەرەو ئەمنەکە ڕۆیشـتم، بینیم هەر لە دەرگای دەرەوە تا ناو گۆڕەپان و ژوورەکان و سـەربانەکان، پڕە لە چەکداری کوژراوی ئەمن، یەک یەک گەڕام بەسـەر تەرمەکاندا، زۆریکیانم ناسـییەوە، مولازم عەلی، ڕائید خەڵەف، یوسف و تاریق، ڕائید حەسون، ئەبو نەسر، ئەبو مەحمود، زۆرێکی تریشـیان، لاشـەی هەموو ئەوانە لەوێ کەوتبوون، زۆر سـەیر بوو، ئەمە تۆڵەیەک بوو، هەر لە دونیا ئەوانەی بوونە هۆی ئەزیەتدان و ئەشکەنجەی کاکەم و هاوڕێکانی و پاشان شەهیدکردنیان، خوای گەورە لەسەر دەستی خەڵک سزای دان، ان شاءالله سزای دوارۆژیان سەختتر دەبێت، چونکە بەڕاستی ئەوانە ستەمکارو دڵڕەق بوون.

تەرمی گەنجێکی بێناز لە گۆڕەپانی ئەمن ڕاکشاوە

کاک تەها کەریم، هاوڕێی شـەهید (موحەممەدی حاجی مەحمود)و یەکێک لەو کەسـانەی لەناو بینای ئەمنە سـوورەکە تەرمی شـەهید موحەممەدی هێناوەتە دەرەوە، دیمەنەکانی ئەو ڕۆژە خەمناکەمان بۆ دەگێڕێتەوە: "کاتێک ئەمنەکە دەستی بەسـەردا گیرا، دڵمان خۆشبوو کە هاوڕێکانمان، موحەممەدی حاجی مەحمود و شـێخ مارف، دەبینینەوە، بەڵام بەداخەوە، کە چووینە ژوورەوە بۆ ناو حەوشـەی ئەمنە سوورەکە تەرمی شـەهید موحەممەدمان بینی لەسـەر زەوی ڕاکشـابوو، بە نیشـانەکانی جەسـتەیدا دیاربوو بە ماوەیەکی زۆر کەم پێش ئازادبوونی بیناکە شەهید کرابوو، ئەو ڕۆژە گۆڕەپان و ناو بیناو هۆڵ و ڕێڕەوەکانی ئەمن پڕبوون لە تەرمی کوژراوانی ئەمن، تەنها تەرمێکی بێتاوان لەوێ کەوتبوو ئەویش موحەممەدی حاجی مەحمود بوو، بێجگە لە چەندین فیشـەک کە لێی درابوو، تێزابیش کرابوو بە تەرمەکەیدا، هەروەها هەموو

گیانی شوێنی سوتاوی بچوک بچووک بوو کە شوێنی سوتاندن بوون بە جگەرە لە کاتی ئەشکەنجەو لێکۆڵینەوەدا".

لەبارەی شەهید موحەممەدی حاجی مەحمودەوە، (تەحسین قادر)[1]، کە یەکێک لە زیندانییەکانی ئەمنە سوورەکە بووە لە ساڵی (١٩٩١)، لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە: "یەکێک لەو کەسانە موحەممەدی حاجی مەحمود بوو، پیاوێکی زۆر ئازابوو، وابزانم ئەویش ئیسلامی بوو، کە گرتیان هێنایانە بەردەمی ئینفیرادییەکەی ئێمە، بە (دە) کەس لێیان دەدا، دەستی لە دواوە بەسترابوو، ئەو گوڕی دەبەستەوە کە خۆی دەکێشا بە هەر یەکێکیاندا دەیدا بە دیوارەکەداو دەیخست، کە گوڕی دەبەستەوە دەیکێشا بە هەر کەسێکیاندا دەیدا بە عەرزاو هەڵنەدەستایەوە، ئەمەندە پیاوێکی قارەمان بوو، بەڵام ئیتر ئەوان زۆر بوون، ئەوە یەکێک بوو لەو پیاوە ئازایانەی هەر لە ڕۆژی ڕاپەڕیندا شەهیدیان کرد".

بە شەهیدکردنی موحەممەدی حاجی مەحمود، گەلی کورد پاڵەوانێکی بێوێنەی لە دەستدا، پاڵەوانێک کە بەدەست و چاو بەستراوی و لە ژووری تاکە کەسیدا هیچ حسابێکی بۆ بەعسی و سەددامیەکان نەدەکردو بە هەڕەشەی مردنیش سارد نەدەبوویەوە لە قسە پێگوتن و پەلاماردانیان، بەجۆرێک کە زیندانییەکانی چواردەوری وایانزانیوە ئەم گەنجە شێت بووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بیروباوەڕەکەی پاڵی پێوە دەنا، لەگەڵ ئەو تووڕەیی و داخ لە دڵیەی کە هەیبوو بەرانبەر سەددام و حزبی بەعس و ئەمنە دڕندەکان، چونکە پێشتر شەهید سمکۆی برای و سێنزە هاوڕێی و شەهید کەیوان و بیست و سێ هاوڕێی شەهید کردبوو، ئەمەش وایکردبوو کە زۆرینەی کات بە هەست و حەزی تۆڵەکردنەوەوە کار بکات، بۆیە چەندینجار خۆی و شانە نهێنیەکەی کە

---

[1] - دیبەیتی کەناڵی ئاسمانی (ڕووداو) لەبارەی (ڕاپەڕین)ەوە، ڕۆژی (٢٠١٩/٣/٦) پەخشکراوە.

پێکهاتبوو لە کاک شـوان و کاک تەهاو کاک عەبدوڕەحمان و کاک شـێخ مارف، بە بەرنامە دەیانویسـت تۆڵە لەو کەسـانە بکەنەوە کە وەکیلی بەعس و ئەمن بوون و دەستیان هەبوو لە بە گرتندانی شەهید کەیوان و شـەهید سـمکۆ کە بە هەردوو دەسـتەکەوە نزیکەی سـی و چوار کەس شـەهید بوو بوون، چەندینجاریش بۆسـەیان بۆ (هێرش) کە تۆمەتبار بووە بە هاوکاریکردنی ئەمنەکان لە دۆسـیەی کەیوان و هاوڕێکانیدا ناوەتەوە لەبەردەم ماڵی خۆیاندا تا تۆڵەی لێ بکەنەوە، بەڵام زۆر سـەیر ڕزگاری بووە.

(٨٥)

شەهید سمکۆو هاوڕێکانی کێبوون؟ چیرۆکەکەیان چیە؟

لەسەرەتای سالّی (١٩٨٨)، لە شاری سلێمانی، تۆڕێکی ڕێکخستنی (بزووتنەوەی ئیسلامی) کەوتنە داوی دام و دەزگاکانی بەعس و پاش چەند مانگێک مانەوەو ئەشکەنجە، هەموویان شەهیدکران.

ئەو پۆلە گەنجە پێکهاتبوون لە (دە) کەس، کە بریتیبوون لە:

١. بەهادین ئەحمەد فەتاح.

٢. نەوزاد عوسمان سالّح.

٣. جەمال مەولود موحەممەد.

٤. سمکۆ مەحمود حەسەن.

٥. لوقمان سالّح بەحری.

٦. ئەبوبەکر سەلام محیەدین.

٧. سامان ڕەفیق تۆفیق.

٨. سەلام قادر ڕەسولّ.

٩. ئیبراهیم حەمزە عەباس.

١٠. عەدنان حەمەئەمین ئیبراهیم.

ناوی چوارەم کە شەهید (سمکۆ مەحمود حەسەن)ە، برای شەهید (موحەممەدی حاجی مەحمود)ە، کە دەبێتە دووەم شەهیدی خانەوادەکەی.

بە پێی نووسراوێکی نهێنی ڕێکخستنی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەلآت(منظومة استخبارات المنطقة الشرقية)ی سەر بە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری سەربازی) کە ژمارە (س٢، ق٢، ٥١، قادسیه صدام ٨٧٢)ی لەسەرەو لە ڕۆژی (٣٠)ی مانگی (پێنج)ی (١٩٨٨) ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەی کەرکوک کراوەو ناونیشانی بابەتەکەی بریتییە لە ڕێکخستنی بەڵگەنامەی مردن (تنظیم شهادات وفاة)و تیایدا داوا لە نەخۆشخانەکە دەکات کە بەڵگەنامەی مردن بە دوو

وێنە بۆ هەریەکە لەو کەســـانەی ناویان هاتووە دروســـت بکرێت، کە ژمارەیان (دە) کەســـە، دیارە پاش شـــەهیدکردنیان بە بێ دادگاو تەنها لەسەر بڕیاری (عەلی حەسەن مەجید)و لە چوارچێوەی (حسب السياق) کە بەعس لەو سالانەدا پەیڕەوی کردووە.

بە نووسراوەکەدا دیارە کە پاش شـەهیدکردنی ئەو گەنجانە، دەزگای هەواڵگری ســـەربازیی داوا دەکات بەڵگەنامەی مردن بۆ کوژراوەکان دروســـت بکات، لە کاتێکدا نە کەس تەرمەکانی بینیوەو نە نەخۆشـــخانە ئاگادارە، پاشـتریش تەرمەکان لە شـوێنێکی نهێنی، هاوشـێوەی تەرمی شـــەهید کەیوان و هاوڕێکانی شـــاردرانەوەو ڕادەســـتی خێزانەکان نەکرانەوەو نەوەک ڕێگە نەدرا کەس و کاریانە پرسە دابنێن، بەڵکو دایک و باوک و خوشـــک و براو منداڵەکانیان(ئەوانەی منداڵیان هەبووە) بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ دەستگیرکران و خانووەکانیشیان ڕووخێنراو کەل و پەلەکانی ناویان تالانکراو پاشـان لە زیادکردنی ئاشـکرادا موڵکی هەندێک لە کەسوکاری ئەو شەهیدانە فرۆشرا![1].

لە نووسراوێکی تردا، کە بە هەمانشێوە نهێنیەو بە (دەستی و کەسی) دەبێت بکرێتەوە، ڕێکخســـتنی هەواڵگری نـاوچەی ڕۆژهەلات(منظومة استخبارات المنطقة الشرقية)ی سەر بە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری ســەربازی) کە ژمارە (س٢، ق٢، ، قادســیە صـدام ٨٦٢)ی لەســەرەو لە ڕۆژی (٢٩)ی مانگی (پێنج)ی ســـاڵی (١٩٨٨) ئاراســـتەی لیژنەی ئەمنی پارێزگای سلێمانی کراوە کە پارێزگار ســەرۆکی لیژنەکە بووە، دەزگای هەواڵگری بە فەرمانی (ئەمین سـڕ)ی نووسـینگەی ڕێکخسـتنی باکوری حزبی بەعس کە تاوانبار(عەلی حەســـەن مەجید) لەو کاتەدا بەرپرســـی بووە، داوا دەکات کە ماڵی ئەو (دە) شـــەهیدە بروخێنرێت ئەگەر موڵکی خۆیان یان خوشـــک و برا یان باوکیان بێت، ئەگەر (کرێچی)ش بوون

---

[1] - سەیری بەڵگەنامەی ژمارە (٥) بکە.

ئەوە بۆ ماوەی ساڵێک دەستبەسەر خانووەکەدا بگیرێت و پاشان کلیلەکە ڕادەســـتی خـاوەنەکەی بکرێتەوە بەبێ ئەوەی ڕێگە بـدرێـت لە هیچ حاڵەتێکدا هیچ پێداویستییەکی ژیان ببرێتە دەرەوە.

لە نووســـراوەکەی دەزگای هەواڵگریدا کە بارەگاکەی لە کەرکوک بووە ناونیشـانی تەواوی هەریەکە لە (دە) شــەهیدەکە و ناوی موختاری گەڕەکەکەش هاتووە، هەموو شـــەهیدەکان ماڵیان لە ســـلێمانیە تەنها شـــەهید (عەدنان حەمەئەمین ئیبراهیم) نەبێت کە ماڵی لە چەمچەماڵ بووە، گەڕەکی بێکەس نزیک مزگەوتی (شـــەهید عەبدولمەجید)، خانووی ژمارە (٤٨١)، وەک لە نووسراوەکەدا هاتووە[١].

١ - سەیری بەڵگەنامەی ژمارە (٦) بکە.

(٨٦)
پاش ئازادبوونی، ئەیوب بۆچی دڵتەنگ بوو؟

من بە خۆشی ئازادبوونەوە، نەمتوانی زووتر بچم بۆ ماڵی هاوڕێکانم، ئەو هاوڕێیانەی کە دراوســـێمان بوون، زووتر هاتن بۆ لام و هەواڵم پێدان، باسی زیندان و دۆخەکەم بۆ کردن، بەڵام ئەوەی زۆر دڵتەنگ بوو بۆ من، ئەوەبوو کە پاش چەند ڕۆژێک چووم بۆ ماڵی عەبدوڵڵا، ماڵیان لە کـارگەی جگەرەکەبوو، دوور بوو لە مـاڵی ئێمەوە، ڕۆیشـــتم، لە دەرگامدا، باوکی کە پیاوێکی باریکەلەی باڵا بەرز بوو، دەرگای کردەوەو گوتی: "ها کوڕم فەرموو"، گوتم: "مامە من ئەیوبم، برادەری عەبدوڵڵای کوڕت"، هەر وامگوت، دەســـتی کرد بە گریان، ئیتر من دڵمدایەوە، گوتم: "مامەگیان مەگری، ئەویش زۆر باشەو ان شاءللە بەزوویی ئەویش ئازاد دەبێت"، باوکی عەبدوڵڵا فرمێسـکەکانی سـڕی و گوتی: "ڕۆڵەگیان یاخوا تۆ بەخێر بێیتەوە، زۆرم پێخۆشـــە، یاخوا دایک و باوکت ئاوا هەمیشـــە دڵیـان خۆش بێت، بەڵام من دوێنێ وەفـاتنـامەی عەبـدوڵڵام وەرگرت!"، بەڕاســـتی ئەو لەحزەیە بۆ من زۆر ناخۆش بوو، زۆر تاســـام، هیچم بۆ نەگوترا، فرمێســـــک بەرچـاوی گرتم، زۆرم پێنـاخۆش بوو کە زووتر نەهاتبووم هەواڵ بدەم، تا هیچ نەبێت بەســـەر ئەم هەواڵە ناخۆشـــەدا نەکەوم.

پاش ســـەردانی ماڵی عەبدوڵڵا، بەڕێکەوتم بۆ ماڵی خالید، ماڵی خالید لە نزیک مزگەوتی حاجی حەســـەن بوو، دایکی دەرگاکەی کردەوە، هەر دەرگاکەی کردەوەو منی بینی، یەکســـەر هەســـتیکرد من لە زیندان ئازاد بووم، گوتی: "لە زیندان ئازاد بوویت؟"، گوتم: "بەڵێ"، یەکســـەر گوتی: "وەرە ژوورەوەو دەرگـاکەی داخســـــت"، چـوومە ژوورەوە، لەوێ هاوســـەری کاک خالیدو یەک دوو کەســـی تری لێبوو، گوتم: "من لەگەڵ

کاک خالید بووم، زۆر باشەو ان شاءللە بە زوویی ئازاد دەبێت"، کاتێک من ئەم قسانەم دەکرد شین و گریان دەستیپێکرد، هەموو دەستیان کرد بە گریان، فرمێسک دەم و چاوی داگیرکردن، بەڕاستی زۆر ناخۆش بوو ئەو لەحزەیە، بۆ من وەک ئەوەبوو برایەکم مردبێت، بەڵام من زانیاریم نەبوو، درەنگیش هاتبووم، تومەز دوای ئێمە ئەمنەکان دەستیان کردبوو بە لە سێدارەدانیان، هەموویانیان شەهید کردبوون، بۆیە تا من هاتبووم بۆ ماڵیان بەڵگەنامەی مردنیان وەرگرتبوویەوە! گوتیان: "زۆرمان پێخۆشە تۆ ئازادبوویت، لەخوا بەزیاد بێت، چاوی دایک و باوکت ڕوون، بەڵام خالیدی ئێمە شەهید کراوە، تازەیی وەفاتنامەکەیمان وەرگرتووەتەوە!"، بەڕاستی ئەو لەحزەیە بۆ من زۆر پڕ ئازار بوو، بەجۆرێک چێژی ئازادبوون و ڕزگاربوونی خۆمی لە بیر بردمەوە، بیرم لە جوانی ئەو کوڕانە دەکردەوە، ئەو کاتانەی پێکەوە نوێژمان دەکرد، پێکەوە دەچووین بۆ قوتابخانە، پێکەوە وانەمان دەخوێند، پێکەوە یاریی تۆپی پێمان دەکرد، ئاااای چەند کات و ڕۆژانێکی پڕ هەست و نەست و جوانی بوون، ئاااای چەند گەنجانێکی پاک بوون، ئێستە کە نزیکەی سی و پێنج ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ئەو ڕووداوەداو من بۆ تۆی باس دەکەم، ئێستەش زۆر بە ئازارە، وا دەگەڕێمەوە بۆ ئەو ڕۆژانە هەستدەکەم دوێنێ ڕووداوەکە ڕوویداوە، (لەم کاتانەدا کە ئەیوب قسەی بۆ دەکردم، فرمێسک بەرچاوی گرتبوو، دەنگی گۆڕاو بەباشی قسەی بۆ نەدەکرا).

ئەیوب لە چی پەشیمانە؟

ئەیوب بەردەوامە لە گێڕانەوەکانی: لەو کاتانەدا کە لە دۆخێکی سەختدابووین، نزیکەی چوار مانگە لە زیندانین، ژیانی ڕۆژانەمان زۆر سەخت بوو، ڕۆژێک کەیوانیان هێنایەوە بۆ ژووری ئێمە، ژووری ژمارە (هەشت)، لەگەڵ هێنانەوەی سەلامی کردو هەموو بەخێرهێنانمان کرد، من لەو کاتانەدا بێجگە لەوەی تەمەنم کەمبوو، زۆریش لە دۆخێکی

سـەختدا بووم و نەمدەتوانی باشـتر لێکدانەوە بۆ ڕووداوەکە بکەم، بۆیە من زۆر نیگەران بووم لە کەیوان، ئەگەرچی کەیوان ڕوونیکردەوە کە لە ژێر چ سـزاو ئەشـکەنجەیەکدا بووە، چۆن هیچ شـتێک لە ژێر دەسـەلاتی ئەودا نەماوە، چۆن سـەرەتا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان ناویان لەلایەن سـیخوڕێکەوە دراوە نەوەک کەیوان، چۆن ئەو سـزایەی کە لە ژووری تەنهـاییـداو بە بەردەوامی دراوە بووەتە هۆی ئەوەی هیچ توانـایەکی نەمێنێ، بەلام من درەنگ تووڕەیی و نیگەرانییەکەم ڕەوییەوە، بەڕاسـتی زۆر پەشـیمـانم لەو تووڕەیی و نیگەرانیەم، زۆر پەشـیمـانم لەو هەڵچوونەم، بەلام دیارە هاوڕێکان هەموو منیان ئارام کردەوە، بەتایبەت (ئەحمەد عەبدوڵلا) هات دەستی گرتم و هێمنی کردمەوە، زۆر قسـەی بۆ کردم، باسی قەدەری خوای بۆ کردم کە ئەمە ئیتر بڕیاری خوایە، ویستی خوای لەسـەر نەبووایە نەدەگیراین و تووشـی ئەم زەحمەتە نەدەبووین، بۆیە پێویسـتە هەموو ئاراممان هەبێت و کارەکانمان بدەینە دەست خوا، خوا چی باش بێت ئەوەمان بۆ دەکات، دڵنیابە خوا باشـتر دەزانێت چی بۆ ئێمە باشـە، لەوە دەچێ ئێمە ئێسـتە وا لێک بدەینەوە کە ئەمەی بەسـەرمان هاتووە خراپەو دڵگران بین و خەفەت بخۆین، بەلام دڵنیابە لەوەی تەنها خوا دەزانێت ئەمە بۆمان چاکە یان نا، بەتایبەت لە ڕۆژی دوایی تەنها ئێمە براوەین، دڵنیابە ئەمە خێرە بۆمان، بەمجۆرە ئەحمەد عەبدوڵلا هێمنی کردمەوە، بەڕاستی قسـەکانی جوان بوون، کاری تێکردم و سـوپاسـیشـم کرد، هەروەها (سـەفەر عەبدوڵلا)ش کە پورزای کەیوان بوو ئەویش بە هەمانشـێوە قسـەی بۆ کردم، باسـی ئەوەی کرد کە ئەو هەر یەکێک نەبووە لە ڕێکخراوەکە، تەنها ئەوەیە کە خزمن بۆیە گیراوە، بەمجۆرە هاوڕێکان هێمنیان کردمەوە، بەڕاستی من ئێستە زۆر پەشیمانم لەو هەڵوێسـتەم، نەدەبوو بەو جۆرە مامەڵە بکەم، بەشـێکی هۆکاری هەڵوێستەکەشـم ئەوەبوو کە من ئەندامێک نەبووم لەو چەند کەسـەی ناو

ڕێکخراوەکە کە چالاکیان ئەنجامدابوو دژی بەعس، بەرنامەیان دانابوو بۆ چالاکی زیاتر دژی بەعس و پیاوانی بەعس.

ئاسۆ مەحمودیش لەو بارەیەوە دەڵێت: "ڕاستە، ئەو تووڕە بوونە هەبوو، بەڵام هەموو بە خۆشەویستییەوە باوەشمان بۆ کەیوان کردەوە، ئەیوبیش تووڕەییەکەی نەماو ئاسایی بوویەوە، ئەو شەوە من و کەیوان لە ژێر یەک بەتانیدا خەوتین، چونکە بە دوو هاوڕێ و سێ هاوڕێ تەنها یەک بەتانیمان هەبوو، تا بەیانی قسەمان کرد، تا ئەو کاتەی گوێمان لە بڵندگۆی مزگەوتی گەورەبوو بانگی بەیانی فەرموو (الله اکبر، الله اکبر)، ئیتر هەموو هەستاینەوەو نوێژی بەیانیمان بە کۆمەڵ کرد.

(٨٧)

"خۆزگە منیش لەگەڵیان دەبووم"

ئەیوب کەلەســەر کورســییەکی قاوەیی دانیشــتووەو ئەو چیرۆکە پڕ تراژیدیەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە سی و پێنج سـاڵ پێش ئێسـتە ڕوویداوە، دەڵێت: من ئێســــتەش بە خێر یادیان دەکەم، هەرگیز بیرم ناچنەوە، لە قوولایی زاکیرەمدا ئەو گەنجانە جێگەیان گرتووە، ئەو هاوڕێیانەمان زۆر خۆشەویست بوون، زۆر سەیر بوو، هەرچی مرۆڤی چاکە لەو ژوورەدا و لەو زیندانە ســــتەمکارانەیەدا جێگەی بووبوویەوە، گەنجانێکی هێمن، لەســـەرخۆ، ڕەوشــــت بەرز، ئازاو بە غیرەت، خۆ بەکەمگرو خاکی و خزمەتکار بە خەڵک و خاک، نیشتیمان دۆست، تێکۆشەر، دۆستی خواو قورئان و دڵ ئاودراو بە فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، بەڕاســتی هەمیشــە تەمەننا دەکەم منیش ئەو مردنە پڕ لە شــانازییەم بە نســـیب ببوایە، خۆزگە لەگەڵیان بوومایە لە مردنیش، خۆزگە لەگەڵیان بوومایەو لەو چرکەســاتەی فیشــەکی بەعســییەکانی ئەمنی ســلێمانیان ئاراستە کرا، بەڕاستی ڕێگاکەیان پاک بوو، ان شاءالله لەگەڵ پێغەمبەران و شـەهیدان و پیاوچاکاندا کۆ دەکرێنەوە، من دڵنیام ئەگەر تاوانێکیشـیان هەبووبێت، ئەوە ئەو ئازارو ناڕەحەتی و ئەشــکەنجەیەی لەو زیندانە چەشتیان، بە تەواوەتی پاکی کردوونەتەوە.

دوای شەهید بوونی، مەلا خالید پەیام بۆ دایکی دەنێرێت

حاجی فاتیمە، دایکی شــــەهید (خالید) بۆمان دەگێڕێتەوە[1]: "پاش ئازادبوونمان، تا ماوەیەکی زۆر، هەموو ڕۆژێک بەشــم گریان بوو، خەم

---

١ - قســەکانی دایک و باوکی شــەهید خالید (خوا لێیان خۆش بێت)، لە ڕاپۆرتێکی کەناڵی سلێمانی تەلەفزیۆنی (کۆمەڵ)، وەرگیراون کە ساڵی (٢٠٠٣)پەخشکراوە.

و بێتــاقەتی بوو، زۆربەی کــات بۆ نوێژو نوێژی هەینی دەچووم بۆ مزگەوتی گەورە، جارێک ژنێک هات بە ناو ژنەکاندا دەگەڕاو یەک یەک لێی دەپرسین: "تۆ ناوت فاتمەیە؟ تۆ ناوت فاتیمەیە؟ کێ ناوی فاتیمەیە؟"، هەڵەو داوان یەک یەک پرسیاری دەکرد کێ ناوی فاتیمەیە؟ تا هاتە نزیک من، گوتی: "تۆ نــاوت چیە؟"، گوتم: " بەڵێ من نــاوم فــاتیمەیە"، گوتی: "کوڕت هەیە ناوی خالید بێت؟"، گوتم: "بەڵێ، کوڕم هەیە ناوی خالیدە"، گوتی: "کچتــان هەیە نــاوی (بەهرە) بێــت؟"، لەو کــاتەدا وای گوت، دڵم ڕاچڵەکی، گوتم: "تۆ بڵێی خالید مابێت و هەواڵی هاتبێت!"، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر دڵنیا بوو بووین کە خالید لە ژیان نەماوە، گوتم: "بەڵێ، کچیشمان هەیە ناوی (بەهرە)یە"، گوتی: "دادەگیان بەخوا من نە تۆ دەناســـم و نە کوڕەکەت، بەڵام ئەمشـــەو لە خەومــا حەیوانێکم لێ ون بوو بوو، زۆر گەڕام بۆی، تا ڕێم کەوت لە گەنجێکی زۆر جوان، ناوی (خالید) بوو، لە شــوێنێکی زۆر خۆش بوو، باخ و باخات و ئاوو فوارەو بەهەشــتێک بوو بۆ خۆی، هەر ئەمگوت: "ئەو مەڕەی منــت نەدیوە کــاکە گیــان"، ئەو بە زەردەخەنەیەکەوە پێیدەگوتم: "مەڕ لێرە چیدەکــات پووری گیــان؟ ئێرە شـــــوێنی مەڕ نییە دادەگیــان"، پاشـــــان گەنجە جوانەکە گوتی: "ئەرێ دادەگیــان تۆ لە مزگەوتی گەورە نوێژ دەکەیــت؟"، گوتم: "بەڵێ لە مزگەوتی گەورە نوێژ دەکەم"، گوتی: "دەی بڕۆ بە حــاجی فــاتیمە بڵێ، ئەو لە مزگەوتی گەورە لە ڕیزی پێشەوە نوێژ دەکات، بیدۆزەرەوەو پێی بڵێ: بزانە بەهرە داوای چی کردووە وا ئەوەنــدە گریــاوە بەســـــەریدا"، پاشــــــان پێمگوت: "کاکەگیــان تخوا لێرەش جێی من بکەنەوە"، پێیگوتم: "دادەگیان بەخوا ئەمە تەنها جێی خۆمە، بەڵام تۆش جێی خۆت هەیە!".

(٨٨)

چیرۆکی کچە تاقانەکە

هێواش هێواش ئەو فرمێسکانەی دەسڕی کە لەگەڵ گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانیدا دەهاتنە خوارەوە، ئەو هەموو پایزێک دەچێتەوە ئەو یادەوەرییانەی باپیرەی بۆی گێڕاوەتەوە، ئەو کاتەی ئەم هێشتا منداڵێکی شەش مانگانە بووەو ئەمنەکان هاتوون باوکیان فڕاندووە.

ئەو کچێکی تاقانەیە، کچی باوکێکی تاقانە، باوکێک خۆی بیری نایەت ڕەنگی چۆن بووە، بۆنی چۆن بووە، هەستی باوەشگرتنەکەی چۆن بووە، چونکە بەعس و سەددام ئەو تام و چێژانەیان لێسەندو بۆ هەمیشە نەیانهێشت لە ژیانیدا بۆ یەکجاریش بانگ بکات: "باوکە"و ئەویش بڵێت: "بەڵێ باوکە گیان".

ئەو دوای شەهیدکرانی باوکی، باپیرو نەنکی بوونە هەموو کەسی، لەگەڵ ئەوان ژیا و لەگەڵ ئەوان شەوو ڕۆژی کردەوە، بەڵام چۆن ژیانێک، ژیانێک کە بە درێژایی ئەو ساڵە دوورودرێژانە هەموو ڕۆژێکی پڕ لە فرمێسک بووە، هیچ ڕۆژێک نەبووە ئەو کچە تاقانەیە ئێوارە بکاتەوە بەبێ گریان، بەبێ بینینی دایە گەورەی کە هۆن هۆن فرمێسک هەڵدەڕێژێت بۆ تاقانە کوڕە لە دەستچووەکەی، مەلا خالید.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کۆسپ و ئازارە گەورەیە نەیتوانی (بەهرە)ی تاقە کچی باوکە تاقانە ستەملێکراوەکە ڕابگرێت لە دروستکردنی ژیان، ڕابگرێت لە بەردەوامی، بۆیە ئەو بەردەوام بوو، بەردەوام بوو لە ژیان، بەردەوام بوو لە خوێندن، قۆناغی سەرەتایی و پاشان ناوەندی و پاشان ئامادەیی و تا چووە زانکۆ، ئەو بەردەوام بوو تا ئەو وڵاتە ئاوەدان بکاتەوەو دروست بکاتەوە کە سەددام دەیویست

بیســـــڕێتەوە، تا ئەو گوندو شـــــارانە ئاوەدان بکاتەوە کە دیکتاتۆر ڕووخاندنی، نەخشـەی ئەو دڵانە بکێشـێتەوە کە سـەددام شـکاندنی، بەڵێ ئەو بەردەوام بوو، تا کۆلێجی ئەندازیاری تەواو کردوو بوویە ئەندازیار، ئەو ئێستە هەم ئەندازیارەو هەم دایک.

خالیدەکان ڕووبەڕووی چارەنووســـێک بوونە کە جێگەی شـــانازی (بەهرە)ی کچیەتی، شـانازیین بۆ ئەوان، شـانازیین بۆ ئێمە، شـانازین بۆ هەموو مرۆڤێکی ئـازادیخواز، شـــــانـازیین بۆ هەموو ئەو مرۆڤـانەی ئامادەنین کڕنوش بۆ کەس بەرن بێجگە لە (خودا)، کڕنوش لەبەر ترس، کڕنوش لەبەر پارە، کڕنوش لەبەر پلەو پۆســـت و دەســـەڵات. بەڵێ ئەمە شـانازییە بۆ هەر مرۆڤێک کە کۆیلایەتی ڕەد دەکاتەوەو ئامادە نییە ببێتە کۆڵەکەی پشـتیوانی هیچ دیکتاتۆرێک، هەربۆیە لە پێناو ژیانێکی باشـتردا بۆ خۆی و گەل و وڵاتەکەی تێدەکۆشێت و گیان دەبەخشێت.

مرۆڤبوونی مرۆڤ بە ژمارەی ئەو ڕۆژانە ناپێورێت کە تیایاندا خۆش ژیاوە، بە ژمارەی ئەو ســـاڵانە ناژمێردرێت کە بەســــەریبردوون و پرچی ڕەشـــی تێدا ســـپی کردوون، بە ژمارەی ئەو گەشـــتانە ناپێورێت کە بۆ ڕابواردن و کات بەسـەربردن ئەنجامیداون، بە گەورەیی قەبارەی سـەروەت و سـامان و زۆری ژمارەی خزم و عەشـیرەتەکەی نییە، بەڵکو مرۆڤبوونی هەرکەسێک پەیوەستە بە "هەڵوێست"ەکانی، بگەڕێ بە ژیانی هەر کەسێکدا ئەگەر خاڵی بوو لە هەڵوێســـت، ئەوە خاڵییە لە مرۆڤبوون، ئەوە خاڵییە لە ســـوپـاســـگوزاری ژیـانێـک کە خوای گەورە پێی بەخشـــیوە وەک تاقیکردنەوەیەک بۆی، بەڵێ مرۆڤ بە هەڵوێســـتەکانیدا دەناســـرێتەوە، بەڵێ هەڵوێستەکان شـانازین، ملکەچنەکردن بۆ ستەمکار شـانازییە، بۆیە کەیوان و هاوڕێکانی بۆمان شانازین، بۆ هەتا هەتایە بە شانازیش دەمێننەوە.

بەڵێ ئەو ڕۆحە پاکانە شانازین...

- کۆتایی -

پاشکۆی بەڵگەنامەکان

بەڵگەنامەی ژمارە (١)

(وێنە مێژووییەکەو پوختەی زانیارییەکانی)

▪ **لەبارەی کەسی یەکەمی وێنەکە کە لە پێشی پێشەوە دانیشتووە:**

- کەیوان عەبدوڕڕەحمان ئەسـکەندەر، سـاڵی (١٩٧٢) لە دایکبووە، لە (١٦ی١٢ی ١٩٨٨) دەسـتگیرکرا، لە (٣٠ی ٤ی ١٩٨٩) شـەهید کرا، دایکی و دوو براو خوشـکێکی دەسـتگیرکران و پاش بەسـەربردنی شـەش مانگ زیندانی ئازاد کران.

- **ڕیزی یەکەمی وێنەکە:**

ژمارە (١): وریا ئیبراهیم حەمەئەمین، ساڵی (١٩٧٣) لە دایکبووە، یەکێکە لەو دە کەسەی ئازاد بوون، بەڵام براکەی بەناوی (کەمال) شەهیدکرا، لە ئێستەدا دانیشتووی شاری سلێمانیەو بە کارو کەسابەتەوە سەرقاڵە.

ژمارە (٢): دلێر مەحمود موحەممەد، ساڵی (١٩٧٤) لە دایکبووە، یەکێکە لەو دە کەسەی ئازاد بوون، ماستەری هەیە لە یاسا، لە ئێسەدا دانیشتووی وڵاتی بەریتانیایە.

ژمارە (٣): ئاسۆ مەحمود حەمەڕەشید، بە (م.ئاسۆ کۆچەر) ناسراوە، ساڵی (١٩٧٥) لە دایکبووە، یەکێکە لەو دە کەسەی ئازاد بوون، دەرچووی بەشی کۆمەڵناسی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینە، لە ئێستەدا مامۆستای ئامادەییە و لە شاری سلێمانی دادەنیشێت.

ژمارە (٤): شوان سەعدی ڕەزا، ساڵی (١٩٧٤) لە دایکبووە، یەکێکە لەو دە کەسەی ئازادبوون، پزیشکەو دانیشتووی وڵاتی بەریتانیایە.

ژمارە (٥): موسا حەمەرەشید عەبدوڵلا ئەحمەد، ساڵی (١٩٧٠) لە دایکبووە، لە (٢٠ی ٥ی ١٩٨٩) شەهیدکرا، بەهۆی خۆحەشاردانەوە خانەوادەکەی دەستگیر نەکران.

ژمارە (٦): کەمال ئیبراهیم حەمەئەمین ئیسماعیل، ساڵی (١٩٧٢) لە دایکبووە، لە (٢٠ی ٥ی ١٩٨٩) شەهیدکرا، وریای برای یەکێکە لە دە گەنجە ئازاد بووەکە.

ژمارە (٧): ئەحمەد فەرەج عەبدوڵلا، لە (٣٠ی ٥ی ١٩٨٩) شەهیدکرا.

ژمارە (٨): نەوزاد نامیق سالح، ساڵی (١٩٧٣) لە دایکبووە، یەکێکە لەو دە کەسەی ئازاد بوون، لە ئێستەدا دانیشتووی شارۆچکەی خورماڵە.

ژمارە (٩): یاسین ئەحمەد عەبدوڵلا، ساڵی (١٩٧٣) لە دایکبووە، لە (١٨ی ٥ی ١٩٨٩) شەهیدکرا، باوک و دایک و سێ برای دەستگیرکران و پاش بەسەربردنی شەش مانگ لە زیندانەکانی ئەمنی سلێمانی و سەماوە ئازادکران.

▪ **ڕیزی دووەمی وێنەکەوە:**

ژمارە (١٠): ئاسۆ جەزا حەمەساڵح، ساڵی (١٩٧٣) لە دایکبووە، یەکێکە لەو دە کەسەی ئازاد بوون، کۆلێجی ئەندازیاریی تەواو کردووە، لە ئێستەدا ئەندازیارە لە شارەوانی سلێمانی.

ژمارە (١١): لوقمان ئیسماعیل ڕەجەب، بە د.لوقمان ناسرابوو، ساڵی (١٩٦٩) لە دایکبووە، لە (١٦ی ٥ی ١٩٨٩) شەهیدکرا، دایک و باوک و برایەکی دەستگیرکران و پاش بەسەربردنی شەش مانگ زیندانی ئازاد کران، خانووەکەیان لە شارۆچکەی بازیان ڕووخێنرا.

ژمارە (١٢): جەلال ئەحمەد حەمەئەمین مەحمود پێنجوێنی، لە (٣٠ی ٥ی ١٩٨٩) خۆی و (حەسەن)ی برای شەهیدکران.

ژمارە (١٣): ئەکرەم ساڵح سۆفی حەسەن، لە ساڵی (١٩٧٢) لە دایکبووە، لە (٣٠ی ٤ی ١٩٨٩) شەهیدکراوە، باوک و دایک و دوو براو سێ خوشکی دەستگیرکران و پاش بەسەربردنی شەش مانگ لە زیندانی ئەمنی سلێمانی و زیندانی شاری (حیلە) ئازاد کران، یەکێک ل خوشکە بچوکەکانی تەمەنی تەنها چوار ساڵ بووە کاتێک دەستگیرکراوە، خانووەکەشیان ڕووخێنرا.

ژمارە (١٤): جەلال کەمال، ناسراو بە جەلال هەڵەدنی، ساڵی (١٩٧٢) لە دایکبووە، یەکێکە لەو دە کەسەی ئازاد بوون، لە ئێستەدا ئەفسەرە لە هێزی پێشمەرگە و دانیشتووی شاری سلێمانیە.

ژمارە (١٥): موحەممەد عبدالله حەمە موراد، ساڵی (١٩٧٢) لە دایکبووە، لە (١٦ی ٥ی ١٩٨٩) شەهیدکرا، دایک و باوک و سێ لە براکانی دەستگیرکران و پاش شەش مانگ زیندانی ئازاد کران.

ژمارە (١٦): عیرفان جەلال، ساڵی (١٩٧٤) لە دایکبووە، یەکێکە لەو دە کەسە ئازاد بوون.

ژمارە (١٧): هەژار قادر ڕەسوڵ، ساڵی (١٩٧٣) لە دایکبووە، یەکێکە لەو دە کەسەی ئازاد بوون، کۆلێجی ئادابی خوێندووەو لە ئێستەدا سەرقاڵی کاری بازرگانیە.

▪ ڕیزی سێیەمی وێنەکە:

ژمارە (١٨): دارا عوسـمان ئەحمەد عەبدوڵڵا، سـاڵی (١٩٦٧) لە دایکبووە، لە (٣٠ی ٤ی ١٩٨٩) خۆی و دارای برای شـــەهیدکران، تەواوی ئەندامانی خێزانەکەیان و نەنکیان دەستگیرکران و پاش بەسـەر بردنی شەش مانگ لە زیندان ئازاد کران، خانووەکەشیان ڕووخێنرا.

ژمـارە (١٩): ئەحمەد عەبـدوڵڵا فەتـاح موحەممەد، ســـاڵی (١٩٧٣) لە دایکبووە، لە (١٦ی ٥ی ١٩٨٩) خۆی و موحەممەدی برای شـــەهیدکران، لە خانەوادەکەی تەنها برایەکی بەناوی (ئەبوبەکر) دەسـتگیرکراو پاش بەســەر بردنی شــەش مانگ لە زیندانی ئەمنی سـلێمانی و زیندانی شــاری دیوانیە ئازاد کرا.

ژمارە (٢٠): حەســـەن ئەحمەد حەمەئەمین مەحمود پێنجوێنی، لە (١٨ی ٥ی ١٩٨٩) خۆی و (جەلال)ی برای شەهیدکران.

ژمارە (٢١): عەباس مەحمود ئیبراهیم سـاڵح، سـاڵی (١٩٧٠) لە دایکبووە، لە (١٨ی ٥ی ١٩٨٩) شـــەهید کرا، دایک و باوکی دەســـتگیرکران و پاش بەسەربردنی شەش مانگ لە زیندان ئازاد کران، خانووەکەشیان ڕووخێنرا.

ژمارە (٢٢): فەرهاد موحەممەد ساڵح ئەحمەد، ساڵی (١٩٧١) لە دایکبووە، لە (٢٨ی ٥ی ١٩٨٩) شەهید کرا.

ژمارە (٢٣): ســـەفەر عەبدوڵڵا حەمەحســـێن بارام، ســـاڵی (١٩٦٨)لە دایکبووە، لە (١٦ی ٥ی ١٩٨٩) شـەهیدکرا، باوکی خاڵۆزای شـەهید کەیوانە، تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی دەســگیرکران و پاش شـــەش مانگ زیندانی ئازاد کران.

ژمارە (٢٤): ئەمیر ڕەوف موحەممەد سور، ساڵی (١٩٦٧) لە دایکبووە، لە (٢٨ی ٥ی ١٩٨٩) شەهید کرا.

ژمارە (٢٥): ئەیوب غەفور موحەممەد ، ناسـراو بە ئەیوب مەنمی، سـاڵی (١٩٧٣) لە دایکبووە، یەکێکە لەو دە کەسەی ئازاد بوون، لە ئێستەدا بە پلەی ئەفسـەر کارمەندە لە پۆلیسی (بەرگری شارستانی).

▪ ڕیزی سێیەمی وێنەکە:

ژمارە (٢٦): عەلی عوسمان ئەحمەد عەبدوڵڵا، ساڵی (١٩٦٥) لە دایکبووە، لە (٩ی ٥ی ١٩٨٩) خۆی دارای برای شـــەهید کران، هەموو ئەندامـانی خێزانەکەی دەســـتگیرکران و پاش شـــەش مانگ لە زیندانی ئازاد بوون، خانووەکەشیان ڕووخێنرا.

ژمارە (٢٧): خالید موحەممەد مەحمود ئەحمەد، بە مەلا خالید ناســـراوە، ساڵی (١٩٥٦) لە دایکبووە، لە (١٨ی ٥ی ١٩٨٩) شـەهید کرا، دایک و باوکی دەســـتگیرکران و پاش شـــەش مانگ زیندانی ئازاد کران، خانووەکەشـــیان ڕووخێنرا.

ژمارە (٢٨): عیرفان سـەعید تۆفیق ئەمین، سـاڵی (١٩٧٢) لە دایکبووە، لە (٩ی ٥ی ١٩٨٩) شـەهیدکرا، تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی دەسـتگیرکران و پاش بەســـەربردنی شـــەش مانگ لە زیندان ئازاد کران، خانووەکەشـــیان ڕووخێنرا.

ژمارە (٢٩): موحەممەد عەبدوڵڵا فەتاح، ســـاڵی (١٩٧٢) لە دایکبووە، لە (٢٠ی ٥ی ١٩٨٩) خۆی و ئەحمەدی برای شـــەهیدکران، ئەبوبەکری برای دەستگیرکرا.

ژمارە (٣٠): عەبدوڵڵا قادر تەها ڕەزا، ســـاڵی (١٩٧٣) لە دایکبووە، لە (٣٠ی ٥ی ١٩٨٩) شەهیدکرا.

ژمارە (٣١): سەربەست عبدالله حەمەئەمین ئیسماعیل، ساڵی (١٩٧٤) لە دایکبووە، لە (٩ی ٥ی ١٩٨٩) شـــەهیدکرا، تێکڕای ئەندامـانی خێزانەکەی دەستگیرکران، خانووەکەشیان ڕووخێنرا.

ژمارە (٣٢): ســدیق ڕەوف عارف کەریم، ســاڵی (١٩٧١) لە دایکبووە، لە (٢٨ی ٥ی ١٩٨٩) شەهیدکرا.

ژمارە (٣٣): یوســف حەمەڕەزا حەمەســاڵح ئەمین، لە (٣٠ی ٤ی ١٩٨٩) شەهید کرا، تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی و هاوسەرەکەی دەستگیرکران و پاش شەش مانگ زیندانی ئازاد کران.

❖ موحەممەد قادر کەریم، ناسراو بە (مەلا حەمەسووری سجن) یەکێک نییە لەو کەسانەی لە وێنەکەدا دیارن، بۆیە بەجیا وێنەیەکی دادەنێین و دەبێتە کەسی سێ و پێنجەمینی کەیوان و هاوڕێکانی، مەلا حەمەسور تەنها خۆی دەستگیرکرا، پاش بەسەر بردنی (حەوت) ساڵ لە زیندان، لە (٥ی ٨ی ١٩٩٥) بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەبێت، لە ئێستەدا پێشنوێژو وتاربێژە لە شاری ڕانیە.

بەڵگەنامەی ژمارە (٢)

(وێنەی نووسراوێکی ئەمنی سلێمانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی ناوچەی حوکمی زاتی کە تیایدا باس لە چالاکییەکانیان دەکات کە لە ماوەی نزیکەی نۆ مانگدا (٧٨) کەسیان شەهید کردووە)



رئاسة الجمهورية
السكرتير
المديرية العامة للأمن العامة
مديرية أمن محافظة السليمانية
العدد/ ١٩٦٩٧
التاريخ ٢٤/ ٨/ ١٩٨٦
٢٠/ ذي الحجة/ ١٤٠٦ هـ

سري للغاية وشخصي بالذات
إلى/ مديرية أمن الحكم الذاتي

كتابكم سري وشخصي وفوري بالذات ١٠٥٥١ في ١١/ ٨/ ١٩٨٦

نرفق طياً الكشف المتضمن جرد بأسماء المجرمين الذين تم تنفيذ حكم الإعدام بحقهم للفترة من ١/ ١/ ١٩٨٦ ولحد الآن مع بيانات عن علاقتهم بالجريمة وتاريخ تنفيذ الحكم بحق كل واحد منهم. راجين التفضل بالاطلاع ... مع التقدير

العميد
مدير أمن محافظة السليمانية
٢٤/ ٨/ ١٩٨٦

المرفقات
الكشف بأسماء تضمن (٨٧) مجرماً.

بەڵگەنامەی ژمارە (٣)

(دەستنوسی "پێشانگای خەوەکانم"ی شەهید کەیوان)





بەڵگەنامەی ژمارە (٤)

(دەستنووسی شیعری " ئەنفالەکان"ی شەهید د. لوقمان)


ئەنفالەکان

یەڵگەنامەی ژمارە (٥)

(نووسراوی هەواڵگری سەربازی بۆ نەخۆشخانەی کەرکوک بۆ دروستکردنی وەفاتنامە بۆ (دە) شەهید)

یرجى الاشارة الى الرقم كاملاً

(سيظل الشهداء اكرم منا جميعاً)

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

سري وشخصي

الرقم / ش ع / ى ٢ / ٥٠١ / عادية سنام / ٨٧٤

التاريخ / ٢٢ / آيار / ١٩٨٨

الى / مستشفى الجمهوري في كركوك

الموضوع / تنظيم شهادات وفاة

نرجو تنظيم شهادات وفاة بنسختين لكل من المجرمين المدرجة اسمائهم ادناه والذين تم اعدامهم بتاريخ ٣٠ آيار ٨٨ واعلامنا مع التقدير .

١ . المجرم بهاء الدين فتاح احمد / السليمانية / محلة كاني اسكان مقابل كراج قلعه دزه

٢ . = نوزاد عثمان صالح / السليمانية / كاريزه وشك . قرب محل معتمد رشاد لبيع المواد الغذائية

٣ . = جمال مولود محمد / السليمانية / محلة كاني اسكان قرب مقهى الطواري لمجموعة كاميران

٤ . = سنكو محمود حسين / السليمانية / محلة رزكاري . قرب ساحة بيع الدجاج والرمل

٥ . = لقمان صالح بحري / السليمانية / محلة مجيد بك / قرب محطة بيع الغاز

٦ . = ابو بكر سلام محي الدين / السليمانية / محلة مجيد بك / قرب مسجد ابو بكر الصديق

٧ . = سامان رفيق توفيق / السليمانية / محلة شيخ عباس / قرب جامع الشيخ عباس

٨ . = سلام قادر رسول / السليمانية / محلة كاريزه وشك / قرب دار مستشار خضر عبد الله .

٩ . = ابراهيم حمزه عبد شامي / السليمانية / محلة كاريزه وشك / قرب مدرسة هوير الابتدائية

١٠ . = عدنان حمه امين ابراهيم / السليمانية / جم جال / محلة بيكس / قرب جامع الشهيد عبد المجيد رقم الندار ٤٨١ .

(١ ـ ٢)

بەڵگەنامەی ژمارە (٦)

(نووسراوی هەواڵگری سەربازی بۆ لیژنەی ئەمنی پارێزگای سلێمانی
بۆ ڕووخاندنی خانووی (دە) شەهید)



بەڵگەنامەی ژمارە (٧)

(نووسراوی "نهێنی" دادپزیشکی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی لەبارەی وەفاتنامەی چوار شەهید: (کەیوان عەبدوڕەحمان، دارا عوسمان، ئەکرەم ساڵح، یوسف حەمەڕزا)



الجمهورية العراقية

دائرة صحة محافظة السليمانية

الطب العدلي

سري

العدد ٧

التاريخ ٤/ ٥/١٩٨٩

/رمضان /١٤٠٩

الى / مديرية أمن السليمانية

م/ شهادة الوفاة

اشارة الى كتابكم المرقم ش.ت / ٩٣٢ في ١٩٨٩/٤/٣٠ م

٢٤/رمضان /١٤٠٩ هـ

نرسل اليكم طيا نسختين من شهادة الوفاة الخاصة بالمجرمين المدرجة اسمائهم ادناه راجين الاطلاع...

الاسماء	رقم شهادة وفاة
كيوان عبد الرحمن اسكندر احمد	١٢٢٦٦٨
دارا عثمان احمد عبد الله	١٢٢٦٦٩
اكرم صالح صوفي حسن	١٢٢٦٧٠
يوسف حمه رضا حمه صالح امين	١٢٢٦٧١

الدكتور عبد الرحمن الريس

الطبيب العدلي

نسخة منه / الطب العدلي / سريات باباطاهر

بەڵگەنامەی ژمارە(٨)

(نووسراو بۆ شاردنەوەی تەرمی چوار شەهید، کە بە پێی بەراوردی بەروارەکان، بۆ شاردنەوەی تەرمی (کەیوان، دارا، ئەکرەم، یوسف) بووە)



الجمهورية العراقية

العدد /

التاريخ / / ٥ / ١٩٨٩

الامانة العامة لادارة الحكم الذاتي
دائرة صحة محافظة السليمانية
مديرية مستشفى الطوارئ / الطب العدلي

الى / مديرية بلدية السليمانية

م / تكفين وتدفين

يرجى التفضل بتكفين وتدفين ( ) من أهالي ( )
( ) في المستشفى الطوارئ والبالغة من العمر ( )
سنة بالنظر لعدم وجود ذويه في الوقت الحاضر ليقوم بهذه المهمة

الدكتور عبدالرحمن يوسف الريس
الطبيب العدلي

صورة منه الى /
– مركز شرطة ( ) اشارة الى استمارة طلب التشريح المرقمة في / / ١٩٨ للتفضل رجاء
– الطب العدلي / بايا للحفظ

1 – الطب العدلي / بايا للحفظ

بەڵگەنامەی ژمارە (٩)

(نووسراوی "نهێنی" دادپزیشکی بۆ ئەمنی سلێمانی لەبارەی دروستکردنی وەفاتنامە بۆ شەهیدان: عەلی عوسمان، سەربەست عەبدوڵڵا، عیرفان سەعید)



الجمهورية العراقية

الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية
دائرة صحة محافظة السليمانية
الطب العدلي

العدد ٧٠٦
التاريخ ١١/ ٥/ ١٩٨٩
٨/ شوال/ ١٤٠٩

سري للغاية

الى / مديرية امن السليمانية

م/ شهادة وفاة

اشارة الى كتابكم المرقم ش- ت/ ١٢٧٧٢ في ٩/ ٥/ ١٩٨٩ نرسل اليكم طيا نسختين من شهادات الوفاة الخاصة بالمجرمين المدرجة اسمائهم ادناه حسب طلبكم راجين الاطلاع ....

الاسماء	رقم الشهادة وفاة
علي عثمان احمد عبد الله	١٢٢٦٧٢
سربست عبدالله محمد امين اسماعيل	١٢٢٦٧٣
عرفان سعيد توفيق امين	١٢٢٦٧٤

الدكتور عبد الرحمن الريس
الطبيب العدلي
/ ٥/ ١٩٨٩

نسخة منه/ الطب العدلي / سونيات بابا طاهر

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)

(نووسراو بۆ شاردنەوەی تەرمی چوار شەهیج، بە پێی بەراوردی بەروارەکان، بۆ شاردنەوەی تەرمی (عەلی، سەربەست، عیرفان) بووە کە بە هەڵە لە بری (سێ) نووسیویانە (چوار) تەرم)



بسم الله الرحمن الرحيم

وزارة الصحة

الجمهورية العراقية

الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية

دائرة صحة محافظة السليمانية

مديرية مستشفى الطوارىء/الطب العدلي

العدد/ ٨١

التاريخ/ ١٢ / ٥ / ١٩٨٩

الى/ مديرية بلدية السليمانية

م/ تكفين وتدفين

يرجى التفضل بتكفين وتدفين (   )

المسجى (   ) في المستشفى الطوارىء والبالغة من العمر (   )

علماً بالنظر لعدم وجود ذويه في الوقت الحاضر ليقوم بهذه المهمة

الدكتور عبدالرحمن يوسف الريس

الطبيب العدلي

صورة منه الى/

- مركز شرطة (   ) اشارة الى استمارة طلب التشريح المرقمة

في / / / ١٩٨ للعلم رجاءً.

- الطب العدلي / للحفظ

بەڵگەنامەی ژمارە (١١)

(نووسـراوی داد پزیشـکی سـلێمانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سـلێمانی بۆ ڕاسـتکردنەوەی نووسـراوێکیان کە بە هەڵە لە بری (سێ) تەرم نووسـیویانە (چوار) تەرم)



الجمهورية العراقية

الامانة العامة لادارة الشـــؤون الاجتماعية

دائرة صحة محافظة السليمانية

الطب العدلي

العدد / ٨٧

التاريخ ١٥ / ٥ / ١٩٨٩

/ شوال / ١٤٠٩

الى / مـــديرية امـــن محافظة السليمانية / اللجنة التحقيقيـــة

م / تكفيـــن وتدفيـــن

اشارة الى كتـابكم المرقم ١٢٧٢٢ فـــــــي ٩/٥/١٩٨٩ والحاقا لكتابنا المرقم ٧٦ فـــي ١١ / ٥ / ١٩٨٩ علما دفـــن الجثة المجرمين من قبـل مديريـــة بلديـــة السليمانية ثـلاثـة جثث وليس اربعة كما جـاء بكتابنا المرقـم ٧٦ فـي ١١ / ٥ / ١٩٨٩ جاء اليكم سـهوا ونرسـل نسخة من كتابنا المذكور اعلاه بعـد تصحيحه من قبلنا للتفضـل بالمعلومات ...

الدكتور عبد الرحمن الـ...

الطبيب العدلي

نسخة منه / الى مديريـــة بلديـــة السليمانية لنفس الغرض اعلاه

الطب العدلي / سريات

بەڵگەنامەی ژمارە (١٢)

نووسراوی نهێنی دادپزیشکی بۆ ئەمنی سلێمانی لەبارەی دروستکردنی وەفاتنامە بۆ شەهیدان: (عەباس مەحمود، خالید موحەممەد، یاسین ئەحمەد، حەسەن ئەحمەد)



الجمهورية العراقية

دائرة صحة محافظة السليمانية

الطب العدلي — سري

العدد ٩٣

التاريخ ١٨/٥/١٩٨٩

هجري ١٣/شوال/١٤٠٩

الى / مديرية امن محافظة السليمانية

م / شهادات الوفاة

اشارة الى كتابكم المرقم ش٠ت /٦٢/ ١٣٥ في ١٨/ ٥/ ١٩٨٩

هـ ١٣/ شوال /١٤٠٩

نرسل اليكم طيا نسختين من شهادات الوفاة الخاصة بالمجرمين المدرجة ارقامهم حسب طلبكم راجين الاطلاع ....

الدكتور عبد الرحمن الويس

الطبيب العدلي

ارقام المجرمين		رقم شهادة الوفاة
الجثة رقم	١	١٢٢٦٨٦
= رقم	٢	١٢٢٦٨٧
= رقم	٣	١٢٢٦٨٨
= رقم	٤	١٢٢٦٨٩

نسخة منه / الطب العدلي سرهات بابا طاهر

یەڵگەنامەی ژمارە (١٣)

نووسراو بۆ شاردنەوەی تەرمی شەهیدان: (عەباس مەحمود، خالید موحەممەد، یاسین ئەحمەد، حەسەن ئەحمەد)



الجمهورية العراقية

الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية
دائرة صحة محافظة السليمانية
مديرية مستشفى الطوارئ / الطب العدلي

العدد / ١٢
التاريخ / / / ١٩٨٩
١٨

الى / مديرية بلدية السليمانية

م / تكفين وتدفين

يرجى التفضل بتكفين وتدفين ( )
من أهالي ( ) في المستشفى الطوارئ والهالكة من الدهر ( )
سنة وبالنظر لعدم وجود ذويه في الوقت الحاضر ليقوم بهذه المهمة.

الدكتور عبدالرحمن يوسف الزبير
الطبيب العدلي

نسخة منه الى /-
- مركز شرطة ( ) اشارة الى استمارة طلب التشريح الجزائية
- الطب العدلي / بابا الطاهر

١-١ الطب العدلي / بابا الطاهر

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤)

نووسراوی نهێنی دادپزیشکی بۆ ئەمنی سلێمانی لەبارەی شەهیدان:
(فەرهاد موحەممەد، ئەمیر ڕەوف موحەممەد، سدیق ڕەوف عارف)



الجمهورية العراقية

الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية
دائرة صحة محافظة السليمانية
الطب العدلي

العدد ١٠٢

التاريخ ٢٨/ ٥/ ١٩٨٩
/ شوال / ١٤٠٩

سري للغاية

الى / مديرية امن محافظة السليمانية
م/ شهادات الوفاة

اشارة الى كتابكم الرقم ش.ت/ ١٤٣٤٨ في / ٥/ ١٩٨٩ الموافق
شوال/ ١٤٠٩ هـ
نرسل اليكم طيا نسختين من شهادات الوفاة الخاصة بالمجرمين المدرجة ارقامهم ادناه حسب طلبكم راجين الاطلاع ؟

الارقام	رقم شهادة الوفاة
الجثة رقم ١	١٢٢٦٩٤
الجثة رقم ٢	١٢٢٦٩٥
الجثة رقم ٣	١٢٢٦٩٦

الدكتور عبد الرحمن الريس
الطبيب العدلي

نسخة منه / الطب العدلي / سريات بابا طاهر

یەڵگەنامەی ژمارە (١٥)

نووسراو بۆ شاردنەوەی تەرمی شەهیدان: (فەرهاد موحەممەد، ئەمیر ڕەوف موحەممەد، سدیق ڕەوف عارف)



الجمهوريه العراقيه
الامانه العامه لاداره الصحه والاجتماعيه
دائره صحه محافظه السليمانيــه
مديريه مستشفى الطوارىء/الطب العدلي

العدد/ ١٠١
التاريخ / ٢٨ / ٥ / ١٩٨٩

الى / مديريه بلديــه السليمانيــه

م/ تكفين وتدفين

يرجى التفضل بتكفين وتدفين ( )

من اهالي ( ) في المستشفى الطوارىء والبالغه من العمر ( )

منه بالنظر لعدم وجود ذويه في الوقت الحاضر ليقوم بهذه المهمـــه

الدكتور عبد الرحمن يوسف الريس
الطبيب العدلي

صوره منه الى /
- مركز شرطه ( ) اشاره الى استماره طلب التشريح المرقمــه
في / / ١٩٨ للعلم رجاء
- الطب العدلي / بابا طاهر

١-(الطب العدلي/بابا طاهر

بەڵگەنامەی ژمارە (١٦)

نووسـراوی نهێنی (داد پزیشـکی) بۆ (ئەمنی سـلێمانی) لەبارەی شـەهیدان: (ئەحمەد فەرەج، عەبدوڵڵا قادر، جەلال ئەحمەد)



الجمهورية العراقية

دائرة صحة محافظة السليمانية
الطب العدلي
العدد ١٠٦
التاريخ ٢١/٥/١٩٨٩
١٦/شوال/١٤٠٩

سري

الى / مديرية امن محافظة السليمانية
م/ شهادة الوفاة

اشارة الى كتابكم المرقم ش٠ت / ١٤٤٦٧ في ٣٠/٥/٩٨٦ والموافق ٢٥/شوال/١٤٠٩
نرسل اليكم طيا نسختين من شهادات الوفاة الخاصة بالمجرمين المدرجة ارقامهم ادناه حسب طلبكم راجين الاطلاع

الارقام	رقم الشهادة
الجثة رقم ١	١٢٢٦٩٧
الجثة رقم ٢	١٢٢٦٩٨
الجثة رقم ٣	١٢٢٦٩٩

الدكتور عبد الرحمن الريس
الطبيب العدلي

نسخة منه / الى الطب العدلي سرية / بابا طاهر

بەڵگەنامەی ژمارە(١٧)

نووسراو بۆ شاردنەوەی تەرمی شەهیدان: (ئەحمەد فەرەج، عەبدوڵڵا قادر، جەلال ئەحمەد)



الجمهورية العراقية

الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية

دائرة صحة محافظة السليمانية

العدد /

التاريخ / ٣٠ / ٥ / ١٩٨٩

الى / مديرية بلدية السليمانية

م/ تكفين وتدفين

يرجى التفضل بتكفين وتدفين (

من أهالي (/) في المستشفى الطوارئ والبالغة من العمر (/)

الدكتور عبد الرحمن يوسف الزبير

الطبيب العدلي

صورة منه الى /

— الطبيب العدلي / بلا اعتبار

بەڵگەنامەی ژمارە (١٨)

نووسـراوی نهێنی (داد پزیشـکی) بۆ (بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سـلێمانی) لەبارەی شـەهیدان: (ئەحمەد عەبدوڵڵا، موحەممەد عەبدوڵڵا حەمەموراد، لوقمان ئیسماعیل، سەفەر عەبدوڵڵا حەمەئەمین)



الجمهورية العراقية
الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية
دائرة صحة محافظة السليمانية
الطب العدلي

سري للغاية

العدد ٩١
التاريخ ١٨/ ٥/ ١٩٨٩
١٣/ شوال/ ١٤٠٩

الى / مديرية امـن محافظة السليمانية
م/ شهادات وفاة

اشارة الى كتابكم المرقم ش٠ ت/ ١٣٩٣٧ في ١٦/ ٥/ ١٩٨٩ هجري ١١/ شوال/ ١٤٠٩ نرسل اليكم طيا نسختين من شهادات الوفاة الخاصة بالمجرمين المدرجة ارقامهم ادناه حسب طلبكم راجين الاطلاع ٠٠٠٠

الدكتور عبد الرحمن الريس
الطبيب العدلي

الارقام المجرمين	رقم شهادة وفاة
الجثة رقم ١	١٢٢٦٨٢
الجثة رقم ٢	١٢٢٦٨٣
الجثة رقم ٣	١٢٢٦٨٤
الجثة رقم ٤	١٢٢٦٨٥

نسخة منه / الطب العدلي / سجلات بابا طاهر

بەڵگەنامەی ژمارە (١٩)

نووسراو بۆ شاردنەوەی تەرمی شەهیدان: (ئەحمەد عەبدوڵڵا، موحەممەد عەبدوڵڵا حەمەموراد، لوقمان ئیسماعیل، سەفەر عەبدوڵڵا حەمەئەمین)



الجمهوريه العراقيه

الامانه العامه لادارة الشؤون الاجتماعيه
دائره صحه محافظه السليمانيه
مديريه مستشفى الطوارئ / الطب العدلي

العدد / ٨٩
التاريخ / ١٦ / ٥ / ١٩٨٩

الى / مديريه بلديه السليمانيه

م / تكفين وتدفين

يرجى التفضل بتكفين وتدفين (جثث المرضى ...)

من أهالي ( ) في المستشفى الطوارئ بالمالغه من العمر ( )

نظرا بالتفسخ لعدم وجود ذويه في الوقت الحاضر ليقوم بهذه المهمه.

الدكتور عبد الرحمن يوسف الويس
الطبيب العدلي

صوره منه الى /
- مركز شرطة ( ) اشارة الى استمارة طلب التشريح المرقمه
في / / / ١٩٨ للعلم رجاء
- الطب العدلي / بابا الماو

١-١ الطب العدلي / بابا ماو

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠)

نووســراوی نهێنی (داد پزیشــکی) بۆ (بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی ســلێمانی) لەبارەی شــەهیدان: (موحەممەد عەبدوڵڵا فەتاح، موســا حەمەڕەشــید، کەمال ئیبراهیم)



الجمهورية العراقية

ادائرة صحة محافظة السليمانية

الطب العدلـــي

العدد ٩٥

التاريخ ١٨/٥/١٩٨٩

/شوال / ١٤٠٩

سري

الى / مـــديرية امـــن محافظة السليمانية

م/ شهادات الوفاة

اشارة الى كتابكم المرقم ش.ت/ ١٣٦٤٨ في ٢٠/٥/١٩٨٩ هـ ١٥/شوال/١٤٠٩ نرســل اليكم طيا نسختين من شهادات الوفاة الخاصة بالمجرمين المدرجة ارقامهم حسب طلبكـــم راجين الاطـــلاع.....

الدكتور عبد الرحمن الريس
الطب العدلي
/٥/١٩٨٩

الارقام المجرمين	رقم شهادة الوفاة
الجثه رقم ١	١٢٢٦٩٠
= رقم ٢	١٢٢٦٩١
= رقم ٣	١٢٢٦٩٢
= رقم ٤	١٢٢٦٩٣

نسخة منه / الطب العدلي / سهيات بابا طاهر

بەڵگەنامەی ژمارە (٢١)

نووسراو بۆ شاردنەوەی تەرمی شەهیدان: (موحەممەد عەبدوڵڵا فەتاح، موسا حەمەڕەشید، کەمال ئیبراهیم))


الجمهورية العراقية

العدد / ٩٤

التاريخ / ٢٠ / ٥ / ١٩٨٩

الامانة العامة لادارة الحكم الذاتي

دائرة صحة محافظة السليمانية

مديرية مستشفى الطوارئ / الطب العدلي

الى / مديرية بلدية السليمانية

م / تكفين وتدفين

يرجى التفضل بتكفين وتدفين (

من أهالي (

) في المستشفى الطوارئ والبالغة من العمر (

سنة بالنظر لعدم وجود ذويه في الوقت الحاضر ليقوموا بهذه المهمة.

الدكتور عبد الرحمن يوسف البحر

الطبيب العدلي

- الطب العدلي / بابا الطاهر

١-١ الطب العدلي / بابا الطاهر

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢)

نووســـراوی نهێنی (داد پزیشـکی) بۆ (بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سـلێمانی) لەبارەی شـەهیدان: (کەیوانی کۆمەڵەو هاوڕێکانی: عوسـمانِ حەسـەن، کەمال جەلال، ئاکۆ عەلی، عوسمان ئەحمەد، کەیوان ئەحمەد)



الجمهورية العراقية
الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية
دائرة صحة محافظة السليمانية
الطب العدلي

سري

العدد ١٦
التاريخ ٥/٣/١٩٨٩
٢٧/رجب/١٤٠٩

الى / مديرية امن محافظة السليمانية
م/ شهادة الوفاة

اشارة الى كتابكم المرقم /س ت ٦١٨١ في ٤/٣/١٩٨٩ هجرى ٢٦/رجب/١٤٠٩ واشارة الى استمارات التشريح الصادرات في مركز شرطة المستشفى المرقم في ٢٩/٤/١٩٨٩ نرسل اليكم طيا نسختين من شهادة الوفاة الخاصة بالمجرمين المدرجة اسمائهم راجيين الاطلاع

الاسماء	رقم شهادة الوفاة
المجرم عثمان حسن قادر احمد	١٢٢٤٦٨
المجرم كمال جلال امين عمر	١٢٢٤٦٩
المجرم اكو علي رمضان سليم	١٢٢٤٧٠
المجرم عثمان احمد صالح محمد	١٢٢٤٧١
المجرم كيوان احمد قادر محمد	١٢٢٤٧٢

الدكتور عبد الرحمن الريس
الطب العدلي

نسخة منه / مركز شرطة المستشفى اشارة الى مخابراتكم اعلاه
الطب العدلي بالاضافة

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٣)

نووســـراوی نهێنی (بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی ســـلێمانی) بۆ (دادپزیشـــکی ســـلێمانی) لەبارەی ناردنی تەرمی شـــەهیدان: (فەرهاد موحەممەد، ئەمیر ڕەوف موحەممەد، سدیق ڕەوف عارف)



رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
مديرية أمن محافظة السليمانية
العدد / ش ح.ت / ١٤٢٤٨
التاريخ / ٥ / ١٩٨٩م
شوال/١٤٠٩هـ

سري للغاية

الى / مستشفى الطوارئ في السليمانية - الطب العدلي
م / إرسال جثث

نرسل اليكم جثث المجرمين المدرجة أسمائهم أدناه راجين استلامها وتنظيم شهادات وفاتهم على ... وإرسالها الينا ودفنهم دون تسليمهم الى ذويهم لتعلق موضوعهم بنا وإعلامنا ... مع التقدير.

مدير أمن محافظة السليمانية
١٩٨٩/٥/٢٣

الأسماء

١- فرهاد محمد صالح احمد
٢- أمير رؤوف محمد ...
٣- صديق رؤوف عارف كريم

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٤)

دەستنوسێکی شەهید (موحەممەد عەبدوڵڵا فەتاح) کە ڕەنگدانەوەی کارو بەرنامەی ڕۆژانەیەتی.



بەڵگەنامەی ژمارە (٢٥)

بەڵگەنامەی مردن (وەفاتنامە)ی شەهید (کەیوان عەبدوڕەحمان ئەسکەندەر)



بەڵگەنامەی ژمارە (٢٦)

بەڵگەنامەی مردن (وەفاتنامە)ی شەهید (عەباس مەحمود ئیبراهیم)



شهادة وفاة

وزارة الصحة

رقم الشهادة

تاريخ التنظيم

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٧)

بەڵگەنامەی مردن (وەفاتنامە)ی شەهید (خالید موحەممەد مەحمود)



جمهورية العراقية
وزارة الصحة
قسم الاحصاء الصحي والحياتي

شهادة وفاة

رقم الشهادة: 122687 ٢/ط
تاريخ التنظيم

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٨)

بەڵگەنامەی مردن (وەفاتنامە)ی شەهید (دارا عوسمان ئەحمەد)



الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
قسم الاحصاء الصحي

شهادة وفاة

رقم الشهادة: 122669 ٢/ط
تاريخ التنظيم

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٩)

بەڵگەنامەی مردن (وەفاتنامە)ی شەهید (سدیق ڕەوف عارف)


شهادة وفاة

الجمهورية العراقية

رقم الشهادة 122696

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٠)

بەڵگەنامەی مردن (وەفاتنامە)ی شەهید (سەربەست عەبدوڵڵا حەمەئەمین)


شهادة وفاة

الجمهورية العراقية

رقم الشهادة 122673

بەڵگەنامەی ژمارە (٣١)

بەڵگەنامەی مردن (وەفاتنامە)ی شەهید (عیرفان سەعید تۆفیق)



بەڵگەنامەی ژمارە (٣٢)

بەڵگەنامەی مردن (وەفاتنامە)ی شەهید (عەبدوڵڵا قادر تەها)



الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء

صورة قيد وفاة

رقم الشهادة الاصلية
تاريخ تنظيمها ٢٠ / ٥ / ١٩٨٩

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٣)

بەڵگەنامەی مردن (وەفاتنامە)ی شەهید (فەرهاد موحەممەد ساڵح)


122694

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٤)

بەڵگەنامەی مردن (وەفاتنامە)ی شەهید (د.لوقمان ئیسماعیل ڕەجەب)



بەڵگەنامەی ژمارە (٣٥)

بەڵگەنامەی مردن (وەفاتنامە)ی شەهید (موحەممەد عەبدوڵڵا حەمەموراد)



شهادة وفاة

وزارة الصحة

قسم الاحصاء الصحي والحياتي

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٦)

بەڵگەنامەی مردن (وەفاتنامە)ی شەهید (یاسین ئەحمەد عەبدوڵڵا)

إقليم كوردستان العراق

وزارة الصحة

الإحصاء الصحي والحياتي

صورة قيد وفاة

رقم الشهادة الأصلية :

تاريخ تنظيمها : ١٨ / ٥ / ١٩٨٩

السيد / دەزگای شەهیدان شۆڕشی گەلی كوردستان

نؤيد لكم بأن وفاة السلطة أوصافها أدناه قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت تسلسل ٣٨ لسنة ١٩٨٩

اسم المتوفى: ياسين الجنس: ذكر المهنة: عراقي العمر: ١٦ سنة الديانة: مسلم

اسم الأب: احمد عبدالله

اسم الأم: ناسكە علي

تاريخ الوفاة : ١٨ / ٥ / ١٩٨٩

محل وقوع الوفاة : السليمانية

سبب الوفاة :

اسم مخبر عن الوفاة :

اسم المنظم :

التوقيع :

التاريخ : ١١ / ١٢ / ٢٠٠٥

الطبيب الموقع اسم الدكتور

التوقيع

ختم المؤسسة

چاپخانەی وەزارەتی ناوخۆ

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٧)

بەڵگەنامەی مردن (وەفاتنامە)ی شەهید (ئەکرەم ساڵح سۆفی حەسەن)



بەڵگەنامەی ژمارە (٣٨)

بەڵگەنامەی مردن (وەفاتنامە)ی شەهید (موحەممەد عەبدوڵڵا فەتاح)

حكومة اقليم كوردستان
وزارة الصحة
الاحصاء الصحي والحياتي

وێنەی تۆماری کۆچی دوایی
صورة قيد وفاة

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٩)

بەڵگەنامەی مردن (وەفاتنامە)ی شەهید (ئەحمەد عەبدوڵڵا فەتاح)



حكومة اقليم كوردستان
وزارة الصحة
الاحصاء الصحي والحياتي

وێنەی تۆماری کۆچی دوایی
صورة قيد وفاة

رقم الشهادة الاصلية: ١٤٤٦٨٢
ڕێکەوت (التاريخ): ١٦ / ٥ / ١٩٨٩

ناوی کۆچ کردوو (اسم المتوفي): أحمد
تەمەن (العمر): ١٦ سنة
ناوی باوکی کۆچ کردوو (اسم الأب): عبدالله فتاح عمر
ناوی دایکی کۆچ کردوو (اسم الأم): محبوبە مرزا
ڕێکەوتی کۆچی دوایی (تاريخ الوفاة): ١٦ / ٥ / ١٩٨٩
ڕێکەوتی (التاريخ): ٥ / ٧ / ٢٠٢٤

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٠)

وێنەی ڕووخاندنی خانوو و ماڵی شەهیدەکان

(وێنەی ڕووخاندنی خانوو و ماڵی شـــەهیدان (ســـەربەســـت عەبدوڵڵا، عەباس مەحمود، دارا و عەلی عوسمان)



بەڵگەنامەی ژمارە (٤١)

فەرمانی دانانی عەلی حەسەن مەجید بە حاکمی ناوچەی "باکوری عێراق"



باسم الشعب
مجلس قيادة الثورة
رقم القرار/ ١٦٠
تاريخ القرار/ ٢٩/ ٣/ ١٩٨٧

القرار

استنادا الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين ، والفقرة (آ) من المادة الثالثة والاربعين من الدستور ، وتنفيذا لما تقرر في الاجتماع المشترك لمجلس قيادة الثورة والقيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي المنعقد في ١٨/٣/١٩٨٧ .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة في ٢٩/٣/١٩٨٧ ما يلي :

١- يقوم الرفيق علي حسن المجيد ، عضو القيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي ، بتمثيل القيادة القطرية للحزب ومجلس قيادة الثورة في تنفيذ سياستهما في عموم المنطقة الشمالية بضمنها منطقة كردستان للحكم الذاتي بهدف حماية الامن والنظام وكفالة الاستقرار فيها وتطبيق قانون الحكم الذاتي في المنطقة .

٢- يخول الرفيق عضو القيادة القطرية ، لتحقيق اهداف هذا القرار ، صلاحية التقرير الملزمة لجميع اجهزة الدولة المدنية والعسكرية والامنية ، وبوجه خاص الصلاحيات المنوطة بمجلس الامن القومي ولجنة شؤون الشمال .

٣- ترتبط الجهات التالية في عموم المنطقة الشمالية بالرفيق عضو القيادة القطرية وتلتزم بالقرارات والتوجيهات الصادرة منه التي تكون واجبة التنفيذ بموجب هذا القرار :

أ- المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان للحكم الذاتي

ب- محافظو المحافظات ورؤساء الوحدات الادارية التابعة لوزارة الحكم المحلي

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
وزارة الدفاع
ديوان الوزارة

الى / رئاسة اركان الجيش

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٢)

نووسراوێک دەسەڵاتی (عەلی حەسەن مەجید) پیشاندەدات لەبری دادگا بۆ لەسێدارەدانی هاووڵاتیان، لە نووسراوەکەدا تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) ڕەزامەندی دەدات بە لەسێدارەدانی ژمارەیەک هاووڵاتی.


حزب البعث العربي الاشتراكي
القطر العراقي
قيادة مكتب تنظيم الشمال

أمة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة

العدد / ... (مكتب السكرتارية) ((سري وشخصي))
التاريخ ... / ... / ١٩٨٧

الى : قيادة الفيلق الاول
م / اعدام مجرمين

تحية رفاقية

كتابكم السري والشخصي ٣٥٢ في ١٩٨٧/٢/٨

على الرفيق المناضل علي حسن المجيد – مسؤول مكتب تنظيم الشمال علما بكتابكم اعلاه مايلي .

(ليس لدينا اعتراض على قطع رؤوس الخونة ولكن كان الافضل ارسالهم الى الامن للتحقيق معهم ايضا . فربما يجدون لديهم امورا اخرى يستفاد منها قبل اعدامهم) .

يرجى الاطلاع ... مع التقدير .

طاهر توفيق
سكرتير لجنة شؤون الشمال

نسخة منه الى /
قيادة فرع الرشيد العسكري
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
لكتاب القيادة اعلاه . يرجى الاطلاع مع التقدير .

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٢)

نووسراوی (سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکور)ی حزبی (بەعس) کە تیایدا ڕێنمایی دەداتە یەکە سەربازییەکان بۆ کوشتنی هەر کەسێک تەمەنی لەسەروو (١٥) ساڵ و خوار (٧٠) ساڵەوە بێت.



بەڵگەنامەی ژمارە (٤٤)

(وێنەی ئەو تاوانبارانەی بەرپرسن لە شەهید کردنی کەیوان و هاوڕێکانی)

تاوانبار/ سەددام حسێن ئەلمەجید، سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران وفەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق. (١٩٧٩-٢٠٠٣)

تاوانبار/ عەلی حەسەن ئەلمەجید، ئامۆزای سەددام و ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕشی حزبی بەعس.

تاوانبار/ عەبدوڕڕەحمان ئەحمەد ئەلدوری، بەڕێوەبەری گشتی ئەمن لە سالانی (١٩٨٧ - ١٩٩١) .

تاوانبار/ خەڵەف عەبد ئەحمەد ئەلجوعانی، بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای سلێمانی لە (١٩٨٨ - ١٩٩١)